**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆڵەکان
# 83

**ساڵی/ 2012 – بەرگی هەشتاو سێ**

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2013

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2012)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 83
چاپی یەكەم: 2013
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: شەرمین خضر، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم، دلێر اكرم، بەختیار جمیل، شوان محمد، نەهلە اسعد.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێریست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2012/9/26 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2012/10/3 ل 67

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/10/8 ل 153

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/10/10 ل 257

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (12) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/10/15 ل 325



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 26\9\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/9/26

کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/9/26 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (8)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/9/26 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای سندوقی هاوکاری کردنی نەخۆشیەکانی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن(8)ڕۆژی دانیشتن(2012/9/26) بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگەی(1)ی ماددەی (20) لەپەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(8)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لەکات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/9/26 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای سندوقی هاوکاری کردنی نەخۆشیەکانی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس.

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو ئەندامانە دەخوێنێتەوە کە مۆڵەتن یان ئامادە نەبوون، بابفەرموێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لەدانیشتنی ژمارە(7)ی ئاسایی لە ڕێکەوتی 2012/9/25 مۆڵەت پێدراون یان ئامادە نەبوون:

1- ئارام شاهین مۆڵەت

2- احمد سلیمان مۆڵەت

3- اسماعیل سعید مۆڵەت

4- برهان رشید مۆڵەت

5- حازم تحسین مۆڵەت

6- سمیر سلیم مۆڵەت

7- سۆزان شهاب ئیفاد

8-سەردار رشید ئامادە نەبووە

9- شلێر محی الدین ئیفاد

10- شڤان احمد مۆڵەت

11- صبیحە احمد مۆڵەت

12- عدنان عثمان مۆڵەت

13- عمر حمە امین ئیفاد

14- عظیمة نجم الدین مۆڵەت

15- نەژاد عزیز سورمێ مۆڵەت

16- نەسرین جمال مۆڵەت

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر خستنەروو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای سندوقی هاوکاری کردنی نە خۆشیەکانی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس. داوا لەلیژنەی یاسایی و تەندروستی و دارایی دەکەین بێینە سەر سەکۆی لیژنەکان، بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری تەندروستی و مونەسیقی نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاك سعد دەکەین، بەخێر بێن، هەردەمەوێت بە بیری بەڕێزتانی بهێنمەوە کە دوێنێ لەماوەی 3 سەعاتدا تەنها 2 ماددەمان موناقەشە کرد، چونکە بەڕاستی بەشێکی قسەکان دووبارە کردنەوەیە، بەشێکی دەرچوونە لەماددەکە، لەبەر ئەوە داواتان لێدەکەین بۆ ئەوەی موراعاتی کات بگرین تا ئیشوکارەکانمان باشتر بڕوات، بەرهەممان زیاتر بێت، ئیلتیزام بەکات بکەن و با پوخت بێت و دووبارە نەبنەوە قسەکانتان، سوپاستان دەکەین، هاوڕاز خان، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ شت هەیە دەمەوێت بیخەمە بەرچاوی ئەندامان بۆ کاتی موناقەشە کردن و گفتوگۆرکردن لەسەر ئەم پرۆژەیە، دیارە ئێمە کۆمەڵێك یاسای ترمان هەیە لە عێراق، لەکاتی گفتوگۆکردن پێم وایە هەندێ لەو ماددانەی کە لەناو یاساکانی تر هەن، لەهەرێمی کوردستانیش یاسای عێراقین و جێبەجێ دەکرێن،

دەخرێنە ناو قسەکانەوە، کەوەکو بخرێنە ناو ئەم پرۆژە یاسایەو وەك ماددەیەك لەناو ئەم پرۆژە یاسایەدا جێگایان بکرێتەوە، یان وەك بەشێك لەم پرۆژە یاسایە، دیارە ئێمە یاسای مەجلسی سەرەتانمان هەیە لەعێراق، یاسای ژمارە (63)ی ساڵی 1985، ئەم یاسایە بەڕاستی یاسایەکە بەپێی موحافەزاتیش ئەم مەجلیسە هەیە، کۆمەڵێك شتیش کە دوێنێ پەرلەمانتاران باسیان کرد، لەناو ئەم یاسایەدا هەیە، هەر لە ئەهدافەکانی لەماددەی 2 باسی تەقیمی نەخۆشی سەرەتان و دانانی حلول بۆ ئەم نەخۆشیەو چارەسەری ئەوانی تر کەباس کراوە، تەختیت و ئیشراف تێدا باسکراوە، کۆمەڵێك شت بەڕاستی کە هەیە وەك کەشفی پێشوەخت، دوێنێ ئەوە زۆر باسکرا، ئەمانە هەمووی تێدا باسکراوە لەماددەی 3 بەوازحی ئیشارەتی پێکراوە، تۆمارکردنی حاڵەتەکان هەموو ئەوانە ئیشارەتی پێکراوە لەم مەجلیسە، دیارە ئەم مەجلیسە وەزارەتی تەندروستی سەرپەرشتی دەکات، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیشی تێدایە، چونکە بابەتی تەوعیە کردنی هاووڵاتیش لەخۆی دەگرێت، بۆیە ئەم بابەتانە هەیە، ئەگەر جارێکی تر بیهێنینەوە، وەك دوێنی دکتۆر حسن باسی کرد هەدەفی سەرەکی ئەم سندوقە زیاتر ئەوەیە، کۆکردنەوەو دەست خستنی پارەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیە، بێجگە لەوەش کۆمەڵێك شتی تر کە دوێنێ هەر باسکران، ئێمە یاسای صحەی عامەی عێراقیمان هەیە، ئەم یاسایە لە کوردستان جێبەجێ دەکرێت، کۆمەڵێك شتیش دوێنێ لەناو ئەم یاسایە یاسای ژمارە(81)ی ساڵی 1989 جێگایان دەبێتەوەو هەمووی لەوێ هەن، باسی خواردن وباسی ئاو خواردنەوە، هەموو لەوێ باسکراون، من بەکورتی باسی دەکەم شتەکان زۆرن لەناو یاساکان هەن، لەکوردستانیش جێبەجێ دەکرێن، ئەگەر بکرێت زۆرتر تەرکیز لەسەر ئەوە بکەین کە ئەم سندوقە بۆ ئەوە بێت کە ئەو حاڵەتەی کە خەریکە کێشەکەی لە هەڵکشاندایە، بەڕاستی خەڵکێکی زۆر پێوەی گرفتارە، بتوانین خزمەتێك بەوان بکەین لەم یاسایەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ ماددەی سێیەم.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

يكون للصندوق في سبيل مباشرة اختصاصاته المنصوص عليها في هذا القانون القيام بالاتي:

اولاً: انشاء وتأسيس المراكز المتخصصة بمعالجة امراض السرطان والامراض المستعصية والاشراف عليها.

ثانياً: تملك وحيازة الاموال الثابتة والمنقولة والتصرف بها وفق القوانين النافذة.

ثالثاً: التعاقد مع الجهات ذات العلاقة بتحقيق اهداف الصندوق من المراكز الطبية و كوادر وشركات وطنية او اجنبية.

رابعاً: حق الحصول على ما يحتاجه من بيانات واحصاءات وبحوث ودراسات تكون لازمة لتحقيق اهدافه واغراضه من الجهات المعنية.

خامساً: له حق التقاضي فيما له او عليه من حقوق والتزامات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەکوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

بۆ ئەوەی سندووق لەو پسپۆڕییانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەست بەکار بێت، دەبێ ئەم کارانە بکات:

یەکەم/ دروست کردن و دامەزراندنی بنکەی تەندروستی پسپۆر بە چارەسەر کردنی نەخۆشی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس و سەرپەرشتی کردنیان.

دووەم/ خاوەنداری و حیازە کردنی سامانی نەگواستەو گواستەو بەکار بردنیان بەپێی یاساکانی کار پێ کراو.

سێیەم/ گرێبەست کردن لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی سندووق، وەك بنکەی تەندروستی و کادیرو کۆمپانیای نیشتمانی و بیانی.

چوارەم/ مافی وەدەستهێنانی ئەو داتاو ئامارو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی پێویستی پێیانە بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانج و مەبەستەکانی لە لایەنانی پەیوەندیدار.

پێنجەم/ سەبارەت بەو ماف و ئەرکانەی لەسەریەتی، یان هی خۆیەتی، مافی پەنا بردنە بەر دادگای هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی تێبینیمان لەسەر ماددەکە هەیە، بەڵام لەپێش ئەوە پێشنیار دەکەین کەوا شوێنی ماددەی سێیەم و پێنجەم بگۆڕدرێت، واتە ڕیزبەندی ماددەکان، ئەگەر دواتر دوای گفتوگۆکردن لیژنەی یاسایی تەخویل بکرێت ڕیزبەندی ماددەکان بکاتەوە، بەشێوەیەك کە ئەو ماددەی باس لە پێکهاتەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقەکە دەکات و مەهامەکانی بەشێوەی زنجیرە یەك لەدوای یەك بێت، تێبینیەکانمان لەسەر ماددی سێیەم:

ئێمە باس لەوە دەکەین هەندێ لەو بڕگانەی کەباس لەناوەڕۆکی ئەو ماددەیە دەکات کە سندوقەکە چ ئەرکێکی پێ دەسپێردرێت بەشێکی لەماددەی شەشەم هاتووەو تێکەڵاوییەك هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەین کەوا هەندێك لە فەقەرەکانی ماددەی شەشەم و سێیەم دەمج بکرێت بەم شێوەیە بێت:

یتولى مجلس إداره الصندوق المهام الاتيه:

واتە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی صندوق ئەو ئەرکانەی هەیە:

بڕگەی یەکەمی مادده 3 دابڕێژرێتەوە، لە عەرەبیەکە وشەی (انشاء) لادرێ، (تأسیس و تطویر)، واتە دامەزراندن و پەرەپێدانی ئەو سەنتەرانەی کەوا ئەو کارە ئەنجام ئەدەن، پسپۆڕن بە چارەسەر کردنی ئەو جۆرە نەخۆشیانە، بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

بڕگەی چوارەم و پێنجەم و دووەم لابدرێ، لەبەر ئەوەی تەمەلوك و حیازە مەهامی سندوق نیە، ئەوە حەقێکە هەیەتی، هەروەها حەقی تەقازی، ئەوە حەقێکە هەیەتی پێویست ناکات، ئەرك نیە، تێکەڵاویەك هەیە لە نێوان ماف ئەو ئەنجومەنە لەگەڵ ئەو ئەرکانەی کە پێیڕادەسپێرێ، ئەو مادده تەنها تایبەت بێ بە ئەرکەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق، ئەوەی پەیوەندی بە ئەرکەکان نیە لادرێ لە ماددەیەکی تر سەربەخۆ ڕێکبخرێ، ماددەکە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، دەقە عەرەبیەکەم لەبەر دەستە:

یتولى مجلس إداره الصندوق المهام الاتیه:

اولا: تأسیس وتطویر المراکز المتخصصة بمعالجة امراض السرطان والامراض المستعصیة.

ئەوە حەسەب ناونیشانی یاساکە چۆن دەنگی بۆ درا، .....والاشراف علیها وتجهیزها بالادویة والمستلزمات الطبیة

ثانیا: التعاقد مع الجهات ذات العلاقة بتحقیق اهداف الصندوق من المراکز الطبیة و کوادر وشرکات وطنیة او اجنبیة.

ثالثا: اجراء وبحوث ودراسات تکون لازمة لتحقیق اهدافه واغراضه

رابعا:اعداد تقاریر دوریة عن سیر عمل الصندوق ونظامه المالي

خامسا: وضع خطط تطویر واستثمارات وموارد الصندوق

سادسا: الحصول على ما یحتاجه من بیانات واحصائات وبحوث ودراسات تکون لازمة لتحقیق اهدافه واغراضه

سابعا: رسم السیاسة العامة واقرار الخطط التي تحکم سیر عمل الصندوق

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی تەندورستی

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ناوەڕۆکی ماددەکەین

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕاپۆرتەکەمان بەو شێوەیە داوای ئەوەمان کردووە کە ئەگەر مەجلیسی ئیدارەیە (یتولى مجلس إداره الصندوق) ئەگەر هەر ئیدارەی سندوقە (تکون لاداره الصندوق)، یەعنی ئەو گۆڕانکاریە هەبێ، چونکە

سندوق ، یان مەجلیسی ئیدارە پێی هەڵدەستێ یان ئیدارەی سندوق، دوای ئەو ڕوون کردنەوەیەی بەرێز لیژنەی یاسایش ئێمە لەگەڵ بۆچوونەکانی لیژنەی یاساییین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەو مولاحەزانەم هەبوو کە لیژنەی یاسایی وتی، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (قادر احمد، صباح بیت الله، شلێر محی الدین، ژیان عمر، کاوە محمد، سیوەیل عثمان، بێریڤان سەرهەنگ، ئاشتی عزیز، جمال طاهر، ڤیان عبدالرحیم، تارا ئەسعەدی، ڕێباز فتاح)، فەرموو کاك قادر

**بەڕێز قادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو من تێبگەم ئەو سندوقە مەبەستی تەنها هاوکاری داراییە بۆ نەخۆشیەکانی سەرەتان و نەخۆشیە قورسەکان، بۆیە ئەگەر بچێتە بواری دروست کردنی بنکەی تەندروستی و دروست کردنی پەیوەندی و لەگەڵ کۆمپانیا نیشتیمانی و بیانیەکان مومکینە مەشغولی کاری تر بێ، ئەو کارانەی دواتر بێجگە لە هاوکاری ماددی بە ئیشی وەزارەتی تەندروستی ئەزانم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صباح

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 3 منیش لەگەڵ برای بەڕێزم کاك قادر هاوڕام، کە ئەڵێ (اولا: تأسیس وتطویر المراکز المتخصصة بمعالجة امراض السرطان والامراض المستعصیة.)، بە ڕەئی من ئەوە ئەرکی سندوق نیە، ئەبێ سندوق پێشنیار بکات بۆ وەزارەت، ئەمە ئەرکی وەزارەتە مەراکیزی سەحی بکاتەوە، و من لەگەڵ ئەو ڕەئیەمە کە فەقەرەی چوارەم و پێنجەم لابدرێ، چونکە بە حەقیقەت لەگەڵ مەهامی ئەو ماددەیە ناگونجێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو هاوکارانم وتیان دروست کردنی خەستەخانە، بەراستی ئەم سندوقە ناتوانێ بیکات، لەبەر ئەوەی وەزارەتی تەندروستی خۆی ئەوەندەی من بەدوا داچوونم کردووە خەستەخانەیەکی 80 قەرویڵەیی هەیە لەبەرنامەدا ئەوە دوو ، سێ ساڵە تا ئێستا دیزاینی تەواو نەبووە بۆ سەرەتان، لەبەر ئەوە ئیمکانیە دروست کردنەکەی بکرێ، بەڵام ئێمە ئەتوانین بەو نەوعە بڵێین، بڵێین یارمەتی ناوەندەکانی چارەسەر کردنی شێرپەنجە بە تیشکی ئایۆنی بە کڕینی ئامێر و پێداویستی چارەسەر کردن بەو ڕێگا چارەیە بۆ پڕ کردنەوەی کەم و کوڕی کە کاردەکاتە سەر شێواز و کاریگەری چارەسەر کردنەکە، یەعنی زۆرجار ئەوان پێویسیتان بە شتێکی زۆر بەسیتە، لەبەر ئەوە خاسەتەن سەنتەری تیشکەکە، دووەم، بە نیسبەت خەستەخانەکانی میدیکەلۆجی کە یارمەتی بدەن ئەوانیش، بۆ تەواو کردنی کەموکوڕی لە دەرمان و هۆرمۆن و پێداویستی چارەسەر کردنی نەخۆشیەکە بە ڕێگەی ئەوە، دوای ئەوە بڕگەیەم بکرێ هاندان و یارمەتی ماددی بۆ بەدوا داچوونی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەکانی شێرپەنجە، بەراستی ئەو کارمەند و پزیشکانەی کە لەو شوێنانە ئیش ئەکەن نابێ بەو شێوەی ئێستا بە عەشوائی کە یارمەتی ئەو خەستەخانانە ئەدرێ نازانی چۆن ئەکرێ؟ ئەگەر ئەم سندوقە تەنزیمی بکات، خەڵکێکی زۆر هەیە هاوکاری ئەکات، یان بە پێی ئەو غەرامانەی کە دوایی نووسراوە، ئەگەر ئەو یارمەتیە بۆ ئەو ستافە و دەعمیان ئەکات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ژیان خان

**بەڕێز ژیان عمرشریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی سێیەم و بڕگەی سێیەم من زۆر پشتگیری ئەوە ئەکەم بۆ ئەوەی بۆ کەوادیر بکرێ، چونکە ئێستا ئێمە لە سەنتەری وشیاری مەمك لە سلێمانی دیارە لە ڕێگەی بێریڤان خان بەڕێز وەزیریشمان ئاگادار کردۆتەوە، بە پێی ئەو زانیاریانەی کە بە من گەیشتووە لە سەنتەرەکە، ئەو نەخۆشانەی کە لەوێ ئەشیعەی ماмۆگرافیان بۆ ئەگرن دوایی ئەشیعەکە ئەبێ کەوادیری موختەص تەشخیصی ئەشیعەکە بکات، لەبەر ئەوەی کەوادیر کەمە ئەشیعەکان کۆ ئەکەنەوە ئەیبەن لە ماڵەوە لەبەردەم گڵۆپ و ئەوانە تەشخیصی ئەکەن، ئەمەش زۆر ترسناکە، زۆرجار ئەو نەخۆشە هیچی نیە ئەڵێن وەرەمێکی تێدایە، زۆرجاریش تیایەتی ئەڵێین هیچی تێدا نیە، چونکە ئەوە شوێنی خۆی هەیە کە تەشخیصی ئەشیعە بکەی، دیارە لەگەڵ بەڕێز وەزیریش لە ڕێگەی بێریڤان خان قسەمان کردووە و جەنابی وەزیریش ئیشی لەسەر کرد، بەڵام من بۆ تەئکید ئەکەمەوە کە کەوادیری تەشخیصی بۆ مەراکیزی سەرەتان دیاری بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا کاوە

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئاڵوگۆڕەکەی ماددەی سێ و شەش ئەکەم ئەوەی لیژنەی یاسایی ئیقتیراحیان کرد و بڕگەی چوار و پێنجی لە ماددەی سێ دا، هەروەها پێم باشە ئەوەش زیاد بکرێ بۆ بڕگەی سێیەم لە ماددەی سێیەم ( التعاقد مع الجهات ذات العلاقة بتحقيق اهداف الصندوق من المراكز الطبية وكوادر وشركات وطنية واجنبية بالتنسيق مع الوزارة)، تەنسیقێك هەبێ لەگەڵ وەزارەت، لەبەر ئەوەی ئەو دەستەڵاتە زۆرە و ئەو ئیشە زۆرانە با وەزارەتیش لێی ئاگادار بێ پێم باشە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی با ماددەکە ناونیشانی هەبێ، مەهامی سندوق، بە نیسبەت خاڵی یەکەم و چوارەم و پێنجەم پێم وایە زیادە، پەیوەندی بە بینا و دروست کردن و شتی وا هەیە، یەکەم ئیش وەزارەتە وەك هاوکارانم باسیان کرد، چوارەم و پێنجەمیش تەحسیل حاسلە، یەعنی لادرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لیژنەی یاسایی ئەکەم بۆ ڕیکخستنی ماددەکان، چونکە هەروەها لیژنەی دارایی و پشتیوانی وەزیری تەندروستی بۆ ئەوەی ماددەکان ڕێکبخرێ، یەکجار ئەبێ ئەنجومەن دابمەزرێ ئەوکات کارەکانی دیاری بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە پشتگیری لە زۆرێك سەرنجەکانی لیژنەی یاسایی ئەکەم، ئەوەی کە بمەوێ ئیزافەی بکەم لە خاڵی یەکەم دا، تەئسیسی مەراکیزی موتەخەصیصە پێشنیازی ئەوە ئەکەم کە لە موحافەزات و

ئەفزیەی هەرێمی کوردستان بێ، چونکە بەشێك لە کێشەی ئەوانەی کە نەخۆشن زۆرجار بە هۆی کرێی هاتوچۆیە، یان ناتوانێ ئەو کۆرسانەی کە هەیەتی وەکو عیلاجی تەبیعی، وەکو تەئهیل کردنەوە، یان کۆمەڵێك کۆرسی تری ڕێنمایی زۆرجار بە هۆی دووری هاتوچۆ کردنەوە ئەگەر بە تەنها ئەو مەراکیزانە لە ناو پایتەخت و مەحافەزات بێ کێشە بۆ خەڵك دروست ئەکات کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك نەتوانێ عیلاج و ڕێنماییەکان وەرگرێ، بۆیە پێشنیازی ئەوە ئەکەم کە تەحدید بکرێ بە پێی قانونەکە، لە ناو ئەقزیە و هەرچەندە زەحمەتە لە ناو نەواحیدا بڵێین، بەڵام ئەگەر تا بکرێ لە ئەقزیەدا بێ، شتێکی باشە، سەبارەت بە خاڵی چوارەم (حق الحصول على ما يحتاجه من البيانات)، پێشنیازی ئەوە ئەکەم کە حەقی ئیجرائی ئیحسائیات و بحوسی هەبێ، چونکە کێ ئەڵێ ئەو موئەسەسە نیشتیمانیانەی تر کە خەریکی بحوسن، بحوسەکانیان لە مەجالێك ئەبێ کە خزمەت بەم حاڵەتە بکات بە شێوەیەکی تایبەت، بۆیە ئەبێ ماف ئەوەی هەبێ، یان جۆرێك لە مەسئولیەتی بکەوێتە سەرشان کە وەکو شێوازێکی موتەخەصیصی خۆی لە مەجالاتدا ئیحسائیات بکات بۆ ئەوەی کە لە مەجالەکە بتوانێ خزمەتێکی باشتر بەو نەخۆشانە بکات کە دەعم لە سندوقەکە وەرئەگرن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین سەیری ئەو ماددە بکەین بەڕاستی پێویستی بە دووبارە داڕێژتنە، وەکو لە پێشنیاری لیژنەی یاسایی هاتووە، چونکە ئەڵێ (مجلس الادارە) ئەگەر بێین و یاساکە بخوێنین مەجلیسی ئیدارە ئێمە نابینین، یەعنی وەکو پێشنیارتان مەجلس ئیدارە نیە، لێرە مەجلس ئومەنا هەیە، وابزانم ئیشی مەجلیس ئومەنا نیە، مەجلیس ئومەنا شەرت نیە مودیری تەنفیزی بێ، مەجلیس ئیدارە زیاتر تەنفیزیە، بۆیە بابەتەکە وەکو خۆی بمێنێ و بڵێین (يتولى او في سبيل مباشرته للاختصاصات المنصوص عليها في هذا القانون، يقوم الصندوق)، سندوقەکە هەڵدەستێ، چونکە لێرە ماددەیەکی تر هەیە ئەڵێ ڕەئیسی تەنفیزی بۆ دابنرێ، بۆیە نابێ حەصر بکەین بە مەجلیس ئومەنا، ئەگەر هاتو پێشنیارەکەش ڕۆیشت و مەجلیس ئومەنا بمێنێ لەجیاتی مەجلیس ئیدارە، چونکە مەجلیس ئیدارە لێرە نیە، خاڵی یەکەم، نابێ تەئسیس و ئینشا، ئەوە ئیشی ئەم سندوقە نیە، چونکە داهاتی ئەم سندوقە ئەوەندە نابێ ئینشا بکات، بۆیە پێشنیار ئەکەم یەکەم (دعم وتطوير)، پاڵپشتی و پەرەپێدان و بەرەو پێشەوەبردن (المراكز المتخصصه) هەتا دوایی، دووەم (ئەگەر هاتو تەمەلوك ماوە حیازە، لێرە (الاموال المنقوله وغير المنقوله) هیە، ئەوەی موتەداول قانونیەن لە عێراق و لە یاساکانی عێراق ئەموال سابیتە و مەنقولە نیە، ئەموال مەنقولە و غێر مەنقولە هەیە، سێیەم، (التعاقد مع مراكز طبية وشركات الوطنية والاجنبية العاملة في مجال هذه الامراض)، تەشخیس بکرێ، نەك هەر بوارێك بێ و عەقدی لەگەڵ بکات، مەجالی ئیختیساس بێ، ئەمرازی مەستەعسیە، و سەرەتان، خاڵی

**چوارەم وەکو خۆی بێ، خاڵی پێنجەم، داعی نیە لە حەقی تەقازی، چونکە لەسەرێ گوتیتمان شەخص مەعنەوی، مادام شەخصیەی مەعنەوی هەیە ، هەر شەخصی مەعنەوی راستەوخۆ حەقی دەعوا دژی هەیە، و حەقی بەرز کردنەوەی دەعوای هەیە، ئەگەر هاتو باسی ئەوەیان کرد، باسی کەشفی موبەکیر و تەشخیس و نازانم چی، فەقەرەیەك ئیزافە بکرێ ( دعم برامج طوعي والارشاد لتجنب الاصابة بهذه الامراض وتشخيصها في الحالات المبكرة) سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو ڤیان خان**

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ دارشتنەوەی ماددەکەم وەکو ئەوەی لیژنەی یاسایی دایانرشتۆتەوە، بەلاَم بە پێویستی ئەزانم کە لە ماددەی سێیەمی یەکەمیان وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە دروست کردنی ئەو مەراکیزە سەحیانە تایبەتە بە ناو وەزارەتی تەندروستی، یان ئەنجومەنێکی شێرپەنجە هەیە، ئەم ئەنجومەنە پێشنیاری ئەوە ئەکات کە ئەم دروست کردنی بنکانە لە هەر قەزایەك یان لە هەر ناحیەیەك پێویستە هەبێ یان نا؟ ئەم سندوقە لە لایەنە داراییەکەی ڕێکئەخات، نەك ئەوەی تۆ بێی ئەم ئیش و کارەیان بەربەستی بۆ دابنێی، بۆیە پێویستە خاڵی یەکەم وەکو خۆی بمێنیتەوە، ئەمەش ئەتوانن بە تەنسیق لەگەڵ ئەو ئەنجومەنە بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە ئەم مەراکیزە سەحیانە لە هەر شوێنێکدا پێویست بێ بکرێتەوە یان نەکرێتەوە، نەك ئەمە شتێکە کە نووسرا ئەبێ هەر بکرێ، بە نیسبەت خاڵی سێیەم بە بڕوای من ئەوە ئەکرێ لە ڕێنمایەکانی وەزارەتیشدا خۆیان ئەتوانن ئەمجۆرە کارانە بکرێ وەکو ئەوەی لە ماددەی سێیەم دانراوە، بە نسبەت خاڵی چوارەم کە باس لە ئیعدادی تەقاریری دەوری ئەکات، ئەوەی من تێبینیم کردبێ وەزارەتی تەندروستی خۆی ئەو کارانە ئەکات، یەعنی ئەمە تەحسیل حاسلە، هەر ئەکرێ، بۆ نموونە من لەم ماوەی پێشوودا ئەو ئامارەی وەزارەتی تەندروستیم بینی کە لە ساڵی 2007 ەوە بۆ 2012 ئاماری شێرپەنجەی لە هەرێمی کوردستان دا بلاَو کردەوە، بە تایبەت من ئەوەی نەخۆشخانەی هیوا باس ئەکەم کە 8500 کەس لەو نەخۆشخانەیە تۆمار کراون، کە 500 هەزاریان تایبەتە بە پارێزگای سلێمانی، 3500 تایبەتە بە پارێزگاکانی تر و ناوچەکانی تری عێراق، کەواتە ئەتوانم بڵێم تەحسیل حاسلە، ئەم ئامارانە هەر ئەکرێ، بەلاَم لەبەر ئەوەی ئەم سندوقە ئەرکی لایەنی داراییە، ئەتوانرێ نیزامە مالیەکەی تێدا تەسبیت بکرێ، ئەوەی بەشی یەکەمی کە باس لە ئیعدادی تەقاریری دەوری ئەکات، ئەمە تەحسیل حاسلە و ئەکرێ ئەمە یەکێك بێ لە مەهام و ئەرکەکانی وەزارەتی تەندروستی، ئەتوانرێ لە ڕێگەی ڕێنماییەکانەوە ئەمە بکەن، بەلاَم تەنزیمی لایەنە مالیەکەی ئەم سندوقە پێویستە بکرێ، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو تارا خان**

**بەرێز تارا ئەسعەدی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان شت ئاسانکاری لیژنەی یاسایی وایکردووە کە ئێمە قسە لەو ماددەیە زۆر نەکەین، تەنها ئەوە ئیزافە ئەکەم وا بە باشی ئەزانم کە یەکێ لە مەهامەکانی ئەو سندوقە  کە مەجلیسی ئیدارەی بۆ دائەنرێ حەوتەم بکرێ بە یەکەم خاڵ، (رسم السیاسه العامه وإقرار الخطط التي تحكم سير عمل الصندوق) سیاسەتەکە لە پێشەوە بێت، و ئیزافەی ئیعادەی سیاغە کە نووسراوە یەکەم، تەئسیسەکە لابدرێ، تەنها (تطوير المراكز المتخصصة بمعالجة الامراض السرطان، و وضع نظام تجهيز مستمر للادوية) ، چونکە ئێمە ئەو ئەدوییانەی کە هەیە هەموو ئەزانن کە لەو سەنتەرانەی کە بۆ سەرەتان حالیەن هەیە لە سلێمانی و لە هەولێر، موشکیلەکە ئەوەیە کە دەرمانیان لێ ئەبرێ، چونکە ئێمە ئەزانین 17٪ کە دێت بۆمان لە ئەدوییە بەشمان ناکات، زۆرجار 25٪ پێویستە بۆ ئەو نەخۆشیانە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بێتو کە رەسمی سیاسیەتی عام کرا بۆ ئەو سندوقە، ئەوە ئیزافە بکرێ (نظام تجهيز مستمر للادوية لمعالجة الامراض السرطان)، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێباز

**بەرێز ڕێباز فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە تێکەڵێەك هەیە لە نێوان ئەوەی کە ئیشی ئەم سندوقە هاوکاری کردنی نەخۆشە وەکو ئەوەی ئێستا هەیە، ئەگەر نەخۆشێك بێت لەبەر ئەوەی چارەسەرەکەی لە کوردستان دەست ناکەوێ و بڕێك پارەی ئەدەیتێ، یان نەخێر ئێمە ئەمانەوێ ئەو شێوازە بگۆڕین، لە راستیدا هەدەفەکە گۆڕینی ئەو شێوازەیە، ئەگەر ئێمە پێشتر لێرە چارەسەرێکمان بۆ نەخۆشیەك کردبێ ئەوە سەنتەرێکە و چارەسەری کردووە، ئەگەر نەبووبێ هاووڵاتیەکە خۆی ڕۆیشتۆتە دەرەوەی وڵات، یان لە کەرتی تایبەت ئەو خزمەتگوزاریەی دەست کەوتووە لەبەرامبەردا ئێمە بڕێك هاوکاریمان کردووە، ئێستا ئەمانەوێ سندوقەکە بەم ئەرکە هەڵبستێ، یەعنی سندوقەکە بۆخۆی چارەسەر کردنی نەخۆشەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێ، ئیتر لە ناوەوەی وڵات بێ یان لە دەرەوەی وڵات بێ، واز لەوە بێنین کە ئێمە هاوکاریەکەی نەخۆش بکەین کە لەوانەیە هاوکاریەکیش بێ یان لە ئاستی پێویست نیە، یان هەندێجار نەخۆشەکە بۆ ئەو مەبەستەشی بەکارناهێنێ، لەبەر ئەوە با ئەوە وازح بێ لای ئەندامانی بەرێز کە ئەم سندوقە ئیشی پارەدان نیە، ئیشی دابین کردنی چارەسەری پزیشکیە، تێکەڵێەکی تریش هەیە لەنێوان ئەوەی کە ئایا ئەم سندوقە ئیشی ئەوەیە کە لایەنە زانستیەکەی تەندروستی چارەسەر بکات؟ یان نەخێر تەمویل کردنە؟ هەدەفەکەش تەنها پارەدار کردنە، دکتۆر حەسەنیش دوێنێ باسی لەوە کرد، ئەگەرنا لایەنە زانستیەکەی ئەنجومەنی شێرپەنجە ئەو کارە ئەکات، لەبەر ئەوە ماددەی یەکەم بۆ ئەوەی ئەو تێکەڵیەش روونەدات ، خاڵی یەکەم ئەتوانرێ بکرێ بە

ئەركی ئەم سندوقە، جێ بەجێ كردنی سیاسەتی دانراوی ئەنجومەنی شێرپەنجەیە بۆ بەرەنگار بوونەوە و چارەسەر كردنی نەخۆش، ئەركەكەی ئەو تەنیا جێ بەجێ كردنی ئەو سیاسەتەیە كە ئەنجومەنەكە دایناوە، نەك ئەوە خۆی بڕیار بدات كە لە فلانە قەزا، یان لە فلانە شار بنكەیەكی تەندروستی، یان نەخۆشخانەیەك بكاتەوە، ئەوە ئەو نیە، تەنها ئەركی تەعامول كردنە داراییەكەیە، پێشنیار كراوە كە خاڵی چوارەم لابدرێ، لەگەڵ ئەوە نیم لابدرێ، بەلام ئەكرێ دەستكاری بكرێ، چونكە ئێستا ئەوەی كە هەیە، ئەنجامدانی توێژینەوە بودجەكەی لە وەزارەتی خوێندنی بالاوەیە، و وەزارەتی تەندروستی كەمتر بودجەی بۆ دانراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، ئەگەر ئەم خاڵە لابدرێ ئەو كات ئەو سندوقە ئامادە نیە پارەیەك كە پێویستە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە سەرف بكات، و لەوانەیە ئەو بودجەش كە بۆ سندوقەكە دانرابێ تەنها بیر لەوە بكەینەوە كە چارەسەری نەخۆشیەكە ئەكات، بەلام توێژینەوەش كە بڕێك بودجەی پێویستە لەبیری بكەین، بۆیە ئەبێ ئەو خاڵە بمێنێتەوە، بەلام ئەكرێ بەشێوەیەك گۆڕانكاری تێدا بكرێ كە دیسان دەعمە مالیەكەی ئەنجامدانی توێژینەوە بێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی تەندروستی، ئەگەر روون كردنەوەیەكتان هەبێ؟ فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا كە دەست بە گفتوگۆی ماددەكە كرا ئێمە تێبینی ئەوەمان كرد كە ماددەكان ریزبەندیان و زنجیرەیان تەواو نیە، بۆیە تووشی ئەو كێشە و گفتوگۆیە بووین، هەندێ پرسیار ئاراستەی ئێمە كرا كە لەبەرچی مەجلیس ئومەنا و مەجلیس ئیدارە؟، لەبەر ئەوەی پێشنیارمان كردووە ئەنجومەنی بەڕێوەبەردنی سندوقەكە هەبێ، زیاتر لەوەی كە داوامان كردووە پێشنیارمان كردووە كە ئەندامانی ئەنجومەنەكە، ئەنجومەنی بەڕێوەبردن ژمارەیەكی زۆری پزیشك و خەڵكانی پسپۆر بن كە بتوانن ئەو ئەركەی بە سندوقەكە ڕادەسپێرین مەبەست لە دەركردنی یاساكە چیە جێ بەجێی بكەن، كە داوای هەڵگرتنی ئەو بڕگەمان كردووە كە باس لە تەمەلوك ئەكات، لەبەر ئەوەی لە ماددەیەك پێشتر ئێمە باسمان كرد و پێشنیارمان كرد كە شەخسیەی مەعنەوی هەبێ، كە ئەو جۆرە كەسایەتیەی هەبێ ئۆتۆماتیكەین ئەو مافانەی ئەبێ، پێویست ناكات لە قانون تەئكید بكرێت، چونكە دووبارە كردنەوەی هەندێ بڕگە و بەند باش نیە لە ناو یاساكە هەبێ، بڕگەی چوارەم راستە داوامان نەكردووە هەڵگیرێ، بەهەڵە لە ڕاپۆرتەكە چاپ كرایە، بڕگەی دووەمە، چوارەم نیە، چونكە چوارەم كە ماددەكەمان داڕشتەوە بڕگەی چوارەم مایەوە، تەنیا وشەی حەقمان لادایە، ئەلحسول مایە، ئێمەش كە ئەو ئەركانەمان بە سندوقەكە راسپارد بۆ ئەو مەبەستە بوو كە وشەی دەعم یان ئیعانە مەبەست چیە؟ دكتۆر ڕێباز زۆر جوانی روون كردەوە، مەبەستمان ئەوە نیە كە پارەیەك لە سندوقەكە هەبێ پارەكە دابەشی نەخۆشەكان بكرێ، دابین كردنی چارەسەرە، چارەسەریش دەرمانە، تاقیگەیە، كۆمەڵێك شتی ترە، كە ئەوانەی پسپۆرن و پزیشكن

زیاتر لەو بابەتە ئەزانن، هەتا ئەگەر سندوقەکە داهاتی زۆر بوو تەمویل کرا، تەبەروعاتی بۆ هات، بتوانێ سەنتەری پشکنین و سەنتەری چارەسەر کردن دروست بکات، چونکە بەشێکە لە چارەسەر کردن، بوونی ئەو جۆرە سەنتەرانە لە هەرێم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز ئەکەم بۆ ماددەکانی تریش روون کردنەوەیەك بدەم، ئەم سندوقە بەدیلی وەزارەتی تەندروستی نیە بۆ کاروباری زانستی، بۆ کاروباری ئەندازەیی، بۆ کاروباری بەحس و ئەوانە ئیشەکەی ئەوەیە کە تەمویل بۆ وەزارەتی تەندروستی کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی کە نەخۆش عیلاج بکات بە تەریقەیەکی زانستی جا لەناو هەرێم بێ یان لە دەرەوەی هەرێم بێ، ئێستا ئێمە لە وەزارەتی تەندروستی سەرقاڵی ئەوەین کە موفاتەحەی مەجموعەیەك خەستەخانەی هندی و ئیتاڵی و تورکیمان کردووە بۆ ئەوەی ئەو 400 نەخۆشەی کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر داوە بینێرین بۆ زەرعی مۆخ و هینیان بکەین، ئەو کاتە ئێمە بە پێی ئەو سندوقە خۆمان موفاتەحەی ئەو شوێنانە دەکەین، جاری واهەیە بەداخەوە پارە دەدەی بە نەخۆش بە دەردی د.ڕێباز دەڵێ نەخۆشەکە بەکاری ناهێنێ بۆ عیلاج، لەم ماوەیە ئێمە نەشتەرگەریەکمان بۆ نەخۆشێك کرد بە بڕێك پارە بێریڤان خان ئاگادارە نەمان وێرا بیدەینە دەستی پیاوەکەی، وتیان لەوانەیە بیبات بۆ خۆی، نەیدات بە حەقی عەمەلیاتەکە بۆ خێزانەکەی، لەبەرئەوە، مەبەست لەم سندوقە کۆکردنەوەی هاوکاریە لە داهاتەکانی دەوڵەت و لە داهاتەکانی خەڵکی تر بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سیستمەی وەزارەتی تەندروستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەی 4.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

داهاتی دارایی سندووق لەمانە پێك دێت:

یەکەم/ ئەو بەخشینانەی کە حکومەتی هەرێم بۆ پشتگیری کردنی سندووق دەیاندات.

دووەم/ بەشە ماڤی سندووق لە پارەی تەرخان کراوی وەزارەتی تەندروستی.

سێیەم/ ئەو داهاتەی کە لە سەپاندنی ئەم رەسمانەی دادێن دێنە دەست:

ڕێـژەی (5٪)ی ئـەو ڕەسمانـەی لـە کەلوپـەل و بـەروبوومی زیـان بـەخش بـە تەندروسـتی کـە وەردەگیرێـن، ئەوانەی بەرهـەمی نـاوخۆن، یـان هـاوردە کـراون وەکـو (تـووتن، ئۆتۆمبیـل، کارگـە، پاڵاوگـە، جگەرەکێشـان، ئەلکهوول).

چوارەم/ ڕێژەی (50٪) لەو غەرامەیەی بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان وەردەگیرێت.

پێنجەم/ ڕێژەی (50٪) لەو غەرامەیەی بەپێی یاساکانی کار پێکراو دەسەپێندرێن.

شەشەم/ ڕێژەی (25٪) لەو غەرامەیەی بەپێی یاسای چاودێری تەندروستی دەسەپێندرێن.

حەوتەم/ ڕێژەی (50٪) لەو غەرامانەی دادگا، یان دەستەی تایبەتمەند بەباشی و سـەلامەتی دەیسـەپێنێتە سەر ئەوانەی بازرگانی بە کەلوپەل و خۆراکێك دەکەن، کە مەرجەکانی سەلامەتی تەندروستی تێدا نییە.

هەشتەم/ کۆمەك و دیاریی ناوخۆ و دەرەوە.

نۆیەم/ قازانجی ئەو چالاکیانەی سندووق دەیانکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی فەرموو.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

تتكون الموارد المالية للصندوق من:

اولاً: ما تمنحه حكومة الاقليم من منح لدعم الصندوق سنوياً.

ثانياً: مستحقات الصندوق من تخصيصات وزارة الصحة.

ثالثاً: الايرادات المتأتية من فرض الرسوم الاتية:

نسبة (5٪) من الرسوم التي تستوفي من المواد والمنتوجات الضارة للصحة المنتجة محلياً والمستوردة، (التبغ، الكحول، السيارات، المصانع، المصافي، التدخين).

رابعاً: نسبة (50٪) من الغرامات المستوفاه بموجب قانون مكافحة التدخين.

خامساً: نسبة (50٪) من الغرامات التي تفرض بموجب قوانين البيئة النافذة.

سادساً: نسبة (25٪) من الغرامات التي تفرض بموجب قانون الرقابة الصحية.

سابعاً: نسبة (50٪) من الغرامات التي تفرضها المحاكم او الهيئات المختصة بالجودة والسلامة على المتاجرين بالمواد والاغذية التي لا تتوفر فيها المواصفات السلامة الصحية.

ثامناً: التبرعات والهبات الداخلية والخارجية.

تاسعاً: ربح النشاطات التي يقوم بها الصندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 4 پێشنیارەکانمان بڕگە بە بڕگە پێشکەش دەکەم، بڕگەی یەکەم/ پێشنیار دەکەین کە وشەی ئیعانات لەدوای وشەی منح زیاد بکرێت، سەبارەت بە بڕگەی 3 کە ڕێژەی 5٪، ئەوە وشەی جگەرەکێشانەکە و تەدخینەکە لە کۆتایی ڕستەکە لابردرێ، لەبەرئەوەی تەدخین لە بڕگەی 4 بڕگەیەکی سەربەخۆی بۆ دانراوە پێویست ناکات و ئەوە دووبارەیە و باسی تەدخین کراوە، بڕگەی 5 پێشنیار دەکەین کە ئەو بڕگەیە هەڵبگیرێ لەبەرئەوەی ئێمە یاسای پاراستنی ژینگەمان هەیە، ئەو جۆرە غەرامەیە دەچێتە ناو سندوقی پاراستنی ژینگە بە پێی دەقێکی یاسای پاراستنی ژینگە، بۆیە ئەوە پێچەوانەی ئەو یاسایەیە، ئێمە پێشنیار دەکەین کە نەمێنێ، لە ڕاپۆرتەکەمان هاتووە هەڵگرتنی بڕگەی 7 ەمە 6 نیە ئەوە هەڵەیەکی چاپە، بڕگەی 7 ی لابردووە، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە غەرامەش داهاتەکە لە بۆ ئەنجومەنی دادوەری، دەچێتە ناو سندوقی ئەنجومەنی دادوەری، کە جۆرە غەرامەیەکە لەلایەن دادگاکانەوە دەسەپێندرێ، سەبارەت بە بڕگەی 8 داوا دەکەین دووبارە دابڕێژرێتەوە بە شێوەیەك ئەگەر ئەو جۆرە هاوکارییە لە دەرەوەی هەرێم پێشکەش کرا بە سەندوقەکە ئەوا پێویستە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەربگیردرێ، لە (تاسعا) وشەی (ربح) هاتووە، ئەوە (الريع عن النشاطات)ە، لەبەرئەوەی هەموو نەشاتەك تیجاری نەبێ بە مەبەستی ربح نەبێ، وشەکە ڕاست ترە کە (ريع النشاطات) لە عەرەبیەکە، نەك (ربح النشاطات)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی دارایی دەربارەی ماددەی 4 دەربارەی (اولا) هەرچەندە وەکو خۆی لە پرۆژە یاسایەکە هاتووە، دەربارەی (ثانيا) بە هەمان شێوە پەسەندە، وەکو لە پرۆژە یاساکە هاتووە، دەربارەی (ثالثا) و (رابعا) و (خامسا) و (سادسا)، لەڕاستی دا تاکو (خامسا) ئێمە هەندێ بۆچوونمان هەیە بە گۆڕینی ئەو ڕێژانە، بەڵام لێرە ئێمە پرسیارێك دێتە کایەوە تاوەکو چەند ئێمە دەتوانین ئەو ڕێژانە بگۆڕین بە مەرجێ ئەو رسوم و غەراماتانەی کە هەیە هەمووی پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستیەوە نیە، پەیوەندی بە چەند وەزارەتێك و دەستەیەکەوە هەیە، ئایا ڕەزامەندی ئەوانە وەرگیراوە، ئەگەر هاتو ئەو بەڕێزانە ڕەزامەند بوون لەسەر ئەو غەراماتانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتەکان، ئێمە پێشنیارمان کردووە کە ڕێژەکان بگۆڕێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

دەربارەی (ثالثا) ڕێی (50٪) بکرێت بە ڕێژەی (60٪)، دەربارەی (رابعا) ڕێژەی (50٪) بکرێت بە ڕێژەی (70٪)، دەربارەی (خامسا) ڕێژەی (50٪) بکرێت بە ڕێژەی (80٪) وە ڕێژەکانی دیکەش وەکو خۆی

بمێنێتەوە، جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر هاتو ئەو وەزارەت و دەزگایانەی حکومەتی هەرێم کە ئەو غەراماتانە وەردەگرن بۆ خۆیان بە پێی یاساکان، ڕەزامەند بن لەسەر بڕینی ئەو ڕێژانە بۆ ئەو سەندوقە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر قسەکەی لیژنەی یاسایی خاڵی سێیەم کە باسی جگەرەکێشان نیە، بە هەڵە هاتووە، کە باسی توتن و ئۆتۆمبیل و کارگە و باسی هاتنی دەکات کاتێ لە سنوورەکان دێت، یەعنی ئەمە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی جگەرەکێشان ئەوە یەکی دی هەیە، غەرامەیەکی دی هەیە کاتێ  کەسێ جگەرە دەکێشێ، لەبەرئەوە ئەوە شتێکی دیکەیە، هەردووکیان یەك شت نین دووبارە بوونەوە نیە، بەس بە غەڵەت هاتووە جگەرەکێشان، لەوێ نابێ جگەرەکێشان بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید (وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەو زیادکردنەی لیژنەی دارایی دەکەم، حەزیش دەکەم بەڕاستی لە هەموو دونیا هەر وایە کە زۆربەی ئەو زەرائیبانەی کە دەچنە سەر جگەرە و کحول یان نیزامی تەئمین دەیبات یان ئەو سەندوقە دەیبات، چونکە زۆربەی بەڵاکانی جگەرە و کحول و سەیارات و ژینگە پیس کردن بۆ سحەیە، لەبەرئەوە ئەگەر ئەوە زیاد بکرێ ئێمە زۆر سوپاستان دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە، ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، ئاشتی خان، کاك عبداللە، د.بشیر، ئەڤین خان، کاك حەمە سعید، بەفرین خان، کاك جلال، تارا خان، بێریڤان خان، پەیمان خان، کاك سەرهەنگ، سیوەیل خان، سەمیرە خان، ئاهەنگ خان، کاك عبدالسلام، کاك قادر، کاك عمر هەورامی، کاك عمر عبدالرحمن، ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە پێشنیار دەکەم، کە مەبلەغێك ساڵانە لە میزانیەی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تەرخان کراو و بە مەفتوعی تەرخان بکرێ بۆ ئەم سندووقە وەکو ڕۆژی دوێنێ باسم لەوە کرد کە گرنگ دروست کردنی سندووقەکە نیە، گرنگ لەو ستراتیجیەتەیە کە سندووقەکە بە زیندوویەتی بمێنێتەوە و

بەردەوامی بدات بە سندووقەکە، بۆیە بەشێك لە بەردەوامی دان بەو سندوقە ئەوەیە کە مەبلەغێك تەخسیس بکرێ ساڵانە، چونکە ئەمە وەکو هەندێ مەسەلەی تر نیە وەکو سولفەی زەواج و ئەمانە ئەگەر هاتو ئەم میزانیە کەم بکرێتەوە یان زیاد بکرێ تەئسیر لەسەر ستراتیجیەتی ئەم سندووقە نەکات، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ساڵانە بە مەفتوعی نسبەتێك لە هەرێمی کوردستان دابندرێ بۆ ئەم سەندوقە و بۆی تەخسیس بکرێ، پێشنیاری ترم ئەوەیە بە شێوەیەکی گشتی نسبەتێك دابندرێ بۆ نموونە 25٪ یان 50٪ دابندرێ لە مینەح وئیعاناتی ئەنجومەنی وەزیران، بەشێوەیەکی گشتی تەرخان بکرێت بۆ ئەم سندوقە، چونکە زۆرجار کە ئێمە لێپرسینەوە لە مەسەلەی مینەح و ئیعانات دەکەین دەڵێن بەشێکی زۆری دەچێ بۆ هاوکاری تەندروستی ئەو کەسانەی کە پەیوەندی بە وەزارەتەکانەوە یان بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەکەن، بەشێوەیەکی نا سیستماتیك خەڵك سوودمەند دەبێ و بەشێوەیەکی نا دادپەروەرانە ئەم پارەیە دەگاتە خەڵك، ئەگەر بەم ڕێگایە بێ لەوانەیە خەڵك هەیە لێپرسینەوە و موراقەبە کردنیش بۆ گەیشتن بە دەستی خەڵکی سوودمەند ڕێگایەکی ئاسانتر بێ، بۆیە من پێشنیازی ئیزافە کردنی ئەو دوو سەرچاوەیە دەکەم، بۆ داهاتی سندووقەکە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بڕگەی 3 لابدرێ، لەبەرئەوەی بڕگەی 3 لەگەڵ بڕگەی 1 تەقریبەن هەردووکیان هەر لە خەزێنەی گشتیەوە دابین دەکرێ، ئەگەر بڕگەی یەکەم تەسبیت بکرێ، بڕگەی 3 تەحسیلێ حاسڵە، ئەمە یەك، دوو/ هەندێك رسومات دانراوە، بۆ نموونە رسوماتی کە بە هۆی قانونی موکافەحەی تەدخین دەچەسپێندرێ، ئەمە خۆی لە ئەساسدا هیچ داهاتێکی نیە، ئیتر تۆ 50٪ لە نەتیجە هیچە، بۆیە هیچ ئیستفادە بەو سندووقە ناگەیەنێ، بە تەسەوری من بڕگەی 3 تەنها قەرەباڵغ کردنی ئەو ماددەیەیە و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ قەناعەتمان بەوەی کە زۆر پێویستە دەعمی ئەو سەندووقە بکرێ، هەموو لایەکیش چ لایەنی حکومی و چ لایەنی غەیرە حکومی پێویستە ئەم سندووقە دەوڵەمەند بکەن، ئەوە جگە لەمەسەلەیەکی تەندروستی و مەسەلەیەکی نیشتمانی و ئیداری، ئێمە بە مەسەلەیەکی دینیشی دادەنێین کەوا واجبێکی دینیە خەڵکی دیندار ئەم سەندووقە هاوکاری بکات، لەبەرئەوەی کەوا ژیان دەپارێزێ و نەخۆشەکان

دەپارێزێ، زۆر پێم باشە کە لایەك لە لایەنەکان یان لە مەجلسی ئومەنا یان لە شوێنەکان لێرە لە مەواردی مالی دا جێگای ببێتەوە کە وەزارەتی ئەوقاف ڕۆڵی هەبێ، لەبەرئەوەی دەکرێ ئێمە لەڕێگەی ماموٚستایانی ئایینی وا بکەین کە زۆر لەو خەڵکانەی کە زەکات یان سەرفترە یان یارمەتی و سەدەقەی خۆیان دەکەن بەشێك بۆ ئەم سەندووقە دابنێین، ئەگەر زانیمان لە مانگی ڕەمەزان ساڵی پار لە کوردستان نزیکەی 50 ملیۆن دۆلار لە کوردستان دراوەتە سەدەقە و خێر و زەکات و ئەمانە بکرێ و ئەو وشیاریە هەبێ لە کوردستان دا، دەکرێ لە ڕێگەی ئەوقاف و لەڕێگەی ماموٚستایانی ئایینیەوە ئەم خەڵکانە هان بدرێن بە تایبەتی خەڵکی خواپێداو کە بەشێکی باش لەم سەدەقە و یارمەتیەی خۆیان لەم سندووقە دابنێن کە دەبێتە ڕێگەیەکی باش و واردێکی باش، ئەمە لەلایەك، لە خاڵی 3 لە فەقەرەی 3 من زۆر لام سەیرە کە ئێمە داوا بکەین لە ڕێگایەکەوە پارە کۆبکەینەوە بۆ ئەو سەندووقە کە ڕێگاکەی بۆ خۆی دەبێتە هۆی دروست بوونی نەخۆشی شێرپەنجە، بۆ نموونە مەسەلەی جگەرە و کحول و سەیارات و ئەمانە، یەعنی لەسەر هەموو پاکەتەکانی جگەرە نووسراوە جگەرەکێشان و تەدخین دەبێتە سەبەبێکی ڕەئیسی بۆ شێرپەنجە، باشە من لەگەڵ ئەوەی تەشجیعی بکەم، کەوا جگەرە بێنم و شێرپەنجە زیاد بکەم چیە وەڵڵا بەشێك لە قازانجەکەی دەدەمە لەناوبردنی شێرپەنجە، ئەمە بەڕاستی مەسەلەیەکی زۆر نامەنتقیە، بۆیە من هەر لام وایە مەسەلەی جگەرە و کحول و ئەمانە و داخڵ کردنی سەیاراتەکان بە مواسەفاتی غەیری کۆنترۆڵی جۆری، بە تایبەتی ئەوانەی کەوا گزۆزەکەیان ماددەی ڕەساسی تێدا نیە، ئەمانە زۆر زۆر خەتەرە، خەتەرێکی زۆر گەورەیە، ئەمە دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ بۆ ئەوەی ڕێژەی نەخۆشیەکە لە کودستان کەم ببێتەوە، بۆیە ئەگەر هەر مایەوە و تەبعەن من لام وانیە کە بتوانین قەدەغەی بکەین جگەرە بێتە کوردستان، یان مەوادی کحولی بێ، با بێ، بەڵام بەلای منەوە زەریبە و باجەکانیان زۆر  زۆر زیاد بکرێ و لە جیاتی 5٪ با 50٪ باجەکانی جگەرە و کحول بدرێت بەم سەندووقە، ئەمە لەلایەك، لە خاڵی 4 دانراوە کە 50٪ ی غەراماتی قانونی موکافەحەی تەدخین، ئەمەش بەڕاستی شتێکی زۆر زۆر سەیرە، یەعنی ئەم قانونە تا ئێستا لەناو بینایەی پەرلەمان جێ بەجێ نەکراوە، ئەوە بەڕاستی گلەییەکە لە خۆمانی دەکەم ئینجا لە حکومەتی دەکەم، ئەم قانونە بە مردوویی دەرچوو و تا ئێستا جێ بەجێ نەکراوە و ناشکرێ، بۆیە من پێموایە ئەمە زیادە، لەبەرئەوەی هیچ غەرامەیەکی نیە و هەر سفرە غەرامەی نیە، خۆی کەوەختی خۆی کە دانراوە بە 10 دینار، 10 دینارەکەش وەرناگیرێ و جێ بەجێش ناکرێ، بۆیە زۆر پێویستە ئەگەر ئەمە تەفعیل بکرێ قانونەکە غەرامەکە زیاد بکرێ و 100٪ ی هەمووی غەرامەکان بدرێتە ئەو سندووقەوە، خاڵی 7 بەلای من باشە کە لانەبرێ، لەبەرئەوەی کە ئەم خاڵی 7 لە مەسەلەی سەلامەی موختەسە بە جەودەوە، (والسلامة على المنتجين بالمواد والاغذية)، ئەمە دەچێتە بودجەی ئەنجومەنی دادوەری، ئەنجومەنی دادوەری بودجەیەکی تەموینیە و هیچ پێویستی بەوە نیە، لەبەرئەوە من لام وایە کە ئەمە لانەبرێ و ئەو 5٪ بێتە ناو سەندووقەکە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە تەواوەتی پشتگیری ڕەئیەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، بە تایبەتی لەڕووی داڕشتنەوەی یاساییەوە، چونکە بەڕاستی، بە جوانی داڕشتراوەتەوە، تەنها هەندێ مولاحەزاتم هەیە لەسەر هەندێ لەو بابەتانەی کە ئەو بەڕێزانە دایانڕشتووەتەوە، ئەویش یەکەم/ ئەو نیسبەتەی کەوا بۆ رسوم (التی تستوفی من مواد المنتجات الضارة للصحة) لە 5 ەوە بکرێ بە 10، چونکە بەڕاستی خۆی ئەو شتانەی کە کحول وسەیارات و مەسانع و مەسافیە، ئەوانە خۆی موسەببی ئەساسین بۆ ئەوەی ئەم نەخۆشیانە زۆربەی هەرە زۆری سەرهەڵدات، بۆیە 5٪ ەکە بەڕەئی من کەمە با بکرێ بە 10٪ ، هەروەها وەکو کاك د.بشیر بەڕێزیان باسی کرد یاسای موکافەحەی تەدخینیش، ئەمە تەفعیل بکرێ یان نا، ئێمە لێرەهەر لای ببەین  ئەو یاسایە، چونکە بەڕاستی جێ بەجێ نەکردنی ئەو یاسایە ودانانی لێرە و بەڕەئی من ئەوە تەنها بۆ تووش کردن و بۆ شتێکی ئیجمالی یاسایەکەیە، ئەگەر یاسایەکە جێ بەجێ دەکرێ، فیعلەن ئەو غەرامەیە وەردەگرێ با لێرە دابندرێ، بەڵام ئەگەر ناکرێ با لێرە هەر هەڵی بگرین ئەو شتە، سێیەم/ 50٪ لە غەرامەی بیئە، توخوا ئێمە پرسیار دەکەین بیئە تاوەکو ئێستا ئەو غەراماتەشی کە وەری گرتووە چی کردووە؟، تا ئێستا باوەڕ ناکەم دارێکیشی نا بێ بەسەر دارێکەوە بۆ ئەوەی کەوا بیئەی ئێمەی پێ تەحسین کردبێ، خۆ عەلەل ئەقەل ئەگەر ئەو پارەیە ئەگەر وەریشی دەگرن یان وەریشی ناگرن، بەهەر شێوەیەك بێ ئەگەر بێتو لێرە ئێمە بۆ ئەم سەندووقەی دانێین وابزانم زیاتر سوودی دەبێ بۆ هاووڵاتیانی کوردستان لەوەی کەوا بەس بەناو شتێکمان هەیە بۆ تەحسینی بیئە و سەندووقێك یاخود پارەیەکی بۆ تەخسیس دەکرێ، پارەیەك کە لە غەرامات وەردەگیرێ لە ئەساسدا، چوارەم/ کە دەڵێ (سابعا) 50٪ ی ئەو غەراماتانەی کە فەرزی مەحاکمە وابزانم ئەوە بمێنێتەوە کارێکی باشترە لەبەرئەوەی هەموو دەزانین کە فیعلەن هاتنی مەوادی خراپ و جەودەی نەبێت و ماوە بەسەرچوو، ئەوانەش لەڕووی سحیەوە هەمووومان دەزانین موسەببن، ئەگەر ئەمڕۆش نەبێ سبەی و دوو سبەی خەڵکی تووشی نەخۆشی بکەن، بۆیە ئەو نیسبەیە بە ڕەئی من بمێنێتەوە و پشتگیریەکی تەواوی لێ دەکەم، هەروەها من پشتگیری لە بەڕێز کاك د.بشیر دەکەم کەوا ئەگەر بکرێ نیسبەی 50٪ ئەگەر هەمووشی نەبێ با ئەو 50٪یە  لە مەسەلەی زەکات تەرتیب بکرێ و بدرێ بەم سەندوقە، چونکە هەمووومان دەزانین نەفسی پێ رزگار دەکرێ و حاڵەتێکی زۆر ئینسانی و ئیلاهیشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم دوو بڕگەی تر زیاد بکرێ بۆ ئەم ماددەیە، کۆمەڵێ مونەزەمە و ئەشخاسی خەیری هەن کە ئیحتماله تەبەروع بکەن بۆ ئەم سەندوقە، بۆیە (المنح والهبات والتبروعات التی تمنحه المنظمات والاشخاص الخیرین)، ئەمە زیاد بکرێ، هەروەها دیاری کردنی مەبلەغێك ساڵانە لە کاتی میزانیە و کە موناقەشەی میزانیە دەکرێ، ساڵانە مەبلەغێك دیاری بکرێت، ئیتر لە مەنافعی ئیجتماعی بێ یان هەرچی بێت مەبەلەغەکە ئیلزامی بێ لەلایەن حکومەتەوە و مەبلەغەکەش دیاری بکرێ بڕەکەی، مەسەلەن (لایقل عن 100 ملیار)، خاڵێکی تر لە بڕگەی 6 من پێموایە (الهبة والتبرع و المنح..... الغیر مشروطة)ی بۆ زیاد بکرێ، ئیتر موافەقەی مەجلسی وزەرای ناوێ، چونکە ئەوە ڕۆتینیاتێکە، ئەگەر مەجلسی ئیدارەی مەجلسەکە سندوقی تیایە هەر بلێین (بعد موافقه مجلس اداره الصندوق) ئەوە ڕۆتینیات کەم دەکاتەوە، ئەگەر وەزیری تیا نەبێ، بلێین (بعد موافقه مجلس الوزاره) خاڵێکی تر (من خارج) و (داخل و خارج)ەکەشی بۆ زیاد بکرێ، هەر باشە، مادام (غیر مشروطة)مان بۆ زیاد کردووە، ئەوە گرنگە چونکە مادام لە خاریجەوە دێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حسن جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەندێ تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا بەڕێزان، هەدەف لەو سندووقە یاخود بلێین روحی ئەو قانونە ئەم ماددەیەیە، لێرە مەبەستمان زیاتر پارەدار کردنی سندوقەکەیە، ئەگەر هەر ئیعتماد بکەینە سەر ئەو پارەیەی کەوا لە موازەنە دەدرێ بە وەزارەتی سحە و وەزارەتی سحەش سەرفی دەکات بۆ نەخۆشەکانی سەرەتان، وەزعمان هەروەکو ئێستا دەبێ، بەڵام مەبەستمان ئەوەیە کە زیاتر ڕێگاکانی تری پارەدار کردن بۆ مەسەلەی سحە پەیدا بکەین، شتێکی تەبیعیشە و لە هەموو دنیا، ئەم ڕێگایانە هەیە، ڕێگای رسوم و ڕێگای غەرامات هەیە و تەئمینی سحی هەیە و ئەو شتانە، ئێمە توانیومانە تەنها لێرە ئەو ڕێگایانە بگرین کە ئێستا مەوجودە، سەبارەت بە دانانی نیسبەتەکان، دوو ڕێگا هەبوو، یان دەبێ نیسبەتێك هەبێ لە رسومی موستەقتەع وەرگرین، یان دەبێ ئیزافەی رسوم بکەین، یەعنی ئیزافەیەك زیاتر، یەعنی نیسبەتەکە پێشتر چەندە بلێین 50٪ ئەوەندەشی زیاد بکرێ بۆ ئەمە، ئەو دوو ڕێگایە هەبوو، بەحەقیقەت من لەگەڵ ئەوەم تا ئێستا یەعنی کە ئەوەندەی کە گەڕام لە مەسادر زەرائیب لە هەرێمی کوردستان نەك تەنها هی مکافحەی تەدخین، هی هیچ غەرامەیەك تەفعیل نیە، هیچ غەرامەیەك لە هەرێمی کوردستان یان هیچ حاڵەتێك لەم حاڵەتانە تەفعیل نەکراوە، ئێمە دەڵێین بەڵکو ئەمە یەکێك بێ لە هۆکارەکان و سەبەبەکان بۆ تەفعیل کردنی ئەوە، چونکە ئەو وەختە شەکێك هەیە لەو شتە، ئەویش ئەو سندوقەیە و داوا لە شوێنەکانی

پەیوەندار دەكات كە تەفعیلی ئیشەكەی خۆیان بكەن، چونكە من حەقم هەیە لەم بەشەی ئێوە، ئەگەر هەر نەبێ لەبەر هینەكەی خۆی هەوڵ دەدات تەفعیلی زەرائیب بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە ئامانج لە یاساكە یان لە سندوقەكە بڕی ئەو كۆمەك و هاوكاریانەیە كە پێشكەش بە سندوقەكە دەكرێ، ئایا بڕەكە بڕێكی گونجاوە كە هەموو نەخۆشێك ڕەزامەند بێ لێی و دواتر گلەیی و گازاندە نەیەتە پێشەوە، بۆیە پێویستمان بەوە هەیە زیاتر بڕی هاوكاریەكان زیاد بكرێ، هەروەكو بەڕێز ئاشتی خان فەرمووی، منیش پشتگیری ئەو ڕایە دەكەم كە پێویستە ساڵانە لە میزانیە و بودجە كە دێتە پەرلەمان بە پێی بڕی بودجەكە نەك دیاری بكرێ مەسەلەن لێرە 10٪ چونكە ساڵانە زیاد و كەم دەكات، مەبلەغێكی دیاری كراو دیاری بكرێ ساڵانە بۆ ئەم سەندووقە وێڕای ئەوەی كە وەزارەتیش خۆی هاوكاری و پاڵپشتی دەكات، خاڵێكی دیكە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئێمە ئەوە ماوەی 3 ساڵ دەبێ ساڵانە لە بودجەدا ڕێژەیەكی دیاری كراو لە مووچەی پلە تایبەتەكان بەڕێژەی 10٪ دەبڕدرێت و ساڵانی پێشووش خراوەتە خزمەتی سەندووقی شەهیدان و وابزانم شتێكی ئەوتۆشمان لێ ئەوە نەكردووە، وێڕای ئەوەی كە ئەمساڵ دابین كراوە بۆ شەهیدان بۆ چارەسەر كردنی نەخۆشیەكانی شێرپەنجە، من بەش بەحاڵی خۆم پێشنیار دەكەم ئەگەر ساڵانی داهاتوو ئەم ڕێژەیە بڕدرا بخرێتە خزمەتی ئەم سندووقەوە، لەبەرئەوەی ژمارە و ڕێژەی ئەو كەسانەی كە تووشی نەخۆشیە قورسەكان و نەخۆشی شێرپەنجە بوون ڕۆژانە لە بەرزبوونەوە دایە و بە پێی ئەو داتایانەی كەوا هەن تەنها لە پارێزگای سلێمانی و سنووری دەوروبەری 5 هەزار كەس هەیە، یەعنی بە حەقیقەت ئەمە ڕێژەیەكی زۆر زۆرە و پێویستی بە كولفەیەكی زۆرە، كێشەیەكی زۆر سەرەكی ئەوانیش ئەوەیە چارەسەرەكان گرانن و بە ئاسانی دەست ناكەون و پێویستی بە ڕێژەیەكی زۆر لە پارە هەیە، بۆیە ئەگەر ڕێژەی 10٪ ەكەش لە مووچەی پلە تایبەتەكان لە ساڵانی داهاتوو بخرێتە خزمەتی ئەم سندووقەوە وابزانم هاوكاریەكی باش دەبێ بۆ خزمەتی سەندووقەكە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، سەبارەت بە سەپاندنی رسومات، نازانم ڕێژەی 5٪ بۆ ئەو كەلوپەلانەی كە زیان بە تەندروستی دەگەیەنن و بەس ئەندامانی پەرلەمان ئەڵێم كارگەكان و پاڵاوگەكان و ئۆتۆمبیل و یەعنی نازانم شیاوی ئەوەیە 5٪ی لێ ببڕدرێ؟ یەعنی بە جیاوازی و بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی كە زیان بە تەندروستی ئینسان و كۆمەڵگا دەگەیەنن و ژینگەی كوردستان پیس دەكەن، بۆیە پێویستە ڕێژەكە بەرز بكرێتەوە، بە پێچەوانەی لیژنەی یاساییەوە كە دەڵێ با جگەرەكێشان لابرێ و من دەڵێم با لانەبرێ، لەبەرئەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەكێشان هەیە و هەتا ئێستاش نەچووەتە بواری جێ بەجێ كردنەوە، لە نێو خودی پەرلەمانیش دا نایشارمەوە تەشهیری ئەم یاسایە دەكرێ و لەنێو

ژووری پەرلەمانتاران، ئیتر من چ گلەییەك لە هاووڵاتی لە خەڵك بکەم کە پێی بڵێم جگەرە مەکێشە لە شوێنی گشتی، بۆیە ڕێژەکە با زیاد بکرێ هەم 5٪ و هەم ئەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان، لەبەرئەوە هەموو لایەك پابەند بن پێوەی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی دەکەم، بەڵام هەندێ ئیقتراحیشم هەیە لە ئەوەڵەن و دووەم ئەگەر بکرێ بە یەك مادده وابزانم هەردووکی یەك مەسدەرە، هەردوو مەسدەرەکە حکومەتە، ئەگەر مینەح و موخەسەسات بکرێ بە یەك شت شتێکی چاکە، دوو/ لە (ثامنا) (التبرعات والاعانات) شەرت نیە هەر ماددی بێ، ئیحتماله مونەزەمەیەك جیهازێ بدات، لەبەرئەوە ئەگەر بکرێ بە (المادیە و العینیە) شتێکی باشە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم کە نیسبەی هی یەکەم، هی مەوادی زارە بۆ سحە وەکو تەوازونێك بێ کە ئەوانەی کە هەموو 50٪ و 25٪ لەو غەرامانەی کە کراوە، یەعنی خێرە 5٪ بۆ ئەم شتە خراپانەی کە خۆی نەفسی سەبەبە بۆ ئەو نەخۆشیە 5٪ دانراوە؟ دووەم/ مکافحەی تەدخین کە لێرەدا 50٪ دانراوە بەڕاستی وا بە باشی دەزانم ئیزافەی ئەو مۆڵانە یان ئەو شوێنانەی کە جێگای نێرگەلە دادەنێ و بۆ خواردنەوەی نێرگەلە لەوێشدا نیسبەیەك لەوانە بۆی ئیزافە بکرێ، بۆ ئەو شوێنانەی کە بووەتە سەبەب لەباتی ئەوەی یاسای جگەرەکێشان تەتبیق بکرێ دەبینین نێرگەلەی بۆ زیاد کراوە، بوونی نێرگەلە و دانانی ماددەی موخەدر لە لەناوی و دانانی ئەو هەوا خراپە کە دەبێتە سەبەبێك دیسانەوە بۆ ئەو نەخۆشیە نیسبەتێکی بۆ دابندرێ و ئیزافە بکرێ لەگەڵ هی تەدخینەکە کە لێرەدا دانراوە، دووەم/ پرسیارم لەوەیە ئەو تەبەروعات و هیباتانەی کە دەڵێ لەناوەوەو لە دەرەوە، هەروەکو د.بشیر فەرمووی چۆن ئێمە واله خەڵك بکەین بە متمانەیەکی باشەوە کە لە وڵاتێکی موسوڵمانی وەکو کوردستانەوە و بە تایبەتی هەولێر دەوڵەمەندێکی زۆر لەناو ئەو وڵاتە هەیە کە زەکاتەکانی خۆیان لە جیاتی ئەوەی لەناو زەرف دا نەیزانن بیدەن بە کێ، ئەم شوێنە زۆر شوێنێکی باشە بۆ دانانی زەکات و پارەی خۆیان کە بە ڕێك و پێکی سەرف بکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە زۆر پێویستیانە، لەبەرئەوە دانانی ئالیەتێك بۆ ئەو تەبەروعاتە لەگەڵ دانانی لەناویا و زۆر شتێکی باشە، سێیەم/ دەرپرسم چیە نەشاتاتی سەندوق؟، حەز دەکەم وەڵامم بدەنەوە یان لە لیژنەکە یان

جەنابی وەزیر، دەڵێ (ريع النشاطات الذى يقوم بها الصندوق) ئایا كۆنسێرت دەكات بە خەیری، ئایا چ ئەفعالێك دەكات ئەو سەندوقە دوا ڕۆژ كە بیكات بە خێر و بیدات بە ئەمان؟، یەعنی حەز دەكەم نەشاتاتەكان دیار بن، هەروا قسەیەك بۆ دیباجە دانراوە ئەگەر نا شتێك بێ خراپ نیە تۆ هەر نەشاتێك و پارەیەكی حەڵاڵی تیا هەبێ و تۆ بیكەی بۆ ئەم بەشە شتێكی باشە، كەم كردنەوە نەبێ و لادانی هیچ لایەك لەو غەرامانە من تەئید ناكەم، لەگەڵ بەشی یاسایی نیم كە بدرێت بە دادوەری یان بەوانە، چونكە ئەم شوێنە باشترین جێگایە كە ئێمە ئەو نیسبانەی كە فەرز كراوە لەسەری ئیستفادەی لێ بكرێ بۆ ئەم نەخۆشیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 4 ماددەیەكی زۆر گرنگە و وەكو بناغەیەكە بۆ ئەو سەندووقە، دەتوانین لەڕێگای ئەو ماددەیەوە پارەیەك كۆبكەینەوە بۆ چارەسەر كردنی نەخۆشی شێرپەنجە، لیژنەی یاسایی داوا دەكات كە ڕێژەی 5٪ی ئەو رسوماتانەی كە دانراوە دەدرێت بە ژینگە بە یاسا هەیە، ڕاستە بەڵام ئەمە داوای هەمموومان نەكردووە، داوای بەشێكمان كردووە 5٪، چونكە ژینگەش هەر بەشێكە لە تەندروستی و لەیەك جیا ناكرێنەوە، ئەگەر بدرێت بەو سەندووقە زۆر سوودی لێ وەردەگرین، چونكە وەكو بەڕێز ئەڤین خان باسی كرد ئەنجومەنی ژینگە چالاكیەكانی هیچ نیە، داوای لێ دەكەی چیتان كردووە و چالاكیتان چیە؟، دەڵێ بودجەمان كەمە، خۆی وەزارەتی تەندروستی هەر بودجەی كەمە، ئەگەر هاتو وەزارەتی تەندروستی ئەو سەندووقە یارمەتی بدات بەشی ئەوە ناكات تەنیا ئەگەر ئەمە داهات لەولاو لەولا كۆنەكەینەوە و دەوڵەمەندی بكەین، بۆیە دەڵێم 5٪ ئەو رسوماتانەی لە كەلوپەل و بەروبوومی زیاتر لە تەندروستی كەوەردەگیرێن بە تایبەتی تووتن و ئۆتۆمبیل و كارگە و پاڵاوگە و نووسراوە جگەرەكێشان، ئەوە زۆر غەڵەتە، چونكە دەبی بڵێی جگەرەكێشان لە شوێنی قەدەغەكراو، خۆ ناتوانی باج لە یەكێك وەربگری كە لەسەر جادە جگەرە دەكێشێ، ناتوانی ڕێگای لێ بگری و پارەی لێ بستێنی یان باجی لێ وەربگری، بۆیە دەبێ بنووسی جگەرە كێشان لە شوێنی قەدەغە كراو، شوێنی داخراو، هەروەها داواكارم باج دابنێین لەسەر ئەوانەی كە جگەرە دەفرۆشن، چونكە منداڵ هەیە جگەرە دەفرۆشێ، ئەوە زۆر قەدەغەیە، دوایش جگەرەكە زۆر بە هەرزان دەفرۆشن، ئەگەر هاتو ئێمە باجمان دانا لەسەر ئەوانە ئەوسا دەتوانین لێیان وەربگرین و بیگەڕێنینەوە بۆ سندوقی هاوكاری شێرپەنجە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

لە ڕاستی قسە کردن لەسەر ئەو ماددەیە، قسە کردنە لەسەر بە عەمەلی کردنی سەندوقەکە، ئێمە چەند تەرکیز لەسەر ئەو ماددەیە بکەین، ئەوەندە ئەتوانین زەمانەتی ئەوەبکەین کە ئەو سەندوقە فیعلەن ئەبێتە سندوقێکی حەقیقی و فیعلی بۆ هاوکاری کردنی نەخۆشی شێرپەنجەو نەخۆشیەکانی تر، بەپێی ئەوەی کە دواتر لە دەنگدان لەسەری ڕێك ئەکەوین هی چی بێ، لەبەر ئەوە گرنگە سەرچاوەکانی داهاتی ئەم سندوقە سەرچاوەیەکی ڕۆشن بن، سەرچاوەیەکی وازح بن، سەرچاوەیەکی حەقیقی بن، سەرچاوەیەك نەبێ کە لە دواتر وەکو ئەوە بێ چاوبەستمان لە وەزارەتی سەحە کردبێ، لە نەتیجە دەربکەوێ کە ئەمە هیچ شتێك نامێنێتەوە بۆ وەزارەتی سەحە کە لەو سندوقە دایبنێ، بۆیە ئەوەی یەکەمی ماددەکە کە ئەڵێ ئەو مینحەیەی کەئیقلیم بۆ دەعمی بابڵێین حکومەتی ئیقلیم بۆ دەعمی سندوقەکە ئەیدات، کەواتە سیفەتێکی هینی نیە، ئیجباری نیە، وجوبی نیە، ئیختیاریە ئەکرێ دەعم بکرێ و ئەکرێ دەعمیش نەکرێ، بۆیە گرنگە ئەو سندوقە موعامەلەی زۆر لە سندوقەکانی تری لەگەڵ بکرێ، بەنموونە، موعامەلەی ئەوەی لەگەڵ بکرێ کە چۆن ئێمە ساڵانە پارەیەك تەرخان ئەکەین بۆ خوێندنی باڵا، پارەیەك تەرخان ئەکەین بۆ سندوقە دیاریکراوەکان، بۆ پەروەردە، بۆ دەعمی زراعە، ئەم دەعمانە وجوبی بێ کە لەمیزانیەی حکومەت پارەیەك بۆ ئەم سندوقە دابندرێت، ئەوەی تر کە موستەحاقاتی بابڵێین سندوقەکە لەتەخسیساتی وەزارەت، ئێمە پێشتر ئیقرارمان کردووە لەسەر ئەوە، بڕیارمان داوە کە وەزارەتی سەحە داهاتەکەی بۆخۆی بێت، لێرەش قسەیەك هەیە، بابڵێین ڕەئیەك هەیە ئەگەر دواتر دەنگ بێنێ، کە بەتەنیا بۆ شێرپەنجە بێ، ئەگەر بە تەنیا بۆ شێرپەنجەبێ، جارێکی تر تەخسیساتی وەزارەتی سەحەی بخەیتەسەر، وەزارەت کۆمەڵێك نەخۆشی تری هەیە کە لەو تەخسیساتانەی پێویستی بەوە هەیە هاوکارییان بکات، یەعنی لەمە هەم بەشی نەخۆشیەکانی ترمان لەم سندوقە نەهێشت، هەم لە تەخسیساتی وەزارەتی سەحەش ئێمە بەشێك لە هاوکاری نەخۆشیەکانی ترمان هێنایەوە ناو ئەم سندوقە، کە ئەمە ئەبێ بەدووجار نەهەقی کردن بەرامبەر بە نەخۆشیەکانی تر، دەست گرتنی وەزارەتی سەحەش کە بتوانێ نەدەعمی ئەمە بە تەواوەتی بکات و نە دەعمی نەخۆشیەکانی تریش و لەگەڵ پێویستیەکانی تری وەزارەتیش بە تەواوەتی بکات، بۆیە ئەوە بۆخۆی ئاواهی بمێنێتەوە کێشەیەك نیە، داهاتی ڕەئیسی ئەبێ داهاتێك بێ لە بودجە دیاری کرێ، نەوەك لە تەخسیساتی وەزارەت خۆی، سەبارەت بە غەراماتەکان من مەبدەئیەن پشتیوانی ڕەئیەکەی لیژنەی دارایی ئەکەم بۆ زیاد کردنی نیسبەتەکان، بەڵام بە هەندێ تێبینیەوە وەکو هەندێ لە هاوکارانم باسیان کرد، ئەوەی کە باسی بابڵێین چوارەم، 50٪ی داناوە بۆ موکافەحەی تەدخین، ڕاستە وەکو قسەکەی جەنابی جێگر وتی، ئەمە بۆ ئەوەیە کە زەمانەت بکرێ کە تەفعیل بکرێ ئەو غەراماتانە، ئەمە زەمانەتێك نیە، چونکە لە ئەساس ڕەنگە هەتاوەکو ئێستا لە داهاتی حکومەت یەك دینار بۆ ئەو غەراماتە

وجودی نەبێ، ڕەنگە لە چەند ساڵی داهاتووش هەر وجودی نەبێ، ئێمە کە ئەبێ بەوەی کۆمەڵێك غەراماتمان ڕیز کردووە، بەڵام بە عەمەلی هیچی وجودی نیە، بۆیە بەڕای من ئەوە هەر لابرێ لە ئەساس، چونکە لە ئێستا هیچ ئیزافەیەکی نیە، بە ئیزافەی ئەو غەراماتانەی هەندێ لە هاوکارانم باسیان کرد ئیزافە بکرێ، من پێشنیاز دەکەم غەرامەیەکی تر ئیزافە بکرێ، چونکە پێویستە ئێمە غەراماتە پڕ داهاتەکان ئیزافە بکەین، ئەمانە هەقیقین و لە هەرێمی کوردستان ئەزانین داهاتی هەیە، ئەویش غەراماتی مروریە کە غەراماتێکی زۆرە، داهاتێکی زۆری هەیە، داهاتێکی حەقیقی هەیە لە 40٪ی ئەو داهاتە من پێشنیار دەکەم بۆ ئەو سندوقە تەرخان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە برادەران زۆر لەسەر ئەو مەوزعانە قسەیان کرد، وەکو تەئکید کرایەوە کە ئەم ماددەیە بەڕاستی یاسایەکە پێك دێت لەم ماددەیە، ئەم ماددەیە سەرچاوەکان دیار نیە، ئێمە ناتوانین بەو خاڵانەی کە ڕیزمان کردووە داهاتێك وەدەست بێنین بۆ ئەم سندوقە بەڕاستی، یەعنی ڕەنگە ئەمە دوایی خەڵك تووشی ئیشکالیەت ببێ بە تایبەتی سەحە تووشی ئیشکالیەت ببێ، بۆیە پشتیوانی ئەو ڕایە ئەکەم وەکو پەرلەمان ئەبێ ئەو ئیلتیزامیە لەسەر خۆمان دروست بکەین، لەو دەقەیەی ئەم یاسایە دەرئەکەین، کە ساڵانە داهاتێك تەخسیس بکەین بۆ ئەم سندوقە، ئەم سندوقە پێویستی بە دەعمی مالی هەیە، بەمەی کە کرا وەکو مەسەلەن برادەران باسیان کرد، غەراماتی موکافەحەی جگەرە کێشان تەحەدا ئەکەم تاوەکو ئێستا یەك دینار نیە، ئێمە ناتوانین بەمە دەعمی ئەم سندوقە بکەین، بۆیە پێویستە ئێمە لە یاسای بودجە ئیلتیزامێك لەسەر خۆمان دروست بکەین، بەوەی کە دەعمی ئەو سندوقە بکەین، پشتیوانی تەواوی ئەو ڕایە ئەکەم کە مەسەلەن غەراماتی مروریمان هەیە ئێمە، غەراماتی مروری سەلاحیەت لای وەزارەتی داخلیە بۆ سەرف کردنی داهاتێکی زۆری هەیە، من پشتیوانی ئەو ڕایە ئەکەم کە لە 40٪ی ئەم غەراماتە بخرێتە ئەو سندوقەوە، پارەیەکی زۆر ئەکات ئەتوانێ دەعمی زۆر بەم سندوقە بکات، تاوەکو ئێمە لەکاتی بودجە ئەتوانین پشتیوانی تر بۆ ئەم سندقە بدۆزینەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە، (اولاً: ماتمنح حکومة الاقلیم منح ودعم الصندوق سنویاً)ئەگەر ڕێژەیەك دیاری بکرێ باشە، وەکو ئەوەی بۆ سندوقی خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ساڵانە لە بودجە تەرخان

دەكرێ لە وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی چەند سندوقی تر كە هاوكارم پەیمان خان باسی كرد، بەنیسبەت (ثانیاً: مستحقات الصندوق لتخصیصات وزارة الصحة) هەقە وەزارەتی سەحە ئیعفا بكەین، لەبەر ئەوەی وەك هاوكارانم باسیان كرد نەخۆشی تر زۆر هەیە، پێویستی بە داو دەرمان ودروست كردنی بینا و ئەوانە هەیە، وەزارەتی سەحە ئەگەر ئیعفا بكرێ لەبەر ئەوەی ئەو سندوقە دادەمەزرێنین، بۆ هاوكاری كردنی وەزارەتی تەندروستیە، هاوكاری كردنی ئەو سندوقەیە بۆ ئەو نەخۆشیانە، واتە ئەگەر (ثانیاً) وەزارەتی سەحەی لێی ئیعفا بكرێ پێم باشە، بەنیسبەت لە 5٪ رسومات، هاوڕام لەگەڵ لیژنەی دارایی، ناڵێم لە 60٪ ئەوە دەوەستێتە سەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام لە 5٪ زۆر زۆر كەمە، ئەگەر زیاد بكرێ باشە، بەنیسبەت ئەوەی هاوكارانم پەیمان خان و كاك سەرهەنگ باسیان كرد، غەراماتی مروری گەلەك زۆرە، یەعنی یەكجار زۆرە حیسباب ناكرێ، یەك غەرامەی بەسیتتان بۆ بڵێم، ئەگەر سورعەتی سەیارە بڕیار بێ لە 60 بڕوات، كە سائێقەكە لە 70 ڕۆیی 60 هەزار دینار غەرامەیە، ئەگەر لە 90 ڕۆیی، 80 هەزاری غەرامەیە، ئەگەر لە 100 ڕۆیشت دووقاتی غەرامەیە، واتە ڕۆژانە حیساب بكە سورعەتی ئەو سەیارانەی ئەوەندە سەریعن و كامیرەكان دانراوە لەسەر جادەكان، غەرامەیەكی یەكجار زۆر لە هاووڵاتیان وەردەگرن، ئەگەر لە 40٪بێ یان 50٪ بێ، ئەو غەراماتی مرورییە بدرێتە ئەو سندوقە پێم باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سەمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سەمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە زیاتر پەیوەندی بە دارایی هەیە، مادام پەیوەندی بە دارایی هەیە جێگای لێرە نابێتەوە، پێویست بوو لە ئەحكامی كۆتایی بهاتبایە، زۆربەی هاوكارانیشم دەڵێن لە بودجە هەندێك دابین بكرێ، ئەمە لە ماددەی (6) بڕگەی (2) هاتووە، پێویستی نەدەكرد ئەو برادەرانە هەمووی دووبارە بكەنەوە ئەم قسەیە، سێیەمیش كە باسی دەكەین دەڵێین خێرخوازان بگرێتەوە، وەزارەتی ئەوقاف پارەكە ملیارێك تەقریبەن بۆی هاتبوو زەكات و سەرفترەو ئەو شتانە، پێویستە وەزارەتی ئەوقاف بەشێكی زۆری لەم سندوقە دابنێ، هەروەها برایانی مەسیحی لە كەنیسە زۆر دەوڵەمەندن ئەمانیش پارەیەكی باشیان هەیە (رجال الدین) ئەوانیش بەشداری بكەن لەم سندوقەدا، هەروەها 10٪ی ئەندامانی پەرلەمان هەموو بڕا، پێویستە زیاتر پەرەی پێ بدرێت، بچەسپێت و بچێتە ناو ئەو سەندوقە، باسی ئەوەش بكەین ئەو سندوقە با لە ئەماكینی عامە دابندرێت، وەكو مەتار و جێگایەكانی گشتی، چونكە ئەوە مونەزەمەیەكی خەیریە، هەموو خەڵكێك پێویستە پارەی بدات و هاوكاری بكات، ئەگەر ئێستاش كەم بێ هاوكاریەكە كەم بێ، بەڵام ڕۆژێك دادێ ئەم هاوكاریە زیاد دەبێ و دەچەسپێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئیقتیراحی لیژنەی دارایی دەکەم، کە غەرامەکە زیاد بکرێ، لەو 80%ە هەمووش بدرێتە جەمعیەی سەرەتان، تەئیدی بەڕێز وەزیری تەندروستیش دەکەم، کە تەئیدی ئیقتیراحەکەی کرد، سەبەبیشم هەیە بۆ ئەوە دەڵێم لۆ؟، ئەگەر بە نیسبەت ئەوەی تەماشا بکەین ئیحسائیاتی سەرەتان لە ساڵی 2008 لە ژێر بەندی (کانسەر ستاتیستیك) 12ملیۆن پۆینت حەوت کەس هەیە لە عالەم تووشی سەرەتان بووە، لەوانە شەش پۆینت شەشی پیاوە، شەش ملیۆنی ژنە، یەك پۆینتەکە نازانم کێیە، زۆریش تەفسیرم بۆ دێتەوە بەسەراحەت نەمزانی کێیە، مەگەر بەڕێز وەزیری تەندروستی فکرەکی هەبێ جوابم بداتەوە، بۆیە زۆر زۆر موهیمە ئێمە بتوانین تەئکید لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەو غەرامە دەبێ زیاد بکرێ و بدرێتە سەرەتان، بەنیسبەت بڕگەی (8) ئەو بڕگەی (8) مەفروزە بەتەنێ بۆخۆی ماددەیەك بێ، چونکە ئێمە هەروەکو جەنابی د.حسن باسی کرد، بزەبت هەدەفەکەی لەو سندوقەی پیشاندا، تۆ هەدەفی روحی قانونی پیشان دەدەی، روحی ئەو قانونەش ئەو ماددەیە، ماددەی (8) ئەگەر بکرێ بڕگەی (8) بکرێ بە ماددەیەکی جیاواز، میکانیزمێکی موعەیەنی بۆ دابڕێژرێت، ئەوەش کە لە ئینتەرنێت سێرچم لەسەری کرد بەسەراحەت، (ئەمەریکان کانسەر فەند) هەیە بە حروفی ئەبجەدی(e.d.c.d.e)هەموو جەدوەلی کردۆتەوە، کە حەرفی (a) لێ دەدەی مەسەلەن بلێی کاك ئەرسەلان یان ئاهەنگ، ئەمن خۆم پیشان دەدەم کە من دەمەوێ چ بکەم، لە چ گوندەکی، چ میمۆریەکەم هەیە لەگەڵ سەرەتان، چ دەمەوێ بەخش بکەم، خۆم دەبمە موراقیبی ئەو فەقەرەیەی کە بۆخۆم دەمەوێ بیدەم، لەو کاتە ئیتیهامی هیچ جیهەتێك ناکەم کە پارەکەم بە هەدەر چووە، بۆیە ئەو فەقەرەیە بە ڕەئی من ڕوحی ماددەکەیە، بۆ ئەوەی ببێتە روحی ماددەکە بۆ ئەوەی ئەو سندوقەی تەفعیل بکەین، دەبێ ئەوە ببێتە ماددەیەکی بە تەنێ میکانیزمی نوێی بۆ دابنێین لە ئیحسائیاتی دیسان ( کانسەر ستاتیستیك) دەڵێ تەخمین دەکرێ بۆ 2030 زەحایە بگاتە 21 ملیۆن، ئینشائەڵلا ناگاتە 21 ملیۆن، بەلاّم ئێمە هەروەکو تۆزو بایەکەی کە لە جنوب دێت بۆمان، نیسبەتەکەی کە دێتە کوردستانیش لە ئێستاوە ئەگەر ئەو سندوقە تەفعیل بکرێ، علی اقل دەتوانین ئەمەلەکی بدەین و پێش لەو نەخۆشیە بگرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش من وترا کە ئەساسی جێبەجێ کردنی هەموو ئەو ئاواتانەی لێرە باسمان کرد، هاوسۆزی لەگەڵ ئەو نەخۆشانەی سەرەتان لەو ماددەیە، رەجائەن تۆزێك سینگتان فراوان بێ، بزانن ئەو بەلگەیە کە من دوێنێ وتم ئەم یاسایە پێویستە ڕەت بکرێتەوە، 5% لە کەل و پەلی زیان بەخش بە تەندروستی نازانم ئۆتۆمبێل

زیان بەخشە بەتەندروستی، خودی ئۆتۆمبێل یان ئەبێتە ئەگەری بەرهەم هێنانی شتێك، پالأوگەو كارگە زیان بەخشن، جارێ ئێمە كەی زەریبە وەرئەگرین لەسەر تووتن، لە زەمانی باوكم و باپیرم هەبوو، بەس ئێستا نازانم تووتن ئەسلەن ماوە لە كوردستان تاوەكو زەریبەی لەسەر وەربگرین؟، تاوەكو 5٪ی وەربگرین، ئاخر دەبێ بیر بكەینەوە ئەو ئاواتە جوانەو ئومێدەی كە دامان ناوە، ئایا بەمە جێبەجێ ئەكرێت یان نا؟، ئەمەوێ ئەمە موناقەشە بكەین، جوانە وەڵلاً بیكەنە 95٪، تووتن، ئۆتۆمبێل، قسە بكەین ئۆتۆمبێل چۆن دێتە كوردستان و بەچ شێوە، كوا ئەو كارگانە؟، ئەوە یەك، دوو، ئەرێ خوشكم تۆ بۆخۆت نیو سەعات قسەت كرد، من قسەم نەكرد، وتم تەحەمولم بكەن، رەئیەكەم موخالفە، بەلأم ئەمەوێ ئێوەش لەگەڵ من بیر بكەنەوە، ئەو غەرامەی جگەرەكێشان توخوا لای بدەن، رەجاتان لێ ئەكەم لای بدەن، با لە تەئریخ لەسەر ئێمە حیساب نەبێ گاڵتە بەخۆمان دەكەین، داوای لێبوردنتان لێ دەكەم، خۆتان وتتان ئەم پارەیە وەرناگیرێ، یەعنی بۆ ئەو نەخۆشە ئومێدی بە پارەیەك نیە، ئەو غەراماتانەی بە یاساكانی كارپێكراو وەرئەگیرێن، هەر یەكێك بەپێی یاساكانی ئێمە دەرمان كردووە، هی ناوخۆ بۆخۆیانە، هی شارەوانی بۆخۆیانە، هی نازانم كارەبا بۆخۆیانە، ئەوەش هۆیەكی هەیە، یەعنی غەرامەی مرورو لەبەر هەتاو دانیشتووە پێی ئەڵێی وەڵلاً پارەكەت نادەینێ، خۆ ئەوە حەوافزە، ئەوانەی دونیایان دیتوە ئەزانن ئەسلەن ئەوەی غەرامەی مرورو ئێستا پێش كەوتووە، چونكە حەوافز هەیە بۆ ئەو، با لە مەصادری مەعقول وەربگرین، بەپێی یاسای چاودێری تەندروستی د.ڕۆژان باسی كرد، ئەوەی ئەچێتە مەحكەمە ئەچێتە مەحكەمە، هی ئەوانە ناتوانی لێی وەربگری، دەبێ سێ، چوار یاسا بگۆڕی، كۆمەك و دیاریی ناوخۆ تەسەوڕ دەكەم هەموو ئەوانەی كە باس كرا پێویست نیە چونكە كۆمەكە، باشە بۆ بەخشین نەبێ لە لایەن حكومەت، من تێناگەم ئێمە هەتاوەكو كەی ئێمە بە ئەوە ئیش دەكەین، حكومەت میزانیەیەكی تەرخان نەكرد بۆی، بۆ ئەو بەشە مافەی صندوق، واتە رەجاتان لێ دەكەم حەز بكەن با ماددەكانی تر چەندتان ئەوێ با داڕشتنی بكەین، لە نیهایەتەوە سندوقێكی بەتاڵ لەوێیە، بیر لە چارەسەری بكەن، مادام هەر یاسایەكە دەرئەكەن، ئیقتیراحم هەیە بۆ لیژنەی دارایی تكایە هاوكارم بن لەگەڵ لیژنەی یاسایی، ئێمە ئەم ماددەیە ئەڵێین بە زووترین كات ماوەیەكیشی بۆ دابنێین، ئەو ئەنجومەنەی داتان ناوە بۆی لە ڕووی تەندروستی خۆی و لە ڕووی ئیداری و ماددی و كەل و پەلەوە پێشكەش ئەكات، میزانیەیەكی تەخمینی هی دەست پێ كردن و بەڕێوەبردن، پێشكەش دەكات ئینجا لەڕێگەی سەرۆكی ئەوەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بكرێت، و بخرێتە ناو میزانیەی ساڵانە ئەمە حەلەكەیە، تاوەكو بتەوێ زەمانی داهات بكەی ئەمەیە حەل، بەلأم لەسەر ئەم داهاتە گرێنتی نادەمێ، سێ ساڵی تر دوو فلسی تێدانابێ، بەلأم ئێمە چەند كەسمان تەعین كردووە، چەند موەزەفی پلە تایبەتمان داناوە، ئیفادیان دەبێ لەهەر كۆبوونەوەیەك، سەیارەیان بۆ دەكڕین و....الخ، بار گرانیەكە بۆ ئەوەی سوودی هەبێ، ئەوها ناتوانین نەخۆشخانە خزمەت بە نەخۆشەكانی شێرپەنجە بكات، نیوەتان هاتوونەتە تازیەی من ئەو ماوەی پێش من دوو عەزیز ترین

**کەسم لەدەست دا، لەبەر شێرپەنجە، من ئەزانم شێرپەنجە چەند ناخۆشە پێی ناوێت هەڵسین موحازەرە بخوێنین، بەلاَم چی بکەین بۆیان، بەدەقێ کە هیچ بە دەست ناهێنی، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك قادر فەرمووو.**

**بەڕێز قادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ بەشێك لە قسەکانی کاك عبدالسلام هاوڕام، ئەگەر قەرار بێ دژایەتی نەخۆشی شێرپەنجە بکەین، هەوڵ بدەین داهاتی بۆ کۆ بکەینەوە، پێویستە ئەو سندوقە سندوقێکی دەوڵەمەند بێ، چونکە ڕێژەی نەخۆش بوونی شێرپەنجە بەردەوام لە زیادبوون دایە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، وەك بەشێك لە هاوکارانم پێشتر مولاحەزەکانم نووسیوە، هی ئەوان نیە، یان سالأنە لە بودجەی گشتی ڕێژەیەك پارە دابندرێت کە بتوانێ ئەو سندوقە بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی شێرپەنجە لە ڕووی ماددیەوە مسۆگەر بکات، یاخود هەموو ئەو رسوماتانەی لە خاڵە سنووریەکان دێت، لە داهاتوو لە چوونە دەرەوەی کەل و پەل لە کوردستان دا، بەرێژەی لە$2$٪ لە $5$٪ بچێتە ئەو سندوقەوە، تابتوانێ ڕووبەڕووی نەخۆشی شێرپەنجەو دابین کردنی پێداویستی نەخۆشەکان بێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عمر هەورامی.**

**بەڕێز عمر صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەبەر ئەوەی باسی پارە دەکەین، یەکسەر ئەبێ حیساب بۆ تەخسیس و تەقدیر و تەنفیز بکەین، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە سندوقەکەوە، ئێمە بۆ ئێستاو بۆ سالأنی داهاتووش بزەبت نازانین تەقدیری ئێمە چەندە بۆ ئەم نەخۆشیە، یەعنی ئەو کەسانەی کەتووشی ئەبن، یەعنی ئەو مەسرەفەو ئەو عیلاجەی کە ئەبێ بۆ نەخۆشەکان چەندی تێدەچێت؟، بۆیە لە ئێستاوە تەحدید کردنی ئەو برِانە بەو شێوەیەی کە لەماددەکە هاتووە، دەستی سندوقەکە ئەبەستێ و دەستی حکومەتیش ئەبەستێ لە جێبەجێ کردنی، بۆیە من پێشنیاری ئیعادەی سیاغەی ماددەکە دەکەم، بەم شێوەیەی خوارەوە، بەشێوازێك کە گشت گیربێ و جێبەجێ کردنەکەی بۆ حکومەت بەجێ بهێڵین، ئەگەر ئێمە مەبەستمان بێ، دەروازەو سەرچاوەی زۆر بۆ ئەم سندوقە دەستەبەر بکەین، لەوەی کە ڕێژەی ئەوە زەریبەو ئەو رسوماتانەی کە هەن بەرزی بکەینەوە، دواتر لە ڕێگەی لیژنە مەعنیەکانمان لەگەڵ حکومەت و لەلایەنی ئەو جیهەتانەی کە ئیدارەی ئەم سندوقە دەکرێت، کە بەشێکی زۆریان لە وەزارەتی تەندروستین و نوێنەری وەزارەتی دارایشی تێدایە، دەتوانین لەوێوە لەگەڵ ئەوان قسە بکەین، بەوەی کە ڕێژەی ئەو رسومات و زەریبانە لەوێ زیاد بکەین، چونکە ئیمکانە ئێمە لێرە ئێستا بڵێین لە $50$٪ ئیمکانە لە ئێستا خواستی ئەم سندوقە بەس بێت، بەلاَم بۆ پێنج**

ساڵی تر، بۆ سێ ساڵی تر ئیمکانه بڕی ئەو تەخسیسەی کە ئێمە دایدەنێین بەش نەکات یان زیاتر بێت، بۆیە ئیشکال بۆ سندوقەکەو بۆ حکومەتیش دروست دەکەین، پێشنیارەکەی من موحەدەد ئەوەیە، سەرچاوەکانی داهاتی ئەم سندوقە ببێت بە (مستحقات الصندوق من تخصیصات وزارة الصحة) بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئێمە لە بیدایەتەوە لە ماددەی یەکەم دەڵێین ئەم سندوقە سەر بە گرێدراوی وەزارەتی سەحەیە، ساڵانە کە وەزارەتی سەحە، وەزارەتی تەندروستی تەخسیساتی خۆی بۆ موازەنەی خۆی بۆ پێشکەش بە حکومەت دەکات، لەوێ ئاماژەی پێ دەکات، دەڵێ من بۆ ئەم ساڵەی داهاتوو پێویستم بە ئەوەندە پارە هەیە، بۆیە ئەمە یەکێك لە سەرچاوەکانی داهاتە، ئەوەی دووەمیان کە پەیوەندیدارە بەچی، (ماتمنح الحكومة من نحو اعانات لدعم الصندوق) بۆ؟، ئێمە ئەگەر بەو شێوە گشتگیریە بیهێنین خۆ هەموو ئەو بڕە پارانەی کە دواتر هێناومانە (ایرادات من فرض الرسومات الاتیة) خۆ هەموو ئەو پارانە لە لایەن حکومەتەوە دەدرێت، مەگەر رسومات و زەرائب و هەموو ئەو پارانە حکومەت نایدات، بۆیە بەشێوەیەکی گشتگیر تەنها بەو بڕگەیە بیهێنە، کە حکومەت دەیدات بەو سندوقە، پاش ئەوە، ئێمە وەکو پەرلەمانتاران و حکومەتیش چی پێویست بوو ئەتوانین بەوەوە موناقەشە لە ڕێگەی تەعلیماتەوە بۆی دەستەبەر بکەین، خاڵی سێیەم، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بەکۆمەك و بەخشینی شەخس و لایەنەکان، چ ئەوانەی کە لەناو هەرێمی کوردستانن، یان ئەوانەی کە لە دەرەوەی کوردستان دەبێ، بەو شێوەی کەهاتووە، پشتگیری دەکەم کە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، چوارەمیان، (ریع النشاطات التي يقوم بها الصندوق) بەم شێوەیە تەسەور دەکەم ئێمە چوارچێوەیەکی ڕێك و پێك دائەنێین، دواتر بۆ تەقدیر کردن و تەخسیس کردن و تەنفیز کردنی ئەو پارەیە، چ بۆ ئەمساڵ و ساڵانی داهاتووش نەکێشە بۆ سندوقەکە دروست دەکەین، ئەگەر پێویستیەکانی زیاتر بوو یان کەمتر بوو، نە کێشەش بۆ حکومەت دروست دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەم ئیراداتەوە کە بۆ ئەم سندوقە تەحدید ئەکرێت، من هاوڕام لەگەڵ ڕەئیەکەی لیژنەی یاسایی بە ئیزافەیەکی ترەوە، ئەم سندوقە زۆر باس لە گرنگیەکەی کرا، نەخۆشیەکەشی زۆر باس کرا کە نەخۆشیەکی خەتەرە، من ناچمەوە سەر ئەو مەوزوعانە، بە واتا ئەم سندوقە پێویستی بە بڕە پارەیەکی زۆر باش هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەرەنگاری ئەو کێشانە بێتەوەو بتوانێ هەدەفەکانی خۆی بهێنێتە دی، ئەگەر هەدەفەکانی خۆی نەهێنێتە دی ئەم سندوقە وجودی نامێنێت، ئەم هەدەفانەش لە بڕەپارەیەك و ئەو نەقدیانەی کە بۆی تەخسیس دەکرێت، جەنابی وەزیر دوێنێ باسی لەوە کرد کە وەزارەتی سەحە ئەو بڕە پارەیەی کە لە میزانیە بۆی دانراوە زۆر کەمە، باسی لەوە کرد کە سەحەی سلێمانی تەجاوزاتی سەرفی هەیە لە حەدەکەی خۆی، بە بڕی دە، دوانزە ملیۆن زیاتریش کە باسی لەسەر کراوە هەروەها هەولێریش،

به واتا ئەم سندوقە ناكرێ لە لایەنی وەزارەتی سەحەوە دەعم بكرێ، دەعمێكی مالی، بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سندوقە بۆ بەردەوام بوونی ئەم سندوقە، ئێستا بە ئیزافەی ئەو فەقەرانەی كە لە یاساكە هەیە، بوترێ (تخصص سنوياً مبلغاً من الميزانيه العامه للصندوق) نابێ تەحدیدی مەبلەغەكەش بكەین، لەبەر ئەوەی میزانیەی سەنەوی ساڵانەی هەرێمی كوردستان مورتەبیتە بە میزانیەی حكومەتی ئیتیحادی، ئەویش لە گۆڕانكاریدایە، ساڵ هەیە كەم دەكات و ساڵ هەیە زیاد دەكات، پێموایە من باقی فەقەرەكانی تری باسی لەسەر كراوە، باس لە رسومی تووتن و كحول و سەیارات دەكات، تووتن و كحول كەنابێ باس لە كحولیش بكرێ، ڕەنگە كحول هەبێ بۆ چاكە بەكاردەهێندرێت، لێرە، قەسدم لێرە مەشروباتی كحولی، ئەمانە ڕەسمی نیە، ئەمانە بەگوێرەی یاسا گومرگیان هەیە، گومرگەكان بە گوێرەی ماددەی 110 لە دەستووری عیراقی، لە زمنی سەلاحیاتی ئیتیحادیە، رەسمی سیاسەی گومرگ، ئیدارەی گومرگ وەك ئاشكراشە كێشەی حكومەتی ئیتیحادی ئەمە ساڵانە تیكرار ئەبێتەوەو بەردەوام دەبێ، لەسەر ئەوەی ئێمە كێشمان لەسەر نوقاتە گومرگیەكان هەیە كە شت دێت و شت ئەڕوات، مەبلەغی گومرگیەكان كە وەرئەگیرێت، ئایا داخلی میزانیەی عامی عیراق دەبێ؟، یان داخل نابێ؟، چەندە؟، چەندی دەبڕن؟، ئایا ئەمە ئەم مەبلەغەی كە لێرە دانراوە ببڕدرێت لەم سێ، چوار ماددەیە؟، لەسەر ئەو بەشە ئەبڕدرێت كە بەر هەرێمی كوردستان دەكەوێت، یاخود لەعامی رسومی گومرگی وەرئەگیرێت، ئایا ئەگەر رسومی عامی گومرگی وەرئەگیرێت، حكومەتی ئیتیحادی موافقە ئەمە ببڕدرێت و ببێتە سندوق لە لای ئێمە، بە واتا ئەم فەقەرەیە عەمەلی نیە، ناكرێت ئەمە دابندرێت بە یەكێك لە مەسدەری تەمویلی ئەم سندوقە، باس لە رەسمەكانی موكافەحەی تەدخین كرا، لە هەیئەی تەحسین و حیمایەی بیئە، باس لەم غەرامانە كراوە كە ئەچێتە چ سندوقێكەوە، هەروەها باس لە 50٪ی غەراماتی ئەو قانونانەی كە لەسەر بیئە تەنفیز ئەكرێت، ئەوەش لەكاتی خۆی باسی لەسەر كراوە، كاتێك بیئە ئەو هەیئەتە ئەو غەراماتە چی لێ ئەكات و چۆنی بەكارئەهێنێت؟، باس لەو غەراماتانە كراوە بە نیسبەتی لە 50٪ مەحاكم وەری ئەگرێت، لە نەتیجەی ئەو ماددە خراپانەو ئەو شتانەی كە زەرەریان هەیە بۆ سەحەت، بەڵام ئایا ئەكرێت ئێمە مەحاكم كە ئێستا تابعە بە دەسەڵاتی دادوەری، دەسەڵاتێكی جیاوازە، یەكێكە لە سێ دەسەڵاتەكەوە، بەپێی ئەم دەسەڵاتی تەشریعیە، ئێمە بەبێ پرس و ڕا لەم دەسەڵاتە برێ لە غەرامەكانیان دابڕ بكەین بۆ ئەم سندوقە، ئەمە پێویستی بە ئامادەبوون و پێویستی بە لێ پرسینەوەو پێویستی بە موناقەشە كردن هەبوو لەگەڵ ئەم جیهەتانە، بەڵام عەمەلی تر وایە ئیرادی ئەم سندوقە ئیكتیفا پێ بدرێت بە تەخسیس كردنی بڕێك لە میزانییەی سانەوی، یەعنی فەرز بكرێت بەسەر حكومەت نەوەك بەسەر وەزارەتی سەحە، دووەم، ئیراداتی رسوم ئەو رسومانەی لەسەر لابرێت، باقی تری فەقەرەكانی تری كە بریتیە لەمینحەو ئیعانات و ئەمانە، ئەمە شتێكی زۆر تەبیعیە، حكومەت مینحە ئەكات، مونەزەمەیەكی خەیری هەیئەی دەداتێ، تەبەروعات دەكات، ئیعانات دەكات، نەشاتاتی هەیە ئەم سندوقە، ئیراداتی هەبێ رەیعی نەشاتەكەی ئەبێ، ئەمە واردە،

بەڵام تەبەقەی ئەو فەقەرانە بەڕەئی من پێویستە لابرێت، حەسر بکرێت لەسەر ئیعانات و هیبات و رەیعی نەشاتات و تەخسیسی لە میزانیەی عام، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی تێبینیتان هەیە؟، وەڵام، نەخێر، ئەگەر تێبینیەکتان هەبێ.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە کە باسی ئیراداتی ئەم سندوقە دەکرێ، وابزانم ئەم بڕگانە هەموو، یەعنی کە باسی ئەم شتانە دەکەن، وەك موسەبیبات بۆ نەخۆشی سەرەتان، دەبێ ئێمە ئیستیفادە لەو غەراماتانە بکەین، چونکە ئەمانە موسەبیباتی ئەم نەخۆشیەن، دەبێ ئێمە لەوی وەربگرین، ئەم نیسبانە، ئەم نیسبانەش ئەگەر بەپێی ڕای لیژنەی دارایی زیاد بکرێ، ئێمەش وادەبینین ئەگەر زیاد بکرێ باشە، ئەو نسبانەی تر مەسەلەن لە خامسا و سابعا، کە لیژنەی یاسایی دەڵێن لابدەین، من دەبینم کە ئەمانە بمێنن، چونکە ئەمانە نیسبەن، نیسبەیەك لەو غەراماتانە، ئێمە هەموو ئەو غەراماتانە وەرناگرین، نسبەك لەوانە دەچێتە ئەم سندوقە، باسی نەشاتاتی سندوق دەکرێت، وابزانم دیارە لە ماددەکانی تری پڕۆژەکە، کە ئەم سەندوقە هەقی ئیستیسمار کردنی ئەوەی هەیە، پارەکە و فەوائید بۆ ئەم سندوقەیە، باسی مینەحی حکومەت و مەنافعی ئیجتیماعی مەسەلەن لە مەجلسی وزەراو وەزارەتەکانی تر، ئێمەش وای بەباش دەبینین ئەگەر نیسبەتێك لەوانە بچنە سەر ئەم سندوقە، چونکە هەدەف لەم قانونەو لەم سندوقە ئەوەیە ئەو پارانەی کە دەدرێن بە نەخۆش، بەشێوەیەکی قانونی ڕێك بخرێن، ئێمەش ئەوە بە باش دەبنین، ئەوەش لێرە زیاد بکرێ لێرە باشە، رابعاً، (قانونی مکافحە التدخین)، من وادەزانم ئەم قانونە کە هەر لەم پەرلەمانە دەرچووە، هیچ قەرارێك نەدراوە لەم پەرلەمانە کە ئەم قانونە ئیلغا بکرێ، یەعنی تائێستا نافزە، ئەگەر نافز نەکرێ، تەنفیز نەکرێ لە جیهاتی مەعنی، ئەوە ئێمە دەبێ بەدواداچوون بکەین و زەخت لەسەر حکومەت بکەین، تاوەکو ئینفاز بکرێ، تەتبیق بکرێ، نەوەك ئێمە لێرە ئیلغای بکەین، ئەو قانونە هەیە، دەبێ ئێمە شتێك بکەین کە ئەوە بمێنێت، بەدواداچوون بکەین و زەخت لەسەر حکومەت بکەین، کە تەنفیز بکرێ و ئیستیفادە لەو قانونە بکرێ، هەر بۆ بەرژەوەندی گشتی هەرێم، باسی تەبەروعات و هیبات، داخلی و خارجی، من وادەزانم ئەمە بەگشتی باس کرایە، باش نیە تەحدید بکەین ئەگەر ئەشخاس یان مونەزەمات، یان لەسەر چ لایەنێك بێت، یان فلان دیانەت بێ، وابزانم هەر کەسێك حوڕە ئەگەر تەبەروعێك بکات، تەحدید نەکرێ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبارەی سەرچاوەکانی تەمویلی ئەم سندوقە، ئەوەندەی لە ماددەی چوار هاتووە، هەرە ئەو چوار مەسدەرەی سەرەکیە، یەکەمیان لە حیسیاباتی مینەحی حکومەتە، کە ئەدرێت بەدەزگاکانی ئەگەر پێویستی پێی بوو، یەعنی سەرو نەفەقاتی خۆی کە ئیراداتی نەبێ بە تەئکید حکومەت دەفعی دەکات وەکو مینحە، ئەو سندوقە عاید بە وەزارەتی تەندروستیە، مانای وایە بەشێك لە بودجەی وەزارەتی تەندروستی پێویستە بڕوات بۆ ئەو سندوقە، مەسەلەیەکی سروشتیشە کەوا رسوم و غەراماتمان هەیە بە ڕێژەی جیا جیا، ئەو رسوم و غەراماتە بەپێی یاسا ئیقرار کراوە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێرە عیبرەت لە وەرگرتنی و وەرنەگرتنی نیە، وەکو قانون هەیە مومکینە ئێستا وەرنەگیرێت، بەس لەوانەیە ماوەیەکی تر ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت و وەربگیرێت، لەبەرئەوەی مانەوەی گرینگە ئەوە مەسدەری سێیەم، مەسدەری چوارەم، کە مەسدەرێکە ئێمە گرینگی پێدەدەین، تەبەروعات و هیبات، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ، چ لەسەر ئاستی دەرەوە، ئیتر ئەو چوار مەسدەرەیە بۆ تەمویلی سندووقەکە، هیچ مەسدەرێکی تر نیە، خۆ ئەو تەفاصیلانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد، دەربارەی تەبەروعات و هیبات هی ناوخۆو هی دەرەوە، وا دیارە لەوە بێت گرینگیەکی زیاتری پێ بدرێت، بۆ تەمویلی ئەو سندووقە وەکو کارێکی ئینسانی و، لەبەرئەوە ئەو چوار سەرچاوە سەرەکییە، چوار سەرچاوەی سەرەکییە بۆ تەمویلی ئەو سندووقە، لەوە بەدەر هیچی ترمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبێت؟

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من یەکێك لە پێشنیارەکانم پێ باشە، کە وەزارەتی صەحە 1:4 لەو بودجەیە با، چونکە کاك دکتۆر حسن وتی ئەمە دەعمە بۆ وەزارەتی صەحە، نەشاتات هەموو جۆرێکی سەرەتانی یان رۆژی سەرەتانی عالەمی هەیە، موناسەبات هەیە، مەسەلەن دەتوانی تۆ کۆبوونەوە بکەی، خەڵك بانگ بکەی ئەو نەشاتات مەبەستمان ئەوەیە، پێم باشە منیش تەئیدی ئەوە دەکەم، کە لە بودجە هەموو ساڵێك کە دێتە بەردەم ئەو پەرلەمانە بەڕێزە، شتێك دابنرێت بۆ ئەو سندووقە، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم (التبغ ومنتجاتە) تووتن و مونتەجاتەکانی ئەوە زیاد بکرێت، چونکە هەر توتن نەگرێتەوە، ئەوانی تریش بگرێتەوە، سەبارەت بە غەراماتی مروری ئەگەر ئەو نەخۆشیە موستەعسیەکانیش بگرێتەوە، ئەوە ڕێی تێدەچێت ئێمە لە غەراماتی مروری شتێکمان هەبێت، چونکە ئێمە رۆژانە بەتایبەتی لە عوتلەکان خەستەخانەکانمان بە ڕووداوی هاتوچۆ داگیر دەکرێت، رۆژانە دەیەها و سەدەها ڕووداوی هاتوچۆمان

بۆبێت، لەبەرئەوەش فەقەرەیەك زیاد بكرێت، دوای ئەوەی كە موافەقاتی یاسایی و ئسولّی بۆ وەردەگیرێت، ئەوەش من بە باشی دەزانم، سەبارەت بەوەی كە وەزارەتی ئەوقاف ڕۆڵی هەبێت، بەڵێ زۆر موهیمە ڕۆڵیان هەبێت، چونكە لە خوتبەكاندا هانی خەڵك بدەن كە بە زەكات و بە سەدەقە بۆ ئەو سندووقە شتێكی باشە، سەبارەت بەوەی (الهبات والتبروعات)، ئایا سوئالەكەم ئەوەیە بەو هیبات و تەبەروعاتە دەتوانین سندووق لە شوێنە گشتیەكان دابنێین؟ وەكو لە فرۆكەخانەكان، وەكو لە سوپەرماركێتە گەورەكان، ئایا بەو دێرە دەتوانین ئەو ئیشە جێبەجێ بكەین؟ سەبارەت بەوەی كە ئایا سەیارە و مەصانیع و مەسافی موزیرن بە صەحە؟ بەڵێ موزیرن بە صەحە، سەبارەت بەوەی كە دەڵێن پلەی تایبەتی بۆ تەعین بكرێت، هیچ پلەیەكی تایبەتی بۆ تەعین ناكرێت، ئەوە لە ماددەكانی تردا هەیە، سەیارەش بۆ كەس ناكڕدرێت لەسەر ئەو سندووقە، سەبارەت بەوەی بڵێین حكومەت هەموو شتێك بكات؟، حكومەت ناتوانێت هەموو شتێك بكات، من وەكو دوێنێ ئاماژەم پێیدا، ئەگەر ئێمە ئەو (100) دۆلارە (على الاقل) بۆ نەفەرێك بكەین بە (500) دۆلار، یەعنی دەبێت ئێستا پێنج ئەوەندە میزانیە زیاد بكەین، بۆ وەزارەتی تەندروستی، كە ئێستا لەم كاتەدا بڕوا ناكەم حكومەت بتوانێت ئەوە بكا و شتێكە، زۆر بارگرانی تر و زۆر ئیشی تری هەیە، كە هەمووی گرینگە وەكو ئەمە، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە هەموومان پەرۆشی ئەوەمان هەیە، كە زۆرترین داهات بۆ ئەو سندووقە دابین بكەین و مسۆگەر بكەین، بۆئەوەی بتوانین ئەو ئەركەی كەپێی ڕادەسپێردرێت بەپێی یاساكە جێبەجێ بكات، سەبارەت بە تەرخان كردنی بڕێك لەبودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ئەو سندووقە، ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەكەین، لەكاتی گفتوگۆكردنی بودجەی ساڵی 2013 دەتوانن ئەو بابەتە لەوێ یەك لا بكرێتەوە، جێگایەكی لەبۆ بكرێتەوە لەناو بودجە، لەبەرئەوەی داهاتی سندووق بەپێی ئەو ماددەیەی كە لە پرۆژە یاساكە هاتیە، بەشێكی داهاتی كو بڵێین داهاتی دائیمیە و سابیتە، كە تەخسیساتی حكومەتە تەخسیساتی وەزارەتی تەندروستیە و، ئەگەر بڕێكیش لە بودجەی كوردستان، بودجەی گشتی ساڵی (2013)ی بۆ داندرا، بەشێكیش سابیت نییە، نسبییە، بەپێی ڕێژەی غەرامەكە، ئایا ئەو ساڵە غەرامەكە چەند دەبێت و ڕێژەكە چەند بەبەر ئەو سندووقە دەكەوێت؟ ئەوە ڕێژەكە لە گۆڕان دایە، داهاتی غەرامەكە ئەوەی لە بڕگەی یەكەم هاتووە كەمە، ئێمەش پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی دارایی دەكەین، لە (5٪)ـەكە بگۆڕدرێت بۆ (10٪) هەتا (15٪)ـەش، ڕێژەی غەرامەكان جیاوازە، ڕاستە بەڕێزان هەندێك بە ڕێژەی (5٪)ـە، كە پێشنیاری زیاد كردنمان كرد هەندێك (25٪)ـە، هەندێك (50٪)یە لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی داهاتی غەرامەكان خۆی جیاوازە، ئەو غەرامەیەی لەسەر جگەرەكێشان، ئەوەی لەسەر هێنانی، لەسەر ئەو بڕگانەی

كە یاسای قانونی ڕەقابەی صەحی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی قانونی بەرەنگار بوونەوەی جگەرەکێشان، غەرامەکان جیاوازە، لەبەرئەوەش ڕێژەکان بە جیاوازی هاتیە، ناتوانین ڕێژەیەکی سابیت لە غەرامەکە دابنێین، وەکو داهات لە بۆ ئەو سندووقە لەسەر هەموو یاساکان وەکو یەك بێ و، غەرامە لەسەر هەموو ئەو هۆکارانەی کە دکتۆر بشیر ئاماژەی پێکرد، ئەوانە هۆکاری تووش بوونی ئەو نەخۆشیانەن، ڕاستە، لەبەرئەوە غەرامەی داندرایە، غەرامە لەسەر ئەو شتانە داندرایە کە هۆکاری سەرەکینە بۆ تەشەنەکردنی ئەو نەخۆشیە و تووش بوون بەو نەخۆشیە، پرسیار کرا نەشاتات چیە؟ ئەو سندووقە بۆی هەیە ئاهەنگێك ساز بدات، پێشانگایەك بکاتەوە، داهاتی ئاهەنگەکە، داهاتی فرۆشتنی تابلۆکان، داهاتی پێشانگاکە، ببێتە داهاتێك لە بۆ سندووقەکە، هەر جۆرە نەشاتێك جاهیزە ئەو سندووقە ئەنجامی بدات، باس لە جگەرەکێشان کرا غەرامەکە چیە و لە شوێنی گشتی پێویست ناکات، کە ئەو وردەکاریە باس بکرێت، کە لەبەرئەوەی نووسرایە بەپێی یاسای بەرەنگار بوونەوەی جگەرەکێشان لەوێ حاڵەتەکان دیاری کرایە، کە لە چ حاڵەتێك غەرامە فەرز دەکرێت؟، شوێنەکانیش دیاری کرایە، بۆیە پێویست ناکات کە لە یاسای سندووق بڵێین ئێمە هەموو وردەکاریەکانی ئەوەی کە غەرامە فەرز دەکرێت لەسەر جگەرە کێشان لێرە باسی بکەین، بەنیسبەت تەخسیساتی وەزارەتی تەندروستی، کە ڕاو و بۆچوونی جیاواز هەبوو، تا ئێستا وەزارەتی تەندروستی بڕێك پارەی تەرخان کردیە بۆ ئەو سندووقە، بەلآم سندووق نەبووە بۆ چارەسەر کردنی ئەو نەخۆشیانە، ئێمە بە باشی دەزانین ئەو بڕە پارەیە لە بودجەی وەزارەتی تەندروستی تەرخان بکرێت و، بکرێتە داهات لە بۆ سندووقەکە، بۆئەوەی سندووقەکە بە قوەت تر بێت، ئەو داهاتانەی کە لە بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم دا هاتیە ئەوانە داهاتی سابتن، ئەوی تر ڕێژەییە دەگۆردرێت بەپێی داهاتی غەرامەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

ئەنجومەنێکی ئەمینداریێتی سندووق بەڕێوە دەبات بۆ پێکهێنان و دیاری کردنی سەرۆك و دامەزراندنی ئەندامانی و دیاری کردنی ماوەی ئەندامێتی و ڕێزلێنانەکانیان بە مەرسومی بڕیارێك لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، ئەنجومەنی ئەمینداریێتی بۆی هەیە لەنێوان ئەندامەکانی خۆیدا، یان لە کەسانی دیکەی خاوەن شارەزایی و پسپۆری لیژنە دروست بکات بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکانەی دیارییان دەکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

يتولى ادارة الصندوق مجلس الامناء يصدر بتشكيله وتحديد رئيسه وتعيين اعضائه وتحديد مدة عضويتهم ومكافئتهم مرسوم (قرار من رئيس مجلس الوزراء) ولمجلس امناء الصندوق ان يشكل من بين اعضائه او غيرهم من ذوي الخبرة والاختصاص لجاناً للقيام بالمهام التي يحددها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتێ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی پێنجەم لە ئەصڵی پڕۆژەکە، لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە، کە تەسەلسولی ماددەی پێنجەم بگۆڕدرێت لەگەڵ ماددەی سێیەم، کە پێشتریش پێشنیارمان کرد بوو، کە ماددەی سێیەم ببێتە ماددەی پێنجەم و، ماددەی پێنجەم ببێتە ماددەی سێیەم و، بەو شێوەیە سیاغەی ماددەکە بکرێتەوە بە عەرەبی (اولاً: يشكل مجلس يسمى مجلس ادارة الصندوق ويتألف من..) واتە خاڵ بەندیمان کردووە بەو شێوەیە، کە لە بڕی ئەنجومەنی ئومەنای سندووق، مەجلیسی ئیدارەی سندووق پێك بێت، کە لەمانە پێك بێت،

واحد: وەزیر الصحة: رئيساً.

اثنين: مدير عام الامور الصحية: نائب الرئيس.

ثلاثة: مدير عام الشؤون الادارية و المالية في وزارة صحة: مقرراً.

اربعة: الطبيب المختص بمعالجة امراض السرطان: عضواً.

خمسة: مديرية المحاسبات العامة في وزارة المالية والاقتصاد: عضواً.

ثانياً: للمجلس الاستعانة بالخبراء و المستشارين من داخل الوزارة و خارجها.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە ماددەی پێنجەوە لە پڕۆژەی یاساکە تاکو کۆتایی ماددەکان، کۆتایی بە ماددەی 15 ئەگەر تێبینی بکەین کەمتر پەیوەندی بە لیژنەی داراییەوە هەیە، لەبەرئەوە ڕای ئێمە تا ڕادەیەك ماددەکانمان پەسەند

کردووە، بەڵام تێبینیمان هەیە دەربارەی ماددەکان، بەتایبەتی ئێستا دێمە سەر ماددەی پێنج لە ڕووی داڕشتنەوەی، لەڕووی یاسایی و لەڕووی ئیداریەوە هەست دەکەین هەندێك کەم و کوڕی تێدایە، لەبەرئەوە ئێمە وەکو فکرە پەسەندی دەکەین ماددەی پێنج، بەڵام پێمان باشە کە داڕشتنەوەی بۆ بکرێت، هەروەها بەڕێز لیژنەی یاسایش تاڕادەیەك ئاماژەیان بەوە دا، لەلایەکەوە چونکە مەجلیسی ئیدارەی سندووقمان هەیە، لەلایەکیشەوە مەجلیسی ئومەنامان هەیە، بەڕاستی ئەو سندووقە پێویستی بەوە نیە کە تەزەخومێکی ئیداری بێنن، یان هەیکەلێکی ئیداری هەڵئاوساوی هەبێت، باشتر وایە مەجلیسێکی ئیدارە بێت، کارەکەی ڕاپەراندن بێت، نەك ئیستشاری بێت، چونکە مەسایلی ئیستیشاری دەکرێت لە وەزارەتی صەحەوە وەربگیرێت، لەبەرئەوە ئێمە وەکو فکرە ڕازین، بەڵام نازانم چۆن بتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان مەجلیسی ئیدارە و مەجلیسی ئومەنا، مەجلیسی ئومەنا بۆ؟ وە مەجلیسی ئیدارە بۆ؟ بەڕای من پێویستە بەڕای لیژنەکەمان پێویستە کە تەنها پشت ببەستین بە مەجلیسی ئیدارە، یان دەستەواژەی مەجلیسی ئیدارە، نەك مەجلیسی ئومەنا و، سەر لە نوێ داڕشتنەوەی بە هەماهەنگی هەردوو بەڕێزان لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی تەندروستی و، ئەو بابەتانەی کەوا خۆیان پێیان باشە، پێم باشە لە هەموو خاڵێکدا ڕای بەڕێز وەزیریش وەربگیرێت، چونکە لەمەودوا دێینە سەر بابەتە تەنفیزیەکان و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ گۆڕانی تەسەلسولیەکەین کێشەمان نیە، چونکە باسی پێکهاتەی سندووقەکەیە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ماددەکە داین، کە بەمەرسومێکی ئەنجومەنی ئەمینداری بێت، بە مەرسومێك لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیارەکە دەربچێت، چونکە باسمان لە سندووقێکی سەربەخۆیە، ڕاستە بە وەزارەتی تەندروستیەوە گرێ دەدرێت، بەڵام باسەکە لە سندووقێکی سەربەخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە مەجلیس ئومەنا بگۆڕدرێ بە مەجلیس ئیدارە، ئەو پێکهاتەی کە لیژنەی قانونی دایناوە من پێم باشە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە (کاك عمر هەورامی- کاك دلێر- ئاهەنگ خان- کاك شوان- سمیرە خان- تارا خان- د. ڕێباز- شلێر خان- ڤیان خان)، فەرموو کاك عمر هەورامی.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە داڕشتنەكەی لیژنەی یاسایی دەكەم، بەس پێشنیار دەكەم یەك بڕگەی بۆ ئیزافە بكرێت، ئەویش بۆ مەجلیسەكە هەبێت یان ئەنجومەنەكە هەبێت، بڕگەی سێیەمی كە نووسراوە ئەوەلەن، ثانیاً بڕگەیەكی تری بۆ ئیزافە بكرێت سێیەم بۆ مەجلیس هەبێت، ئیستیفادە لە ئەو ڕێكخراو و سەنتەرە ناحكومیانە بكات، چ ئەوانەی لەناو هەرێمی كوردستان و، لە دەرەوی هەرێمی كوردستانن، ئەوەی كە ئیكار ئیستفادەیان لێ بكات و، ئیستیعانەیان پێ بكات ئەوانەی كە پەیوەندیدارن بە نەخۆشی شێرپەنجەوە، چونكە ئیمكانە لە داهاتوو دا ئەم جۆرە ڕێكخراوو سەنتەرانە چ لە ناو هەرێمی كوردستان پەیدا ببن یان زۆر ببن، لە دەرەوەش بە دڵنیاییەوە ئەو ڕێكخراو و سەنتەرانەی كە هەن، ئیستفادەیان هەبێت بۆ زیاد كردنی قابیلیاتی ئەو بەڕێزانەی كە لەو مەجالە ئیش دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەوە دەست پێ دەكەم، جەنابی وەزیر خۆی وتی تەنها نەخۆشی هەرێم نیە كە سەردانمان دەكات، بەتایبەتی بۆ نەخۆشخانەی هیوا، بەڵكو نەخۆشی ناوچەكانی ناوەڕاست و جنوبی عیراق و دەرەوەی هەرێمی كوردستانیشە، هەمووشیان عەینەن وەكو نەخۆشەكانی هەرێمی كوردستان مامەڵەیان لەگەڵ دا دەكرێت، لێرە ئەو ماددەیە كە ماددەی پێنجەمە، هەموو ماددەكان ڕەبتیان هەیە پێكەوە، بەڵام ڕەبتی ماددەكانی تری پێشوو سندووقمان تەشكیل كرد، ئامانجەكانیانمان دەست نیشان كرد، سەرچاوەی داراییمان دەست نیشان كرد، بەڵام لێرە دا هەموو فشارەكانمان خستە سەر هەرێمی كوردستان، كارەكانیشی بۆ هەموو ناوچەكانی تر، بۆ دەرەوەی هەرێمی كوردستانیش بوو، بۆ نموونە لە هەموو دونیا وەهایە ئەو ئەنجومەنە، لە هەموو دونیا وەهایە كەسێك من دەچم بۆ وڵاتێكی تر، بۆ چارەسەری نەخۆشی، وەكو هاووڵاتی ئەو شوێنە كارم لەگەڵ دا ناكرێت، بەڵكو وەكو ئەوەی من حەقی خۆم دەدەم، ئینجا لەدوای ئەوە چارەسەرم دەكەن، بەڵام لە هەرێمی كوردستان ئێستا ئەو ئەنجومەنە، كە پێی دەڵێن ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق، یان هەر ناوێكی تری هەبێت، سەیر دەكەی لە دەست پێكردنیەوە، كە لە وەزیری تەندروستیەوە دەست پێ دەكات كە سەرۆكە تاكو بەڕێوەبەری ژمێریاری گشتی، لە وەزارەتی دارایی و ئابووری، هەمووی هەر لە هەرێمی كوردستانە ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە كە بەم شێوەیە بێت، كەواتە دەبێت ئەو ئەنجومەنە ڕێنماییەك، پەیڕەوێك دابنێت، بۆ ئەو نەخۆشانەی ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ هەموو نەخۆشیەك، كە نەخۆشی شێرپەنجەو ئەو نەخۆشە گرانانە، یەعنی بەڕاستی دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت، لە هەر نەتەوە

و له هەر ولاَتێك دابن، بەلاَم پێویستە ڕێنماییەکیش دابنرێت، کە جیاوازی هەبێت مادام سەرچاوەی داراییەکان لە هەرێمی کوردستانەوەیە، فەرقێك هەبێت لە بەینی ئەو نەخۆشانەی لە هەرێمی کوردستان و، لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دان، ئەم ئەنجومەنە کە ڕێنمایی دادەنێت، هەر تەنها فشارە داراییەکەی خستووەتە سەر دەستکەوتەکەی دارایی هەرێمی کوردستان، باشە ئێمە بەنیسبەت عیراقەوە، کە ئێستا بەشێکین لە حکومەتی فیدرالی عیراق، ئێمەش خەرجی سیادی و بودجەی سیادی و بودجەی حاکیمەمان هەیە، بۆ ئێمە لە ئێستاوە هەر لێرەدا هینی ئەوە ناکەین، کە ئەنجومەنی ئەو سندووقە هەوڵ بدات لەگەڵ حکومەتی عیراقی، کە بەشێك لە بودجەی حاکیمە نیسبەتێکی دابنرێت بۆ ئەو سندووقە، بۆئەوەی ئێمە هەموو هاوولاَتیانی عیراق ئیستفادە لەو سندووقە و لەو سەنتەرە بکەن، لەلایەکی ترەوە مەسەلەی زیادی بودجەی نەوتنمان هەیە لە عیراق، لە عیراق زیادەی بودجەی نەوتمان هەیە لە ئەنجامی فرۆشتنی، بۆ بەشێك لەو ڕێژەیە زیادەی بودجەی نەوت دانەندرێت بۆ ئەو سندووقە؟ باجی دەرامەت و خانووبەرەی عیراقمان هەیە، بۆ لەوە دانەندرێت بۆ ئەو سندووقە؟ بۆئەوەی ئەمانە شوێنی فیعلین، بە فیعلی پارەیان تیا دەست دەکەوێت و پارەیان هەیە، ئەو شوێنانەی کە ئێستا دانراون بۆ سەرچاوەی دارایی، بەڕاستی سەرچاوەکانی لەوانەیە زۆر بەشێوەیەکی کەم بێت، ئەمە لەگەڵ ئەوە، خاڵێکی تر مەسەلەی بڕگەی هەشتەم وەکو خۆی وەکو داراییەکانی ناوخۆ، پێم باشە ببێتە هەر بڵێین هینی ماددەی پێشتر، ئەوەش هەم دیسان لێرە جێگایەکی بۆ بکرێتەوە، زیاتر گرینگی پێ بدرێت بە تەبەروعاتی خەڵك، بە هاوکاری خەڵك، بە خێری خەڵك کە هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر ئەوە باسی بەڕێوەبردنی سندووقەکە دەکات، باسی سەرچاوەی دارایی ناکات، کە لە ماددەی پێشوو موناقەشەی دەکەین، چاوەکەم.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە من ئێستا هەیە هینی دەکەم، ئەم ئەنجومەنە دەتوانێت ڕێنماییەکان دابنێت، کە دەڵێم پەنا بباتە بەر سەرچاوە داراییەکان، ئەنجومەنەکە کە لە ماددەی پێنجەم دایە ڕێنمایی دەربکات، بۆئەوەی ئیستفادە لە عیراقیش بکات، یاخود ڕێنمایی دەربکات ئەوانەی کە لە هەرێمی کوردستانن، جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە لە دەروەی هەرێمی کوردستانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رووف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەو ماددەیە دەمەوێت موکافەئەکەی لەناو لابچێت، ئەو سندووقە ئەگەر بمانەوێت دابمەزرێت، دەبێت ستافەکە هەموو موتەبەرع بن (ڤۆلەنتی)، ئەگەر تاریخی هەر موئەسەسەیەکی ناجیح لە دونیایێ بخوێنینەوە، هەموو ئەعزایەکانی موتەبەریع بووینە بیدایەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو سیغەیە دەکەم، لەو دەقە دەکەم، کە لیژنەی یاسایی دایڕشتووەتەوە بەڕاستی ئەوە باشترە، مەجلیسی ئیداری سندووق بێت، وەك لەوەی مەجلیسی ئومەنا بێت، بەتایبەت لەبەرئەوەی کە پەیوەستە، لە بنەڕەتیەوە پەیوەستە بە وەزارەتی تەندروستیەوە، زۆر باشە کە وەزیری تەندروستی سەرۆکی ئەو مەجلیس ئیدارەی سندووقەکە بێت ئەمە یەك، دوو: ئەنجومەنێك هەیە پێی دەوترێت ئەنجومەنی شێرپەنجە، یەعنی من ئیقتراح دەکەم جێی بکرێتەوە لەنێو ئەو مەجلیس ئیدارە، بەتایبەت ئەگەر وەزیری تەندروستی سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە نەبێت، پێم باشە لەم تەشکیلە ئیدارییە جێگای بکرێتەوە، چونکە بەڕاستی مەهامی ئەو ئەنجومەنە دیارە چیە، یەعنی پەیوەستە بە شێرپەنجەوە، ئێمە لێرەوە سندووقێك دروست دەکەین، بۆ هاوکاری نەخۆش، ئەوانەی کە نەخۆشی شێرپەنجەیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە، منیش پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ داڕشتنەوەکەی، کە مەجلیس ئومەنا بگۆڕێت بۆ (مجلیس ادارة الصندوق)و، هەروەها داندراوە (ذوي الاختصاصین)، من حەز دەکەم (استشاري بأورام) بێت، یەعنی ئیختصاص بێت لە ئەورامی سەڕەتانی، ئێستا تەکنەلۆجیا زۆر پێشکەوتووە، مەسەلەن بەبێ جورعەی کیمیاوی، بەبێ فەتحی بەتن و ئەوانە عیلاج دەکرێ، بۆ نموونە ئەشیعەی (گامەن نایف) ئێستا لە تورکیا هەیە، بەبێ فەتحی هەموو شتێك، بەس دووجار، سێ جار دەیبەنە بن ئەو ئەشیعەیەی یەکسەر گرێیەکەی دەتاوێنتەوە، بەڵێ ئیستشارین لە ئەورام، ئەوە دەتوانێت تەحدیدی بکات، من داوا دەکەم کە ئیستشاری یان ئیختصاصی بن لە ئەورام، ئەوان دەتوانن ئەو ئەجهیزانە تەحدید بکەن، لە بۆ

ئەو مەجلیسە دابین بکەن، بۆ ئەو بنکانە و، هەروەها شەخسیات متەتەوعین ئیزافە بکرێت و بێتە ناوی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرە بەس ئەو مولاحەزەیەم هەیە، کە دەڵێت (طبیب مختص بمعالجة أمراض السرطان)، نازانم یەك تەبیب لێرە ئەگەر یەکێك بۆ تەحلیلاتی سەرەتانی بێت، یەکێك ئیختساسەکەی لە موعالەجەی سەرەتان بێت، یەعنی زیاتر لە تەبیبێك پێویستە لە بۆ ئیختساسی سەرەتان، دووەم ئیقتراحیشم ئەوەیە نەنووسرێت (ثانیاً: للمجلس الاستعانة بالخبراء)، بەڵکو بکرێتە شەشەم، خەبیرێك یان موستەشار لەگەڵ مەجلیسەکە بێت دابنێن لەناو وەزارەتەکە، نەك کاتێك پێویستی پێ بوو یان نا؟ تەئیدی ئاهەنگ خانیش دەکەم، کە بیرۆکەی تەتەوع لەمەوە کە لەناو ولاتەکەمان تۆزێك کەمە، وا بکەین ئەگەر بێت و لێرە دا هەبێت، متەتەوعین لەگەڵیان زۆر زیاتر دەتوانین ئامانجەکەی بپێکین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر رێباز فەرموو.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی کە مەجلیس ئیدارە بێت، یاخود مەجلیسی ئومەنا بێت تەصەور ناکەم، یەعنی من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەوە نیە، بەڵام کێشەم لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم ناوانەی کە لێرە نووسراون و خودی سندووقەکە، ئەرکەکانی ئەرکێکی ئابووریە، ئەرکێکی داراییە، یەعنی ئەرکی تری نیە، تاوەکو ئێمە بیر لەوە بکەینەوە وەزیری سەحە بخەینە ناو ئەو مەوزوعەوە، یان تەبیبێکی موختەس بخەینە ناو ئەو مەوزوعەوە، ئەوە ئەو کەسانەی کە لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنەکەن پرۆسەیەکی دارایی و ئابووری بەڕێوە دەبەن، نەك پرۆسەیەکی زانستی پزیشکی، لەبەرئەوە ئەمانە و، وەزیر سەحە بۆخۆی لێپرسراوی ئەنجومەنی شێرپەنجەیە، کە ئەو لەوێ ئەندامە و ئەو سندووقە کە سیاسەتی ئەنجومەنەکە جێبەجێ دەکات، چ پێویست دەکات ئێمە دیسانەوە ئەرکێکی تریشی بخەینە سەر شان، کە دیسانەوە ئیمزا کردنی ئەو کتێبانەیە، کە پێویستە پارە بۆ ئەوە و بۆ ئەوە سەرف بکرێت، پێویستە ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنی دارایی دروست بکەین، کە ئیستسمار بەو پارەیەوە دەکات، کە حیسابی ئەوە دەکات لەگەڵ کۆمپانیای دیکە عەقد بکات، بۆ دەست کەوتنی چارەسەری پزیشکی، نەك ئەوەی کە ئیشێکی تری پێ بسپێرین و، بیر لەوە بکەینەوە تەبیبێکی موختەس بێنینە ناو ئەو مەوزوعەوە، ئەمە پرۆسەیەکی ئابووریە پێویسە خەڵکی موختەسی دارایی و ئابووری لەناو ئەنجومەنی بەڕێوەبردنە کەبن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك عمر هەورامی دەکەم، بەنیسبەت رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و، هەر لێرە مەعاناتی یەکێك لەو رێکخراوانە حەز دەکەم باس بکەم، ئێمە بەڕاستی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان، کە بەپێی یاسا لەو پەرلەمانە دەرچوو تا ئێستا دروست نەکراوە، ئەو رێکخراوە کە لە سلێمانی دروست بووە، بۆ هاوکاری نەخۆشی شێرپەنجە هەتا ئێستا دەعمێکی زۆریش کراوە، بەڵام لە 2010/10/7 کتابێکی کردووە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، هەتا ئێستا جوابی نەدراوەتەوە لە 2012/4/25 پێیان وتووە ئەوە ئیشی ئێمە نیە، دوای دوو ساڵ وتوویانە ئەوە ئیشی ئێمە نیە دایتیان بەو فەرمانگەیە، فەرمانگەکەش سەرۆکێکی هەیە بەبێ ئەوەی ئیش بکات، یەعنی ئێستا ئەوان کە ئەگەر لەگەڵ ئەو رێکخراوانە بەڕێکوپێکی ئیش بکەن، یەعنی تێدا بێت بێجگە لەوەی کە دکتۆر رێباز وتی، فیعلەن کارەکە هەمووی داراییە، بەڵام ئەو کۆمەڵانە خۆیان پەیوەندی بە خەڵکەوە دەکەن و، خەڵکی شارەزان پارەیەکی باشیش کۆدەکەنەوە، لەوانەیە زۆر پارەکەی ئەوان دەوری زیاتر بێت، لەبەرئەوە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت خەڵکی متەتەوعیش بن، چونکە ئەمە ئەگەر خەڵکێکی تر بێت وەکو مۆزەف دوایی داوای موکافەئە دەکات، داوای پارەیەکی بۆ بەڕێوەبردنەکە دەکات، زۆر دەبێت بە بار گرانیەك لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری بۆ چوونەکانی دکتۆر رێباز دەکەم، دیارە ئەوە سندووقێکە کە لایەنی ئابووری ئەم سندووقە جێبەجێ دەکات، بە بڕوای من لە دەست نیشان کردنی ئەوەی کە لیژنەی یاسایی ئەندامەکانی دەست نیشان کردووە، زیاتر دەبووایە گرینگی بدرێت بە دەست نیشان کردنی ئەو کەسانەی کە لە سەنتەرە پزیشکیەکان، کە تایبەتن بە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە، چونکە ئەوان دەزانن لایەنی ئابووری ئەو سەنتەرانە بڕی چەند بودجەی پێویستە، یاخود ساڵان پێویستیان بە چەند هەیە، بۆ دابین کردنی پێداویستیە پزیشکیەکان، دەبووایە ئەوانە لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم دا نوێنەری ئەو سەنتەرانەی تێدا بووایە، چونکە ئەوان زیاتر هەڵسەنگاندن لەو بوارەدا دەزانن، کە چەند بودجە پێویستە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر ماددەی پێنج هەیە، کە پێویست بە دروست کردنی ئەنجومەنێکی تازە ناکات، یەکەم دروست کردنی ئەم ئەنجومەنە ئەرکێکی دارایی تازە دروست دەکات بۆ حکومەت، دووەم دروست کردنی ئەڵقەیەکی تازە و زیاد کردنی ڕۆتینە، بۆیە لەگەڵ ئەو داڕشتنەوەی لیژنەی یاساییم، کە وەزیر و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەر و ئەوانەی خۆیان وەزارەتی صەحە ئەنجومەنەکە پێك بێنن، یەکەم موختەسن، دووەم کەم کردنەوەی رۆتین و ئەو ئەرکە داراییەش ناخاتە سەر حکومەت و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر حسن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی بەنیسبەت ئەوەی کەوا ئیشکالێك هەیە، لە بەینی ئەوەی کە ئەو سندووقە عایدی هەرێم بێت، یان عایدی هەموو عیراق بێت، ئێستا ئەم قانونە هەر لە لیژنەی تەندروستی مەجلیسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، لەوێش هەمان قانون خوێندنەوەی بۆکرا، ئێستا لە بواری تەنفیز کردن دان، بۆیە ئەو قانونە زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان دانرا، بەنیسبەت خاڵی ئەم ماددەیە دوو بەشە، بەشێکیان مەجلیسێك هەبێت، دووەم ئیستیعانە بکات بە لیجان، لیجانی خۆی دروست بێت، لەسەر ئەساسی دوو مەبدەء، موشکیلە نیە ناوی مەجلیسی ئومەنا بێت یان مەجلیسی ئیدارە بێت، هیچ فەرق ناکات، بەڵام کە ناومان هێنا تێبینیم هەیە لەسەر ناوەکە، یەکەم: بەنیسبەت ئەوەی کەوا وەزیری صەحە ڕەئیس بێت، بەپێی ئیتیجاهاتی تازەی سیستەمی تەندروستی، وەزیری تەندروستی لە هەیئاتی تەنفیزی دەردەچێت، دەبێتە هەیئاتی موراقیب، واتە ئێمە لە قانونەکانمان پێویستە موراعاتی ئەوە بکەین، کە وەزیری تەندروستی داخلی لیجانی تەنفیزی نەکەین، چونکە ئەو موراقیبە لەسەریان و حەقی موحاسەبە و هەموو جۆرێکیان هەیە، کە خۆی جوزئێك بوو لە تەنفیز، ئیتر ناتوانێت ئەم هینە ڕەقابیە بکات، دوو: بەنیسبەت تەبیب و موختەس، یەکێك لەو هەڵانەی ئێمە لە ئیداراتی تەندروستی دەکەین ئەوەیە دکتۆری باش دەهێنین دەیخەینە ناو ئیدارات، کە داخیلی ئیدارەمان کرد ئیشەکەی خۆی جێبەجێ ناکات، بۆیە ئەویش نەبێت باشە، سێ: بەنیسبەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، زۆر تەبیعیە هەشبێ و ئیعتیادیشە ئەگەر نەبێت، ئیتجاهی دووەمی بۆچی ئەو ڕێگامان پێداوە؟، کە ئەم مەجلیسە لیجان بۆ خۆی دروست بکات؟ وەزارەت لیجانی توبی هەمیشەیی هەیە، بەڵام ئەمە لەسەر حیسابی میزانیەی خۆیەتی، بەڵام بۆئەوەی ئەو سندووقە سەربەخۆیی زیاتری خۆی هەبێت، حەقی ئەوەی پێ دەدەین کە ئەمە بۆخۆی لیجانی فەنی دروست بکات، لیجانی توبی دروست

دەكات، ئیعتیماد دەكاتە سەر ئەو پزیشكانەی كە خۆی دایدەنێت، بۆئەوەی كە تەقیمی نەخۆشەكانی بۆ بكات، بتوانێت چ جۆرە هاوكاریەكیان پێشكەش بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی تێبینیتان هەیە؟ لیژنەی مالی؟ لیژنەی یاسایی فەرمووو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها دوو تێبینیمان هەیە، سەبارەت بەوەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن یان ئەنجومەنی ئومەنا بێت، ئەمە لەبەرچی تەفضیلمان كرد؟ پێشنیاری ئەنجومەنی بەڕێوەبردنمان كرد، لەبەرئەوەی تەنها سندووقێك كە بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری سندووقەكە، مەجلیس ئومەنا عادەتەن بۆ دەزگای بۆ نموونە بۆ زانكۆ و بۆ ئەوانە مەجلیس ئومەنا بەڕێوەی دەبات، سندووق زۆر لەوەی بچووكترە كە ئەنجومەنێكی ئەوها گەورە بەڕێوەی ببات و، پێشنیارمان كرد كە (وەزیری صەحە) وەزیری تەندروستی سەرۆكی ئەنجومەنەكە بێت، ئەو كەسانەی كە دەست نیشانمان كردیە هەمووی پۆستیان هەیە، واتە ئیستحداسی دەرەجەی وەزیفی نوێ نیە بۆ خەڵكان، ئەوانە خۆیان فەرمانبەرن و پۆستی خۆیان هەیە، مەوقیعی خۆیان هەیە لەڕووی ئیداریەوە، پێویست بە وەزیفە و شتی نوێ ناكات، پێشنیاری ئەوە كرا كە پێویست ناكات ئەو هەموو تەبیبە لەناو ئەو ئەنجومەنە بن، ئێمە بە باشمان زانی دوو كەس پسپۆر بن لە بواری دارایی، لە بۆئەوەی رێكخستنی داهاتەكانە، ئەوی تر ئەمن زۆر ئەركمان بەو سندووقە ڕاسپاردیە، بۆنموونە تەئسیر و تەتویری مەراكزی توبی و ئەو جۆرە شتانەو ویقایە و چارەسەر كردن، باشە ئەگەر تەبیبیان لەگەڵ نەبێت، پزیشكی پسپۆریان لەگەڵ نەبێت، ئەو ئەركانە ناتوانێت سندووقەكە جێبەجێی بكات، سەبارەت بە ڕاوێژكردن و ئیستیعارە بە كۆمەڵگەی مەدەنی هیچ رێگریەكی یاسایی نیە، لەبەردەم ئەوەی سندووق ڕاوێژ بەوانە بكات، ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق ڕاوێژ بەو لایانانە بكات، بۆ پێش خستن و جێبەجێ كردنی كارەكانی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنای وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز د. رێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانە، من پێم باشە ئەوەی كاك شوان وتی عضوێكی مەجلیسی سەڕەتان عضو بێت لەوێ، ئەگەر بكرێت پزیشكێكی دەرمانسازیش ئیش بكات، مەسەلەی دەرمان و دەرمانی سەڕەتانی تێدەكەوێ، هەروەها پێشنیارەكەی یەكێك لەو خوشكانە، بەڵێ، پێم باشە بەڕێوەبەری هەرسێ سەنتەری سەڕەتانیەكە لە لیژنەكە دابن هیچ مەناعەت نیە، سەبارەت بەوەی كە ئەوان لیژنە دروست بكەن، من پێم باش نیە لیژنە دروست بكرێت، بەڕاستی ئەو پەرت و بلاّویەی كە ئێستا هەیە، لە ئەنجومەنی وەزیران

هاوكاری خۆش دەكرێت، لە وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی هاوكاری نەخۆش دەكرێت، لە وەزارەتی تەندروستی هاوكاری نەخۆش دەكرێت، لەویٚ هاوكاری نەخۆش دەكرێت، لەولا هاوكاری نەخۆش دەكرێت، هەموو وای كردووە نەخۆش دێت چوار جار وەریگرێت، نەخۆشیش هەیە دیناری وەرنەگرتووە، لەبەرئەوە ئەو لیژنەیە ئێستا ئێمە لە وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەكمان دروست كردووە، نووسیومانە لیژنەی هاوكاری بۆ دەرەوەی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیرانیش زۆربەی بۆ ئەویٚ دەنێرێتەوە، یان دەبێت ئەم ڕۆڵە یەكخرێت، دەبێت لیژنەیەكی بالاٚ هەبێت، لیژنە بالاٚكە ئەوەی دروست كراوە مودیر عامی شئوونی صەحیە، شەش، حەوت دكتۆری پسپۆرن كە دەبێت بگۆڕدرێن، سیٚ مانگ بۆ شەش مانگ جارێك بگۆڕدرێن و، من هەموو بڕیارەكە پەسەند دەكەم، ئەوكاتە ئەو هینە من لەگەڵ ئەوە نیم هەر كەسە و بودجەیەكی لەبەر دەست بوو لیژنەیەكی خۆی هەبێت، نەخێر یەك لیژنە هەبێت بۆ هەموو هەرێم، هەموو بڕیارەكان لەو لیژنەیە دەرچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەی شەش.

**بەڕێز هاوڕاز شیخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

ئەنجومەنی ئەمینداریەتی تایبەت دەبێت بە بەڕێوەبردنی كارەكانی و نەخشەكێشانی سیاسەتی گشتی كە لەسەری دەڕوات بڕیارەكانی ئەو پلانانەی كە بەڕێوەچوونی كاری تێدا كۆنترۆڵ دەكات، ئەنجومەنی ئەمینداریٚتی بڕیاری پێویست دەگرێتەبەر بۆ جیٚ بەجیٚ كردنی ئەو خواستانەی لە پێناویدا دامەزراوە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە، یان ئەو ڕێنمایی و جاڕنامەو بڕیارانەی بۆ جیٚ بەجیٚ كردنی دەرچوون و بەتایبەتی ئەویش بۆی هەیە:

1-دانانی لائیحەی ناوخۆیی بۆ ڕێكخستنی كاروباری دزی و لێپرسینەوەو بەڕێوەبردن و هونەریی دەستەو دامەزراندنی كارمەندانی سندووق و تەرقیەو گواستنەوەو دەست نیشان كردنی مووچەو پاداشت كردن و لێپرسینەوەی سەر زەنشتی و هەر شتێك پەیوەندیی بەكارو باری وەزیفەیانەوە هەبٚت و بەرزكردنەوەیان بۆ وەزیر.

2-دانانی پرۆژەی بودجەی ساڵانەی سندووق و حیسابی كۆتایی.

3-سەیر كردنی ئەو ڕاپۆرتە خولییانەی كە سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوە چوونی كاری سندووق و یاسای دارایی سندووقن.

4-دانانی پێوەرو مەرجی پێویست بۆ دەست نیشان كردن و پاڵاوتن و هەڵبژاردنی سوودمەندان لە خزمەتگوزارییەكانی، ئەمەش لە ڕێگای بەڕێوەبردن و دەستەو لیژنەی هونەریی پسپۆڕەوە دەبێت، كە ئەنجومەنی ئەمینداریٚتی لە كەسانی شارەزاو پسپۆر پێك دێنێت.

5-دانانی پلانی پڕ پەرەپێدان و گەشە پێ کردنی وەبەرهێنان و سەرچاوەکانی داهاتی سندووق.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

يختص مجلس الامناء بادارة شؤونه ورسم السياسة العامة التي يسير عليها واقرار الخطط التي تحكم سير العمل به، ويتخذ مجلس الامناء ما يراه لازماً لتحقيق الاغراض التي انشأ من اجلها طبقاً لاحكام هذا القانون وا الانظمة او اللوائح او القرارات الصادرة تنفيذاً له، وله على الاخص:

1-وضع اللوائح الداخلية المنظمة للشؤون المالية والادارية والفنية للهيئة، وتعين العاملين بالصندوق وترقياتهم ونقلهم وتحديد رواتبهم ومكافأتهم ومساءلتهم تأديبياً وكل ما يتعلق بشؤونهم الوظيفة ورفعها الى الوزير للنظر في اعتمادها.

2-اعتماد مشروع الميزانية السنوية للصندوق والحساب الختامي.

3-النظر في التقارير الدورية التي تقدم عن سير العمل بالصندوق وعن نظامه المالي.

4-وضع المعايير والاشتراطات اللازمة لتحديد وترشيح واختيار المستفيدين من خدماته وذلك عن طريق ادارات واجهزة ولجان فنية متخصصة يشكلها مجلس الامناء من ذوي الخبرة والاختصاص.

5-وضع خطط تطوير وتنمية استثمارات وموارد الصندوق، وللمجلس ان يفوض رئيسه او الرئيس التنفيذي للصندوق في بعض اختصاصاته، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوای هەڵوەشانەوەی یاخود لابردنی ئەو ماددەیەمان کردووە یاخود ئیلغا بکرێت، پێویست ناکات لەبەر چەند هۆکارێك:

یەکەم: ئەو ماددەیە باس لەدەستەڵاتەکانی (مجلس الامناء) دەکات، ئێمە پێشتر لە ڕاپۆرتەکەمان پێشنیارمان کرد کە پێویست ناکاتن (مجلس الامناء) هەبێ، تەنها ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقەکە هەبێ، ئەرکەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقیش لەمادده (2 و 3)ی یاساکە باسکرایە، واتە ئەو ماددەیە زیادە، جگە لەوەی دوو خاڵ هەیە کە باس لە تەقاریر و شتی سندوقەکە دەکا، بڕگەی (3و 5)ە، ئێمە پێشنیارمان کرد ئەو دوو بڕگەیە لەگەڵ مادده سێ دەمج بکرێ، گواستیتمانەوە لە ڕاپۆرتەکەی

خۆمان، ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بۆ مادده سێ، بڕگەکانی تر هیچ ئەو ماددەیە پێویست ناکا، لەبەر ئەوەی پێشنیاری ئەوەمان کرد کە (مجلس الامناء) نەبێ و زۆر لەئەندامانیش پشتگیری پێشنیارەکەیان کردین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی ئێمەش تێبینیمان کرد بەشە هەرە زۆرەکەی لەسەر ئەو ڕەئییە بوو کە (مجلس الامناء) نەمێنێ، فەرموو لیژنەی تەندروستی ئەگەر تێبینییەکتان هەبێ.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنە ڕەئیمان لەسەر ئەوەبوو ئەو مادده هەبێ و بوونی هەبێ، بەڵام کاتێ ئەگەر لەناو پەرلەماندا ئەمە نەما، ئیتر ئاساییە بۆ ئێمەش کێشەیەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ لیژنەی یاسایی دام، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتانەوێ موناقەشەی بکەن؟ فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەگەر هەرسێ لیژنەی بەڕێز سەیری بکەن لەمادده ( 6) بۆ (13) ئیلغا بکرێتەوە، چونکە هەمووی پەیوەندە بە لائیحە و ئەنزیمەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنەکە، بەیەك مادده دەتوانرێت ڕێك بخرێت کە بوترێ ئەنجومەن خۆی یاخود لەلایەن وەزارەتەوە ئەنزیمەو لائیحەی ئەو ئەنجومەنە ڕێك بخرێ، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕای کاك ئارامم هەیە و پشتگیری ڕەئییەکەی دەکەم کە ئەو ماددانە مادام ئەنجومەنەکە نامێنێ، زۆر بەشیان بەپەیڕەو ڕێك دەخرێ، هەموویان ئیلغا بکرێت و بەیەك مادده باس لەوە بکرێ کە ئەنجومەن خۆی دەتوانێ ئەوە بەپەیڕەوێك ڕێك بخات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسای فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لە ڕاپۆرتەکەمان پێشنیارمان کردووە کە لەماددەی (6)تاکو مادده (13) هەمووی پێویست ناکا لەناو یاساکەدا هەبێ، باس لەئەرکەکان و دەستەلأتەکانی (مجلس الامناء) دەکا، تەنها ماددەك نەبێ کە ناوەڕۆکی مادده حەوتە، باس لە کۆبوونەوەکان دەکا، ئێمە لەو ماددەیە لە ناوەڕۆکەکەی سوودمان وەرگرت بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە بڕۆنە سەر ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیارمان کردووە کە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقەکە بەماددەیەك ڕێك بخرێ، بەم شێوەیە:

1- يجتمع المجلس مرة واحدة في الشهر على الاقل وله عقد اجتماع في اي وقت اذا اقتضت الحاجة.
2- يصدر المجلس قراراته باغلبية الحاضرين، وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت معه الرئيس.
3- تدون مناقشات وقرارات المجلس في سجل خاص يعد لهذا الغرض.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی پێشنیارتان هەیە، لەسەر ئەوەی کە لیژنەی یاسایی پێشنیار کرد؟ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی ئەو ماددەیە دەکەم کە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی لیژنەی یاسایی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی لەسەر هەیە؟ یەك كەس فەرمووو كاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیەش وەکو ماددەکانی تر کە هەروەکو د. رۆژان باسی کرد، زیادەی وا پێویست نا لەناو ئەم یاسایە دا هەبێتن، چونکە بە ڕاستی ئەمە لێگەڕێن بۆ خودی مەجلیسەکە لەوانەی بە دوو مانگ، بەسێ مانگ جارێك کۆببێتەوە، چۆنیەتی قەرار دانیش بخەینەوە دەستەڵاتی خۆیان نەك ئەوەی کە ئیجباریان بکەین بەپێی ئەو یاسایەی کە هەیە، بۆیە من واهەست دەکەم کە ئەمەش زیادەیە ئیلغا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە هەروەکو ئێوە پێشنیارتان کرد بڕۆنە سەرماددەکانی دیکە، مادام لە ( مجلس الامناء ) نەما بڕۆنە سەرماددەکانی دوای ئەمە، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەك، ڕیزبەندی ماددەکان دواتر دیاری دەکرێ.

للوزیر اصدار التعلیمات اللازمة لتنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کە لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردو، هەندێ برادەریش پشتگیریان کرد کە ئەو ماددەیە لە (6) بۆ (13) نەمێنێ، بێ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە بازی بەسەر دابدرێ، پێم وایە ئەبێ بخرێتە دەنگدانەوە ئینجا موناقەشەی نەکرێت، چونکە ئەگەر نەخرایە دەنگدانەوە ئەبێ موناقەشەی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە کاك شێرزاد باسی لەسەر کرد بەتەئکید وایە، ئەبێ ئەو ماددە ئیلغا کراوانە بخرێنە دەنگەوە، بۆ ئەوەی لە پڕۆژەکە.....

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆره بیخوێنەوه لەچەند تا چەند بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەو پێشنیاره بخرێتە دەنگدان، ئایا (مجلس الامناء)کە بمێنێ یان نا؟ بکرێتە مەجلیس ئیدارە؟ ئەگەر (مجلس الامناء)کە دەنگمان بۆدا کە نەمێنێ، ئەو ماددانـە هـەموو پەیوەنـدی بـە (مجلس الامنـاء)، پێویست ناکا هـەر هەشت مـادده بخوێندرێتـەو، تەسـویتی لەسـەر بکـرێ، کێشـەکە لەسـەر (مجلس الامنـاء)، (مجلس الامناء) بێ یان مەجلیس ئیدارەبێ، لەپڕۆژە یاسایەکە (مجلس الامناء) هاتییە، لـەڕاپۆرتی لیژنـەی یاسایش مەجلیس ئیداره هاتییە، ئەگەر مەجلیس ئیدارەکە بخرێتە دەنگدان پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەنگی هێنـا ئەوە (مجلس الامناء)کە هەڵدەوەشێتەوە، نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر هاتو ئەو بابەتە خرایـە دەنگدانـەوە ئەمینداریـەتی (مجلـس الامنـاء) نـەما مەجلیسی ئیـداره چـووە شوێنی هەندێك مەهامی (مجلس الامناء) هەیە لەڕاستیدا کە پێویستە مەجلیسی ئیـدارەش پێـی هەڵبستێ، لەبەر ئەوە من پێشنیارێکم هەیە کەدواتر ڕیزبەندی ماددەکان داندرایەوە هـەموو ماددەکـان ئیلغـا نـەکرێ، ئەو ماددانەی کەوا پێویستی بە ئیجرائات هەیە مەجلیسی ئیدارە پێی هەڵبستێ، بەڕێز لیژنـەی یاسایی ڕیز بەندییەکی بۆ دابنێ، لەمەهامی (مجلس الامناء )وە بیخاتە مـەهامی مەجلیسی ئیـدارەوە، بۆئـەوەی پـرۆژە یاسایەکە بەکاملی دەربچێ، ئەو مەجلیسی ئیدارەیە دواتر بتوانێت کارەکانی جێ بەجێبکا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمـە دەنگـەوە، کـێ دەڵـێ (مجلس الامنـاء) نـەمێنێ؟ تکایـە دەست بـەرز بکاتـەوە، وەڵا هەموویەتی، کێ دەڵێ بمێنێ؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، تەنیا (3) کەس دەیەوێ بمێنێ، کەواتە بەزۆرینە پەسەند کرا کەنەمێنێ، فەرموو بۆ ماددەکانی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردییەکەی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکا، بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەم ماددەیە لەکاتی خۆیدا لیژنەی ئابووری ئاماژەمان پێداوە، پێویستە ماوەیەك دیاری بکرێت بۆ بەڕێز وەزیر تاکو تەعلیمات دەربکات نەك بەکراوەیی بمێنێتەوە لە ئەصڵی پڕۆژەکە (6) مانگ هاتووە، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پێشنیاری (3) مانگمان کردووە، پێشنیاری ئێمە ئەوەیە ماوەیەك دیاری بکرێ بۆ جەنابی وەزیر، دەرکردنی ڕێنماییەکان تا بتوانین سەرەتای جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژە یاسایە کە دوایی بڕیاردانە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی هەردوو پێشنیارەکەی یاسایی و داراییش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێ قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، ناوەکانیان دەخوێنمەوە (پەیام خان، د. ڕێباز، کاك عمر، کاك ئارام) فەرموو پەیام خان.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری بۆچوونەکەی لیژنەی دارایی دەکەم کە بۆ بەڕێز وەزیر ماوەیەك دابندرێ کە (3) مانگ بێ، بۆ ئەوەی ئیشەکان جێ بەجێ بکرێ و ماددەکان ئیزافە بکا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من لەرووی دەسەڵاتەکەوەیە، ئایا لەدەسەڵاتی وەزیرە یان لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە؟ چونکە وەزارەت خۆی داوا دەکات ئەو بودجەیەی کە داوا کراوە لە سەرچاوە داراییەکانە، ئەو بڕە بودجەیەی حکومەت ئەو بڕە بودجەی وەزارەتی تەندروستی نەبێت تاوەکو وەزارەتی تەندروستی بڕیار دەربکات بەشێك لە بودجەی خۆی بخاتە سندوقەکە، ئەو داوا دەکات لە بودجەی گشتی بڕێك بودجە بۆ

ئەو سندوقە دابندرێ، ئەو کاتە ئەم دەستەڵاتە لای وەزیر نامینێتەوە تاوەکو وەزیر تەعلیمات دەر بکات بۆئەوە، بەڵکو ئەوە دەستەڵاتێکی بەرزترە لە وەزیر کە دەتوانێ ئەو بڕیارە دەربکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا دوای ئەو گفتوگۆیە لەرێگای جەنابتەوە پرسیارێك ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکەین، ئایا ئەنجومەنی وەزیران بە ئاگایە لەم پڕۆژە یاسایە؟ ئایا ڕەزامەندە لەسەری؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەم لەسەر ماددەکانی پێشووتر بوو کە باسی لەسەر کرا، وتیان (10 و 11 و 12 و 13) ئیلغا دەبێ، ئێستا یەکسەر هاتینە سەر ماددەی (14) بۆ ئیسداری تەعلیمات، ئەی نابێ مەسیری ئەو (10 و 11 و 12 و 13) دیاری بکەین؟ ئەمێنێ یان ئیلغا دەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە (مجلس الامناء) نەما ئەو ماددانەی پەیوەندی بە (مجلس الامناء)یە باس لەکار و چالاکی و دەستەڵاتی (مجلس الامناء) دەکاتن، نەما، ئەوە یەك.

دوو: ئێمە کەباسی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنمان کرد شوێنی (مجلس الامناء)ی گرتەوە لەماددەی (2 و 3) دەستەڵاتەکان مەهام و سەلاحیاتی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقمان جێگیر کرد لەماددەکە بەس مایە دابڕێژرێتەوە، بێتە هۆڵی پەرلەمان بۆ دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (مجلس الامناء) ماددەیەکی تایبەتە بەخۆی، ماددەکانی (10 و 11 و 12 و 13) مەوادی تـرن تایبەتن بەئیش و کاری خۆیان، پێویستە یەك، یەك باسی لەسەر بکرێ بڵێ (10 و 11 و 12 و 13) بمێنێ یان نەمێنێ؟ ئەو بەس ماددەی (مجلس الامناء)یە کەنەماوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە دیاری کردنی کات بۆ (3) مانگ یان (6) مانگ بۆ تـەعلیمات، پێچەوانەی یاساکەیە، چونکە کە یاساکە دەرچوو لە رۆژی بڵاوکردنەوەی دەبێ جێ بەجێ بکرێ، لەبەر ئەوە ناکرێ کات دیاری بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

د. رۆژان تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەمادده (6) کەپێشنیار کرا (مجلس الامناء) نەمێنێ، باس لە (مجلس الامناء) دەکا ( یختص مجلس الامناء) کە (مجلس الامناء) نەما ئیختیساساتی چی بمێنێ؟ مادده (7) (یجتمع مجلس الامناء) (مجلس الامناء) نەما، مادده (8) (علی مجلس الامناء) (مجلس الامناء) نەما، مادده (9) باسی رەئیسی تەنفیزی دەکا، ئێمە وەزیری تەندروستیمان کردە سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق، ڕەئیس تەنفیزی نییە، ئەگەر ڕەئیس تەنفیزی نەبوو کێ شوێنی دەگرێتەوە؟ ئەوە مادده (10)یە، خۆی ڕەئیس تەنفیزی نییە، بۆ باسی شاغرەکە بکەین؟ ماددەی (11) باسی (مجلس الامناء) دەکا، تەحدیدی موکافەئات و ئجور دەکا بۆ ئەندامانی، ماددەی (12) باس لە ڕەئیس تەنفیزی دەکا، ماددەی (13) باسی (مجلس امناء الصندوق) دەکا، بۆیە هاتین باسی مادده (14)مان کرد، چونکە (مجلس الامناء) نەما، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم لەوە نییە کە (مجلس الامناء) ڕاستە نەما، دەنگی لەسەر درا، بەڵام ماددەکانی ماتەبەقای ئەو مەجلیسە لەپڕۆژە یاساکەدا مەسیری چی لێدێت؟ نابێ لێرە بە پڕۆتۆکۆڵییەن باسی بکەین بڵێین ئیلغا بوو؟

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەدەنگدان هەمووی ڕۆیشت، دەنگمان لەسەردا، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ حکومەت پشتگیری کردووە بە نووسراوی ژمارە (5140) لە 2012/8/29 هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا نووسراوی وەزارەتی تەندروستیتان بۆ دەنێرین تایبەتە بەوەڵامی ناوەڕۆکی نووسراوی سەرەوەتان پشتگیری لە ڕای وەزارەتیان دەکەین، بەئیمزای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (8): على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة(9): ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆی دەرچوون:

یەکەم: بابەتی چارەسەر کردن و چاك بوونەوە، سەبارەت بە زۆرێك لەحاڵەتی نەخۆشی.......

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە هاوڕاز خان، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

كاك عمر هەوڵی دا ئاماژە بەوە بدات ئێمە لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاسایی داینەو دەنگدانەکە لە(مجلس الامناء) نەما، بەڵام لەلائیحەی پرۆژەی ئەصڵی مادده (7، 8، 9) من پێشنیار دەکەم یان بەیەکجار یان یەك، یەك دەنگ بدەین بڵێین ئەوانە لابدرێن، تاکو ئوسوڵی بێت، خۆی ئەساسەن لادەدرێن، وا تەسەوڕ دەکەم، پێش بچینە ئەوانی تر دەبێ مەسیری ئەم ماددانە دیاری بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە قسەکەی کاك عمر قانونییە، بەڵام ڕۆژی دەنگدان کە دێینە سەر دەنگدانی ماددەکانی دیکە ئەو ڕۆژە دەبێ هەموو ئەو ماددانە بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئیلغا کردنی ئەمانە، نەك ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ئەسبابی موجەبە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆی دەرچوون:

1-بابەتی چارەسەر کردن و چاك بوونەوە سەبارەت بە زۆرێك لە حاڵەتی نەخۆشی سەخت و قورس و کوتوپڕ، دیاردەیەکی پڕ دڵەڕاوکەیە بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییداو بە هاوشان لەگەڵ زیاد بوونی نەخۆشیەکان و نزمی باری گوزەرانی هاووڵاتیان وای کرد کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆڵەکانی هەرێم و خانەوادەکانیان داوای یارمەتی بکەن و ساڵانێکی دوورو درێژ چاوەڕان بن، ئەمەش بووە هۆی کاردانەوەو کارەساتی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا کەمی سەرچاوەکانی هەرێم لە بودجەی وەزارەتی تەندروستی و توانا نەبوونی لە پشتگیری کردنی پرۆگرامەکانی چارەسەر کردن و چاك بوونەوە.

2-ئەم پرۆژەیە دەخوازێ بە یاسایەك پێویستیەکی کۆمەڵگەیی پڕ بکاتەوە، کە بۆتە فشارێك و دڵەڕاوکە بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کە پەروەردگار دوچاری نەخۆشی سەخت و کوتوپڕو دەگمەنی کردوون، کە وایان لێ دەکات داوای چارەسەر کردن بکەن لە دەرەوەی هەرێم، کە تێچووی دووقاتە و سەرچاوەکانی تەمویلیش بەردەست نییە.

3-سوود وەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانی جیهانی هەمە جۆر، لە پرۆگرامەکانی چارەسەر کردن و چاك بوونەوە لە رێگای هاوکاری کردن لەگەڵ دەستەو ناوەندە پزیشکییە جیهانییەکانی پسپۆری کە پرۆگرام و رێنماییەکانیان بۆ پاشەڕۆژ لە ژێر توێژینەوەی بەردەوامدان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جیهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**1-تمثل مسألة العلاج والاستشفاء بالنسبة للكثير من الحالات المرضية والمستعصية والصعبة والطارئة ظاهرة مقلقة بالنسبة لمواطني كوردستان في السنوات الاخيرة بالتزامن مع ازدياد المرض وتدني الاوضاع المعيشية للمواطنين، مما حدا بالعديد من ابناء الاقليم وعوائلهم الى طلب المساعدة والانتظار سنين طويلة الامر الذي تسبب في تداعيات وكوارث اجتماعية وترافق ذلك مع شحة موارد الاقليم وميزانيات وزارة الصحة وعدم قدرتها على دعم برامج العلاج والاستشفاء.**

**2-يرمي هذا المشروع بقانون الى سد الحاجة مجتمعية باتت ضاغظة ومقلقة للمواطنين الذين ابتلاهم الله بامراض مستعصية وطارئة او نادرة مما يدفعهم لطلب العلاج خارج حدود الاقليم حيث تتضاعف الكلفة وتتعذر مصادر التمويل.**

**3-الاستفادة من التجارب العالمية المتعددة في برامج العلاج والاستشفاء عن طريق التعاون مع هيئات ومراكز طبية عالمية متخصصة وتخضع برامجها وتوجهاتها المستقبلية لكثير من الدراسة المستمرة.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموو.**

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە ئەسباب موجیبەکە لەبەر ئەوەی زۆر دوورو درێژ بوو کورتمان کردۆتەوە، لەبەر ئەوەی نەخۆشی شێرپەنجە و نەخۆشییە گرانەکان لەهەرێمی کوردستان زیاد بوونە، خەرجی و تێچوی چارەسەری ئەو نەخۆشانە زۆرە، لەتوانای ئەو کەسانە دانییە کە تووشی ئەو نەخۆشیانە بوونە ، بۆیە ئەم یاسایە دەرکرا، بەعەرەبییەکەی:**

**الاسباب الموجبة**

**نظر لازدياد مرض السرطان و الامراض المستعصية في اقليم كوردستان و لان تكاليف علاج هذه الامراض باهظة لعدم قدرة المصابين على تحمل تكاليف العلاج، فقد شرع هذا القانون، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی تەندروستی تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرمووو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵاهی من پێم باشە هەندێك لەوانەی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی تێدا بێت، چونکە باسی هینی نەکردووە، باسی ئەوەی کە بنێرنە دەرەوە، باسی ئەوەی نەکردووە کە مونشەئات و سەنتەرات دروست بکرێ، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەگەر بۆتان بخوێنمەوە:

1-تمثل مسألة العلاج والشفاء بالنسبة للكثير من الحالات المرضية والمستعصية ظاهرة مقلقة بالنسبة للمواطنين في اقليم كوردستان في السنوات الاخيرة بالتزامن مع ازدياد عدد المرضى، مما حدا بالعديد من ابناء الاقليم وعوائلهم الى طلب المساعدة والانتظار لمدة طويلة، الامر الذي تسبب في تداعيات اجتماعية وترافق ذلك مع عدم كيفاية موارد وميزانيات وزارة الصحةفي الاقليم ودعم برامج العلاج.

2-يهدف هذا القانون الى سد الحاجة مجتمعية باتت ضاغظة ومقلقة للمواطنين الذين ابتلاهم الله بامراض مستعصية او نادرة مما يدفعهم لطلب العلاج خارج حدود العراق حيث تتضاعف الكلفة وتتعذر مصادر التمويل.

خاڵی سێیەمیش پێویست ناکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە ( کاك عمر عبدالرحمن، کاك شوان، پەیمان خان، بێریڤان خان، کاك عبدالسلام، تارا خان)، فەرمووو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆکاری دەرچوونی هەموو یاسایەك ئەسبابی موجەبەی لەسەر ئەهداف و مەهامی ئەو پرۆژەیە دێتە دی، ئەوەی کە لەلیژنەی یاسایی سیاغە کراوە بەوەی کە ئەم نەخۆشییە ختورەی هەیە، بڵاو بۆتەوە زۆر، کولفەی عیلاجەکەی زۆر گرانە، بۆیە ئەم یاسایەی پێدەرچووە، پێویستە ئەوە بکرێتە هۆکاری دەرچوانی

باقییەکەی تر پێویستی بە ئالیەتی هەموو یاساکە ناکاتەوە، تەنها ئەوە موکتەفییە لەسەر هەدەفی یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕایەکەی هاوکارم کاك عمر عبدالرحمن دەکەم، ئەمە یەك.

دوو: بەڕاستی غەدرێکی گەورە لەهەرێمەکەمان دەکەین، لەئەسبابێکی موجەبە بڵێین (وتدني الاوضاع المعیشیة للمواطنین) بە پێی قسەی هەموو ڕێکخراوەکان، ئەو بەدوا داچوونانەی کە دەیکەن ڕێژەی مەعیشەت لەکوردستاندا وردە وردە بەرەو باشتر دەڕوا، یەعنی قەت دانابەزێ، ڕاستە خەڵکی فەقیر هەیە، لەتازەترین سەرژمێریدا لە 3٪ ی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەسلێمانی و لەهەولێر، نازانم بۆچی دهۆکی تێدانییە، لە 3٪ی لە مستەوای فەقیریدایە، لە عێراق لە 27٪، یەعنی ناکرێ لەئەسبابێکی موجەبەدا شتێك بڵێین کە دوور بێ لە ڕاستییەوە، ئەمە یەك.

دوو: بەڕاستی ئەو یەك و دوو و سێیەشی ناوێ هەر ئەو دوو، سێ کە کاك عمر وتی پێم وابێ بەسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەسباب موجەبە بۆ خۆی وەکو کاك عمر باسی کرد ئیتر ئەهداف و ئامانجی یاساکە دەردەخا، ئێمەش لەبەر ئەوەی لەئەساسدا ئەصڵی مەوزوع ئەوەیە کە بەتەنیا بۆ سەرەتانە یاخود بۆ ئەمڕازی موستەعسییەشە، پێم وابێ ئەسباب موجەبە بەتەنیا ئەبێ بمێنێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە ئێمە بۆئەوەی بزانین بە سەرەتان ئەبێ یاخود بابڵێین ئەمڕاز موستەعسییەکانیش دەبێ، چونکە لەوێوە دەردەکەوێت کە قانونەکەت بۆچییە، دووهەم من لەگەڵ ئەودام کە ئەسباب موجەبەی لیژنەی یاسایی بمێنێتەوە، چونکە ئەمەی تر ئەوەی لە ئەصڵی پڕۆژەکە هاتووە بەڕاستی ئینشائیاتێکی زۆرە لەکۆمەڵێ حاڵیشدا دوای دەکەوینە بەردەمی کۆمەڵێك ڕەخنەوە، چونکە لەخاڵی دووەمدا ئەمە بابڵێین بە بەلوە نەخۆشی دانـدراوە، کە ڕەنگە ڕەئییەك هەبێ هەموو نەخۆشییەك کە لەلای خواوەیە نیعمەتە، ئینجا دەکەوینە بەردەمی ئەو ڕەخنانەش بۆ ئەسبابی موجەبە، بۆیە ئەوە باشترە کە ئەسباب موجەبە بەو کورتییەبێ کە لیژنەی یاسا دایانناوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەهۆی دەرچوونی ئەم پرۆژە یاسایە نووسراوە هۆی دەرچوونی چارەسەرکردن و چاك بوونەوەیە، من لەگەڵ ئەوە نیم بنووسرێ چاك بوونەوە، چونکە چاك بوونەوە گەرەنتی نییە تۆ بیدەی بەنەخۆشێك کە سەرەتانی هەیە یان نەخۆشی قورسی هەیە، بەهۆی ئەو سندوقە چاکی بکەیەوە ئەتو چارەسەری دەکەی هەتا بەسیت ترین نموونەی نەخۆشی کە دکتۆر چارەسەری دەکا پێی ناڵێ تۆ چاك دەبیەوە، گرەنتی بداتێ، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەوەمان دەرینایە، ئەگەر وابێ هەموو کەس دەچێ بۆ ئەو سندوقە دەڵێ چاکدەبمەوە، ئەو زانستانە دەبێ ئێمە بنووسین دەتوانین بڵێین ( هەوڵدان بۆچارەسەرکردن و چاك بوونەوەی)، بەڵام ناتوانین ئێمە بڵێین چاك بوونەوە، ئەوە لەلایەك. لەلایەکی تریش دەڵێ نەخۆشی کت و پڕ، ئەوە نەخۆشی کت وپڕ بۆ هاتیتە ناو هۆی دەرچوون؟ ئێمە باسی نەخۆشی کت وپڕمان هیچ نەکردووە لێرە، لەپڕ چوویتە ناو هۆکاری دەرچوونی یاسایەکە، ئەگەر نەخۆشی کت و پڕ باس بکەین مەعنای ریغۆڵەکۆرەش دەگرێتەوە، ئەویش کت وپڕ تووش بووە، دەبێ بچێ پارە لە سندوقەکە وەربگرێ، ئەوە تایبەتە بە نەخۆشی قورس یان شێرپەنجە، بەنیسبەت ئەوەش یاسایەك دەردەینین ئەو یاسایە بۆ ئەمڕۆ نییە، بۆ بەیانی نییە، یاسا لەوانەیە بۆ نەوەی دوای خۆمان بێ، کە دەڵێین نەخۆشییەکان لەبەر هۆی نزمی باری گوزەرانی هاوڵاتیانە، من لەگەڵ ئەوە نیمە ئەوە بنووسرێ، چونکە گوزەران ئەمڕۆ خراپە بەیانی باش دەبێ، لەبەر ئەوە نییە ئێمە ئەو یاسایەمان دەرکردووە، چونکە ئێمە یاسا بۆ ئەفریقیا دەرنایینین، بۆ هەرێمی کوردستان دەردەینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من 100٪ پشتگیری ڕەئی کاك عمر دەکەم وە جەخت لەسەر ئەوە دەکەم بەهیچ شێوەیەك هیچ وشەیەك دەربارەی ناتوانایی خەڵك یان ئاستی ئەوەی تێدا نەبێ، چونکە پەخشانە زیاتر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**تارا تحسین یاسین ئەسعدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من به كورتى وا ئەيبينم بەم شێوەیە دا بڕێژێتەوە (نظر لازدياد مرض السرطان عالميا ومنطقة الاقليم ولازدياد تكاليف علاج هذه الامراض ولعدم قدرة المصابين على تحمل التكاليف وللمساهة مع وزارة الصحة لعلاج هذا المرض، لهذا شرع هذا القانون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل / سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بابەت هەمووی هاوكاری كردنی داراییە، كەمكردنەوەی نەفەقاتی عيلاجە زياتر نييە، ئێمە بەتەفاسير بڵێين بۆچی و چۆن و چەندبێ، نابێ، بەدوو دێر دەتوانين حەصر بكەين، بۆ دكتۆرە ڕۆژانم ناردووە بڵێين (نظرا لتزايد حالات الاصابة بمرض السرطان و الامراض المستعصية في اقليم كوردستان و لأجل تخفيف العبء المالي على المصابين فقد شرع هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل / سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هيچ تێبينييەكمان نييە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل / سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی ياسايی تێبينيتان هەيە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تێبينيانە لەبەرچاو دەگرين لەكاتی داڕشتنەوەی ياساكەو هۆكارەكانی دەرچواندنی ياساكە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل / سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە ياسايە بەتێر و تەسەلی موناقەشەی لەسەر كرا، بيروڕای هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەكان وەرگيرا لە ليژنە تايبەتمەندەكان تێبينيەكان هەموو تۆمار كراون، بۆيە داوايان لێدەكەين چ پڕۆژە ياساكەی پێشووتر و چ ئەوەی ئێستاش كە تەواو بوو بە زووترين كات بەهاوكاری لەگەڵ وەزيرە بەڕێزەكان و خەڵكە مەعنييەكان، بە تێبينی پەرلەمانتارە بەڕێزەكان دايبڕێژنەوەو، بۆ ئەوەی لە دانيشتنەكانی داهاتوومان بيانخەينە دەنگدانەوە، تا دانيشتنی داهاتوو بەخواتان دەسپێرين هەر سەركەوتوو بن، زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بايز اسماعيل**

| | | |
|---|---|---|
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)**

**چوار شەممە رێکەوتی 3\10\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2012/10/3

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 2012/10/3 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسن محمد سوره جێگری سـەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـاره (9)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) له پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (9)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێكـەوتی 2012/10/3 دا بـەم شێوەیە بێت:

1- ئامـاده بـوونی بـەڕێز وەزیـری شـارەوانی و گەشـتوگوزار بـۆ بەرچاوخسـتنی ئاسـتی جـێ بـەجێ كردنـی بەرنامــەی حكومــەت لــەبواری شــارەوانیەكان و گەشــتوگوزارو وەڵامدانــەوەی پرســیارەكانی ئەنــدامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەست پـێ دەكـەین، پەرلـەمانی كوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، ساڵی چوارەم، خـولی گرێـدانی یەكـەم، ژمـارەی دانیشـتن (9)، ڕۆژی دانیشـتن 2012/10/3، بەرنامەی كار:

بـەپێی حوكمـەكانی بڕگـە (1)ی مـادده (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی كوردسـتان - عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامــەی كـاری دانیشتنی ژماره (9)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبـژاردن لـە كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شەممە ڕێكەوتی 2012/10/3 بەم شێوەیە بێت:

1- ئامـاده بـوونی بـەڕێز وەزیـری شـارەوانی و گەشـتوگوزار بـۆ بەرچاوخسـتنی ئاسـتی جـێ بـەجێ كردنـی بەرنامــەی حكومــەت لــەبواری شــارەوانیەكان و گەشــتوگوزارو وەڵامدانــەوەی پرســیارەكانی ئەنــدامانی پەرلەمان.

**ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەخوێنێتەوە کە مۆڵەتیان هەیە، یان ئەمادە نەبوون، با بفەرموێ:**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە (8)ی ئاسایی لە 2012/9/26 مۆڵەت پێدراون، یان ئامادە نەبوون، (25) ئەندامن و هەموویان مۆڵەتن، بۆیە تەنها ناوەکانیان دەخوێنمەوە:**

1- **ئارام شاهین داود.**

2- **احمد سليمان عبدالله(بلال).**

3- **اسماعيل سعيد محمد.**

4- **برهان رشيد حسن.**

5- **حازم تحسين محمد.**

6- **سمير سليم امين بەگ.**

7- **سۆزان شهاب نوری.**

8- **سەردار رشيد محمد.**

9- **شلێر محی الدين.**

10- **شڤان احمد عبدالقادر.**

11- **صبيحە احمد مصطفى.**

12- **عدنان عثمان محمد.**

13- **عمر حمدامين خدر.**

14- **عظيمة نجم الدين حسن.**

15- **پەروين عبدالرحمن عبدالله.**

16- **نەسرين جمال مصطفى.**

17- **حمديە معروف.**

18- **خورشيد احمد سليم.**

19- **دڵشاد حسين قادر.**

20- **سەروەر عبدالرحمن عمر.**

21- **فاضل محمد قادر.**

22- **ليلى امير عاض.**

23- محمد موسى.
24- ناسك توفيق عبدالكريم.
25- یاووز خورشید.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی و ڕێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەفدە یاوەرەکەیان دەکەین، بەخێر بێن، ئێستاش دەچینە سەر بەرنامەی کار:

ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ بەرچاوخستنی ئاستی جێ بەجێ کردنی بەرنامەی حکومەت لەبواری شارەوانیەکان و گەشتوگوزارو وەلاَمدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان.

داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین بفەرمویێت بۆ سەر سەکۆ، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێستا پەتای کۆلێرا بلاَو بۆتەوە، ژمارەیەك ئەندامانی پەرلەمان راپۆرتێکمان ئامادە کردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ بانگهێشت کردنی وەزیری تەندروستی و بانگ کردنەوەی بەڕێز وەزیری شارەوانی بۆ مەسەلەی قسە کردن و گفتوگۆ کردن لە بارەی پەتای کۆلێراوە، بەلاَم بە دەرفەتی دەزانم ئەمڕۆکە بەڕێزیان هاتۆتە ئێرەو، لە چەند رۆژی رابردوودا لە سلێمانی بوو باسێکی ئەم پەتایەی ئەمڕۆ بکەین، چونکە شتێکی کتوپڕو زەرورە باس بکرێت، کاتێك ئێستا پەتای کۆلێرا لە سلێمانی و دەوروبەری هەبێت و چەند حاڵەتێکی مردنیش هەبێت، بەلاَم پەرلەمان ئەمڕۆ قسەی لەسەر نەکات، پێشنیاریش دەکەم ڕێگا بدرێت چەند ئەندامێکی پەرلەمان بە تەحدید هەندێك پرسیار دەربارەی ئەو پەتایە ئاراستەی بەڕێزیان بکەن، کە پێشتر لە سلێمانی بووە، بزانین چی کراوە سەبارەت بەو پەتایە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان خۆت دەزانی ئەمە دەورەی دووەمی پەرلەمانە، هەموو پرسیارێك، هەموو بەرنامەیەکی کار دەبێت بە لایەنی کەم لە (48) سەعات پێشتر بێت، لەبەر ئەوەی ئەوە لە بەرنامەی کاردا نییە، ئێمە هیچ مەناعەتێکمان نییە ئەگەر باسی سەفەرەکەی خۆیان بکات بۆ سلێمانی، بەلاَم ئێمە قەرارماندا وە دانیشتنەکەمان چوار سەعات بێت، ئەوە لە زیمنی چوار سەعاتەکە دەڕوات بەڕاستی، ئەگەرنا ئێمە بۆ هەفتەی داهاتوو، بیدایەتی هەفتەی داهاتوو وەکو ئێوە نامەتان نووسیوە کە وەزیری تەندروستی و وەزیری شارەوانی بانگ دەکەین، بۆ ئەوەی سەردێکمان بۆ بکەن بزانین چیان کردووەو سەبەبەکەی چیە، چ بەرنامەیەکیان داناوە بۆ ڕێگەگرتن لە بلاَو بوونەوەی ئەو پەتایە، ئەو نەخۆشیە سەرەتای هەفتەی داهاتوو ئەو بەرنامەیە جێ بەجێ دەکەین.

بەڕێزان، هەروەکو دوو هەفتە بەر لە ئێستا ئێمە بەرنامەی ئەوەمان دانا بوو بانگهێشتی بەڕێز وەزیری شارەوانی بکەین، بۆ ئەوەی بزانین بەرنامەی کارەکانی چی بووە لە ماوەی دەست بە کار بوونی، چی جێ بەجێ کردووەو چی ماوەو بەرنامەکانی چۆن چۆنیە؟ ڕێگامانـدا بە پەرلەمانتارە بەڕێزەکانیش پرسیارەکانی خۆیان بکەن، ماوەی دانیشتنەکەمان چوار سەعاتە، بەپێی تەسەلسولی ئەو ناوانەی کە بۆمان هاتووە، ناوەکان دەخوێنینەوە یەك، یەك، بۆ ئەوەی پرسیار بکەن، بەلاّم داواتان لێ دەکەین موراعاتی وەقت بکەن لە پرسیارەکان، جەنابی وەزیریش موراعاتی وەقت بکات لە وەلاّمدانەوەکەی، بۆ ئەوەی زۆرترین ئەو بەڕێزانەی کە پرسیاریان کردووە وەلاّمەکانیان دەست بکەوێتەوە، ئەگەر ماوەکە بەشی نەکرد، داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین ئەو وەلاّمانەی لەو ماوەیەدا وەلاّم نادرێتەوە بە تەحریری دوایی وەلاّمیان بداتەوە، بەلاّم هەندێك لە پرسیارەکان بەڕاستی زۆر لە وەقتێکی تاخیر هاتوون، ئێمە هەفتەی رابردوو ئەو بەرنامەیەمان داناوەو بە ئێوەی بەڕێزمان راگەیاندووە کە پرسیارەکان بکەن، بەلاّم هەندێکیان دوێنێ سەعات (2)ی پاش نیوەڕۆ پرسیارەکان گەیشتوون، کە بەڕاستی مومکینە جەنابی وەزیر ماوەی نەبوو بێت وەلاّمی ئەم پرسیارانە بداتەوە، پرسیارەکانیش زۆرن، بەس ژمارەی پرسیارەکان زیاتر لە (150) پرسیارە، پرسیاری واش هەیە (3) پرسیار، (5) پرسیاری لەخۆ دەگرێت، لەبەر ئەوە ئێستا ڕێگا دەدەین بە جەنابی وەزیر سەردێکی ئیش و کارەکانی خۆی بۆمان بکات بۆ ماوەی بیست دەقیقە، یان بیست و پێنج دەقیقە، دوایی دێینە سەر پرسیارەکان، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەم کاتەتان باش.

زۆر سوپاستان دەکەم دوای نزیکەی شەش مانگ لە کارەکانی ئێمە لەناو کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان میوانداریتان کردین بۆ پرسیارو روون کردنەوە دەربارەی کارەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، کە ئەمە بە دیتنی ئێمە دوو ئامانجی گرنگ پێك دێت:

یەکێکیان/ ئەوەیە خەمخۆری و بەدواداچوون بۆ داخوازیەکانی خەڵك.

ئەوەی تریشیان/ چاودێری کارەکانی وەزارەتە، کە هەردووکی بۆ وەزارەتەکەمان پاڵپشتیە.

هەروەها دەمەوێت دووپاتی ئیلتیزاماتی خۆمان بکەم، کەوا بەرامبەر پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز هەر کات و هەر دەرفەت و هەر بابەتێك کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا بێت ئامادەین و ئەمەش تەوجیهاتی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە لە یەکەم رۆژی دەست بەکار بوونی کابینەی حەوتەمەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ڕێگام بدەن هەندێك روون و کردنەوەو پوختەیەك لە بەرنامەی کاری وەزارەت لە ماوەی رابردوو و ئێستاو پلانمان بۆ ئایندەمان بخەمە روو، دواتریش ئامادەم بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکی ئەندامانی بەڕێز. ئاشکرایە کە وەزارەتی شارەوانی وەزارەتێکە 100٪ی کاری پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریە، بەم پێیە پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی تێکڕای دانیشتوانی هەرێمەوە هەیە، بۆیە هەر لە کاتی دەست بەکاربوومانەوە ئەوەمان راگەیاند کە ئامانجی یەکەم و سەرەکی وەزارەتمان پتەو کردنی پەیوەندی نێوان وەزارەت و هاووڵاتیە، هەموو تواناکانی دامودەزگاکان دەبێت تەنهاو تەنها بۆ ئەم ئامانجە بێت، گرنگی بەو بوارانە بدرێت کە زۆرترین هاووڵاتی لێی سوودمەند دەبن، کارە گشتیەکان لە سەرووی هەموو کارە تایبەتیەکانەوە بن، بە کردار ئەمە بۆ خەڵکی کوردستان بسەلمێنین و ئەم پرسیارانەی لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەربارەی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی وەکو موساتەحەو وەبەرهێنان و گۆڕینی زەوی و هەندێك ئیمتیازاتی تایبەت وەڵام بدەینەوە بەوەی کە لەگەڵ بڕوای تەواومان بە پاڵپشتی کەرتی تایبەت و فەراهەم کردنی دەرفەتی وەبەرهێنان، بەڵام دەبێت بەپێی یاساو رێنماییەکان بێت، لە بەرژەوەندی هاووڵاتیاندا بێت، شەفافیەت و عەدالەت پەیڕەو بکرێت لە دەستەبەر کردنی ئەو دەرفەتە، لێرەدا بە سەربەرزیەوە لە بەردەمی نوێنەرانی گەل دەڵێم لەو ماوەیەی کەوا ئەم پەرلەمانە بەڕێزە متمانەی پێداوم و سوێندم لەبەردەمی بەڕێزتان خواردووە تا ئێستا هیچ تەرخان کردنێکی بەدەر لە یاساو رێنماییەکان و پێدانی زەوی بەبێ مەرج بۆ هیچ کەس و لایەنێك نەکراوە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە هیچ کەم و کورتیەك لە کارەکانمان نییە، یان نەماوە، بەڵکو دەتوانم بڵێم بە پاڵپشتی ئێوەی بەڕێزو چاودێرییەکی دروستی پەرلەمانی کوردستان، کە جێگای خۆیەتی لێرەدا سوپاسی تێبینی و سەرنجەکانی لیژنەی شارەوانی و خزمەتگوزاریەکان بکەم، کە بەردەوام لە پەیوەندی داین و بە یەکەوە دەتوانین خزمەتێکی شایستە پێشکەش بە گەل و وڵاتەکەمان بکەین، بەتایبەتی لەم وەزارەتەی کە هیچ پەیوەندی بە سیاسەت و ململانێیەوە نییە، چونکە من دڵنیام هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێت باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە خەڵك بکرێت و پاڵپشتی تەواومان دەبن بۆ گەیاندنی ئەم ئەرکە.

بەڕێزان، سێکتەرە سەرەکیەکانی وەزارەتمان بەم شێوەیەی خوارەوە رێکخراون و پلان و بەرنامەی ئێمە بەم شێوەیە:

یەکەم/ بواری ئیداری و کاری ناوخۆیی و پەیوەندی نێوان خەڵك و وەزارەت:

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارت و باشتر هەڵسووڕاندنی دامەزراوەکان و بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی و کەمکردنەوەی رۆتین لەسەر ئەم بوارانە کار دەکەین:

1- رێکخستنەوەی دەوام کردنی فەرمانبەران لە دیوانی وەزارەت و دامودەزگاکان و هەروەها پێشوازی کردنی هاووڵاتیان بەشێوەیەك کەوا هەر موراجعێك بۆی هەیە لە کاتژمێر (9)ی بەیانی تا (2)ی دوای نیوەڕۆ بتوانێت سەردانی وەزارەت و فەرمانگەکان بکات.

2- ڕێکخستنی سەردانی مەیدانی بۆ چاودێری کردن و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانی نێوان دامودەزگاکانی سەر بەوەزارەت، ئەم پرۆسەیەمان دەست پێ کردووەو بەردەوامیش دەبین.

3- دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی دیراسەتکراو لەگەڵ دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ دڵنیا بوون لە دەست بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان و بەدواداچوونیان بە مەبەستی کەم کردنەوەی ڕۆتین لە کارەکاندا.

4- بە رادەیەك کە دەتوانم بڵێم بەڕێزان، ئێستا لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لەگەڵ ئەو کاتەی کەوا کابینەی حەوتەم دەست بەکار بووە زیاتر لە 50٪ی ئەو کارو بڕیارانەی کەوا پێویست بوو بێنە دیوانی وەزارەت و لە وەزارەتەوە بڕیاری لێ بدرێت، ئێستا لەسەر ئاستی شارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و دامودەزگاکانی خوارەوەی وەزارەت دەسەڵاتیان پێدراوە، کەوا ڕۆتین کەم بکرێتەوەو کاری هاووڵاتیان بەڕێوە بچێت، هەموو ڕۆژانێکی سێ شەممە وەزیر پێشوازی لە هاووڵاتیان دەکات، ئەمەش بۆ مەبەستی کردنەوەی دەرگا بەڕووی هاووڵاتیاندا کە خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی بەخشینی دڵنیایی و بەهێز کردنی متمانە.

5- سندووقی سکاڵا لە دیوانی وەزارەت و سەرجەم دامودەزگاکانی وەزارەت بۆ بەدواداچوونی سکاڵاو گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیان و وەڵامدانەوەی یەکە یەکەی سکاڵاو گازاندەکان.

6- پێکهێنانی لیژنەکانی کڕین و تەندەرو شی کردنەوە بە ڕاگەیاندن و لەسەر بنەمای شارەزایی و لێهاتوویی، ئەمەش پەیڕەو کراوە.

7- ڕێکخستنی ڕێنماییەکان لەسەرتانسەری هەرێمی کوردستان، ئەمەش تەواو بووە، خۆشبەختانە جیاوازییەکی کەم لە ڕێنماییەکان لەنێوان شارەکاندا هەبووە.

8- دڵنیا کردنی فەرمانبەران بەوەی کە گرنگی پێدانیان تەنهاو تەنها لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن و تواناو دڵسۆزیان دەبێت بۆ خزمەتی هاووڵاتیان، هەروەها دڵنیا کردنی هاووڵاتیان بەوەی کە جیاوازی لەنێوانیاندا ناکرێت، تا ئەو کاتەی من لەبەردەمی بەڕێزتاندا قسە دەکەم، هیچ فەرمانبەرێك لە سنووری وەزارەتی شارەوانی نە هیچ ئیمتیازێکی تایبەت، نە هیچ پلە بەرزکردنەوەیەکی تایبەت، نە هیچ شتێك کەوا بەدەر لە ڕێنماییەکان، بۆ هیچ کەسێك نەکراوەو بەردەوامیش دەبین لەسەری و ئینشائەللا ناشکرێت.

9- بە ئەلیکترۆنی کردنی تۆمارو رایی کردنی مامەڵەکان بە مەبەستی دڵنیا بوون لە پاراستنی نووسراو و مامەڵەکان و کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان.

10- تەسفیە کردنی مامەڵە کۆنەکان بەشێوەیەك کەوا مامەڵەی هەڵپەسێردراوی کابینەکانی پێشتر هەبوونە، ئێستا هیچ مامەڵەیەکی هەڵپەسێردراو نەماوە.

11- گرنگیدان بە توانای مرۆیی و ڕێکخستنی خول و پێگەیاندن و شاندی ئیفادەکان، تەنها لەسەر بنەمای ئیختصاص و سوود وەرگرتن و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان دەبێت.

بەڕێزان، یەکێك لەو گرفتانەی کە زۆر جار باس دەکرێت مەوزوعی ئیفاد و سەفەر کردنە، بەوەی کەوا زۆر جار خەڵکێك پەیوەندی بە بابەتێکەوە نییە، ئێمە ئێستا ئەو بابەتەمان بەتەواوەتی کۆنترۆڵ کردووە،

خەڵكێك لە وەزارەتی ئێمە دەچێت بۆ سەفەر، یان بۆ ئیفاد، كەوا پەیوەندی بەو بابەتەوە هەبێت و لە دوای گەڕانەوەی خۆشیدا دەبێت راپۆرت و پێشنیارو سوودو قازانجی خۆی لە بابەتەكە بۆ وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەكان بخاتە روو.

دووەم/ بواری ئاو و ئاوەڕۆ:

سیاسەتی ئاو لە وەزارەت بەم شێوەیەی خوارەوە دارێژراوە كە بە چەند خاڵێك روونی دەكەینەوە:

1- لەبەر ئەوەی هەر لەسەردەمی رژێمی لەناوچوو زۆربەی هەرەزۆری شارو شارۆچكەكانی كوردستان سەرچاوەی ئاویان پشتی بە ئاوی ژێر زەوی بەستووە، كە ئەمەش جگە لەوەی لە دەستدانی سامانێكی سروشتی گەورەیە، مەترسی كەمبوونی ئاویشی هەیە، بۆیە سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، كە ئاوی سەرزەوی وەكو سەرچاوەیەكی سەرەكی بۆ دابین كردنی ئاوی خواردنەوە بەكار بهێنێت، بۆ ئەمەش زۆربەی پرۆژە گەورەكانی ئێستاو داهاتوومان پشت بە ئاوی سەر زەوی دەبەستێت، ئەمە بێجگە لەوەی كە ئاوی سەر زەوی سەرچاوەیەكی دەوڵەمەندەو مەترسی كەمبوونەوەی كەمترە، هەروەها ئاوەكان بەشێوەیەكی گشتی پاكن و پاك كردنەوەیان ئاسانە، لەلایەكی تریش دەتوانرێت ژمارەیەكی زۆری بیرەكان دابخەین و پارێزگاری لە ئاوی ژێر زەوی وەكو سامانێكی نیشتمانی بكەین و دەستی پێوە بگرین بۆ نەوەكانی ئایندە، چونكە ئەم سامانە تەنها سامانی ئەمڕۆی خەڵكی كوردستان نییە، لەگەڵ وەزارەتی كشتوكاڵ بەرنامەی هاوبەشمان هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە، كە تەنها كارئاسانی بۆ ئەم حاڵەتانە دەكرێت بۆ لێدانی بیر، ئەوەی كەوا پێویستیەكی یەكجار زۆری هەبێت.

2- ئەم سیاسەتە لە كابینەی پێنجەمی حكومەتدا پەیڕەو كراوە، چونكە ئەم جۆرە پرۆژانە پرۆژەی گەورەن و بە ستیراتیجی حیساب دەكرێن، تێچووی زۆریان هەیە، پێش ئازادی عێراق لە توانای دارایی حكومەتدا نەبووە ئەم جۆرە پرۆژانە ئەنجام بدات، زۆربەی پرۆژەكانی ئێمە لە سەرووی سەد ملیۆن دۆلار تەكلیف دەكات ئەوانەی كەوا بە ئاوی سەر زەوی لە رووبارەكان، یاخود لە دەریاچەكاندا بەكار دەهێنن، بۆیە لە پیشووتر ئەو توانایە نەبووە.

لە دەرئەنجامی نەبوونی كۆنترۆل و پێوەر لەسەر ئاوی ماڵەكان و بەكارهێنانی ئاوی پاك بۆ ئاودانی باخچەكان و پاركەكان و نەبوونی هۆشیاری بڕێكی یەكجار زۆر ئاو بە فیڕۆ دەڕوات، بۆ كۆنترۆل كردنی ئەم لایەنە كار دەكەین لەسەر:

أ- هەوڵمانداوە بە هاوكاری لەگەڵ كارەبا كار بكەین بۆ دانانی پێوەری هاوبەشی زیرەك، بۆ ئەم مەبەستەش هەنگاوی كردەیی نراون و عەقد ئیمزا كراوە.

ب- كار دەكەین بۆ ئەوەی ئاوی پاك نەكراو بۆ ئاودانی پارك و باخچەكان دابین بكەین.

ج- لە پلانی وەزارەتدایە دانانی مەحتاتی پاك كردنەوەی ئاوی قورس و سووك و دووبارە سوود لێ وەرگرتنەوەیان بۆ ئاودان و كارەكانی تر.

د- کار دەکەین بۆ هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ هۆشیار کردنەوە لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ بەفیڕۆ نەدانی ئاو و داوا لە هەردوو وەزارەتی ئەوقاف و پەروەردەش دەکەین کەوا لە ڕێگای قوتابخانەو مزگەوتەکانەوە هاوکارمان بن لەم هەڵمەتە.

هـ- زیاد کردنی نرخی ئاو و دانانی غەرامەو سزا بۆ سەرپێچیکارو ڕێکخستنی ئەو غەرامەو سزایانە بە یاساو ڕێنماییەکان، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەم مەبەستە.

بەڕێزان، دوو پرۆژەمان ڕێکخستووە، یەکێکیان پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بووە، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، کە تایبەت بووە بە کارەکانی وەزارەتمان پەسند کراوە، ئێستا خەریکە ئالیەتی جێ بەجێ کردنی ئەویتریان دەبێت بە یاسا ڕێك بخرێت و پرۆژەمان پێشکەش کردووە، هیواداریین کە هاتە بەردەمی پەرلەمانی بەڕێز هاوکارمان بن.

من نازانم دەترسێم وەقت لەسەرم زۆر بکەوێت، ئەگینا ئەمە لیستێکە بەناوی ئەو پرۆژە ستیراتیجیانەی کە لەبواری ئاودا ئامادە کراون لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان، ئەوانەی کەوا پێشتر جێ بەجێ کراون، ئەوانەی ئێستا لە ژێر جێ بەجێ کردندان، تەفاسیلیشی هەیە کەوا هەر یەکە کولفەکەی چەندەو بۆ چەند خەڵك بەکار دێت، چەند کەس دەتوانێ ئیستیفادەی لێ ببینێت؟ من پێموایە بەپێی ئەم پلانە دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەم بەرنامەیە بەردەوام بێت و تەرخان کردنی پێویستی بۆ هەبێت لە کۆتایی ساڵی 2014 ڕێژەی کەم ئاوی، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کەوا ڕێژەی دانیشتوانیان تێدا زۆرە، ڕێژەی کەم ئاوی بەرەو نەمان، یاخود بەرەو زۆر کەمبوون بچێت، لە حاڵەتێکدا کە ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی ژیارییەو بەردەوام پێویستی بە ئاو دەبێت، ئێمە کە دەڵێین ڕێژەی کەم ئاوی دابەزێت، یەعنی بەوەی کەوا لە وەرزی هاوین، یاخود لە وەرزێکی تردا خەڵك تووشی ئەو وەزعانە نەبێتەوە، ئەوەی کە ئێستا تێدا هەیە.

سێیەم/ بواری زەوی و زار:

ئەمەش دوو بوار دەگرێتەوە:

1- ئامادە کردنی زەوی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەگشتی و کەرتی پیشەسازی بە تایبەت، کە لە ئەولەویاتی کاری حکومەتدایە، لەو شاروچکانەی کە ماستەرپلانەکانیان پەسند کراوە، بەتایبەتی شارە گەورەکان لە ڕێگەی لیژنەی هاوبەشی وەزارەتمان، وەزارەتی کشتوکاڵ و دەستەی وەبەرهێنانەوە ئامادەسازی دەکرێت و سیاسەتی وەزارەت بۆ ئەم بوارە بریتیە لە هەبوونی پلانێکی ساڵانە، کە بەشێوەیەکی زانستی پشت بە داتاو زانیاری ببەستێت لەسەر ئەو بنەمایە زەوی بۆ هەر بوارێك تەرخان بکرێت و لەسەر پێشنیاری وەزارەتمان ئەمە بۆتە بڕیار لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووەو، بۆ کەرتی پیشەسازی بەتایبەت دوای چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ پارێزگارەکان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و بە ئامادە بوونی ژووری بازرگانی و پیشەسازی بڕیاردراوە لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەك لیژنەیەکی تایبەت دابنرێت بە سەرۆکایەتی پارێزگارو ئەندامیەتی سەرۆکی شارەوانی وبەڕێوەبەری گشتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی

گشتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و ژووری بازرگانی و پیشەسازی، بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە دیسان وەکو ئاسانکارییەك لە بواری دابەزاندنی دەسەڵاتەکان هەمووی نەگەڕێتەوە بۆ ناو وەزارەت، بەڵکو لەسەر ئاستی پارێزگاکان ئەم کارە ئەنجام بدرێت، ئێستا ئێمە لە قۆناغی ئامادەکاری زەویداین لە شاری هەولێر وەکو گەورەترین مەجال، کەوا بۆ مەجالی پیشەسازی بڵێین زەویەکەیە، با بڵێین هەڵکەوتەیە بۆ شارەکەی گونجاوە ئێستا (54) هەزار دۆنمی زەوی ئامادە کراوە بۆ پرۆژە پیشەسازییە ستیراتیجیە گەورەکان و، خەریکی پلان سازین بۆ ئەوە لە بەرامبەریشدا بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ پێدانی زەوی بۆ تەرخان کردن بۆ کارگەکان.

2- زەوی نیشتەجێ بوون لە ئێستادا کە پرۆسەی دابەش کردنی زەوی راگیراوە، بەرنامەی خۆمان بۆ ئەم مەبەستە بەم جۆرە دەخەینەڕوو:

لەلایەکەوە ئەو زەویانەی کەوا کارت و هەوایین بکرێن بە سەند، چونکە گرفتی زۆریان دروست کردووە لەناو هاووڵاتیان.

لەلایەکی تریش دەست بە ئیفراز کردن دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو هاووڵاتیانەی لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان فەرمانی تەرخان کردنی زەویان هەیەو جێ بەجێ نەکراوە، جێ بەجێ بکرێن، بۆیە هەتا ئەو گرفتانە چارەسەر نەکرێن و خزمەتگوزاری نەگەیەنرێنە ئەو زەویانەی دابەش کراون، پێمان باش نییە دەست بە دابەش کردنی زەوی بکرێتەوە بە واتایەکی تر چیتر زەوی وەکو پاداشت نەدرێت و، یاخود وەکو کەرەستە نەیخەینە بازاڕەوە کە تەنها کڕین و فرۆشتنی پێ بکرێت، بەڵکو ئامانجی دابەش کردنی زەوی نیشتەجێ تەنهاو تەنها چارەسەر کردنی گرفتی نیشتەجێ بوون بێت.

3- دەستمان کردووە بە قەرەبوو کردنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی کەوا مافیان لەسەر حکومەت هەیە، چ بە پارە، یان بە زەوی.

چوارەم/ بواری پاك کردنەوە:

ماوەیەکی کەمە خاوێن کردنەوەی شارو شارۆچکەکان و شارە دێیەکان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەستی پێ کردووەو بەشی زۆری گرێبەستەکان کەوتوونەتە بواری جێ بەجێ کردن، سەرەڕای ئەوەی شێوازی ئەم کارە تازەیە لە هەرێمی کوردستان و گیروگرفتی زۆری هاتۆتە پێش، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەرەو باشتر دەچێت و، پرۆسەکە زۆر لەوە سەرکەوتووترە، کە کاتی خۆی دامودەزگاکانی حکومەت خۆیان بەو کارە هەڵدەستان، لە رووی پلانی وەزارەتەوە بۆ ئەم بوارانە ئەمە بەرنامەی ئێمەیە:

1- پەلە کردن لە رێکخستنی گرێبەست بۆ ئەو ناوچانەی کە تا ئێستا نەچوونەتە بواری کار کردنەوەو، گرنگە بۆ رێکخستنی ئەم گرێبەستانە سوود لە ئەزموون و کەموکورتیەکانی گرێبەستەکانی پێشوو وەربگرین.

2- چاودێری کردنێکی وردی چۆنیەتی بەڕێوە چوونی کاری کۆمپانیاکان و وەرگرتنی رێ و شوێنی پێویست لە کاتی هەبوونی کەموکورتیەکاندا.

3- گرنگیـدان بـە دامەزرانـدنی کارگـەکانی چارەسـەر کردنـی زبـڵ و خاشـاك و دووبـارە سـوود لـێ وەرگرتنەوەیان بە کارگەکانی ریسایکلین، ئێستا ئەم جۆرە کارگانە لە دهۆك بـەکردەیی هەیـەو لـە هـەولێر گرێبەست کراوە لە ماوەی کـەمتر لـە ساڵێکدا دەکەوێتـە بـواری کـارکردن، لـە سـلێمانی ئیعلانـی بـۆ کـراوە لەلایەن پارێزگاوەو ئەم پرۆسـەیە بـەردەوامی دەبێـت لـە شـارو شارۆچکەکانی تـر. بـەپێی لێکۆڵینـەوەکانی یونیسێف و دەزگاکانی تایبەت، دەزگاکانی وەزارەت لە سەرتانسەری کوردستان، کـە ماسـتەر پلانێکـی زبـڵ و خاشاکیان ئامادە کردووە، دیاردەیەکی سەرنج راکێش هەیە.

بەڕێزان، ئـەویش ئەوەیـە کـە لـە 70٪ی زبڵی کوردسـتان پاشمـاوەی خۆراکـە، ئـەم سـەرنجە لەگـەڵ ئـەوەی لەلایەکـەوە ئامـاژەی خراپـە بـۆ کـەمی ئاسـتی وشـیاری، لەلایـەکی دیکـە ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی کـەوا ئاسـتی گوزەرانی خەڵك باشەو، بـەلاّم لـە هـەموو حاڵەتێکدا ئـەم پاشـەڕۆیانە، دڵنیاتـان دەکـەین کـە بـە پاشـەڕۆی قورس حیساب ناکرێن و چارەسەر کردن و دووبارە بەکار هێنانەوەیان کارێکی ئاسانە.

4- بۆ زانیاری بەڕێزتان گشت خەرجیەکانی پاك کردنەوەی شارو شارۆچکەکان لەسەر بودجەی تەشغیلییە، کە بۆ ساڵی 2013 دەگاتە زیاتر لە (200) ملیار دینار، تکامان وایە لە دابـین کردنیـدا پاڵپشـتیمان بکـەن، چـونکە لـە بابـەتێکی تـر روون کردنەوەیـەکم لەسـەر بودجـەی تەشـغیلی وەزارەتـی شـارەوانی هەیـە، کـە بەڕاسـتی جیـاوازی لەگـەڵ وەزارەتـەکانی تـر هەیـە بـە حـوکمی ئـەوەی بەشـێکی هـەرە زۆری خزمەتگوزارییەکانی ئێمە لە بودجـەی تەشغیلیدایە، کـە لـە کـەم کردنـەوەش زەرەرێکـی زۆر بـە کارەکـانی ئێمە دەکەوێت.

پێنجەم/ لە بواری یاساییەوە:

لەم بوارەدا بە پێویستی دەزانین هەندێك یاسا پێداچوونەوەی پێدا بکرێتەوەو هەموار بکرێنەوە لەوانە:

1- یاسای بـەڕێوەبردنی شـارەوانییەکان ژمـارە (6)ی سـاڵی 1993، ئـەم یاسـایە کـاری لەسـەر کـراوە، بـەلاّم پەیوەستە بە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، بۆیە ئەگەر کار بـە یاسـای ئەنجومـەنی پارێزگاکـان بکرێـت، ئـەوە ئـەو یاسـایە پێویسـتی بـە شـێوازی هـەموار کردنـەوە هەیـە، ئەگـەرنا دەبێـت بـە شـێوەیەکی ریشـەیی چارەسەری بکەین، بۆیـە داوامـان لـە پەرلـەمانی کوردسـتانی بـەڕێزە، کـەوا چارەنووسـی یاسـای پارێزگاکـان یەکلا بکاتەوە، چونکە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر کارەکانی شارەوانی هەیە.

2- پرۆژە یاسای حەرەمی گوندەکان، کە دەکەونـە نـاو سـنووری شـارەوانییەکانەوە، لـە پەرلـەمانی بـەڕێزەو بەدواداچوونمان بۆ کردووەو راپۆرتی هاوبەش ئامادە کراوە، تکامان وایە کەوا لە دەرفـەتێکی زوودا بخرێتـە بەرنامەی کارەوە.

3- پـرۆژەی یاسـای تـاپۆ کردنـی زێدەڕۆییـەکان و بـێ تاپۆیـەکان، لـە لیژنـەی تایبـەتی پەرلەمانـەو بەدواداچوونمان بۆ کـردووەو بـە هـەمان شـێوە راپۆرتەکـەی ئامـادە کـراوە، تکامـان وایـە هاوکارمـان بـن لـە پەسند کردنی.

4- پرۆژەی یاسای قەرەبوو کردنەوەی هاووڵاتیان، کە یاسای ژمارە (90)ی ساڵی 1975 دەیانگرێتەوە، لەگەڵ هەموار کردنەوەی لەسنووری شارەوانیەکاندا، ئەمەش لەبەر دەستی لیژنەی پەرلەمانی بەڕێزە.
خودی یاسای وەزارەت زۆر بە کورتی هاتووە، بەتایبەتیش بۆ جیا کردنەوەی گەشتوگوزارو شوێنەوار پێویستی بە هەموار کردنەوە هەیە، بۆ ئەمەش پرۆژەمان ئامادە کردووە، پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەین لەو چەند رۆژەدا، هیواداریین پاڵپشتیمان بکەن لە پەسند کردنی.
5- پرۆژەی یاسای بە سزادان و غەرامەی سەرپێچیکاران لەسەر تۆڕەکانی ئاو، ئەمەش نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و دەنێردرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان.
6- رێنمایی کردنی رسوماتی ئاو و ئاوەڕۆ، نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێزو پەسند کراوە.
شەشەم/ لە بواری پلانسازییەوە:
1- بە مەبەستی رێکخستنی شارستانیانەی شارو شارۆچکەکان، کە نەخشە رێگای ئەم کارە بەردەوامیە بە دانانی ماستەرپلانی شارو شارۆچکەکان، ئەم پرۆسەیەش بەردەوامی هەیەو جگە لەوەی کە شارە گەورەکان ماستەرپلانەکانیان تەواو بووە، چەندین شارو شارۆچکەش لە بەرنامەی ئەمساڵدان بۆ رێکخستنی ماستەر پلانەکانیان و ئەم کارە بەردەوامی دەبێت.
2- بەرنامەی وەزارەت بۆ دابین کردنی زەوی بۆ سێکتەرە جیاجیاکان، پێویستی بە پلانێکی هاوبەشە، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەی هاوبەشمان پێکهێناوە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و دەستەی وەبەرهێنان، بۆ ئەوەی بتوانین بەپێی پێویستیەکانی هەرێم لە پلانی ساڵانە زەوی تەرخان بکەین، بەتایبەت لەناو ماستەر پلانەکان.
بەڕێزان، تاکو ئێستا شێوازێك لە تەرخان کردن هەبووە، کە لەسەر داوا کردن بووە، یەعنی مەسەلەن یەکێك دەچێت پرۆژەیەك تەقدیمی دەستەی وەبەرهێنان دەکات، پاش ئەوەی کەوا پەسند دەکرێت لەلایەن وەبەرهێنانەوە دەنێردرێت بۆ وەزارەتی شارەوانی، بۆ تەرخان کردنی زەوی، تەبیعی ئەمە رەنگە وای کرد بێت هەندێك سێکتەر زەویەکی یەکجار زۆریان بۆ تەرخان کرا بێت، رەنگە هەندێك بواری تر کەمتر، بۆ نموونەی ئەوەی کە لە بواری نیشتەجێ بوون ئێستا هەیە، بڕیاری ئێمە وایە وەکو وەزارەت ئێمە زەوی لەسەر بنەمایەك دەبێت تەرخان بکەین، زەوی دەبێت وەکو هەر داهاتێکی تر، چۆن پارە لە وەزارەتی داراییەو بەپێی پلانێك دابەشی سەر وەزارەتەکان و سێکتەرەکان دەکرێت، ئاواش دەبێت بەپێی داتاو زانیاری و ئامارێکی دروست کەوا لە ساڵێکدا، یان لە چەند ساڵێکدا پێویستی شارێك، یان چەند شارۆچکەیەك، یان هەرێم چەندە لە بواری پیشەسازی، چەندە لە بواری تەندروستی، چەندە لە بواری نیشتەجێ بوون؟ لەسەر ئەم ئەساسە زەوی تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی دەست بەوە بکەین کە مومکینە بە زەوی بگیرێت و بە بەرنامە دابەشی سەر سێکتەرەکان بکرێت.
3- دەست پێ کردن بە پەسند کردنی نەخشەکان و راگەیاندنیان و ئامادە سازی بۆ پێدانی سەند بەو زەویانەی کە دابەش کراون، ئەم پرۆسەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەچێتە بواری جێ بەجێ کردن.

تەبیعی نەخشە کەرتیەکان هەن لە سەرۆکایەتی شارەوانیەکان، یاخود هەندێکی دێتە وەزارەت بۆ پەسند کردنی، یەکێك لە گرفتەکان بلاَو بۆوە کەوا کەم لەم نەخشانە ئیعلان کراون، زۆر جاری وا هەبووە هاوولاَتیەك دەچێت لە دوکانێك، یاخود لە مەکتەبێکی عەقارات پارچەیەکی زەوی دەکرێت بۆشاییەك لەبەردەمیدا خەتێکی تێدا هێنراوە، مەسەلەن بە خزمەتگوزاری تێگەیشتووە، یاخود بە سەوزایی تێگەیشتووە، یان بە شتێکی تر تێگەیشتووە، کە دێیە سەر ئەسڵی حەقیقەت، یان لەکاتی تاپۆ کردن، یان لە مەسەلەیەکی تردا بە ئەوراقی کۆندا دەچیەوە، ئەمە رەنگە هەندێك جار جیاوازی دروست بکات، زۆر جاران کێشە بۆ خەڵك دروست بووە، ئێستا بڕیارماندا ئەو نەخشە پەسند کراوانە بە شێوەیەکی موصەدەق ئیعلانی بکەین و لەبەردەمی هاوولاَتیاندا هەبێت و خەڵك بزانێت نەخشەی راست و دروست کامەیە، بۆ ئەوەی ئەم مەجالە نەمێنێت، خوا نەخواستە زەرەر بە هاوولاَتیان بکەوێت.

3- لە بەرنامەی وەزارەتماندایە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیراوە بە هاوبەشی لەگەڵ سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، کەوا ماستەرپلانی ئیقلیمی دروست بکەین، جگە لەوەی کە ماستەرپلانی شارەکان هەبێت، دەبێت ماستەرپلان بۆ هەرێمی کوردستانیش بەشێوەیەکی گشتی هەبێت.

لە دوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا بڕیاردراوە لەسەر پێشنیاری وەزارەتمان ئەوەی کەوا رووبەری تەرخان کردنی زەوی نیشتەجێ بوون حەددی ئەدنایەکەی لە (200) مەترەوە ببێتە (150) مەتر، واتا ئیفرازاتی نوێ مومکینە ئەگەر هەبێت بۆ زیاتر سوود وەرگرتن لە زەوی و، لەسەر ئەو بنەمایەی کەوا بەشێکی زۆری هاوولاَتیان روو لە وەزارەت دەکەن و داوامان لێ دەکەن کەوا مۆڵەتیان پێ بدەین زەوی (250)مەتری و (300) مەتری دابەشی دوو بکەن، بۆ ئەوەی دوو خانووی لەسەر دروست بکرێت، کە ئەمە رەنگە لە رووی پلان سازی و خزمەتگوزارییەوە کێشە دروست بکات، بەلاَم ئەگەر لە ئەساسدا دابەش کردنەکان لەو شوێنانەدا پێویستی پێ هەیە لەسەر (150) مەتری دووجا بێت، ئێستا ئەمە پەسند کراوەو دەسەلاَت بۆ شارەوانیەکانە ئەم مەسەلەیە رێك بخات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر خەریکە ئەو وەختەی بۆ جەنابت تەرخان کراوە تەواو دەبێت، دەست و برد بکە تکایە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەوتەم/ یەکێك لە گرنگترین بوارەکانی کاری وەزارەت کە پەیوەستە بە ژینگەو تەندروستی و خۆشگوزەرانی بۆ نیشاندانی روویەکی شارستانی:

بۆ ئەم بوارە ئەم هەنگاوانەی خوارەوەمان ناون:

1- لەڕووی پلان سازییەوە کاتێك نەخشەکان بۆ کەرتە تازەکان ئامادە دەکرێن حیساب بۆ رێژەی سەوزایی دەکرێت و هەروەها لە تەرخان کردنی زەوی بۆ پرۆژەکان، بەتایبەتی پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون.

2- چەند پرۆژەیەکی ستیراتیجی هەندێکی بەردەوام و هەندێکی لە پلاندان، وەکو پارکی هەواری شار لە سلێمانی و پارکی گەورەی دهۆك و دوو پشتێنەی سەوز بەدەوی شاری هەولێردا کە یەکێکیان دیزاینی تەواو بووە ئێستا لە قۆناغی راگەیاندنی داین.

3- بەپێی ئەو برە بودجەیەی کەوا بۆمان تەرخان دەکرێت سالآنە چەند باخچەو پارك لە گەرەکەکان و شارو شارۆچکەکان ئەنجام دەدرێت.

هەشتەم/ بودجەو پلان:

1- دەربارەی بودجەی وەزارەت دەمەوێت بەخێرایی ئەوە روون بکەمەوە، کەوا بەهۆی ئەو شێوازی فۆرمە موەحەدەی لەسەرتانسەری عێراق کاری پێ دەکرێت هەموو خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی لە پاك کردنەوەی شارەکان و نۆژەن کردنەوەی رێگاکان و ئیفراز کردنی زەوی و زارو خزمەتگوزارییە شارەوانیەکان و بەگەرخستنی پرۆژەکانی ئاو و پاك کردنەوەی ئاو و ماددەی پاك کردنەوەی ئاوی خواردنەوە لە کلۆرو مەوادی ترو کرینی ئالیاتی پێویستی شارەوانی وەکو هەموو ئالیەتەکان، کە لەبەر وەقت ناویان ناهێنم، قەرەبووی هاووڵاتیان ئەوانەی کە زەوی و زاریان چ بۆ پرۆژەکان، چ بۆ شتی تر بە بەر جادەو بە بەر ئەوانە دەکەوێت، دامەزراوەکانی لەسەر ئەم زەوی و زارانە هەن کاتی کوژاندنەوەی زەوی و زارەکان و، دابین کردنی پەمپ و مۆلیدەو گۆرینی شەبەکاتی ئاو و کرێی کرێکاران هەموو ئەم خزمەتگوزارییانە بەهۆی ئەم فۆرمە موەحەدە کە لەسەرەتانسەری عێراقدا پەیرەو دەکرێت لەسەر بودجەی تەشغیلییە لە وەزارەتی شارەوانی، بۆیە بودجەی تەشغیلی ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە روحی کارکردنی هی شارەوانییەکانە، هەر کەم کردنەوەیەك تێدا بەراستی ئێمە دیسان دەڵێم ئاستەنگی زۆرمان دێتە پێش، تکامان وایە لە گفتوگۆی ئایندەی بودجەی ساڵی 2013دا رەچاوی ئەو تایبەتمەندیەی وەزارەتی شارەوانی بکرێت.

2- ئامادە سازی تەواومان کردووە بۆ پلانی ساڵی 2013 بە هەردوو بەشیەوە، بە بودجەی تەشغیلی و بە بودجەی وەبەرهێنانەوە لە لایەن ئێمە تەواو بووە، تەقدیمی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پالاندانانمان کردووە، واتە لە ئێستاوە حازرین بۆ پلانی 2013، دەربارەی پلانی 2013 گرنگی بە تەواوکردنی پرۆژە بەردەوامەکان ئەدەین، چونکە پرۆژەکانی شارەوانی لە کاتی دواکەوتنیان جگە لەوەی کە زەرەرێکی زۆر بە هاووڵاتیان ئەگەیەنێ، بۆیە سیاسەتی وەزارەت ئەوەیە تەواکردنی پرۆژە بەردەوامەکانە، نەك پرۆژەی نوێ ئیعلان بکەین و بەردەوامەکانیش چەندین ساڵ بەردەوام بن.

4-دەربارەی رێژەی جێ بە جێ کردن کە لە ئەولەویاتی کاری وەزارەتمان بووە ، رێژەی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی ئەمساڵ زۆر زیادی کردووە، سەرەرای دواکەوتنی پەسند کردنی بودجەی 2012 دەتوانم بڵێم زیاتر لە 75٪ی بودجەی تەرخان کراوی ساڵی 2012 بە بەردەوام و پێشنیار کراوەوە تاکو کۆتایی ساڵ خەرج ئەکرێ بە پێی ئەو پلانەی کەوا بۆ ساڵی 2013ش داماناوە بەڵێنی ئەوە بە پەرلەمان ئەدەین کەوا

بتوانین نزیکەی 100٪ تەرخان کراوی ساڵی 2013 لە 2013 خەرج بکرێ، ئەگەر بودجە لەکاتی خۆیدا تەقدیم بکرێ.

بەڕێزان بواری ئەخیر بواری گەشت و گۆزار و شوێنەواره، لەبەر ئەوەی ئەم دەستەیە جۆرێك لە سەربەخۆیی لە کارەکانی دا هەیە، کە پێشتر وەزارەتێکی سەربەخۆ بووە، لەبەر گرنگی ئەو بوارە و بۆ ئەوەی تایبەتمەندیەکانی پارێزراو بن، کێشە و گرفتەکانی جیا بکرێنەوە، هەر لە سەرەتای دەست بەکار بوونی کابینەی حەوتەمەوە، ئاراستەیەکی وا هەبوو کەوا ئەم دەستەیە لە وازارەت جیا بکرێتەوە، ببێ بە دەستەیەکی سەربەخۆ، و ئەم پێشنیارەش لە لایەن وەزارەت پەسەند کرایە و ئێستا کار لەسەر ناردنی یاساکە ئەکرێ بۆ پەرلەمانی بەرێز، هەروەها بڕیار درا کەوا لە پلانی ساڵی 2013 دا بە جیا حیساب بۆ دەستەی گەشت و گۆزار بکرێ، وەکو یەکێکیش لەو سێکتەرانەی کەوا لە ئەولەویاتی کارە گرنگەکانی حکومەتە، کە پیشەسازی و گەشتوگۆزار و کشتوکاڵە، وردە کاری تریش دەربارەی پرۆژەکانی گەشتوگۆزار هەوڵم داوە لە ئەندامانی بەرێزی پەرلەماندا جێگەی بۆ بکەمەوە، سوپاستان ئەکەم، ڕەنگە لە وەقتی خۆم زیاتر قسەم کردبێ، بەڵام ئەوە زەروورە، و ڕۆژێکی تر انشالله بەسەربەرزی لەبەرامبەرتان دا ئەنیشین بۆ لێپرسینەوە لەم بابەتانەی کە ئێستا عەرزمان کردن، کە تا چەند سەرکەوتوو بووین لە جێ بەجێ کردنیان؟ کە بێگومان پاڵپشتی ئێوەمان بە دەرەجەی ئەساس مەبەستە، چونکە دووپاتی ئەکەمەوە ئەو وەزارەتە بێ فەرق و جیاوازی پەیوەندی بە هەموو لایەك هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای خستنە بەرچاوی کارەکانی وەزارەت لەو چەند مانگەی ڕابردوو، ئەو بەرنامانەی کە هەشیانە بۆ ئاینده، ئێستا دێینە سەر پرسیارەکان، پرسیاری یەکەم لە سۆزان خان دەست پێ ئەکەین، نەهاتووە، تارا خان فەرمووو.

**بەڕێز فاضل حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیارەکان من پرسیارم نەناردووە بۆ سەرۆکایەتی، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو نووسراوەی کە نێردرا بۆ فراکسیۆنەکان، ناوی لیستی ئایندەی تێدا نەبوو کە بەشدار بێ لە پرسیار کردن، ئێستا پرسیارەکەم ئەوەیە لەبەرچی ناوەکە نەنووسراوە؟ لەبیر کراوە یان هۆکارێك هەیە؟ دووەمیش داوا ئەکەم دواتر پرسیارەکان بکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو پەرلەمانتارێك نووسراوەکەی بۆ خراوەتە ناو سندوقەکی خۆیەوە، شەخصی بۆی چووە، نەك وەك فراکسیۆن.

**بەریز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئایا ئەو زەویانەی بەر ماستەر پلانی هەولێر کەوتوون کاتی پێدانی قەرەبوو ئەو کێشانە بە پێدانی صورە قەید و لەگەڵ تاپۆ چارەسەر کراون یان نا؟ چونکە نەبوونی صورە قەید گرفتە بۆ خاوەن زەوی لە کاتی وەرگرتنی سلفە یان هەر شتێکی تر، پرسیاری دووەمم، بە پێی یاسای شارەوانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسار خراوەتە سەر شارەوانی، ئایا بۆ ئەو مەبەستە تەنسیق کراوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی سیاحە یان نا؟

**بەڕێز دڵشاد شهاب-وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو زەویانەی کە بەر ماستەر پلان کەوتوون، ئەوانەی کە کاری ئیتفایان بۆ کراوە، بەڵێ هەموویان بە پێی یاسا قەرەبوو دەکرێنەوە، بەڵام پێدانی زەویەکانیان ئەوەبوو کە لە سەرەتاشدا ئاماژەم پێ کرد، بەشێکی زۆریان کارتیان وەرگرتووە، هەندێکیشیان هێشتان وەریان نەگرتووە، ئەوەی کە کارتی وەرگرتووە کارێکی زۆری لەسەر کراوە، لە پرسیاری تریشدا وەڵامەکانمان بە تەحدید لەسەر کارتەکان زۆر بەڕوونی داوەتەوە، بەڕێزان ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکە لەسەرەتای دەست بەکار بوونیەوە هەستمان کرد پرۆسەیەکی ئاسان بێت، ڕەنگە بە مانگێك، دوو مانگ تەواو ببێ، لە دەست بەکاربوونی ئێمەوە کاری زۆرباشمان لێ کردووە، ئێستا ژوورێکی هاوبەشی کار کردن لەگەڵ تاپۆ لەناو شارەوانی دانراوە، بە هاوکاری و پاڵپشتی وەزارەتی داد، بۆ ئەوەی سەنەدەکان دربکرێن، بۆ ئەوەی هاوولاتی تووشی ئەو سەر ئێشەش نەبێ، و دەتوانین بڵێین کە بەر لە کۆتایی ئەمساڵ ئەم پرۆسەیە بە کردەیی جێ بەجێ ئەکرێ و خەڵك سەنەدی خۆیان وەرئەگرن، پرسیاری دووەم کە....

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێوە 111 کەسن، جارێ پرسیارێك بکەن، ئەگەر وەقت مایەوە ئەگەڕێینەوە سەری پرسیاری تریش بکەن، چونکە 111 کەس هەریەکە پرسیارێك بکا ئەگەر وەقتەکە بەش بکا، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆ ئەگەر وابێ بۆ ئەوەی وەقت بگێڕینەوە، هەموو پرسیارەکان لای جەنابی وەزیرە، خۆی یەك یەك بڵێ پرسیاری فلاْن ئەندام پەرلەمان و جواب بداتەوە، ئەگەرنا ئەهمیەتی ئەو سوئال کردنە نامێنێ، ئێستا مەفروز بوو دەیان سوئالی ترمان لەسەر بەڕێز وەزیری شارەوانی بۆ دروست بایە، و کە مەفروزە ئێستا ئەو پرسیارانە بکەین نەك کۆنەکان، ڕوون کردنەوەکی ئەو سوئالی تری لای من لەسەر سوئالەکەی خۆم بۆ دروست کرد، سوپاس

**بەڕێز دڵشاد شهاب-وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری یەکەمی کاك (کاردۆ) لەسەر دیراسەت کردنی ئەوەی کە وەزارەتی پیشەسازی و دەستەی وەبەرهێنان، ژووری بازرگانی چەند هەماهەنگی هەیە لە نێوانیاندا بۆ تەرخان کردنی زەوی بۆ ئەو

سێکتەرانەی کە هەن؟ دیراسەتێکی ئەم بابەتە بە تەواوی کراوە، لە پێدانی پرۆسەی زەوی ئاگاداری، لە ڕابردوودا بۆ کەم کردنەوەی ڕۆتین لە پێدانی پرۆژەی پیشەسازی کە لە سەرەتاش ئاماژەیەکم پێ کرد کە بەو شێوازە بووە کە داواکراوە، واتە بەو شێوازە پلان دارێژراوە نەبووە، و بۆ تەشجیعێکیش بووە بۆ موستەسمیرین، و بۆ بواری وەبەرهێنان کار ئاسانی زۆر ئەکرێ ، دواتر لەبەرنامەی حکومەتدا، ڕیزبەندی یەکەم بۆ پرۆژەکانی پیشەسازی دانراوە، لیژنەی تایبەت دروست کراوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ پەلە کردن لە جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە بە سەرۆکایەتی پارێزگار و ئەندامێتی سەرۆکایەتی پارێزگا و شارەوانیەکان و بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنان و سەرۆکی ژووری بازرگانی و بەڕێوەبەری نەخشە دانانی ئاوەدانی و بەڕێوەبەری کشتوکاڵی و پیشەسازی، بۆ ئەم مەبەستە زەوی تەرخان کردن ئامادە کراوە و لیژنەیەکی تایبەتیش هەیە لە ئەندازیارانی شارەزا بۆ هەڵسەنگاندنی ئاخۆ ئەم پرۆژەیە چەند زەوی پێویستە؟ ئینجا بڕیار ئەدرێ لەسەر مەساحەکە، نەك ئەوەی کەوا خاوەن پرۆژە یان دەستەی وەبەرهێنان داوای ئەکات، پرسیاری دووەمیش دەربارەی ئەوەی کە دوو پرۆژەی وەکو یەکتر، دوو: مەساحەی جیاوازی بۆ دابین ئەکرێت، بۆ نموونە دوو کارگەی پلاستیك یەکێکیان مەسەلەن 500 مەتری بۆ تەرخان ئەکرێ، یەکێکیان 10000 مەتری بۆ تەرخان ئەکرێ، لە کاتێك دا، پرسیاری کاك کاردۆ ئەمەیە، هەمان وەڵامی پرسیاری یەکەمە کەوا هەموو ئەو وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارانەی کە باسم کرد بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەکە، و بۆ ئامادە کردنی زەوی بە پێی ئەو مەنتیقانەی کەوا بە پێی ماستەر پلان بۆیان دابین کراون، و هەر لەسەر ئەوەش دوپاتی ئەکەمەوە کەوا ئێستا لە شاری هەولێر 54 هەزار دۆنم زەوی ئامادەکراون بۆ ئەو پرۆژانە، بە تایبەتی پرۆژەی پیشەسازی، پرسیاری سێیەم بە هۆی دواکەوتنی ساڵی دارایی و نەبوونی تەمویل، پاساوی جێ بەجێ نەکردنی پرۆژەکان لە لایەن وەزیرە بەڕێزەکان دەخرێنە ڕوو، ئێمە لەم بارەیەوە لە دوای وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی شارەوانی چ هەنگاوێکمان ناوە بۆ ئەوەی سەقفی جێ بەجێ کردنی وەزارەت بۆ پرۆژەکانی 2012 بەرز بکرێتەوە؟ ئەوە هەندێکی لە موقەدیمەکەدا بە شێوەیەکی گشتی ڕوون کرایەوە، بەڵام ئەو ژمارە و ڕێژەیەی کەوا بابڵێین دابەزیوە لە پرۆژەکانی ئێمە، پرۆژەکانی ساڵی 2012 زۆربەیان ئیحالە کراون و کەوتوونەتە بواری جێ بەجێ کردن، 81٪ پرۆەکانی ئێمە چوونەتە بواری جێ بەجێ کردن، ئەوانەی کە پرۆژە بەردەوامەکانن، و هەندێ پرۆژە هەیە ڕاستە لە ڕووی ژمارەوە زۆرن، بەڵام لە ڕووی کولفەی تێچوونی پرۆژەکان بچووکن، هەرچەندە کاریگەرن، بەڵام دەمەوێ حەقیقەتێك لەبەردەم جەنابتان بڵێم دەیان پرۆژەی وا هەن سێجار بانگەوازی بۆ کراوە مقاول نایەن، بەتایبەتی ئەوانی شوێنە دوورەکان، چونکە دەستەڵاتمان نیە لە جاری یەکەمەوە کە خۆمان ڕاستەوخۆ جێ بەجێی بکەین، دەبێ لایەنی کەم سێجار ئیعلانی بکەین ئینجا ئەگەر هێچ کەس نەهاتە پێش ئەوە خۆمان جێ بە جێی بکەین، بۆیە ژمارەیەك لەو پرۆژانە کە بچووکیشن، بەڵام بەم شێوەیە ماونەتەوە، و بڕیارێك لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە بەوەی کە پرۆژە بچووکەکان لە ئایندە بخرێنە سەر پارێزگاکان، چونکە ئالیەتی جێ بەجێ کردنی لە پارێزگاکان ڕەنگە سەرکەوتوو تر بێ لە ئالیەتی

وەزارەتەکان، ئەوەی دەربارەی 2013 دڵنیام کردنەوە لەوەی کە ئێمە تەرکیز لەسەر پـرۆژە بەردەوامـەکان ئەکەین، و ئەگەر وابێ دەتوانین سەرجەمی پارەی تەرخان کـراوەی پرۆژەکـان خـەرج بکـەین، بەڕێوەبـەری گشتی پلان و بەدواداچوون لێرە دانیشتووە، ئێمە لە پرۆژەکانی 2012 موناقەلە ئەکەین، واتە ئـەو پـارەی کە بۆمان تەرخان کراوە لە بەشێکی زۆری پرۆژەکانمان پارەی خۆمان تەواو کردووە، سـەیر ئەکـەین ئەگـەر لە شوێنی تر پارەمان مابێ بیخەینە سەر ئەو پرۆژانە بۆ ئـەوەی بـەردەوام بـین و تووشی وەسـتان نـەبین، ئێستاکە ئێمە لە مانگی 10 داین، هەندێك لە تەرخان کراوە ساڵی 2012 بۆ هەندێ لـە پرۆژەکـان کۆتـایی هاتووە، بۆیە ئەمە لە حیساباتی خیتامی، انشاللە لە بودجەی موناقەشە کردنی پلانی 2013 دا انشاللە بە ڕوونی دەردەکەوێ، بەڕێزتان ئەزانن زۆرجار لە پەرلەمان باسی ئەوە کراوە دەربارەی پرسیاری چوارەم کـە تەدویر نیە، منیش ئەڵێم بەداخەوە، هەر موسیرم لەسەر قسەی خـۆم کـە کـاتی خۆشـی لێـرە کـە هاوکـاری ئێوەی بەڕێز بووم، کـە تـەدویر بـێ، بـەڵام لەبـەر ئـەو سیسـتەمەی کـە پـەیڕەو ئـەکرێ لـە عێراقـدا، ئـەوە لایەزال مومکین نیە، چارەسەری ئەوەیە ئێمە پارەی خۆمان تەواو بکەین، نەك بە تەمای ئەوە بین ساڵێکی تر بیهێڵینەوە، ئینجا بۆمان تەدویر بکرێ، دووپاتی ئەکەمەوە لـە 2012 دڵنیـام ڕێژەیـەکی زۆر بـاش جـێ بەجێ ئەکەین، و لە ئایندەشدا وا ئەکـەین کـە پـارەی ئێمـە نەمێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی حیسابی تـەدویری بـۆ بکرێ یا نا؟ 300 ملیۆن دۆلاری قەرزی یابانی بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گۆزار وەرگیراوە بۆ ئەنجام دانی هەندێ پرۆژە، تەبیعی ماوەیەکی زۆر درێژە ئەم بەرنامەیە لە ئارادایـە، و تەقریبـەن 5 سـاڵی پێچـوو تاکو ئەم قەرزەیە بووە حەقیقەت، یەعنی بووە پارە و گەیشتە دەستی وەزارەت، ئێستا کاری لەسەر ئـەکرێ، پـرۆژەی ئـاوی هەڵەبجـە و نۆژەندکردنـەوەی هەنـدێك لـە تۆڕەکـانی ئـاوی سـلێمانی، و فراوانکردنـی ئـاوی ئیفرازی هەولێر، و نۆژەند کردنەوەی هەندێ لە تۆڕەکانی دهۆك، تێچووی کولی ئـەم چـوار پرۆژەیـە کـەوا بەشی هەرە گەورەی هـی پـرۆژەی ئـاوی هەڵەبجەیـە کـە پـێش چـەند ڕۆژێـك گرێبەسـتەکەمان ئیمـزا کـرد لەگەڵ کۆمپانیایەکی کۆری، کـە دوای موناقەسـە بـۆی دەرچـووە، تێچـووی ئـەم پرۆژانـە 279860 هـەزار دۆلارە، باقی تری پارەکە کە 20 ملیۆن دۆلارە ئەمە ڕاویژکاریە، هـی کۆمپانیاکـە کـە بـە چـاودێری خۆیـان کەوا کۆمپانیایەکی ڕاوێژکار بەناوی کۆمپانیای (خەتیب و عالەمی) لە پرۆسەی تەندەرەوە بـۆی دەرچـووە، ڕاوێژکاری و سەرپەرشتی کردنی جێ بەجێ کردنە بە 2140 دوو ملیۆن سەد چل هـەزار دۆلارە لـەو بـڕە پارەیە 842177 هەزار دۆلار سەرف بووە، واتە ئەوی تریش کە ئەمێنێتـەوە دەخرێتـە سـەر پرۆژەکـان و ئەتوانین موناقەلەی پێ بکەین، بوارێکی تـر ئیسـتیفادەی لـێ بکـات، سـەبارەت بـە گەڕانـەوەی قەرزەکـە لـە لایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵەوە ئەبێ، چونکە ئەم قـەرزە لەسـەر ئاسـتی عێـراق بـە شـێوەیەکی گشتیە، و ئەکید بەشی ئێمە لە بودجە ئەبڕێتەوە، بەڵام ئەمە قەرزێکە بۆ ماوەیـەکی دوور و درێـژە، پـاش 10 ساڵ لە واژوو کردنی گرێبەستەکە دەست دەکرێ بـە گەڕاندنـەوەی کـە بـۆ مـاوەی 35 سـاڵە، پرسـیاری شەشەمی کاك کاردۆ کە ئیشارەت بەوە دەکات دەڵێ پلانی ئێوە چیە بۆ ئەوەی ئاسـتی خزمـەت گوزاریـەکان بەرز بکرێتەوە بە شـێوەیەکی زانسـتیانە؟ بـۆ نموونـە لـە مـاوەی 5 سـاڵی ئاینـدەدا وەزارەت بتـوانێ ڕێـژەی

خزمـەت گـوزاری لـە 50٪ بـۆ لـە 90٪ بـەرز بکرێتـەوە؟ و وەزارەتـی بەرێزیشـتان تـاکو ئێسـتا پلانێکـی ستراتیجیشـتان نیـە لـەم باریـەوە، دەتـوان هۆکارەکامـان بـۆ ڕوون بکەنـەوە؟ تـەبیعی بـە نیسـبەت وەزارەت کارەکانی ئێمە ئەگەر چ لە ڕووی سوودمەند بوونی ڕێژەی دانیشتوان یـان لـە ڕووی تێچوونی پـرۆژەکانـەوە بێت، هەرکامەیان لەو پێوەرانە بکرێتە پێوەر، بەڵێ پلانی ستراتیجی هەیە کـەوا بـە خێرایـی بـۆ بـەرێزتان ڕوون ئەکەمەوە، وەزارەتی شارەوانی پلانی ستراتیجی لەم بوارانەی خوارەوەدا ڕێکخستووە:

1-ماستەر پلانی شار و شارۆچکەکان کـە زۆربـەیان تـەواو بـوون و پەسـەند کـراون و کـاری پـێ ئـەکرێت و بەردەوامی هەیە.

2-سەبارەت بە زبڵ و خاشاك لە وەزارەت ئامادە کراوە و کاری پێ ئەکرێ.

3-سەبارەت بە ماستەر پلانی گەشتیاری ئێستا لە قۆناغی جێ بەجێ کـردن دایـە و لـە ماوەیـەکی کـورت دا ئەچێتە بواری جێ بە جێ کردن.

4-ماسـتەر پلانـی شـوێنەوار لـە پرۆسـەی تەنـدەرینگ دایـە، و ئامـاژە بـەو نیشـاندەرانەی کـەوا خزمـەت گوزاریەکان چوون و بە چ پێوەرێك ئێمە بڵێین لـە 50٪ بـەرز بکرێتـەوە بـۆ 90٪، لـە سـاڵی 2012 پـاش ئـەوەی کـەوا کـارێکی هاوبـەش لـە نێـوان ڕێکخراوەکـانی سـەربە نەتوەیـەکگرتوەکان بـە هاوکـاری هەنـدێك دامودەزگاکانی حکومـەتی عێـراق، ڕێکخـراوی یونسکۆ و یونسێف و چـەند ڕێکخراوێکـی تـر، مەسـحێکیان کردووە لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان، باشترین سێکتەری خزمەت گوزاری لە هـەردوو مەجالـدا ئـاوی هەرێمی کوردستان بووە، لەگەڵ پاك کردنەوە لە هـەرێم کـە ڕێـژەی لـە 60٪ بـۆ 70٪ ی بەشـداربووان بـە بـاش و زۆر بـاش ئـەو دوو بـوارە هەڵدەسـەنگێنن، ئەمـە یەکێکـە لـەو پێوەرانـەی کـە پێمـان وایـە بـەرە و پێشچوون لە کارەکانی وەزارەتەکەی ئێمە دایە، و ئەمەش تەفاصیلی ئەو مەسحەیە کەوا لۆگۆی هەموو ئەو ڕێکخراوانەشـی لەسـەرە، ئامـاژە بـەوە ئەکـەن کـە ئـەم دوو کەرتـە بـەرەو پێشـچوونی تێدایـە، کـاك کـاردۆ دەپرسێ ئەڵێ بە پێی بەدوا داچوونمان دەرکەوتووە کە وەزارەتی شارەوانی هەندێ پرۆژە جێ بەجێ ئەکات سـاڵانە لـە دەرەوەی لیسـتی پـرۆژە پەسـەند کراوەکـانی پەرلـەمانی کوردسـتان، ئایـا ئێمـە ئاگـاداری ئـەم دۆخـەین؟ تـەبیعی لـە پرۆژەکـانی ئێمـە هەنـدێك حاڵـەت دێنـە پـێش، بـە تایبـەتی لـە پرۆژەکـانی ئـاو، فراوانکردنی پرۆژەکانی ئاوە، یان هەندێك لەو کارە خزمەت گوزاریانەی کە کتوپڕ دێنە پـێش، ئـەگینا لـە دەرەوەی پلان کە دەتوانم بە موتلەقێ بڵێم لە پلانی 2012 کە ئێمە

کارمان لەسەر کردووە، هیچ پرۆژەیەکمان لە خاریجی ئەوە جێ بە جێ نەکردووە، بەڕاستی مـن بـە پلانـی هــەموو ساڵەکانیشــدا نەچــوومەتەوە، هاتۆتــە ئێــرەو لێــرە پەســەند کــراوە، دواتــر ئەبوایــە لیژنــە پەیوەندیدارەکان بە دواداچوونیان بکردبایە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەستە بە پلانـی 2012 ەوە لـە خـاریجی پلان هیچ پرۆژەیـەك جـێ بـەجێ نـەکراوە، بـەڵام هەنـدێ لـە پـرۆژەی لـەناکاو هـەبووە، وەك ئـاو، ئـاوەڕۆ، ئەگەرنا پرۆژەی لەخاریج ئەوەمان نەبووە، سوپاس

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەكەم جارێ سەرەتا بەڕاستی ئەم شێوازە زیندوویەتی پرسیار و وەڵامەكان دەكوژێ هەرچەند پێم باشە پرسیارەكانی ئێمە زۆر بوو، دەكرا ئەو پرسیارانەی كە پێم ئەساسیە كەمی بكەمەوە، بەلاّم بە زیندوویەتی جوابەكە و هەم بەدوا داچوون، یەكێ لەو كێشانەی بە نیسبەت پرسیارەكان، مەسەلەی داهات و جێ بەجێ كردنی ڕێژەی پرۆژەكانە كە ئەو بڕ پارەی كە بۆی تەرخان دەكرێ ئەمێنێتەوە بۆ ساڵی ئاینده، بەڕێز وەزیری شارەوانی وتی ئەمە چارەسەری نیە، ئەمە پابەندیەكی یاساییە، نابێ بێ چارەسەر ، ئەبێ ئەو پارە لە سندوقێكدا هەڵبگیرێت، ساڵانە ئێمە پارە بۆ پرۆژەیەك تەرخان ئەكەین و جێ بەجێ ناكرێ و پارەكەش دیار نامێنێ، یەعنی ئەبێ وەزیر لەسەر ئەم مەسەلەیە بەرپرسیارەتی هەبێ بەرامبەر سامانی گشتی كە ئەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد شهاب-وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مەبەستم لەوەی كە ئەڵێم چارەسەری تەدویر لای ئێمە نیە، چونكە بەڕێزتان سیستەمی داریی لای حكومەت دەزانن و و پێشتریش لە موناقەشەی بودجەدا ئەم بابەتە باس كراوە، ئێمە چارەسەری بنەڕەتی واجبی خۆمان لەوەیە ئەو پارەی بۆمان دادەنرێت خەرجی بكەین، یەعنی لە بری ئەوەی بیر لەوە بكەینەوە مەسئولیەتی منە وەكو وەزیر، ئەو پارەی كەوا دوای ئەو هەموو موناقەشەی كە بەڕێزان لەسەری ئەكەن، و ئەو هەموو ئیحتیاجیەی لە هەرێم دا هەیە، بۆ پارەی من بمێنێتەوە ئەوجا موناقەشەی ئەوە بكەم بۆم تەدویر بكرێتەوە؟ لەبڕێ ئەوەی خەریكی ئەوە بین، پلانی ئێمە ئەوەیە ئەم مەسەلەیە بەوە چارەسەر ئەكرێ و بنەبڕ ئەكرێ.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر مەبەستمان لە خوێندنەوەی پرسیارەكان ئەوەبێ كاتەكە بۆ بەڕێزیان بگەڕێتەوە، ئەمە وەزیفەی پەرلەمانتارە پرسیارەكەی بخوێنێتەوە نەك وەزیر، مادام هەر پرسیارەكە ئەخوێندرێتەوە با پەرلەمانتارەكە خۆی بیخوێنێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

عەزیزم ئێمە لەسەر داواكاری ئێوە ئەم سیستەمەمان دانا، دەكرێ هەر دەقەیەك ئێوە شتێك بڵێن؟ تازە شتەكەمان وا بەڕێ كردووە، ناگەڕێینەوە سەری، فەرموو بەیان خان، نابێ هەركەس 10 پرسیار بكا، فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام پرسیارەکان بە تەحریری ئەخوێندرێتەوە، ئەکرێ بە تەحریری بۆمان بنێرێتەوە، بەلاّم مادام پرسیارەکان بە شەفەوی بەرێزی وەلاّمی ئەداتەوە ئەکرێ ئێمە وەقت تەقصیر بکەین، ئەو پرسیارانەی کردوومانە لە چەند دەقەیەك دا پرسیارە گرنگەکان بکەین، بەرێزیشی پرسیارە گرنگەکانمان وەلاّم بداتەوە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

چاوەکەم من باسم کرد، دەکرێ هەر دەقە و سەعاتێك بەرنامەی خۆمان بگۆڕین،؟ لەسەر داواکاری ئێوە گوتیان با خۆی پرسیارەکان وەلاّم بداتەوە، ئێمە وامان لێ کرد، فەرموو بەیان خان.

**بەرێز بەیان احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست پێکێ بخێرهاتنا وەزیرێت شارەوانێت دکەم، ڕاستی چەند پرسیارەکەم هەنە محاوەلێ دکەم کورت بکەم، پرۆژێ ئیسکانێ ل هەرێما کوردستانێ دهێتە جێ بەجێ کرن، بەلێ جێها داخێیە نە خزمەت گوزاری بۆ دچیتن، نە مەساحەتێت کەسکاتیا هەنە، پرسیارا دوێ، نەبوونا پرۆژێن ستراتیجی ل دهۆکێ، خاصەتەن هێ شارەوانیێ، بۆچی نینە؟ تەبعەن چارە نڤیسێ پرۆژێ پارکەکی ل دهۆکێ ل دەڤەرا قەصارا تەبعەن تەندەر بۆ ژی دەرچووبو، و حەتا نوکە دیار نەمایە، بتنێ دهۆکێ بەشەکا د ناڤ ڤێ شارەوانیێ دا، بۆچی ل ڤێرێ ژی چارەسەر نابیتن؟ گەلەك ناوچێت هەی ل دهۆکێ پێ نابێتن بچێتن، بەس کێشا تاپۆیێ، ئیجازە ئاڤادان کرنێ نایەتە دەرێ بۆ خەلکی، خەلکەك ل سەر شارعا مزاهەرێت دکەن ژ بۆ هەندێ کو ڤێ کێشە بهێتە چارەسەر کرنێ، ئاخر پرسیارا من ئەڤەیە برپارە جەنابێت سەرۆکێ هەرێمێت بو مەسەلە موساتەحێ بهێتە ڕاوەستاندن، بەلێ نوکە هاتا ڕاوەستاندن، نوکە ب شێوەیەکی دی کارێت دێتە کرنێ، یەعنی خیلالە وەبەرهێنانێدا ئەڤ کارێ جارەکا دی دێتە کرنی، جەوابەك ژ جەنابێ وەزیرێ دڤێتن، سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەرێز دڵشاد شەهاب-وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری یەکەم دەربارەی پرۆژەی ئیسکانی نوێ لە شاری هەولێر، پرۆژەی ئیسکانی نوێ پەیوەندی بە وەزارەتەوە نیە، پەیوەندی بە هاوولاّتی و کۆمپانیاوە هەیە، چونکە ئەم شوقانەی کە ئێستا دەرو‌خێندرێن مولّکی هاوولاّتیان بوونە، هاوولاّتی بە ڕەزامەندی خۆیان بە گرێبەستێك لە نێوان خۆیان و کۆمپانیاکەدا،

ئەم بینایانە دەرووخێندرێن و سەر لەنوێ دروست ئەکرێنەوە، بە پێی ڕێکەوتنێك مۆڵەتی ڕووخاندنی بینامان پێداون، چونکە بینای کۆنمان بۆ ئەڕووخێنن و نوێمان بۆ دروست ئەکەنەوە، بەنیسبەتی خزمەت گوزاریەکان و مەساحەکان، حەزئەکەم دڵنیاتان بکەمەوە ئەم بینایە لەسەر هەمان مەساحەی خۆی دروست ئەکرێتەوە کە پێشتر ئەم مەساحەیەی بۆ تەرخان کراوە، ئێستا ئێمە نەهیچ زەوی زیاد بە هاووڵاتیان ئەدەین، نەزەویەکە کەم ئەکەینەوە، لە شوێنی عیمارەیەکی کۆن عیمارەیەکی تازە ئەکرێتەوە، بە ڕێکەوتن لە نێوان خاوەن موڵك و کۆمپانیایەکدا، ئەویتر مەرجەکانی شارەوانیە ئێمە موتابەعەی ئەکەین، ئەویتر کە ئەمێنێتەوە جوزئێکە لەو بازاڕ ئازادیەی کە موڵکێکە ئەفرۆشرێت، یەعنی ئەوە نیە ئێمە کە زەویمان پێداوە کۆنترۆڵی نرخی لەگەڵ بکەین، ئەمە بابەتی پرۆژەی ئیسکانە، نەبوونی پرۆژەی شارەوانی ستراتیجی بەرێز بەیان خان تەبیعی لە دهۆك، گەورەترین پرۆژەی ستراتیجی لە دهۆك هی وەزارەتی ئێمەیە، کە نەهێشتنی گرفتی بێ ئاویە لە دهۆك، سەرکەوتووترین پرۆژەی ئاو لە دهۆك جێ بەجێ کراوە پێشی دوو مانگ لەلایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت کە ئیفتیتاح کرا، ئێستا شاری دهۆك بۆماوەی (25) ساڵی تر گرفتی بێ ئاوی نابێتەوە، کە ئەمە یەکێکە لەگەرەترین پرۆژە ستراجییەکان، پرۆژەی ئاوی ئامێدی لەسنووری پارێزگای دهۆکە، پرۆژەیەکی ستراتیجییە، پرۆژەی ئاوی ئاکرێ لەسنووری پارێزگای دهۆکە ئێستا دەستی پێکردووە، پێشتر پرۆژەی ئاوی زاخۆ لەسنوری پارێزگای دهۆك کە ئەمانە هەرسێ، چواری لەکاری وەزارەتی ئێمە دان، دیزاینی تەواوی ئاوەڕۆی قورسی شاری دهۆك ئامادەکراوە لەپلانی داهاتوومان دایە، بەڵام لەپرۆژە هەرە گەورەکانن بەڕاستی ئەمانە تێچوویەکی دارایی زۆری هەیە (400) ملیۆن دۆلار تەخمین دەکرێت بەوەی کە تێچووی ئاوەڕۆ بێت، بەڕاستی تا ئێستا ئەو دەرفەتەمان نەبووە، جورئەت ناکەین بیخەینە پلانەوە، چونکە موتەئکیدین ئەم داهاتە نییە، ئەم تەرخانکردنە ڕەنگە زەحمەت بێ، دەربارەی پرسیاری سێیەم کە پارکەکان بابڵێین لەشارەکانی تر ئیدارەیەکی سەربەخۆن، بەفەرمانی وەزاری 222 لە 2011/9/29 بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکان دەرچووە، بەبڕیاری کارگێری ژمارە ئەوەندە لە 2011/11/31 ئەندازیار هۆگر ئیسلام مستەفا بوویتە بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان، ئێستا ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەیە، کار دەکا، پرسیاری چوارەم دەربارەی ئەو گوندانەی هەندێکی ناوی هاتووە یاخود بەیان خان کردییە وەزعێکی عام ئەوانەی کە کێشەی تاپۆ و تەجاوزیان هەیە، مۆڵەتی بینایان پێنادرێ، تەبیعی هەندێکی لەوشوێنانەی کە هاتوون کێشەی گوژانەوەیان هەیە، کەوا ئێستا کاری لەسەر دەکرێ، لەمەوزوعی قەرەبوو کردنەوەی زەوی و زارەکانیان، هەندێکیان ئەو زەوییانەن کەوا زەوی گوندەکانی کە دەکەوێتە ناو سنووری شارەوانییەکان پرۆژە یاسایەکمان پێشکەش کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە بەیەکجاری، هەندێکیش لەو گوندانەی کەوا جەنابت ناوت هێناون ئێستا کار ئاسانی کاری پلانداناانیان بۆ کراوە لەم ماوەی ئایندەدا دەست دەکرێت بە پێدانی مۆڵەتی بینا، ئەوانەی کە گرفتی یاساییان نەماوە، ئەوانەی کە گرفتەکانیشیان هەر عەرزم کردن بەو شێوازە چارەسەر دەکرێن، بەڵام لەهەمووی گرینگتر بەڕاستی پەلەکردنە لە

دەرچوونی ئەو یاسایەی کەوا ڕێکخستنی سنووری موحەرەماتی گوندەکانی کە دەکەوێتە ناو سنووری شارەوانییەکان ئەویش لەبەر دەستی لیژنەی تایبەتە، ڕاپۆرتی هاوبەش ئامادەکراوە، چاوەڕوان دەکەین کەوا لەپەرلەمانی بەڕێز پەسەند بکرێت، ڕاگرتنی موساتەحە بەیاسا ڕێکخراوە، موساتەحە ڕانەگیراوە بەوەی کەنابێ موساتەحە بکرێ، چونکە بەپێی یاسایەکی بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ئەم مەسەلەیە ڕێکخراوە، ئەوەی کەڕاگیرا ئەو شێوازی تەرخانکردنی موساتەحە بێ مەرجەیە، ئەوەی کەوا ناعەدالەتی تێدابێ، ئەوەی کەوا حیسابی زەوی و زار نەکرێ، ئەوەی کەوا ئەهمییەتی پرۆژە نەزانرێ، بەڵێ ئەم مەسەلەیە ڕاگیراوە، ڕاگیراویش دەبێ، دڵنیاتان دەکەم کە ئێستا بەفیعلی ئەم مەسەلەیە دەست پێکراوە کە ئێمە زەوییەکی موساتەحەمان دەبێت ئێعلانی دەکەین لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن، من خۆم بەشداریم لەسێ موزایەدەی عەلەنی کردووە کەوا هاووڵاتییان لەهۆڵێکدا ئامادە بوون، مەساحەی عاردەکە مەعلومە بەکارهێنانی مەعلومە، خەڵك موزایەدە دەکاتن بۆ وەرگرتنی عاردەکە بۆ موساتەحە، دەربارەی ئەوەی وەبەرهێنان کەدەڵێ ئەگەر موساتەحە ڕاگیراوە بەشێوازێکی تر وەردەگیرێتەوە لەڕێگای بەرهەم هێنانەوە، تەبیعی وەبەرهێنانیش یاسایەکی هەیە کەلەم پەرلەمانە بەڕێزە پەسەند کراوە، هیچ بڕیارێکیش لەهەرێم دەرنەچووە کەوا پرۆژەکانی ئیستیسماری ڕابگیرێن، بەڵام هەم دیسان ئەو مەرجانەی کەوا لەیاسایەکە داهاتوون، ئالیەتی ئێستای کەوا بۆ پرۆژەکانی ئێستای زەوی تەرخان دەکرێت جێگای دڵنیاییە بەوەی کە شەفافیەت و عەدالەت لەتەرخانکردنەکەدا بەپێی پێداویستی پرۆژەکە هەبێ، بەپێی مەرجەکانی شارەوانی دەبێت ئەوەی کە پەیوەستە بەئێمەوە، لایەنی تریش تێدا بەشدارن وەکو دەستەی وەبەرهێنان، ئەمە وەڵامی پرسیارەکانی بەیان خان بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە؟ بەیان خان، فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبۆ پارکا دهۆکێ قەسارا زەحمەت نەبی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پارکی دهۆك بەڕێزان، ئەو پارکە گرفتی قەرەبوو کردنەوەو کوژانەوەی هی خاوەن موڵکەکانی هەیە بەڕاستی، ئەم گرفتە لیژنەیەکی بۆ داندراوە ئەمجارەش کەوا لەسەردانمان بۆ پارێزگای دهۆك ئەم داواکارییە بەرەو رووی جەنابی سەرۆکی حکومەتیش کرایەوە، ئەوانیش بەرێزیان بەڵێنیان داوە، ئێمەش

مولتەزیمین بەو بەڵێنەوە ئەم گرفتە یاسایانە چارەسەر بکرێن، ئەو پارکە جێ بەجێ دەکرێت، چونکە یەکێکە لەخزمەتگوزاریە زەروورەکانی شاری دهۆك، دڵنیاتان دەکەمەوە، ئەوە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ثائر.

**بەڕێز د. ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی دەکەم، پرسیارەکەم بەشێکی وەڵامی دایەوە جەنابی وەزیر دەربارەی ئەو کەسانەی کە قەرەبوو کراینەوەو کارتیان پێدرایە، تەبعەن زەوییان وەرنەگرتووە، وەڵامەکەم وەرگرت، بەشێکی دیکە ئەو کەسانەی کە لەمەتارینە لەشاری هەولێر هەندێکیان قەرەبوو کراینەوە، هەندێکی تر قەرەبوو نەکراینەوە، ئیجرائات جەنابیان چییە؟ دەربارەی ئەو کەسانەی کە هەتا ئێستا قەرەبوو نەکراینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر زەوییەکی هەر هاوڵاتییەك بەبەر هەرپڕۆژەیەکی گشتی یان بەکارهێنانێکی گشتی بۆ حکومەت و خزمەتگوزاری کەوتبێت دڵنیاتان دەکەم بەپێی ئەم یاسایانەی کەوا لەم پەرلەمانی کوردستانە بەڕێزەوە دەرچوون، بەپێی ئەو ڕێژەیەی کە بۆ قەرەبوو بۆی دانـدراوە، قەرەبوو دەکرێن، هەنـدێك زەوی و دەست بەسەر داگرتتنی زەمانی رژێمی لەناوچوو هەن، بڕیارێك لەپەرلەمانی بەڕێزەوە هەیە کەوا حکومەت مولزەم نییە بە دانەوەی قەرەبوویەکانی سەردەمی رژێم، چونکە هەندێکی مەعامەلاتی ئیتفایان بۆ کراوە، تەسبیت بووە، دەڵێ ئەمە ئیتفاکراوە، کەئیتفا کرابێت یەعنی دەبێ قەرەبووش کرابێت، هاووڵاتیش دەڵێت من قەرەبووم وەرنەگرتییە، بەراستی یەك لانەبوونەوەی ئەو کێشەیە بۆ مـوودەی چەندین ساڵی ڕابـردوو هەموو ڕێگایەك دەگرینەبەر، ئێستا هەندێك هەوڵ هەن لەگەڵ ناوەندیش، لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیش، ئەو شوێنانەی کەوا موستەمسەکاتی هەبێ یەکێك لەوانە مەتاری هەولێرە لیژنەیەك ناردراوە، خەڵکێك تەکلیف کراوە کەوا بچن چی ئەولەیات لەبەغداش هەبێت بۆئەوەی بیهێنین کێشەی ئەم هاووڵاتیانە چارسەر بکەین، کاك دکتۆر جەنابت دڵنیا بەهەر یەکێك ئەو مافە یاساییەی بکەوێ دوای تەدقیق کردن قەرەبوو دەکرێنەوە وەکو هەرزەوییەکی تر کەوا بۆ کاری گشتی بەکاردێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك یاووز.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی دەکەم، ماڵی خۆیەتی، بەخێر بێت، من سێ پرسیارم هەیە، جەنابیان ئاماژەی بەوە دا کە لە 50٪ی ڕۆتین کەم بۆتەوە لەوەزارەتەکەی، پرسیاری یەکەمم ئەوەیە کە ئێمە لەڕێگای هەندێك لەهاووڵاتیان ئەوەمان پێگەیشتووە کە بەهۆی ڕۆتینی ئیدارییەوە داوا و نووسراو یان مامەڵەی هاووڵاتیان دوادەکەوێ لەوەزارەتی شارەوانی، درەنگ وەڵام دەدرێنەوە، یەك لە هاووڵاتیانی شاری سلێمانی دەڵێ زیاتر لە دوو مانگە نووسراوی فەرمیم لایە کە لەشارەوانی سلێمانییەوە ناردراوە بۆ وەزارەتی شارەوانی، بەڵام تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە، لەکاتێکدا بەپێی ڕێنمایی ئەنجومەنی وەزیران نابێ هیچ نووسراوێ سێ ڕۆژ زیاتر لە دام و دەزگاکاندا بمێنێتەوە، ئایا چیتان کردووە لەم ڕووەوە؟ بەتایبەت بەڕێزتان ڕاتان گەیاندبوو یەکێك لەئەرکەکانتان نەهێشتنی ڕۆتین و دواخستنی کاروباری هاووڵاتیانە، وەکو جەنابیشت ئاماژەت پێدا کە لە 50٪ی ئەوە کارتان لەسەر کردووە، کەم بۆتەوە، پرسیاری دووەم سەبارەت بە زەوییە کشتوکاڵییەکان، تەلبەند کردنیان، بۆ ڕێگا گرتن لەوکارە وەزارەتەکەتان بەکوێ گەیشتووە؟ باسیشتان لەو مەسەلەی موساتەحە و ئەوانە کرد، سێیەمیش پێدانی زەوی بە خەڵکی بیانی و ئەو خەڵکانەی کەلەدەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە دێن لەسەر چ بنەمایەکە؟ ئێوە چۆن مامەلەی لەگەڵ دادەکەن؟ بەتایبەت کەرەخنەیەکی زۆر لەم ڕووەوە ئاراستەی وەزارەتەکان و حکومەت دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك دکتۆر احمد دەربارەی کەم کردنەوەی ڕۆتین، من ئاماژەم پێکرد یەکێك لە ڕێکارەکانی کەوا بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین بەڕێزان دابەزاندنی دەسەڵاتەکانە، من دووپاتی دەکەمەوە ڕەنگە زۆر لەو ڕێژەیە زیاتر کەباسم کرد دەسەڵات دابەزێندرابن، یەعنی کەوا زۆرجاران ئێستا بە شێوازێك دەوترێت کەوا بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ئێمە خۆیان وەزارەتێکی بچووکن، یەعنی ئەوەندە دەسەڵاتی وەزارەت بابڵێین هی وەزیر چووەتە لای بەڕێوەبەرەگشتییەکان، هاکەزا، بەڵام ئەم پرۆسەیە تەبیعی ئێستا کەوتۆتە بواری جێ بەجێکردن، یەعنی تەعمیم بووە، چووە، دەسەڵاتەکان دراون، لیژنەکان دانراون، بەڵام ڕەنگە هێشتا نەگەیشتبێتە ئەو ئاستەی کەوا هەر هاووڵاتییەك لەمامەلەیەکی فەردیدا هەستی پێبکات بابڵێین گەیشتبێتە ئەوەی کە هاووڵاتی وەکو تاکێك، وەکو موراجعێکیش ئەم حاڵەتەی بینیبێت، ڕەنگە دەیان و سەدان مەعامەلەی وا هەبووبن بەرۆژێکی تەواو دەبن، هەندێك مەعامەلات بەڕێزان وەکو مەعامەلاتی تر مامەلەی لەگەڵ ناکرێ، چونکە مەعامەلاتن گرفتی یاساییان هەیە، مەعامەلەی وا هەیە ئێمە دەبێ لە سێ، چوار فەرمانگە تەدقیقی بکەینەوە، بابڵێین ڕەئی سێ، چوار فەرمانگەی ناو وەزارەت لەرووی یاسایی، لەرووی پلانسازی، لەرووەکانی تری پەیوەندیدار بەکاری وەزارەت تەدقیقی بکەین، خۆی لەخۆیدا

پرۆسەکە کاتێکی دەوێت ئەگینا مەعامەلەی ئیداری و ڕۆتینی قەت مومکین نییە، ڕەنگە مەعامەلەیەکیش لەناو ئەم هەموو مەعامەلاتانەدا کاتێکیش درەنگ بوو، تاخیر ببێتن، بەڵام دڵنیا بن هەموو ڕێگایەك رۆژانە بەرەو پێش چوون لەم بوارەدا هەیە، بەوەی کە ئێستا ئێمە هەستی پێدەکەین ڕاستەوخۆ لەدیتنی هاووڵاتیانیش کە دێن بەڕاستی گلەیی و گازاندە لەسەر ئەم مەسەلەیە زۆر کەم بووەتەوە، حەفتەی یەکەمی کەوا من لە ئیستعلامات پێشوازیم لە هاووڵاتیان کرد، ڕێژەی گازاندەکان 60٪ لەوەی ئێستا زیاتر بوو کە لە دوو حەفتەدا پێشوازیمان کردوون، لەبەر ئەوەی سوودمان لەتێبینیەکانیان وەرگرتووە، هەستمان کردووە خەڵکێك بەدەردی چ مەعاناتێك کەوا مەعاناتی هەیە کردوومانەتە بڕیار، کردوومانەتە ڕێنمایی، بۆ ئەوەی کەوا چارەسەری بکەین، دەربارەی زەوییە کشتوکاڵییەکان جەنابت فەرمووت زەوییە کشتوکاڵییەکان، ئەوجا من حەزدەکەم ئەو پرسیارە لەوەزارەتی کشتوکاڵ بکرێ، بەڕاستی ئەمە خۆی زەوی کشتوکاڵییە، زەوی شارەوانی نییە، من چ وەڵامێکم پێ نییە بەحەقیقەت، پێدانی زەوی بەبیانییەکان لەسەردەمی ، دیسان دووپاتی دەکەمەوە لەو کاتەی کەوا من وەکو وەزیر دەست بەکار بووم هیچ زەوییەك بەهیچ کەسێکی بیانی لەسنووری وەزارەتی شارەوانی لەهیچ شارێك و لەهیچ شارۆچکەیەك نەدراوە، بەشێوەیەکی قەتعی، من نازانم مەبەست پێدانی زەوی بەبیانییەکان ئەگەر زەوی نیشتەجێ بوونە بەڕاستی زەوییەکی یەکجار زۆر لەڕابردوودا دابەشکراوە، من نەمتوانیوە پێدابچمەوە، یەکەیەکەی هەموو ئەو زەویانەی لەخیلالی (20) ساڵی حکومڕانیدا لەکوردستان دابەشکراون دراون بەکێ؟ باوەڕیش ناکەم شتێکی موتڵەق بێ، ئەگەریش مەبەست زەوی پڕۆژەکانن، زەوی وەبەرهێنان، لەیاسای وەبەرهێناندا سنووردار نییە بەوەی کەوا دەبێ وەبەرهێنەر تەنها خەڵکی هەرێمی کوردستان بێ یان کورد بێت یان قەومێکی تر بێ، ئەمە یاسایە ڕێکخراوە بۆ هەموو خەڵکێك هەیە بێت وەبەرهێنان لەکوردستاندا بکات، بۆی هەیە خەڵکی هەموو نەتەوەکان، یەعنی هەموو وڵاتەکان زەوییان بۆ وەبەرهێنان وەرگرت بێت، هەندێکی بەردەوام پڕۆژەی چاکیان کردووە، ئەمە ئوتێلی ڕۆتانایە لەسەر جادەیەك، لەپەرلەماندا لەوانەیە دیاربێت/ ئەمە وەبەرهێنەرێکی بیانی کردوویەتی ئوتێلێکی جوانی لەم شارەدا دروست کردووە، خۆ ئێمە ڕێگای لێ ناگرین، لەبەر ئەوەی کە کورد نییە و کوردستانی نییە، خەڵکیش هەیە خەڵکی ئەم وڵاتەیە زەوی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام پڕۆژەکەی خۆی جێ بەجێ نەکردووە، زەوییەکەی لێوەرگیراوەتەوە، ئینجا ئەوە ئەگەر نیشتەجێ بوونە وەکو گوتم (20) ساڵە زەوی نیشتەجێ بوون دابەش دەکرێت، من بەدوای هەمووی دانەچوویمە چەندی بۆ بیانییە یاخود بۆ خەڵکی ناوخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا دوو مولاحەزەم هەیە، یەکەم: سەبارەت بە زەوی کشتوکاڵی بۆنموونە جەنابت وتت (54) هەزار دۆنم بۆ پرۆژەکان دیاری کراوە، یەعنی ئایا ئە لەم پرۆژانە زەوی کشتوکاڵیش ناکەوێتە بەرێ؟ بۆ نموونە ڕەنگە ئەمە پەیوەندی بەوەزارەتەکەی جەنابشتانەوە هەبێ، یەعنی ئەوە وەکو پرسیار، سەبارەت بەزەوی بەو خەڵکانەی کە خەڵکی دەرەوەی هەرێمن بۆ نموونە باس لە بەرپرسە عێراقییەکان دەکرێ کە زەوییان لە هەولێر پێدراوە، لەکوردستان پێیان دەدرێ یان لەسلێمانی، یەعنی ئەمە زەمانە ڕەنگە لەسەر دەمی جەنابتانەوە نەبێ، بەڵام ئەوە هەیە و باس دەکرێ، یەعنی ئەمە ئایا بنەماکەی چییە لەسەر چ بنەمایەکی پێیدەدرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی تێبینی یەکەم هەموو زەوییەکی ئەم وڵاتە یان موڵکی وەزارەتی کشتوکاڵە یان موڵکی وەزارەتی داراییە یان موڵکی وەزارەتی شارەوانییە یانیش موڵکی وەزارەتی ئەوقافە، ئەوی تریش هی خەڵکە، یەعنی زۆربەی هەرە زۆری زەوییەکان بەو شکلەن، کەمن دەڵێم مەبەستێك هەیە بەڕێزان، لەسەر گردێك یان لەسەر شوێنێك یان لەدەرەوەی ماستەر پلانەکان شوێنێك تەلبەند کراوە یان ڤیلەیەکی لەسەر دروستکراوە، زیاتر پرسیارەکان لەسەر ئەوەیە، ڕاستگۆبین لەگەڵ یەکتری ئەمانە لەدەرەوەی سنووری شارەوانین، من مەبەستم، زەوی شارەوانییە، بۆ زانیاری بەڕێزتان کەمترین تەجاوز لەکوردستان لەسەر زەوی شارەوانییە، چونکە کە زەوی بووە موڵکی شارەوانی یان دەدرێتە خەڵکی یان دەدرێتە پرۆژەیەك، ئێمە زەوی بەتاڵ ناهێڵینەوە خەڵك بچێ تەجاوزی لەسەر بکات، خۆمان زەویمان نییە، ئێستا بەهەزاران ئەمری کارت و ئەوانە هەن زەوی نییە بیدەینە خەڵکی، ئینجا چۆن زەوی بەتاڵ دەمێنێتەوە هەتا خەڵك بچێت تەجاوزی لەسەر بکات؟ ئەم زەوییانەی کەجەنابت باسی دەکەی بەڵێ ئەم (54) هەزار دۆنمە بەشێکی هەرە زۆری کشتوکاڵی بووە، بەڵام بەماستەر پلان ڕێکخراوە، ئێعلانی بۆ کراوە، خاوەنەکانیان قەرەبوو دەکرێنەوە، ئەو کارتانەی کەوا باسیشی دەکەن لەهەولێر ئەوەندە هەزار کارت هەیە، هی قەرەبووی ئەوانەیە، ئەوەی کەوا (54) هەزار دۆنمەکانیان دەکرێتە پرۆژە، ئیتر ئەمە وایە شار کە بەرفراوان دەبێ لەسەر حیسابی زەوی و زارە، یەعنی ج چارەسەرەکی دیکە نییە، مسەلەن ئەو نییە بڵێی تۆ بەئاراستەیەکی تر بیکەی، دەربارەی زەوی بیانییەکان من دووپاتی دەکەمەوە ئەو بابەتەی کە هی بەرپرسە عێراقییەکان یان هی هەرکەسێکی تر زەوی نیشتەجێ بوون لەلای ئێمە هیچ زەوییەك تەرخان نەکراوە، زەوی وەبەرهێنانیش دووپاتی

وەڵامی خۆم دەکەمەوە بەردەوام دەبین لە تەرخانکردنی، بەپێی یاسای وەبەرهێنان هەرکەسێك مەرجەکانی وەبەرهێنی تێدابێ یەکێك لەو بابەتانەی من ڕاستر بڵێم بەڕاشکاوی بڵێم لە ئیعلام باسکرایە زەوی کابرایەکە کەدەڵێت (5) هەزار مەتر زەویم وەر گرتییە لەهەولێر، بەڵام لێیان ساندیمەوە، من دیسان دووپاتی دەکەمەوە (5) هەزار مەتر کابرایەك وەری گرتییە بۆ ئەوەی ئوتێلێك دروست بکات، کاتێك کە ئوتێلەکەی دروست نەکردییە (5) هەزار مەترەکەی لێوەردەگیرێتەوە تەرخان دەکرێ بۆ پڕۆژەیەکی تر، ئەم پڕۆسەیە بەردەوام هەیە، بەردەوام زەوی هەڵوەشاندنەوەی گریبەست هەیە، ئەنجامدانی گرێبەستی نوێمان نییە تەبعەن، چونکە هەتا ئێستا بەپێی ڕێنماییەکانی تازە زەوی تەرخان نەکراوەتەوە، بەڵام هەڵوەشاندنەوە هەیە رۆژانە یان حەفتانە ئەوانەی کەوا پڕۆژەکانیان جێ بەجێ نەکردووە بەڕاستی گرێبەستەکانیان هەڵدەوەشێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزتان ئاگاداردەکەینەوە سەعات (5)ی رۆژی دووشەممەی داهاتوو کۆ بوونەوەیەك دەکەین بۆ لێکۆڵینەوە و باسکردنی مەسەلەی کۆلێرا بوو، جەنابی وەزیری تەندروستی بانگ دەکەین بۆ ئێرە، ئەگەر پرسیارەکانتان تایبەت بەکۆلێرا بوو، بۆیە بەو مەبەستەی ئێمە کۆبونەوەکەی بۆ دەکەین تانیهایەتی دەوامی یەك شەمە بماندەنێ، چونکە پرسیاری تر وەرناگرین دوایی، دووشەممە سەعات (5)ی ئێوارە، فەرموو کاك امیر.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنا جەنابێ وەزیرێ شارەوانی دکەم، پرسیارا من ئەوە، ئایا پڕۆژە دروست کرنا پرا دەلال گەیشتە چ قۆناغا؟ دا بزانین ساڵا 2010 و 2011 و 2012 پارە بۆ هاتییە تەرخانکرن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پڕۆژەی نوژەنکردنەوەی پردی دەلال لەزاخۆ بەڕێزان ڕاستییەك هەیە بەڕاستی گرینگترین یان زەحمەتترین ئیش لەوەزارەتی شارەوانی پڕۆژەکانی شوێنەوارن، چونکە شوێنەوار گرینگییەکی وای هەیە، ئەوەندە هەستیاریشە، بڕیاردان لەهەر مەسئەلەیەکی تر زۆر ئاسانترە لەوەی بڕیاردان لەمامەڵە کردن لەگەڵ شوێنەوارێك، ئەم پردی دەلالە تەبیعی یەکێکە لە مەعالیمەکانی شاری زاخۆی کوردستانی، پردێکی ئەسەرییە، درابووە کۆمپانیایێك بەپێی ئەوەی کە لەپلاندا هەبووە، ئیعلانی بۆ کرایە، کۆمپانیایێك هاتووە زەوی لەمنافەسەدا بۆ دەرچووە بەناوی کۆمپانیای (مەنار سەبك ستار)، دوای ئەوەی کەوا بەدوا داچوونێکی وردمان بۆی کرد، لەترسی ئەوەی کە نۆژەنکردنەوەی ئەم پردە بەو شێوازەی کە وەکو کۆمپانیا

دەستی پێکردبوو، ببێتە هۆی لەناوچوونی مەعالیمەکان یان زەربەیەکی پێبکەوێ بەڕاستی کارەکەمان ڕاگرت، لەکۆمپانیامان وەرگرتەوە، چونکە ئەو شێوازەی کەوا کۆمپانیایەکە بەتەمابووە نۆژەنی بکاتەوە، مەترسی ئەوەی هەبووە کەوا تەئسیر لەقیمەتی شوێنەواری ئەم پردە بکاتن، ئێستا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆك و لەگەڵ پارێزگای دهۆك خەریکی دیتنەوەی شێوازێکی ترین کە بەڕای ئێمە ڕەنگە مەجبوور ببین نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان بەبانگهێشتی ڕاستەوخۆ بێت، بەدوا گەڕانی کۆمپانیای تایبەتمەند بێت، ئەگینا دەستکاری کردن شوێنەوارەکان ڕەنگە کارێکی ئەستەم بێ، بۆیە ئێستا لەم کۆمپانیایە وەرگیراوەتەوە، چونکە بەڕاستی مەترسیمان هەبوو لەسەر ئەو مەسەلەیە، لەئایندە ڕێگەی تری بۆ دەدۆزینەوە کەسەلامەتی شوێنەواری ئەم مەسەلەیە بپارێزێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان صالح.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا بەشێك لەپرسیارەکانم وەڵامدراوەتەو، بەڵام من زیاتر تەئکید لەسەر ئەو گوندانە دەکەمەوە کە کەوتۆتە ناو ماستەر پلانی هەولێر، کەوتوونەتە ناو گەڕەکە نوێیەکان کە تائێستا سیمای گوندیان پێوە دیارە، نۆژەن ناکرێنەوە، مۆڵەتیان پێنادرێ کە خانووەکانیان چاك بکەنەوە، سوودمەند نابن لە هەندێك لەخزمەتگوزارییەکان، هەروەها لە پێشینەکە، بەڕاستی پرسیارکەم ئەوەندەی ماوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك کاروان، دەربارەی ئەو گوندانە تەبیعی دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی یاساییە، لایەنێکی پلانسازییە، لەرووی پلانسازی ئێمە هەموو ئامادەسازییەکمان کردووە، نەخشەی کەرتیشمان ئامادە کردووە، چاوەڕوانی لایەنی یاسایی دەکەین، ئەوانە لەو گوندانەن کەوا دەکەونە ناو بابلێین سنووری شاروانییەکانەوە لەو پرۆژە یاسایە کەوا لەبەر دەست دایە، چاوەڕوان دەکەین کەوا پرۆژەکە دەربچێت لە رووی پلانسازییەوە ئامادەسازی تەواوی بۆ کراوە، هەر کاتێك لەرووە یاسایەکەشی چارەسەر بوو، ئێمە ئامادەدەین ئەوە جێ بەجێ دەکەین، ئەو گرفتە کۆتایی دێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە کاك کاروان؟

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر، تێبینیم نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی دەكەم، پرسیارەكەی من یەعنی سەبارەت بەسێ قەزابوو، یەكێكیان لەوانە قەزای سۆرانە كە كێشەیەكییان هەیە، ئەویش ئەوەیە كە ئەو لیژنانەی قەرەبوو كردنەوەی زەوییەكان هیچ نوێنەرێكی قەزای سۆرانی لەناو نییە، یەعنی ئەو لیژنانە كە دەچنە سۆران تەنها لیژنەكە لەهەولێر پێكهاتووە، كە پێویست دەكات كەسێك لەوێ لەناو لیژنەكەدا هەبێ، بۆ ئەوەی بەرچاو روونیان زیاتر هەبێ لەسەر مەسەلەی كوژانەوەی زەوییەكان و قەرەبوو كردنەوە، كێشەی دووەم قەزای ڕەواندزە، كێشەی ئاوی هەیە، بەڕاستی دەمەوێ تۆزێك تەوزیحی بدەم لەسەر ئەو مەسەلەیەی ئێستا بڕێك لەوپارە تەرخانكراوە بۆ ئەوەی كە پڕۆژەیەكی بۆ بكرێت، بەڵام دیارە پڕۆژەكە زۆر، زۆر یەعنی پارەكە زۆر كەمە، بڕەكەی (4) ملیار دینارە، بەبێ دیراسەت كردن لەسەر ئاوی سۆران، ئەو پڕۆژەیەی ئاوی سۆران كە لەبێخاڵ هەیە، لەسەر ئەوێ بۆیان دابینكراوە، كە ئەوانیش بەڕاستی ڕازی نیین لەسەر پڕۆژەكەی سۆران بۆیان بكرێ، بۆیە كێشەیەكی زۆر هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە، هیوادارم، داوا دەكەم لەبەڕێز وەزیری شارەوانی كە ئەو كێشەیە چارەسەر بكات، چونكە بەڕاستی شاری ڕەواندز، من خەڵكی ئەو شارەم، ئێستا لەوێ نیشتەجێم، لە (48) سەعات تەنیا یەك سەعات و نیو ئاوی هەیە، كێشەیەكی زۆری ئاوی هەیە، لەگەڵ ئەوەی كە گەورەترین سەرچاوەی ئاو كە بێخاڵە تەنها (5) كیلۆمەتر لەشاری ڕەواندز دوورە، بۆیە داوا لەبەڕێزیان دەكەم كە پڕۆژەیەكی باشی ئاو تەرخان بكرێ، چونكە بەهۆی وشكە ساڵیەوەش ئەو گوندانەی دەوروبەری هەموو ئیحتیمال لەسەر ئەو پڕۆژەیە دەكەن، بۆیە دیسان داوای لێدەكەمەوە كە پڕۆژەیەكی ئاو بەتەواوی، بەكولفەیەكی باش بۆ ئەو شارە تەرخان بكرێ، پرسیاری سێیەمم دەربارەی قەزای چۆمانە كە كێشەی نەبوونی ماستەر پلانیان هەیە، هەرچەندە بەڕێزیان باسی......

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك پرسیارت ناردبوو هاژەخان، تۆ یەك پرسیارت ناردبوو، چۆن سێ پریسار دەكەی؟ فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاژەخان دووجار پرسیاری ناردووە، بەحیساب جارێکیان یەکێکی سەحب کرایە، یەکێك گۆڕدرایە، بەڵام من وەڵامەکان لەخەیاڵمە کە ئامادە کراینە، دەربارەی ئەوەی کەوا لیژنـەکانی قـەرەبوو بـەپێی دوا بڕیـاری کـە لەئەنجومەنی وەزارەت پەسەند کرایە، تەعمیمی سەر هـەموو شـارەوانییەکان کرایـە لەهـەر شـوێنێکی کـەوا شـارەوانی لـێ هـەبێ، لیژنـەی قـەرەبووی هاووڵاتیـان لـەو شـوێنە پێکـدێ، هـەموو دەسـتەڵاتێکیش لەوێیـە، بەسـەرۆکایەتی سـەرۆکی شـارەوانی هـی شـوێنەکە، هـی ناوچـەکە، نوێنـەرێکی دارایـی، نوێنـەرێکی تـاپۆ، نوێنەرێکی کشتوکاڵ، خاوەن موڵکەکە خۆشی، پێکەوە ئەم لیژنانە، لەگەڵ رووپێـوێکی شـارەزا پێکـەوە ئـەم لیژنانـە بـۆ ئـەوەی جـاران فیعلـەن ئـەم لیژنانـە مەرکـەزی بـوون، دەبوایـە هـەموو قەرەبوویـەك بێتـەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و هەندێکجار بێتـەوە، وەزارەتـیش ئێستا ئـەم دەسـتەڵاتانە بـە شـارەوانییەکان هـەر ناوچەیەك دراون، چونکە هەرچی نوێنەوری یەکەی ئیداریشی تێدایە ، بمبوورە بەڕێز سەرۆکی پەرلـەمان، ئەگەر قەزا بێت نوێنـەری قایمقامیـەتی تێدایـە، ئەگـەر ناحیـە بێـت مـودیر ناحیـە، ئەگـەر لەسـەر ئاسـتی پارێزگا بێت پارێزگاری تێدایە، واتە هەموو پێکهاتەکانی ئەم سنوورەی تێدان، بۆ ئەوەی کەوا ئـەم کێشـەیە چارەسەر ببێ، ئـەوەی کـە هاژەخـان دەڵـێ مەسـەلەن نوێنـەری ئـەو مەنتیقەیـە مـەوجود نـین لەبابەتەکـە، دەربارەی ئاوی ڕەواندز تەبیعی ئێستا هەوڵێك دراوە فیعلـەن کـەوا لـەو پـڕۆژەی کـەوا بـابڵێین ئـاو بەرهـەم دێنێت بۆشاری سۆران کە بـە هەڵسـەنگاندنێکی هونـەری دانـی ئـاو بـە ڕەوانـدز لەسـەر ئـەو پڕۆژەیـە هـیچ کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ئاوی سۆران دروست ناکات، لەسـەر حیسـابی ئـاوی سـۆران نابێـت، واتـای ئـەوە نییـە ئەگـەر ئـاو لـەو پڕۆژەیـە درایـە ڕەوانـدز واتـە ئـاوی سـۆران کـەم دەبێتـەوە، یـاخود ئەگـەر نـەدرایێ ئاوەکەیان زیاد دەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا پـڕۆژەی ئـاوی سـۆرانیش پێویسـتی بـە بـەرفراوانکردن هەیـە، لەپلاندایە، دانانی پڕۆژەیەکی تایبەتیش بـۆ ئـاوی ڕەوانـدز ئـەویش لەپلاندایـە، بەڕێوەبـەری گشـتی ئـاو و ئـاوەڕۆ دانیشـتیە مـن موتەئەکیـدم خەریکە بـۆم دەنووسـێت، بـەڵام دەزانم ئاگـادارم دڵنیـا بـن ئـەو گرفتـە چارەسەر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە هاژەخان؟ فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڵێ، لەسـەر مەسـەلەی قـەرەبوو کردنەوەکـە، بەڕاسـتی مـن ئـەو قسـەیەم لـە بـەڕێز جـەنابی قایمقـام وەرگرتووە کە ئـەو لیژنانـەی قـەرەبوو کردنـەوە تـاکو ئێسـتا یـەعنی کـە دەچـن بـۆ سـۆران بـۆ کوژانـەوە و قەرەبوو کردنەوە تاکو ئێستا نوێنەری سۆران لەگەڵ لیژنەکان نییە، تەنها لەهەولێر دەچن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە لیژنەكانی ئەو قەرەبوویانەن كە گرفتی یاسایان هەیە، لیژنەی قەرەبووی ئەوانەی كەوا زەوی و زاریان ئیتفا دەكرێت، قەرەبوو دەكرێن ئەوانە لەسنووری شارەوانییەكانن وەكو من ئاماژەم پێكرد، بەڵام بە بەڕێزتان ڕادەگەیەنم لەسنووری سۆران هەندێك گرفتی تایبەتمەندی وا هەیە لەنەتیجەی بەدوا داچوونمان ئەو گرفتانە بەس لەسۆران هەن، لەهەموو كوردستان ئەو جۆرە گرفتە فەقەت لەسۆران هەیە، بۆیە لەدوای كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیار درا بەپێكهێنانی لیژنەیەك لەوەزیری شارەوانی و پارێزگاری هەولێر و سكرتێری ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ئەندازیارێكی شارەزا، بەهاوكاری قائیمقامیەت و سەرۆكایەتی شارەوانی سۆران دەست بەچارەسەركردنی بنەڕەتی ئەو گرفتانە بكەن، ئەمە كەمتر لە حەفتەیەكە ئەم بڕیارە دەرچووە، لەم ڕۆژانەدا ئینشائەڵا دەست بەكاردەبین، ئەو گرفتانەی كە هاژە خان باسی دەكات كۆتایی پێدێت، بەڵام ئەوەی تر دووپاتی دەكەمەوە لیژنەی قەرەبووەكانی ئیتفا كردنی زەوی لەسنووری شارەوانییەكانی خۆیان هەیە، سەرۆكی شارەوانی سۆران خۆی سەرۆكی لیژنەكەیە، لەسنووری شارەوانی خۆیدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا كاوە.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی دەكەین، بەخێر بێی...

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە ئێمە لەجیاتی هەمووتان بەخێرهاتنمان كردووە، برا، فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو كە دانیشتووی شاری هەولێرین كێشەیەك هەیە بەڕاستی پاش ئەو هەموو خزمەتگوزاریەی كەدەكرێ لەناو شاری هەولێردا هەندێك لەشەقامە گشتییەكان و شەقامی گەڕەكەكان دوای قیرتاو كردنی كە ئیشی دووەمی لێدەكرێ كێبڵ ڕاكێشانە یاخود كارێكی دیكەی مەقاولێك دەچێ لێی دەكاتن هەندێك چاڵ و چۆڵ بەجێدێڵێ، بەنیوەچڵی چاكی دەكاتەوە، ئێمە هەست دەكەین هەم چاودێری كردن وەكو شارەوانی لەسەر ئەمانە لەئاستی پێویست نییە، هەمیش صیانەش بەدوایدا كەمە، چونكە ئەو تاسانە دەمێننەوە زۆرجار وایە كە دەبینین لەجادەیەكی گشتیدا چاڵێك دروست دەبێ یاخود مەنهۆڵێك كە زۆرجار كێشە دروست دەكات، نازانم جەنابت وەڵامت بۆ ئەو پرسیارەی ئێمە چییە؟ بەڕاستی پاش ئەو هەموو مەسرەفەی دەكرێتن كەچی هەر بە نیوە چڵی و بەخراپی دەمینێتەوە ئەو جادەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیاری ترت هەیە؟ دەفەرموو زوو بەپەلە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەمنیان وت تۆ ناوت لە ئەوەکە دانییە پرسیار بکەی، بۆیە ئەوەم کردییە، هەندێك کێشەی تر هەیە زیاتر کێشەکان سیاسین مەسەلەن هەندێك لەلایەنگرانی بڵێین یەکێتی لەپارێزگای هەولێر، لایەنگرانی پارتی لە پارێزگای سلێمانی ئیدارەی گەرمیان هەندێك کێشەی موڵك و زەوی نیشتەجێبوونیان ماوە هەتا ئێستا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، جەنابت وەکو وەزیری شارەوانی تا چەند ئیشت لەسەر ئەو کەیسە کردووە؟ بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێ، ئەو کێشەیە وا نەمێنێتەوە هەندێك لەو شوێنانەی لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر و قەزاو ناحیەکان، بۆ باخچەو پارك تەرخان کرابوو، کەچی تا ئێستا جێبەجێنەکراوە، بۆتە زبل دان و سەرچاوەی پیسی و نا رەحەتی بۆ هاووڵاتیان، بۆ نموونە لە گەرەکی شۆرش لای بیری ئاوی ژمارە پێنچ ئەم دیاردەیە هەیە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، وەڵامی پرسیاری چوارەمت داوەتەوە، گلەیی و گازاندەیەك هەیە جەنابت خۆت گووتت تا ئێستا لە کاتی ئیشکردنی من دا نەبووە، پێشتر هەبووە چاو پۆشیکردن هەبووە لە سەر هەندێ کەس، زەوی هەبووە تەقسیم دووی کردووە چاو پۆشیان کردووە لە سەر هەندێ کەس، بۆ هەندێکی تر ڕێگەیان پێ نەداوە، هیوادارین لە پۆستەکەی خۆت دا لە کاتی ئەو ماوەیە دەست بەکاری ئەو دیاردەیە نەمێنی، بە عەدالەتی ئیش بکرێ، لەو بارەیەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو شەقام و یاخود پرۆژانەی کەوا دەکرێن و دوایی تێك دەچنەوە، لەبەر ئەوەی کە کاری تری لێ دەکرێ، بۆ ئەو مەسەلانە تەبیعی ئێستا هەماهەنگیەکی زۆر باش لە نێوان سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرو دوائیری تری خزمەتگوزاری دا هەیە، بەتایبەتی کارەباو ئاو و ئاوەڕوکان و ئەوانە، بۆ ئەوەی لە کاتی دروستکردنی هەر پرۆژەیەك ئەو هەماهەنگیە هەبێت، کەوا مەجبور نەبی پرۆژەیەك دروست بکرێت و ئینجا بچێنە چاکردنەوە، واتا دەبی ئێمە چارەسەری ئەساسی گرفتەکە بکەین، یەعنی مەجبوور نەبین لە دوای شەقام ئینجا کارەبا بە ژێر شەقام داببەین، نەك ئینجا بە دوای جاکردنەوەکە دابچین ئێمە لە سەر ئەوە کارمان کردیە، بە حەقیقەت کە ئەمەش کۆنترۆڵ کردنی بەدەرەجەی ئەساس دەگەڕێمەوە سەر یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەپێی ئەو یاسایە ئەنجومەنی شارەوانی پێك دێت لە سەرۆکی فەرمانگە خەدەمیەکانی ناو شار، بەڕێزان ئەمە زۆر هەڵوەستەیەکی گرنگی دەوی، چونکە ئەگەر سەرۆکی دائیرەی ئاو و هی کارەبا و هی مەجاری و هی کشتوکاڵ و هی هەموو فەرمانگە خەدەمیەکان ئەندام بن لە ئەنجومەنی

شارەوانی شارێکدا، ئەمە دروست نابێ ئەوەی کەوا کارەبا ئیش بکات، ئاگای لە ئاو نەبێت، ئاو ئیش بکات، ئاگای لە ئەوی تر نەبێ، ئەوکاتی پلانێکی موەحەد لەو وەزعە دابێت، بەڵام ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان ئەو تەنسیقەمان دروستکردووە، ئیتر لە ناو شارەکان، بەتایبەتی شارە گەورەکان انشاءالله ئەوە دروست نابێتەوە، لەوەی کە بە هۆی گرفتی سیاسیەوە خەڵك گرفتی مابێ، تەبیعی ئەوانەی کەوا گرفتی سیاسی با بڵێین هی شەری ناوخۆییان مابێ، ئەوانە بابەتێکە بەڕاستی پەیوەندی بە وەزارەتەوە نییە، لە مەوزوعی داگیرکردنی موڵك و ماڵدا یاخۆد زەوی یەکێك بووە بەدەستی یەکێکی ترەوە، ئەمە مەسەلەیەکی ترە، ئەمە دادگا و نازانم وەلحاسل لیژنەکانی تری تایبەت بەم مەجالە ئەمە چۆن چارەسەر دەکەن؟ پەیوەندی بە وەزارەتی ئێمەوە نیە، ئەگەر مەبەست لە دابەشکردنی زەوی بێت، بەڕێزان لێکدانەوەیەکی بەداخەوە نادروست بوو، هەندێك مەسائل هەیە، دەیان ئەمری دابەشکردنی زەوی لە سلێمانی هەن جێبەجێنەکراون، دەیان ئەمری دابەشکردنی زەوی لە دهۆك هەن جێبەجێنەکراون، دەیانیش لە هەولێر هەن جێبەجێنەکراون، خەڵکی یەکێتیش هەیە لە سلێمانی ئەمری دابەشکردنی زەوی هەیە، زەوی وەرنەگرتیە، چونکە ئیفرازات نیە، وخەڵکی پارتیش هەیە لە هەولێر زەوی بۆ دەرچووە ، زەوی وەرنەگرتووە، چونکە کێشەی ئیفراز هەیە، و خەڵکی هەموو حیزبەکان و بێ لایەنیش هەیە، لە هەولێریش هەیە، لە دهۆکیش هەیە، لە سلێمانیش هەیە، عاردی بۆ دەرچووە، بەڵام وەرینەگرتووە، گرفتی پێ نەدان گرفتی ئیفرازات و هەبوون و نەبوونی زەویە، نەکو گرفتێکی سیاسیە، دڵنیابن لەوە، ئەمە ڕەنگە تەفسیری کابرایەك بێت ئەرزەکەی چەند ساڵە ئەمری بۆ دەرچووە، کە نەبۆتە خاوەن ئەرزی تر بۆخۆی، بیرەکی وا دەکاتەوە ڕەنگە مافیشی بێ بەدوای وەزعی خۆی دابچێ، بەڵام دڵنیابن هیچ گرفتێکی سیاسی لە مەوزوعی دابەشکردنی زەوی دا نیە، ئەو شوێنانەی کەوا بۆ پارك و باخچەکان تەرخان دەکرێن، ئەوە بەڕێزان پەیوەندی بە تەرخانکراوی داراییەوە هەیە، بەحەقیقەت ئێمە ئێستا قودرەتمان هەیە لە سنووری هەر شارەوانیەك، هەر چەندی پارەمان بۆ تەرخان بکرێت بتوانین باخچە دروست بکەین، زەویمان هەیە، زەویەکان پارێزراون، تەجاوزی لە سەر نەکراوە، دەیان پارچە زەوی ئێستا هەیە، لە ناو مەرکەزی شارەکان کە بۆ باخچە تەرخانکراوە، بەڵام بەڕاستی بودجەی پێویست نیە، کەوا ئێمە ئەو هەمووە دابین بکەین، ئەم پرۆسەیە بەردەوامی هەیە، بەڵام ئەوەش ماوە ئەو شوێنەی کەوا جەنابیشت  بۆ ئێمە بە نموونە دیاریکردووە، زۆر سوپاس من وتم بەدواداچوون هاوکاری ئێمەش دەکات، ئێمە ناردوومانن، تیمەکان عیلاجیان کردیە، رسمیکیشمان لێی گرتیە لەگەڵ خۆمانمان هێنایە بۆیە جەنابت دڵنیابێ کە بەدواداچوون بۆ ئەم حاڵەتەش کراوە، زکر کراوە، ئەوانەی کەوا با بڵێین دابەش دوو دەکرێن تەبیعی بەڕێزان ئەوە گرفتێکی پلانسازی گەورەیە، و گرفتێکی خزمەتگوزاریشە، کاتێك کە گەڕەکێك دیزاین دەکرێ، بۆ ئەوەی کە وا با بڵێین پێنج سەد پارچە زەوی سێ سەد مەتری دابەش دەکرێ، حیسابی پێنج سەد خانەوادە، پێنج سەد عائیلەی بۆ دەکرێ، لە قوتابخانە، لە ئاو، لە گەیاندن، لە خزمەتگوزاری، بەیانی ئەگەر ئەم پێنج سەد عاردە، هەمووی ببێتە دوو عارد، واتا لە پێنج سەد عائیلە دەبێتە هەزار عائیلە، بۆیە بەڕاستی ئەوە گرفتێك نیە، هەر تەنها لە دابەشکردنی زەوی

ئیفراز دابیٚ، بەڵكو لە مەشاكلی خەدەمیش دایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شوێنانەی لەبەر ڕەچاو كردنی باری دارایی خەڵك، ئەو شوێنانەی كەوا بواری دابەش بووی تێدابیٚ، و ئێستا دەكرێن، بەبیٚ فەرق و جیاوازیش، ئێستا دەكرێن، ڕەنگە كاتێك مەنع كرابوون، ئینجا ئەو كاتی پێویستی بە مەحاوڵات بوو، بەڵام ئێستا بە دڵنیاییەوە، بەڵام دابەش سیٚ ناكێن، وسنوورێكیش بۆ ئەمە هەیە، هەموو مەساحەیەك نابێت لە سەد مەتر كەمتر بێت، كاتێك كە دابەش دووی دەكەی،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە ماموستا كاوە؟

پەیمان خان فەرموو،

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیاری یەكەمی من جەنابی وەزیر بەشێوەیەك لە شێوەكان وەڵامی دایەوە كە ئێستا پڕۆژەكیان حازر كردیە بۆ دروستكردنی دەستەیەك، بۆ پەرەپێدانی كەرتی گەشت و گوزار و شۆێنەوار كە جیا بكرێتەوە لە وەزارەتەكەیان، بەڵام حەتمەن جەنابتان وەكو وەریسی ئەو وەزارەتە هەتاكو ئێستا ئەو دوو بەشە لە ناو وەزارەتا بوون، و ئەو دوو بەشەش دوو سەرچاوەی گرنگی داهاتن لە هەموو جێگەیەكی دونیادا، هەتا ئێستا ئەو وەزارەتە جیا لەوەی كە ئێستا ئێوە داوای دەستەیەكتان كردووە، بۆ ئەوەی جیا بێتەوە، هەتا ئێستا ئەو وەزارەتا چی كردووە؟ بۆ ئەوەی ئەو دوو كەرتە سوودی لیٚ وەربگیریٚ، وەكو سەرچاوەی داهات، و گرنگی چی پیٚ داوە، سیاسەتی وەزارەت چی بووە؟ چونكە ئێستا شتێكە كە جەنابتان داوای دەستەیەكتان كردووە، و پێشتر هەتا ئێستا چی كراوەو چۆن پارەی لیٚ خەرجكراوە؟ شتێكی ترە، پرسیاری دووەم: بەرنامەی وەزارەتەكەتان چییە بۆ وەرگرتنەوەی زەویە بەردەڵانەكان، كە بەدەر لە یاسا بینای نیشتەجێبوونی لیٚ دروستكراوە، و جەنابتان دەزانن كە بەپێی یاسا زەوی بەردەڵان نابی هیچ پڕۆژەیەكی لە سەر جێبەجیٚ بكریٚ، و نابیٚ ببێتە موڵكی هیچ كەسێك، و زۆربەی ئەو زەویە بەردەڵانانە لەلایەن كەسی بەرپرس یاخود نزیك لە بەرپرس، و هەندیٚ كەسیش بە خۆشی ئەوانەوە كە تەصەور دەكا بۆ ئەوان تاپۆ بكریٚ، بۆ ئەوانیش تاپۆ دەكریٚ لەو جۆرە زەویانەیان داگیركردووە، بەرنامەی ئێوە چی ئەبیٚ بۆ ئەوە؟ سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی گەشت و گوزار و شوێنەوار، من بەوەندە ئیكتیفام نەكردووە، دەزانم لە پرسیارەكان داهەن، بۆیە ویستم بۆ ئەوەی پێم نەڵێن كاتی تۆ تەواو بوو، خستوومە پرسیارەكانەوە، ئەگینا وەكو بەڕێز پەیمان خان ئیشارەتی پێكرد، ئەوە دوو، یەكێك لە سەر ئاستی بەریوبەرایەتی گشتی هەیە، شوێنەوار لە سەر ئاستی

**هەرێمی کوردستان و بەریوبەرایەتی شوێنەوار لە هەموو شوێنەکان هەن، و دەستەی گەشت و گوزاریش بە هەمان شێوە هەیکەلیەتی خۆی بە کاملی هەیە، ئیشی خۆی دەکا ئەوە نیە کە کارەکانی وەستا بێ، و ئەمە بەشێکی ئەو پلانەیە ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن، کەوا دەستەی گەشت و گوزار ئێستا لەبەرنامەی دایە یاخود کاری لە سەر دەکا ئەگەر ببێتە دەستەش، بەشێك دەبێ لە پلانەکەی، بوونی پلانی ستراتیژی لە دەستەی گەشت و گوزار بۆ پەرە پێدانی ئەم کەرتە تاوەکو ساڵی 2015 تێدا ئامانجی ستراتیژی پلانەکە ئەمانەن.**

**1-زیادکردنی ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان کە چاوەروان دەکرێ بگاتە چوار ملیۆن کەس، زیاد کردنی ژمارەی ژووری هوتێلەکان بەپێی مۆڵەت دان و ئامادە سازی بۆ ئەم مەسەلەیە، بگاتە (25) هەزار ژوور، بەرزکردنەوەی داهاتی ساڵانەی گەشت و گوزار کە بە پێی ئەو پلانەی کە هەیە، کە بگاتە ئامانج، بگاتە نزیکەی ملیارێك و نیو دۆلار، زیادکردنی گوژمەی پرۆژە گەشتیاریەکان وەبەرهێنانیان لە بواری گەشت و گوزار بۆ چوار ملیار دۆلار، کە ئێستا نزیکەی دوو ملیار دۆلار، ئێستا وەبەرهێنان لە بواری گەشتیاری لە پرۆژەکانی گەشتیاری دا هەیە، وەئەم پلانە لە واقیع دا جێبەجێ دەکرێ لە رێگای.**

**2-رێکخستنی ماستەر پلانی جێگا گەشتیارەکانی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری کۆمپانیا بیانی و کۆمپانیا شارەزاکان، ئێستا کاری لە سەر دەکرێ، لە ئایندەیەکی نزیکدا تەواو دەبێ، تەبیعی هەندێ پرۆژە ئێستا هەن کەوا مۆڵەتیان پێ دراوە لە کۆندا یاخود لێرە و لەوێ مۆڵەتێکی مەوقعی پێ دراوە بەراستی ئەمانە، ئێمە بە پرۆژەی گەشتیاری سەیریان ناکەین، ئێمە سەر لە نوێ، ماستەر پلانێکی تەواو بۆ شوێنە گەشتیاریەکان، بۆ نموونە بۆ بەنداوی دوکان، بۆ بەنداوی دەربەندیخان، بۆ بەنداوی دهۆك، بۆ چیای سەفین، چەندین نموونەی تریش کەوا ئێستا لە پلاندان، و ماستەر پلانیان بۆ ئامادە دەکرێ، وبەپێی ماستەر پلانی تازە پێداچونەوە بە هەموو ئەو تەرخانکردنانەو ئەو شێوازە پرۆژانەی کە ئێستا بۆ مەجالی گەشتیاری مۆڵەتی پێ دراون یان دەبێ ئەو خاوەن پرۆژانە، پرۆژەکانیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو ماستەر پلانەی شتێکی لە ئاستی ئەم بەرنامەیە دابێت، یاخود رەنگە بە پێچەوانەوە ئیجرائاتی تر بکرێن، پاڵپشتی کردنی کەرتی تایبەت و رێگا خۆشکردن بۆ وەبەرهێنان لە بواری گەشت و گوزار کە ئاماژەم پێ کرد سێ سێکتەر لە ئەولەویاتی کاری حکومەت دان، پیشەسازی و گەشت وگوزار و کشتوکاڵ، دابین کردنی بودجەی پێویست لەپلانی 2013 با بڵێین پەسەندکردنی دەکرێت، بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریەکان لە شوێنە گەشتیاریەکان لە رێگای پەرەپێدانی هەم خزمەتگوزاریەکان، هەم توانا مرۆییەکان، پێ گەیاندنی خەڵکی لە رێگای یەکێك لەو هەوڵانەی کەوا هەیە، کردنەوەی بەشێکی گەشت و گوزار، لەگەڵ یەکێك لە زانکۆیەکان کە هاوکاری دەستەی گەشت و گوزار بکا، ساڵانە خەڵکمان بۆ راهێنان و خول و جگە لەوانەی کە لە پەیمانگە وەکو ئەکادیمیا دەخوێنن، واتا بە هاوکاری لەگەڵ بواری فێرکردن و پەروەردەو فێرکردنی باڵاش، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گەشتیاری کە بەراستی ئەوەش بەشێکە لە پلانی ئێمە، ئەمە پەیوەستی بە کەلتورێکەوە هەیە، بە تێروانینی خەڵکیەوە هەیە، کە جەنابتان دەزانن ئەو شوێنانەی کە گەشتیارین ئەمەش کاریگەری خۆی لە سەر روو تێکردنی گەشتیاران دەکات، و پەرەپێدانی گەشت و**

گوزاری یاخود ئاسانکاری ئەلکترۆنیەکان وەکو ئەوەی کەسێك بتوانێت بێ لەوەی کەوا بێتە وڵات، شارەزایی دەربارەی گەشت و گوزاری وڵاتی ئێمە هەبێ، و لە فەراهەمکردنی شوێنی حەوانەوەو شێوازی هاتۆچوو ئەم بەرچاوخستنانە لە ڕێگای پەیوەندی ئەلکترۆنیەوە، دەربارەی زەوی بەردەڵان، جەنابت ئیشارەتت پێ کرد کەوا خۆی موڵکی کەس نیە، هەروەها موڵکی شارەوانیش نیە، یەعنی زەوی بەردەڵان حەزدەکەم جەنابتان بزانن کەوا موڵکی شارەوانی نیە، ئێمە وەکو حکومەت بەرپرسیاین لە هەر بستێکی عارد کەوا لە هەر شوێنێکی هەیە، هەمووی زەوی ئەم وڵاتەیە، حکومەت لێی بەرپرسیارە، بەڵام وەکو تایبەتمەندێتی بەراستی ئەم زەویانە لە ناو سنووری شارەوانیەکاندا حیسابی تەرخانکردنی سەکەنی، یاخود شوێنێکی تری بۆ نەکراوە، لە هەندێك شوێن بەکارهێنراوە بۆ سەکەن بەپێی دیزاین، حەقیقەتەن کە ئەوەی شارەوانی کردوویەتی، یەعنی خۆمان کردوومانە، چ لە دابەش کردندا، چ لە تەرخانکردندا، بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ نیشتەجێبوون، بەڵام ئەوی تری کەوا جەنابتان دەڵێن زیادە ڕۆیی لە سەر کراوە، بەراستی ئەوە موڵکی شارەوانی نیە، وەکو هەر زەویەکی تری زیادە ڕۆیی مەفروز وایە بەپێی یاسا هەموومان مامەڵەی لەگەڵ دا بکەین، بەڵام وەکو تایبەتمەندێتی وەزارەت موڵکی ئێمە نیە، کەوا ئێمە مەسەلەن جەوابی ئەوەمان هەبێت، ئیجرائاتی ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی بەرامبەر ئەو موڵکانە چیبووە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە پەیمان خان؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەمە ڕاستە، یەعنی ئەوەی ئێوە دەیڵێن دەسەڵاتی ئێوە نیە، لەبەر ئەوەی موڵکی شارەوانیش نیە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا بە فیعلی پرۆژەی لە سەر کراوە، وەزارەتی ئێوە نایێی مەعامەلەی با بڵێین ئەمری واقیعی لەگەڵ بکا، و بیخاتە ماستەر پلانەوە و جۆرێك لە جۆرەکان موڵکیەتی بگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی کە ئێستا دەستیان بە سەر داگرتووە، یەعنی گرفتەکە لەوە دا نیە کە هی ئێوە نیە، ئەی ئەوەی کە هەیە، ئەیکەنە سیاسەتی ئەمری واقیع؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ڕۆژەی کەوا من دەستم بەکار کردیە لە خزمەتی جەنابتان لەو وەزارەتە تا ئێستا ئێمە شەرعیەتمان بە هیچ کارێکی نا شەرعی نەداوە، لە هیچ شوێنێك دا، ڕەنگە کاری تەجاوز هەبن، بەڵام یەك ڕێگا پێدانێکی

ڕەسمی یان شەرعیەت پێدان بۆ هیچ یەکێکیان نە کردوومانە نە دەشیکەین، بە ئومێدی ئەوەین، ئەو ڕۆژە دابێ ئەم یاسایە لە سەر هەموو خەڵکی وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، هەموو ئەو مولَکە گشتیانە، دەبنەوە موڵکی حکومەت یاخود ئیجرائاتی تری غەرامات و سزادانی یاسایی، یان هی مالیان لەگەڵ دەکرێ، پەیمان خان و ئێوەی بەڕێز دڵنیا دەکەم، ئێمە شەرعیەت بە هیچ کارێکی بەدەر لە یاسا نادەین، هیچ موستەمسەکێکی وای نادەینە دەست، ڕۆژێك لە ڕۆژان بە موستەمسەکێکی وەزارەتی شارەوانی دیفاع لە هەبوونی ئەم عاردە بکرێ،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕازشێخ احمد:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکانی من یەکەم: پرسیارم سەبارەت بە کێشەی زەوی نیشتەجێبوونە لە هەولێر لە (8)ی حەسارۆکان، کە خەڵکێك لە زوووەوە پێی دراوە، بەڵام خزمەتگوزاری بۆ نەچووە، دەمەوێ بزانم چی بەسەر هات ئەو کێشەیە؟ دیارە پێشتریش لەگەڵ جەنابی وەزیر قسەم کردبوو سەبارەت بەوە، بەڵام نازانم ئەنجامەکەی بە چی گەیشت؟ پرسیاری دووەمم: سەبارەت بەو زەویانەیە لە هەولێر لەلای مامزاوە، هەندێ زەوی پێشتر دابەش کراوە بەناوی زەوی یاریزانان، ئەم زەویانە هەتا ئێستا نە لە سەر ئەو خەڵکەی کە کڕیویەتی، نە لە سەر ئەو خەڵکەی کە پێیدراوە، نە تاپۆ دەکرێ، و نە کڕین و فرۆشتنیشی پێ دەکرێ، پرسیاری سێیەم: فەرمانبەرانی سەر بە وەزارەتی کارەبا کە یەکەی نیشتەجێبوونیان پێشتر لە بۆ دروست کراوە، داوا دەکەن ئەگەر بکرێ یەکەکانیان لە سەر تاپۆ بکرێ، و ئایا شتی وا هەیە لە بەرنامەی وەزارەتی کارەبا، یان وەزارەتەکانی تر، کە ئەوان دەڵێن لە وەزارەتەکانی تر شتی لەو بابەتە هەیە، بۆیە ئێمەش داوا دەکەین ئەم شتەمان بۆ بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی کیشەی(8)ی حەسارۆکان لە هەولێر، گەڕەکی (8)ی حەسارۆك (16) هەزار پارچە زەوی لە خۆی دەگرێ، کاری ئیفرازکردنی تەواو کراوە، هاووڵاتیان دەتوانن مۆڵەتی بینا ئێستا وەربگرن، بەشێك لە خزمەتگوزاریە گشتیەکان لە شەقام و ئاو و ئاوەڕۆ خراوەتە بەرنامەی پەرەپێدانی موحافەزە، هی پارێزگاوە، خزمەتگوزاریەکانیش پەیوەستە بە باری داراییەوە بەحەقیقەت، بۆ زانیاری بەڕێزتان خەرجیەکانی ئیفرازکردنی ئەو زەویانە و ئامادەسازیەکان، ئەمەشیان لە سەر بودجەی تەشغیلیە، ئەمە دەربارەی پرسیاری یەکەم. پرسیاری دووەم: ئەو زەویانەی پێی دەوترێ، زەوی یاریزانان بەڕێزسەرۆکی

پەرلەمان. زەوی یاریزانان، بەپێی ئەو مەساحەی کەوا بۆیان تەرخان کراوە، لە سەر ناوی خۆیان تۆمارکراوە، بەڵام پارچەیەکی درێژی زەوی بەبەردەمی کەرتەکانی زەوی ئەوان دا کە موڵکی شارەوانی یە زێدە ڕۆیی لە سەرکراوە، ئێستا هەر یەکێك لە خاوەنی ئەو زەویانە سەنەدەکی بە زەویەکەی خۆی هەیە، بەو مەساحەی کەوا بۆی تەرخان کراوە، بەڵام لە واقیع دا لە سەر هەندێك هەر یەکێك بەچەند مەترێك لە زەوی خۆی زیاتر، چونکە زەوی لە بەردەمی دابووە، بەکاری هێناوە بەڕاستی ئەمە زەوی موڵکی عامە، و هیچ کاتێك ئێمە نە تاپۆی دەکەین نە کڕین و فروشتنی پێوە دەکەین، ئەگینا ئەو زەویەی کەوا موڵکی خویتی سەنەدی پێ دەرچووە، دەتوانێ هەموو مەعامەلەیەکی پێ بکا و کڕین و فرۆشتنی پێوە بکات، بەڵام تەنها لە سەر ئەو مەساحەی کەوا بەناوی ئەوەوەیە، نەك ئەو زیادەی کەوا لەگەڵێتی بەحیسابی خۆیتی، بەڵام هی ئەو نیە، لەڕووی یاساوە ئەوەیە مەوزوعەکە، ئەگینا زەوی خۆیان ئازادە، دەربارەی فەرمانبەرانی سەر بە وەزارەتی کارەبا هیچ داواکاریەکی لەو بابەتە لەلایەن ئەو فەرمانبەرانە بە ئێمە نەگەیشتووە، کەوا داوای تاپۆکردنی یەکەی نیشتەجێبوونیان بکەن، و ئێمە ئەو جیهەتەش نین، وەکو وەزارەتی شارەوانی کەوا بڕیار لە تاپۆکردنی موڵکەکانی دەوڵەت بدەین، ئەمە بڕیارێکی تری هاوبەشی یان لە سەرۆکایەتی حکومەتە، وەزارەتی دادە، هەموو لایەن، چەند لایەنەکی تری تێدان، ڕەنگە ئێمە بەشێك بین لە جێبەجێکردنی دوای دەرچوونی بڕیارەکە، و هەتا ئێستا داواکاری لەو بابەتەشمان پێ نەگەیشتووە، وەکو وەزارەت.سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان. تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز هاوڕاز شیخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیم نیە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی من بەڕاستی لە پڕۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی (83) ملیار دانراوە بۆ دەعمی (جای کای ) یابانی، ئەم بڕە پارەیە تەرخانکراوە زۆر زۆرترە لەو پارەیەی کە وەزارەتی شارەوانی سوودمەند دەبێ لە پڕۆژەکانی، بڕی تەرخانکراو کە بۆ پڕۆژەکانی ئەوەی کە باسم کرد، پڕۆژەکانی ئاوی هەڵەبجەو لەگەڵ ئەو پڕۆژانەی ئیفرازی سێ، (300) ملیارە، بەپێی ئەو مەعلوماتەی من دەستم کەوتووە، لە وەزارەتی پلاندانان دەبێ (10٪)ی تۆ بدەی وەکو وەزارەت، بۆچی بووە بە (83)؟ کە مەفروزە من لەگەڵ کاك سەهەندیش تەلەفۆنم کرد لەگەڵ کاك عبد الحمید هەر بە هیچ شێوەیەك لە (35) ملیار زیاد ناکات، یەعنی من خۆم

وەزیر بم نایەڵم بیکەن بە (83)، بە زیاد لە سەرمەوە، چونکە خۆی دەڵێ دەبێ لە (10٪) وەزارەت بیدا، لەبەر ئەوە یەعنی ئەو پارەیەی (83) یەکە کە دەمینێتەوە کە مەفروزە تۆ دیفاعی لێ بکەی کە بۆ پڕۆژەی تر بەکاری بێنی، پرسیارەکەی ترم بەریوبەرایەتی نەخشەدانان و ئاوەدانی لە سلیمانی فەرمانگەیەکی زۆر گرنگە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەریوبەرایەتی گشتی نیە، لەکۆبوونەوەکانی وەزارەتتان کە بەپێی یاسای وەزارەتەکەتان کۆبوونەوەیەك دەکەی لەگەڵ بەریوبەرە گشتیەکان و موستەشارەکان، لەوە دەچێ یان داوایان نەکەی یان ڕەئیان بەهەند وەرناگیرێ، و ئەو بەریوبەرایەتیە دەڵی بەڕاستی ئێمە بە هیچ شێوەیەك بەریوبەرایەتی گشتی نەخشەدانان و ئاوەدانی لە وەزارەتمان لە مەعانات و کێشەی سلیمانی نازانن، یەعنی هەر موحافەزەیەك و بەڕاستی کێشەی خۆی هەیە، و ئەو بەریوبەرایەتیە گشتیەش لەبەر ئەوەی زۆر گرنگە، و لەم یاسایانەی کە جەنابت باست کرد ئەوان دەورێکی باڵایان دەبێ بۆ ئەوەی بتوانن بە زووترین کات جێبەجێبکەن، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو پارەی کەوا تەرخان کراوە، بۆ پڕۆژەی قەرزی یابانی، یاخۆد هی (جای کا)، تەبیعی هەندێك بواری تری تێدان، جگە لە مەوزوعی پڕۆژەکە، ئەم بڕە پارەیە لە سەرەتاوە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە دانراوە، تەبیعی چۆنیەتی کارپێکردنی و دابەشکردنی بە سەر سێکتەرەکانەوە، ئەوان مونەسیقن لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی بۆ ئەم پڕۆژەیە، و ئەم بڕە پارەیەش کەوا باس دەکات شلێر خان، خەرجیەکانی وەکو باج و گومرگ و ڕاکیشانی کارەبا و فەرەبووی زەوی و وزاری خەڵکە، ئەوەی کە کراوە بەڕاستی من عەرزم کردن، ئەم پرۆسەیە تەقریبەن (7)ساڵ دەخایەنێ، ئەوەی کەوا لە بەردەستی ئێمە ماوەتەوە، من شلێر خان دڵنیا دەکەمەوە لەمەودوا لە غەیری ئەوەی کەوا بۆ خزمەتی پڕۆژەو بۆ ئەو خزمەتەی کەوا بۆی تەرخانکراوە، هیچ پارەیەکی تر بۆ هیچ مەجالێکی تر ناهێڵینەوە، من حەریس دەبم لە سەر تەوسیەی جەنابت، لە سەر ئەو بڕە پارەیەی کەوا لە دەستمان ماوەتەوە، ئەوی تریش بۆ پڕۆژەکەیە، من ئیعلانم کرد، یەعنی پێم ڕاگەیاندن بەدواداچوونی مالیش لە سەر خەرجکردنی ئەوەی، ئەوە بەڕاستی ئەرکی من نیە، ئەرکی لیژنەی پەیوەندیداری پەرلەمانە، لە کۆتایی حیساباتی خیتامی دا یان لە هەر وەقتێکی تردا، داوای تەفاسیلی خەرجی مالی بکات، لەوەی کەوا ئەوەی جگە لە بۆ پڕۆژە، بۆ مەبەستەکانی تری پەیوەست بە پڕۆژەکە، تەرخانکراون ئەکید ئەم تەرخان کردنە موبەڕیراتی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر پەرلەمانی بەڕێزیش پرسیاری لە سەر تەرخانکردنەکە هەبێ، ئەوەی پەیوەستە بە ئێمەوە، لێرە بەدواوە، لەو بڕە پارەیەی کەوا تەرخان کراوە، ئێمە گرێبەستمان ئیمزا کردووە، ئەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن،

و هیچ پارەیەکی تریش لە غەیری مەبەستی پرۆژە بۆ هیچی تـر خـەرج ناکرێـت، دەربـارەی نەخشـەدانانی سلێمانی، تەبیعی ئەوە موشکیلەی هەیکەلیەتە بە حەقیقەت، ئێمە وەزارەتی شارەوانی وەزارەتێکی زۆر زۆر بەرفراوان و گەورەیە و، ئەگەر ئێمە هەموو پێداویستیەکانی خۆمان لە سەر مستەوای شارەکان بکـەین بـە بەریوبەرایەتی گشتی وەك ئەوەی کە لە وەزارەتەکانی تر هەیـە، حەقیقـەت ڕەنگە وەزارەتـی شـارەوانی لـە (20) بەریوەبەری گشتی تێپەڕی بکات، یەعنی وای لێ دێت هەیکەلیەتی وا دروست دەبێ کە ئـەوە نەخشـە دانانی ئاوەدانیە، با بڵێم بەریوبەرایەتیە لە سەر مستەوای شارەکان، هی پارێزگاکان، ئاو بەریوبەرایەتیە لە سەر مستەوای پارێزگاکان، ئاوەڕۆ بەریوبەرایەتیە لە سەر مستەوای پارێزگاکان، یەعنی ئەگەر ئێمە هەموو ئەوانە هەر یەکەی زەربی چواری بکەین، چوار بەریوبەرایەتی گشتی بۆ دابنێین، بەڕاستی یەعنی هەیکـەلی ئێمە بۆ خۆی دەبێتە حکومەتێك، بەڵام ئێمە ئەو گرفتەمان بەشێوازێکی تر چارەسەر کردووە، لـە بابـەتی دابەزانــدنی دەســەڵاتەکان، ئێســتا دڵنیــای جــەنابت دەکــەم کــەوا ڕەنگــە بــۆ (10٪)ی کارەکــانی خۆیــان بەریوبەرایەتی نەخشەدانانی سلێمانی مەجبوور نەبن بگەڕێنەوە وەزارەت، بەڵکو هـەموو دەسـتەڵاتەك لـە سنووری پارێزگای خۆیان با بڵێین سنووری پارێزگای سلێمانی، کە سنووری کارکردنی خۆیانە، دەسەڵاتی بۆ دابـەزێنراوە، لەبـەر ئـەوە پێویسـت ناکـات ئێمـە هەیکـەل زیـاد بکـەین، چـونکە دەسـەڵاتەکانمان ناردۆتـە خوارەوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان. تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیزصالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیارەکان، من چوار پرسیارم هەیە، پرسیاری یەکەمیان بەشێك لە ڕوونکردنەوەکەی بەڕێز وەزیری شارەوانی، بەشێك لە وەڵامم وەرگرت، ئەوەی کە لە پرسیارەکەم دەمێنێ ئەوەیە، لە سنووری موحافەزەی سلێمانی لە 2005 ەوە، کۆمەڵێك مووەزەف هەیە کە ژمارەیان (5) هەزار فەرمانبەرە، کۆدێکیان وەرگرتووە بەناوی کۆدی زەویەوە و، جۆرێك لە گفتیان پێدراوە کە ئەو خەڵکە لە چاوەڕوانیدا دەژین و، وەڵامێکی فەرمیان وەرنەگرتووە، بەشێوەیەکی شەفافانەو ڕوون و بەشێوەیەکی ڕەسمی لە وەزارەتەکەی بەڕێزتانەوە، کە ئەم ڕەقەمەیان وەرگرتووە، کە ئەمە زۆر جار حاڵەتێکی هەڵواسراوی ژیان و گوزەرانی بۆ فەرمانبەران دروستکردووە، پێویست بوو لە کابینەکانی پێشووتردا، لە 2005 ەوە، تا ئێستا

کاتێکی زۆر زۆرە بۆ چاوەڕوانی فەرمانبەرێك کە کارمەندی حکومیە، پلانتان چییە کە لە ئایندە بەشێوەیەکی ڕەسمی وەڵامی فەرمانبەران بدەنەوە؟ چونکە تا ئێستا ئەو کۆدە لە هەندێ شوێن پێیان دەوترێ کە ئەمە کۆدێ مووچەکانیانە، نەك کۆدی ژمارەی زەوی بێ، کە لە موەهموایە ژیاون، ماوەیەکی زۆر کە ئەمە کۆدی زەویەکانیانە، ئەمە یەکێك بوو لە پرسیارەکان. پرسیاری دووەمم سەبارەت بە یاسای ژمارە 12ی 2010 و یاسای وەزارەتی شارەوانی وگەشت و گوزار یەکەم ئامانجی کە ئامانجێکی زۆر ورد و درشتە کە ئەمە ناوەستێت ئەم ئامانجە جێبەجێبکرێ لە چوار چێوەی پڕۆژەیە، بە بڕوای من وەکو ئەندام پەرلەمان، هەموو وەزارەتی شارەوانی سیاسەتەکەی یەکسان دەبێ بە ئامانجی یەکەمی، چونکە هەموو تەفاسیلەکانی کە کارکردنی وەزارەتەکەی بەڕێزتی تێدایە، ئاماژە بەوە دەکات لە یاساکەدا کە پرسیارەکەی من لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، ئاماژە بەوە دەکرێ کە وەزارەتی شارەوانی بەرپرسە لە دابینکردنی ئاوی خاوێن، و تەسفیەکردنی ئاوی خاوێن و، بگاتە دەستی هاووڵاتیان و کۆمەڵێك ئەرکی تر، کەواتە بڕبڕەی سەرەکی کارکردنی بەڕێزتان وەکو وەزارەتەکە ببورە، یەعنی وەکو پۆستە فەرمیەکەی بەڕێزت، ئەوەیە کە ئاوی خاوێن بگاتە دەستی خەڵکی، من لە مانگی(7) لەگەڵ دوو هاوکارمدا، سەردانی سنووری قەرەداغم کرد لە بینینی (18) گوندی قەرەداغ، (17) گوندی ئاوی خوارنەوە ناگاتە دەستی بۆ ئەوەی کە بیخواتەوە، کە ئەمە ئەساسیاتی ژیانێتی، کەواتە پڕۆژەکانی تر چ سوودێکە هەیە بۆ ئەو گوندانە کە ئەو بنەما سەرەکیەکانی ژیان، کە ژیان یەکسانە بە ئاوی خاوێن، چونکە ژیان لە خەتەرە دەبێ ئەو ئاوی خواردنەوەی نیە و، دەها شوێنی تریش لە هەرێمی کوردستان، زۆرێك لە ئەندامانی پەرلەمان سەردانیان کردووە، ڕانیە، قەڵادزێ و، زۆربەی گەڕەکەکانی سلێمانیش کە لە سەردانی مەیدانی بینیومانە تا ئێستا بە تانکەر ئاویان بۆ ئەبرێ و، زۆربەی شوێنەکانیش ئاوەکانیان فەحس کراوە، کە ئەمە شیاو نیە بۆ خواردنەوە، گەورەترین بەڵگە بۆ قسەکانی من ئەو پەتا و وەبائەی کۆلێرەیە کە ئێستا لە سلێمانی بڵاوبۆتەوە لە ئەنجامی ئەوەی کە تانکیەکان ناگۆڕێ و سەرچاوەی ئاوەکان خاوێن نیە، وە بەڕێگای شکاوییە بە ڕێگای تانکەری پیس و سەرچاوەی ئاوی پیس دەگاتە دەستی هاووڵاتیان، سیاسەت و ستراتیژیەتی وەزارەتەکەی ئێوە ئەمە کارێکی گرنگە، پرسیاری سێیەمم سەبارەت بەوە کە یەکێکی تر لە ئەرکە سەرەکیەکانی وەزارەتی شارەوانی، ئەوەیە کە بایەخ بدات بە ڕێگاو بان و ئەرکی سەرەکیە وەکو ئاماژەم کرد، سیاسەتی کارکردنی بەڕێزتان لە ئامانجی یەکەمی یاساکە خۆی دەبینێتەوە، لەویشە ئاماژە کراوە بە دروستکردنی جسوور و تروق و کۆمەڵێك شتی تر، ڕوداوی لە دەستدانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە کە لە زۆر ئیعلامە ناو دەبرێ بە تیروری سپی، لەبەر ئەوەی ڕێژەی زیان لێ کەوتوو لەم مەسەلەیە زۆر زۆرە، تازەترین سەرچاوەکان، دوێنی بەتەنها لە ڕوداوێکی هاتۆچۆ لە نێوان حاجیاوە و چوارقورنە شەش کەس گیانی لە دەست داوە، لە مانگی ڕابوردووە لە سنووری گەرمیان کەلار و دەربەندیخان (41) کەس گیانیان لە دەست داوە، تێکڕا ڕوداوی 2011 ڕوداوەکانی هاتۆچۆ (983) کەس گیانیان لە دەست داوە، و 2010 یە (831) کەس، ئەگەر ئەمە بە موعەدەل بەسەر ڕۆژیکا حیسابی بکەین زیاتر لە یەك کەس گیانی لە دەست دەدە

بەهۆی ڕێگاوبانەوە، و بەڵگەیەکیش کە بەرپرسیاریەتەکە دەکەوێتە سەر دەوترێت شوفێر پابەند نیە بە ڕێنماییەکانی هاتۆچۆوە 2012/4/4 یە نەقیب بەختیار کە ناتقی ڕسمی ئیعلامیە لە مودیریەتی مروری سلیمانی ڕێك ئەم نەسە دەڵێ ( اغلبیت حوادث تقع في الطرق الخارجية المصممة بشكل سيء) واتا مودیریەتی مرور مەسئولیەتی گەورەی ئەو ڕوداوی هاتۆچۆی ژمارە زۆر گیان لە دەست دانە دەیخاتە سەر وەزارەتەکەی بەڕێزتان، وەڵامت چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئێوە کە پرسیارەکان دەکەن شەرحی مەکەن، بەس پرسیارەکانتان بکەن بۆ موراعاتکردنی وەقت، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەوەی پرسیاری یەکەم: ئەو کۆدە لە پرسیارەکەی بەڕێز ئاشتی خان باس نەکراوە، حەقیقەت، دەقی ئەو پرسیارەی کەوا بۆ من هاتووە ئەگەر ئیجازە بفەرموون بخوێنمەوە، پرسیارەکە دەڵێت وەکو دەزانرێت لە سنووری شارەوانی پارێزگای سلیمانی ئیفرازی زەوی بۆ فەرمانبەران وەرستێنراوە، ئایا ئەمە چەند دادپەروەرانەیە بۆ هەمووان من جەوابی ئەوەم پێیە، بەڵام ئەو کۆدەی کەوا ئەو باسی دەکا، بەڕاستی لە پرسیارەکە دا نەهاتیە من ئێستاش نازانم ئەو کۆدە چییە؟ ئایا لە پرسیارەکەدا نەهاتووە بۆ ئەوەی کەوا بپرسم حازری بکەم، بەڕێزیشتا دەزانن ئەوە کە وای من دواتر ئەگەر ئیجازە بفەرموون بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکاتان لێ دەکەین ئەوەلەن شەرح مەکەن، دووەمین پرسیاریتر مەکەن، ئەو پرسیارەی کە ناردوویانە ئەو پرسیارە، پرسیاری ڕسمیە بەڕاستی، فەرموو جەواب بدەوە،

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

جەوابی کۆدەکە من بە نووسراوێك دواتر بۆ ئاشتی خانی دەنێرم، چونکە بۆ ئەوەی حازری بکەم، دەربارەی وەستاندنی ئیفرازات، بەڵێ عەرزم کردن لە بیدایەتیش دا ناگەڕێمەوە سەری ئێستا لیژنەمان، لەسەر ئاستی وەزارەتیشی داناوە، لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەك، یەکێك لە راوێژکارەکانی وەزارەت سەرۆکی لیژنەیە بە ئەندامیەتی سەرۆکی شارەوانی شوێنەکە و، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی شوێنەکە، بۆئەوەی کەوا هەرچی گرفتی ئەو ئەمرانە هەیە، هەر کەسێك فەرمانێکی ڕسمی تەرخانکردنی زەوی هەبێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان، دڵنیایان دەکەمەوە زەوی خۆیان وەردەگرن و، ئەم پرۆسەیە دەست پێ دەکات ئەوە نیە هەر بڵێین چەند ساڵێکیش بخایەنێت، دەربارەی پرسیاری دووەم کە دەڵێت ئەرکی یەکەمی وەزارەتی ئێمە دابین کردنی ئاوە، من لێرەدا ئیجازەم پێ بدەن پرۆژەکانی ئەو ئاوەی کەوا ئەو بێ ئاویەی

کەوا باس دەکرێت، ڕاستە بێ ئاوی وەکو هەر خزمەتگوزاریەکی تر ئاو نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کەوا هەمووومان با بڵێن لێی دڵنیا بین و هیچی تر خەریکی نەبین، دوو ژمارە بە جەنابتان دەڵێم لەسەر گرینگی دان، لە (90٪)ی تەرخانکراوی ساڵی (2012)ی پلانی وەزارەتی شارەوانی بۆ پرۆژەکانی ئاو بووە، لەسەر ئاستی پارێزگاکان ئەو پرۆژانەی ئاو جێبەجێ کراون، کە ئێستا بە ملیۆنان خەڵك سوودی لێ وەردەگرێت، یەعنی لە سەدان هەزار بەرەو سەرەوە تر، پرۆژەی ئاوی ئیفراز یەك و ئیفراز دوو و ئیفراز سێی هەولێر، پرۆژەی ئاوی مێرگەسۆر، مەزنێ، پرۆژەی ئاوی بێخاڵ، سۆران، پرۆژەی ئاوی قەندیل، سەلاحەدین، شەقڵاوە ئەوانە ئێستا جێبەجێ کراون، فراوانکردنی پرۆژەی ئاوی مێرگەسۆر، مەزنێ، پرۆژەی ئاوی بۆگەد، کۆیە، پرۆژەی ئاوی کوشافی، مەخمور، پرۆژەی ئاوی ئیفرازی چواری هەولێر، پرۆژەی گەیاندن و دانانی تۆڕی ئاو بۆ پەنجاو یەك گوندی دەڤەری بارزان، پرۆژەی دیزاین و جێبەجێ کردنی ئاوی قورسی شاری هەولێر، گۆڕینی تۆڕی ئاوی ناو بازنەی شەست مەتری شاری هەولێر، فراوان کردنی پرۆژەی ئیفرازی سێی شاری هەولێر، ئەمە لەسەر مستەوای پارێزگای هەولێر، لەسەر مستەوای پارێزگای سلێمانی، پرۆژەی ئاوی دوکان، سلێمانی یەك، پرۆژەی ئاوی دوکان، سلێمانی دوو، پرۆژەی ئاوی سەرچنار، پرۆژەی ئاوی کەلار، رزگاری، پرۆژەی ئاوی ئەوانە کە با بڵێین ئێستا کار دەکەن، ئەوانی تر کە ئێستا لەژێر جێبەجێ کردن دان، پرۆژەی ئاوی دەربەند، رانیە، چوار قورنە، حاجیاوە، پرۆژەی ئاوی قەڵادزێ، پرۆژەی ئاوی دوکان، خەلەکان، پرۆژەی ئاوی گۆپتەپە، چەمچەماڵ کە ئێستا لە تەندەرینە ئیعلانی بۆ کراوە، ئەم رۆژانە ئینشاللە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەچێتە بواری ئیمزا کردن، پرۆژەی ئاوی هەڵەبجەی نوێ لەگەڵ گۆڕینی تۆڕی ئاوی ناو شاری هەڵەبجە و بەشێکی شاری سلێمانی، کە ئیمزا کراوەو بڕەکەی لەسەرووی 200 ملیۆن دۆلارەوەیە، کە ئیمزای عەقدەکەی کراوە ئەم رۆژانە دەست بەکار دەکرێت، لە سنووری پارێزگای دهۆك پرۆژەی ئاوی دهۆك قۆناغی یەك، قۆناغی دووەمی پرۆژەی ئاوی دهۆك، پرۆژەی دروستکردنی ئاوو ئاو وەرگری نوێ بۆ پرۆژەی ئاوی دهۆك، پرۆژەی ئاوی زاخۆ، پرۆژەی ئاوی ئامێدی، پرۆژەی ئاوی ئاکرێ، تەبیعی بەڕێزان لە سەرەتا من ئاماژەم پێکرد، پرۆژەکانی ئاو هەمووی پرۆژەی ستراتیجی و گەورەن، تێچووی زۆربەی ئەو پرۆژانەی کەوا من دەڵێم لەسەرووی 100 ملیۆن دۆلارەوەیە، ئەمە چەند ساڵێکە حکومەت توانای ئەوەی هەبووە کەوا ئەو جۆرە پرۆژانە لەسەر بودجە جێبەجێ بکات، بەلام ئەم پلانە بەڕاستی هی شەوێك و رۆژێك، یەعنی مودەتێکی ساڵێك و دوو ساڵ نیە، بەلام دڵنیا بێت ئاشتی خان کەوا لە ئەولەویەتی یەکەم رۆژی کە ئێمە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتمان بەستووە، مەحزەرەکانیشمان وایە، بڕیارمان داوە یەکەمین ئەرکی کاری ئێمە لە ئەولەویەتی کاری ئێمە کاری پرۆژەکانی ئاو بێت، تەرکیزیشمان لەسەر ئەوەیە و، ئێستاش بەردەوام دەبین هەتاکو ئەو رۆژەی ئەو هەدەفە تەحقیق دەبێت، دەربارەی هەموو ئەو بابەتەی کەوا پەیوەستە بە ڕووداوەکانی هاتوچۆ، ئاشتی خان دەبووایە جەنابت ئەو بابەتە نەخەیتە سەر شارەوانی، چونکە ڕێگاکانی هاتوچۆن و (طرق و جسور) ڕێگا دەرەکیەکان، کە حەوادیسی لەسەر دروست دەبێت ئیشی وەزارەتەکەی من نیە، وەزارەتەکەی ئێمە

بەرپرسە لە ڕێگا ناوخۆییەکان، واتە شەقامە ناوخۆییەکانی ناوشارو شارۆچکەکان، چاککردنەوە و پەرەپێدانیان لە ئەستۆی وەزارەتی شارەوانیە، ڕێگا دەرەکیەکان و ئەو ڕێگا خێراییانەی کەوا حەوادیسی لێ دروست دەبێت، ئەوە وەزارەتێکی تر کە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەیە و، مودیریەتێکیشیان هەیە، بەڕێوەبەرایەتی گشتیەك هەیە، کەوا سەرپەرشتی کارەکانی ڕێگا و بان و ئەوانە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە ئاشتی خان؟ فەرموو

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلاْم بەڕێز من ئاماژەم بە ئامانجی وەزارەتەکەتان دا، کە سەبارەت بە شەقام و جسور تێدا ئاماژەی پێکراوە لە هەدەفی یەکەمی یاساکەیە، بەلاْم ڕێگاو بانی ناوشاریش و جسورەکانیش بە کوالێتێکی زۆر خراپ جێبەجێ دەکرێت، ئەوانیش یەعنی بەدەر نیە لەو ڕووداوو لەو زیانانەی کە لە ژیانی خەلْك دەکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دلْشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسان دەلْێمەوە ئەوە نیە کە ئێمە لەبەر پرسیارەتی ڕابکەین، بەلاْم بەداخەوە ڕووداوەکانی هاتوچۆ، یەعنی ئەوەی کەوا بەهۆی ڕێگاو بانەوە یان هی ڕێگا خێرایەکانە، یەعنی ڕێگا ناوخۆییەکان، شەقامە ناوخۆییەکان، بمبورن کە وا بلْێم من هاوڕا نیم لەگەلْ بەڕێز ئاشتی خان، کەوا شەقامە ناوخۆییەکان هیچ ئاماژەیەکیش نیە، بۆئەوەی کە شەقامە ناوخۆییەکان پێوەرێك نیە یاخود هەتا ئەو وتنەی کەوا بەڕێوەبەرایەتی  هاتوچۆی بە نموونەی هێنایەوە، دەربارەی ڕێگا خارجیەکانە دووپاتی دەکەمەوە لە ئەرکی وەزارەتی ئێمە دانیە، ئەگینا ئێمە ئەوەی کە لەو یاسایەش دا هاتووە ئاشتی خان مەبەستت ڕێگا ناوخۆییەکانی ناو شارو شارۆچکەکانە، مەوزوعی کوالێتی باش نەبوونی پرۆژەکان ئەوە بەدواداچوون هەیە و، موختەبەرات هەیە و دەبێت ئەو حکوم کردنە بە موستەمسەکاتەوە بێت، حەقیقەتەن کاتێك کەوا پرۆژەیەك هەمیشە پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە داوای موستەمسەك و فحوصاتی هەر جادەیەك یان هەر پردێك بکات، کەوا ئێمە کردبمان، داوامان لێ بکات لێکۆلْینەوەی تێدا بکەین، ئێمە حازرین، هەر کاتێکیش جەنابتان چ بە فەرمی یەعنی لە ڕێگای سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، چ وەکو لیژنە بێت سەردانیان بکەن، پرسیار لەسەر هەر پرۆژەیەك بکەن کە وەزارەت جێبەجێی کرد بێت، ئەوا حازرین ڕوونکردنەوەی پێویست بدەین و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا كاك حەمە سعید، بەڵام رەحمت بتلێسێتەوە 10 سوئالت كردووە شتێكی كەم بكەوە، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەسەر چاو، منیش دوای بەخێرهاتن، پرسیاری یەكەم و دووەم دەمج دەكەم، لەبەر قسەكەی جەنابت، ماستەر پلانی شارو شارۆچكەكان پارەی بۆ تەخسیس كراوە، بەلاّم ئاماژەی كرد كە چوویتە بواری جێبەجێ كردنەوە هەندێكیان، بەڵام من لە سەرچاوەوە بیستوومە و لە سەرۆكی شارەوانیەكان، كە زۆربەی ئەو پارەیە نەدراوە بە كۆمپانیا و، دەمجی سوئالی دووەم ئەوەیە كە ماستەر پلانی شاری سلێمانی، كە دروست كراوە لەلایەن كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆی سلێمانی، كە میعماری موختەسن دەڵێن ئەگەر ئەم پلانە جێبەجێ بكرێت، شاری سلێمانی بڕی 30 ملیار دۆلار زەرەرمەند دەبێت، وەكو كۆمپانیایەكی ئیتاڵی (SGI) من پێشنیارەكان و رەخنەكانی مامۆستایانی زانكۆیان پشت ڕاست كردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەش دا جەنابی وەزیر موسادەقەی ئەم ماستەر پلانە هەڵەیەی كردووە، خاڵێكی تر دیسان دوو پرسیاری تر دەمج دەكەم، ئەویش مەسەلەی ڕێگا گرتن و نەهێشتنی تەجاوزات، ئەویش بە ئیفراز كردنی زەوی و دابەشكردنی، لەگەڵ ئەوە بۆچی زەوی دابەش ناكەن بەسەر هاووڵاتیان؟ و كە هاووڵاتیەكی زۆر هەیە رەقەمی زەویەكەی وەرگرتووە، رەقەمەكانی وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا زەویەكەی نادرێتێ، ئەمری زەوی وەرگرتنەكەی هەیە لە (2006)ەوە لە پێشتریشەوە، بەڵام ئەو هاووڵاتیانە مەحرومن و بەپێی خاڵ و بەموستەحەقاتی خۆیان وەریان گرتووە، بۆ نموونە مامۆستاكانی هەڵەبجەی شەهید، سید صادق، كەلار، چەمچەماڵ، رانیە، هەندێك خەڵكی تر و هاووڵاتی تر لە سنووری سلێمانی و، هەروەها كە زەوی كشتوكاڵ دەكەوێتە سنووری شارەوانیەوە، كاتێك كە ئیفراز دەكرێت قەرەبووی جوتیاران پێم وایە لە (3٪)ـیە، ئەمەش دەبێتە مایەی ناڕازی و كێشە دروست كردن بۆ حكومەت و بەتایبەتی بۆ وەزارەتی كشتوكاڵ، بۆچی كارێك ناكەن كە ئەو قەرەبووە زیاد بكرێت و بەشێوەیەك بێت، كە هاووڵاتیان و بەتایبەتی جوتیارەكان ڕازی بكرێن؟ مەسەلەی تاپۆ كردنی خانووەكان، كە نیگەرانیەكی زۆری لای هاووڵاتیان دروست كردووە، چونكە وا دەكات هاووڵاتی بێ بەش بێت لە سولفەی عەقار، بێ بەش بێت لە خزمەتگوزاری و، خانوویەكی زۆر هەیە كە بێ تاپۆیە و كێشەیەكە، ئێوە چیتان كردووە ئەوەندەی پەیوەندیدارە بە وەزارەتەكەی ئێوەوە؟، خاڵێكی تر بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بۆ هەندێك لە سەلاحیەتیەكان نادەن بە سەرۆكی شارەوانیەكان؟، مەسەلەن لە ڕاپۆرتەكە ئاماژەت پێكرد، بەڵام من پەیوەندیم كردووە لە كاتێك كە باسی بانگهێشت كردنی بەڕێزیان كراوە، بە سەرۆك شارەوانەكانەوە دەڵێن ئێمە سەلاحیەتمان نیە، بۆ نموونە خەرج كردنی ڕێژەیەك لەو داهاتەی كە هەیانە، بۆ نموونە بە پێی هەندێك شتی تر كە سوودی گشتی تێدایە و، كەمكردنەوەی ڕۆتینیات، ڕۆتینیاتی ئیداری كە ئەویش بەو سەلاحیەتیانەو ڕێ و شوێنێكی تر دەگرێتە بەر، خاڵێكی تر پێم وایە ئاگاداری شوێنەوار و مەتحەف، كە كێشەی زۆریان هەیە بەتایبەتی ئەوەی سلێمانی، من ناچمە ناو تەفاسیلەوە، چونكە لە سەرچاوەیەكەوە

هەنـدێك زانیـاریم پێگەیشـتووە لەسـەر شـوێنەوارو مەتحـەفی سـلێمانی و ئـیش و کارەکانیـان و چـۆنیەتی کێشەکانیان، کە کێشەی گەورەیان هەیە، بـۆ چارەسـەر نـەکراوە کـە جەنابیشـتان ئاگـادارن؟ خـاڵێکی تـر لـە شارو شارۆچکەکاندا گەڕەکێکی کـۆن و تـازەو و، هـەروەها کۆمـەڵگای نیشـتەجێبوون دروسـت دەکرێـت، کـە دەبێت هەندێکیان خزمەتگوزاری لەسەر شـارەوانی بێـت، کـە ئـەم خزمەتگوزاریانـە دەکرێـت، بـۆ ناکرێـت؟ کاتێکیش دەکرێت کێشەی زۆری تێدایە لە ڕووی نزمی کوالیتیەوە، لەڕووی ئەوەی کە پرۆژەکانی ژێر زەوی جێبەجێ ناکەن، ڤیرتاوی جادەو کۆڵانەکان دەکەن دواتر بیریان دەکەوێتەوە پرۆژە ژێـر زەوییـەکان، دیسـان دەبێتە مایەی تێکدانی جادەو کۆڵانەکان و ئەمەش بە هەدەردانی پارەو سامانیەکە و، سوپاس لەبەر کاتەکە ئەوە کورتم کردەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، دەست خۆش کاك حەمە سعید، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا هیچی نەهێشتەوە، دەربارەی ماستەر پلانی شارو شارۆچکەکان، کە هەموو ئەو پارەی کـە تـەخانکراوە بۆ ماستەر پلانەکان بەڕێزان دراوە بە کۆمپانیاکان و، دیزاینیان کراوە و، لە لیستەکانیان دەردەکـەوێت کـە بڕی کۆتایی نزیکەی 9 ملیۆن دۆلار هەتا ئێستا لەو بوارەدا خەرج بووە و، 27 ماستەر پـلان لـە کوردسـتان ئێستا بە وردی کاری لەسـەر دەکرێـت و، لـەم مانگـەدا ڕاگەیانـدنی بـۆ دەکرێـت بـە دوو قۆنـاغ دەدرێـت بـە کۆمپانیای پسپۆر و بە موناقەسە بە تەندەر، بۆئەوەی کـەوا تـەبیعی پێویسـتیش ناکـات، بمبـورن ئەگـەر نـا ناوی ئەوەکانیش حازرە، ئەوەی با بڵێین هی پرۆژەکان بـۆ ئیسـتفادە لـە وەقت دا، چونکە لەبـەر دەسـت دا هەیە، دەربارەی پرسیاری دووەم کە ماستەر پلانی شاری سلێمانی ئامادەکراوە، ماستەر پلان کاتێك کەوا بـۆ هەر شارێك ئامادە دەکرێت، دەیان کۆڕ و سمینار بۆ گشت فەرمانگەکان و کەسە پەیوەندیدارەکانی ئەو شارە یاخود ئەو شارۆچکەیە ئەنجام دەدرێت، ڕەخنەو تێبینیەکان وەردەگرن، وەزارەتی شارەوانی بە تەنها نیـە و ئەوەی کە ماستەر پلان ئامادە دەکات، وەزارەتەکانی تر تێیدا بەشدارن، مامۆستایانی زانکۆ تێیدا بەشـدارن، ئـەو ڕەخنـەو پێشـنیارانە پێشـکەش کـراون، ئـەوەی کـەوا پێویسـت بـوو بێـت ڕەچـاو کـراوە، ئـەوەی کـەوا پێویسـتی بـە وەڵام دانـەوە بـوو بێـت وەڵام دراوەتـەوە و، بـۆ مـەعلوماتی جـەنابتان پـاش هـەموو ئـەو ئیجرائەتانە ماستەر پلان ئیعلان دەکرێت بۆماوەی مانگێك لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەوترێت هـەر کەسێك لە جەریدەی ڕسمی، هەر کەسێك، هەر لایەنێك ئیعتزازی لەسەر پەسەند کردنی ئەم ماستەر پلانـە هەیە، پاشی ئەوەی کەوا ماستەر پلانی شاری سلێمانی وەکی هەموو شارەکانی تر ئـەم قۆناغانـەی هـەمووی بڕیـوە، ئینجا ماسـتەر پـلان پەسـەند کـراوە و، ڕەنگـە هـیچ قانونێـك و هـیچ بڕیـارێکیش نەبێتـە جێگـای قەناعەت و ڕەزامەندی (100٪)ی هەموو خەڵکی، هـیچ یاسـایەك کـە دەردەچێت (100٪)ـی خـەڵکی پـێ موفتەنع نیە، بڕوا دەکەم بەشێکی ئیعتزازات لەسـەر ئـەم مەسـەلە هـەبێت، دەربـارەی کۆمپانیـا ئیتاڵیەکـە،

ئەمە یەکێك بووە لەو کۆمپانیانەی کەوا مونافس بووە لە پلە، لە پرۆسەکە پاش دەرچوونی پرۆسەکە ئەم بابەتەی وروژاندیە، ئێمە بە بەشێك لە رکابەری نێوان کۆمپانیاکانی دەزانین لەوەی کەوا لەسەر کارێکی وەها شت بلاوەکرێتەوە، دەربارەی ئەو سی ملیارە من داوا لە کاك حەمە سعید دەکەم، ئەگەر بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئیجازە بفەرمویت، تەخمین کردنی زەرەر پێکەوتنی شارێك دەبێت لەسەر بنەمایەکی یاسایی و زانستی دروست بێت، ئەو لێکۆڵینەوەی کەوا کراوە لەسەر ئەو بابەتەو قەرار دراوەو خەملاندنی بۆ کراوە، کەوا شاری سلێمانی 30 ملیار دۆلار زەرەر دەکات، من داوا دەکەم کەوا 30 ملیار دۆلار بۆ مەعلوماتی ئێوە کە دەکاتە بودجەی سێ ساڵی هەموو هەرێمی کوردستان هەر بۆ بیرخستنەوە، ئەگەر سلێمانی بە تەنها لە دانانی ماستەر پلان تێکرای بودجەی سێ ساڵی هەرێمی کوردستان زەرەر بکات، یەعنی دەبێت چ کرابێتن؟، بۆیە من داوا دەکەم بەڕاستی ئەمە مەسئولیەتێکی گەورەیە، من تەحەمولی ناکەم بەبێ بەڵگە، داوا دەکەم کەوا یان ئەم پرسیارە ئەو حوکمە سەحب بکرێتەوە، یاخود موستەمسەکاتی پێویست بە سەلماندنی زەرەر پێکەوتنی شاری سلێمانی بە سی ملیار دۆلار پێشکەش بە وەزارەت بکرێت، داوای ئەو هاوکاریە لە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان و جەنابی سەرۆکی پەرلەمان دەکەم، مەوزوعی تەجاوزات نەهێشتنی تیمەکانی، نەهێشتنی تەجاوزات بەردەوام کاری لەسەر دەکرێت، یەکە ئیداریەکان بەپێی بڕیار خۆشیان یەعنی سەرۆکی لیژنەی نەهێشتنی تەجاوزاتن، جەنابتان دەزانن کەوا وەزارەتی شارەوانی ئالیەتی جێبەجێ کردنی نەهێشتنی تەجاوزاتی نیە، ئێمە ناتوانین هێز ببەینە سەر شوێنێك، ئێمە ناتوانین ئالیات ببەینە سەر شوێنێك بۆ رووبەڕوو بوونەوە مەسەلەن، ئەوەی لەسەر ئێمەیە ئیجرائاتە یاساییەکانە و، لە هەر شوێنێکیش تەجاوزات کرابێت ئیجرائاتی یاسایی لە تەرەفی شارەوانیەوە کراون و، مۆڵەت نەدراوە بە کەسێك کەوا بە تەجاوز بچێت، ڕێگای ڕەسمی پێ بدرێت و، ئەم مەسەلەیەش دڵنیاتان دەکەم رۆژ بە رۆژ ڕوو لە کەم بوونە و، وای لێ هاتووە لە هەندێك شوێن کەوا بڵێم بەرەو نەمان دەچێت، چونکە ئەو دیاردەیە رەنگە دیاردەیەکی کۆن بێت، بەڵام بەم هەموو یاساو رێساو شتانەی کەوا دەرچوون موعالەجەی بۆ کراون چەند جارێك ئەم دیاردەیە ڕوو لە نەمانە، دەربارەی ئەوەی کەوا دابەشکردنی زەوی تەجاوزات نەهێڵرێت، تەبیعی ئێستا لە هەر شارێك سەدان پارچەی زەوی دابەشکراوی بونیات نەکراو هەن، یەعنی کێشە لەسەر ئەوەیە ئەوی کە دابەش نەکراوە یاخود ئەوەی کەوا دابەشکراوە، لە سەرەتادا من ئاماژەم بە کێشەکە کرد لە گەیاندنی خزمەت گوزاری و ئەوانەیە، کە ئەوە لە بەرنامەی ئێمە دا دەبێت و، ئێمە بەیەکجاریش تەبیعی لەو وڵاتە زەوی دابەشکردن راناگیرێت، بەڵام هەتاوەکو ئەو هەدەفە تەحقیق بکات ئەوی تر کاك حەمە سعید ئاماژەی پێکرد ئەو کات ئێمە بە دڵنیاییەوە دەست بە دابەشکردنی زەوی دەکرێتەوە، تاپۆ نەکردنی زەوی کشتوکاڵی ئەمە پرسیاری چوارەمە هێشتا، لە پرسیاری چوارەمی کاك حەمە سعیدین کە دەڵێت زەوی کشتوکاڵی، کە دەکەوێتە سنووری شارەوانی و ئیفراز کردنی، یەعنی کوژاندنەوەو قەرەبوو کردن، هەر کوژاندنەوەو قەرەبووکردنێك بەپێی ئەو یاساییانەیە کەوا لە پەرلەمانی کوردستانی بەڕێزەوە دەرچوون، بەپێی ئەو گرێبەستەی کەوا خاوەن موڵك لەگەڵ حکومەت

هەیەتی، بەڵێ بەشێکی 3٪ دەیگرێتەوە،بەشێکیش 12٪ دەیگرێتەوە، بەشێکیش 20٪ دەیگرێتەوە بەپێی نەوعیەتی موڵکیەتی ئەو خاوەن موڵکەی کەوا هەیەتی، بەڵام ئەو یاسایەی کە پەرلەمان گۆڕی، ئەو ڕێژەیەی بەرز کردەوە ئێمە بێگومان ئەو ڕێژەیە جێبەجێ دەکەین کە پەرلەمان پەسەندی دەکات، دەربارەی تاپۆ نەکردن پرسیاری پێنجەم هی خانوو لە شارو شارۆچکەکان، کە مایەی نیگەرانیە، پرۆژە یاسای تاپۆ کردنی خانووە بێ تاپۆکان لە لیژنەی پەیوەندیداری بەڕێزە راپۆرتی هاوبەش ئامادە کراوە، تکامان وایە زوو بڕیارێکی لێ بدرێت، چونکە ئەوە کار ئاسانیەك و پاڵپشتیەکی زۆر دەبێت بۆ وەزعی ئێمەش، دەسەڵاتی سەرۆك شارەوانیەکان بۆ نەهێشتن و کەم کردنەوەی رۆتین و یاخود کار ئاسانی، عەرزم کردن دەسەڵاتەکانی فەنی ئەوەی کە پەیوەستە بە وەزارەتەوە دامان بەزاندووە، دەسەڵاتە داراییەکان بەڕاستی ئەوە سیستەمێکی موەحەدی دارایی هەیە لە هەرێم، پتر پەیوەستە بە رێنماییەکانی وەزارەتی داراییەوە و، ئێمە پاڵپشتی ئەو بۆچوونە دەکەین ئەوەی کە کاك حەمە سعید عەرزی کرد، بەڕاستی ئێمەش داوا دەکەین کەوا دامودەزگاکانی شارەوانی وەکو دامودەزگاکانی تر سەیر نەکرێن هەندێك دەسەڵاتی تایبەتیان هەبێت، چونکە هەندێك کار لە سنووری شارەوانیەکان و ئاوو ئاوەڕۆکان دا هەیە تەحەمولی ئەو رۆتینە ناکات، قوفلێك بشکێت هەتاوەکو لیژنەیەك، هەتاوەکو کۆمەڵێك شتی لەو بابەتە، بەشێکی زۆری ئەوی لە دەسەڵاتی ئێمە دا هەبووە کاك حەمە سعید ئەمانە چارەسەر کراون، بەڵام ئەوەی کە ماوەتەوە رێنماییە داراییەکانە ئەگەر رێگری بن، ئەگینا ئێمە هیچ دەسەڵاتێك قۆرخ ناکەین، بۆئەوەی کە بچێتە خوارەوە کار ئاسانی تێدا بکرێت، دەربارەی بەکارهێنانی داهاتیش ئێمە لە دوو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا ئەومان کردووە، کەوا فیعلەن شارەوانیەکان مافی تەسەروف کردنیان بە داهاتی خۆیانەوە هەبێت و، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی هاوبەش داندرا لە نێوان وەزارەتی دارایی و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بۆ پێشکەش کردنی پرۆژەیەك لە شێوازی ئەم تەسەروف کردنە چۆن بێت و دەسەڵاتەکان چۆن بێت، دەربارەی مەتحەف کە هەتا ئێستا کێشەکانیان چارەسەر نەکراون، کێشەی ئیداری زۆر هەیە بۆ چارەسەر نەکراون؟، وەڵلاهی من لەبەردەمی جەنابتان دەڵێم هیچ کێشەیەکی هی مەتحەف یان شوێنێکی تری دائیرەیەکی ئێمە نەهاتووەتە بەردەستی ئێمە وەکو وەزارەت و کەوا لەسەر ئەوە مابێتەوە، کە ئێمە بڕیاری چارەسەرکردنی بدەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدواداچوونمان بۆ ئەم حاڵەتە کردووە، بەڵام لە ماوەی گەیشتنی پرسیارەکەو هەتاوەکو تۆ بەدوا دابچی، چونکە کێشەکە مەوجود نیە بزانین حەقیقەتی کێشەکە چیە، ئێمە کاك حەمە سعید دڵنیا دەکەینەوە بەدواداچوونی بۆ دەکەین و، لە دەرئەنجامیش بە تەحریری کاك حەمە سعید لە نەتیجەی بەدواداچوونەکە لە رێگای پەرلەمانی کوردستانی بەڕێزەوە ئاگادار دەکەینەوە، کۆمەڵگای نیشتەجێ بوون ئەگەر مەبەست ئەو کۆمەڵگانەیە کەوا دروست دەکرێن، وەبەرهێنەر دروستی دەکات، تەبیعی ئەوە دەستەی وەبەرهێنانە بەپێی یاسای وەبەرهێنان، هەموو خزمەتگوزاریەکانی داخیلی ناو کۆمەڵگایەك بکە بە ئاوو بە ئاوەڕۆوە بە شەبەکاتی کارەباو بە هەموو خزمەت گوزاریەکانەوە لەسەر ئەستۆی وەبەرهێنەرە و، لەسەر ئێمەیە وەکو وەزارەتە

خزمەتگوزاریەکان، بەش بە حالّی خۆمان ئێمە خزمەتگوزاریـەکان بگەیەنینـە دەرگای پرۆژەکـە، بـەلاّم لـە داخلی ئەو کارانەی کەوا بەرێز کاك حەمە سعید باسی کرد، ئەوە لە ئەسـتۆی وەبەرهێنـەر دایـە و، بـەپێی ئەو گرێبەستانەی لە نێوان هاوولاّتی و خۆیان و دەستەی وەبەرهێنان دەکرێت، ئێمە دوای ئـەوەی کـە هـەر پرۆژەیەك تەواو دەبێت، کە ئەگەر مەرجەکانی دروست کردنی بە تـەواوەتی تێـدا بێـت، بەتایبـەتی ئـەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە بە شەبەکاتی با بڵێین رێگا ناوخۆییـەکان لەگـەڵ شـەبەکاتی ئـاوە و لەگـەڵ ئاوەڕۆیـە هەیە، هـەر پرۆژەیـەکی دروسـت کرابێـت ئـەم مەرجانـە بـەپێی سـتاندارد دروسـت کـرابن ئێمـە ئیسـتلامی دەکەین و، لەمەودوا ئیدارەکەی خۆمان دەیکەین، هەر کەمو کورتیەك هەبێت ئێمـە ئیسـتلامی ناکـەین، لـە ڕێگای دەستەی وەبەرهێنانەوە دەڵێم موستەمیسر مەجبوور بکە ئەم شەبەکەی ئاوە بەپێی مواسەفاتی ئـاو نیـە، ئەگـەر خزمەتگوزاریەکـە تـەواو نـەکرێت ئێمـە وەکـو وەزارەت تەحـەمولی ئـەم مەسئولیەتە ناکـەین، دەبێت موستەمیسر بەخۆی بیکات، چونکە بـەپێی یاسایەکە وایـە، ئێسـتا ئـەوە شـێوازی تـەعامول کردنـی ئێمەیە لەگەڵ ئەو پرۆژانە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە کاك حەمە سعید؟ فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم سی ملیار بودجەی سێ ساڵ نیە هی دوو سـاڵی هەرێمـە ئـەوە یـەك، ئـەوە بـۆ ڕاسـتکردنەوە، دووەم کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوون دوو نـەوعن، نەوعێکیان های کۆست و نـەوعێکیش لۆکۆستە، های کۆسـت لەسـەر وەبەرهێنانـە، ڕاست دەکات، بەس لۆکۆسـت و هەنـدێك کۆمپانیـاش ئیتفـاقی لەگـەڵ حکومـەت کـردووە، کـە خزمەتگوزاریەکانی ناو یەکەکان لەسەر حکومەت بێت، لۆکۆستیش لەسەر حکومەتە ئەوە خاڵێـك، خـاڵێکی تـر کـە جەوهەریـە کاتێـك کـە ماسـتەر پلانەکـە ئامـادەکراوە لەلایـەن لیژنەیـەکی کـە پێـك هـاتووە لـە 3 ئوستازی جامیعە و دوو موهەندیس و یاریدەدەرێکی تر، تـەقریرێکی 13 لاپـەڕەییان ئامـادە کـردووە دوای تەقریرەکـە(SGI)یـش تـەقریرێکی پێـنج لاپـەڕەییان ئامـادە کـردووە، دوای ئـەوە شـارەوانی سـلێمانی لـە ڕاپۆرتێکی دوو لاپەڕەیی وەلاّمی داوەتەوە، دوو لاپەڕەیـە زۆر کورتـە هـەر کشـتوکاڵەو هـیچ وەلاّمـیش نیـە، دوای ئەوە تەعقیب لەسەر وەلاّمەکەی شارەوانی دیسان لیژنە پسپۆریە هەندەسیەکەی جامیعەکە، ئوستازی جامیعـەن بـە 15 لاپـەڕە وەلاّمـی شـارەوانیان داوەتـەوە، تەبعـەن دوای دواخسـتنی پێـنج مـانگ لەلایـەن شارەوانیەوە، لە کاتێك کە هەیئەی تەسمیم لە زانکۆ ئەمـە هەیئەیـەکی عیلمیـە، قسـەی مـن نیـە، خـەڵکی پسپۆرن، مامۆستای زانکۆن، دکتۆرایـان هەیـە، ماجسـتێریان هەیـە، بـە 15 لاپـەڕە وەلاّمەکـەی شـارەوانیان داوەتەوە، کاك دڵشاد ئەو لەگەڵ شارەوانی بچن، لەگەڵ کۆمپانیـای (SGI) ئیتـاڵی و، لەگـەڵ مامۆسـتاکانی زانکۆ دانیشن ئەوان بۆ دەڵێن سی ملیار دۆلار زەرەر دەکات سلێمانی، ئەوە ئـەوان وا دەیـزانن، تەفسیلەکەی من نازانم ئەوان موسەمیمن، موختەسن بچن لەگەڵ ئەوانە دانیشن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەزارەت مولزەم نیە بەدوای وتنی كۆمپانیایەكی ركابەر دابچێت، وەزارەت مولزەمە بەدواداچوون بۆ وتنی ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان بكات، بەلاَم ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ئەوەی من لە یاساو ڕێساكانی ئەم وڵاتەوە وەكو كارپێكراو تێگەیشتبم، كاتێك كەوا شتێك بەرەو ڕووی وەزارەتێك دەكاتەوە دەبێت خۆی بیسەڵمێنێت نەك سەلماندنەكەی بە تەمای خەڵكی ترەوە بەجێ بهێڵێت، من هیچ مولزەم نیم بچم لەدوای كۆمپانیایەكی ركابەر لەگەڵ كۆمپانیایەكی تر، كە پرۆژەی بۆ دەرنەچووە بچم بزانم تێبینیەكانی ئەو چین، من دووپاتی داواكە دەكەمەوە جەنابتان وەكو حەكەم ئەم مەسەلەیە لەم جەلسەیە خەلاس بكەن، یان بابەتی ئەم سی ملیارە دەبێت بسەڵمێنرێت یان دەبێت ئەو پرسیارە سەحب بكرێتەوە، چونكە تەحەمول كردنی مەسئولیەتی سی ملیار دۆلار زەرەر پێكەوتن لەسەر شارێك ئەمە لە جانبێك، جانبی دووەمی ئەو كێشەیە كە بە موعەلەقی ماوەتەوە داواكاری گشتی تەداخولی تێدا كردیە، دوای ئەوەی كەوا داواكاری گشتی وەكو نوێنەری بەرژەوەندی گشتی لە هەرێم تەحقیقی لە مەسەلەكەدا كردیە، پەسەندی ئەوەی كردیە كەوا بڕیاری پەسەند كردنی ماستەر پلانەكە گونجاوە، ئینجا پەسەند كراوە موستەمسەكاتیش لەبەر دەست دان، من دووپاتی داوای خۆم دەكەمەوە پێشكەش كردنی موستەمسەكاتی رەسمی لەسەر هەبوونی زەرەر پێكەوتنی شاری سلێمانی بە سی ملیار دۆلار، لە ئەنجامی پەسەند كردنی ماستەر پلان، من داوا دەكەم ئەو داوایەی ئێمە بە هەند وەربگیرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە ئیعتبار بە مەسەلەی دەوائیری رەسمی دەكەین، تۆ داواكاری گشتیت تەداخول بە مەسەلەكان كردووە، ئەو لای ئێمە ئیعتباری هەیە، هیچ شەریكەیەكی ئەهلی یان چەند مامۆستایەك ئەگەر تەقریریان دابێت لای ئێمە ناچێتە سلفەی قانونیەوە، كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا بۆ سێكتەری شارەوانی، وەزارەتی شارەوانی مەسەلەی یەك لاكردنەوەی چارەنووسی خانووە بێ تاپۆكان و، ئەوانەی تەملیكیان نیە مەسەلەیەكی ستراتیجیە و بابەتێكی گرینگە، ئومێدەوارم بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەم مەسەلەیە هاوشان لەگەڵ ئەو بابەتانەی تر كە بە دەستەواژەی ستراتیجی ناوی هێنان، ئەم بابەتەش وەكو بابەتێكی ستراتیجی تەماشا بكا، چونكە دواجار یەك لاكردنەوەی ئەم بابەتە ناكرێت چاوەڕێی پرۆژە یاسایەك بكرێت، كە لە پەرلەمانی كوردستانەوە بۆ تەملیك كردنی خانووە بێ تاپۆكان و، ئەم بابەتە تەراكومی كردووە لە بیست ساڵی رابردوو نەتوانراوە چارەسەرێكی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە،

هێشتا چەندین شارو شارۆچكە لە كوردستان دا هەن شارەوانیان تێدایە، بەلاّم زەوییەكانیان ئـەتفا نـەكراوە بـۆ سـنووری شـارەوانی، ئەمـە گرفتێكـی زۆر زۆر گەورەیـە و، لـەو ڕوانگەیـەوە ئومێـدەوارین هـەم خـودی وەزیری شارەوانی، هەم وەزارەتی شارەوانی ئەم بابەتە بە هەنـد وەربگرێـت، راسـتە بـەپێی ڕێنمـایی ژمـارە ($16$)ی وەزارەتی دارایی، بەپێی گشتاندنی ژمارە پێنج، سولفەی عەقار بۆ ئەو خانووە بێ تاپۆیانە یـان بـۆ گونـدەكان، كـە تۆمـار نـەكراون دەدرێـت ئەمـە كـارێكی زۆر زۆر باشـە و، هـەروەها نەخشـەكەش پەسـەند دەكرێـت و، دواجـار ئـەو سـولفە ئیلزامـی مالیـە لەلایـەن حكومەتـەوە دەدرێتـە هاوولاّتیـان، ئومێـدەوارین پلانێك بدۆزرێتەوە ئەو ئیجرائاتانەی كە حكومەت ئیلزام دەكات، بە پێدانی پارە $20$ ملیۆن دینار بـۆ شـار $25$ ملیۆن بۆ ئەو لادێیانەی دواجاریش هەندێك لادێبگرێتەوە كە نزیكە لە سنووری شـارەوانیەكان، ئەمـە لەگەڵ ئـەو نەخشـەی كـە پەسـەند دەكرێـت قبـوڵ بكرێـت وەكـو بنەمایـەك بـۆ تـاپۆكردن، چونكە دواجـار ناكرێت حكومەت دیزاینێك پەسەند بكات و، دواجار لە تاپۆكردندا ئـەو دیزاینـە هەڵدەوەشـێنێتەوە، ئەمـە ببێتە مەسەلەیەكی گـرینگ و، هـەروەها مـن لـە خـیلالی پرسیارەكەشـم، چـونكە پرسـیارەكەم بـە تەحدیـد یەعنی ڕوون كردبووەوە كە لەو بابەتە پرسیار دەكەم، وەزارەتی شارەوانی لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشـە دانانـەوە تیمێكـی مەیـدانی شـۆڕ بكاتـەوە بـۆ چارەسـەركردنی ئـەو بابەتانـە، چونكە ئـەو بابەتـە هەندێك جار موعەلەقە بە وەزارەتی عەدلەوە، هەندێك جار پەیوەندیدارە بە وەزارەتی كشتوكاڵەوە، بۆیـە ڕام وایـە ئەمـە یەكێكـە لـە مەتلەبـە گشـتیەكان و، نموونـەی شاروشارۆچـكەكان و گەڕەكـەكان زۆر زۆرن و، دواجار ئەو بابەتە یەك لاكردنەوەی یەكێكە لە ئەنجام دانی پرۆسەیەكی ستراتیجی، كە وەزارەتی شـارەوانی لێی مولزەمە ئەمەش هەر پەیوەستە بە پەرەپێدانی كۆمەڵایـەتی و ژیاریـەوە لـە كوردسـتانەوە، سوپاسـتان دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەكەی كاك سالار پتر باوەڕ بكەم شێوازێكی تەوسیەی بۆ ئێمەی بەجێ هێشت، لەوەی كە پرسیار بێت من ئیعتباری دەكەم، چونكە ئەو كۆمەڵێك ڕێ و شوێنی وتن كە وەكو بەدواداچوونی خۆی، كە هاوكاریە بۆ ئێمە بە حەقیقەت كە بەدواداچوونی خۆی بووە بۆئەوەی كە ئێمە چی بكەین لەم گرفتە، موشكیلەی ئێمە لە مەوزوعی تاپۆكردن بەڕێزان ئێمە بە تەنها جیهەت نین، كەوا بڕیار لە تاپۆكردن دەدەین، لەسەر ئێمەیە كاتێك كە بڕیاری تاپۆكردن دەردەچێت، ئێمە دیزاینێكی گونجاو بۆ جێبەجێ كردنی ئەم بڕیارە بدۆزینەوە حەقیقەتەن، چونكە ئەو موڵكانە موڵكی شارەوانی نین هەمووی یاخود هەموو تەنها وەزارەتی شارەوانی بە تەنها وەكو عەرزم كردن جیهەتی بڕیار دەر نیە لەم مەسەلەیەدا، بەلاّم هەم دیسان دەڵێمەوەو دووپاتی ئەو ڕەئیە دەكەمەوە جەنابتان پەلە بكەن لە ئەو گرفتە یاساییەی كەوا ئێستا لەبەر دەست دایە، پێشم وایە

هەمووومان كۆك بووين كاتی خۆشی كەوا ئەو ياسايە پێويستی بە ئەو پرۆژەيەيە، پێوستی بە هەندێك تەعديلات دەكرێت دواتر بێتەوە هی خانووە بێ تاپۆكانە مەبەستم، ئێستا حازر كراوە تەقريری هاوبەشيش ئامادەكراوە، داوا دەكەم ئەگەر مومكين بێت ئەوە زوو بخرێتە بەرنامەوە و، هەموو تێبينيەكانی كاك سالاريش بە ئيعتبار وەردەگرين لەوەی كە بەدواداچوونی بۆی كرديە بۆ چارەسەری ئەو گرفتە، چونكە ئەمە گرفتی ژمارەيەكی زۆری خەڵكی كوردستانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار تێبينيت هەيە؟ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو حوكمەی كە پرسيارەكە چەند جارێك لەلايەن ئەندامانی پێشووەوە دووبارە بووەوە، من هەندێك ئيجرائەتم تەرح كرد، بەڵام دواجار ئەمە تيكرار دەكەمەوە ئەركی وەزارەتی شارەوانيە مەيدانيەن كار لەسەر ئەوە بكات، ئەوە بۆ نەكراوە؟، هەندێك شارۆچكە گلێجاڵ، كۆمەڵێك گردەگۆزينە، رزگاری، ئەمانە شارەوانين و دەوائيريان تێدايە چۆن تا ئێستا ئيتفا نەكراوە؟ ئەركی حكومەتی هەرێمی كوردستان و وەزارەتی شارەوانی بووە بە دەرەجە يەك، ئومێدەوارين مەيدانيەن كار لەسەر ئەوە بكەن چاوەڕێی پرۆژە نەكەن لە پەرلەمانی كوردستان، چونكە پەرلەمانی كوردستان كاتی كەمتر لەبەردەست دايە و لەوانەيە پرۆژەی گرنگتريش هەبێ، لەو ڕوانگەيەوە هيچ مانعێكی قانونی نيە كە وەزارەتی شارەوانی دەست بەكاربێ بۆ ئەم بابەتانە وليژنەی پەيوەنديدار و مەيدانی پێك بهێنێ و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزير فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی (وەزيری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕێگری ياسايی لەبەردەمی ئەم مەسەلەنەدا هەن، جەنابتان و هەمووتان دەزانن سياسەتی لەناوچووی ڕژێمی بەعس وابووە كە پرۆسەی تەسويە لە زۆربەی هەرە زۆری شارو شارۆچكەكان بە تايبەتی لە قەزا و ناحيەكانی هەرێمی كوردستان ئەنجام نەدراوە بەشێكی زۆری ئەم زەوی و زارانەی كەوا هەن نە هاووڵاتی هيچ موستەمسەكێكی هەيە كە ئەوە هی ئەوە و نە حكومەت تەسفيەی ئەم مەسەلەيەی كردووە، چونكە ئەمە پەيوەستە بە بابەتی تەسويەوە بەڕاستی، بۆيە شێوازی قەرەبووكردنەوەی خاوەن موڵكەكان و گونجاندنی لەگەڵ ئەم مەوزوعە پێويستی بە چارەسەرێكی ياساييە ئەگينا ديسانيش دووپاتی دەكەمەوە، ئەگەر ئەو جانبەی كەوا پەيوەستە بە شارەوانيەوە ئێمە حازرين و ئاليەتی پێويستيشمان هەيە ئيمكانياتی فەنی و ئيمكانياتی داراييشمان كە بەم مەسەلەيە هەڵبستين، بەڵام كاك سالار بمبوری ئەمە تيكرار دەكەمەوە ئێمە پێويستمان بە سەنەدی قانونيە بۆ ئەم مەسەلەيە، چونكە ناتوانی بڕياردان لەسەر

موڵكیەتی هی موڵكێك و كەسێك بە بێ ئەوەی كەوا ئیستیناد لەسەر دەقێكی یاسایی بكەین، قەراردانی ئەم موڵكیەتە بەڕاستی كێشەیە و ئەگەر لەلای ئێمەشەوە دەربچێ لە دائیرەكانی تاپۆ جێ بەجێ ناكرێ، چونكە ئەوانیش پێویستیان بەو بڕیارە هەیە كەوا دەبێ ئیستنادی لەسەر بكەن بۆ ئەوەی تەسجیلی موڵكیەت بكەن بەناوی كەسێكەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل (سەرۆكی پەرلەمان):**

كوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیاری یەكەمم سەبارەت بە سەیرانگای سەرچنارە، ئەم سەیرانگایە هەموومان دەزانین سەیرانگایەكی خۆش و نزیكی شاری سلێمانیە، ئەم سەیرانگایە دراوە بە كۆمپانیایەكی بەناو لوبنانی، كۆمەڵێك كەموكورتی زۆری هەیە، كەموكورتیەكانم بۆ جەنابی وەزیر نووسیوە زۆر بە پەلە دەیخوێنمەوە، كە بە كەموكورتیەكی زۆر وەرگیراوەو زۆر پیسە و بۆ سەیرانگا ناگونجێ و حاویەشی لێ نیە و ئوتێلەكەی تا ئێستا تەواو نەبووە، كوشكەكانی ناو سەیرانگاكە نەدراوەتەوە بە كەس، شوێنی منالآنی یاریەكە ئەرزەكەی لە باتی تارتان بێ تاشە بەردە، یاریەكان هەموویان شكاون، زۆربەی چنارەكانیان بڕیوەتەوە و سەیرانگاكەیان تێك داوە و ئاوەكەی زۆر پیسە و قەوزەیە، چوونە ژوورەوە بە پارەیە لەگەڵ ئەوەشدا نابێ خواردن بەری، كوشكەكانیش نەكراونەتەوە خواردن بدات بە خەڵك، لە كاتێك دا ئەم سەیرانگایە، سەیرانگای ئەو خێزانانەیە كە ناتوانن بچنە دەرەوەی شار، واتە زیاتر كەم دەرامەت و ئەوانە بۆی دەچوون جاران، ئێستا بە پارەشە و نایەڵن خواردنیش بەرن، من پرسیارەكەم ئەوەیە، وەزارەت تا چەند بەدواداچوونی بۆ ئەمە كردووە، بۆ ئەم سەیرانگەی هەرێم بە تایبەتی سلێمانی؟ پێشنیاریش دەكەم ئەگەر لەلایەنە یاساییەكەوە ڕێیان پێ بدرێ ئەو عەقدانە هەڵوەشێنەوە، چونكە هەموو لایەك دەزانن كە ئەم كۆمپانیایە فەشەلیان هێناوە لەبەڕێوەبردنی ئەم سەیرانگایە، پرسیاری دووەم/ تایبەتە بە كۆمەڵێك پرۆژە، پرۆژەكان بۆ جەنابی وەزیرم نووسیوە، لە كەیەكەوە دەستی پێ كردووە و وەر نەگیراوە و خەلەلی هەیە، بەس هەر ناوەكان دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی كات كەم بێتەوە، پرۆژەی ئاوی ڕانیە، پرۆژەی ئاوی كەلار، پرۆژەی ئاوی چەمچەماڵ، پرۆژەی ئاوی قەڵادزێ، ئاوی كۆیە، پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە، هەموو ئەمانە چەند ساڵێكە لەبواری جێ بەجێ كردندان، زۆر لەو كاتەی بۆی دیاری كراوە تێپەڕیوە و تەواو نەبووە، یان تەواو بووە و وەرنەگیراوە لەلایەن ئەو لیژنەیەی كە وەری دەگرێت، لەبەرئەوەی خەلەلی هەبووە، یان كە وەرگیراوە بە كۆمەڵێك خەلەلەوە وەرگیراوە، من پرسیارەكەم ئەوەیە كە بۆ هەندێكیان خۆمان بەدواداچوونمان بۆ كردووە و بۆ ئەوەی ڕانیە قسەشمان لەگەڵ جەنابی كردووە، پرسیارەكەم ئەوەیە وەزارت لە بەرنامەی دانیە، ڕاستە ئەمە لەساڵانی زۆر پێش ئەوە ئەم پرۆژانە دەستی پێ كردووە، بەڵام حەقە وەزارەت بیر لەوە بكاتەوە سزای ئەوانە بدات كە تا ئێستا ئەوەندەی من بەدواداچوونم بۆ كردووە

لەسەر هەموو ئەو پرۆژانە تەنها کەسێك سزانەدراوە، یـەعنی پێویسـتە لەسـەر یـەکێ لـەم پرۆژانـە چـەند کەسێك سزا بدرێ کە حەقە وەزیر ئەو هەنگاوە بنێ بۆ ئەوەی کـە چـیتر پـرۆژەی ئـاو ئـاوا دوانەکـەوێ لـە کاتێك دا ئێمە لە حاڵەتێك داین کە کەم ئـاوی هەیـە لـە هـەرێمی کوردسـتان، مەسـەلەی گەشـتوگوزار ئـەوە پرسیارەکە دووبارەی ناکەمەوە زۆر کرا، پرسیاری من لەسـەر مەسـەلەی ئـەو گەڕەکانـەی کـە دەکەونـە نـاو شارەوە و پێشتر گوند بوون، جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد کە پێویستە ئەوە پەرلەمان یـەکلای بکاتـەوە، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە بۆ نموونە لـە شـاری سـلێمانی بـاس دەکـەم بـە دڵنیاییـەوە ئـەوە لـە هـەولێریش هەیـە، لـە دهـۆکیش هەیـە و لەچـەند قـەزا و ناحیـەکیش چـەند گـەڕەکێك هەیـە گونـد بـوون و ئێسـتا کەوتوونەتە ناو شار، لە سلێمانی گەڕەکەکانی خێوەتـە، قوڵەڕەیسـی کـە لـە فڕگـەی کۆنـە، ئەمانـە هیچیان خزمەتگوزاری سەرەتاییان نیە، ئەمە لە هەولێریش هەیـە لەچـەند گـەڕەکێکیش هەیـە و لـە چـەند قـەزاو ناحیەکیش هەیە، پێداویستیە سەرەتاییەکانی وەك ئاو و کارەبا و خوێندنگە و ئەمانەیان نیە، لەبەرئەوەی دەڵێن تاپۆتـان نیـە، نـە گونـد و نـە شـارن، پرسـیارەکەی مـن بـۆ وەزیـر ئەوەیـە یـان پێشـنیارەکەم ئەوەیـە پێویستە هەتا پەرلەمان ئەمە یەکلایی دەکرێتەوە، هیچ نەبێ پێداویسـتیە سـەرەتاییەکانیان بـۆ بنێـردرێ، هەموو ئەم گەڕەکانەی من باسم کرد تا ئێستا بە تەنکەر ئاویـان بـۆ دەچـێ، کـە بەشـێك لـە بڵاوبوونـەوەی نەخۆشی کۆلێرا ئەو ئاوەیە کە لە تەنکەرەوە دەنێردرێ بۆ گەڕەکەکان، پرسیاری ئەخیرم لەسەر مەسـەلەی ئـەو زەویانەیـە کـە سـاڵی 2000 لـە دوای 2000 ەوە ئـەم بڕیاریـان بـۆ دەرچـووە، ئەنجومـەنی وەزیـران بڕیارێکی دەرکردووە دەڵێ ئەو زەویانەی کە بڕیاریان هەیە ئەگەربڕیارەکانیان تـازە بکەنـەوە زەویـەکانیان پێ دەدرێ، کاتی تازەکردنەوەکەشیان داونەتێ تا 12/31 بەڵام ئەمانەی هیچیان نوسخەی ئەسـڵیان لا نیـە، دەچـن سـەردانی سـەرۆکایەتی شـارەوانیەکان دەکـەن، یـان ڕاسـتتر بەڕێوبـەرە گشـتی شـارەوانی بـۆ تـازە کردنەوەی بڕیارەکانیان داوای نوسخەی ئەسڵیان لێ دەکەن، بە دڵنیاییشەوە کەسێ نوسـخەی ئەسـڵی لا نیـە، نوسخەی ئەسڵیش لە شارەوانیش نەماوە، من پێموایە ئەگەر ئەم پێداگریە بکات وەزارەتی شارەوانی لەسەر نوسخەی ئەسڵی دەرنەچوێنرابێ باشتر بوو، چونکە کەس سوودمەند نابێ و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پرسیاری یەکەمی ئەو پرۆژەیە، ئەوەی کە بـا بڵـێین ئـەو کۆمپانیایـەی کـە سـەیرانگای سەرچـنار تەبیعی بەڕێز کوێستان خان ئەو عەقدە لە ساڵی 2006 ەوە کراوە، تەبیعی بە پێی بەندەکانی ئەو عەقدە وەزارەت دەتوانێ هەموو ئیجرائاتێکی یاسایی بکات، ئـەوەی کـە لادان لـە بەنـدەکانی ئـەو عەقـدە داهـەبێ، دڵنیای جەنابت دەکەم، بەدواداچوون بۆ ئەم عەقـدە دەکـەم، چـونکە فیعلـەن یەکێکـە لـە سـیما جوانـەکانی شـاری سـلێمانی، ئەگـەر ئێمـە تۆزێـك زەرەریشـی تێـدا بکـەین، بـەڵام ئەمـە چـاك بکەینـەوە و هـەوڵی

چاککردنەوەی وەزعەکە ئەولەویەتی پێ دەدەین نەك کێشمەکێشمی یاسایی تر، جا چەند ساڵێکی تریش ئەم مەوزوعە ببێتە مەحکەمە و مەحکەمەکاری، سیاسەتی ئێمەش بۆ موعالەجە کردنی ئەم مەسەلانە بۆ ئەوە بووە، تەبیعی من ناچمە ئەوەی کە مەسەلەن تەفاسیلی ئەوەی ئەسڵەن یەکێك لەو ئوتێلانە نازانم کامەیە ئەوەی کە مەبەستی جەنابتە، هەر لە زمنی ئەو پرۆژەیە دانیە، لە زمنی کاری ئەو شەریکەیە دانیە، ئەمە لە گرێبەستێکی ترە، بەڵام بە تێکڕای ئەمە وەکو تێبینی و سەرنج من بەهەندی هەڵدەگرم و بەدواداچوونی بۆ دەکەم لەوەی کە پرسیار بێ و بڵێین یەکێکە و نا ئوتێلەکە وانیە، بەم شکلەیە، ئەوەی تر وانیە و بەم شکلەیە، بەڕاستی ڕەنگە سوودێکی گشتی وەهای نەبێ ئەگەر جەنابت قبوڵ بکەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ڕازی بێت من وام پێ دروست ترە، دەربارەی پرۆژەکانی ئاو، هەموو ئەو پرۆژانەی کەوا جەنابت ئیشارەتت پێی کرد لە مەسئولیەتی ئێمە دان ئەمڕۆ، بەڵام بەڕاستی بەڕێزان زۆربەی ئەم پرۆژانە کە گرێبەست کراوە ئەسڵەن وەزارەت جیهەتی گرێبەستەکە نەبووە، یەعنی ئێمە بووینە وارسی پرۆژەیەکی کە کۆمەڵێك کێشەی بەدوای خۆیدا بەجێ هێشتووە، بەڕاستی لەبەینی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لە بەینی پارێزگای سلێمانی و چەند جار ئەم پرۆژە هاتن و چوونی پێکراوە، ئاخر جار ئێمە بیرمان لەوە کردەوە کەوا ئێمە لە جیاتی ئەوەی کە خەریکی ئەوە بین لێکۆڵینەوە لەوە بکەین، ئەم پرۆژانە کێ لێی بەرپرسە و چۆن وای لێ هاتووە و چۆن بەدواداچوون بۆ ئەوە بکەین، ئەولەویەتمان دا بە ئەوەی کە چۆن ڕێگایەکە بدۆزینەوە بە زووترین کات پرۆژەکە تەواو بکەین، بەڕاستی، چونکە خەڵکی لە نەتیجەی ئەم مەوزوعە زەرەرمەندە، ئەم گرێبەستانە کێشمەکێشمی یاسایی زۆری لەسەرە، ئێستا هەر حاڵەتێك لەوانە بچێتە مەحکەمە ڕەنگە دوو ساڵی تر ئەم قەزیەیە یەکلانەبێتەوە، ئێمە بەڕاستی بە ئەولەویەتمان زانی جارێ ئێمە پرۆژەکە ئەولەویەت بدەین چ ڕێگایەك هەیە، ئەگەر حکومەت هەموو هەوڵێك بدات و تەحەمولی جوزئێکی تری مەساریفیش بکات، بەڵام هەدەفەکە ئەوە بێ کەوا چیتر خەڵك ئینتزاری بێ ئاوی نەکات، چونکە دەمەوێ شتێك بە جەنابتان بڵێم هەندێك تەرخان کردن هەن ڕەنگە جێگای پرسیار بن، دەڵێ مەسەلەن ئەم نرخە بۆ زیاد کرا، حسابمان کردووە ئەگەر ئێمە ئەم تەرخان کردنە نەکەین و پرۆژەکە تەواو بکەین بڕی ئەو پارەیەی کەوا حکومەت دەیدات بە تەنکەرەکان ئاو بگەیەنێتە ئەو خەڵکە لە نەتیجەی چاوەڕوانی کردنی کۆتایی هاتنی پرۆژەکە، زۆر زیاترە لەوەی کە ئێمە بخەینە سەر کولفەی پرۆژەکە، بەڵام وابکەین پرۆژەکە زوو بە زوو تەواو بکەین و بۆ ئەوەی ئەوەی مەبەستمە کوێستان خان ئێمە لە هەمووی هەر سێ، چوار پرۆژەی کە ناوت هێنا ئەولەویەتمان داوەتە ئەوەی کەوا تەواو بکرێن، ئینجا مەسەلەن مەسائیلی تەبیعاتی تری یاسایی لەسەر کەموکورتی موقاولەکان، ئێمە ئەوە واز ناهێنین، چونکە ئەمە دیفاعە لە موڵکی عام، بۆ مەعلوماتی جەنابیشتان ئێستا شێوازێکی لێکۆڵینەوە و ئیسارە کردنی زۆر باش لەناو ئیشەکانی وەزارەتی ئێمەدا من هەستی پێ دەکەم هەموو لیژنەکانی لێکۆڵینەوە داواکاری گشتی خۆی تەحریکی دەکات، خۆشی نوێنەرە تێیدا، یەعنی ئەگەر بابەتێك ئێمەش لێکۆڵینەوەی تێدا نەکەین دەبێتە جێگای سەرپێچی لە گرێبەست و لەو وەزعانە بە نووسراوێك

ئاگاداری ئێمە دەکەنەوە و دەڵێن نوێنەری خۆتان دەست نیشان بکەن بۆ ئەوەی کە ئەوەش بەڕاستی جێگای دڵخۆشیە کە ئەو تەفعیلی ئەم موئەسەسەیە بووە و ئیش دەکات و بەدواداچوون بۆ ئەو وەزعە دەکات و مەجبورمان دەکات کە بەدواداچوونی بۆ بکەین، ئەوەی ڕانیە تەبیعی کەموکورتیەکان ئەگەر بێینە سەری بەڕاستی دوو لاپەڕەی لەسەر نووسراوە، لە وەقت دەترسێم بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەی کەوا گرنگە بڕیار دراوە ئێستا پرۆژەکە ئێمە ئیستلاممان کردووە، ئەو مەبەلەغەی کەوا خیلافی لەسەر بووە لە نێوان مقاول و لە نێوان جیهەتی تر کە حکومەتە، لەدوای دانانی لیژنەیەکی فەنی و هەڵسەنگاندن و مشتومڕێکی زۆر گەیشتینە نەتیجەیەك با بڵێین حەقی موقاولە، کەوا کەشفی ئیزافی بۆ بکرێت، ئێستا ئەوە ئیتفاقی لەسەر کراوە، یەعنی وەکو بڵێی ئیشەکان وەزارەت ئیستلامی کردووە و ئێستا ئیشەکە بە تەبیعەتی خۆی دەڕواتە ڕێ، لە ئاییندەیەکەی نزیك دا ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێت لەگەڵ داوای لێبوردن و ئەسەفێکی زۆر بۆ ئەم درێژخایەنیەی کە بەڕاستی من بۆ ئەوەم نیە خۆم لە مەسئولیەتەکە دەربکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم وەزارەتیش تاڕادەیەکی زۆر ئەسڵەن بەرپرسیار نەبێ لە وەزعەکە، بەڵام لە نەتیجە هەرخۆمان بەرپرسیارین، چونکە ئەمە گەیاندنی ئاوەو دەبێ بکرێ، دەربارەی ئاوی کۆیە هەم دیسان پرۆژەی ئاوی کۆیە یەکێك بوو لە پرۆژەکان کەجەنابت باست کرد، ئەوەش گرفتەکەی تەواو بووە و بەهۆیەکی تەکنیکی زۆر لاواز بەڕاستی کە چاوەڕوان کراو نەبوو ڕوویدات ئەگینا دەبوو ئاو بگاتە خەڵکی، لە ئاخر قۆناغ دا ئەو بوحسە و ئەو چەوەی کەوا بۆ فلتەرەکانی پاك کردنەوە بەکاردێ لە فەحس دەرنەچوو کە ئەمە ئاخر قۆناغیەتی، ئەگەر نا پرۆژەکە تێستیش کراوە، هەموو شتێکی تەواوە، بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش ئێمەی بانگ کرد لەگەڵ مەجموعەیەك لایەنی تری پەیوەندیدار لە یەکێك لە بەدواداچوونەکان بۆ ئەوەی چارەسەری ئەمە بکەین، ئەمە کۆتایی هاتیە، ئەمەش موشکیلەیەکی فەنی زۆر بەسیتە، تەسەور دەکەم پێویستی بە ڕۆژ بێت نەك بە مانگیش، هەرئەوەندەی پێویست بێت ئەم گرفتە چارەسەر ببێ، لە چاوەڕوان کراویش نەبووە بەڕاستی ئاوی گۆپتەپە ـ چەمچەماڵ ئێستا لە پرۆسەی تەندەرینگە ئاماژەم پێی کرد، ئێمە بۆ پرۆژەکانی ئاو بەڕاستی دەعوایەکی تایبەت بۆ مەعلوماتی جەنابتان بۆ ئەو کۆمپانیا بە توانایانە دەنێرین کەوا خیبرە و سیڤیەکی وایان هەبێ لە بواری پرۆژەکانی ئاو، هەندێ جار ئەم پرۆژەیە دەبێتە ئەگەرێك لە ئەگەرەکانی دواکەوتن، چونکە بەڕاستی پرۆژەکانی ئاو ئەوە نین بدەینە دەستی قەدەر و موناقەسەیەکی کراوە لە نێوان هەموو کۆمپانیاکان و ئینجا بەیانی ئەگەر پرۆژەی ڕێگایەك کەموکورتیش لە دروست کردنی هەبێ لە کوێ وەستا ڕای دەگری و تەکمیلەی دەکەی و دەیدەیە کۆمپانیایەکی تر، بەڵام بەڕاستی پرۆژەکانی ئاو کارێکی موختەس و کاری تایبەمەندن بۆ ئەوەی تووشی ئەو گرفتانەی کە لە ڕابردوو دا دروست بوون نەبنەوە، ئێمە دەعوایەکی تایبەت بۆ چەندین یان شەش یان دە یان کۆمپانیایەکی موختەس لەو بوارە، ئەم پرۆسەیە ئێستا دەست پێکراوە، لەم نزیکانە دا پرۆژەی ئاوی چەمچەماڵ دەچێتە بواری ئیمزا کردن، پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە ئەوە یەکێکە لەو پرۆژانەی کەوا لە قەرزەکە دا بوو کە باسمان کرد، ئەوە ئیمزا کراوە، نەك هەر کۆمپانیایەکی زۆر باشە، حکومەتی کۆری لە

ڕێگای قونسوڵەکەیان کە قونسوڵەکەیان خۆی ئامادە بوو وتیان ئێمە وەکو حکومەت تەزکیەی پشتگیری تواناکانی ئەو کۆمپانیایە دەکەین کە بە دڵنیاییەوە کارێکی باش ئەنجام دەدرێت، پێشتر ڕوونکردنەوەمان لەسەر تەرخان کراوی قەرزەکە دا، لەسەرئەوەی کەوا ئەو خەرجیانەی لەسەر قەرزی یابانی دەکرێن ئەوە تەواو وەکو دەڵێن ئەو فیلمە کۆتایی هات، ئیتر ئەو پارەی هەیە چووە بواری ئیمزا کردن و دەست بەکار دەکرێت و چیتر ئەم مەوزوعی خەرجیەکانی تر لەسەر حسابی ئەم پارەیە ناکرێ، من دڵنیای جەنابتان دەکەم، دەربارەی ئەوانەی کە فەرمانیان هەیە، کوێستان خان ئەمە بەڕاستی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوە گرفتێکی زۆر گەورەیە، پارچە وەرەقەیەکی ئیستنساخ لای هاووڵاتیەکە کەدەڵێ ئەمە ئەمری تەرخان کردنی زەویە، زۆربەی ئەو زەویانەی کە گرفتی لەسەرە هی زەمانی دوو ئیدارییە، ئەولەویاتیان لە وەزارەتی شارەوانی نیە کە ئێمە تەدقیقی ئەم پارچە کاغەزە بکەین و بزانین ئایا ئەمە ڕاستە سەردەمێك لە سەردەمەکان فەرمانێکی ڕەسمی پێی دەرچووە یان نا، بڕیار هەیە مەسەلەن بڕیارێك دەرچووە دەڵێ بڕیاردرا بە تەرخان کردنی پارچە زەوی بۆ قائیمەیەکی هاوپێچ لەگەڵ ئەم نووسراوە دا کە لە 30 ناو پێك دێت و لە فلان دەست پێ دەکات و لە فلان کۆتایی دێت، وەرەقەیەکی فۆتۆکۆپی ناوەکانی لەگەڵە، باشە من چۆن دڵنیا بم لەوەی کەوا ئەم ناوانە فیعلەن حەقیقەتەن ئەو ناوانەن ئەوەی کە بۆیان دەرچووە،من ئەگەر ئەو وەرەقەیە بدرێتە کەسێك بچێتە دەرەوە 4 ناو بگۆڕێ و ئیستنساخی بکات و بێنی لەگەڵی دابنێتەوە هەر لە ناوی فلان دەست پێ دەکات و لەناوی فلانیش کۆتایی دێت، ناتوانین لەسەر ئەو ئەساسە بە حەقیقەت، یەعنی ئێستا دوای دەرچوونی بڕیارەکە بۆ زانیاری جەنابت زۆربەی ئەو ئەمرانەی کەلەسەر ئەوانە ڕاگیرابوون، نوسخەی ئەسڵیان دۆزیوەتەوە، یەعنی پاش ئەوەی کەوا مەجبور بوونە حەقیقەت لە شارەوانیەکان نوسخەی ئەسڵی دۆزراوەتەوە ئێستا هەرچی بڕیارێکی لەسەر نوسخەی ئەسڵی ڕەد کرابێتەوە، ئێستا زۆربەی هەرە زۆریان نوسخەی ئەسڵیەکانیان لەگەڵ هاتووە و لەژێرەوەش تێبینیەك دەنووسن تکایە ئەگەر موعامەلەکەت تەواو بوو نوسخەی ئەسڵیەکەمان بۆ بگەڕێنەوە، یەعنی ئێستا ئەم پرۆسەیە ڕێچکەی خۆی وەرگرتووە/ بەڵام بەڕاستی بۆ زەمانەتی ئەوە بووە کە سەلامەتی ئەم موعامەلانە لەڕووی یاساییەوە، چونکە شتێك نەبووە تەدقیقی بکەین، ئەوەی کە لەزەمانی کابینەی موحەدەوە دەرچوونە لە دوای 2005 ەوە ئەوە هیچ کێشەیەکمان لێی نیە، چونکە ئەوەلیات لای ئێمە هەیە، دەتوانین تەدقیقی بکەین ئەگەر ئەمرێك دەرچووبێ، لای ئێمە ئەوەلیات هەیە و دەتوانین، بەڵام ئەوەی پێشووترن، ئەوانەش ڕۆژ بەڕۆژ موعالەجە دەکرێن، گرفتەکان زۆر حەسر بوونە، تەسەور دەکەم شتێکی وا نەمابێ، دەربارەی ئەو گەڕەکانەی کەوا کەوتوونەتە ناو شارەکانەوە، ئەو گوندانەی کە تازە کەوتوونەتە ناو ماستەرپلانی شاری سلێمانی کە جەنابت بە نموونە هێناوە، ژمارەیان 75 گوندە لە ئێستا دا نەخشە و دیزاینی بۆ ئامادە دەکرێ و شەش گوند نەخشەکانیان تەواو بووە، کراوە بە سەند و لەلایەن پارێزگای سلێمانی و ئەنجومەنی شارەوانیەوە پەسەند کراوە، ئەو گوندانەی کەوا ئاماژەی پێدراوە گوندی قوڵەڕەیسی و قرگەی کۆن نەخشەکانیان ئامادەیە، لەپلانی ئەمساڵ دایە بۆ جێ بەجێ کردنی خزمەتگوزاریەکان کە

تایبەتن بە شارەوانی وەکو ئاو و ئاوەڕۆ و ڕێگاوبان و گوندەکانی تریش دوای پەسەند کردنی نەخشەکان دەخرێنە پلانەوەو ئەم پرۆسەیە بەردەوامی دەبێ و دەستیشی پێ کردووە بە فیعلی، پلانی گەشتوگوزار خوێندمەوە ئەگەر پێویست بەوە ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کوێستان خان تەعقیبێکت هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، نەخێر.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پرسیارەکانی من بەعزێکی جوابەکەم وەرگرت، بەس حەز دەکەم ئیشارەت بدەم بە پرسیاری یەکەم، کە باسم لەوە کردووە، بۆچی خزمەتگوزاری و ڕێگاسازی و باخچە و پارکەکان تەنها شارە گەورەکانە، لەناو شارە گەورەکانیش دا تەنها شوێنە دیارەکان، مەسەلەن ئەگەر سەیری شوێنی وەکو هەولێربکەی ئێستاش کە بارانێکی زۆر دەبارێ لافاو خەڵك هەراسان دەکات، ئەوەی کە حەزم کرد بە بەڵگە بیخەمە دەست ڕاستە شەش مانگە دەست بەکاربووی، بەڵام لە پرۆژەکانی 2011 خۆم تەدقیقێکم کرد لە 62٪ پرۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی دەست بەکارنەبوو بوو، یەعنی ئاستی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی لە دوای 11 وەزارەتەوە بوو، هی ئەمساڵیش هی 2012 هەر عەینەن شت تەقریبەن 50٪ بەرەو سەری بووەتە بەردەوام، لەوانەی کۆنەکانیش کە بۆمان هات بوو 2003 و 2004 و 2005 ، 46 پرۆژەی کۆنمان بۆ هات بوو، 13 پرۆژەی هی وەزارەتی شارەوانی بوو، یەعنی کە کۆن ماوەتەوە، ئەو 16 پرۆژەیە هەر 16ەکەی هینی قەزاکان بوو هی شارە گەورەکان نەبوو، مەسەلەن کەلار و کۆیە و کفری بوو، کە ئەمە بەڕاستی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تەرکیز زۆرتر لەسەر مەرکەزە، کەمتر دەتان پرژێتە سەر ئەتراف، کە ئەمە تەئسیری هەیە بەڕاستی، تەئسیری سەلبی هەیە بۆ خزمەتگوزاری قەزاو ناحیەکان، مەسەلەن بۆ نموونە لە 2012 ەوە 40٪ی پرۆژەکانی هەولێر بۆ مەرکەزە، هی سلێمانی 35٪ ی بۆ ناو مەرکەزە، مەعەل عیلم کفری هەیە و کەلار هەیە و چەمچەماڵ هەیە و هەڵەبجە هەیە و ڕانیە هەیە و قەڵادزێ هەیە، 35٪ ئەم پرۆژانە دەدەی بە مەرکەز ئەکید غوبنێك دەدەی بۆ ئەوان، ئەمە بۆ ئەوەی مولاحەزەیەك بێ بۆ لای

جەنابت بۆ 2013 تەبعەن، چونکە ئەمە دوای دەست بەکاربوونی جەنابت بـووە، بۆیـە لـە پرسـیارەکەم دا ئـەوەم گوتـووە ئێـوە بۆچـی لـە بەشـی گەشـتوگوزارەکەش دا ئەوەشـم کردووەتـە پرسـیاری یەکـەم، ئـەو مەنتیقـەی هـەورامان و ئـەوە لـە ناحیـەی گەشـتوگوزارەوە هـیچ ئیهتمـامێکی پـێ نـەدراوە، مەعـەل عـیلم جوانترین شوێنە بۆ ئەوەی بکرێتە شوێنێکی گەشتیاری، مەنتیقەی هەڵەبجە و هەورامان دەتوانی جوانترین ئیستفادەی لێ بکەی لەڕووی گەشتیاریەوە، بەڵام بەو شێوەیە نیە هەر ئاوا بڕۆین مەیدانیەن سەیری بکەی دەزانـی کـە لـەڕێی خزمەتگوزاریـەوە وەکـو پێویسـت نـاتوانرێ ئیسـتفادەی لێ بکرێـت وەکـو شـوێنێکی گەشتوگوزار، پرسیاری دووەم و سێیەم، سەبارەت بە تەجاوزاتی قەرەبووی جوتیارانە، وابزانم ئەو پرسیارە کرا و وەڵامەکەیم گوێ لێ بوو، پرسیاری چوارەمم هەیـە کـە ئاشـتی خـانیش کـردی، بەڕاسـتی مـن تـەرکیز دەخەمـە سـەر شـتێکی تـری، ئـەویش ئەوەیـە لـە سـلێمانی و دەڤـەری سـلێمانی مامۆسـتایان ئـەرەزەیان وەرگرتووە و لە 31 خاڵدا وەستاوە، بەڵام دەڤەری هـەولێر لـە 18 خـاڵ وەسـتاوە، جارێ هـەر خـۆی ئەمـە ناعەدالەتیەکە، یەعنی ژمارەیەکی زۆری مامۆستا کە لە سلێمانیە، ئەگەر لە هەولێر بووایـە ئێسـتا ئـەرزەی وەرگرت بوو، یەعنی ئەوێ لە 31 خاڵ وەستاوە ئێرە لە 18، ئەمە یەك، دوای ئەوەش لە 2006 ەوە هـیچ تەوزیع نەکراوە، دەبێ یەکەم جار هەوڵی یەکسانی کردنـی ئـەم دوو حاڵەتـە بـدەی کـە ئـەوێ بـە 31 خـاڵ وەستاوە، ئێرە بە 18، ئینجا دواتریش بیرێ لەو ئیفرازاتە بکرێتەوە کـە مـەعقول نیـە تـا ئێسـتا وەسـتاوە، خاڵی ئـەخیرم، سـەبارەت بـە وەزارەتەکـەی جەنابتـە، کـە فەرمانبـەرەکان زۆر ئـەو گلەییـە دەکـەن و دەڵێن زۆربەی وەزارەتەکان دەرماڵەی تایبەتی خۆیانیان هەیە، بەڵام وەزارەتی شارەوانی ئەو دەرماڵەیـەی نیـە کـە سەیری ئەوەم کرد، سەیری بودجەی بەکاربەرم کرد بـەڕێز جـەنابی وەزیـر، بودجـەی بەکاربـەری ئەمساڵ 430 مليار و 218 مليۆن بووە، بەڵام لەوە تەنها 8٪ ی داروە بە تەعویزاتی موەزەفین، کەواتە بیـل فیعـل موەزەفینت روغمە دوو هەزار و ئەوەندە موەزەفە جارێ دەرماڵەیـەکی تایبـەتیان نیـە، بۆیـە بەشـێکی زۆر کەم لەو بەکاربەرە دەچێ بۆ تەعویزاتی موەزەفین، ئەوەی تری هەمووی دەڕوات وەکـو جـەنابت ئیشـارەتت پێدا و وتت زۆربەی ئەو شتانە لەسەر تەشغیلی دەکـەین، روغمـە ئـەوەی مـن لـەناو پـڕۆژەی وەبەرهێنانـدا سیانەی تەنکەری ئاوی سلێمانیم دیوە، سیانە دیومە لـەناو پـڕۆژەی وەبـەرهێنان دا، یـەعنی نـازانم شـتەکە چـۆنە؟ بـەڵام ئایـا سـیانە ناچـێتە زمنـی بودجـەی بەکاربـەر؟ لەبەرئـەوە ئەگـەر ئـەوەی کـە باسـت کـرد موراجەعەی یاسا، ئایا مەسەلەی سەرۆکی شارەوانی و ئەوەی کە پلەیـەك و پۆسـتێکیان نیـە پەیوەنـدی بـە یاسای شارەوانیەوە هەیە ئەویش یاخود لە سەلاحیەتی وەزارەتی شارەوانیە و، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز وەزیری شارەوانی دیارە ناسکە خان داوای وەڵامی پرسیاری یەك و پرسیاری 4و 5 دەکات فەرمووو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب (وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پرسیاری یەکەم گرنگی دان بـە باخچە و بـاخ و پارکـەکان کـە تـەنها لـە شـارە گەورەکانـە هـەموو گرفتـی ئێمـە لـە خزمەتگوزاریـە سـەرەتاییەکان وەکـو باخچـەکان و چـاککردنی ڕێگاکـان و وەکـو گەیانـدنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان، مەبەستم پرۆژە بچووکەکانە، هەموو گرفتمان گرفتی داراییـە، حەقیقەتـەن، ئێمـە توانامـان هەیـە لـە هـەموو شـوێنێك لـەڕووی فـەنی و لـە هـەموو ڕوویەکـەوە، چـونکە ئەمـە کـارێکی ئەستەم نیە، بەڵام بەڕاستی یەعنی دووپـاتی دەکەمـەوە داهـاتی ئێمـە وازحـە، پلانـی ئێمـە وازحـە و دێتـە بەردەمی پەرلەمانی بەڕێز ئەوەی کەوا لێرە پەسەند دەکرێ هەر ئەوەندەیە جێ بـەجێ دەکـرێ، بـاقی تـر ئەوەی کە ناکرێ بە تایبەتی لە جوانکاریەکان بەڕاستی لە نەبوونی پارەیە، یـەعنی هـیچ مەسـەلەیەکی تـر نیە، مەوزوعی ئەوەی کە تەرکیز لەسەر مەرکەز و ئیهمال کردنی دەرەوەی شارەکان، وەڵلاهی لە مـەوزوعی جوانکاری ناسك خان ئێمە بە حسابی خۆمان موبەررێکمان هەیە، هەندێ لە مەنتقەکانی دەرەوەی شار، بـە تەبیعەتی جوانی خۆی ڕەنگە ئەوەندی کە مەسەلەن ئێسـتا لـە نـاو شـاری هـەولێر موحتـاجی پـارکێکی لـە شوێنێکی تر دەشتایی و قەرەباڵغێکی زۆر هەیە و ئەوەندە مەسەلەن لە حاجی ئۆمەران یان مێرگەسۆر یان لە قەزای سۆران یان شەقڵاوە بە قەدەر ئیحتیـاج بـە دروسـت کردنـی پـارك نـەبێ، بـە حسابی ئەولەویـەت پێدان، بەڵام لە کارە خزمەتگوزاریەکان دڵنیابە ئەمە ڕەچاو دەکـرێ ئـەوەی کـە جـەنابت فـەرمووت لەسـەر ڕێژەی تەرخان کردن بۆ داخلی و خارج، بەڵام بۆ ئـەوەی ڕاسـت بم لەگـەڵ جـەنابتان بـۆ پلانـی 2013 بـۆ ئەوەی ئێمە چیتر لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان لەبن پرسیاری ئەوە دانـەبین ئـەرێ بۆچـی ئـەم پرۆژانـە ئەوەندە دواکەوتوون، هەموو توانا و هەموو تەرخان کردنی خۆمان بـۆ پـرۆژە بەردەوامـەکان دادەنـێین بـۆ ئەوەی ئێوەش و ئێمەش و خەڵکیش نەجاتیان بێ  لەو پرۆژانـەی کـەوا چـەندین ساڵە مـاون، بۆیـە ڕەنگـە پرۆژەی پێشنیار کراومان زۆر کەم بێ حەقیقەتەن زۆر کەم بێ بۆ 2013، حەزیش دەکەم لەوە پشتگیرمان بکەن، چونکە پێموایە لە نەتیجەی نیهائی خەڵکی سوودمەند دەبێ ئەگینا ڕەنگە بە نیسبەتی ئێمەوە وەکو وەزارەت خۆشـتر بـێ و ئێمـە دەیـان پـرۆژە ئێسـتا ئیعلانـی تـازەی بـۆ بکـەین، بـەڵام تـەواو کردنـی پـرۆژە کۆنـەکان ئەولەویـەتی پـێ دەدەیـن، پرسـیاری هـی قەرەبووەکـە جـەنابت گوتـت جـوابی درایـەوە، هـی دابەشکردنی زەوی لەسەر فەرمانبەران کە مامۆستایان جەنابت بە نموونە هێناونەتەوە، لە سلێمانی یـاخود لێرەو لەوێ یان لەهەولێر بێ، تەبیعی ڕێنمایی جیاواز هەبوو، خاڵبەندی جیاواز هەبوونە، زۆر جیاوازی لە هەندێ لـە ڕێنماییـەکان هەبوونـە لـە کۆن، ئێسـتا دەمـەوێ جـەنابتان دڵنیـا بکەمـەوە، هـەبوونی جیـاوازی خاڵەکان لەسەر ئەوە بووە کە ڕێنمایی جیـاواز هـەبووە، بـەڵام ئێسـتا سـەرجەم ڕێنماییـەکان یـەك خـراون، ئەوەی دابەش کردنی زەوی کە جارێ بـە قـەتعی ڕاگیـراوە تـاوەکو موعالەجـەی ئـەو گرفتانـە دەکـرێ کـەوا لەسەرەتا ئاماژەم پێی کردو هەرکاتێکیش کـەوا دەسـتی پـێ کـردەوە بـا یەکسانی لـە هـەموو شـارەکان و لـە هەموو سیکتەرەکان، یەعنی با بڵێین بـۆ هـەموو فەرمانبـەران یـاخود بـۆ خـەڵکی تـریش، چـونکە ئەمـەش بابەتێکی ترە بەڕێزان ئەگەر دەرفەت بدەن باسی بکەم، ئەو هاووڵاتیـەی فەرمانبـەر نیـە، ئـەو چـۆن زەوی وەردەگرێ، خاڵەکانی ئەو کێ حسابی دەکات؟ ئەی ئەویش هاووڵاتی نیە؟ ئەویش لەو وڵاتـە دانانیشـێ؟ ئـێ

باشه  عەلەل ئەقەل فەرمانبەرەکە چانسێکی بەرکەوتووە و دامـەزراوە، ئـەی ئـەوەی کـە داش نەمـەزراوە؟ خۆ حەقی نیشتەجێ بوونی لەو وڵاتە دا هەیـە، ئێمـە بەڕاسـتی نەمانویسـت بچینە زۆر وردەکـاری ئـەگینا ئێستا ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە، یەعنی چۆن موعالەجەی ئەو هاووڵاتیە بکـەین کـە فەرمانبـەر نیـە، ئـەی خاڵەکانی ئەو لەسەر چی حساب دەکرێ؟ کـەی سـرەی دابـەش کردنـی زەوی دەگاتـە ئـەو، کـە لـە حاڵـەتێك ئەویش مافی هەیە بەڕاستی، دەربارەی هەبوونی دەرماڵەی تایبەت لەسەر بنەمای وەزارەت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێکهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی هەریەکە و بە پێی پسپۆڕی و بواری کـارکردنی خـۆی دەرماڵـە و ئیمتیازاتی خۆی هەیە، یەعنی شتێك نیە تۆ بڵێی مەسەلەن ئەم دەرماڵەیە تایبەتە بە وەزارەتی شارەوانی، ئەندازیارێك لە وەزارەتـی شـارەوانی کـار دەکـات هـەمان ئـەو دەرماڵـەی ئەنـدازیاریش شـمولی دەکـات کـە لـە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کار دەکات، یەعنی وەکو ئەندازیار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، نـە وەکـو ئـەوەی کـەوا لە چ وەزارەتێك کار دەکات، بەڕاستی تایبەمەندێتی هەندێ وەزارەت مەسـەلەن وەزارەتـی پـەروەردە یـاخود وەزارەتی تەنـدروستی با بڵێین وەزارەتی بەشی هـەرە هـەرە زۆری پزیشـك و کارمەنـدی تەندروسـتیە کـاتێ کەوا شتێك دەردەچێ شمولی هەموویان دەکات، لە وەزارەتـی ئێمـە ئەنـدازیاری لێیـە، زراعـەی لێیـە، یاسـایی لێیە، ژمێریاری لێیە ئیتر هەموو پلەکانی تری وەزیفی، بۆیە شتێکی تایبەت نیە ئێمە بڵێین ئەمە تایبەتـە بە وەزارەتی شارەوانی، بەڵکو ئەم سنفانە هەر یەکەی چ ئیمتیازێك لە وەزارەتەکانی تر بۆ هاوشـێوەی ئـەو هەیـە بـۆ کارمەنـدانی ئێمـەش هـەن هـەتاوەکو دەگاتـە مەسـەلەن ڕادەی ئـەوەی کارمەنـدێکی وەزارەتـی شارەوانی ئەوەی کە لە پارکەکان ئیش دەکات و کاری ڕشـاندن و تـەعامولی لەگـەڵ مـەوادی کیمیـایی دەکـات موخەسەساتی ختورەی پێ دەدرێت، چونکە وەکو ئەوەی کەوا یەکێکی تر لە وەزارەتی تەنـدروستی یـان لـە وەزارەتێکی تر موخەسەساتی ختورەی هەیە، بۆیە ئێمـە شـتێکی تایبـەتمان نیـە حەقیقەتـەن بـە وەزارەت، چونکە لەبەر ئەو تەسنیفەیە کە عەرزم کردن، ئـەوەی تـریش مـەوزوعی گرێبەسـتەکان، یـاخود هـەتا هـی زیاد کردنی ئەو ئیمتیازاتانـە جـەنابتان دەزانـن جارێ دەربـارەی گرێبەسـتەکان وەزارەتـی ئێمـە پارەیـەکی یەکجار زۆر گرێبەستی هەیە، تەبیعەتی حوکمی ئیشی وەزارەتی شارەوانیەکان لە دونیاشدا پـتر گرێبەسـتن لەوەی  کەوا موەزەفی دائیمیان هەبێ، ئێستا بە پێـی ئـەم ئیحتیاجاتانـە ئـەم مەوزوعـە زیـاد وکـەم دەبـێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئیجازەم بدەن لەسەر ئەوەی کە مووچەیان کەمە، تەبیعی ئەو گرێبەستانەی کەوا بێ بڕوانامەن، بۆ مەعلوماتی ئێوە ئەگەر دابمەزرێن مووچەیان کـەمتر دەبێـت، یـەعنی کـە گرێبەسـتە پـتر پارە وەردەگرێ، ئـەوەی بـێ بڕوانامەیـە، ئەگـەر دابمـەزرێ پارەکـەی کـەمترە لـەوەی کـە گرێبەسـتە، ئەگـەر مـەوزوع زیـاد کردنـی ئیمتیازاتیانـە بەڕاسـتی ئـەوە جـەنابتان سەرپشکن، بـەڵام هـەم زیـاد کردنێکـی لـە ئیمتیازاتی موزەفین دیسانەوە دەبێتەوە بار لەسەر بودجەی تەشغیلی کە هەمیشە لە پەرلـەمانی بـەڕێزەوە تەشجیعی ئەوە دەکرێ یاخود تەئکید لەوە دەکرێتەوە کـە بودجـەی تەشـغیلی نابێـت زیـاتر بچێت، ئـەگینا هیچ کارێك لەوە ئاسانتر نیە ئێمە مەعاشی خـەڵك زیـاد بکـەین، بـەڵام پارەکـە لـە کوێ بێـنین و لەسـەر چ حسابێك دەبێ، چونکە دابەش کردنی پارە کارێکی ئاسانە، بەڵام ئەوەیە کە دیسانەوە دەبێتـەوە بـار بەسـەر

میزانیەی ئەم هەرێمەوەو ڕەنگە ڕۆژێك تووشی گرفتی تریشمان بکات، دەربارەی پلە و ئیمتیازانی سەرۆك شارەوانیەکان سوپاست دەکەین، وەڵڵا ئەوە یەکێکە لە خاڵەکانی بەرنامەی وەزارەت کە لە ئەنجومەنی وەزیران عەرز کراوە و موافەقەتمان وەرگرتووە کەوا لیژنەیەکی تایبەت لە نێوان وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی دارایی بۆ دیراسە کردنی بە پێی بڕوانامە و بە پێی خزمەت، چونکە ئێمە فعلەن حاڵەتی جیا جیامان هەن، حاڵەتی وامان هەیە سەرۆکی شارەوانیەك مەسەلەی دەرەجەی خەبیری هەیە، سەرۆکی شارەوانیەکی تر کە لەڕووی ژمارەوە هەمان شارەوانیە و هەمان پلەی شارەوانی هەیە و هەمان ژمارەی خەڵکی لێیە، بەڵام پلەکەی زۆر زۆر نزمترە، خولاسە هیچ پلەیەکی تایبەت نەبووە هەرکەسێك کە بووەتە سەرۆکی شارەوانی خۆی پلە ئەسڵیەکەی خۆی چی بووە بەو پلەیەوە بووەتە سەرۆکی شارەوانی، ئەوەش لەسەر ئەساسی هەڵبژاردنی کۆنە بەڕاستی، کە هەڵبژادن کراوە من وەکو مامۆستایەك خۆم تەرشیح کردووە بوومە سەرۆکی شارەوانی ئیتر پلەی من هەر ئەو پەلەیەیە کە من پێشتر هەم بووە وە هاکەزا، بەڵام ئەوە پێداچوونەوەی پێدا دەکەم بۆ چارەسەری، ئەگەر چم لەبیر نەچووبێ، چونکە جەنابت گوتت هەندێکی لێ دەگەڕێم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وا حاڵی بووم.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ناسکە خان تەعقیبێکت هەیە لەسەر وەڵامەکەی؟ فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی لە حرسی ئەوەی پرسیارەکانم سەریع بخوێنمەوە، ئەو پرسیارەی کە باس لە کێشەی تەجاوزات دەکات، جوزئی ئەخیری 27 ماڵ هەن لە سیروان دوو، سێ جار پەیوەندیان کردووە تا ئێستا، ئەم 27 ماڵە بەشێك لە ماڵەکانیان تەجاوزە، یەعنی ئەگەر ئێستا بیڕوخێنن و بیانەوێ بیکەنەوە بەشێکی دەبێ لابچێت، ئینجا تاپۆیان نیە و قەرەبووش ناکرێنەوە، یەعنی ئەم کێشەیە لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی ئەو دەڤەرەش قسەم لەسەری کرد هەروەکو خۆیەتی، جا حەزم کرد جەنابت پێت بگات ئەگەر خۆت لە نزیکەوە وەکو وەزیر لە گەڵیان مامەڵە بکەی، ئەوە یەك، هی قەرەبووەکە کاك حەمە سعید پرسیارەکەی کرد مەسەلەن ئەوانەی کە عەقدن بە 3٪ تەعویز دەکرێنەوە، یەعنی ئەوانەی کە عەرزەکانیان کە دەدرێ بە حکومەت ئەگەر عەقد بوو و تاپۆ نەبوو بە 3٪ قەرەبوو دەکرێنەوە، ئەمە کێشە دروست دەکات جوتیارەکان ئەرزەکە نادەن بە حکومەت دەڵێن قەرەبووەکە کەمە، ئەگەر بێتو بکرێت بە 10٪ لەوە دەچێ هەم کێشەی وەزارەت حەل دەبێ و هەم کێشەی خەڵك حەل دەبێ.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب (وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو ماڵانە تەبیعی حاڵەتی وا و ئەو حاڵەتانە کارێکی ئاساییە ڕوویان لە نوێنەری خۆیان و یان ئەندامێکی پەرلەمان کردووە، تەبیعی حاڵەتی تریش لە شوێنی تر هەن بە حەقیقەت من دووپاتی ئەوە دەکەمەوە تاوەکو گرفتی یاسایی خانووە بۆ بێ تاپۆیەکان دەرنەچێ ڕەنگە مامەڵە کردن لەگەڵیان ئەستەم بێ، بەڵام هەر بەدواداچوونیش بۆ ئەم حاڵەتە دەکەین بە تەوسیەی بەڕێز ناسکە خان، ئەوەی تر دەبارەی قەرەبووی جوتیاران من دووپاتی ڕەئی یەکەمم دەکەمەوە، ئەم یاسایە لەو پەرلەمانە بەڕێزەوە دەرچووە، یاخود نەفازی پێدراوە، هەر کاتێکی کەوا یاسایەکە بگۆڕدرێ ڕێژەی ئەم قەرەبوویە زیاد بکرێ ئێمە جێ بەجێ ی دەکەین، بەسەرچاو.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر، من پرسیارەکەم لە چەند لایەکەوە ورووژێنرا، بەڵام من ڕەنگە زیاتر لە هاوکارانم مەبەستم بێ چارەنووسی پرۆژەی ئاوی خاس و چارەنووسی پرۆژەی ئاوی..... .

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە پرسیارەکەت بخوێنەوە کاك قادر، فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم ئەوەیە چارەنووسی ئەو دوو پرۆژەیە کە بۆ پشدەر و قەزای ڕانیە دەرچووە بەڕوونتر بزانم، ئەگەر بکرێ جەنابی وەزیر تەفاسیلێك بە ڕوونکردنەوەی ئەو دوو پرۆژەیە بدات سوپاسی دەکەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب (وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێ پرسیارێکی تر هەتاوەکو من جەوابەکە حازرە بەس هەتاوەکو ئامادەی دەکەمەوە، ئەگەر پرسیارێکی تر هەبێ بۆ ئەوەی ئیستفادە لە کات بکەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکان من شەش پرسیارم هەبوو بەس وەڵامی زۆربەیانم وەرگرت، تەنها دوو پرسیارم ماوە دەمەوێ وەڵامەکەی بە ڕوونی وەربگرمەوە، یەکێکیان تایبەتە بەو زەویانەی کە تەرخان کراوە بۆ وەزارەتی شەهیدان، واتە بۆ وارسی شەهیدان کە لە کابینەی 5 دا 11 هەزار پارچە زەوی کە فەرمانی بۆ دەرچوو بوو کە پێویستە بدرێت بە وەزارەتی شەهیدان بۆ ئەوەی لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم ئەو وارسانە سوودی لێ ببینن ژمارەیەکی زۆر هەر لە سنووری هەولێر 3717 وارسی شەهید هەیە بەس هەولێر کە تا ئێستا سوودمەند نەبووە، جگە لەوەی کە 11 هەزاریش دانراوە نازانین مەسیری ئەم 11 هەزارە تا ئێستا بە کوێ گەیشتووە، ئەگەر بڵێین بڕیارێك هەیە ئەمانە ئیفرازیان بۆ دەکرێ یاخود زەوی وەردەگرن پێویستە وەزیری شارەوانی ئەوە ڕوون بکاتەوە بۆ وەزارەتی شەهیدان چونکە بووە بە کێشە لە نێوان وەزارەتی شەهیدان و لە نێوان وارسی شەهیدان کە ماوەی چەند ساڵە وەعدی ئەوەیان پێ دراوە کە زەوی وەربگرن و تا ئێستاش زەویەکان هیچ ئەسەرێکی نیە، یەعنی هیچ ڕوونکردنەوەیەك نیە لەو بارەیەوە ئەم زەویانە هەیە یان نا، کێشەیەکی تریش هەیە تایبەتە بە قەزا و ناحیەکان من لە ماوەی ڕابردوو لەگەڵ ژمارەیەك هاوڕێم سەردانی ناحیەی سەروچاوەمان کرد یەك کێشە هەیە لە نێوان ئەو دانیشتوانەی کە لەو سنووورەدان، ئەوانەی کە خاوەنی زەویەکن کە بۆ نموونە دوو هەزار مەترە یان هەزار مەتر زیاترە، پێیان وتراوە کە ئێوە ئەم زەویانە ئیفراز بکەن واتا کە بەش بەشی بکەن، سەد مەتر یان دوو سەد مەتر جیابکرێتەوە هەموو ڕێکارە یاساییەکانیان پێکراوە، من هەموو ئەوراقەکانم لایە و دوایی دەشی نێرم بۆ وەزیری شارەوانی، بەڵام لە کۆتایی ئەوەی کە تاپۆکە بخرێتە سەریان، چونکە ئەوان هەدەفیان بۆ ئەوەیە کە بۆیە ئەوان پارچە زەیەکانیان بەش بەش کردووە بۆ ئەوەی سوودمەند بن لەپێشینەی خانووبەرە، بەڵام ئەمان هەموو ڕێکارەکانیان پێکراوە، بەڵام لە کۆتایی مەرحەلەی تاپۆ خستنە سەرەکە، وتوویانە بە هیچ شێوەیەك ئێمە ئەم تاپۆیانەتان ناخەینە سەر، ئەمەش ئەوراقەکانە و دوایی دەینێرم بۆ وەزیری شارەوانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر پرسیاری سێیەم و چوارەمە، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب (وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی زەوی کەسوکاری شەهیدان تەبیعی ئێستا هەماهەنگیەکی تەواو هەیە لە نێوان ئێمە و وەزارەتی شەهیدان و چەندین دانیشتن کراون بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، تەبیعی وەزارەتی شەهیدان چەند لیستێکی لەبەردەست دا وەزارەتی شەهیدان، هەندێك لەو لیستانە پێویستن، چونکە تەرخان کردن ڕاستە بڕیارێك هەیە بە شێوەیەکی گشتی کەوا خانەوادەی شەهید دەبێ زەوی پێ بدرێت، بەڵام ئەمری تەرخان کردنی لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە، دەبێ ئەم حەقە ئەمری پێ دەربچێ، یەعنی دەبێ فەرمانێکی تر دەربچێ و بڵێ بڕیاردرا بە تەرخان کردنی زەوی بۆ ئەمەی کەوا پێشتر نێردراوە، قائیمەکان ڕاستەوخۆ

لەلایەن وەزارەتی شەهیدانەوە نێردراون بۆ شارەوانی بەڕاستی ئەم نوقتەیان وەکو بڵێی لە پرۆسەکە ئەمەیان نەقوستانە، کە ئەوە جێ بەجێ دەکرێ کە ئێستا خەریکین تەواوی بکەین، جەنابتان دڵنیا دەکەمەوە لە ڕێگای ئێوەشەوە کەسوکاری شەهیدان کەوا ئەولەویەتیان لە تەرخان کردن دەبێ، واتە ئەگەر ئێمە 10 هەزار ئەمری جێ بەجێ کردنی زەویمان لە هەولێر هەبێ و دوو هەزاری هی خانەوادەی شەهیدان بێ تاوەکو ئەو 2 هەزارە تەواو نەبن ئێمە ناچینە سەر 8 هەزارەکەی تر بۆ مەعلوماتی جەنابتان ئەو بڕیارەی کەوا لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە بە ڕاگرتنی دابەش کردنی زەوی خانەوادەی شەهیدان و کەسوکاری شەهیدان ناگرێتەوە، هەروەها زینـدانیانی سیاسیش ناگرێتەوە، چونکە لەسەر یاسایەك کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە ئیقرار کراوە کەوا زینـدانی سیاسی هەبێ و یاسا هەبێ زەوی پێ بدرێت، بۆیە هی کەسوکاری شەهیدان وەکو تایبەتمەندێتی ئێمە ڕای ناگرین و هی زینـدانیانی سیاسیش لەبەرئەوەیە کە بە یاسا دەرچووە، ئەوە مەشمول نین بەڕاگرتنی زەویەکان بۆ فیئەکانی تر، دەربارەی ئەوەی لە پرسیاری 4 دا ئەوەی قەزا و ناحیەکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پرسیارەکەی ڤیان خان کە لە پرسیاردا بۆمە هاتووە بە حەقیقەت چونکە ئەم وەزعە تەفاسیلانەی لەگەڵ نەبوونە ڕوون نەبووە بۆ ئێمە دەڵێت لە زۆربەی قەزا و ناحیەکان کێشەیەك بەڕووی هاووڵاتیان دەبێتەوە ئەویش کێشەی جیاکردنەوەی زەویە، هەموو ڕێکارە یاساییەکان بەو هاووڵاتیانە تەواو دەکەن، بەڵام لە کۆتایی دا کارەکە ناخرێتە سەر ئەو هاووڵاتیانەوە وازح نەبووە حەقیقەتەن جەوابێکمان نووسیوە، بەڵام ئەوە نیە ئەوەی کە ئێستا ڤیان خان باسی کرد مەبەستەکەی وی ئێستا بۆمان ڕوون بووەتەوە ئەگەر زەحمەت نەکێشی دواتر وەکو خۆی گوتی شتەکان بۆ ئێمە بنێرێ ئێمە ئەکید جوابی دەدەینەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان تێبینیت هەیە؟ کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی من دوو پرسیارم هەیە، سوئالی یەکەمم زیاتر پێشنیارە، بە نیسبەتی دەوروبەری قەڵاتێ پێشنیار دەکەم ئەگەر بکرێ هاتوچۆی ئۆتۆمبیلی تێدا قەدەغە بکرێ، ئەگەر جەنابی وەزیر موتەوەجە بێ، هاتوچۆی ئۆتۆمبیل مەبەستە، چونکە زەختێکی زۆری لەوێ دروست کردووە و شوێنێکی شوێنەواریشە و هەتا جادەکەشی وا تەرتیب کراوە کە هی پیادەڕۆ بێت، ئەوە لە زۆربەی سەنتەری شارەکانی جیهانیش پەیڕەو دەکرێ، بە نیسبەت پرسیارێك کە دەربارەی شوێنەوارەکان بە تایبەتی ئەو خانووانەی کە قەراریان داوە لە ماستەرپلان بسڕێنەوە، بابڵێین تێك بدرێن و ئەوانە هەندێ لەوخانووانە من ناڵێم هەموویان، هەندێ لەو خانووانە قیمەتی ئایکۆلۆژی قیمەتی تاریخیان هەیە بەڕاستی حەقە، هەتا لەڕووی معماریشەوە، یەعنی نازانم جەنابی وەزیر ڕەئی چیە دەربارەی ئەوەی کە ئەوانە لە باری نۆژەنکردنەوەیان، بە نیسبەتی سەوزاییەوە هەرچەندە جەنابی وەزیر شەرحی کرد، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێموایە

ڕووپێوی سەوزایی لە هەولێر بە تایبەتی و لە شاروشارۆچکەکانیش، بەڵام زۆربەی ئەو شوێنانەی کە تەرخان کراون بۆ پارکەکان تەماشا دەکەم، یەعنی ئەغلەبیان ئێستا لەو ساڵانەی دوایی زۆریان ئەوها ماونەتەوە، یان کەم کاری تێکراوە بەجێ هێشتراون، هەندێکیشیان تێك دراون، یەعنی بەدواداچوونیان لەلایەن شارەوانیەوە بۆ نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب (وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پرسیاری یەکەمی بەڕێز کاك نەژاد کە لەسەنتەری شاری هەولێر هاتوچۆی ئۆتۆمبیل قەدەغە بکرێ، تەبیعی ئێمە بەدواداچوونمان کرد بۆ ئەم بابەتە پێش دووساڵ ئەم مەسەلەیە تەجروبە کرا حەقیقەتەن، لەبەرئەوەی شەقامی باتە و شەقامەکانی تری نزیك قەڵات هەموو مەدخەلەکانی بازاڕی کۆنی هەولێر و بازاڕی قەیسەری و بازارەکانی تر لەسەر ئەو شەقامەن، بەڕاستی دوکاندارەکان بە هیچ نەوعێك قبوڵیان نەکرد کەوا ڕێگای هاتوچۆی سەیارات بگیرێ، چونکە گەیشتنی مەواد و هاتن و چوون و ئیشەکانی خۆیان، ئینجا لە بەینی ئەوەی کە ئێمە موقتەنعین حەقیقەتەن وەکو فکرە شتێکی جوانە، بۆشاریش سیمایەکی شارستانیە لە زۆر جێگاش دا لە دونیادا هەیە، بەڵام ئەم کێشەیەشمان لەگەڵ خاوەن دوکانەکان هەیە حەقیقەتەن، ئەوان یەك ودوو کەس نین ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵکی کاسباکاران، ناکرێ ئێمە ئیعتبار بۆ وەزعی ئەوان نەکەین، جاهەتا لە بەینی ئەوە دەگەینە حەلێك بەڕاستی وەکو مەبدەئ موتەفقین کەوا شتێکی وا بکرێ، بەڵام بۆ تەنفیزەکەی دەبێ ئالیەتێکی وا بدۆزینەوە کە خاوەن دوکانەکان زەرەمەند نەبن، یاخود قەناعەتیان بێت کە هاوکاری ئێمە بن لەم مەسەلەیە، دەبارەی باخچەکان و دروست کردن و زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی تەبیعی هەر بۆ بەخێرایی بەسەرداچوون 215 پارك ئێستا لە سنووری بابڵێین لەناو هەولێر دروست کراوە، 175 ی لە ناو شارەو 40 یشی لە دەوروبەرە، ئەوە ئامارێکە دەترسێم زۆر وەقت بگری، دێمە سەر بابەتێکی گرنگتر ئەوەی کە پێشتر ئاماژەم پێی کرد ئەو پارکە گەورانەی کەوا ئێستا پارکی هەواری کە لەشاری سلێمانی پارکی گەورە کە لە دهۆك و ئەو پارکەی کە لە هەولێر هەیە، پرۆژەی تەواوبوو بەردەوامن، بەڵام گەورەترین پرۆژە بۆ ئەو مەبەستەی کەوا بەڕێز کاك نەژاد باسی لێوە دەکات، پلانی ئەمساڵ بۆ پارێزگای هەولێر ئەوەیە کەوا یاخود بابڵێین بۆ زیاد کردنی ڕیژەی سەوزایی بەوە دەبێ کە ئەو پشدێنەی سەوزی یەکەم کە ئێستا دیزاینەکەی تەواو بووە، هەندێ تەعدیلاتی کەمی ماوە ئەگینا لەم نزیکانە ئێمە ڕایدەگەیەنین و ئیعلانی دەکەین، بۆمەعلوماتی بەڕێزتان بەرینایی ئەم پشدێنەیە 2کم بە شێوەی 75 کم بەشێوەیەکی بازنەیی بە دەوری هەولێر دا دەسوڕێتەوە، واتە 150 کم دووجا سەوزایی لەو شارە زیاد دەبێت بە جێ بەجێ کردنی ئەوە، بۆ زانیاری بەڕێزتان ڕاستە ئەمە ڕینگێکی تۆزێك دوورە ئێستا لە شار، بەڵام بەشی هەرە زۆری دەتوانم بڵێم 95٪ ی

ئەم مەساحەیە سەلامەتە تەجاوزی لەسەر نەکراوە، چونکە هەندێ تەجاوز کراوە تەجاوز نیە ئەسڵەن ئیشی لەسەر کراوە پێشی کەوا بڕیاری پشدێنە سەوزەکە بدرێ، پرۆژەکە زۆر کەمە، بەشی زۆری ئەومەساحەیە و مەرجەکانی بەکارهێنانیشی چ بۆ بواری وەبەرهێنان بێ، چ حکومەت خۆی کاری تێدا بکات تەنها سەوزکردنە، واتە بەیانی ڕەنگە دەیان دۆنم لەو پرۆژەیە بدرێتە وەبەرهێنێك بێت مەسەلەن باخێکی زەیتونی لێ دروست بکات، بەڵام بە مەرجێك بۆ سەوزایی بێ ڕێژەی سەوزایی و ئاو و هەوای هەولێری پێ زیاد بکرێ، کە بە پێی ئەو پلانەی لەبەردەست دایە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم گرین بیلتە بە دەوری هەولێر ڕێژەی سەوزایی هەولێر لەڕێژەی مەقبولی جیهانیەوە بۆ شار بەرزتریش دەبێتەوە، بۆ ئایندە بۆ پلانی ستراتیجی بۆ ماستەر پلانی هەولێر ڕینگی دووەمیش حەلەقەی دووەمی پشتێنەی سەوزیش هەیە و ئەوە ڕەنگە بە دەیان ساڵی تر هەولێر بگرێتەوە، بەس موهیم لە ماستەرپلان دا تەسبیت کراوە، لە ئێستاوە ئێمە حیمایەتی دەکەین و ناهێڵین هیچ پرۆژەیەکی لەسەر دروست بکرێ، ناهێڵین هیچ تەرخان کردنێکی لەسەر بێت، نە بۆسەکەن و نە بۆ هیچ مەسەلەیەك بۆ ئەوەی هەر ڕۆژێکی دیکە توانایەکی هەبوو ئەم شارە ببێتە خاوەنی ئەم دوو ڕینگە و تەسەور دەکەم بەوە گەورەترین ڕێژەی سەوزایی زۆر تر دەبێت لەوەی دروست کردنی باخچە بچووکەکانیش هەر بەردەوامە، ئەو خانووانەی کەوا بەهای شوێنەواریان هەیە گەڕەکەکانی دەوری قەڵاتی هەولێر مەنتقەیەکن لەگەڵ یونسکۆ ناونراون بە مەنتقەی بە فەرزون، تەبیعی کەس بۆی نیە دەسکاری بکات، هەر نۆژەن کردنەوەیەك بە پێی ستانداردانی یونسکۆ دەبێ، بۆ ئەوەی بەهای کەلتوری خۆی لەدەست نەدات، ئەسڵەن پلانێکی وا هەبوو کەوا ئەو گەڕەکانە تێك بدرێن و بۆ ئەوەی بە شێوازێکی نوێ بونیاد بنرێنەوە، تەبیعی ئەو پلانە رەفز کران بیرۆکەیەکی وا هەبوو ئەو بیرۆکەیە رەفز کراوە لەلایەن یونسکۆوە، کە ئەمانە سیماتی با بڵێین هی شارستانی و هی دێرینی شاری هەولێرن دەبێ بپارێزرێن، ئێستا دەست بەکارەکانی تر دەکرێ بۆ نۆژەنکردنەوەیان بۆ ئەوەش لیژنەیەکی تایبەت دانراوە بۆ ئەوەی چارەسەری گرفتی ئەو کرێچیانە بکات کە لەناو خانووەکان دان، ئەوەی ساحب موڵکیشە بە شێوەی یاسایی لەگەڵ موڵکەکانیان بکرێ، ئێستا دەستی پێکراوە هەنگاوی باشی ناوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان کەمی بکەوە خوشکی چاك بە، فەرمو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەسەرچاو، شەش پرسیارم کردووە پرسیارێکیان لە ئێستاوە تەرکە ئاوی بۆگردکلێسە، بۆگرد کۆیە، نایاخوینمەوە بەس هەندێك پرسیارەکان کورت دەکەمەوە، پرسیاری یەکەمم ئەو کێشەیەی هەندەك دوکاندارمان هەیە لە فلکەی حاجی قادر لە بۆ فلکەی تایەر تۆفیق کێشەیان هەیە و ماوەیەك بەر لە ئێستا با بڵێین ڕێیەکەشیان گرت و گیران بە سەیارە هاتوچۆ نەدەکرا تەنها هاووڵاتیان بوو، عەلەئەساس

قەرەبوو دەکرێنەوە و دەکرێتە جادە، ئایا نەتیجەکەی چیە؟، پرسیاری دووەمم دۆسیەکم پێشتر ڕەوانەی لای بەڕێز وەزیری شارەوانی کرد تایبەت بوو بە سەرۆك شارەوانی هەولێر کە ئەوەی پرۆژەی گەشتیاری وەرگرت بوو کە نابێ هیچ بەرپرسێکی حکومی سەرۆك شارەوانی یان بەڕێوبەری گشتی و یان ئەوە بیت، با بڵێین پرۆژە وەرگرێت، هاوپێچم لەگەڵ ناردووە نایخونمەوە، بەڕێز وەزیر بۆ خۆی ڕەنگە خوێندبیتیەوە، بابڵێین ئیجرائاتی چیە؟ لەسەر ئەو سەرۆك شارەوانیە، پرسیاری سێیەمم پرۆژەی دروست کردنی خانووەکانی گوندی مارینا، من پرسیم، چونکە پێشتر وام تەسەور دەکرد پەیوەندی بە دەستەی وەبەرهێنانەوە هەیە، کە هەفتەی ڕابردوو سەردانی کۆمپانیای بیابانم کرد گوتیان ئەوە پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانیەوە هەیە، پارێزەرەکە پێی گوتم کە پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانیەوە هەیە، گوندی مارینا ماوەی یەك ساڵە تاخیر بووە، دەوروتەسلیم بکات لە بەینی هاووڵاتی، هاووڵاتیان لێرە زەرەمەندن، لەبەرئەوەی هەیە خانووی فرۆشتووە و هەیە کرێچیە و هەیە زێڕی خێزانەکەی فرۆشتووە و واتە ئیجرائات چ کراوە بۆ ئەو کۆمپانیایە کە 3 جار گوندی مارینای 1 و 2و 3 ئەوان دەست بەکاربوونە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو پرۆژەیە زۆر دواکەوتووە، پرۆژەی با بڵێین تەلار ستیشی وەرگرتووە، تەلارستیش باسیان کردووە کە دروست کردنی ئەو خانووانە زۆر سەقەتە دلۆپەی دەکات هەندێك شوێن هەیە زۆر نشێو بووە بابڵێین پڕکردنەوەکەی بەشێوەیەکی سەقەت بووە، یان دیزاینەکەی دەرنەچووە دروست کراوە بە دروست کردنی خانووەکان، سەرەڕای ئەوەش ئەو کەموکورتیانەی کۆمپانیای بیابان شوقەکانی ئاڵا ستیشی وەرگرتووە بزانین وەك جەنابی وەزیر ئیجرائاتی چ کردیە بەرامبەر ئەو کۆمپانیایە، پرسیاری چوارەمم پارچە زەویەك تەرخان کراوە لە بۆ داوکاری ئەنجومەنی کوردستان، پارچە زەویەکە لە کەرتی 3ی ڕەشکینە موڵکی هاووڵاتیە ئێستا ئیتفا نەکراوە، کە ڕووبەرەکەی 1469 م دووجایە، ئێستا نەکراوە، بەڵام لە بودجەی 2013 پارەی بۆ دەرچووە، ئەگەر ئیتفا نەکرێ لەسەر شارەوانی با بڵێین تاپۆ نەکرێ یان بەناوی شارەوانی نەکرێ، ئەگەر ئەو هاووڵاتیە قەرەبوو نەکرێتەوە واتە ئەو پارەی لە 2013 لە بۆ ئەو پرۆژە جێ بەجێ کراوە ناچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، پرسیاری 5 تەرکە، پرسیاری 6 ئەوەیە وەزارەتی شارەوانی و ئەنجومەنی وەزیران با بزانین دەسەڵاتی وەزارەت ئایا دەسەڵاتی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیران زیاترە لە دەسەڵاتی سەرپەرشتیاری یەك لە ئیدارەکان، نموونەمان هەیە سەرۆکی شارەوانی ناحیەی گردەگۆیزینە بە فەرمانی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لابردرایە و بە فەرمانی سەرپەرشتیاری بە بێ ڕەزامەندی وەزارەتی شارەوانی، وەزارەتی شارەوانی فەرمانی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیانی ڕەد کردەوەتەوە، دوایی وەزارەتی شارەوانی داوای لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە با بڵێین پاڵپشتی بکات و ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای وەزارەتی شارەوانی و پشتگیری لە وەزارەتی شارەوانی کردووە، لەبەرئەوەی وەزارەت دەسەڵاتی زیاترە لە سەرپەرشتیاری ئیدارەی کەچی تاوەکو ئێستا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان ئامادە نەبووە ئەو سەرۆك شارەوانیە بچێتەوە لای خۆی کە لای داوە، جگە لەوە ئەو سەرۆك شارەوانیە لە دادگا کێشەکەشی بردووەتەوە، یەعنی جگە لەوەی کە چووەتە دادگا و

بردوويەتەوە تاوەكو ئێستا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان ئامادە نیە و لاری لەوە هەیە کە سەرۆك شارەوانی بگەڕێتەوە شوێنی خۆی و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب (وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پرسیاری یەکەم بەڕێز سیوەیل خان، ئەو شەقامەی کەوا ئەو دوکانانەی لەسەرن تەبیعی بڕیار وایە کە شەقامەکە فراوان بکرێ لە فلکەی حاجی قادر بۆ چوار ڕیانی تایەر توفیق، بەڵام ڕاگیراوە لە کاتی خۆی شارەوانی دەرخستەی قەرەبوو کردنەوەی ئەو 38 موڵکەی کرد کە بەر بەرفراوان کردنەکە دەکەوێت، بە بڕی 900 ملیۆن دینار، بەڵام خەڵکەکە ڕازی نەبوون، بەم قەرەبوو کردنەوەیە و دواتر لە ڕێگەی دادگا خەمڵاندنی بۆ کراو قەرەبووەکە کرا بە 3 ملیار دینار، بەڵام خەڵکەکە بەو قەرەبووەش هەر ڕازی نەبوو، لە پارێزگای هەولێر لیژنەیەك ناردرابوو بۆ کۆیە و بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە دواتر ئەوە بوو ئیشەکە ڕاگیرا ئێستا ڕێگا لێیان ناگیرێت لە مەوزوعی نۆژەنکردنەوە و ئەوانە ئێستا مەجال دەدرێ هەر کەسێك دەیەوێ دوکانەکەی خۆی بە پێی پێداویستی خۆی و با بڵێین ڕێنماییەکان نوێ بکرێتەوە، یەعنی دەتوانین کار بە دوکانەکانیان بکەن و نۆژەنی بکەنەوە، پرۆژەکەش ئێستا ئەسڵەن ڕاگیراوە، هەر کاتێك کەوا پرۆژەکە حکومەت دەستی بە تەنفیزی کرد، دوکانەکانی ئەوانەی پێویست بوو مەجبورین وەلحاسڵ قەرەبوویان دەکەینەوە و بە پێی خەملاندنی نوێ و بە پێی ئەوەی کە خۆشیان دەبێ جێگای ڕەزامەندیان بێ، دەربارەی ئەوەی سەرۆکی شارەوانی هەولێر کەوا پرۆژەیەکی ئیستسماری هەبووە پێشی ئەوەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی شاروانی ببێتە سەرۆکی شارەوانی ئەو پرۆژەیە هەبووە و شەریك بووە لە کۆمپانیایەك دوای ئەوەی کە ئەو داواکاریەی سیوەیل خان و هی تێبینی چەند برادەرێکی تریش پێمان گەیشت، ئیجرائات کراوە و خۆشی ئیجرائاتی کردووە و حکومەتیش ئیجرائاتی کردووە بەو فەرمانە کە لە دەزگای وەبەرهێنان دەرچووە، فەرمان پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە تایبەتە بە قەدەغە کردنی کاری بازرگانی لە لایەن فەرمانبەرانی حکومەت دێتە خوارێ و باسی پرۆژەکە دەکات و شاری وارشۆی گەشتیاری کە بە نیازە لەلایەن وەبەرهێنەران خەسرۆ عمرو علی رشید جێ بەجێ بکرێ و بڕیارمان دا، یەك/ دەرهێنانی ناوی وەبەرهێنەر علی رشید لە پرۆژەی ئاماژە پێکراو و دانانی ناوی کۆمپانیای (الوارد) کە خاوەنەکەی خسرۆ عمر محمد پابەند بوونی وەبەرهێنەری نوێ بە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە بە پێی نەخشە و پێکهاتەی دیاری کراو لە مۆڵەتی سەرەوە لەو ماوەیەدا ئەم فەرمانە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێ لە مانگی 6 ی 2012 ئەم ئەمرە دەرچووە و جێ بەجێ کراوە ئێستا سەرۆکی شارەوانی هیچ پەیوەندیەکی بە ئەوەوە نەماوە و دەستی لەو ئیشە هەڵگرتووە و خەڵکێکی تر ئەم ئیشە تەواو دەکات و بە پێی مەرجی نوێ وەکو وەبەرهێنەر، ئەو کارەی کەوا کردوویەتی من

دووپاتی دەکەمەوە ساڵی 2007 بەر لەوەیە کەوا سەرۆکی شارەوانی بێ، دەربارەی گوندی مارینا هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوون وەزارەتی شارەوانی گرێبەستی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەك نیە، هیچ تەرخان کردنێکیشمان نیە، ئێمە تەرخان کردنێکمان هەبێ بۆ پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوون جیا لە یاخود بەدەر لە دەستەی وەبەرهێنان، ئەو پارێزەرەی کەوا بە سیوەیل خانی گوتووە من نازانم ئەگەر کێشەیەکیان لەلای ئێمە هەبێ ئەمە مەسەلەیەکی ترە بە دوای دابێن، من داوا دەکەم سیوەیل خان تەشجیعیان بکات بەدوای دابێن، بەڵام کە بڵێی ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتەوە یەکێك بێ لە پرۆژەکانی وەزارەت و وەزارەت سەرپەرشتی بکات هیچ یاسایەك نیە کەوا ڕێگا بدات وەزارەت پرۆژەی هەبێ، نە خانووەکانی فرۆشت بێت و نە دابێتیە کۆمپانیایەك بۆیە ئەمە هیچ لە دوورو لە نزیك پەیوەندی بە کاری وەزارەت نیە و جێگای لەناو ئیشەکانی ئێمەدا نابێتەوە، بەڵام ئیحتماله ئەوانە گرفتیان هەبێ، بەشێ لە گرفتەکانیان پەیوەندی بە شارەوانیەوە هەبێ، موراجەعەتی ئێمەیان نەکردووە جەنابت تەشجیعیان بکە، بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانیان ئەوەی پەیوەستە بە شارەوانیەوە ئێمە حازرین هاوکاریان دەکەین، بۆیە زۆربەی شتەکان لەسەر مەوزوعی ئەو گوندەیە و بڕەك پرسیاری زۆرە، مەسەلەن لەسەر کواڵتی و لەسەر باخچە و لەسەر چی و ئەوانە، وەکو عەرزم کردن هەمووی بەو شکلەیە کە باسم کرد، تەرخان کردنی زەویەك بۆ داواکاری ئەنجومەنی کوردستان، لە کەرتی 3ی ڕەشکین، ئەو پارچە زەویەی کە بەشێوەیەکی گشتی تەرخان دەکرێن بۆ فەرمانگەکانی حکومەت یان دەزگا ڕەسمیەکان و شوبە ڕەسمیەکان، بەڕاستی بەڕێزانم ئەمە ئاسانکاریەکی زۆری تێدا دەکەن کەوا بۆ فەرمانگەکانی حکومەتە، یەعنی بەعزێ جارمۆڵەتی پێش وەخت و ئاسانکاریش دەکەین بۆ ئەوەی پرۆژەی دروست کردنی بینایەکانیان دوا نەکەوێ، ئەو زەویانە ئێستا کاری کوژانەوەیان لەژێر جێ بەجێ کردن دایە، تەحدیدەن ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی، جوتیارەکانی خاوەن گرێبەست قەرەبوو دەکرێنەوە بە پێی ئەو ڕێژەیەی کەوا مافی خۆیانە و بە پێی یاسا ئەوەی کەوا بۆ فەرمانگەی داواکاری ئەنجومەنی کوردستان تەرخان دەکرێ و چەسپاندنی سنووری بۆ دەکرێت و ئێمە وا دەکەین کە کارەکەیان دوا نەکەوێت، ڕێگا پێدانێکی کاتییان پێدەدەین، چونکە ئەوە فەرمانگەیەکە، ئەوە نییە بڵێی یەعنی کارێکی تایبەتە نەوەکو دواتر کێشەی لێ دروست بێت، ڕێگا پێدانێکی کاتیان پێدەدەین بۆ ئەوەی ئەوان دەست بەئیشەکەی خۆیان بکەن هەتاوەکو ئێمە تەسفییەی زەوی و زار و شتەکان دەکەین بۆ ئەوەی ڕێگا پێدانەکە ببێتە مۆڵەتی ڕەسمی دروست کردن، موجەرەد بەدوا داچوونێکی بۆ دەوێ سیویل خان، نوێنەریان بچێتە شارەوانی هەولێر ئەم مەسەلەیە بەئاسایی خۆی دەڕوات، هیچ گرفتێکی نییە، دەربارەی ئەو سەرۆك شارەوانییەی کەوا لادراوە و چۆنیەتی گەڕانەوەی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەڵامی پرسیاری شەشەمە، سەبارەت بە کێشەی سەرۆك شارەوانی (گردە گۆزینە) کە گوایە لەلایەن سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیانەوە لەکار لادراوە، بەڵام لەسەر پێشنیاری قائیمقامی قەزای کەلار بەنووسراویان ژمارە ئەوەندە لە 2011/4/24 بۆ ئیدارەی گەرمیان و پاشان ئەوانیش پێشنیاریان بەرز کردۆتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی بەنووسراوی ژمارە ئەوەندە، بەهەمان شێوە ئەم پێشنیارە

بۆ وەزارەتی شارەوانی هاتووە، واتە لادانی ئەو بەڕێزە لەسەر فەرمانێکی وەزاری بووە، کە لەوەزارەت دەرچووە، راستە ئەوان پێشنیاریان کردووە، ئەوان داوایان کردووە، بەڵام فەرمانی لادانی لەوەزارەت دەرچووە بەڕاستی، دانانی بەڕێزێکی تر تەبیعی ئەم دانان و گۆڕانکاریانە، چونکە دام و دەزگاکانی شارەوانی بەڕاستی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و تەعامولی رۆژانەی لەگەڵ دام و دەزگا ئیداریەکاندا هەیە، هەر گۆڕانکارییەکی کەوا لەسنووری شارەوانییەکاندا دەکرێت بەڕاستی بەهەماهەنگی لەگەڵ ئیدارە دەکرێت کاتێك سەرۆکی شارەوانی قەزایەك دەگۆڕدرێت، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆ....، ئەوە وەکو فەرمانگەیەکی تر نییە ئێمە بڵێین مەسەلەن پەروەردە پەیوەندی بە قائیمقامەوە نییە، مەنهەجی خۆی جێ بەجێ دەکا، کاری شارەوانی و کاری قائیمقام کارێکی هاوبەشە، دەبێ کە سەرۆکی شارەوانی دادەندرێت یان گۆڕانکارییەك لەوسنوورەدا دەکرێت، دەبێ ڕەئی ئیدارە بەهەند وەربگیرێت بەڕاستی، ڕاستە ئەوان ڕەئییان وابووە، بەڵام بڕیارەکە لەوەزارەتەوە دەرچووە، ئەویش لەهەمان کاتدا کێشەکە لەدادگای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم بووە، لەکاتی ئێستادا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەرگرتووە، بەنووسراوی بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردن ئاراستەی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان کراوە، بۆ جێ بەجێکردنی، بەفەرمی بۆ وەزارەتمان نەهاتووە تاوەکو کاری پێویست ئەنجام بدەین، من ئەم بەڕێزەم بینیوە، فەرمانێکی دادگای پێیە، فەرمانەکە ئاراستەی ئیدارەی گەرمیان کراوە، وەکو شێوازی گرتنەبەری ڕەسمیاتەکە، ئێمە داوامان لێکرد کەوا هەمان فەرمانی موەجەهـ بۆ وەزارەت بێنێ، چونکە ئەم ئیجرائەتە لەوەزارەت دەرچووە، ئێمە لەسەر فەرمانی دادگا ئەوەی کەپەیوەستە بەوە ئیجرائەتی پێویست بکەین، بۆ زیاتر روونکردنەوە سەرۆکی شارەوانی گردە گۆزینە لەسەر کار لابردراوە، ئێستا لەدادگای لێکۆڵینەوەی کەلار لەلایەن داواکاری گشتی گەرمیانەوە لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە لەسەر چەند کێشەیەکی تر کەلەلایەن داواکاری گشتییەوە ڕەوانەی دادگای لێکۆڵینەوە کراوە، بەڕێز سیویل خان جگە لەو کێشەیەی کەوا لە دادگا فەرمانی بۆ دەرچووە ئێستا لەسەر داوای داواکاری گشتی کە بەنووسراوی فەرمی داوای لێکۆڵینەوەیان کردووە لەهەندێ بابەتی تر ئێستا کەئێمە قسە دەکەین لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر ناوبراو هەیە لەسەر داخوازی داواکاری گشتی، نە لەسەر داخوازی ئیدارەی گەرمیان یاخود بابڵێین دەزگایەکی تر، بە پشت بەستن بەنووسراوی بەڕێوەبەرایەتی سەرپێچییە داراییەکان بەژمارە (139) لە 2011/12/28 کە ئاماژەیان داوە بەنووسراوی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم ژمارە (264) لە 2011/12/13، ژمارە (266) لە 2011/12/13 نووسراوێکیان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی گەرمیان کردووە، ئەم نووسراوە تەبیعی ئێستا دەرچووە لە 9/20 کەتێدا داواکراوە بەزووترین کات کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کەوا لەچاودێری داراییە و لەداواکاری گشتییەوە هاتووە، ئێستا ئەم مەسەلەیە لەلێکۆڵینەوەیە، جەنابتان دڵنیا دەکەینەوە، ئەو بەڕێزەش دڵنیا دەکەینەوە بەهەر شێوازێك و بەهەر هۆکارێك کە بووبێتە هۆی لادانی ئەو کەسە، بەڵام لەکاتی تەواو بوونی لێکۆڵینەوەکان و دەرچوونی ئەوەی کەوا هیچ، کەتەمەنا دەکەین وابێ، هیچ سەرپێچییەك لەسەر ئەو بەڕێزە نەبێ، ئێمە مافی ئەو وەردەگرینەوە وەکو کارمەندێکی

خۆمـان، هـیـچ دەزگایـەكی تـریش لـەخاریجی دام و دەزگاكـانی وەزارەتـی شـارەوانی بـۆی نییـە فەرمانبـەری شارەوانی لابدات یان بگوازێتەوە یان هیچ مامەڵەیەكی تری لەگەڵدا بكات بەبێ وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە سیویل خان؟ فەرموو.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت پرسیاری دووەم تەبعەن دەڵـێ بـابڵێین پڕۆژەكـە لەسـەرۆكی شارەوانی سـەندراوە، بـەڵام بـەپێی برگەی دوو مادەی پێنجی یاسای ئینزیباتی مۆزەفی دەولە حەق وابـوو ئیجرائەتـەكی قـانونی لەگـەڵ بكـرێ، ئەگەر هەرنا ئـەوە پێشـتریش بەڕێوەبـەری گشـتی بـووە لـەوەزارەتی كشـتوكاڵ دەبوایـە ئـەوە لەپۆسـتەكەی لابدرێتن، لەبەر ئەوەی موخالەفەی قـانونی كردییـەو لـۆ خـۆی دەزانـی، بەنیسـبەت ئـەو فەرمانبـەرەی كـە باسی دەكەم ئەو فەرمانبەرەی سەرۆك شارەوانییەی كەلابردرا بە فـەرمانی سـەر پەرشـتیاری دارایـی، ئـەوە نووسـراوی وەزارەتـی شـارەوانییە كـەدەڵێ ئەمـە نووسـراوەكەتان بـەهیچ شـێوەیەك قبوڵمـان نییـە، ڕەتـی دەكەینەوە، ئەوە نووسراوی وەزارەتی شارەوانییە، دەیدەمە بەڕێز وەزیـریش ئەوەش نووسراوی ئەنجومەنی وەزیرانـە كـە پاڵپشـتی لـە داواكـاری وەزارەتـی شـارەوانی دەكـا كـە بـەهیچ شـێوەیەك قبووڵیـان نییـە ئـەو فەرمانەی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان دەری كردووە، قبووڵیان نییە و ڕەتی دەكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی سیویل خان یەكێ لەمەرجەكانی پرسیار نابێ شـتی شەخسـی بـێ، ئـەبێ شـتی گشـتی بـێ، ئـەوە شـتی شەخسییەو شتی گشتی نییە، بەهەرحاڵ وەزیر وەڵامت دەداتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی پەرلـەمانتارە بـەڕێزەكان بزانن، چونكە ئەوە دەكرێ چارەسەر بكرێ لەنێوان شارەوانی و ئێوە، سەردانی شارەوانی بكەن، نووسراویان بۆ بكەن، لە موناسەبەیەكی وانەبێ، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـەو بەڵگانــەی كــەوا لــەلای ســیویل خــانن پێشكەشــی ئێمــەی بكــات، ئــەمن دڵنیــای دەكەمــەوە ئێمــە لێكۆڵینەوەیەكی عادیلانەی لێدەكەین، مافی ناو براو و هیچ فەرمانبەرێكی تر ناهێڵین بفەوتێت لەسـنووری وەزارەتی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر پرسیارەكەی خۆت بكەوە، چونكە وەڵامەكەی دۆزیوەتەوە، فەرموو كاك قادر پرسیارەكەت بكە.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەلای چەند هاوکارێکی ترم باسی پڕۆژەی ئاوی دەربەند و پـڕۆژەی ئـاوی خـاس لەپشدەر کـراوە، بـەڵام تـا ئـەوەی مـن پرسـیارەکەم کـرد وەڵامێکـی روونمـان دەسـت نەکـەوت لەجـەنابی وەزیـر، داخـۆ چـی دەکـرێ لەوەزارەتی شارەوانی بۆ تەواو کردنی ئەو دوو پڕۆژەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرفتی سەرەکی ئەو پڕۆژەیە ئەوە بووە بەڕاستی کاتی خۆی ئەم پڕۆژەیە لەساڵی 2005، مـن ئاماژەیـەکی گشتیم پێکرد لەپرسیارەکانی بەڕێز کوێستان خاندا کە بەحەقیقەت ئـەم پڕۆژەیـە یەکێکـە لـەو پڕۆژانـەی کەوا ئێمە لە دیزاین و لە کۆمەڵێك شتی تریدا ئەصڵەن بەشـدار نـەبووین، یـەعنی پڕۆژەکـەمان ئیسـتیلام کردییە بەکۆمەڵێك کێشەوە، ئەوەی کەوا ئێمـە پێمـان کـراوە لـەبڕی ئـەوەی کـە خـەریکی بـەدوا داچـوونی کێشەکان بین خەریکی ئەوە بووینە کەوا چۆن وەزعەکە بینینەوە سەر ڕێگایەکی دروست و پڕۆژەکە تەواو ببێ، ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئێستا، تەبیعی ئێمە دەمانتوانی تائێسـتا پڕۆژەکـە تـەواو بـبێ لەڕاسـتیدا، بـەڵام کاتی خۆی ئەم پڕۆژەیەی بابڵێین دیزاینی بۆ کراوە بەشێوەیەکی زۆر سنوور دار بووە ، لەدوای ئەم هەموو ماوەیە ئەگەر ئێستا ئەو پڕۆژەیە ساڵی 2012، حەوت ساڵ پـێش ئێسـتا دیزاینـی بـۆ کـراوە، ئەگـەر ئێسـتا لەسەر دیزاینە کۆنەکە ئەم پڕۆژەیە جێ بـەجێ بکرابوایـە دەمـانتوانی بیخەینـە کـار، بەحەقیقـەت ئێسـتا دەگەیشتینە ئەو قۆناغەی، بەڵام بەشی ئیتیفای ئێحتیاجاتی ئەو زیاد بوونی ئێحتیاجـەی کـەوا لـە 2005 تا ئێستا هەرشوێنێکی بە نموونە دەێنییەوە ئێستا ڕێژەی دانیشـتوان و ئێحتیاجەکـەی دوو بەرامبـەر بـووە تەقریبـەن لـە 2005 تـا ئێسـتا، بەڕاسـتی ئـەو تـاخیرەی کـە لـەلای ئێمـە دروسـت بـووە بـەڕێز سـەرۆکی پەرلەمان، بۆ ئەوەمان بووە کەوا ئێمە چارەسەرێکی بنەڕەتی بدۆزینـەوە، لەسـەر ئـەو دیزاینـە و هەڵانـەی کـەوا پێشـتر هەبوونـە نـەڕۆین، بـەڵکو ڕاسـتی بکەینـەوە بـەدیزاینێکی تـازەوە، پێداویسـتییەکانی پڕۆژەکـە بەکاملی دەستەبەر بکرێن کە ئێستا تەبیعی هەموو گرفتەکان تەواو بوونە تەنانەت گرفتی دارایـش ئـەوەی کەوا هـەبووە، تـەبیعی ماوەیـەکی زۆر چاوەڕوانمان کردییـە هـەتا ئـەو ئیشـە زیادەیـەی کـەوا لەپڕۆژەکـەدا دەکرێـت پـارەی بـۆ تـەرخان بکرێتـەوە، چـونکە پـارەی تـەرخان کـراوی خـۆی تـەواو کردییـە، بەڕاسـتی کەتەواویش بووە پڕۆژەکە لەئاستی ئێحتیاجاتی مەنتیقەدا نەبووە، پێویستی بە کەشفی ئیزاقی هەبووە، بە دیزاینی ئیزاقی هـەبووە، ئـەم پرۆسـەیە لـەو تەرخانکردنـە تـەبیعی ئـەو موافەقەتانـە کـاتی پێویسـت بـووە هەتاوەکو ئەمانە هەمووی تەواو بوون ئێستا پڕۆژەکە لەقۆناغی تەواو بوون دایە، لەکۆتایی ئەم سـاڵدا ئـەم پڕۆژەیە ئینشائەڵا دەکەوێتـە کـار، ئەگـەر هـیچ کێشـەیەکی فـەنی وەکـو پـڕۆژەی ئـاوی کـۆیێ، ئێسـتا ئێمـە کێشەکەمان لەسەر ئەو چـەوەیە ئـەوەی کـە بـۆ فلتـەرەکان بـەکاردێت، ئـەگینا پڕۆژەکـە لـەڕووی دیـزاین و لەڕووی تەکنیکەوە لەکۆتایی ئەم ساڵدا کۆتایی پێدێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێرزاد دەربارەی چییە ئەو نوقتەی نیزامە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆ خۆت کە گوێت لێم نەبێ نازانم چۆن قسە بکەم؟ خۆ دەبێ ئیجازەم بدەی ئینجا قسە بکەم، بۆ ئەوەی بڵێم چییە مەسەلەکە، جەنابی وەزیر باسی ئەوە دەکا دەڵێ ئەو وەزیرانەی پێش من یان ئەو خەڵکەی پێشەوە لە 2007 ئەو پرۆژەیە هەبووە من لێی بەرپسیار نیم، فیعلەن زۆر ڕاستە، بەڵام باشە هەر وەزیرێك بێت و ئەو چوار ساڵەی، دوو ساڵ لەوێیە ئەو پرۆژەیەی ئاوا بکا، کێ موحاسەبەی دەکا؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من لەجەنابت دەپرسم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نەم گۆتییە لێی بەرپسیارنیم گوتوومە ئێمە تەحەمولی بەرپسیارەتی هەموو شتێك دەکەین، چونکە ئەگەر من لە دیزاینی 2005 بەرپسیار نەبم، بەڵام بەرپرسیارم لەگەیاندنی ئاو بۆ دەیان هەزار خەڵك کەوا چاوەڕوانی ئەم پرۆژەیە دەکەن، بۆیە ئێمە هەنگاومان ناوە، بەڵام ئەم پرۆژەیە لەسنووری وەزارەتی ئێمە نەبووە، یەعنی ئێمە ئەم پرۆژانەمان ئیستیلام کردووە پاش ئەوەی کەوا دەستی پێکرایە، ئەمە ئەوە نییە من بڵێم وەزیری پێش من مەسئولە یان یەکێکی تر مەسئولە، یەعنی ئەم پرۆژانە لەوەزارەت نەبوونە، یەعنی ئێمە بەحازری ئیستیلاممان کردوون، پاش ئەوەی کەوا دەستی پێکرایە، پاش ئەوەی کەوا دیزاینی بۆ کرایە، کاتی خۆی پرۆژە هەبوونە لەموحافەزات هەبوونە، پرۆژە هەبوونە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕاستەوخۆ جێ بەجێ دەکران، ئەم مەسئەلانە هەمووی ئێستا ڕێچکەی تەواوی خۆی وەرگرتووە، هەموو پرۆژەکان هاتوونەتەوە سەر سکەی تەواوی خۆی لە زمنی ئەوانەدا ئەو پرۆژانە هاتوونەتە لای ئێمە، ئێمە بەرپرسیارین، نەشم گوتووە ئێمە تەحەمولی بەرپسیارەتی ناکەین، ئەگەر گوتنەکەی من (بەهۆپ) گەیشتبێ، نەخێر ئێمە بەرپسیارین لەهەموو کارەکانی کە لەوەزارەتی ئێمەدا ئەنجامدەدرێ، ئەگەر لە جێ بەجێکردنەکەشی یان لەدیزاینەکەشی بەرپسیار نەبین لەجێ بەجێکردن و مەردودەکانی بەرپسیارین، چونکە ئەوەل و ئاخیر ئەمە گەیاندنی ئاوە کاك شێرزاد، من بەرپسیارم وەکو وەزیر لەو وەزارەتەی کە من تێیدا کاردەکەم ئەرکی سەرەکییەتی کە ئاو بگەیەنێ، بەڵام ئەولەویەتمان بەوەداوە بەڕاستی ئێمە چۆن پرۆژەکە تەواو بکەین، هەردێمەوە سەر ئەو پرسیارەی کوێستان خان لەبری ئەوەی ئێمە خەریکی ئەوە بین بچین بەدوای دا بچین ئەو پرۆژەیە بۆ دواکەوت؟ جی لێهات؟ بچیتە مەحکەمە لەگەڵ موقاول خەریکی ئەم ئیجرائەتە یاسایانە بین تەرکیزی خۆمان لەسەر ئەوە کردووە کەوا

ئێمە پڕۆژەکە تەواو بکەین، تەسەوڕ دەکەم ئەوە زۆرتر لەبەرژەوەندی خەڵکی دابێت، چارەسەرکردنی کێشەیەك کەوا گرفتی یاسایی یان بەهەدەردانی ماڵی تێدابێت، هەمیشە ئەم دەرگایە کراوەیە کەپەرلەمانی کوردستان دەتوانێ بیکات، داواکاری گشتی دەتوانێ بیکات، بەخوا ئەگەر وەزیرێك ئێستا لەوەزیفەش نەمابێت، بەڵام هاووڵاتییە، چەندان جاری واش بووە کەوا هەرکەسێك بەرپسیاری لەم ولاتە هەبێ کاتێك کەوا دۆسیەیەکی دەڕوژێندرێت، ئەگەر لەوەزیفەکەش دا نەمابێت کاتێك کە ئەمری دادگای بۆ دەردەچێ یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، پرسیار و وەڵامی لەگەڵدا دەکرێت، نەبۆ من نەبۆ هیچ کەسێك لەئێمە ئەو ڕۆژەی کەوا ئێمە دەست لەوەزارەت هەڵدەگرین، بەرپرسیارەتی کارەکانی خۆمان کۆتایی نایەن، هەموو کارێکی کەوامن ئەنجامی دەدەم لەسەردەمێك کەوا من ئەو بەرپسیارەتییەم هەیە، هەر ڕۆژێکی کەوا دادگایەك یان دەزگایەك بەدواداچوون، لێکۆڵینەوە لەم بابەتەدا بکات من بەرپسیارم بەرامبەر کارەکانی خۆم، هەروەها بەنیسبەت هەرکەسێکی تریش هەروایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پێنج پرسیارم ئاراستە کردووە بۆ بەڕێز وەزیر، یەکەم پرسیارم ئەوەیە هۆی چییە زیاتر لە 50٪ی شار و شارۆچکەکانی کوردستان نەخشەی بنەڕەتی نییە؟ ئایا ئەمە کەمتەرخەمی وەزارەتتان نییە بەگشتی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی پارێزگاکانتان بەتایبەتی؟ ئەمە پرسیاری یەکەم بوو.

دووەم/ بەهۆی دەست تێوەردانی حزب و سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان بەتایبەتی پارێزگار و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحییەکان لەکاروباری شارەوانییەکانتان ژمارەیەکی زۆری سەرۆك شارەوانییەکانتان دەست لەکار دەکێشنەوە، ئایا ئەمە هۆکاری لاوازی وەزارەتەکەتان نییە کەناتوانێ بەرگرییان لێبکات؟ چیتان کردووە لەم بوارەوە؟

سێ/ بەهۆی دەست تێوەردانی حزب و کەسەکان زۆرێك لەبەڕێوەبەر و سەرۆك شارەوانیەکان کە دانـدراون ناونیشانەکەیان و بڕوانامەکانیان ناگونجێت یاخود نزیك نییە لەبواری شارەوانییەکاندا، کاریگەری زۆری کردۆتە سەر ئەدای شارەوانییەکان، لەم بوارەدا بەنیاز نیین گۆڕانکاری بکەن؟ کە ئەمە چاکسازییەکی باش دەبێت لەئەنجامدانی کارەکانی وەزارەتتاندا.

چوار/ بەهۆی نەبوونی هەماهەنگی نێوان وەزارەتتان و وەزارەتی کشتوکاڵ و نەبوونی ماستەر پلانی، زۆربەی شار و شارۆچکەکان، زۆربەی زەوی نزیك شارەکان و شارۆچکەکان، داگیرکراوە، لەلایەن خەڵکەوە و لەکاتی فراوان بوونی سنووری شارەوانییەکان دەبێتە ڕێگر لەبەردەم خزمەتگوزاری و نەخشەکانیاندا، نەخشەکانیان تێکدەدا، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە چیتان کردووە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ؟

**پێنج/** ئاوی خواردنەوەی قەزای دەربەندیخان چەند ساڵێکە بووە بەکێشەیەکی ژیاری بۆ خەڵکەکەی، هەندێ هەنگاو نراوە بۆ چارەسەری، بەڵام نەیتوانیوە چارەسەری ئەم کێشەیە بکات بەباشی، ئایا هیچ بەرنامە و پلانێکتان هەیە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە؟ ئەگەر هەیە کەی ئەنجامدەدرێ؟ ئەوە پرسیارەکانی من بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پرسیاری یەکەم کەوا هۆی چییە کەشار و شارۆچکەکان نەخشەی بنەڕەتییان نییە؟ تەبیعی ئەگەر مەبەست نەخشەکانی بنەڕەتی، نەخێر من دیسان ئەو پێوەرە ڕەت دەکەمەوە، شتی وانییە، لەهەرێمی کوردستان لە 50٪ی شارو شارۆچکەکان نەخشەی بنەڕەتییان نەبێ، نەخشەی بنەڕەتی هەیە، هەموو شار و شارۆچکەکان ماستەر پلانیان نییە، ماستەر پلانیش تەبیعی ئەویش وەکو هەموو پرۆژەکانی تر پێویستی بە تەرخانکردن هەیە، ئەم پرۆسەیە بەردەوامە، من روونکردنەوەی پێویستم دا پێشتر کەوا ئێستا لەپلانی ئەمساڵدا (27) شار و شارۆچکە ماستەر پلانی بۆ دەکرێت، بەڵام بەڕاستی یەعنی هەندێك گرفت هەن مەسەلەن لەو کارانەدا ڕەنگە هەندێکجار پێویستیمان بەهێنانی فڕۆکە هەیە، بۆ ئەوەی بێت بچێ سورەی جەوی بگری بۆ ئامادەکردنی ماستەر پلان، من بەبیرم دێت یەکێك لەگرفتەکانی کۆمپانیایەك ئەوە بووە ئەو ناوچەیەی کە قەرار بووە فڕۆکەکە بچێت تەسویری لێ بکات لەڕووی ئەمنی و سنووری و ئەو مەسائیلانەوە گونجاو نەبووە یاخود دەرفەتی ئەوەی نەبووە کەوا بچێت، دەبوایە ماوەیەك چاوەڕوان بکات هەتا زروفێکی موناسب، یەعنی کارەکە وا ئاسان نییە، چونکە کۆمەڵێك لایەنی تێدایە، ماستەر پلان کێشەو گرفتی هاووڵاتیانی بەسەرەوەیە، گرفتی وەزارەتەکانی تری بەسەرەوەیە، یەعنی یەکێکە لەو پرۆژانەی کەوا دەکرێ بەستراتیجی سەیر بکرێ، چونکە لەسەر ئاستی حکومەتە، ڕاستە ئاخیرەن وەسیقەکە لە وەزارەتی شارەوانی تەسدیق دەکرێت، لەوێ هەڵدەگیرێت، بەرپسیارەتی جێ بەجێکردن و حیمایەت کردنی لەسەر وەزارەتی شاروانییە، بەڵام کاك نەریمان قۆناغەکانی ئامادەکردنی هەموو وەزارەتەکانی تری پەیوەندیداری تێدا بەشدارن، تەنها ئەوەندەیە تەعلیقم ئەو ڕێژەیە هی نەخشە بنەڕەتییەکان نییە، ڕەنگە هی ماستەر پلان بێت، ماستەر پلانیش بەردەوامی هەیە، ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر ئامادەکردنییان، هەتا ئاماژەم پێکرد تەنانەت ئێمە موافەقەتی داڕشتنی ماستەر پلانی ئیقلیمیشمان وەرگرتییە، ئێستا کاری بۆ دەکەین، بەڵام لیژنەیەك پێکهاتووە (10) وەزارەت تێدا ئەندامن، دەشبێ وابێت، چونکە ئەمە وەکو بڵێم دەستووری ئەرزە، یەعنی ماستەر پلان لەلای ئێمە وا سەیری دەکەین چۆن دەستوور لەلای ئێمەدا هەیە، دەستووری ئەرزیش ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەبەینی سێکتەرەکان و بەکارهێنانی ماستەر پلانە، پرسیاری دووەم، ئەوەی کە بەهۆی دەست تێوەردانی حزب و بەرپرسەکان و ئەوانە، بەشێکی زۆری یان ژمارەیەکی زۆر،

تەبیعی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەش یەکێکە لەو ژمارانەی کەوا یان لەو پێوەرانەی کە من ڕەخنەم لەسەری هەیە وەکو وەزیر، ژمارەیەکی زۆر لەڕاگەیاندن لەناو هۆڵی پەرلەمان بۆ هەرکەسێك کە دەبێ بەچەندی لێك بداتەوە، بەڕێزان، لەسەردەمی کابینەی حەوتدا کەئەوە شەش مانگە ئێمە ئەو ئەرکەمان پێ سپێردراوە لەکۆی (180) سەرۆك شارەوانی تەنها (4) سەرۆك شارەوانی لەپۆستەکانیان نەماون، بەلادان و بە ئیستیقالە و بەهەر شێوازێکی کە هەیە، ڕێژەی ئەم گۆڕانکارییە دەکاتە 2٪، من لە برای بەڕێزم کاك نەریمان ، ببورە ڕەنگە حەقم نەبێت وەکو پرسیار، بەڵام دەکرێ بزانم ئایا بە 2٪ی ڕێژەی گۆڕنکاری لەناو (180) سەرۆك شارەوانیدا بگوترێت ژمارەیەکی زۆری سەرۆك شارەوانییەکان دەست لەکاردەکێشنەوە؟ یەعنی بەڕاستی من پێم باشە لەوە زۆرتر دەقیق بین، چونکە ئەمە ژمارەی ئێمەن، شتێکیش نییە بتوانین خوا نەخواستە ناڕاستی تێدا بڵێین هەرکەسێك بۆی هەیە بتوانێ تەدقیقی بکاتەوە، ئەگەر قەزیە لەسەرەتای هەبوونی شارەوانییەکانیش هەتا ئێستا بێت، ئێمە ئامادەین ساڵ بەساڵ ئامارەکە دەربینین، بەڵام ئەمە وەکو سەمپڵێك لەسەردەمی کابینەی حەوتدا چوار سەرۆك شارەوانی لەکۆی (180) سەرۆك شارەوانی جێگا گۆڕکێیان بووە، هەریەکەش سەبەبی جودای هەبووە، مەرجیش نییە سەبەبەکان ئەوە بن ئەوەی کە برای بەڕێز کاك نەریمان باسی دەکاتن، دەربارەی پرسیاری سێیەم دەست تێوەردانی حزب و کەسەکان، ئەوەمان وەڵام داوە، تەبیعی گرفتی گۆڕانکارییەکانی سەرۆك شارەوانییەکان لەوەدا نییە، بەڕاستی بەو قەدەرەی کە لەهەڵبژاردنەکان دایە، ئێستاش بەشێکی زۆری ئەو خەڵکەی کە سەرۆکی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانیەکانن، ئەوان ئەوەی کەوا پێشی هەڵبژاردنی یان لەهەڵبژاردنی ڕابردوودا کەماوەی چەندین ساڵی بەسەردا چووە، بەڕاستی دووپاتی دەکەمەوە هەمو ئەو گرفتانەی ئێمە پەیوەستن بە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، چونکە ئەمە بەڕاستی وەها کاری لەیاساکەدا وەها ڕێکخستنێکی پوخت و ڕێك لەبەینی کاری شارەوانی و کاری ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی قزاکان کراوە، تاوەکو ئەو یاسایە یەکلایی نەبێتەوە ئێمە ڕەنگە نەتوانین ئەم هەنگاوانە بەشێوەیەکی دروست بنێین، بۆیە چارەسەرکردنی بنەڕەتی ئەم کێشانە حەقیقەت لەیەکلایی کردنەوەی...، چونکە تەنانەت یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان تەعدیلەکەیمان ناردووە بۆ ئەنجومەنی شورا، وەڵامی داینەوە دەڵێ ئەو تەعدیلەی ئێوە داوای دەکەن موتەعارزە لەگەڵ ئەو یاسایەی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە پەسەند کراوە، بەڵام لەماددەیەکدا لەکۆتایدا ڕاگیراوە دەڵێ ئەم یاسایە کاری پێناکرێ هەتاوەکو هەڵبژاردنی ئایندە، بۆ بابەتی ئیختیساسیش بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێستاش لەهەر شوێنێکی یاخود لەزۆربەی شوێنەکان بەتایبەتی لەشارەوانییە گەورەکان هەتا مومکین بووبێت و لەبەر دەستی وەزارەتدا کارمەندی شارەزا هەبووبێت، بەشێکی زۆری ئەولەویات دراوە بە ئەندازیارەکان کەوا سەرۆکی شارەوانی بن، لەزۆربەی شوێنەکانیش ئەندازیار سەرۆکی شارەوانین، بەحوکمی ئەوەی کەوا لەهەموو کەسێکی تر لەئیختیساسەکە نزیکن، هەندێکیش وەکو گوتم هی زەمانی هەڵبژاردنەکانن، ئەو هەماهەنگییەی کەوا بەڕێز کاك نەریمان باسی دەکاتن، تەبیعی لەدوای تەسبیت بوونی سنووری شارەوانییەکانەوە کۆتایی پێدێت، ئیتر کەسنووری ئێمە دەستنیشانکرا ئێمە

هەماهەنگیمان لەگەڵ وەزارەتی زراعە کۆتایی پێدێت، یەك شت هەیە وەزارەتی زراعە دەبێ دەست لەزەویەکە هەڵبگرێ، بۆ ئەوەی موڵکییەتەکە ببێتە موڵکییەتی شارەوانی، ئینجا ئەوەی کە جەنابت دەڵێی حیمایەت کردنی دەوروبەری شارەوانییەکان بۆ ئەوەی کە لە ئایندەدا بەڕاستی من دووپاتی دەکەمەوە ئێمە وەکو حکومەت بەرپسیارین لەهەر هەمووی، بەڵام ئەمە بەرپسیارەتی وەزارەتێکی تره، چونکە جەنابت خۆت لەپرسیارەکە ئیشارەت دەکەی کەوا لەدەرەوەی شارەوانییەکانە، من تەمەنا دەکەم ئەوە دروست بێت، چونکە بۆ ئایندە زەمانەتێکی باشە بۆ وەزعی شارەوانی، بەڵام بەڕاستی دەستەڵاتی ئێمەی بەسەردا نییە، چونکە دەوروبەری شارەوانی دەکاتە موڵکی وەزارەتەکانی تر یان لەوانەیە هی زراعە بێت، یان هی دارایی بێت، یان هەندێکی ئەوقاف یان موئەسەساتی تر بێت، بەڵام حیمایەت کردنی زەوییەکانی ناوشارەوانی ئەوە مەسئولیەتەکەی لەئەستۆی ئێمە دایە، بەهەموو شێوەیەکیش خەریکین و پێشم وایە ئەم مەسەلەیە نەجاحەتێکی باشی هێناوە، دەربارەی ئاوی قەزای دەربەندیخان بەڕێزان، من پێموایە هێشتا ئێمە لێرە بووین کەبەڕێز وەزیری پێشووتریش هاتە ئێرە لەسەر ئەم بابەتە پرسیاری لێکرا، تەبیعی من بەخۆم بەدوای داچووم سەردانی ئەوێم کردیە، بەڕێز بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆکان بەتایبەت جارێکی تر چۆتەوە بەدوا داچوونی بۆ کردیە، لەدوایین سەردانی ئێمە بۆپارێزگای سلێمانی لەگەڵ جەنابی پارێزگار و بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی و بەڕێوەبەری ئاوی دەوروبەری سلێمانی دووپاتی ئەوەمان کردۆتەوە کەوا دڵنیاییان پێداین بەو مومستەمسەکاتە ڕسمییانەی کەوا لەبەر دەستییاندان کە لەدوای تەوسییەکردنی ئەم ئاوە، ئاوەکە کێشەی تەندروستی نییە لەدابەش بوونی بەسەر هاووڵاتیاندا کەوا گوایە بەپیسی دابەش بکرێ، تەبیعی ئەو گرفتە هەبووە ئینجا نازانم ئاستەکەی لە چ ئاستێکدا بووە، بەڵام کاتێك کەوا ئەم پرۆژەیە تەبیعی ئەساسی پرۆژەکە درابووە کۆمپانیایەك، دوای ئەوەی کەوا گرفتی تێکەوت کۆمپانیایەکە پێی تەواو نەکرا، ئینجا لێی وەرگیرایەوە، دواتر بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی خۆی و بەتواناکانی ناوخۆیی تەکمیلەی ئەم پرۆژەیە کرا، یەکێك لەئەندازیارەکانی بەڕاستی تەکریمیش کرا لەسەر ئەوەی کە بەهەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئەوێ، کە ئەندازیارێکی شارەزا بووە، ئێستاش ئەو سامپڵانەی کەوا نێردراون، ناردراوە تەبیعی لە ئوردن و لە ئیماراتیش تێستی بۆ کراوە، خەڵکیش بەشاند کراوە بۆ ئەوەی تەدقیقی ئەو مەسەلەیە بکرێتەوە، جیهەتی بەرپسیارەکانی تەندروستی دڵنیامان دەکەن کە ئەو ئاوەی دابەش دەکرێ ئاوێکی شیاوە بۆ خواردنەوە، ئیتر هەر ئەوەندەش بەڕاستی بەئێمە دەکرێت کە ئەوان بەرپسیاری بابڵێین هی بڕیاردەرن لەوەی کە ئەم ئاوە لەڕووی تەندروستییەوە شیاوە یان نەشیاوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان پرسیارت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ قسەكانی بەڕێز وەزیری شارەوانی دام، ئێمە دەقیق بین، تەخمین نەكەین، بە بەڵگەو بەئامارەوە قسە بكەین، جا منیش ئێستا بەڕاستی ئەو بەڵگانە و ئەو ئامارانە دەخەمە پێش چاوی بەڕێز وەزیر، كە جەنابی لەپرسیاری یەكەمدا ڕەتی دەكاتەوە ئەو تەخمینە، ئەو 50٪ كە باس دەكرێ، كە بەو شێوە بێ، دەگەڕێنێتەوە بۆ نەخشەی بنەڕەتی، ئێمە باسمان لەنەخشەی بنەڕەتی كرد، پاشان ئەوە تاپۆش هەر پەیوەندییەكەی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ماستەر پلان، بەڵام من ئەو بەدوا داچوونانەی كە كردوومە لەسنوورەكەی خۆم باسم لە50٪ كردووە، من پێموایە زۆر خاتری وەزارەتم گرتووە، ئەبوایە زیاترم بووتبایە، ناوەكان دەخوێنمەوە، ئەو شار و شارۆچكانەی كە من تەنها لەسنووری گەرمیان بەدوا داچوونێكم كردووە دەیخەمە پێش چاو، كە لەسنووری یەك، دوو قەزادا، ناحییەی مەیدان نییەتی، پێباز نییەتی، ئەمە كە من باسی دەكەم هیچ ناحییەك بەدەر نییە كەهەیبێ، نییەتی، هەموو نییەتی، بەڵام بەناو (مەیدان، پێباز، گردە گۆزینە، شێخ تەویل، بەمۆ، جەبارە، نەفت خانە، سەر قەڵا، نەوجوول)، ئەمانە هەمووی تەنها ئەو ناحیانە هەن ڕزگای كەلەسنووری ئیدارەی گەرمیانە، هیچی نییەتی، كەواتە من خاترم گرتووە كە وتوومە 50٪ نییەتی، ناو شاری كەلاریش هەندێ شوێن نەبێ، زۆربەی شوێنەكان نییەتی، لەناو قەزاكەدا كە ئێمە ئیدارەكمان دروست كردووە كەنەوادی پارێزگایەكە سبەینێ بیكەینە پارێزگا، كە ئەمە گەورەترین كێشەی دروست كردووە بۆ تاپۆ، ئەیزانین كە تاپۆ نەبوو چۆن خەڵك دەتوانێ بەئاسانی تەجاوز بكا لەسەر ئەرزەكانی شارەوانی؟ بۆیە من ئەوەی كە وتم من پێموایە 80٪ و 90٪ی سنوورەكەشە كەباسی دەكەم، بۆیە من ئەوەم وتووە لە زۆربەی شارو شارۆچكەكان 50٪ لام وایە خاتری وەزارەتی شارەوانیم گرتبوو، سەبارەت بەپرسیاری دووەم هەمان شێوە بەڕێز جەنابی وەزیر، ڕەخنەی هەیە لەسەر ئەو ژمارەیەی كەمن وتوومە سەبارەت بە دەستێوەردانی حزب و یەكە ئیدارییەكان كە بۆتە هۆكاری ئیستیقالەكردنی زۆربەی سەرۆك شارەوانییەكان، بەڕێزیان ئاماژەیاندا بەوەی لە (180) سەرۆك شارەوانی 4٪ نەماون لەوان، ببورە (4) سەرۆك شارەوانی 2٪ دەكا، بەڵام من دەیخەمە پێش چاوی بەڕێزتان، تەنها باسی سنوورەكە دەكەم، سەرۆكی شارەوانی كفری كە ئەمە یەك قەزایە لە سنووری ئیدارەكە، خانەقین، نەفت خانە، پێباز دووجار لابدراوە، ئەوە سێیەم جارە ئستیقالە دەكا ئێستاش، نەوجوول، مەیدان، كەلار دووجار، ئەوە سێیەم جارە ئێستا سەرۆك شارەوانی بۆ داندراوە، هەروەها كوڵە جۆ، یەعنی هەموو سنوورەكانم وت، پێموایە كەس نەماوەتەوە كەلانەدرابێ، یائیستیقالەی كردووە، یان لابردراوە، یان ئیستیقالەكەی قبوول نەكراوە، نەم وتووە من تەنها دەركراوە، ئیستیقالەی كردووە، قبووڵ كراوە یان نا، زۆربەی زۆری بەڵێ قبووڵ كراوە یان قبووڵ نەكراوە، بەڵام ئیستیقاڵەی تەقدیم كردووە، لەسنووری شارەزوور هەردوێنێ و پێرێ گوێمان لێبوو سەرۆكی شارەوانی خورماڵ ئیستیقالەی كرد، چوار قرنە یەعنی زۆربەی زۆری شوێنەكان لەتەلەفزیۆنەكاندا دەیبینین كاك دڵشاد، یەعنی من پێموایە ئەو ڕێژەیەش كەوتم لەوێش زۆر خاترم گرتوونە كەوتوومە زۆربەی، لەبەر ئەوە ئەوەی كەمن وتم لەسنوورەكەی ئێمە هەموو لەشوێنی خۆی نەماوە، كە لەهەڵبژاردنەكاندا كراوە، دووجار و سێجاریش ئیستیقالەیان كردووە، هەندێكی كراوە، جێ

بەجێكراوە، هەندێكی ماوە، سەیر لەوە دایە كە بەڕێز كاك دڵشاد دەفەرمویٚ ئێمە زۆربەی زۆری خەڵكە موختەسەكانمان داناوە لەشوێنەكاندا كە ئەمە بەڕاستی من لێرەش ئامار دەخەمە ڕوو بەداخەوە بەس تەنها ئەوانەی كە ئیختیساسییان لەشارەوانییەكاندا هەیە بەس ئەوانە دانەندراون، ئەیخوێنمەوە بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەكانی سلێمانی، یاساییە، بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەكانی گەرمیان، كشتوكاڵی تەواو كردووە، بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان، یاساییە، سەرۆكی شارەوانی كوڵەجۆ، پەیمانگای تەندروستی تەواو كردووە جەنابی وەزیر، سەرۆكی شارەوانی كفری، كشتوكاڵی تەواو كردووە، سەرۆكی شارەوانی كەلار، یاساییە، ئەوە ئاخیر كەسیانە ئێستا، سەرۆكی شارەوانی سەرقەلاٌ، ئامادەیی تەواو كردووە، ئەمە كامیان موهەندیس بوون؟ تەنیا یەك كەس كە موهەندیس بوو ئەوەی كە سیوەیل خان باسی كرد، بەڕێوەبەری شارەوانی گردەگۆزینەیە كە تووشی ئەو كێشانەیان كردووە، تەنها ئەوە موهەندیسی حەقیقیە لەبواری كارەكەی خۆیدا دەركراوە، جەنابیشتان رازی نەبوون لەسەر قەرارەكە، هەڵیشتان وەشاندۆتەوە، ئەنجومەنی وەزیران هەڵیوەشاندۆتەوە، دادگا هەڵیوەشاندۆتەوە، لە پێنج قەزیەكە كە بۆی دروست كراوە چواری بەرائەتی هەیە، یەك قەزیە ماوەو نووسراوەكانیشی یەكە یەكە دەدەم بە جەنابت هەمووی، بڕیاری دادگاش دوا بڕیارە، كە دەبوایە لە ماوەی حەوت ڕۆژدا دەست بەكار بوایە جیٚ بەجیٚ ناكرێت.

پرسیاری سێیەم/ كە باس لەوە دەكەیت، من دەڵێم بەهۆی دەست تێوەردانی حزبیەوە بووە هەمووی، ئیشەكانیشیان ناڕوات، یان خۆیان شارەزاییان نییە لە بوارەكانیان، لەبەر ئەوەی شەهادەكانیان موختەس نییە لە بوارەكەو فەشەل دەهێنن، ئیستیقالە دەكەن، هەندێكیشیان لەو شێوەیە، بۆیە هەموویانم خوێندەوە یەكێكیان ئیختیصاصی شەهادەكانیان نەبوون، ئەوانەی لەو سنوورەش هەر ئەوەمان هەیە زیاترمان نییە.

سەبارەت بە مەسەلەی تەداخولی حزبی كە جەنابتان باستان كرد، یان ئیداریەن كە ڕەفزتان كردەوە، من بە نووسراو دەیخەمە بەردەستی جەنابتان، تەنها لە یەك ڕۆژدا، بەڕێزان، تەنها لە یەك ڕۆژدا بە نووسراوی تەسەلسول لە دوای یەكدا تەزكیەی حزبیتان بۆ كردووە، بیخوێنمەوە؟

ژمارە (533)…….

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئەو شتانە مەخوێنەوە، قسەكەی خۆت بكە، ئەو ڕەقەم و شتانە مەخوێنەوە، بەرام قسەكەی خۆت بكەو تەواو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەهەر حاڵ ئەمە هی یەك ڕۆژە..........

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوای تاریخەکان دەکەم، تاریخی نووسراوەکان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە هی سەردەمی جەنابت نییە، ئەمە راستە، بەڵام من پرسیمە لە جەنابتان چیتان هەیە بۆ نەهێشتنی ئەم حاڵەتانە، پاشان دامەزراندن، ئیدارەی گەرمیان بە نووسراوێك ژمارە (7490) لە 2011/11/23 (33) ناوی دامەزراندووە هەروەکو دامەزراندن دایمەزراندووە، لیستی ناوی دامەزراندن، تەحدیدی کردووە لەم (33)یە دەڵێت (17)یان بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی، (11)یان بۆ کەلار...........

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

برای من مەوزوعی ئێمە دامەزراندنی خەڵك نییە، مەبەست نابێت، خۆ بە ئارەزوو و مەبەستی تۆ نییە برای خۆم، قسەکانت تەواو، دانیشە، تەواو، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای بەڵگەم لەسەر دامەزراندن نەکردووەو ئیشی من نییە، لەسەر تەدەخولی حزبی تەدەخول لە ئیشی من نەکراوە وەکو وەزیرێك و ناشکرێت، ئەگەر قەراریش وایە بە هەموو شت دابچینەوە، ئەمە دانیشتنێکی تر دانێن، من حازرم کە بوارێك بۆ من تەرخان بکرێت، بوارێك بۆ هەر برادەرێك تەرخان بکرێت بە ئیشی هەمووومان دابچینەوە، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ئەو بابەتەی کەوا من لێی مەسئوولم و پرسیارم لێ کراوە من رەدی دەکەمەوەو، ئەو نموونانەی کە هێنراونەوە، من داوا دەکەم مێژووەکان باس بکرێن، ئەو نموونەو رێژەی کەوا من باسم کردووە هی ئەو سەردەمەیە کە من تێیدا وەزیرم و فیعلەن بەرپرسیارم لە وەزارەتەکەی خۆم لە 2٪ی خەڵك گۆڕانکاری تیا بووە، من تاریخەکان دەڵێم، با کاك نەریمانیش تاریخەکان بڵێت، من تەسەورم کرد ئەم پرسیارە پرسیارێکە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانە، من نەمزانیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من داوا دەکەم موقاتەعە نەکرێم کاتێك کە قسە دەکەم، ئەو رێژانەی کەوا هەن ئەمانە دووپاتی دەکەمەوە، ئەگەر رێژە بەناو هێنانە (4500) گوند هەیە، ئەگەر بە ژمارە بژمێری، بەڵام ناکاتە 20٪ی هەرێمی کوردستان، تۆ بڵێ 50٪ی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، کاکە تۆ بەس سلێمانی و دهۆك و هەولێری لێ دەربکەیت، بە نفوس و مەساحەوە دەکاتە 70٪، 60٪ی زیاتری هەرێمی کوردستان، چۆن دەڵێی 50٪ی هەر نیەتی، 50٪ی سنوورێکی دیاری کراوی نییە، من ئاماژەم پێ کرد، ناحیەکان، قەزایەکان، شوێنە سنوورییەکان، سیاسەتێکی پەیڕەو کراو بووە، کێشەی تەسویە هەیە، ئەمە کێشەیەکی یاساییە، زۆربەی ئەو شوێنانە تەسویەیان هەیە، بەڵام لەوەی کەوا بڵێین 50٪ی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ماستەر پلانیان نییە، دروستە من تەئیدیم کردی، بەڵام من نازانم ئێستاش مەبەستی جەنابت نەخشە بنەڕەتیەکان و ماستەر پلان تێکەڵاویەك هەیە، بۆیە هەیە ئەمەش گرفتی خاص بێت، ئەوەی دەست تێوەردانی حزبی، من دووپات دەکەمەوە هەر کاتێك بەڵگەیەك

لەوەی کەوا لەو سەردەمەی کە من کار دەکەم دەست تێوەردانێکی حزبی لە کاری ئێمە کرا، پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی بەدواداچوونی هەیە، هی لێ پێچینەوەی هەیە، بانگی ئێمەش بکات و مافتان هەیە بانگی ئەو جیهەتەش بکەن ئەوەی کە دەست تێوەردانیش دەکات، چونکە ئێمە دەست تێوەردان رەد دەکەینەوە، فەرموون ئەو جیهاتانەش بانگ بکەن ئەوەی کەوا دەست تێوەردان دەکات، پێی بڵێن کاکە تۆ بۆ دەست تێوەردان لە ئیشماندا دەکەیت؟ دەبنە حیمایەتیش بۆ ئێمە، مەمنوونیشتان دەبین ئەگەر ئەم هاریکاری ئێمە بکەن.

دەربارەی ئەوەی ئیختیصاص، تەبیعی مەرجی ئیختیصاص لە قانونەکانی ئێمە بۆ هیچ سەرۆك شارەوانییەك مەرجی ئیختیصاص دانەنراوە، کاك نەریمان پرۆژەیەك پێشکەش بکەن، جەنابتان ئەندامی پەرلەمانن، پرۆژەیەك پێشکەش بکەن لە پەرلەمانی کوردستان بیکەنە فەرز لەسەر حکومەت، مەرج بەپێی یاسا رێك دەخرێت، خۆ من مەرج دانانێم، جەنابتان پرۆژەیەك پەسند بکەن بڵێن کاکە لەمەودوا ئەوەی دەبێتە سەرۆکی شارەوانی پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا هەبێت لە رووی تەمەنە، ئیختیصاصە، شارەزاییە، بوارە، بۆ ئەوەی من جێ بەجێی بکەم، هیچ مەرجێکی یاسایی نییە رێگر بێت لەبەردەمی ئەوەی دووەمین، بەداخەوە دوو نموونەی جەنابت یاسایی بوون، یاساییەکان گونجاوترین خەڵکن لەپاش غیابی ئیختیصاصی یەکەم، گونجاوترین کەس بۆ بەرێوەبردن یاسایین، بەشی زۆری گرفتەکانی شارەوانیش ئەوەندەی یاسایین، ئەوەندە هونەری نین، ئەگەر من ئیختیارم هەبێت لەنێوان ئەوەی کە هەندێك شوێن بەتایبەت لەنێوان ئەندازیارێك و یاساییەك، رەنگە یاساییەك بە موفەزەڵتر بزانم، چونکە زۆربەی کێشەکانی شارەوانی یاسایین، پتر لەوەی کەوا کێشەی هونەری و تەکنیکی بن، راستە لە هەندێك شوێن وجودی ئەندازیار رەنگە زەروریتر بێت لە رووی پلانسازی و ئەو مەسائیلانە، بەڵام رێگرییەك نییە بەپێی هیچ یاساو رێنماییەك، کەوا تۆ وەکو سەرپێچی، وەکو با بڵێین تەجاوز باسی بکەیت لەوەی فلان کەس یاساییە چۆن بۆتە بەرێوەبەری شارەوانی؟ ئەم مەرجانە من باوەڕ ناکەم تا ئێستا بۆ پلەکانی بەرزتریش، یەعنی هەندێك ئیختیصاصاتی زۆر دەقیق نەبن، ئەگینا لە یاساکانی ئێمە مەرج بۆ پەرلەمانیش دانەنراوە، بۆ وەزارەتەکانیش دانەنراوە، هەندێك ئیختیصاصاتی دەقیق ئەو مەرجانەی تیایە، ئەگینا ئەو مەرجانە بۆچی ئیلا لەسەر سەرۆکی شارەوانی و ناحیەیەك دەبێت جێ بەجێ بکرێت لەم سیستەمەدا، کە بەپێی یاساش رێك نەخراوە، بۆیە من حەز دەکەم ئەگەر ئەوە جێگای قەناعەتە پرۆژەیەك تەقدیم بکرێت و مەرجی بۆ دابنرێت، ئەگەر ئێمە ئەو کات ئیلتیزاممان بە مەرجە یاسایەکانی دەرچووی پەرلەمانەوە نەکرد، ئەو کات ئێمە ملکەچی هەر موحاسەبەیەکین، بەڵام ئێستا هیچ مەرجێکی لەسەر نییە.

ئەو رێژانەی کەوا من گوتم لەسەر ئاستی کوردستان باسم کردووە، کاك نەریمان لەسەر ئاستی ناوچەیەکی دیاریکراو باسی کردووە، رەنگە ئەویش مافی خۆی بێت، مەسەلەن کە نوێنەرایەتی ناوچەیەك دەکات، ئەگەر ئەو چوار کەسەی کەوا ئیستیقالەیان داوە، هەر چواری هی یەك مەنتیقە بن دەکات 100٪ی مەنتیقەکە گۆڕانکاری تیا بووە، بەڵام ناکرێت ئێمە بڵێین زۆربەی سەرۆك شارەوانیەکان، ئیعتیرازی من

لەسەر ئەوەیە بەڕاستی، چونکە زۆربە لە نیسبەیە، من مەسئوولم لەبەرامبەر گوتنەکانی خۆم 2٪ کە دەکاتە دوو پۆینت دوو تەبیعی، چوار زیاتر لە (180)ی سەرۆك شارەوانیەکان، چوار سەرۆك شارەوانی لەم ماوەیە گۆڕانکاری تێدا بوون، ئەگەر سەیریشی بکەین رەنگە گۆڕانکارییەکی ئاسایی بێت، بمبوورن، یەعنی لەم ماوەیەدا رەنگە هەندێك جار وارید بێت ئەم رێژەیە لەناو تەعدیلی وزاریشدا روو بدات، لەناو کوتلەیەکی پەرلەمانیشدا رووبدات، لەناو وەزارەتەکانی تریشدا رووبدات، بۆچی پرسیارە ئەگەر لە ماوەی شەش مانگدا 2٪ی سەرۆك شارەوانیەکان جێگایان گۆڕا، یاخود وا بووە، هەر حاڵەتێکی کەوا غوبنێکیشی لەسەر بێت، ئێمە پێمان خۆشەو دووپاتی دەکەینەوە حیمایەتی برادەرانی خۆمان دەکەین، بەلاَم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، رێگام پێ بدە، من ئینتیزارم هەبوو بەڕاستی یەکێك لە گوتنەکان چۆنیەتی حیمایە کردنی سەرۆك شارەوانیەکان بێت، ئەم بابەتە لەم پرسیارو وەزعەدا باس بکرێت، سەرۆك شارەوانی ئێمە کابرایەکی مەدەنیە، رووبەڕووی مەسالحی خەڵك دەبێتەوە، رووبەڕووی تەجاوزات دەبێتەوە، لێ دەدرێت، ئیهانە دەکرێت، تەعدای لێ دەکرێت، بە چەقو لە سەرۆك شارەوانی دراوە، خەڵك تەعدای لە سەرۆك شارەوانی کردووە، بە حوکمی ئەو وەزیفەی کە دەیکات، ئێمە چۆن وا بکەین حیمایەکی قانونی بۆ ئەمانە پەیدا بکەین، ئێستاش من پێت دەڵێم کاك نەریمان رەنگە ئەگەر ئێمە ئەم حیمایە قانونیە بەقوەتە نەکەین، خەڵك قودرەی ئەدا کردنی ئەو وەزیفەی نامێنێت، سەرۆکی شارەوانی موخەصەصاتی نییە، موخەصەصاتێکی تایبەتی هەبێت ببێتە حافزێکی مالی، حیمایەی نییە، بلێی حاصل بێت بە قوەتێکی بەدەنی دیفاع لە خۆی دەکات، حیمایە قانونیەکەی ئەوەیە کە ئەگەر چەقۆیەکی لێدرا بچێت لە مەحکمە شکایەت بکات، تەبیعی رووبەڕوو بوونەوەی بەرژەوەندییە، شتی وای تێدایە ئەمە یەکێکە بۆ مەعلوماتی جەنابتان لە هەر شارە گەورەکان ئەوەی لەسەر سەرۆك شارەوانیەکانە، کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا باس کراوە، داواشمان کردووە کەوا حیمایەکی بەقوەتتر، یاخود هەندێك لەو ئەرکانەی رووبەڕوو بوونەوە لەسەر ئەستۆی سەرۆك شارەوانیەکی مەدەنی هەڵبگیرێت، لە جیاتی ئەوەی سەرۆکێکی شارەوانی رووبەڕووی تەجاوزات ببێتەوە، بە لای کەمی با سەرۆکی یەکەی ئیداری بێت، چونکە ئەو قوەتێکی لە پشتە، مەسەلەن پۆلیسی لەبەر دەستە، هێزی لەبەردەستە، دەتوانێت دیفاع لە خۆی و لە بڕیارەکانی بکات، هەر حاڵەتێك کەوا غوبنێکی وای لەسەر بێت، من لەبەردەمی جەنابتاندا دەڵێم بێ موراجەعەی ئێمە بکات، ئێمە بە دواداچوونی بۆ دەکەین و ناهێڵین لەسەر هیچ بنەمایەکی غەیری قانونی ئیجرائاتێکی خارجی دەسەلاَتی وەزارەتی ئێمە بەسەر هیچ فەرمانبەرێکی ئەو وەزارەتەدا بێت، ئێمە بەرپرسیشین بەرامبەر بەو گوتنانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەموو لایەکتان، سوپاس بۆ جەنابی وەزیرو بۆ وەلاَمدانەوەکانی، ئەو پرسیارانەی کە ماون دەتوانێت بە تەحریری وەلاَمیان بداتەوە، ئیتر دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین تاکو دانیشتنێکی تر بە خواتان دەسپێرین هەربژین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)**

**دوو شەممە رێکەوتی 8\10\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)

**دوو شەممە ڕێكەوتی 2012/10/8**

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2012/10/8 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/10/8 دا بەم شێوەیە بێت:

کۆبوونەوەی یەکەم کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ

خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار، چونکە ئەنجومەنی وەزیران بەس مەحزەرەکەیان ناردووە، ئەسڵی پڕۆژەکەیان نەناردووە، بۆیە خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار دەخەینە دەرەوە، دەچینە سەر خاڵی دووەم.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای نۆیەمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای زمانە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی مافی منداڵ لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی پیرۆزی ئاینەکان لە هەرێمی کوردستان.

6- خستنەڕووی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز (اسماعیل سعید محمد) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان.

کۆبوونەوەی دووەم لە کاتژمێر (5)ی پاش نیوەڕۆ

1- ئامادە بوونی بەڕێزان وەزیری تەندروستی و شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ ڕوون کردنەوەیان لەسەر بڵاو بوونەوەی نەخۆشی کۆلێراو دەست نیشان کردنی هۆکارەکەی و هەوڵەکانیان بۆ چارەسەر کردنی و وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامان لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (10)، ڕۆژی دانیشتن 2012/10/8، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (10)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2012/10/8 بەم شێوەیە بێت:

كۆبوونەوەی یەكەم كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ

خاڵی یەكەم لە بەرنامەی كار، چونكە ئەنجومەنی وەزیران بەس مەحزەرەكەیان ناردووە، ئەسڵی پرۆژەكەیان نەناردووە، بۆیە خاڵی یەكەم لە بەرنامەی كار دەخەینە دەرەوە، دەچینە سەر خاڵی دووەم.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای نۆیەمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

3- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای زمانە فەرمیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

4- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی مافی منداڵ لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

5- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی پیرۆزی ئاینەكان لە هەرێمی كوردستان.

6- خستنەڕووی دەست لەكاركێشانەوەی ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز (اسماعیل سعید محمد) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان.

كۆبوونەوەی دووەم لە كاتژمێر (5)ی پاش نیوەڕۆ

1- ئامادە بوونی بەڕێزان وەزیری تەندروستی و شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ ڕوون كردنەوەیان لەسەر بڵاو بوونەوەی نەخۆشی كۆلێراو دەست نیشان كردنی هۆكارەكەی و هەوڵەكانیان بۆ چارەسەر كردنی و وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامان لەسەر ئەم بابەتە.

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەخوێنێتەوە كە مۆڵەتیان هەیە، یان ئەمادە نەبوون، با بفەرموێ:

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە (9)ی ئاسایی لە 2012/10/3 مۆڵەت پێدراون، یان ئامادە نەبوون، (21) ئەندامن و هەموویان مۆڵەتن، بۆیە تەنها ناوەكانیان دەخوێنمەوە:

1-اسماعیل سعید محمد.

2- ئامینە ذكری سعید.

3- برهان رشید حسن.

4- بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ.

5- پەیمان عبدالکریم عبدالقادر.

6- حازم تحسین محمد.

7- حمدیە معروف.

8- رازاو محمود فرج.

9- سۆزان شهاب نوری.

10- سەردار رشید محمد.

11- شلێر محی الدین.

12- شڤان احمد عبدالقادر.

13- شەونم محمد غریب.

14- شیلان عبدالجبار عبدالغنی.

15- د.صباح محمد نجیب.

16- صبیحە احمد مصطفى.

17- عبدالقادر اکرام جمیل.

18- عبدالله محمد امین.

19- عبدالله حاجی محمود.

20- عمر حمدامین خدر.

21- فاضل محمد قادر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، ئێستاش دێینە سەر خاڵەکانی بەرنامەی کار، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان/ خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای نۆیەمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (10287) لە 2012/9/18 ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

**بابەت/ پرۆژە**

به هاوپێچ پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (5)ی رۆژی 2012/5/27 پەسند کراوە بۆتان دەنێرین، بە مەبەستی خستنە بەردەستی پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەری، لەگەڵ رێزدا.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

ئەم پرۆژەیە لە سێ مادده پێکهاتووە بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی ئاراستەی پەرلەمان کراوە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنەکاتی تایبەتمەندو ئەندامانی پەرلەمانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی تایبەتمەندی پرۆژەکە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکرێت، فەرموو بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای زمانە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئەم ئەندامانەی خوارەوە واژوویان کردووە:

1- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.
2- د.عمر نورەدینی.
3- شلێر محی الدین صالح.
4- عبدالسلام بەرواری.
5- عمر عبدالعزیز.
6- ناسك توفیق عبدالکریم.
7- گەشە دارا حەفید.
8- گۆران ئازاد محمد.
9- دڵشاد حسین قادر.
10- ساڵم تۆما کاکۆ.
11- سۆزان شهاب نوری.
12- فرمان عزالدین محمود.
13- عظیمة نجم الدین حسن.
14- پەیمان عبدالکریم عبدالقادر.
15- محمد شارەزووری.

16- سەردار رشيد.
17- شەونم محمد غريب.
18- شێرزاد حافظ.
19- نەريمان عبدالله قادر.
20- سيوەيل عثمان احمد.
21- ڤيان عبدالرحيم عبدالله.
22- د.رێباز فتاح محمود.
23- عبدالله محمد امين.
24- پەيمان عزالدين عبدالرحمن.
25- نەسرين جمال مصطفى.
26- شلێر محمد نجيب.
27- شۆڕش سەيد مجيد.
28- شوان كەريم كابان.
29- كاوە محمد امين.
30- سميرە عبدالله اسماعيل.
31- ژيان عمر شريف.
32- زكيە سيد صالح.
33- تارا ئەسعەدی.
34- رازاو محمود فرج.
35- علی حسين محمد.
36- برهان رشيد حسن.
37- ليلی امير عاض.
38- هاژە سليمان مصطفی.
39- شێردڵ تحسين محمد.
40- دلێر محمود فتاح.
41- ئاراس حسين محمود.
42- ئاسۆ كەريم.
43- نەژاد عزيز سورمێ.
44- عدنان عثمان محمد.
45- عبدالقادر بازرگان.

46- د.احمد وەرتێ.

47- یشار نجم الدین.

48- سۆزان یوسف خۆشابە.

49- د.صباح محمد نجیب.

ئەم پرۆژەیە لە (46) مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دانانی یاساکە، تەنها بە زمانی کوردی پێشکەش کراوە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنەکانی تایبەتمەندو ئەندامانی پەرلەمان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەکانی رۆشنبیری و یاسایی و حکومەت و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکرێت، فەرموو بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی چوارەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی مافی منداڵ لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوەو پێکهاتووە لە (68) ماددەو هۆیەکانی دەرچواندنی تەنها بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە:

1- عمر عبدالعزیز.

2- بەیان احمد حسن.

3- سمیر سلیم امین.

4- ناسك توفیق عبدالکریم.

5- ایوب نعمت (ئارام).

6- کوێستان محمد عبداللە.

7- تارا ئەسعەدی.

8- حەمە سەعید حەمە عەلی.

9- سیوەیل عثمان احمد.

10- فاضل حسن اسماعیل.

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنەکانی تایبەتمەندو ئەندامانی پەرلەمانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و حکومەت و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکرێت، فەرموو بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای پاراستنی پیرۆزی ئاینەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، پێکهاتووە لە (7) ماددەو هۆیەکانی دەرچواندنی تەنها بە زمانی کوردی پێشکەش کراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە:

1- د.بشير خليل حداد.

2- يشار نجم الدين.

3- سميرە عبداللە اسماعيل.

4- گوڵێزار قادر اسماعيل.

5- عبدالرحمن حسين ابابكر.

6- علی حسين محمد.

7- د.صباح محمد نجيب.

8- حازم تحسين سعيد.

9- د.جهان اسماعيل بنيامين.

10- ايوب نعمت (ئارام).

11- ياووز خورشيد عثمان.

12- د. احمد وەرتێ.

13- برهان رشيد حسن.

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنەکانی تایبەتمەندو ئەندامانی پەرلەمانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەیە بەپێی تایبەتمەندی خۆی ئاراستەی لیژنەکانی ئەوقاف و یاسایی و حکومەت و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکرێت، دکتۆر سەروەر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو پرۆژە یاسایە پێویستە ئاراستەی لیژنەكانی رۆشنبیری و مافی مرۆڤ و كۆمەڵگای مەدەنیش بكرێت، چونكە پەیوەندیدارە پێیانەوە، داوا دەكەم ئاراستەی ئەو لیژنانەش بكرێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**باشە ئاراستەی ئەو لیژنانەش دەكرێت كە دكتۆر سەروەر ناوی هێنا، فەرموو بۆ بڕگەیەكی تر.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بڕگەی شەشەمی بەرنامەی كار/ خستنەڕووی دەست لەكاركێشانەوەی ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز (اسماعیل سعید محمد) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان.**

**داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم رێكاری یاسایی ئەنجام بدات بۆ ئەم مەبەستە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**دەست لەكاركێشانەوەكەی بخوێننەوە، تكایە بە ئیجازەت كاك عەونی، حەز دەكەین نەختێك لە كاتی قسە كردن هێمنی بپارێزن، چونكە پێتان دەڵێین، زۆر جاریش باسمان كردووە، رجائەن خوشك و برایانی عەزیز هەندێك جار دەنگەكان تەسجیل نابن، تۆمار ناكرێن، دوایی كە تۆماریش نەكرێت لە ئایندەدا مومكینە ئەنواع تەفسیری ئەولاو ئەولاشی بۆ بكرێت بەڕاستی، تكاتان لێ دەكەین موراعاتی قسەكان بكەن و گوێ لە یەكتری بگرین و بزانین مەسەلەكان چۆن دەگوزەرێ لێرە؟ فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دەقی نووسراوی بەڕێز (اسماعیل سعید محمد علی) كە ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانی كردووە، بۆ مەبەستی دەست لەكاركێشانەوەی لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان، لە بەرواری 2012/9/11 پێشكەش كراوە، ئەمەش دەقەكەیەتی:**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان**

**بابەت/ دەست لەكاركێشانەوە**

**سڵاو..**

**بەڕێزان سەرۆكایەتی پەرلەمان.**

**خوشك و برا پەرلەمانتارە بەڕێزەكانم.**

**دەبێت چ شتێك هەبێت لە ژیانماندا گەورەو بە نرختر بێت لە میللەتەكەمان، ئەی دەبێت كام دەزگا گرنگتر بێت لە پەرلەمان بۆ خزمەت كردنی خەڵكی كوردستان، ئەوانە چەند گەورەو بەڕێزو سەرفرازو سەربڵندن، كە شەرەفی خزمەتكاری نەتەوەو كۆمەڵگایەكەیان و مرۆڤایەتیان پێ دەبرێت، بەتایبەتی لە قۆناغی ناسك و**

هەستیارو، گرنگی گواستنەوەی مێژووییدا وەك ئێستای میللەتەکەمان، کە هەوڵدانە بۆ دامەزراوە کردنی دەزگاکانی و لە گۆڕانی گەندەڵی و هێنانە کایەی دادی کۆمەڵایەتی.

هاوکارە بەڕێزەکانم، من حەز دەکەم لەم ساتە مێژووە گرنگەو لەو کاروانە پیرۆزە تا کۆتایی لەگەڵتان بوومایە، بەلأم لە هەست کردنم بە بەرپرسیاریەتی گەورەو گرانی ئەم ئەرکە پیرۆزەو ئەم دەزگا گرنگەی میللەتەکەم کە پەرلەمانە، بۆیە بڕیاری دەست لەکار کێشانەوەمدا، چونکە باری تەندروستیم ڕێگر دەبێت لە ئەنجامدانی کارەکانم و، پێموایە ئەم بڕیارە پڕ بەرپرسانەشم مشتێك دەخاتە سەر خەبات و تێکۆشانم و، نامەوێت نووسان و چەسپ بوون بە پۆست و کورسی دەسەلأتەوە ئەو شانازی و سەرمایە گەورەیەم لێ بسەنێتەوە، کە لە زیندانەکانی ئەمن و ئەبو غرێبەوە دەستم کرد بە کۆکردنەوەی، لە کۆتاییدا سوپاسی هەردوو لیژنەی پیشەسازی و وزەو لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، کە زۆر جار ئەرکی ئێمەشیان گرتۆتە ئەستۆوە، هەروەها سوپاسی تەواوی کارمەندو پاسەوانەکانی پەرلەمان دەکەم کە لە سێ ساڵی رابردوو ئەرك و ماندوو بوونیان کێشا لەگەڵماندا، جارێکی تر هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە ئەرکی دامەزراوە کردنی کوردستان و هێنانەدی دادی کۆمەلأیەتیدا، لەگەڵ ڕێزدا.

**پەرلەمانتار**

**اسماعیل سعید محمد علی**

هاوپێچ، سێ راپۆرتی پزیشکی و چەند پشکنین و چەند وێنەیەکی چاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، هەروەکو لەو یاداشتەی کە کاك عەونی خوێندیەوە لەلایەن کاك اسماعیل گەلألێیەوە نووسراوە، بەهۆی باری خراپی تەندروستیەوە دەیەوێت دەست لەکار بکێشێتەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (44) کەس لەگەڵدایەو دەست لەکارکێشانەوەکەی قەبول بکرێت، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (29) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ دەست لەکار کێشانەوەکەی قەبوڵ کرا، ئیتر ئومێد دەکەین بۆ خۆی ژیانێکی تایبەت بە خۆی بژیت، کاك ئیسماعیل گەلألی دەستی لەکار کێشایەوەو دەست لەکارکێشانەوەکەی قەبوڵ کرا بەزۆرینەی دەنگ، ئومێد دەکەین ژیانێکی بەختەوەرو سەلامەتیش بێت لە ژیانیدا، بەم جۆرەش دانیشتنی پێش نیوەڕۆمان کۆتایی پێ دەهێنین تا سەعات (5)ی پاش نیوەڕۆ بەخواتان دەسپێرین هەر بژین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل( سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەناوی گەلی کوردستان.**

ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر کۆبوونەوەکانمان، سەرلەبەیانی بەشی یەکەمی کۆبوونەوەکانمان ئەنجامدا، ئێستا بەشی دووەمی کۆبوونەوەکانمان بە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری تەندروستی و شارەوانی، بۆ ڕوونکردنەوەیان لەسەر بلاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێراو دەست نیشان کردنی هۆکارەکەی و هەوڵەکانیان بۆ چارەسەر کردن و وەلامدانەوەی پرسیاری ئەندامان لەسەر ئەم بابەتە، بەخێرهاتنی هەردوو وەزیری شارەوانی و تەندروستی و مونەسیقی نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئێستاش داوا لە هەردوو وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، بفەرموون بۆ ئێرە بۆ ئەوەی لەبارەی کۆلێراوە قسەمان بۆ بکەن. فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەم ماوەیە بانگهێشتی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی هەندێ پرسیار کە پەیوەندی بە کێشەکانی وەزارەتەکان هەیە، هەم پەیوەندی بە پرسیاری پەرلەمانتاران هەیە، بەلام بەلای ئێمەوە گرنگە بزانین دەگەینە چ نەتیجەیەك لەگەڵ ئەم وەزیرە بەڕێزانە، لەکاتی وەلامەکان و کێشەکان حەل نەکراون، لەکاتێك بەرپرسیارێتی هەیە، یان ئەوەی کە پێویستە دانیشتنێکی تایبەت بکەین لە پەرلەمان، لە نەتیجەی ئەم هەڵسەنگاندنە لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان، سەبارەت بە وەزارەتەکەی ئەم بڕیارانەی داوە، ئەم کێشانەی بەم شێوە، جگە لەوە مەبەستمانە بگەینە نەتیجەیەك پەرلەمان کاری رەقابی خۆی دەکات، نەتیجەکەش ئەوەیە و ئەرکیش دەخاتە ئەستۆی وەزارەتەکان، کە هەم پەیوەندی ئەرکی یاساییە، یان خزمەتگوزاریە، هەموو ئەو بەرنامەیەی کە خۆیان هەیانە، ئەمە یەکیان، دوو، بەڕاستی وەزیرە بەڕێزەکان زۆر مەجال وەردەگرن لە قسە کردن، ئێمە جارەکەی تر، لە دانشتنی پێشوو چەندین پەرلەمانتار ماوە پرسیاری نەکردووە، یان پرسیارەکەیان وەلام نەدراوەتەوە، لەبەر ئەوە پێمان باشە ئەم رێکخستنەی کاتە بکرێتە شێوەیەك، بوار بڕەخسێنێ بۆ ئەوانەی کە پرسیاریان هەیە، لەکاتی دیاریکراوە وەزیرە بەڕێزەکان وەلام بدەنەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەربارەی پرسیارەکان، ئێمە لە دانیشتنی ڕابردوو لەگەڵ بەڕێز وەزیری شارەوانی داوامان کرد هەر پەرلەمانتارێك پرسیارێك، دوو پرسیار بکات، ئەوەبوو ڕازی نەبوون، بەشێکی زۆری پەرلەمانتارەکان لە پێنج پرسیار کەمتریان نەکردووە، ئێ باشە پێنج پرسیار، ئەگەر 20 پەرلەمانتار پێنج پرسیار بکات، ئەوە دەکاتە 100 پرسیار، پەرلەمانتاری وا هەبوو 10 پرسیاری کردووە، هەشتی کردووە، حەوتی کردووە، شەشی کردووە، ئێ هەر ئەوەندە فریا کەوتین، چوار سەعاتیش دانیشتین بەخۆتان دەزانن، ئێمە خۆشمان

پێمان باشە ئێستاش پرسیارەکان هەر یەکێك پرسیارێك بکات، دوایی پێدا دێینەوە جارێکی تر بەڕاستی، چونکە ناکرێ، یان ئەو لیژنەی مەعنیە بە قەزیەکە، بەشی زۆری دەدەینێ کە پرسیارەکان بکات، ئەگینا خۆ ناکرێ ئێمە شەش سەعات دابنیشین هەر جارەی لەگەڵ وەزیرێك، دووەمیان، لەبارەی ئەنجام گیری کۆبوونەوەکە بۆ ئەوەیە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، پرسیاری خۆیان دەکەن، وەزیر وەڵام دەداتەوە، جارێکی تر پەرلەمانتار موداخەلە دەکات، ئیتر ئەوە بۆ خەڵك بلاُو دەبێتەوە، ئایا وەزیر لە وەڵامەکەی خەڵکی پێ قانع بووە، قانع نەبووە، موداخەلەکە چۆن بووە هەر ئەوەندە دەکرێ، دەبێ هەمووجارێ وەزیر بۆ ئەوە بانگ بکرێ، بۆ ئیستیجواب، ئەگەر وابێ، بانگیشمان کردوون بۆ ئیستیجواب، بەلاَم ئیستیجواب نەبووە، فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموو ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی کە پرسیاریان ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکان کردووە، پرسیارەکان لای خۆیانە ئێستا، پێویست ناکات من هەڵسم پرسیارەکانی خۆم بخوێنمەوە، جارێکی تر وەزیرە بەڕێزەکان بیخوێننەوە، با ئەوان پرسیارەکانی ئێمە بخوێننەوە، ئەگەر ئێمە بەدڵمان نەبوو، دەتوانین قسەمان بوێ و موداخەلە بکەینە سەر پرسیارەکانمان، واباشترە بەڕاستی بۆ ئەوەی نەبێتە دووبارە خوێندنەوەی پرسیارەکان.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جاری پێشوو ئەوەمان کرد، ژمارەیەك داواتان کرد، دوایی ئیعتیرازی لەسەر گیرا، مومکینە پەرلەمانتار پێی خۆش بێ خۆی هەڵسێتەوەو خۆی پرسیاری خۆی بکات، لە ئسولی پەیڕەوەکەو قانونەکەش هەروایە، پەرلەمانتار خۆی پرسیاری خۆی دەکات، بەلاَم داوا دەکەین پرسیارەکان شەرح مەکەن، ئێوە پرسیار دەکەن بۆ شەرحی دەکەن، شەرحی مەکەن، داوا لە وەزیرە بەڕێزەکانیش دەکەین بە موختەسەری وەلاَم بدەنەوە، نەچنە تەفاسیلی زۆر، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی کۆلێرا مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، دکتۆر خۆی ئەزانێ تاوەکو ئێستا هەزارو شەش سەدو پێنج حاڵەت داخل کراوە، 192 ی پۆزەتیف بووە لە سلێمانی بێجگە لە دەوروبەری، یەعنی ئەهێنێ ئێمە ئەمڕۆ گرنگیەکی زیاتری پێ بدەین، لە جیاتی چوار سەعات پێنج و شەشیش دابنیشین، بۆیە بەڕای من ئەندامانی پەرلەمان پرسیارەکانی خۆیان بکەن، بەلاَم وەکو بەڕێزتان ئیشارەتتان پێیدا، شەرحی تیانەبێ، وەزیرە بەڕێزەکانیش کە وەلاَم ئەدەنەوە، وەلاَمەکانیان موختەسەر بێ و شەرحی نەکەن، سەرەتاش کە قسە دەکەن بەڕاستی نیو سەعات زۆرە، لە ئەسنای وەلاَم قسەکانیان بکەن، یان لە چارەگ زیاتر قسە نەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

برادەرەکانت ڕازین بەو پێشنیارە؟، ئێمە ڕازین بەو پێشنیارە، لیژنەی تەندروستی ڕاپۆرتان هەیە؟، یەکێکتان فەرموون لە جیاتی لیژنەکە بیخوێننەوە، فەرموو کاك د.ڕێباز ڕاپۆرتی لیژنە بخوێنەوە.

**بەڕێز ڕێبازفتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس وەکو تەوزیحاتێك ڕاپۆرتەکەی ئێمە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشێکیان ئەو واقعەیە کە بینیومانە، بەشێکی تریان تەوزیحێکە لەسەر نەخۆشی کۆلێرا لەڕووی پزیشکییەوە، کە ئەتوانێت هۆکارەکانی بڵاو بوونەوەی کە ئەتوانێ تەوزیحێك بێ بۆ پەرلەمانتاران، زیاتر ئیستیفادە لە بابەتەکە بکەن، بەشی کۆتایشی لەو دەرئەنجامانەیە کە لیژنەکەی ئێمە قەناعەتی پێی هەیە، ئەتوانێت ئەم دەرئەنجامانە پرسیار بن لە لای هەریەك لە وەزیرە بەڕێزەکان، تەسەور دەکەم وەڵامدانەوەی ئەو دەرئەنجامانەش بتوانێت، وەڵامدانەوەی بەشێکی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران بێت.

وەکو تەوزیحاتێك ڕاپۆرتەکەی ئێمە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشێکیان ئەو واقعەیە کە بینیومانە، بەشێکیان تەوزیحێکە لەسەر نەخۆشی کۆلێرا لە ڕووی پزیشکییەوە، کە هەم ئەتوانێت لە ڕووی هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی، کە ئەتوانێ تەوزیحێك بێ بۆ پەرلەمانتاران، زیاتر ئیستیفادە لە بابەتەکە بکەن، بەشی کۆتایشی لەو دەرئەنجامانەیە کە لیژنەکەی ئێمە قەناعەتی پێی هەیە، ئەتوانێت ئەو دەرئەنجامانە پرسیار بن لە لایەن هەریەکە لە وەزیرە، بەڕێزەکان، تەسەور دەکەم وەڵامدانەوەی بەشێکی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان بێ،

بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

**بابەت/ ڕاپۆرت سەبارەت بە نەخۆشی کۆلێرا لە شاری سلێمانی**

لە پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی نەخۆشی کۆلێرا لە شاری سلێمانی و پاش ئەوەی زۆرترین گریمانەکان بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە بە ئاراستەی پیس بوونی ئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیان بوو، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ڕاستی پیس بوونی ئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیان و ڕوونکردنەوەی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لەو بارەیەوە و پلانی وەزارەت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکە، لیژنەکەمان لە ڕێگەی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزارەوە بانگهێشتی بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەت و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆ لە سلێمانی کرد بۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/10/2 بەڵام بەداخەوە بەبێ ئاگادارکردنەوەی لیژنەکەمان و بێ بوونی هۆکارێکی دیاریکراو هیچ لایەکیان ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوون.

بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە بارودۆخی تەندروستی لەسەر هەردوو ئاستی کۆنترۆڵ کردنی بڵاو بوونەوەی نەخۆشیەکە و چارەسەر کردنی تووشبووەکان لە ڕۆژی پێنج شەممە 2012/10/4 ژمارەیەك

لە ئەندامانی لیژنە کە پێك هاتبوو لە (هاوڕاز شێخ ئەحمەد، بێریڤان سەرهەنگ، نیشتیمان مرشید، پەروین عبدالرحمن، د.تارا عبدالرزاق، د.ڕێباز فتاح) سەردانی سلێمانیمان کرد:

خاڵی یەکەم: سەبارەت بە نەخۆشی کۆلێرا، هۆکاری نەخۆشیەکە زیندەوەرێکە پێی دەگوترێ ڤیبریۆ کۆلێرا.

خاڵی دووەم: نیشانەکانی، نەخۆشیەکە دەبێتە هۆی سك چوون و ڕشانەوە و وشك بوونەوە و هەندێك جار مردنیش ڕوو دەدات.

خاڵی سێیەم: هۆکاری بلاٌوبوونەوەی نەخۆشیەکە بە شێوەی سەرەکی پیس بوونی ئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیان و ڕێگەی دووەمیش خۆراك و سەوزەی پیس بووە، تێکەڵ بوونی پیسایی کەسی تووش بوو لەگەڵ ئاو و خۆراك دیسانەوە بەردەوامی دەدات بە سوڕی ژیانی زیندەوەرەکە و بەردەوام بلاٌوبوونەوەی نەخۆشیەکە.

ئاستی مەترسیداری: نەخۆشیەکە مەترسیدارە چونکە لە ڕووی ژمارەوە بە گوێرەی هاوکێشەیەکی زانستی تەنها بۆ یەك کەسی تووشبووی داخڵ بوو لە نەخۆشخانە نزیکەی 100 کەسی تووشبوومان هەیە لە ماڵاٌنداو هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشیەکە و لە ڕووی ڤورسی نەخۆشیەکەوە هەندێك جار تەنها چەند کاتژمێرێکی کەم بەسە بۆ گیان لە دەستدانی نەخۆش، بەلاٌم دەشتوانین لە ڕوویەکی ترەوە بڵێین نەخۆشیەکە ئاسانە، لەو ڕوانگەی کە تەنها هۆشیاری هاووڵاٌتیان پاش بلاٌوبوونەوەی نەخۆشیەکە پاك ڕاگرتنی ئاوی خواردنەوەیە، دەتوانێت هۆکارێکی باش بێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشیەکە، پاك کردنەوەی بایەلۆجیانەی ئاوی خواردنەوە، لە سەرچاوەی ئاوەکەوە تاوەکو دەگاتە دەست هاووڵاٌتی، ڕێگرە لە بلاٌوبوونەوەی نەخۆشیەکەو زیاتر پشت بەستراوە بە بوونی ڕێژەی دیاریکراوی کلۆر لە ئاودا،

سەرەتا لیژنەکەمان بەشی پێشوازی نەخۆشی بەسەر کردەوە، دواتر سەردانی نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانیمان کرد، کەبەشێك لەم نەخۆشخانەیە کراوەتەوە بە مەبەستی چارەسەر کردنی نەخۆشیەکان،

بەلاٌم، لیژنەکەمان بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین مامەڵەی لەگەڵ کرا، لەگەڵ پزیشکێکی پسپۆڕ و کارمەندێك کە سەرپەرشتی بەشەکەیان ئەکرد، دواتر ئێمە لە ڕاستی ئێستا ئەوە ناخوێنینەوە، لە داهاتوو بە ڕاپۆرتێکی تر سەرۆکایەتی پەرلەمان بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنەی کە کردوومانە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، بەو هیوایەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان کارێکی جدی لەسەر ئەم بابەتە بکات، ڕێگە بکرێ لەوەی کە چیتر ئەندامی پەرلەمان لەکاتی چاودێری کردنی دام و دەزگاکان ڕووبەڕووی ئیهانەی لەم شێوەیە بکرێتەوە، دواتر لیژنەکەمان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی کرد، هەرلەوێش لەگەڵ هەریەك لە وەزیری تەندروستی بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی  سلێمانی، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی، بەڕێوەبەری ئاوی دەوروبەری سلێمانی کۆبووەوەو، ئاگاردار بووین لەوەی کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە تاوەکو ئێستا داخلی نەخۆشخانە بوون، نزیکەی هەزارو دوو سەد کەسە، لەو ژمارەیە 105 کەس بە شیکاری تاقیگەیی دەرکەوتووە کە نەخۆشی کۆلێرایان هەیە، بەگوێرەی ڕێکخراوی

تەندروستی جیهانی لەبەر بوونی ژمارەیەك كەیسی سەلمێنراوی كۆلێرا، هەموو تووشبوویەكی سك چوون و ڕشانەوە، وەكو نەخۆشی كۆلێرا مامەڵەی لەگەڵ دەكرێ، چارەسەر دەكرێ، هەر بەگوێرەی لێك دانەوە زانستیەكان، بەرامبەر هەر كەسێكی تووشبووی پەتاكە، ژمارەی 100 كەسی تووشبووی تر هەیە بەبێ داخل بوون لە نەخۆشخانە، شوێنی دانیشتنی تووشبووەكان دابەش بووە بەسەر گەڕەكە جیاوازەكانی شاری سلێمانیدا، زۆرترین هۆكاری بلاْو بوونەوەی كۆلێراش بەهۆی ئاوی پیسەوەیە، بۆیە بەهێزترین گریمانە ئەوەیە كە هۆكاری بلاْوبوونەوەی نەخۆشیەكە ئاوی پیسە، بەلاْم ئەوەی جێگەی سەرنجی لیژنەكەمانە ئەوەیە كە تاوەكو ئێستا ئەم گریمانەیە بە سەلماندنی تاقیگەیی پشت ڕاست نەكراوەتەوە، ئەگەرچی وا بە ئێمە ڕاگەیەنراوە ڤیبریۆ كۆلێرا لە ئاوی دوكان كە سەرچاوەی ئاوی سلێمانیە دۆزراوەتەوە، بەلاْم دواتر لە لایەن وتەبێژی وەزارەتی تەندروستیەوە ڕەت كرایەوە، بودجەی پێویست لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ پێویستی بارو دۆخەكەو بۆ چارەسەر كردنی تووشبووەكان ئامادەكراوە، بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی، شێوازی پاك كردنەوەو دابین كردنی ئاوی خواردنەوەیان بۆ ڕوونكردینەوە، كە سەرچاوەكەی هەریەكە لە دەریاچەی دوكان و ئاوی سەرچنارە لە سلێمانی و ئەوەیان ڕەت دەكردەوە كە ئاوی خواردنەوە پیس بێت، ڕایان گەیاند كە لە مانگی 9 ی ئەمساڵ لە كۆی 208 نموونەی ئاوی دوكان وەرگیراوە، ڕێژەی دیاریكراوی كلۆر بوونی هەبووەو بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانیش، سەر بە وەزارەتی تەندروستیە، بە نووسراو هەر لە هەمان مانگ پێی ڕاگەیاندین كە لە كۆی 74 نموونەی ئاوی وەرگیراو تەنها دوو نموونەی ئاوی وەرگیراو هەبووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پاكێتی ئەو ئاوەی دابینمان كردووە، لە نموونە وەرگیراوەكان بۆ شیكاری تاقیگەیی، بڕی كلۆر لە ئاو كاری لەسەر كراوە، لەكاتێكدا گلەیی هەیە لەسەر كوالیتی ئەو كلۆرەی بەكاردێت.

لە ڕاستی ئەو خاڵانەی كە خوێندمەوە، ئەوە بۆچوونی ئەو لیژنەیەیە یاخود ئەو ژووری عەمەلیاتەیە كە پێكهاتووە، ئێمە لێرە تەنها وەك خۆی نەقڵمان كردووە، هیچ بۆچوونێكی ئێمەی تیا نیە ئەمەیان، ئەو دەرئەنجامانەی ئێمە وەكو لیژنە پێی گەیشتووین، خاڵی یەكەم: ئەوەیە، لەبەر بوونی پێشتری ئەم نەخۆشیە لە شاری سلێمانی و بەگوێرەی ڕاسپاردەكانی ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی، پێویست بوو لەسەر هەر یەكە لە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزا، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیە بەرپرسەكانەوە، لە ڕێگەی چاودێری وردەوە، كە پێی دەوترێ (سێرڤیلان سیستەم) هەوڵی چڕیان بدایە بۆ ڕێگە گرتن لەدووبارە بوونەوەی ئەم حاڵەتە، بەلاْم ئێمە وا لەبەردەم بلاْو بوونەوەی نەخۆشیەكەین، بۆ نموونە وەرگرتنی تەنها 74 نموونە بۆ شارێكی گەورەی وەك سلێمانی و بۆ ماوەی یەك مانگ، ئایا لە ئاستی پێویستە؟، خاڵی دووەم: لە كڕینی كلۆری بەكارهاتوو، بۆ پاككردنەوەی ئاوی خواردنەوە، گرنگی بە كوالیتی نەدراوە، بەڵكو زیاتر كار لەسەر كەمترین نرخ كراوە، سێ، نەبوونی شوێنێكی شیاوی تایبەت بە ڕووبەڕووبونەوەی بلاْوبوونەوەی هەر جۆرە پەتایەك، وای كردووە بەشێكی نەخۆشخانەیەكی تر بەكاربێت، كە پێویستە بۆ چارەسەر كردنی نەخۆشی تر، ئەمە بەشێكە لەو بارودۆخەی بیناسازی، كەرتی تەندروستی

یاخود ژێرخانی تەندروستی، لە کوردستان بوونی هەیە و کاریگەری نێگەتڤی هەیە لەسەر کوالیتی ئەو خزمەت گوزاریە تەندروستیەی پێشکەش دەکرێت، بۆیە پێویستە لەڕووی بودجەوە پەرلەمانی کوردستان کاری جدی لەسەر ئەم لایەنە بکات، ئەو تووشبووانەی داخلی نەخۆشخانە دەکرێن، چارەسەر دەکرێن و دەنێردرێنە ماڵەوە، خۆشبەختانە هۆشیاری تەندروستی هاووڵاتیانیش بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نەخۆشیەکە هاوکارە بەشێوەیەك کە ڕێژەی مردن و دروست بوونی ماکەکانی نەخۆشیەکە تا ئاستێکی باش دابەزیوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕۆژانە بەردەوام نەخۆشی نوێ بەهەمان ڕێژەی ڕۆژانی نوێ داخل دەبێ، کە ئاماژەیەکە بۆ بەردەوامی هۆکاری بڵاو بوونەوەی نەخۆشیەکە، بۆ ڕێگە گرتن لە دووبارە بوونەوەی پەتاکە، لە ساڵانی پێشوو و داهاتوو، تەنها دیارکردنی هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکەو سەلماندنی بەشێوەی زانستی تاقیگەییانە دڵنیایمان پێ دەدات، بەڵام تاوەکو ئێستا بەو دەرئەنجامە نەگەیشتووین، بۆیە پێویستە کار بکرێت بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکە، پێشتر وابزانم تەوزیحم لەسەر ئەوە دا، سەبارەت بەو ڕەفتارەی لەگەڵ پەرلەمانتاران کرا، ئێمە بە پێویستی دەزانین لەسەر پەرلەمانتاران، بە تایبەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ڕێ و شوێنی پێویست بگرێتەبەر و سنوورێك دابنێت بۆ ئەو بێڕێزیانەی لەگەڵ پەرلەمانتاران دەکرێت، بۆ ڕێگە گرتن لە دووبارە بوونەوەی ڕەفتاری هاوشێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیری تەندروستی.

**بەڕێز ڕێکەوت حەمە رشید( وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامادەبووانی بەرێز، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز، دەمەوێ سوپاسی بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمانی بەرێز بکەم، کە ئەم دەرفەتەتان پێ بەخشیم لەسەر نەخۆشی کۆلێرا باسی کێشەو گرفتەکانی وەزارەتی تەندروستی و کەم و کوڕیەکانی وەزارەت، باسی ئەو هەنگاوانە بکەین، کە ئێمە وەکو وەزارەت لە کابینەی حەوتەم دامان نا، من ئەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتێکی خزمەتگوزاری وەرگرە، واتە وەزارەتێکە پەیوەندی بە کێشەی کۆمەڵگاوە هەیە، پەیوەندی بە پەروەردەوە هەیە، پەیوەندی بە جادەو ئاوو بان و ئیش و کارەوە هەیە، پەیوەندی بە سیاسەت و ئیقتیسادەوە هەیە، ئەگەر بەڕێزتان مەجالم بدەن ئەم گرفتەتان بۆ باس بکەم، دوو دەقە باسی بکەم ئەگەر یەکێك یارمەتیم بدات، ئەمە باسی ئەو فاکتەرانە دەکات، ئینسانی تەندروست، کۆمەڵگای تەندروست لە چیەوە سەری گرتووە، لە پێشان بە سیستەمی ئیقتیسادی ئینجا (ئینڤایرۆمێنت) ئینجا ئەو شتانە پەیوەندی هەیە بە سەحە، سیستەمی سەحە تەنیا لەسەر وەزارەتی تەندروستی نیە، من ئەوە دیفاع نیە لە خۆم و لە وەزارەتەکەم، بەڵام هەموو ئەو شتانە ئەتوانێ ئینسانێکی تەندروست دروست بکات، ئێستاش بۆتان باس دەکەم، بابێینە سەر ئەو کێشەیەی کە ئەمڕۆ هەمانە لە پەرلەمان بۆی بانگ کراوین، ئەویش کێشەی

کۆلێرایە، هەر لەسەر قسەکانی کاك د.ڕێباز، نازانم باسی نەخۆشی کۆلێراتان بۆ بکەم، بزانین ئەو نەخۆشیە چیە؟، بۆ جارێکی تر ئەو کارەساتە ڕوودەدات؟، بۆ هەموو ساڵێك یاخود هەموو پێنج ساڵ جارێك، یان هەموو چوار ساڵ جارێك بەرۆك بە سلێمانی ئەگرێت؟، دیارە من وەکو وەزیری تەندروستی وەکو خەڵکی سلێمانیش ئەوەم زۆر پێ ناخۆشە، بەڵام ئینشائەڵڵا ئەوە دوا دانیشتنمان ئەبێ، ئینشائەڵڵا ئێمە لە سەرۆکایەتی حکومەت، هەم سەرۆکی حکومەت و هەم جێگری سەرۆکی حکومەت، بڕیاری زۆر گرنگمان داوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری شارەوانی، کە هەر چیەك بکرێ ئەم دیاردەیە بنەبڕبکەین، داواش لە ئێوە دەکەین کە بودجەیەکی پێویست ساڵانە بۆ ئەمە دابنێین، هەروەها داواشتان لێ دەکەین کە لە بودجەی ساڵی 2013دا چاوتان لە وەزارەتی تەندروستی بێ، ئەم نەخۆشی یە نەخۆشییەکە کە لە ئاو و خواردنەوە دروست دەبێت، بە هۆی بەکتریایەکەوە تووش دەبێت کە پێی دەوترێت ڤیڤیریۆ کۆلێرا، ئەم نەخۆشی یە لە عیراق و هەرێمی کوردستان دا نیشتەجێ یە، واتا (متوطن)ە، لە ساڵانی 2007 و 2008 و 2009 و 2010 هەبووە، لە ساڵی 2011 نەبووە، لە ساڵی 1998 (2650) کەیس لە بەغدا هەبووە، لە ساڵی 2003 (187) کەیس لە عیراق هەبووە، زۆرترین لە ساڵی 2007 هەبووە کە چوار مانگی خایاندووە (4667) (positive) هەبووە، کە تەبعەن هەموو کەیسێکی (positive) بەرامبەرەکەی 100 کەسە، یەعنی تەقریبەن نزیکەی 40 هەزار تووشی ئەو نەخۆشی یە بووە، 11 موحافەزەی عیراق و 43 قەزای گرتۆتەوە، لە ساڵی 2008 (925) کەیس بووە و 11 کەس مردوون، لە دیوانیە بڵاو بۆتەوە لە ساڵی 2009، ئەوەی ئێستا لە سلێمانی سەری هەڵداوە، بێگومان لە شاری کەرکووکیش سەری هەڵداوە، بەڵام حاڵەتەکان وەکو سلێمانی نیە، تا ئەمڕۆ 192 کەس حاڵەتی (positive)مان هەبووە، یەکەم حاڵەتی ئەوەی کە ئێمە (suspicion)مان کردووە، واتا شەکمان لێ کردووە، لە 9/26 بڵێین شەکمان هەبووە، لە 9/29 (prove) کراوە، هەموو کەیسەکان نزیکەی گەیشتوونەتە 1605 کەس، هەتاکو ئەمڕۆ سەعات 8ی بەیانی، هەتاکو ئێستا سێ کەس لە سلێمانی گیانی لە دەست داوە، یەکێکیان پیاوێکی تەمەن 120 ساڵ بووە، ژنێکی تەمەن 20 ساڵ بووە، یەکێکی تریش پیاوێکی تەمەن 59 ساڵ بووە، هەروەها لە شاری هەولێریش، بەڵێ 120 ساڵ بووە، لە شاری هەولێریش کە لە ڕانییەوە هاتووە، نەخۆشێك گیانی لە دەست داوە عومری 27 ساڵ بووە، بەڵام خۆی نەخۆشی (down)ی هەبووە، (down) یەعنی مەنغۆلی، ئەوەی لێرە دەمەوێ باسی بکەم بە باشترین خزمەتگوزاریی چارەسەر کراون، هەموو ئەو نەخۆشانە عیلاجی پێویستیان بۆ کراوە، دەرمانی پێویستمان هەیە، حەملەیەکی هۆشیاری تەندروستیمان کردووە، خۆشبەختانە لێرەوە ڕایدەگەیێنم کە ئەمڕۆ لە دوێنێ کەمتر بووە، دوێنی لە پێرێ کەمتر بووە، پێرێ لە بەستر پێرێ کەمتر بووە، دوێنی 150 کەس داخیل بووە، ئەمڕۆ ئەمەلمان هەیە کەمتر بێتەوە، پێرێ 180 بووە، بەستر پێرێ دوو سەد و ئەوەنە بووە، بەو هیوایەی کە ئەوە یەکەم (wave) بێ، ئیتر لێمان نەداتەوە، ئینشاڵڵا ئیتر ئێمە تا پێنجشەممە و جومعە دەردەکەوێ، من ئەمەلم هەیە کە (wave)ەکە لێمان نەداتەوە و تەواو بێ، تەنها لە مەرکەزی سلێمانی دا (positive)مان هەیە، ئەو کەیسەی کە لە

هەولێریش هەمان بووە، دەڵێن لە ڕانییەوە هاتووە، خەڵکی دهۆکە، نە لە دهۆك هەمانە، نە لە دەوروبەری سلێمانی لە هەڵەبجە و لە ڕانیە و لە قەڵادزێ و ئەوانە، تەنها لە ناو سلێمانی هەمانە، چۆن هەست بەم پەتایە دەکرێت؟ یەعنی چۆن تیمەکانی ویقایە یاخود چۆن خەستەخانە هەست بەم پەتایە دەکەن؟ دیارە هەست کردن بەم پەتایە بە چەند حاڵەتێك دەبێت، ئێمە تیمەکانی خۆپاراستنی تەندروستی بە هاوکاری تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاو نموونەی کلۆر وەردەگرن، نموونەی ئاو وەردەگرن بۆ ڤیڤیریۆ کۆلێرا، یەعنی بۆ بەکتریاکە، هەتا ئێستا، هەتا 9/26 ئێمە هیچ حاڵەتێکی (positive)مان نە لە ئاو دا دۆزیوەتەوە، هیچ حاڵەتێکی (positive)مان لە نەخۆشخانەکان دا نەبووە، ڕۆژی 9/26 دوو نەخۆش تووشی (shock) بوون، چۆن تۆ هەست بەو وەبائە دەکەی کە بڵاو دەبێتەوە؟ یاخود بە ژمارەی، بەزیادبوونی ژمارەی سکچوون لە سەروو پێنج ساڵەوە، یەعنی خوار پێنج ساڵ زیادیش بێ موشکیلە نییە، چونکە ئەسبابی تر هەیە، سەروو پێنج ساڵ ئەگەر ژمارەی سکچوون زیادبوو، یاخود ئەگەر حاڵەتی قوڕس هەبوو، تەبعەن ئەعرازی (clinical)یش هەیە کە پیساییەکەی وەکو ئاوی برنجییە و وابێ، بەڵام ئەوەی موهیمە هەندێ نەخۆش بە شۆك دێن، یەعنی ئاویان لە جسم دا نامێنێ، هەندێکیشیان لەوانەیە گیان لە دەست بدەن، دیارە تیمەکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی زوو هەستیان بە حاڵەتەکە کردووە، جوابیان وەرگرتووە و لە 9/26 کە بەس (suspicion)ی حاڵەتەکە ئەوە بە ئەوراق لەلامە، دەتوانن هەموو داوای بکەن، لیجنەی باڵای تەندروستی لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی دا لێژنەی باڵای سکچوون کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام داوەو، ڕێ و شوێنی پێویستی گرتۆتە بەر، ڕۆژی 9/29 حاڵەتەکان لە موختەبەری مەرکەزی سلێمانی (prove) کراوە، بەڵام ئەوە زۆر پەرلەمانتاری بەڕێز ئەو سوئالەی لێ کردووم، سوئالەکەشی لە جێی خۆیەتی، دەڵێ بۆ دەینێرن بۆ بەغدا؟ ئەوە قانونی صحەی عالەمییە، ئەوە ( international health regulation)ە ، نەك بەغدا، بەغداش دەبێ بینێرێ بۆ قاهیرە، ئەوە بە پێی تەعلیماتی مونەزەمەی صحەی عالەمییە، کە ئێمە تەنسیقێکی زۆر باشمان لەگەڵی دا هەیە، دەبێ وەبائەکە لە مەرکەزەوە ئیعلان بکرێ، هەرچەند ئەوان تا ئێستا ئیعلانیان نەکردووە، بەڵام ئەوەی موهیمە کە ئێمە موختەبەراتەکانی ئێمە دڵنیای خەڵکی کوردستان دەکەمەوە، کە ئەگەر جیهازەکانمان لەوان باشتر نەبێ، لەوان خراپتر نیە، لە مستەوای ئەواندایە، هەر کە هەست کرا بە بوونی هینەکە و نەخۆشییەکە ئیعلان کرا، دیارە ئێمە زۆر کەس دەپرسێ دەڵێ بۆ لیژنەی عەمەلیاتتان نیە؟ ئێمە لیژنەی عەمەلیاتمان هەیە، لیژنەی عەمەلیاتی باڵامان هەیە لە وەزارەتی تەندروستی، کە من خۆم سەرۆکیم، هەروەها نوێنەرانی وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ناوخۆی تێدایە، ئێمە کۆبوونەوەی خۆمان کرد، هەروەها صحەی سلێمانیش کۆبوونەوەی خۆی کرد، دەستمان کردووە بە هۆشیاری تەندروستی، هۆشیاری تەندروستیمان لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە، لە ڕێگای مۆبایلەوە، لە ڕێگای مەکتەبەکان و فوتابخانەکانەوە، لە ڕێگای وەزارەتی ئەوقافەوە کە سوپاسیان دەکەم، هەموو مەلاکانی ڕۆژی هەینی، هەموو ڕێنمایی تەندروستی لە هەموو کوردستان دا بڵاو کردۆتەوە، بەڕاستی دەستخۆشیش

لەلایەنی چارەسەری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لە نەخۆشخانەی هەناوی و فێرکاری دەکەم، پزیشکە بەڕێزەکان کە توانیان لە ماوەی ئەوەی ئەو فەترەیە عیلاجێکی باشی نەخۆشەکان بکەن، زۆر نەخۆش لە مردن ڕزگار بکەن، چونکە زۆر نەخۆش دەهات ئاوی تیا نەمابوو، تووشی شۆك ببوو، بەڵام توانیان زۆربەی ئەو نەخۆشانە گیانیان ڕزگار بکەن و لە مردن ڕزگاریان بکەن، با بێین ئێمە ئەم جەلسەیە حەز دەکەم گوێم لێ بگرن بۆ ئەوەی بزانین زانستییەن تەحلیلی نەخۆشییەکە بکەین، ئایا بزانین ئەو نەخۆشییە بۆ بەرۆکی بە سلێمانی گرتووە، بەرۆکی بە سلێمانی گرتووە و بزانین هۆکارەکانی چین؟ بۆ ئەوەی کە ئێمە وەکو ڕەهەندێکی نیشتمانی لێرە بڕیار بدەین کە بودجەیەك دابنێین ئەم نەخۆشییە لە سلێمانی بنەبڕ بکەین و جارێکی تر بۆی دانەنیشینەوە، ئەم نەخۆشی یە وەکو باسمان کرد لە ڕێگای چەند ڕێگایەکەوە تووشی نەخۆشی دەبێت، ڕێگاکان یەکەمیان ئاو، دووەمیان خواردن، سێیەمیان مێش و مەگەز، چوارەمیان لە دەست و پل کە باش نەشۆرێ، تووشی نەخۆش دەبێت، تەبعەن سەرەکیترین ڕێگا ڕێگای ئاوە، ئێمە با باسی ئاوی سلێمانی بکەین، بزانین ئاوی سلێمانی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ خەڵکی سلێمانی لە کوێ ئاو دەخواتەوە؟ خەڵکی سلێمانی چوار سەرچاوەی ئاوی هەیە، سەرچاوەی یەکەم ئاوی دوکانە، سەرچاوەی دووەم ئاوی سەرچنارە، سەرچاوەی سێهەم سیانزە هەزار بیرە کە لە ژێر کۆنترۆڵی خەڵك دایە، لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت دا نیە، سەرچاوەی چوارەمیش ئاوی مەعدەنییە ئاوی بتڵە، با بێین باسی سەددی دوکان بکەین، بزانین سەددی دوکان بۆچی ئەو کێشانەی هەیە؟ کێشەکان باس بکەین، ئەوەی کە من دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە لێرە، کێشەی سەددی دوکان کێشەی پێنج مانگ لەمەو پێش و پێنج ساڵ لەمەو پێش و 10 ساڵ لەمەو پێش نیە، کێشەی ئاوی دوکان کێشەی شەست ساڵ لەمەو پێشە، کێشەیەکە کە سەددێکە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا دروست بووە، هەتا ئێستا بە پێی پێویست چەند هەنگاوێکی بۆ نەنراوە، یەکەم/ پێویستە ئەم سەددە پاك بکرێتەوە، واتا ئەو قەوزەیەی کە پێش دوو، سێ ساڵ ماسی مرد لە دوکان دا، ڕەنگی ئاوی دوکان گۆڕا، دیارە ئاوەکەیان نارد بۆ تەحلیل وتیان ئەوە مەسەلەی بیئییە، دەبێ ئەو سەددە پاك بکرێتەوە لەو قەوزانە، چونکە قەوزە میدیایەکە بۆ گەشەی بەکتریاکە، ڤیڤیریۆ کۆلێرا لە قەوزە دروست دەبێت، لە قەوزە بەخێو دەبێ، واتا لە قەوزە گەشە دەکات، دووهەم/ زۆربەی زۆری مەجارییەکانی ڕانییە و قەڵادزێ و چوارقوڕنە، بە تایبەتیش دوکان و ڕیستۆرانتەکان و شوێنە سیاحیەکان دەڕژێنە ناو ئاوی دوکانەوە، کە ئەوە کارێکی وای کردووە ئەو بەکتریایانە لەسەر ئەو میدیایانە گەشە بکەن، سێهەم/ ئەم سەددە بۆ چەند مەبەستێك بەکار دێت، تەنها بۆ مەبەستی ئاو بەکار نایێت، بۆ مەبەستی کارەبا بەکار دێت، کە لە وەرزی کەمی ئاو دا دەیگرنەوە، بۆ مەبەستی مەلە کردن بەکار دێت، کە تەنها لەم ساڵدا 11 کەس لە ئاوی دوکان دا خنکاوە، یانزە جار گرتوویانەتەوە، (shut down)ی دەکەن سەددەکە، کاتێك کە ئەم ئاوە بەردەدرێتەوە ئەو قەوزەو ئەو بۆڕییانە، ئەو قەوزەو ئەو بەکتریایانە دەمی بۆڕییەکان دەگرێت، من بۆ مێژوو دەیڵێم/ ئێمە وەکو فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بەکتریاکەمان لە ئاوی کاڵەکە دۆزیوەتەوە، بەڵام لە ئاوی تەصفیە کراوی سلێمانی بەکتریایەکەمان نەدۆزیوەتەوە، ئەو ئاوەی

**که تەصفیه کراوە، که پاك کراوەتەوە بەکتریاکەمان نەدۆزیوەتەوە، بەکتریامان له سێ شوێن دۆزیوەتەوە، لەو ئاوەی قلیاسان که ئەو شەمعەیەی قلیاسان مەفرووزە خەڵك بۆ خواردنەوە بەکاری نەهێنێ، تەنکەرەکان، ئەو شوێنی بیناو ئەوانە بەکار بهێنێ، بەڵام بەداخەوە لەوانەیە خەڵك لەوەدا هاوکاری ئێمە نەبێ، دووهەم له بیرێك دۆزیومانەتەوە له گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد، سێیەمیش له ئاوەڕۆکەی، یەعنی کاڵەکەی سەددی دوکاندا دۆزیومانەتەوە، بەڵام له ئاوی تەصفیه کراودا نەماندۆزیوەتەوە، ئەوە سەبارەت به ئاوی دوکان، سەبارەت به تۆڕی تازە، ئێستا سلێمانی، بەڵێ ئەو بیرە هی ماڵانە، ئێستا سلێمانی له 2008، تەنها سێ هەزار مەتر سێجا ئاوی پێگەشت له سەعاتێك، به هێڵی دووەمی دوکان گەیشتە 11 هەزار مەتر سێجا، باوەڕتان هەبێ من ئەو کاتە رەئیسی سەحەی سلێمانی بووم، له 2008 بۆ 2009، نیواو نیو ژمارەی سکچوون فەرقی کرد، یەعنی له 2008، 42 هەزار کەس تووشی سکچوون بوون له هاوینەکەی، له 2009 بیست و یەك هەزار تووش بوون، ئێستاش هەر ئەو ڕێژەیە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین 13 هەزار بیری سلێمانی دابخەین، چونکه له هیچ شوێنێکی کوردستان و عیراق و جیهاندا نیه، که ئاو له ژێر کۆنترۆڵی خەڵك بێ، ئەبێ ئێمە هەوڵ بدەین که سیعەی ئاوی سلێمانی زیاد بکەین، خۆشبەختانە وەزارەتی شارەوانی لەم ماوەیە هێڵی چوار هەزاریەکەی زیاد ئەبێ، هێڵی سێ هەزار مەتر زیاد ئەبێ، بەڵام ئەبێ هێڵێکی تریش زیاد بکەین، 13 هەزار بیر له سلێمانی هەیە، له دهۆك هەزار و دووسەد بیر هەیە، له هەولێر دوو هەزار بیر هەیە، ئەو مەوزوعی ئاو بەڕاستی مەسەلەی ئاوی بیر چارەسەر بکرێ، دووەم، ناقیلی دووەم، خواردنە، سەوزە، ئێمە ساڵانە مەجموعەیەك کتاب دەکەین، مەجموعەیێ نووسراو دەکەین، که ئەڵێین له سلێمانی سەوزە به ئاوی قورس ئاو دەدرێت، تا له کتابی ئەخیرمان ئەوە هەموو دۆکیومێنتەکانە پێمانە ئەڵێین، وەکو ئەو خەڵکانە نەمان ویستووە نان بڕیان بکەین، ئەوانە خەڵکی فەقیرن، جوتیارن، بەڵام دەبێ حکومەت بیریان بۆ لێ بدات، یاخود خۆیان بیرلێبدەن، کولفەی سولفەی زراعی وەربگرن، یاخود دەبێ حکومەت بیریان بۆ لێبدات، دیارە ئەو شتە نەکراوە، یەکێ لەسەرچاوەکانی تریش لەگەڵ ئاوە، سەرچاوەی سەوزەیە، که بەئاوی پیس ئاو دەدرێت، سەرچاوەکانی تریش زۆرن، وەکو مەسەلەن بەڕاستی شوێنە گشتیەکان، بەتایبەتی فوتابخانەکان، من وێنەم لایە، که بەڕاستی شوێنی ئاو خواردنەوەی خوێندکارەکان، شوێنی تەوالیتی خوێندکارەکان له ئاستی پێویست نیە، رەسمەکان هەمووی لەو دۆکیومێنتانەیە، چ ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز ئەتوانێ سەیری بکات، بۆ نموونە، ئەوەی که هەیە لێرە، ئەوەی که من باسم کرد، ئەوە سەببەبەکانیەتی، من داوا دەکەم پەله بکرێ له هەندێ پڕۆژەدا، ناکرێ من بڵێم ئێستا با پەرلەمان ملیارێ دۆلار دابنێ، تەسفیەی هەرچی مەجاری کوردستانە بیکات، چونکه مەجاری ڕانیەو قەڵادزێ و ئەوانە ئەچێتەوە ناو ئاوی دوکان، به هەمان شێوە مەجاری سلێمانیش ئەچێتەوە دەربەندیخان، یەعنی ئەبێ ئێمە ئەوەش حەل بکەین، ئەچێتەوە چەمی تانجەرۆ، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم که ئەم پەرلەمانە بەڕێزە و سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت، گوایە بڕیاریان داوە که ساڵانە بودجەیەك دابندرێت، ئێستا ئەو مەجاریەی دوکان شەریکەیەکی ئیتاڵی دیزاینەکەی تەواو کراوە،**

بەو هیوایەی کە بخرێتە بەرنامەوە، کە بەزووترین کات جێبەجێ بکرێ، هەندێ ڕۆتین هەیە بەڕێزان، ئێمە لە وەزارەتی تەندروستی و لە وەزارەتی شارەوانیش لەبوونی هەندێ ڕۆتین ئەناڵێنین، چەند شەریکەیەکی عالەمی هەیە کلۆر ئەکڕێ، ناکرێ من کلۆر بخەمە تەندەرەوە سینیم بۆ بێنن، ناکرێ من دەرمانی سەرەتان، مەسەلەن دەرمان هەیە یەك شەریکە دروستی ئەکات، ناکرێ من بیخەمە تەندەرەوە، یەعنی ئەبێ هەندێ ڕێنمایی هەیە، هەندێ شتی تایبەت هەیە، دروست کردنی خەستەخانەی گەورە، دروست کردنی مەجاری گەورە، کڕینی کلۆر، کڕینی دەرمانی سەرەتانی، ئەمانە هەنێ ڕێنمایی تایبەتی هەبێ، مەسەلەن دەرمان هەیە بەس شەریکەی ڕۆچ دروستی ئەکات، ئێ چۆن ئەمە بخەمە تەندەرەوە، لەبەر ئەوە هەندێ گیر و گرفتی ڕۆتین هەیە، هەندێ گیرو گرفتی بودجە هەیە، بەلاَم ئەوەی کە من ئەمەوێ لێرە باسی بکەم، ئەو کێشانە ئێستا پارێزگای سلێمانی دەستی پێکردووە، سەوزەی مەنع کردووە، مەسەلەن خواردنی دەست گێڕی مەنع کردووە، وەلەو ئەبێ حەلێکیش بۆ ئەوان بدۆزرێتەوە، ئەوانە خەڵکی هەژارن، من شەوانە تەلەفونم بۆ ئەکەن یەعنی بەزەیم پێیاندا دێتەوە، ئەڵێن کاك دکتۆر ئەم وەزعە تاکەی بەردەوام دەبێ، ئەوانیش خاوەن مناڵن، بەلاَم ئەبێ حەلێکیان بۆ بدۆزرێتەوە، بەشێوەیەك لە شێوەکان گرنگی بە تەندروستی بدرێ، شوێنێکی تایبەتیان بۆ دروست بکرێ، هەروەها دەبێ بۆ ئەو سەوزانەش بە ئاوی بیر ئاو بدرێ، ئێستا لە هەولێر لە شوێنێك لە تورەق بیرێکیان بۆ لێداون، ئەمان هەر ئەو ئاوەی تر بەکاردەهێنن، یەعنی من داوا لە هاووڵاتیانیش دەکەم ئەمە تەندروستی خۆیانە، ئەبێ پابەند بن پێوەی، زۆر سوپاستان دەکەم، ئامادەم بۆ هەموو پرسیارێك.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش جەنابی وەزیری تەندروستی، جەنابی وەزیری شارەوانی قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، موحاوەلە دەکەم تەرکیز تەنها لەسەر ئەو خاڵانە بکەم، چونکە بە سوپاسەوە پێشتر دەرفەتتان پێداین کە کۆمەڵێك بابەت بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەست بووە بە کارەکانی شارەوانی، لە زمنی ئەوانەشدا پرۆژەکانی ئاو وئاوەڕۆ و ئەمانە بوونە، سوپاس بۆ برای بەڕێزم کاك د.ڕێکەوت، کۆمەڵێك لە پرۆژەی ئێمەی باس کرد، ئەویش هەر باشە، بۆ ئێمەی لە وەقت کەم کردەوە، بەڕێزان، من دوو تێبینی بچووکم لەسەر ڕاپۆرتی بەڕێزان ئەندامان یاخود بابڵێین لیژنەی تەندروستی هەیە، ئەوەی یەکەمی کە بانگهێشتی برادەرانی ئێمەی کردبوو بۆ لیژنەکە، بەڕاستی برادەران ئامادەش بوون، حازر بوون، ئەو ڕۆژەی کە قەرار بوو بێینە ئێرە ڕۆژی دواتر قەرار بوو من بێمە ئێرە، لە پەیوەندیەکیاندا من دەقیق نازانم، خەبەری منیاندا پەیوەندی لەگەڵ ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان کردووە، پێیانی گوتووە کاکە مادام بەیانی وەزیر دێت، ئەمڕۆ پێویست ناکات ئێوە بێن، هەقیقەتەن فەقەت لەسەر ئەوەبوو، ئەگینا هیچ شتێکی تر لە ئارادا نەبووە، حازریش بووینە، هەموو تەقاریر و شتەکانی

خۆشیان ئامادە کردبوو، کەوا بێن لە بەردەمی لێژنە بیخەنە ڕوو، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کەوا ڕۆژی دواتر وەزیر دێتە ئێرە هەمان پرسیاری لێ دەکرێتەوە، گوتمان کاکە ئەوەی لیژنە ڕەنگە پێویست نەکات، ئێمە هەمووکات ئامادەین و بەهەر حاڵ هەر کاتێکیش پێویست بکات، خۆشمان و برادەرانیش بێینەوە خزمەتتان، لە ئاماژەیەکدا تەئکید لە پیس بوونی ئاوی دوکان دەکات، تەبیعی من دەمەوێ پێش وەقت هەر چەندە کاک دکتۆر ڕوونی کردەوە، ئاوی دوکان وەکو سەد، یان ئاوی دوکان وەکو پرۆژەی ئاو، بەڕێزان لە هیچ شوێنێك لە کوردستان و ڕەنگە لە زۆر جێگا لە دونیاشدا نەبێ، ئاوێکی پاك نەکراوەی خاوێن لە هەموو میکرۆبێك و بەکتریایەك ڕاستەوخۆ بۆ خواردنەوە بشێت، هیچ شتێکی تازە نیە کە بگوترێت ئاوی دەریاچەی دوکان یان هی زێی فلانی، ئەم زێیە یان ئەو زێیە و ئەو دەریاچەیە پیسە، ئاوی دەریاچە بۆیە تەسفیە دەکرێت، بۆیە مەحەتاتی تەسفیەی دادەندرێت، بۆیە ئەم پرۆژە زەخمانەی لەسەر دروست دەکرێت، سەدان ملیۆن دۆلاری لێ سەرف دەکرێت، چونکە ئاوەکە پیسە، خۆ ئەگەر ئاوەکە ڕاستەوخۆ شیاوبێ بۆ خواردنەوە، ئەوە موزەخەیەکی دەوێت، لەگەڵ پایپینگی ئەو مەشروعەی کە بە دووسەد ملیۆن دۆلار دەکرێت، بە بیست ملیۆن دۆلار دێت و پایپینگی بۆ دەکرێت و دەگاتە شارەکان، بەڵام ئایا دۆزینەوەی میکرۆب لە حەوزدا، لە حەوزێکی پێشی ئەوەی ئاو بێتە ناو ئینتێگەکەو مەراحلی تەسفیە ببڕێت قیاسە بۆ پاکی ئاو، یاخود دوای ئەوەی کە ئاوەکە لە مەسفا دەدەچێت، لە مەحەتاتی تری پێشی بگاتە ماڵان، هەموو موستەمسەکاتێك لەبەر دەست دان، بەڕێز جەنابی وەزیری تەندروستیش ئاماژەی پێکرد کە هیچ بەڵگەیەکی سەلماندنی پیس بوونی ئاوی دابەش کردن کە لە لایەن پرۆژەکانی حکومەتەوە ئەوانەی کە لە لایەن وەزارەتی شارەوانیەوە دروست کراوە، ئیدارە دەکرێت و دابەش دەکرێت، سەلماندنی هەبوونی بەکتریایەك کە خۆت سەبەبێك و هۆکارێکی ئەم نەخۆشیە نەوەك سەرچاوەکانی پێش تەسفیە، بەڵام هی دوای تەسفیەدا نیە، ئەو نموونانەی کەوا باس کران، ئەو ڕێژەی کەوا تێدا هەیە، نموونەکان کەمن، 74 نموونە ئەوە هی تەندروستین، تەبیعی هی شارەوانی لە 200 بەسەرەوەن، یەعنی هیچ جارێك کە نموونە وەرگیراون، لە 200 نموونە کەمتر وەرنەگیراون لە لای ئێمە بۆ تێست کردن، لەسەر کوالیتی کلۆر، ئەمە ببورن جەواب نینە، چونکە بۆ بەرچاو ڕوونیە، دەبێ ئیجازەم بدەن، ئەمە تێستی کلۆرە لە لایەن کوالیتی کۆنترۆڵ و لە لایەن موختەبەری مەعنیەوە، کەوا ڕێژەی خەستی کلۆر بەپێی ستاندارد دەبێ لە 99٪ بەسەرەوە بێ، ئەم کلۆرەی کەوا ئێمە بەکاری دێنین بەپێی فەحسی موختەبەری 99,92٪، واتە پۆینت هەشتی کەمترە لە سەددا سەد، کە ئەمە لە سەرووی ئەم ڕێژەوەیە، کە مەقبولە، نەتیجەی موختەبەرەکەش وازحەو، شوێنەکەش دیارە کەوا تێستەکەی لێ کراوە، ئەوەی کەوا گرنگی بە کوالیتی نەدرابێ، ئێمە هەر بۆ ڕوون کردنەوەیە، بۆ ئەوەی بەڕێزان لیژنەی تەندروستی دڵنیا بن لەوە، دێمە سەر ئەوەی کەوا کێشەکان ئەو کێشەیەی کەوا ڕوویدا بەنیسبەتی ئێمەوە دوو بابەت و دوو لایەن دەگرێتەوە، گرفتێکی ستراتیژی درێژ خایەنە، لە مێژینەی هۆکارەکانە، وەکو بەڕێز وەزیری تەندروستی ئاماژەی پێی کرد، ئینجا نەبوونی یەکەمین جار من لەوە باس دەکەم، کە نەبوونی تۆڕی ئاوەڕۆ و مەحەتاتی تەسفیەو موعالەجەی

ئاوەڕۆیەکانە لە زۆربەی زۆری شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، کە ئەویش بەڕاستی ئەو ڕۆژەش ئاماژەم پێی کرد، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمانە پڕۆژەی گەورەن پڕۆژەی درێژخایەنن، پڕۆژەی ستراتیژین لەڕووی دارایشەوە هەقیقەتەن پڕۆژەی زۆر گەورەن، ئێستا بۆ نموونە، پڕۆژەی ئاوی شاری هەولێر کە هەموو شتێکی حازرە و دیزاینی تەواو بووە، لە گفتوگۆ داین لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵك، هەتا ئەگەر بەشێوەی (P.P.P) ش بۆمان بکات، واتە بە پارەی کەرتی تایبەت بەشداری تێدا بکرێت، ئینجا بە هەموو پێوەرێك سەرووی یەك ملیار دۆلار پێویستە تەنها بۆ پڕۆژەی ئاوەڕۆی شاری هەولێر، مەحەتاتی موعالەجەی ئاوەڕۆیەکانی شاری سلێمانی، کە شەبەکەی هەیە، تۆڕی ئاوی هەیە، بەلاَم مەحەتاتی موعالەجەی بۆ ئەوەی ئەو مەحەتاتانە تەسفیە بکرێن و نەگەنە دەریاچەی دەربەندیخان و نەچنەوە تانجەڕۆ، پێویستی بە سەرووی چوارسەد ملیۆن دۆلارەوە هەیە بۆ موعالەجە کردنی، بۆ ئەوەی تەواو هیشکەڕوویی ناو دهۆك کە بەناو جەرگەی شاردا دەڕوات، یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە ڕەنگە تاوەکو ئێستا گرفتی تەندروستی وا بەرچاوی لێ نەکەوتبێتەوە، بەلاَم مەترسی لێ دەکرێت زیاتر لە چوارسەد ملیۆن دۆلاری دەوێت، هەتاوەکو ئێستا تەنها هەر سێ شارە گەورەکە، چارەسەرکردنی گرفتی ئاوەڕۆ، ئێمە پێویستیمان بە نزیکەی دوو ملیار دۆلار هەیە، لە حاڵەتێکدا کەوا بودجەی وەبەرهێنانی حکومەت لەم ساڵە، لەم دووساڵەی کۆتایش، گەیشتۆتە سێ ملیار دۆلار، ئەگەرنا بەدرێژای تەمەنی ئەم حکومەتە مومکین نەبووە، کە ئەمە تەنها بۆ کەرتێك بۆ بەشێکی کاری وەزارەتێك تەرخان بکرێت، ئەی ئەم هەموو بوارەکانی تر، کە من تەئکیدم هەر یەکێك لە وەزیرە بەڕێزەکان زەرورەتی خۆی بخاتەڕوو، ئەگەرنا درك کردن بە موشکیلەکە هەیە، کارکردنی بۆ هەیە، پلانی بۆ دانراوە، بەشێکی زۆری بۆ دیزاین کراوە، دیزاینەکانیش ئامادەن، هەقیقەتەکە گرفتی چارەسەر نەکردنی نەلە کەمتەرخمیە، نە لەوەیە کەوا کەس بۆی نەچووبێت کەوا لە تەشخیسی گرفتەکە، نەلە ئەوەیە کە بەهەند وەرنەگیرابێ، بەڵکو تەنهاو تەنها لەوەیە کە ئەمانە پڕۆژەی گەورەن لە ڕووی داراییەوە، تەبیعی بە هاوشێوەی ئەمانە پڕۆژەی وا گەورەی پێویستی دابین کردنی ئاو هەبووە، ڕاستە ئاوەڕۆ مەترسیەکی زۆر گەورەی هەیە، وەکو قومبەلەیەکی تەوقیق کراوە، هەرکاتێك کەوا گرفت دروست بکات، گرفتێکی زۆر گەورەی لێ دروست دەبێ، بەلاَم لە ڕیزبەندیش دابین کردنی ئاوی خواردنەوە لە پێشەوە بووە، بەلاَم ئەو قەدەرەی کەوا من باسم کرد لە مەبلەغەکان، شتێك کەمتر لەوە مەبالغی قورس تەرخان کراون، بۆ ئەوەی کەوا کێشەی کەم ئاوی نەهێڵدرێت، یاخود ئاو لە ئاستێکی وا کەوا بگاتە شارو شارۆچکەکان، ئەوەی تر کێشەی ئێستایە، ئەوەی کە ئێستا لەم حاڵەتە ڕوویداوە، بەشێوەیەکی گشتی من باسم کرد، کێشەی ئاوەڕۆیەکانە، سەرچاوەکانی ئاوە بەرلە تەسفیە، بەلاَم لە بەرامبەردا چی کراوە؟، من دووپات دەکەمەوە، هەموو مەحەتاتی ئاوی ئێمە بە هەموو ئەو پێوەرانەی کەوا لەبەردەست دان، هەموو ئەو تێستانەی کەوا کراون، بەڕێزان، تێستەکانی موختەبەری ئاو بۆ پڕۆژەکانی ئاو لە دوای سەرهەڵدانی سکچوونەوە نەبوونە، بەردەوام ئەو تێستانە هەن، سجلاتیش مەوجودن لە هەموو ساڵێك و لە هەموو مانگێك، مانگانە لە ڕۆژێکدا بۆ چەندجارێك تێستی هەموو سەرچاوەکان و مەحەتاتی ئاو دەکرێتەوە،

هەمووی بە موستەمسەك و بە تەقارير لە بەردەست دان، هەندێکیش بە وێنە لەبەردەست دایە کەوا هی ئەم کاتەش نیە، ڕەنگە هی سەردەمێکی ترە، ئەمە نەگیراوە، ئەمە وێنەی کارمەندێکی وەزارەتی شارەوانیە، هی ئاوە، کەوا فەحسی ئاوی تانکەرێك دەکات لەو شوێنەی کەوا بە ڕەسمی ئاوی تانکەر بۆ ماڵان دەگوازرێتەوە، نەوەك لەو شوێنەی کەوا خەڵك بۆخۆی بچێت بێ مۆڵەت ئاو بگوازێتەوە، چونکە هەندێك گەڕەك کێشەی ئەوەیان هەیە، گرفتی نەبوونی تۆڕەکانی ئاو، حکومەت بە فەرمی بەهۆی تانکەری ئاوەوە ئاوی بۆ گواستوونەتەوە، ئەمەشی مەحەتاتی ترە، بۆ ئەوەی زۆر کات لە بەرێزتان نەگرم، هەروەها چاودێری کردنی ئەو بیرانەی کەوا بیری ڕەسمین لە ئیدارەی حکومەت دان، حکومەت خۆی ئیدارەی دەکات، ڕۆژانە تێستی هەبوونی کلۆری تێدا دەکرێت، کەوا بەڕێزانی لیژنەی تەندروستی و بەڕێز جەنابی وەزیری تەندروستیش دەزانێت، تەنها بەرەنگاربوونەوەی هۆکارەکانی بلاْوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە، کلۆرە، واتە هەر ئاوێك ڕێژەی پێویستی کلۆری تێدا هەبێ، ئەگەری تووش بوون و گواستنەوەی هۆکاری نەخۆشی کۆلێرای تێدا نامێنێت، ئەم تێستانەش ڕۆژانە کراون، وەکو پێم گوتن مانگانەش کراون، بە ساڵ و بە شەش مانگیش سجلاتەکان لەبەردەست دان، نازانم بەڕێزانی لیژنەی تەندروستی سەیریان کردووە، ئەگەرنا لە کاتێکی تر ئێمە حازرین هەموو سجلەکان بێنینە بەردەستیان، کەوا لە زۆرترین حاڵەتدا مانگی وا هەبووە کەوا ڕێژەی کەم کلۆری لەسەر ئاستی پارێزگا بەشێوەیەکی کەم، بەشێوەیەکی عام لە 1٪ش کەمتر بووە، یەعنی کێشەی کەم کلۆری ئەم سەمپلانەی کە وەرگیراون لە سەد سەمپڵ، کەمتر لە یەك پۆینت حەوتیشمان هەیە، کەوا لەوەی بابڵێین ڕێژەی وەکو پێویست کلۆری تێدانەبوو بێ، بۆ ئەم حاڵەتەش چی کراوە دەم و دەست لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم وەزعیەتەی کەواهەیە، تیمەکانی ئێمە بە هاوشان لەگەڵ تیمەکانی وەزارەتی تەندروستی بە دانانی ژوورێکی عەمەلیاتی بەردەوام بۆ چاودێری کردنی ئەم بابەتە، کۆبوونەوەی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی تەندروستی و ئێمەو پارێزگاری سلێمانی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پارێزگای سلێمانی ئەنجام درا، ڕاستەوخۆ ئێمە دەستمان کرد بە سەردانی مەیدانی بۆ شوێنەکان، بۆ ئەو شوێنانەی دڵنیابوون لە سەرچاوەکانی ئاو، چۆنیەتی موعالەجە کردنی، هەر بۆ تەئکید کردنەوە لە جەنابتان، ئەو ئەگەرەی کەوا هەیە، تەبیعی کەوا پتر باسی ئاوی دوکان دەکرێت، ئاوی دوکان پتر لە 700 هەزار هەتا 800 هەزار کەس، ئاوی دوکان بەکاردەهێنێت، ئەگەر خوانەخواستە سەرچاوەی ئاوی دوکان ببێتە ئەو سەرچاوە پیسە، ڕەنگە بە سەدان هەزار، یان بە دەیان هەزار خەڵك تووشی ئەم نەخۆشیە ببێت، خۆشبەختانە عەمدەن ئیلا لەسەر ئەوەیە هەم ئەو بلاْوبوونەوەیە ئەوە نیشان نادات، کەوا ئاوی دوکان پیس بووبێ، چونکە لە سێ جێگاوە تەدقیقی ئەم پاك کردنەوە دەکرێت، خۆی لەو شوێنەی کەوا دەست بە تەسفیە دەکرێت، سەمپڵ وەردەگیرێت، تەئکیدی پاك کردنی دەکرێت، لە تاسلوجە لە ڕێگا لە مەحەتە، دووبارە تەئکید دەکرێتەوە، نەبادا دابەزینی ڕێژەی کلۆر لەم مەسافەیە ببێتە ئەگەری ئەوەی کەوا دووبارە ئاوەکە موعەرەز بێ بۆ پیس بوونەوە، لەوێش دیسان سەمپڵ وەردەگیرێتەوە، لە گردی جۆگەش لە سلێمانی، پێش ئەوەی کەوا ئاوی دوکان دابەش بکرێت، دیسان لەوێش سەمپڵ وەردەگیرێتەوە،

من دڵنیاتان دەکەمەوە خەڵکی خۆشەویستی شاری سلێمانیش دڵنیا دەکەمەوە، لە هیچ یەکێك لەم مەحەتانە هیچ موئەشرێکی پۆزەتیف لەسەر هەبوونی هۆکاری نەخۆشی کۆلێراو سکچوون لە هیچ یەکێك لەم مەحەتانەدا نیە، ئاوی سەرچنار ئەویش خۆشبەختانە ئەسڵەن کەمتر موعەرەزە بۆ ئەم وەزعە، هەروەها بەڵگەی تریش لەسەر خاوێنی، دوای موعالەجە کردنی ئاوی دوکان، ئەوەیە کەوا ئاوی دوکان بۆ کۆمەڵێك شوێنی دەوروبەری سلێمانی بۆ یەکێك لەوانە چەمچەماڵ و چەند شوێنی تریش کە ڕەنگە ئیشارەتی پێدەکەم دەگوازرێتەوە، خۆشبەختانە هەتاوەکو ئێستا هیچ موئەشرێکی هەبوونی نەخۆشی لەو ناوچانەدا هەر نیە، هیچ حاڵەتێکی پۆزەتیف تەشخیس نەکراوە، کەواتە سەرچاوەی ئاوەکان لە ئەساسدا سەلامەتن، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنیە کەوا تۆڕەکانی ئاو هیچ گرفتی نەبێت، ئەگەری تێکەڵ بوونی ئاو لە شەبەکاتی ناوخۆ هیچ گرفتی نەبێت، کەوا گرفت لەو بیرانە نەبێت، ئەوانەی کە لە کۆنترۆڵی خەڵك دانین، خەڵك بۆخۆی لەناو ماڵی خۆیدا بیری هەڵکەندووە، لەگەڵ هەموو هۆکارەکانی تری کەوا برای بەڕێزم کاك د.ڕێکەوت ئاماژەی پێی کرد، هەنگاوەکانی ئێمە چی بوون؟، دووبارە تەئکید کردنەوەو تەرکیز کردن لەسەر ئەم خاڵی بەکارهێنانی کلۆر، دڵنیا بوون لەوەی کەوا بەڕێژەی کلۆری باشەوە ئاو دەگاتە ناو تۆڕەکانی ئاو، ئیعلان کردنی ژمارەی کراوەی تەلەفۆن، تەفعیل کردنی تیمەکان بۆ ئەوەی هەر هاووڵاتیەك و هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن، هەر موئەسەسەیەك و هەر کەسێك لە شوێنێك، لە کۆڵانێك لە جێگایەك، چونکە بەڕێزان تۆڕی ئاو شتێکی شاراوەیە، مومکین نیە هیچ قودرەتێك هەبێ هەموو تۆڕەکانی ئاو لە یەك دەقیقەدا دڵنیابێ لەوەی کەوا تۆڕی ئاو هەیە ڕەنگە 20 ساڵ، 30ساڵ، 40 ساڵ لەمەو پێش لەژێر ئەرزا دانراوە و ڕەنگە تووشی تێکچوون هاتبێت، لە بەرامبەردا پرۆسەی نوێ کردنەوەی ئەو تۆڕانە، وەگۆڕینی ئەم تۆڕانە بەردەوامە، بەشێکی لە بەرنامەی من بووم بۆ جەنابتانم خستەڕوو، ئێستا لەژێر جێبەجێ کردن دایە، بەشێکی زۆری تۆڕە کۆنەکانی هی ئاو، دابەش کردنی ئاو لەناو شاری سلێمانی، لە بەرنامەی پرۆژەی کە بە کۆمپانیای کۆری دراوە، لەسەر قەرزی (جایکای) یابانی، کە ئەو ڕۆژە خستمەڕوو، هی تۆڕەکانیش لەوێدا موعالەجە دەبێ، ئەو شوێنانەی کەوا لە ئەساسدا تۆڕی ئاویان نیە، ئەوانەش هەندێکیان لە پلان دان، هەندێکیش لە ژێر جێبەجێ کردندان، ئێستا جێبەجێ دەکرێن، من بۆ ئەوەی نەڵێن زۆرترین وەقت ئێمە بردمان، ئەمە هەر بۆ بەرچاوڕوونی هەنگاوەکانی ئێمە بووە، لەسەر ئەو هەنگاوانەی بۆ دڵنیابوون لە وەزعی ئاو، تەسەور دەکەم زۆربەی زۆری بابەتەکانی تر لە پرسیارەکاندا هاتوون، بۆ ئەوەی منیش تووشی دووبارە بوونەوە نەبم لە وەڵامی پرسیارەکاندا بۆ بەڕێزتان دەخەمەڕوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، ئێستاش دەست پێدەکەین بە پرسیاری پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، کاك جمال طاهر، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەكەم ئەوە بوو، تەقریبەن جوابەكەم وەرگیرا، بۆچی كۆلێرا هەمووجارێ لە شاری سلێمانی دەست پێشخەر دەبێ؟، پرسیارەكەم ئەوە بوو، ماوە بەماوە دەست پێ دەكات لەوێ دیار دەبێ، بەرنامەیان چیە بۆ چارەسەر كردن؟، هەر ئەوە، تەقریبەن وەڵامەكەم وەرگیرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی و وەزیری شارەوانی دەكەم، من بەهەقیقەت پرسیارێكم هەیە بۆ د.ڕێكەوت و پرسیارێكیشم هەیە بۆ كاك دڵشاد، كاك دكتۆر گیان سوئالێكم پرسیە، نسبەتی تووشبووانی نەخۆشی كۆلێرا، ڕێژەی لە خێزانەكان، یەعنی ئەوانەی كە تووش بووینە یەك خێزانن؟، یان یەك گەڕەكن و یەك محەلەن؟، مەبەستیشم هەیە لەو سوئالەی كە لە جەنابت دەپرسم، جوابەكە ئەگەر جەنابی جواب بداتەوە.

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید / وەزیری تەندروستی:**

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

فیعلەن ئەو سوئالە، سوئالێكی زانستیە لە تێرمی زانستی پێی دەڵێن (كلەستەری) یەعنی تۆ خەریتەی شارەكە ئەهێنیت، لە ئازادیە لە تووی مەلیكە، لە گەڕەكێكە بۆ ئەوەی بزانی تۆڕی ئاو تێكەڵ بە زێراب نەبووە، ئەوەی كە ئێمە دیومانە نەخێر هیچیان لەیەك خێزان نین، هیچیشیان لە شوێنێكەوە نەمردوون، گەڕەك هەیە لە گەڕەك زیاترە، بەڵام بەعام بەسەر گەڕەكانی سلێمانی تەوزیع بوون، زۆربەشیان ئەو گەڕەكانەیە بڵێین گەڕەكە هەژار نشینەكان، وەكو ئازادی و كانی كوردەو هەواری شارو ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاست دەكەم، بەڕێز كاك دڵشاد میكانیزمی فەحسی ئاوم لە جەنابت پرسی، ئەوەی كە شەرحت كرد جەنابت، جوزئەك بوو لە وەڵامی سوئالەكە، من هەر وەكو بەخۆت دەزانی موهەندسە بووم لە مەشاریعی فەحسی ئاو، كە بە كلۆر دەكرا لە مەشروع، ئەوەی كە جەنابتان ئیستیعمالی دەكەن مەسحوقە، پێشان بە

غاز تەعقیم دەکرا، غازەکە زۆر تەئسیری زیاتر بوو، ئەو غازە لە سەدەی هیندیە دەهات، لە مەشروع دەدرا بۆڕی ئاو، بەڵام مەبەست لە فەحس کردن بە تەنیا لەناو مەشروع نیە، جەنابت هەتا سەیتەرەی لەسەر نیسبەتی کلۆر لەناو بۆڕی ئاوی مەشروع بکەی، دەبێ ڕێژەی فەحس کردنی ئەو ئاوە، لە مەشروع بێ کە تۆ کۆنترۆڵی لەسەر دەکەی، لە بۆڕیەکەی بێ کە دەگاتە پێش ماڵەکە، کە لەماڵەکە دەچێتە ژووری، ئەگەر بۆڕی ئەو ماڵە شکابێ ئەوە عاید بەخۆیانە، ئەگەر بۆڕیەکە تەلەوسی هەبێ، ئەوە لە یەکەم تاپی کەلەناو ماڵەکەیە دیار دەبێ کە نیسبەتی کلۆری چەندەو چەندی تێدایە، بۆیە دەبێ میکانیزمی فەحسی ئاو بە تەنیا لەمەشروعەکان نەبێ  و بەتەنیا لە تانکەرەکان نەبێ، ئێمە خۆمان لە تەلەوس ئیشمان کردووە، لە بێ ئاوی ئیشمان کردووە، لە ئاو بڕینی ئیفراز ئیشمان کردووە، هەموو رۆژێ من خۆم بەسەر دەکەتم تانکەرمان فەحس دەکرد، چونکە ئەو تانکەرەش ئیحتیمالی هەیە موعەرەزی پیس بوونی لێ هەبێ، ئەوە هەموو سەرچاوەیە، بێ لەوەی تۆ شەش مەسدەری ئاوی جیاوازت هەیە، بیری ماڵانە، مەشروعی ئاوە، بوتلە، سەرشانی ژنانە، ئەوەی کە ئاوی پێ نەقل دەکەن، ئەوانە هەموو سەرچاوەن، بەڕێز کاك دڵشاد ئێستا لە عالەم شتەکی بەکاردەهێنن بۆ کلۆر، ئۆزۆنی پێ دەرێن(o3) ئۆکسجین، ئەوە نەئیختیراعە، نەشتێکی زۆر موهیمە، نەبە کولفەکی زۆر دێت، لە هەموو دونیا ئێستا ئاو بە کلۆر تەعقیم ناکرێ، ئاو بە ئۆزۆن تەعقیم دەکرێت، ئۆ سری، دوو ئاسیرەی ئۆکسجین لێك دەدات دەبێتە (o3)، عاملەکی زۆر موهیمە، نەوەت ونۆ پۆینت نەوەت و نۆ، میکرۆبی دەکوژی لەناو ئاو، ئەوە بەمۆلیداتی زۆر ساکار دەکرێ، ئەو مۆلیدانە دێ هەر لە هەوا جەنابت ئەگەر ئۆکسجینەکەی وەربگری، میکانیزمی ئەوەی کە بدەیە مەشروعی ئاو، کۆنترۆڵەکی زۆر چاك لەسەر کوشتی هەموو نەوعە میکرۆباتەکی دەکەی، چونکە بە گوێرەی ( جۆینت مۆنیتەری پرۆگرام) ئەوەی کە لە (یونیسیف و دەبلیو ئیچ ئۆ) دەکرێ، هەشت سەد منداڵ لە سەعاتێك دەمرێ لە عالەم بە نیسبەت تەلەوس، ئینجا بەنیسبەتی کۆلێرابێ یان بە میکرۆبەکی تر، لە هەموو دونیا ئێستا ئۆزۆن بەکاردێت، شەکم نیە لە کەفائەتی جەنابت و لە دڵسۆزیت، حەز دەکەم تۆ دەست پێشخەر بی لە هێنانی ئەو شێوازە نوێیە تەعقیمە، بۆ هەموو شارەکانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ تێبینیەکانی ئاهەنگ خان، من لە پرسیارێکی تر کەوا بەشێوازێکی تر کراوە، بەداخەوە لە پرسیارکەی ئاهەنگ خان نەهاتبوو کەوا شێوازی تری پێویست چین، بەڵام لە پرسیارێکی تر وەڵامەکە حازر کراوە، لەسەر ئەوەی کەوا چەند خەتەواتێکی تر و یان چەند شێوازێکی تر لەوێدا تیمەکانی فەنی ئێمە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە، تەنانەت ناوی ئەو وڵاتە گەورانەشیان بەنموونە هێناوە، تاوەکو ئەوەی تائێستا کلۆر بەکاردێنن، ئەکید لە بەشێکیشیاندا ئۆزۆن بەکاردێت، کامەشی زیاترەو کەمترە بەڕاستی ئێمە

ئەو بەراوردەشمان نەکردووە، بەلاَم هەردووکیان جەنابیشت دەزانی شێوازی کاریگەرن، من ناتوانم فەنیەن حوکمی ئەوە بکەم، هەقیقەتەن کامەی کاریگەری زۆر تر دەبێ، لەبەر ئەوە من سوود لە تێبینیەکانی ئاهەنگ خان وەردەگرم، ئەوەی کە لەسەر ئۆزۆن و کلۆر هەیە، سەبارەت بە میکانیزمی فەحسی ئاو بەشێوەیەکی گشتی لەلای ئێمە لە تاقیگە هەن، لە ئاوی هەولێر و دەوروربەری هەولێر، ئاوی سلێمانی و دەوروبەری سلێمانی کە هەیە، بابڵێین سنووری ئیدارەی گەرمیان و سلێمانی دەگرێتەوە، ئاوی دهۆك و دەوروبەریش، بەردەوام پشکنین بۆ پرۆژەکان و بیرەکان و تەنانەت ماڵەکانیش ئەنجام دەدرێت، لە هەر هەموو کاتژمێرێکدا پشکنین بۆ پرۆژەکان دەکرێت، بەتایبەتی شیکاری ڕێژەی کلۆر و (p.h) و گەیاندنی کارەبایی و پشکنینی شلەیەتی ئاوەکەش ئەنجام دەدرێت، هەروەها بەلایەنی کەم هەفتەی جارێك پشکنین بۆ بیرەکان ئەنجام دەدرێت بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو، بەلاَم ئەگەر حاڵەتی پیس بوون ڕوویدا لەهەرە شوێنێك، بەدواداچوون لەسەر شوێنەکە دەکرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەردەوام تاقیگەی ناوەندنی تەندروستیش جگە لەتاقیگەکانی ئێمە، تاقیگەی ناوەندی تەندروستی چاودێرن لەسەر تاقیگەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاو، ئەوانیش دێنەوە جارێکی تر تەدقیقی نەتائیجی فەحسەکانی ئێمە دەکەنەوە، هەم بە وەرگرتنی سەمپلەکانی ئێمە، هەم بە پێداچوونەوەی ئەو سجلاتانەی کەوا لەوێ هەن، ئەنجامی گشت پشکنینەکان تاوەکو ئێستا لەسەرتا سەری ئەوانەی کە پشکنین دەکرێ، بە گوێرەی ستاندەرداتی عیراقیە، بە گوێرەی ئەوەی کە وا لە (w.h.o) پەسەند کراون، هاوپێچی ئەو ڕاپۆرتانەش ئەو دەرئەنجامانە یاخود ئەو ڕاپۆرتانەن هەتاوەکو ئێستا ئەو فەحسانەی کەوا کراون، لە هیچ یەکێك لە سەرچاوەکانی ئاو هەبوونی (v.c) نێگەتیڤی پێشان نەداوە لە هیچ یەکێك لەو شوێنانە، وەکو پێشتریش ڕوونم کردەوە، ئەو پشکنینانەی کەوا لە مانگی یەکی ساڵی 2012 هەتاوەکو مانگی 9 ی ساڵی 2012 بۆ ئەو سەرچاوانە یاخود ئەو پرۆژانە کراون، هەمووی لەبەر دەستدان، لە کۆی هەزارو هەشت سەدو شەست و هەشت نموونەی وەرگیراو، ڕێژەی پیس بوون یاخود ئەوەی کەوا مەرجی تەواوی تێدا نەبێ لە 1٪ ە، واتە 0.7 ، پۆینت ئەو حەوتە، لەوەی کەوا کەمتر لە 1٪یە، تەبیعی دەبێ کار بکرێت بۆ ئەوەی ئەم ڕێژەیەش نەبێت، بەلاَم بە هەموو پێوەرەکان ئەمە ڕێژەیەکی مەترسیدار نیە، لەوەی کەوا مەترسی لێ بکرێت، لەگەڵ دووپاتی ئەوەی من تێبینیەکەی ئاهەنگ خان بەهەند وەردەگرم، دیراسەشی لەسەر دەکەین، هەرچی لە توانای ئێمەدا بێت درێغی لێ ناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

بەڕێز وەزیری شارەوانی مەبەست لە کۆڵێراو تەعقیمی ئاو، ناوی فەحسمان هێنا ئەمڕۆ، چۆن ڕێنمایی دەدەمە هاوولاَتی، من کە فەحسی ئاو دەکەم لە بەلۆعەکەی کە ئاو چوویتە ناوی، خاوێنە، بەلاَم لەناو

بەلۆعەی ژووریّ خاوێن نیە، دەڵێم دایە گیان ماڵی خۆت بۆڕیەك شكایە، خۆی هۆشیاری بەوە ناكریّ بلێی ئەوەی مەخۆ و ئەوەی مەكەو مەچووە ئەویّ، میكانیزمی فەحس دائیمەن ئیتمیئنانەكە بۆ بەشەری، هەروەكو جیهازی زەخت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من چوار پرسیارم هەیە، بەڵام دەیانكەمە یەك پرسیار، سیانیان واز لیّ دەهێنم، دەربارەی كێشەی كوالیتی و كەمی نەخۆشخانە، پشكنینی دەرمان و ئەوانە بوو، من پرسیاری تایبەت بە كۆلێراكە دەكەم، عەرزم ئەوەیە بۆ بەڕێزان هەردوو وەزارەت، فەرموودەیەكی پیرۆز هەیە كە ئەفەرمویّ( الوقایة خیر من العلاج) وابزانم بوویتە ڕێسایەكی پزیشكی لە هەموو ناوەندە پزیشكەكانی دونیا، كار بەم ڕێسایە دەكرێت، ڕەنگە تایتلی ئەساسی بوارەكان و سێكتەری سەحە بیّ، پرسیارەكە ئەمەیە، وەزارەتی تەندروستی تایبەت بە نەخۆشی كۆلێراو هەر نەخۆشیەكی تری لەم بابەتە، ئەگەری ئەوەی هەیە ڕوو بكەنە هەر وڵاتێك، ئەو پێشبینیانەی كە كردوویانە چیە؟، ئایا بۆ خۆپاراستن لەسەر ئەم مەبدەئە لەسەر ئەم ڕێسا پزیشكیەی كە دەڵیّ( خۆپاراستن لە چارەسەر كردن باشترە) چ هەنگاوێكیان ناوە، چونكە حەتمەن لە بوونی ویقایەی خۆپاراستنە، كەمترین زیان و كورترین كات ئەو كاتە ڕووبەڕووی دەزگای پەیوەندیدار ئەبێتەوە كە وەزارەتی تەندروستیە، هەمان پرسیار لە بەڕێز وەزیری شارەوانیش ئەكریّ كە بۆ پێشبینی ئەم حاڵەتانە بەڕێزتان ئاماژە بە سەدی دوكان ئەكەن، سەدی دوكان گەشتیاری ئەچێتە سەر، مناڵی ئەچێتە سەر، خەڵك مەلەی تێدا ئەكەن، چ زەمانێك هەیە لەویّ ئاو نەخورێتەوە؟ پێش بینی ئەم حاڵەتانە ئایا بەرپرسیاریەتی وەزارەتی تەندروستی وەكو وەزارەتی شارەوانی بەرپرسیاریەتی ناو شار ناگرێتە ئەستۆ؟ بەڵام خۆ وەزارەتی تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارەكانی تر بەگشتی بەرپرسیارن لەوەی كە ڕێگری بكەن لەو حاڵەتە، بوونی ئەم حاڵەتە زۆر ئاساییە، لە هەموو وڵاتێك ئەم نەخۆشیانە سەر هەڵئەدەن، پرسیاری موحەدەد ئەوەیە چ پێشنیارێك هەیە لە وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەم حاڵەتانە؟ و ئەگەر پێشنیاریان كردووە چ وەقایە و بەرنامەیەكیان لەبەر دەستە؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرمەە دكتۆر.

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوئالێكی بەجێیە، من لە یەكەمەوە باسم كرد كە ئێمە وەكو وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتێكی تەنفیزی نین، ئێمە ئیشەكەمان هۆشیاری تەندروسیتە، خەبەر لە ڕووداوەكە بدەین بەر لە ڕوودانی، ئەوەی كە

ئێستا هێناومە هەمووی نووسراوە، نووسراوە لە 2012/2011/2010/2009 کە ئێمە ئەو دیاردانەی کە ئێستا باسمان کردووە ئاماژەمان پێی داوە، ئەگەر بەرێز سەرۆکی پەرلەمان مەجال بدات یەکێ لە نووسراوەکان ئەخوێنمەوە کە لە 2010/9/16 کراوە، ئەلێ بۆ/ بەرێوەبەرایەتی ئاوی دەورووبەری سلێمانی(کیشەی پرۆژەی ئاوی دوکانی خوارو)، تیمی یەکەی ئاو لە بەرێوەبەرایەتی یەکەی خۆپاراستنی تەندروستی لەگەڵ هۆبەی چاودێری تەندروستی نەخۆشخانەی شەهید (مەحمود سێدەری) لە دوکان لەبەرواری 2010/9/15 سەردانی قەزای دوکانمان کرد بۆ بەدوا داچوونی کێشەی ئاوورۆکەیان و هەبوونی کلۆر لە ئاودا، بۆمان دەرکەوت ئاوەکەی گەرەکی پیرەژن کە ئەرژێتە سەر پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی دوکان هەتا ئێستا هیچ چارەسەرێکی بۆ نەکراوە، کێشەکە وەکو خۆی ماوەتەوە، ئەمەش مەترسی بلاوبوونەوەی پەتای سکچوون و گرانەتای لێ ئەکرێ بەتایبەتی لەم وەرزەدا کە ئاو بەرەو کەم بوونەوە ئەچێ، چونکە کۆلێرە لەم وەرزانەدا ڕوو ئەدات، تکایە بۆ ئاگادار کردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە لە پێناوی تەندروستی هاووڵاتیان لەگەڵ ڕێزدا، تێبینی، بەرێزتان ئاگادار ئەکەینەوە بە ژمارەی ئەو نووسراوانە، 16/15 لە 2009/7/23، 26/19 لە 9/9، 2109 لە 10/26 /2009، 23/21 لە 10/7، 14/22 لە 10/18، 1005 لە 4/14، 1349 لە 5/20، 2145 لە 8/5، 2101 لە 8/23، 2306 لە 8/23، 2374 لە 8/29، ئەمە هەموو ئەو نووسراوانەیە کە ئێمە کردوومانە لەسەر ئاوەرۆ، ئینجا مەشتەلی ئاودانی سەوزە بە ئاوی قورس، هەتا ئەخیرجار یەکێتی ژنانمان نارد سوپاسیان ئەکەین، چوون ناوی یەکە بە یەکەیان بۆ هێناین، لەبەر ئەوە ئێمە ئەوەی لەسەرمانە کردوومانە، بۆ نموونە وەکو وتم وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتێکی وەرگرە، ئەمە ڕەسمی یەکێکە لە خوێندنگاکانی شاری سلێمانی، ئایا لەم ئاودەست و شتانەیە نەخۆشی بلاو نابێتەوە؟ لەبەر ئەوە ئێمە ئەوەی لەسەرمانە کردوومانە، و بۆ دڵنیا بوون ئەم جارە کۆلێراکە زۆر لەوەی 2007 باشترە، تیمەکانی تەندروستی و بۆ وەلامێکی کاك ڕێبازیش، بەڵێ وایە، ئێمە 72 نموونەمان بەس لەناو سلێمانی وەرگرتووە، ئەگینا بە پێی ئەو نووسراوانەی لای منە و هەموو ئەو نووسراوانەی سوئالەکانیشتان ئەتوانن داوای بکەن، ئەتوانم بە دۆکۆمێنتەوە جوابیان بدەمەوە، ئێمە ئەو مانگە 198 نموونەمان وەرگرتووە، سوپاس

**بەرێز عمر عبدالعزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم خودی بەرێز وەزیریش ئەبێ قەناعەت بکا ئەمەی کە ئاماژەی پێ کردن نە پلانی پێش وەختی وەزارەت بوو بۆ ئەگەری ڕوو بە ڕوو بوونەوەی حاڵەتی ئەم نەخۆشیە مەترسی دارانە، تەنها چەند نووسراوێك بوو بۆ چەند ئاوەڕۆیەکە کردوویەتی، من باسم لەوە کرد بۆ ئەگەری بلاوبوونەوەی نوخۆشی بابەتی کولێرا و هەر نەخۆشیەکی تری مەترسی دار نەخشەی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان چی بووە؟ و ئەو هەنگاوانەی کە ویقایەن بۆ پارێزی ئەم حاڵەتانە چی بووە؟ ئەمە چەند نووسراوێکە دەستان خۆشبێ شتێکی باشتان کردووە، هەرچەند ئەگەر ئەمە بریتی بێ لە وەلام، پرسیارێکی تر دروست

ئەبێ کە ئایا لایەنی پەیوەندیدار کێیە لە وەڵام نەدانەوەی ئەمە؟ و لە جێ بەجێ نەکردنی ئـەم ئەرکـە، و بەدەمـەوە نـەهاتنی ئـەم حاڵەتـە وەکـو وەزارت، لـە نەتیجـە هـەر ئێـوە بـەرپرس ئەبنـەوە لـە جـێ بـەجێ نەکردنی بڕیارەکە کە لە ئەنجومەنی وەزیران جێ بەجێ ناکرێ یان لایەنێکی تر هەیە؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز:سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك ایوب.

**بەڕێز ایوب نعمت(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕوون کردنەوەکەی بەڕێز وەزیری تەندروستی مـن کۆمـەڵێك وەڵامـم وەرگـرت، هـەموو پرسـیارەکانم لـە پرسیاری ئەخیردا کۆئەکەمەوە کە باسی کرد کە زیاتر عیلاقەی بەو سەوزانەوە هەیە کـە بـە ئـاوی قـورس ئاو دەدرێ، و هەروەها ئـاوی پـیس، بـەڵام ئایـا وەزارەتـی تەندروسـتی چ ئیجرائـاتی کـردووە بەرامبـەر ئـەو دامودەزگایانە کە ئەم کەمتەرخەمیەیان هەبووە؟ دوایی پرسیارێکیشم هەیە بۆ وەزیری شارەوانی ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز:سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنـەیەکی باڵامان لە وەزارەت دروست کردووە بۆ بوونی کەمتەرخەمی ئەگـەر هـەبێ، ئێمـە کـە ئاماژەمـان پێدا ئەو سەبەبانەی کە ئێستا بوونەتـە هـۆی پەتاکـە ئێمـە چـەندجارێك باسمـان کـردووە، و ئێمـە لایـەنی مونەفیز نـەبووین، وتوومانە سکچوون بـە سـەوزە بڵاوئەبێتـەوە، بـە خـواردن بڵاوئەبێتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لیژنـەیـەکی باڵامـان تەشـکیل کـردووە و بـۆ هێـور بوونـەوەی پەتاکـە لەگـەڵ بەڕێوەبەرایـەتی تەندروستی خۆپاراستنی سلێمانی، و بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، لێکۆڵینەوە ئەکەین، ئەگەر هەر کەمتەرخەمیەك لە وەرگـرتنی سـواب، لـە فـەحس کردنـی ئـاو، لـە وەرگـرتنی ڤیسـی هـەبێ، بـە دڵنیایەوە ئێمە ئیجرائات ئەکەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیر خۆی باسی کرد کە وێنەکانیشی پێشان داین سەبارەت بە مەسـەلەی ئـاودانی سـەوزە بـە ئـاوی قورس، بۆ ئیجرائات نەکراوە لەمەو پێش کە زانیویانە ئەبێتـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی؟ و هـەروەها ڕێگەدان بەوەی کە ئاو لە قلیاسانەوە ببرێ بۆ ماڵان، کە ئەوە خۆی کەمتەرخیمە، پێویست ناکا جارێکی تـر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز:سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی.**

ئیجرائاتی ئێمە تەنها ئیجرائاتی نووسراوە، ئەكرێ بۆ لایەنی پەیوەندیدار، ئەكرێ بۆ قایمقامیەت، بۆ بەشی زیادەڕۆیی شارەوانی، و نەك كیتابێك، چەندەها جار كیتابمان كردووە، و سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز كاك میران بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی لە سلێمانی لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووسی دا ئەوەی دووپات كردۆتەوە كە باس لە مەسەلەی بردنی ئاو ئەكا لە قلیاسانەوە بۆ ناو سلێمانی، كە ئەمەش عەل ئەساس لە بەیانیەوە قەدەغە ئەكرێ، ئەمەش بەراستی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئاوی پاك دابین نەكراوە بۆ هاوولاٌتیان لە شاری سلێمانی، كە ئەمەش یەكێكە لە ئامانجەكانی وەزارەتی شارەوانی، بۆچی ئەم ئامانجە تا ئێستا جێ بەجێ نەكراوە كە بۆتە هۆی بلاٌوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز:سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر:

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەرگرتنی ئیجرائاتێكی ویقائی یان بۆ ڕێگە گرتن لە بلاٌوبوونەوەی وەبائێك ئەوە ناگەیەنێ بە دێتنی من كەوا ئاوی پاك ناگاتە هاوولاٌتیان، تێكڕای هاوولاٌتیانی هەرێمی كوردستان بە پێی ئەو ئامارانە لە 5 ملیۆن كەس نە كەسێك بە بێ ئاو دەژییێت، چونكە كەس بە بێ ئاو ناژی، و نە ئەم خەڵكەش بەو ڕێژەیە ئاوی پیسی ئەدرێتێ، چونكە ئەگەر وابوایە ئەم وڵاتە وێران ئەبوو، هەبوونی حاڵەتێكی كۆنترۆڵ كراو لە نەخۆشیەك كەوا سەبەبەكانی زۆر حەسر كراینە، بە هیچ پێوەرێك قیاس نین لەسەر ئەوەی كە خەڵك لە هەرێمی كوردستان بێ ئاوە یان ئاوی پیسی پێ ئەگات، ئەمانە هەندێك ئیجرائاتی ویقائین، خۆ خەڵك هەتا هەتایە لە سەوزە مەنع ناكرێ، پەرەپێدانی سەوزە و دابین كردنی خۆراك و ئەمانەش لەبەرنامەی حكومەت و وەزارەتی زراعە هەدەفێكن، بەلاٌم كە وەزعیك دروست ئەبێ، خۆ شیرنی كاتێ مەنع ئەكرێ لە نەخۆشێك مانای ئەوە نیە خەڵك نابێ تا هەتایە شیرنی لەم ولاٌتە بخوا، بەلاٌم هەبوونی ئەمە چونكە سەرچاوەكەی دروست و دەقیق تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە كە بە دڵنیایەوە بڵێین ئەمە هۆكاری سەرەكی ئەم نەخۆشیەیە بۆ ئەوەی بزەبت ئەمەیان موعالەجە بكرێ، یەكێ لە هۆكارەكان ئەو ئاوانەن كە بەو شكلە

ئەوە دەكرێن، و لەكاتی كۆنتڕۆڵ كردن یان نەهێشتنی دانی ئەم ئاوە بە ماڵان ئەكید بەدائیلی ترمان بۆ هەن، چونكە وەكو عەرزم كردن خۆ خەڵك بێ ئاو نامێنێتەوە، شارەوانی پلانی تری ئەبێت، بەڵام سەرچاوەكەی ئەم ئاوە نابێتە مەترسی بۆ سەر تەندروستی هاووڵاتیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو هەنگاوەی بەڕێز كاك میران باسی كردبێ قایل نەبووە، چونكە ئەوە بەڕێز وەزیری تەندرستی كە وەزیری موختەصە باس لەوە ئەكا بەو ئاوە، و یەكێ لەو ئاوانە ئەوەیە كە لە قیلیاسانە ئەهێنرێ، بۆیە زۆر بە ڕاشكاوی دیارە كە ئەمە هۆكاری بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیەیە كە تەسفیە ناكرێ و بە تەنكەر ئەڕوا بۆ هاووڵاتیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید:وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ كات بە شێوەیەكی ڕەسمی یان بە ئاگاداری حكومەت هیچ سەرچاوەیەكی ئاوی پاك نەكراو ڕێگەی پێ نەدراوە، یان ئەوەی كە ئاو بچێت بۆ ماڵان پاك نەبێ، بەڵام دووپاتی ئەكەمەوە وەكو بەڕێزێكیش ئیشارەتی پێ كرد یەكێك ئەچێ لە دەریاچەی دوكان مەلەوانی ئەكات ئەبێتە هەڵگری ئەم میكرۆبە، و دێتەوە ئەچی لە مەتەعەمێكیش نان ئەخوا و بە هۆی ئەوەوە نەقلی چوار كەسی تریش ئەبێ، ئایا ڕێگە گرتن لەم مەسائیلانە یان بەكارهێنانی سەرچاوەیەكی ئاوی پاك نەكراوە كەوا ئیعلان كراوە و هەموو خەڵك ئەزانێ ئەو سەرچاوە شیاو نیە بۆ خوراندنەوە؟ و ئەو خەڵكەی كە بەكاری دێنی بە شێوازێكی نایاسایی بەكاری دێنێ، ئەگەر بەیانی یەكێك مەجاری بە بەردەمی ماڵەكەی دا ئەچێ، بچێ تەشتێك ئاو لە مەجاریەكە بێنێ بخاتە ژێر سەوزەیەك لەناو ماڵی خۆی دا بە هۆیەوە تووشی نەخۆشی ببێ، ئێ خۆ ئەمە بەڕێزان، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە كە حكومەت كردوویەتی و ڕێگەی پێداوە و بەرپرسە لێی ئەمە چونكە یەكێكە لە سەرچاوەكان ڕێگەی لێ ئەگیرێت و بەدیلی بۆ ئەدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی حیفاز لە سەر تەندروستی هاووڵاتیان بكرێ. سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز:سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.احمد.

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەكانم بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی لەگەڵ بەخێرهاتنی هەردوو بەڕێزیان وەزیری تەندروستی و وەزیری شارەوانی، پرسیاری یەكەم، وەكو هەردوو بەڕێزان وەزیری تەندروستی و وەزیری شارەوانی ڕوونیان كردەوە، ئەگەرچی وەزارەتی تەندروستی زیاتر هۆكارەكە بۆ مەسەلەی ئاو ئەگەڕێنێتەوە لە تووش بوون بە نەخۆشی كۆلێرا، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی لە سلێمانی ئەوە ڕەت ئەكەنەوە و ئەڵێن لە ڕووی كوالێتیەوە هیچ كێشەیەكیان نیە و گرفتەكە لە ئاودا نیە، و بە پێی ستانداردی جیهانیە، كەوایە ئەكرێ بڵێین هۆكاری تر هەیە لە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیە؟ وەك داودەرمان و خۆراكی بەسەر چوو، یان بوونی خەڵكی بیانی لە هەرێمی كوردستان، چونكە ساڵی 2007 یش كە ئەو نەخۆشیە بڵاوبوویەوە ئەوە بڵاوكرایەوە كە كرێكارە بیانیەكان هۆكارن كە لە هەرێمی كوردستان بوونیان هەیە، دووەم، ئەگەر كێشەكە لە ئاوە بۆچی وەزارەتی تەندروستی بەرلەوەی نەخۆشیەكە بڵاوبێتەوە لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدار بە تایبەتی وەزارەتی شارەوانی پشكنین بۆ ئاو، یان سەرچاوەی ئاو و بۆڕی ناكرێ؟ چونكە باس لەوە كرا كە ڕەنگە كێشەكە تەنها لە سەرچاوە ئاویەكان نەبێ، بەڵكە لە تانكی ماڵانیش یان لە بیرەكان بێ، و من ڕەنگە لێرە ئەو پرسیارەشم  لا دروست بێ كە ئایا ئەوانەی بەو نەخۆشیە تووش بوون لەو خەڵكانەن كەوا بیریان هەیە لە ماڵەوە؟ ئایا ئەمە بە دواداچوونی بۆ كراوە یان نا؟ سێیەم، بۆچی ڕێگری كرا لەوەی كە لیژنەی تەندروستی پەرلەمان بچێ لە نزیكەوە نەخۆشەكان ببینن؟ ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستیش ئاماژەیان پێدا، كە ئەوان ئەندامەكانیان تایبەت مەند بوو لە توێژی پزیشكان، ئایا ترسەكە لە چی دابوو؟ لەوە بوو كە نەخۆشیەكە بە تەواوی كۆنترۆڵ نەكراوە؟ ئەگەر وا نیە بۆچی بەڕێز وەزیری تەندروستی بە جێگری سەرۆكی حكومەت ئەڵێ بڵێ بارودۆخەكە كۆنترۆڵ كراوە، مەگەر بەڕێزیان لە نزیكەوە نەخۆشەكانی نەبینی بوو؟ ئایا بە شێوەیەكی زانستی سەلماوە كە سەرچاوەی سەرەكی نەخۆشی كۆلێرا لە ئاوەوەیە؟ چونكە زانیاری لەو ڕووەوە بە شێوەیەكی باش ناگەن بە خەڵك و ڕۆژنامە نووسان و تەنانەت پەرلەمانتارانیش، ئەگەر وابێ ئەبێ سەرەتا هۆكارەكان چارەسەر بكرێن ئینجا نەخۆشیەكە چارەسەر بكرێ، پێنجەم، قسە لەسەر خراپی سیستەمی تەندروستی هەرێم ئەكرێ، بە شێوەیەكی گشتی ئێوە لەو ڕوەوە وەكو وەزارەتی تەندروستی ڕوون كردنەوەتان چیە؟ پرسیاری كۆتایی، بۆچی شوێنێكی تایبەت نیە بۆ ئەو نەخۆشانەی كە لەم حاڵەتانەدا تووشی ئەم نەخۆشیانە بوون؟ بۆ ئەوەی ببرێن لەو شوێنانە دابنرێن، چونكە وەك بڵاوبوویەوە گوایە نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی فێركاری سلێمانی ڕاگیراوە، بە هۆی بوونی نەخۆشەكانی تووش بوو بە كۆلێرا، كە ئەمەش گرفت بۆ هاووڵاتیان دروست ئەكا، یەك پرسیار بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی كە بەڕێزیان تەئكیدیان لەو كردەوە كە ئاوەكە سەلامەتە و

کێشەی نیە، و وەزارەتی تەندروستیش زیاتر ئاماژە بە بوونی نا خاوێنی ئاو ئەکات، ئایا تا ئێستا بە تەواوی گەیشتوون بە هۆکاری سەرەکی؟ و ئایا ئێوە سوورن لەسەر ئەوەی کە ئاوی سلێمانی گرفتی نیە؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر، بەڕێزت نووسیت 5 پرسیارن ئەوە لە 7، 8 یش تێپەڕی، فەرمووو بەڕێز وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید -وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەجالم بەیت بە باشی جوابی بەمەوە..

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید -وەزیری تەندروستی:**

با من ڕوون کرنەوەیەك بدەم لەسەر ئەو ڕێپێنەدانەی لیژنەی تەندروستی پەرلەمان، تەبعەن ئەو لیژنەی تەندروستی پەرلەمان نەك وەکو پەرلەمان و حکومەت، زۆر دانیشتنم لەگەڵدا کردوون و زۆربەشیان ڕەفیقمن، یەعنی ئەوە نە بەرنامە بووە، نە قەصد بووە، ئەوان خۆیان پێش ئەوەی بێن هاوڕاز خان تەلەفۆنی بۆمن کرد، وتی دێین، وتم جێگری سەرۆکی حکومەت یا ناتوانم لەگەڵتان بێم ئەگەرنا خۆم لەگەڵتان ئەهاتم،ئەمە یەکەم، دووەم، ئەو بارە کۆنترۆڵ کراوە؟ بەڵێ کۆنترۆڵ کراوە، و من خۆم کە لە سلێمانی بووم ڕۆژی سێجار چوومەتە ئەوێ، بەیانیان و نیوەڕۆیان و ئێواران، ئەو کاتەی کە ئەو بەڕیزانە چوون دوو نەخۆشی هیلاك لەوێ بووە، دوو نەخۆشەکە ڕیسەستەیشنیان بۆ کردوون، دڵیان وەستاوە، هێناویانەتەوە و موغەزیان بۆ کردوون، شڵەژانێك دروست بووە، یەعنی ئەوە نە بەقەصد ئەزانم، ئێوە پەرلەمانی ئێمەن، نوێنەری خەڵکی ئێمەن، ئێوە سوڵتەی تەشریعی ئەو وڵاتەن، کەس ناتوانێ ڕێ لە ئێوە بگرێ، سەبارەت بەوەی کە من وەزیری تەندروستیم، یەعنی ئەبێ بە خەڵك ڕابگەیەنم، یان لە ڕێگەی جێگری سەرۆکی حکومەتەوە، یان لە ڕێگەی میدیاوە، بڵێم کە بارودۆخەکە کۆنترۆڵ کراوە، و لەوەشدا تەقصیریم نەکردووە، چونکە بارودۆخەکە کۆنترۆڵە، سەبارەت بەوەی کە داودەرمان و خۆراکی بەسەرچوو، یان بیانی، ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان لەبەر دەست دا نیە کە بڵێین ئەمە خەڵکی بیانی تووشی کردووین، یان بڵێین خەڵکی بیانی بەو ژمارەیە تووش بووبێ، سەبارەت بەوەی کە ئایا ئێمە نموونە لە ئاوی تەنکی وەرئەگرین؟ بەڵێ ئێمە وەریئەگرین، لە مانگی 9 دا 100 و ئەوەندە نموونەمان لە ئاوی تانکی وەرگرتووە، سەبارەت بەوەی ئەوانەی کە تووش بوونە زۆربەیان کێن؟ ئەوانە لە 53٪ ژنیماڵەوەن، لە47٪ پیاون، و لە 90٪ بەرەوسەرەوە ئەوانەن کە ئاوی بەلوعە بەکاردێنن، بەلاّم شتی تریش هەیە کە خواردوویەتی، سەبارەت بە هۆکارەکەی چیە؟ ئێمە هەموو نەخۆشیەکە کۆنترۆڵ ئەکەین، بە دوای هۆکارەکان ئەگەڕێین، ئاو کۆنترۆل ئەکەین، سەوزە کۆنترۆڵ ئەکەین، خواردنی سەر دانەپۆشراو کۆنترولْ ئەکەین، ئەوەی کە باسی دەرمانی بەسەر چوو ئەکات ئەم کێشەیە پەیوەندی بە خۆراك و دەرمانی بەسەر چووەوە نیە، بەڕێز

سەرۆكی پەرلەمان، من لێرەوە ئەمەوێ بڵێم كە لە دەست بەكار بوونی ئەم كابینەیەوە جەنگێكم ڕاگەیاندووە زدی خواردن و دەرمانی بەسەر چوو، هەر یەكەم پلانی ئەم وەزارەتەی تیایە، ئەتوانن داوای بكەن كە ئێمە بە دوو قۆناغ دەستمان كرد بە كۆنترۆڵ كردنی دەرمان لەم هەرێمە، قۆناغی یەكەم كۆبوونەوەمان لەگەڵ هەموو بازگەكانی ئاسایشی ئەم هەرێمە كردووە لەگەڵ بازگەكانی حكومەتدا كردووە و پێمان وتوون دەرمان ئەبێ بە كۆنترۆڵ دا بڕوات، دەرمان ئەبێ بە بەڕاد بێ، ناكرێ دەرمان وەكو شیش و چیمەنتۆ بە لۆریەكی گەرم لە چلەی هاویندا بێ، دەرمان ئەگەر لە حكومەتی بەغداوە بێ ئەبێ كوالێتی كۆنترۆڵی هەبێ، ئەگەر لە توركیا و ئێرانەوە بێ ئەبێ (سێتف ئۆریجینی) هەبێن تەنها لیژنەی ڕێگە پێدانی وەزارەتی تەندروستی بۆی هەیە دەرمان ڕێگە پێبدات، و بە ئەمانەتەوە ئەڵێم هەموو ئاسایش، چ ئاسایشی هەولێر، چ سلێمانی و چ ئاسایشی دهۆك پابەندی ڕێنماییەكانن، و لە زۆر سوئالی بەرێز پەرلەمانتارەكاندا ئەڵێن بۆ دەرمان كەم بۆتەوە؟ دەرمانی خراپ كەم بۆتەوە، ئەوانەی جاران بە ئەنواعی ڕێگا ئەیانهێنا، ئەبێ ئەو دەرمانانە بێ كە قانون داینا‌وە، و شاهێدیەكیش ئەدەم كە حكومەت و سەرۆكی حكومەت، جێگری سەرۆكی حكومەت زۆر تەئكید ئەكەنەوە لە یەكەم كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران باسی كوالێتی دەرمان كراوە، دووەم، قۆناغی دووەم دەستی پێكرد كە لەمانگی پێشوودا شەریكەی (ف، د، س)ی بەریتانیمان هێنا، شەریكەیە وەكیلی میهری بەریتانیە، میهری بەریتانی شەریكەیەكە مەسئولە لە فەحس كردنی دەرمان و خواردن لە وڵاتی بەریتانیا، بەڵام ئەو كێشەیەی كە ئەمەوێ بۆ ئێوەی ڕوون كەمەوە ئەوە شەریكە لە نێوان وەزارەتی تەندروستی و حكومەتی هەرێم و پەرلەمان و خەڵك لەگەڵ مەجموعەیەك بازرگان، هەتا ئێستا ئێمە لە 10/1 ەوە ئەو شەریكەیە دەست بەكار بووە هەیئەی پەسەند كردنی دەرمانمانی داناوە وتوومانە كێ ئەیەوێ بێت دەرمانی بۆ تەسجیل بكەین؟ كێ ئەیەوێ بێت دەرمانی بۆ پەسەند بكەین، بۆ ئەوەی بە قانونی بیهێنن، تا ئێستا كەس نەهاتووە، 73 كۆمپانیا لە هەرێمی كوردستان دا هەیە، 60 و ئەوەنەی لە هەولێرە، چەند كۆمپانیایەكی لە سلێمانی و دهۆكە، لە بەر ئەوە ئێمە شەڕێكمان ڕاگەیاندووە و ناكرێ بەردەوام بین لەسەر ئەوەی دەرمانی كوالێتی نزم بێنن، ناكرێ دەرمان بێ فەحس بدەین بە خەڵكی، یەعنی بەراستی ئەو شەڕەی لەو كابینە زدی دەرمانی بەسەرچوو، خواردنی بەسەرچوو خۆتان تەلەفزیۆنەكان ئەبینن نیوەی خەبەری ەرمانی بەسەرچووە، و ئەو لیژنانەی قایمقامیەتی هەولێر و سلێمانی دەست خۆشیان لێ ئەكەم، ڕەئیسەكانیان یان عزوە باریزەكانیان چاودێری تەندروستی وەزارەتی تەندروستین، باسی خراپی لە سیستەمی تەندروستی هەرێمی كوردستان ئەكرێ، بەڵێ وایە سیستەمی تەندروستی هەرێم زۆر كۆنە، هی چەندەها ساڵە.

**بەرێز د.ارسلان بایز:سەرۆكی پەرلەمان**

كاك دكتۆر ئیشی ئیمە كۆلێرایە، ئیشی ئێمە دیراسە كردنی وەزارەتی تەندروستی و سیستەمی تەندروستی نیە، تكایە ئەم پرسیارە واز لێبێنە.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حمه رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە شوێن نیە بەڵێ وایە، ئێمە ئێستا لە پلانی 2012 دا لە سلێمانی خەستەخانەیەکی حومەیاتمان داخل کردووە کە لە دیزاینە، پێش ئەوەی ئەم پەتایەش ڕووبدات داخلمان کردووە، نەك تەنها بۆ ئەو نەخۆشیە، بۆ ئەنفلۆنزا و بۆ ئەوانە، و لە شوێنەکانی تریش خەریکین، بەڵام ئەمەوێ گرفتێك ڕوون بکەمەوە، ئێمە پرۆژەمان هەیە لە 2007 ەوە موشکیلەی ئەندازەمان هەیە، ئەگەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە دواتردا بوارم بدات بۆتان ڕوون بکەمەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە د.احمد؟

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەر گرفتێك کە دروست دەبێ لە ڕاستی دا کە پەیوەندی بە بواری تەندروستیەوە هەبێ یەعنی قسەش دێنێتەوە سەر سیستەمی تەندروستی بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام ئەوە یەعنی گلەیی زۆر ئەکرێ کاك دکتۆر یەعنی لەناو خەڵکو لەناو دکتۆرانیش، ئەو گلەییە بۆ خۆیان هەیە....

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ جارێکی تر دکتۆر دەتوانی پرسیاریان لێ بکەی، بنێری بۆیان جواب دەنەوە، چونکە ئێمە ئیشمان نوقتەیەکی موعەیەنە لە هەموو سیاسەتی صەحە، کاکی خۆم.

**بەڕێز د.احمد(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

جگە لەوە ئەو دەرمانانەی کە بەسەر ئەچن و لێرە لەناو ئەبرێن، پرسیارەك ئەوەیە، ئەو دەرمانانە لێرە بەسەر چوونە؟ یان دەرمانی بەسەرچوو هاوردەی هەرێم کراوە؟ ئەگەر وایە بۆچی ڕێگە ناگرن لە ئەصڵدا کە داخلی هەرێم بێ؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو جۆرە، هەیە دەرمانی بەسەر چووە لە حدودەکانەوە ئەگیرێ، ئەوە ئێستا من بە دۆکۆمێنێت لامە ئەتوانم باسی بکەم کە لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا نزیکەی بایی 20 ملیۆن دۆلار دەرمانمان گرتبێ و

سووتاندبێ، هەشە لەناو صەیدەلیەکاندا بەسەر ئەچێ و ئێمە ئەیگرین، یەعنی هەردوو حاڵەت هەیە، سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز:سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو اسماعیل

**بەرێز اسماعیل محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەرەتا دەست خۆشی لە دەست بەکاربوونی هەردوو وەزارەت ئەکەم، سەبارەت بە بلاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا لە سلێمانی هیوادارم هەوڵەکانیان زیاتر چڕ بکەنەوە، پرسیارەکانی من سێ پرسیارە، پرسیارێکیانم لە بەرێز وەزیری تەندروستی وەرگرت، بۆ ماوەی چەند ساڵێکە ئاوی هەندێ لەگەڕەکەکان بە تەنکەر ئەڕواتن، بۆ ئەم مەبەستەش شارەوانی ژمارەیەك تانکەر بەکرێ دەگرێ، ئایا ئەو پارەی کە بە کرێی تەنکەرەکان ئەدرێ لە ماوەی ئەم چەند ساڵە بەشی زۆری پرۆژە ئاوەکانی پێ چارەسەر ناکرێ؟ ئاو سەروەتێکی نیشتیمانیە و پێویستە بە فیڕۆ نەدرێ، بۆیە کاتێك تەنکەرەکان لە بیراوەکان ئاو وەردەگرن، تانکەر بە 1500 دینار بیراو وەردەگرێتن، بەلام ئەوانەی کە ئاو ئەدەنە خەڵك هەر تانکەری بە 20000 دینار یان بە 250000 دینار ئەیدەنە خەڵك، جگە لەوەی کە تانکەرەکانیشیان بۆنی نەفتی لێ دێ، خراپن، پێویستە چارەسەر بکرێ، پرسیاری دووەم تەقریبەن بەشێکیان بەرێز وەزیری تەندروستی وەلامی دایەوە، بۆ تاکو ئێستا پەتای کۆلێرا لە سلێمانی هەیە؟ وەڵامی دایەوە، هیچ دەرئەنجامێك لەو بارەیە؟ ئەوەش تەقریبەن وەلامەکەمان وەگرت، خەڵکی شارەزا و لێهاتووی وای تیایە دەرەنجامێك بێ بۆ بلاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیە لە سلێمانی ڕابگەیەنی؟ پرسیاری سێیەم، زۆرجار لە دروست کردنی بینایەك یان خانوویەك لە گەڕەکێك بۆڕی ئاوی سەرەکی ئەو گەڕەکە ئەشکێت و ئاوەکە پیس ئەبێ، خەڵك بێ ئاو دەبێ، پاشان خەڵك پەنا ئەبا بۆ ئاوی بیر یان دەبە، ئایا وەزارەتی تەندروستی هیچ بەدوا داچوونی هەیە بۆ ئەو ئاوانە کە لە بازاڕ ئەفرۆشرێن و هەروەها ئەوەش کە پەیوەستە بە ئاوەکە و چۆنیەتی دروست کردنی دەبەکان؟

**بەرێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەرێز د. رێکەوت حەمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ بەدواداچوونمان هەیە بۆ فەحس کردنی ئاوەکە، ئەوەی بۆ دەبەکان ئیشی ئێمە نیە ئەوە، ئیشی وەزارەتی پیشەسازیە، هەموو ئەندام پەرلەمانە بەرێزەکان ئەوەی ئەیەوێ وەلامەکەی بە دۆکۆمێنت ئەدەمەوە، من وەلامەکەم بە دۆکۆمێنت حازر کردووە و ئەتوانم بتاندەمێ، ئەمە نموونەی چوار مەعمەلە

**كه له مانگى شەشەوه دامان خستووه تا ئێستا، ئێمه بەدواداچوونيان بۆ ئەكەين، فەحسى دەوريان بۆ ئەكەين، سزايان ئەدەين، دايان ئەخەين، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز/ سەرۆكى پەرلەمان:**

**كوێستان خان فەرموو.**

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز/ سەرۆكى پەرلەمان:**

**كاك عبدالله.**

**بەڕێز عبدالله محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**بەرلەوەى پرسيارەكەم بكەم يەك جوملە بە پێويست ئەزانم بيلێم، پێم وايە لە هەرێمى كوردستان تەنفيز نەكردنى قانون ئەساسێكە بۆ ئەوەى ئاسايشى خۆراك، ئاسايشى ئاو، و هەموو ئاسايشەكان ڕووبەڕووى مەترسى ببنەوە، ئەم ڕووبەڕو بوونەوەى مەترسيەش لە ئاسايش خۆراك سەر ئەكێشێ بۆ بلاَوبوونەوەى پەتا وەك ئەوەى ئێستا ئەيبينين، دوو پرسيارم هەيە بۆ بەرێز وەزيرى شارەوانى، و چوار پرسياريشم هەيە بۆ بەرێز وەزيرى تەندروستى، هەوڵ ئەدەم كورتى بكەمەوە لە دوو پرسياردا، پرسيارى يەكەم بۆ وەزيرى شارەوانى بەرێز كاك دڵشاد، هێڵى ئاوى دووى دوكان سلێمانى لە لايەن كەرتى تايبەتەوە بەڕێوە ئەبرێ، ئايا لە بەكرێدانى ئەو هێڵەدا ڕەچاوى بەفرۆشتن و بە كرێدانى ماڵى گشتى ژمارە 32 ساڵى 86 كراوە؟ ئەگەر ڕەچاوى ئەو ياسايە كراوە وێنەيەك لە ئيعلانەكە كە لە ڕۆژنامەى گشتى دا كراوە ئەگەر پيشانمان بدرێ، هەروەها ناوى ئەو كۆمپانيايانەى كە چوونەتە كێبڕكێوە، ئەگەر پيشانمان بدەى سوپاست ئەكەين، پرسيارى دووەم، لە ساڵانى ڕابردوودا خەڵكى دوكان ناڕەزاييان دەربڕى لەسەر ئەوەى كە ئاوەڕۆ تێكەڵ بە ئاوى خواردنەوە ئەبێ، ئەمەش ئەبێتە هۆى بلاَوبوونەوەى پەتاى كۆلێرا و چەندين نەخۆشى تر، لە ڕوون كردنەوەكەى بەرێزت و بەرێز وەزيرى تەندروستى ئەوە دەركەوت كە ئەم مەسەلانە پێويستە بە پرۆژەى ستراتيجيە و لە پلان و بەرنامەمان دا هەيە، بەلاَم من پرسيارى ئەوە ئەكەم ئايا لە كوێى حوكم ڕانيدا شوێنى ئەوە ئەبێتەوە ئێمە چاوەڕوانى ئەوە بكەين چەندساڵێكى دوور و درێژ چاوەڕێ ئەوە بكەين ئاوەڕۆ تێكەڵ بێتەوە لەبەر ئەوەى پرۆژەى ستراتيجى پێويستە؟ پلانى زوو چيە بۆ ئەوەى ئەم حاڵەتە ڕێى لێ بگيرێ؟ ناكرێ ئێمە چاوەڕێى ئەوە بكەين لەبەر ئەوەى پلانى ستراتيجى ئەوێ، پرسيارەكانم بۆ بەرێز وەزيرى تەندروستى، پرسيارى يەكەمم ئەوەيە كە لە ساڵانى ڕابردوودا حاڵەتى كۆلێرا بە تەحرير هەبووە يان نەبووە لە 2010 و 2011؟ هەدەفى ئەم پرسيارەم پرسيارى دووەمە كە**

ئایا ئەگەر حاڵەتی لەم شێوە هەبووە یەعنی پلانی ویقائی ئێوە چی بووە بۆ ئەوەی لەم ساڵدا ئەگەر تووشی ئەم حاڵەتە بووینەوە ئیعداد هەبێ بە شێوەیەکی باشتر ئەتوانی ڕوو بەڕووی ببیەوە و خۆتی بۆ ئامادە بکەی، لە چەند لێدوانێك دا باسی ئەوە کراوە کە وەزارەتی تەندروستی بە هاوکاری لایەنی تر ئەتوانێ ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە ببێتەوە، شەریکات هەیە عەقدی لەگەڵ ئەکەی، بە پێی ئەوەی کە پێویستە و حەقی هەر وەزارەتێکە، ئەو لایەنانەی کە ئێوە کۆنتاکتتان لەگەڵیان هەیە ئەو شەریکانە چ شەریکەیەکن؟ پرسیارێکی ترم ئەوەیە لە یاسای وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم ژمارە 20 ساڵی 2007 لە ماددەی (2) مەبڕگەی (5/2) باس لە هەماهەنگی وەزارەتی ژینگە ئەکا بۆ ئەوەی کە پلان دابنێن بۆ ئەوەی ڕوو بەڕووی حاڵەتی پیس بوونی ئاو و پێس بوونی ژینگە ببنەوە، ئەوەی کە بەرێزت باست کرد ئێستا شەرحی ئەوە بوو کە ئاوی دوکان پیس ئەبێ، نەك ئەوەی کە پلانی ئێوە چی بووە بۆ ئەوەی ڕوو بەڕووی ئەم پیسیە ببنەوە، یەعنی من نامەوێ بۆم باس بکەی ئاوی دوکان بۆ پیس بووە؟ بەچی پیس بووە؟ خەڵك ئەمرێ، ئاوەکە ئەگیرێتەوە، یەعنی من ئەمەوێ بزانم پلانی ئێوە چی بووە بۆ ئەوەی ئەم پیسیە چارەسەر بکەن؟ ئایا حەلی ستراتیجیە؟ ئیشتان چی بووە بۆ ئەم مەسەلەیە؟ یەکێ لە پرسیارەکانی ترم ئەوەیە وەزارەتی تەندروستی چەند بڕیارێکی دا بۆ ئەوەی کە بۆ نموونە هەندێ شوێن سەوزەی لێ ئەکرێ، بە پاشەڕۆی ئاوەڕۆ ئاو ئەدرێ، یان هەندێ شوێن ئاوی لێ دەهێنرێ بە تانکەر کە ئەزانرێ ئەم ئاوە باش نیە و بەکەڵك نیە، یەعنی ئەگەر حاڵەتێکی وا کۆلێرا بلاّو نەبێتەوە ئەمانە ئایا ڕێ پێدراون یان نا؟ بۆچی پێ ئەوەی پەتایەکە بلاّو ببێتەوە کە خەڵك تووش نەببوو، زەرەری ماددی و گیانی لە حکومەتی هەرێم نەدا، بۆ وەزارەتی تەندروستی ئەم تەدابیرانەی نەدەکرد؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز ڕێکەوت حەمە رشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر لە 2008 و لە 2009و2010و2011 نەبووە، هیچ حاڵەتێکی پیسیمان نەبوو، ئێمە هیچ کۆنتراتێکمان لەگەڵ کەرتی تایبەت دا نیە، ئێمە بەس لەگەل ڕێکخراوی (WHO ) ی جیهانیدا هەمانە، بۆ ئەوەی کە ڕێنمایمان ئەدەنێ، و هاتنە سلێمانی وتیان ئەو ڕێوشوێنانەی کە گرتوتانە بەر زۆر باشە، بەڵێ دەرمانی پێویستمان هەیە بۆ ئەو بابەتە، ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی ڕەقیبین بەسەر بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی، موتابەعەیان ئەکەین، فەحسی ئاویان بۆ ئەکەین، پێیان ئەڵێین ئەو زێرابەتان لە فلان شوێن شکاوە، ئەو ئاوەتان پیسە، ئاوی فلاّن بەلوعە لە گەڕەکی شێخ محی الدین کلۆری تێدا نیە، ئاوی فلاّن تانکی ماڵ وایە، و ئەمانە هەر هەمووی ئەو کیتاب و بەدوا داچوونەیە، وەزارەتی تەندروستی تەدابیری چی بکا؟ وەزارەتی تەندروستی کیتاب ئەکا بۆ قایمقامیەت، کیتاب ئەکا بۆ پارێزگا، بۆ بەشی زیادە ڕۆیی شارەوانیەکان ئەڵێ کاکە ئەو سەوزەیە مەنع بکەن، وەزارەتی تەندروستی نە پۆلسی

هەیە، نە داری بە دەستەوەیە، هیچ شتێکی بە دەستەوە نیە، صەدریەیەکی سپیە و ویقائیە و ئەڵی کاکە ئەمە پیسە ، هەتا بۆ داخستنی مەتعەم و شوێنە گشتیەکان جاران بنکەی پۆلیسی خەستەخانەمان هەبوو، ئێستا ئەڵێن ئەبێ ئەویش لە ڕێگەی قایمقامیەتەوە بێ، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی سوڵتەیەکی تەنفیزی نین، بۆ مەسەلەی ویقایەکەش، ئەوە هەمووی فەحسە، لە ساڵی 2010 ەوە هێناومە، باسی ئاوە، باسی فەحسە، باسی تەلەوسی ئاوە، باسی ئاودانی سەوزەیە بە ئاوی قورسن باسی خواردنی دەست گێڕە، باسی داخستنی مەتعەمەکانە، هەموو ئەو تەدابیرە ویقائیانە ئەوەیە، هەروەها باسی ڕۆشنبیری تەندروستیە، ئێمە ساڵی پار کێتابێکم پێیە کە داوامان کردووە لە وزارەتی تەربیە چەند تویژەری کۆمەڵایەتیمان بداتێ، نزیکەی 1000 تویژەری کۆمەڵایەتی داوینەتێ، وتوویەتی تەدریبیان پێ بکەن بۆ ئەوەی بیانکەین بە موسەقەفی صەحی لە مەکتەبەکان، چونکە لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتا نەبێ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەڵێن خەڵك مەترسێنن، بڵاوی مەکەنەوە، لە خۆتانەوە کە هیچ نەبووە بۆ خەڵك ئەترسێنن؟ ئێستاش ئەوە کیتابەکە لە داراییە ئەڵێن بودجەکان نیە، 273 ملیۆن دیناری پێویستە، بەو هیوایەم کە لە ساڵی داهاتوودا بیکەم، ئەو تویژەرە صەحیانە بکەم بە موسەقەف صەحی، هەر لە منداڵیەوە و لە یەکی ئیبتیدائیەوە فێری بکا چۆن دەستی ئەشوا؟ چۆن خۆی بپارێزێ؟ چۆن نان ئەخوا؟ لەبەر ئەوە ئەوەی لەسەرمانە بە زیادەوە کردوومانە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر پرسیارێك ئاراستەی جەنابت کرا تکایە دەست بەرز کەوە، ئەگەر ئاراستەی جەنابت کرا؟

**بەڕێز دڵشاد شهاب-وەزیری شارەوانی وگەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیجازە دان لە دەستی بەڕێزتانە، ئەوە چوارەمین پرسیارە لێم ئەکرێ، بەڵام دوای ئەوەی کە بەڕێزێك تەواو ئەبێ یەکسەر بەڕێزتان ناوێکی تر بانگ ئەکەن، دەرفەتی وەڵام دانەوەم پێ نەدراوە، بۆیە من وەڵامی پرسیارەکانم نەداوەتەوە، فیعلەن ئەوە چوارەمین پرسیار.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەتوانی وەڵامیان بدەیتەوە، داوای لێبوردن ئەکەم.

**بەڕێز دڵشاد شەهاب-وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پرسیاری کاك (عبدالله)ەوە دەست پێ ئەکەم، دەربارەی پرسیارەکانی ئەوەی کەوا پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، بەڕێوەبردنی پرۆژەی دوکان دوو کە بە کرێ دراوە بە کۆمپانیایەك، بەڕێزان ئەم کۆمپانیایە کۆمپانیای جێ بەجێ کاری پرۆژەکە بووە، کۆمپانیایەکی موختەصە، بەڕاستی بەڕێوە بردنی پرۆژەی ئاو کارێکی تایبەت مەندە، ناکرێ بەو شێوازە ئیعلان کردنەی کەوا ئێمە هەر دەرگا بکەینەوە بۆ هەر کەسێك

یان هەر کۆمپانیایەك، چونکە کۆمپانیای موختەص لەم بوارەدا کەمن، ئەساسی ئیختیاری ئەم کۆمپانیایە بۆ ڕێگە پێدانی دوای مفاوەزاتێکی زۆر بووە، و نرخەکەشی بە هەموو تەقدیراتی ئێمە نرخێکی ئەوەندە گونجاوە ڕەنگە هیچ قبولی موناقەسەشی تێدا نەمابێ، و سەرکەوتوون لە بەڕێوەبردنی پرۆژەکە، ئەفزەلیەتەکەش کە پێیان دراوە خۆیان کۆمپانیای جێ بەجێ کاری پرۆژەکەن، واتە خۆیان لە هەموو خەڵکێکی تر شارەزا ترن بۆ ئەوەی پرۆژەکەی خۆیان بەڕێوەبەرن، و بۆ مەعلوماتی بەڕێزیشتان ئەو کارمەندانەی ئێمە ئەوانەی کە لەگەڵیاندا ئیش ئەکەن 70٪ مووچەکانیان لەسەر خودی ئەو کۆمپانیایەیە وەکو ئەو جێ بەجێ کردنەی کە ئەگەر خەڵك لە کەرتی تایبەت ئێش بکا 30٪ حکومەت پێی بدات و 70٪ شی ئەوەش بۆ ڕاهینانێکە بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیك دا تیمەکانی ئێمە بگەنە ئاستێکی وا کە خۆمان بتوانین ئیدارەی ئەو پرۆژانە بکەین، دەربارەی ئەوەی کە چەندجارێك دووبارە ببێتەوە بە پێویستی ئەزانم بەڕاستی بۆ جەنابی وەزیریش و بۆ بەڕێزانیش ڕوون بکەمەوە، کۆمەڵێك ئەوراق هەن، کۆمەڵێك موستەمسەکات هەن، کۆمەڵێك فحوسات هەن، من لە لیژنەی تەندروستیش داوا ئەکەم، لە بەڕێز وەزیری تەندروستیش داوا ئەکەم، لە جەنابیشتان داوا ئەکەم، ئاخۆ یەك نموونەی پۆزەتیفی هەبوونی هۆکاری نەخۆشی کۆلێرا لە پرۆژەکانی ئاو دوای تەسفیەی ئاوی گایاندن بە ماڵان لە دوای تەسفیە لە ڕێگا لە تانکیەکان لە تەوزیعەکەدا هەیە؟ خۆ ئەگەر هەر بگەڕێینەوە سەر ئەوەی سەرچاوەی نەخۆشیەکە ئاوە، من دووپاتی ئەکەمەوە کۆنترۆڵ کردنی ئاوی دەریاچەیەك کە ملیۆنەها مەتر موکەعەب ئاوی تێدایە ئەمە کاری وەزارەتی شارەوانی نیە دەریاچە تەسفیە بکا، کاری وەزارەتی شارەوانیە ئەم ئاوەی کە لەناو بۆڕیەکەیە کە بۆ ماڵان ئەچێ تەسفیە بکات، دووپاتی ئەکەمەوە هەموو قۆناغەکانی تەسفیەی بۆ کراوە، تکام وایە جیا بکرێتەوە لە نێوان ئەوەی کە سەرچاوەی نەخۆشیەکە ئاوە، ئەو ئاوەی کە حکومەت، وەزارەتی شارەوانی ئیدارەی دەکات و تەسفیەی ئەکات و دێنێ بۆ هاووڵاتیان بە هەر جۆگەیەك یان هەر کەناڵێك یان بە هەر بیرێکی غەیرە مەشروع دا یان بە هەر دەریاچەیەك جیاوازیەکە لەمەدایە، من دووپاتی ئەکەمەوە سەرچاوەکانی ئەم ئاوە کە بە قۆناغەکانی تەسفیە ئەڕوات ئاوی خاوێنە، و تا ئێستاش سوپاسی هەر یەکێك ئەکەم کە نموونەیەکی ئەم فەحسەم پێ بڵێ، بڵێ کاکە لە بۆڕی ژمارە ئەوەندە لە فلانە گەڕەك، لە فلانە پرۆژەی ئاو، لە فلانە بۆڕی ئەمە نەتیجەیەکی پۆزەتیفە و هۆکاری نەخۆشیە، بۆ ئەوەی ئێمە بە دوا داچوونی بۆ بکەین، بەڵام بەو عمومیاتەی کە بڵێین بەس ئاو سەرچاوەیە، وەزارەتی شارەوانی بەرپرس نیە لە هەر قەترەیەك ئاو کە لەو وڵاتە هەبێ، تەنها لەوانە نەبێ کە خۆی بەرهەمی دێنێ، خۆی تەسفیەی ئەکات و لە ڕێگەی شەرعیشەوە ئەگاتە خەڵکی، دەربارەی ئەوەی کە ئێمە ڕاوەستابین بۆ ئەم مەسەلەی کە بەڕێز کاك عبدالله پرسی، ئەوەی کە من باسم کرد پلانە ستراتیجیەکە بووە، بەڵام گوتم کەوا لە وەڵامی بەڕێزاندا کارەکانی ئێمە ئێستا، بە تایبەتی پرۆژەی ئاوی دوکان کە زیاتر ئەو پرسیارە لەسەری دووبارە ئەبێتەوە، ئینتێکەکەی دوکان زۆر لە خوارەوەی سەدەکەیە، کاتی خۆی کە ئەم ئینتێکە دانراوە چەندین ساڵ پێش ئێستا ئەو هەموو ئاوەڕۆ و ئاوی نەگونجاو بەکارهێنان نەدەهاتەوە

سەر ئەم مەسارە، دواتـر کـە ئـەم وەزعیەتـە دروسـت بـووە و لەگـەڵ گرتنـەوەی ئـاو بـۆ مـەزوعی کارەبا و هەڵگرتنەوەی ئاو، لە پلانـی ئێسـتای وەزارەتـە، لـە پارێزگـای سـلێمانی دیـزاینی بـۆ کـراوە، لـە قۆناغـەکانی تەندەرکردن دان، بۆ ئەوەی کە ئێمە ڕاستەوخۆ سەرچاوەیەکی ئاو، یان کەناڵێکی ئاو لە پشت سەدەکە، واتە بێ ئەوەی بەم هەمووو مەسارە بێت و مەعەرز بێ بۆ ئەوەی کە ئاوەڕۆی گەشتیارەکان و چێشتخانەکان کە لەسەر ئەو ئاوەیە کە لەسەدەکەوە دێت تاکو ئەگاتە شوێنی ئینتێکەکە لەوێوە ئێمە ڕاستەوخۆ ئاو لە پشت سەدەکەوە وەرگرین، و بێنین بۆ سەرچاوەی پـاك كردنـەوە، بـۆ ئـەوەی لـەم مەترسـیە ڕزگـار بـین، لـە کـەم کردنەوەی ئاو ڕزگار بین، لە گرتنەوەی ئاویش ڕزگارمان ئەبێ، لەکاتی ڕوودانی خنکان و ئەمە ئێستا لە بن تەنفیز دایە، یەعنی لە قۆناغەکانی ئەوەدایە کە دیزاینی بۆ کرایە، و کـاری لەسـەر کـراوە، ئـەم دووە بـوون پرسیاری بەڕێز کاك عبدالله، دەربارەی ئەو گەڕەکانـەی کـە کـاك ئیسـماعیل پرسـیاری لەسـەر کـرد کـە بـە تەنکـەر ئاویـان پـێ ئـەگات زۆر کـەم بوونەتـەوە، بـۆ نموونـە لـە گەڕەکـەکانی قڕگـە و دەوروبـەری وەکـو کوردستات و بەکرەجۆ و ڕاپەڕین و کانی سپی، کە پێشتر ئاویان بۆ دابین ئـەکرا، ئێسـتا خـاوەنی پـرۆژەن و تـۆڕی ئاویـان پـێ گەیشـتووە، و هەنـدێ گـەڕەکیش کـە گونـد بـوون تـازە خراونەتـە سـەر سـنووری شارەوانیەکانەوە بۆ ئەو پرۆژانە، یان ئەبێ لەو پرۆژانەوە ئاویان بۆ دابین بکرێ، ئەمانە لە پلاندان، ساڵانە ئـەو گەڕەکانـە بـە بـەردەوام تـۆڕی گەیانـدنی نـوێش هەیـە، و تـازە کردنـەوەی تـۆڕی کۆنیش هەیـە، و لـە پرسیارەکەی کاك ئیسماعیل دا دەربارەی نرخی وەرگرتنی ئـاو بەڕاسـتی لای ئێمـە لـە پرسـیارەکەدا هـاتووە 15 هەزارە، بۆیە ئێمە لە مەبەستەکەی کاك ئیسماعیل حاڵی نەبووین کەوا پێم وایـە 1500 ە، ئێسـتا لـە پرسیارەکەی دا پرسی، ئەو دەڵێ بە 15000 دینارە و دواتر بە 20000 دینـار ئەفرۆشـرێ، بەڕاسـتی مـن بە تەقدیری خۆم پێم شتێکی ئاسایی بوو ئەگەر بە 15000 دینار بکڕدرێ ئێ خۆ دەبـێ کـابرا بـە 20 ی بفرۆشێتەوە؟ بەڵام ئەگەر بە 1500 و بە 20 ئەفرۆشرێتەوە بەڕاستی کۆنترۆل کردنی نـرخـی ئـاویش لـە دەستی ئێمە نیە، ئێمە بچین بە دوای ئاوی، بەڵام ئەو شوێنانەی کە ئاوی تانکەر لەسەر ئێمە، ئێمـە پـارەی ئـاو لـە هاووڵـاتی وەرنـاگرین، 750 دینـار وەردەگـیرێ بـۆ تانکیـەك ئـاو، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، ئـەم مـەوزوعی فرۆشـتنەوەیە بـە ئیجـازەی شـارەوانی نیـە، ئەمـە هـیچ پەیوەنـدی بـە، بـەڵام ئـەوەی کـە لـە سەرچاوەکە وەردەگیرێ چ 750 دینار بێ، چ1500 دینار بێ، بڕێکی وا نیە بۆ تانکەرێکی ئـاو، ئەگـەر ئـاو بگاتە ماڵانیش ئـەو نرخـەی هـەر لەسـەر دەکـەوێ، بـەڵام فرۆشـتنەوەی تانکـەرکان ئەمـە، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان ئیجـازە هەیـە پرسـیاری د.احمـدیش جـواب بـدەم؟ پرسـیاری بـەڕێز کـاك د.احمـد ئـەوەی کـە پەیوەندی بە ئێمـەوە هەیـە بـەڵێ دووپـاتی ئەکەمـەوە، بەڕێوەبەرایـەتی ئـاوی سـلێمانی، بەڕێوەبەرایـەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆکان لەسەر وەزارەت، و ئێمەش وەکو وەزارەت ئەوە چەند بارەی ئەکەمەوە کەوا تا ئێسـتا لە هیچ فەحسێکی موختەبەری، نە فحوساتی ئێمە، نە فحوساتی وەزارەتی تەندروستی، سەلماندنی هەبوونی هۆکاری نەخۆشی لە ئاوی پاك کراوەی مەشروعە ڕەسمیـەکانی کـە وەزارەت لێـی بەرپرسـە و ئەگاتـە مـاڵان نیـە، قۆناغـەکانی ئـەوەی کـە هەنـدێك سەرچـاوە هـەن وەکـو باسـم کـرد ئەوانـە سەرچـاوەی غێـر فـەرمین

بەداخەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کەوا لەناو مالآن دا هەن، بیری مالآن لە هیچ شوێنیك دا نیە بەرێزان، مـن نازانم لەسەر چ بارودۆخێك دا لە سالآنی ڕابردوو ڕەنگە 5 سالّ، 6 سالّ، 10 سالّ، لەمەوبەر بارودۆخێك وای کردبێ مۆڵەت بە خەڵکی درابێ یان مۆڵەتیشی پێ نەدرابێ کە لە ناو ماڵی خۆیدا بیرێك بکاتەوە، بەڕاستی ئەمە یەکێکە لە سەرچاوە، ئەویتریش ئەوانەن کە قەدەغە کراون، هەنگاوەکانی ئێمە بۆ ئەو وەختەی ئێستا ئەوە بوون کە ڕوونم کردنەوە بۆ ئەوەی کە قۆناغ بە قۆناغ هەنگاوەکانی پاك کردنەوە بۆ ئاو بەردەوامی هەیە، لە سەرچاوەوە، لە ڕێگاشەوە، و پێش دابەش کردنیش لەناو خودی شاری سلێمانی، پرسیاری بەرێز مامۆستا عمر بۆ من نەهاتیە بە نووسین.

**بەرێز د.ارسلان بایز:سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدلله.

**بەرێز عبدالله محمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وەڵامی کاك دڵشاد بۆ ئەو شەریکەیە کە ئەفزەلیەتی پێدراوە لەبەر ئەوەی ئیختصاصی هەیە و شەریکەی مونەفیز بووە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم، لەبەر ئەوەی حیکمەتی قانون لەوە دایە کە ببێتە ئەساسێك بۆ حوکم، ئەگەر لە قانونێك پشتگیری ئەفزەلیەتێك نەکا هیچ قانونی نیە تۆ شەریکەیەك بێنی لە یاسا بەدەر ئەفزەلیەتی پێ بدرێ، یەعنی لەم شەریکەیە زیاتر ئیختیصاصی تیا نیە؟ لە وانەیە تۆ بڵێی لەبەر ئیختیصاصیەتی، لەبەر ئەوەی شەریکەی مونەفیزە، من ئەڵێم نا، لە وانەیە شەریکەکە شەریکەیەکی حیزبی بێ، لێرەدا ئەبێ ئێمە بچین بۆ قانون، ئەبێ لە قانون چۆن بێ ئیجرائاتی ئەم شەریکەیە حەقی پێ بدرێ، ئەگەر قانون حەقی پێدا ئیشەکەی پێ بدرێ، حەقی پێ نەدا ئیشەکەی پێ نەدرێ، مومکینە شەریکەکە بزانێ کە لە یاسا بەدەر ئەفزەلیەتی ئەدرێتێ ئیهمالی بکا، ئاسایشەکەی تێك بچێ، بۆیە لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز:سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەرێز دڵشاد شهاب:وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی بەڕێوەچوونی کارەکە کە جەوهەری بابەتەکەیە، بەڕاستی نرخەکان، نرخی ئیدارەدانی ئەو پرۆژەیە ئەگەر خۆمان ئیدارەی بکەین ڕەنگە لەو نرخە تەکلیفی زیاتر بێ، بۆ مەعلوماتی ئێوە بەڕێوە بردنی پرۆژەکە بە 200 ملیۆن دینار ئەکرێ مانگانە کەوا دانی مووچەی کارمەندەکانی حکومەتیشی تێدایە لە زمنی 70٪ یەکە، و هیچ سەبەبێکی تر ئیختیار نەبووە، لە 2 شت، یەکیان سەرکەوتوو بوونە لە ئیدارەکەی، دەرئەنجامەکانی پشکنین و سەلامەتی ئەو ئاوەی کە ئێستا لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیە دەگاتە شاری سلێمانی بەڵگەیە لەسەر سەلامەتی کارەکە، لە دوا سەردانی دوای سەرهەڵدانی ئەم پەتایە لە شاری سلێمانی

کە نوێنەری w.h.o لەگەڵ نوێنەری تیمێکی هاوبەشی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی شارەوانی کە سەردانی شوێنەکەیان کردووە بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیاری (w.h.o ) لە عێراق ڕای گەیاندووە کە پرۆژەی ئاوی دوکان نەك تەنها یەکێك لەو پرۆژانەی کە بەرێز کاك عبداللە باسی ئەکات، نەك تەنها پرۆژەیەکی سەلامەتە، یەکێکە لە سەرکەوتوو ترین پرۆژەکانی نەك هەر عێراق بەڵکو هی ناوچەش، ئەمە لەبەر دەمی خەڵکێکی زۆردا، کە ئێستا مەوجودن، و کەسەکەش مەوجودە، و دەلیل لەسەر ئەوەی کە پرۆژەکە بە سەلامەتی بەڕێوە ئەچێ، بۆیە سەلامەتی بەرێوەچوونی پرۆژەکە و ئەو نەجاحەتەی کە لە کارەکەی دا هەیە هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر خەلەلێك لە ئیشەکەدا ئەمە بە سەرەکی ئەزانین زۆرتر لەوەی کە بەرێز کاك عبداللە باسی ئەکات.

**بەرێز د.ارسلان بایز:سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك حەمە سعید:

**بەرێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەوڵ ئەدەم ئەو پرسیارانەی دووبارە بوونەتەوە و وەڵامیان دراونەتەوە..

**بەرێز د.ارسلان بایز:سەرۆکی پەرلەمان.**

تکاتان لێ ئەکەین ئەو پرسیارانەی تکرارە و جەنابی وەزیریش ئەو پرسیارانەی کە تیکرارن خۆشیان تیکراری نەکەنەوە و وەڵامیش نەدەنەوە، فەرموو

**بەرێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیار بۆ بەرێز وەزیری تەندروستی، پلان و بەرنامەی ستراتیجی بۆ ڕێگە گرتن و چارەسەر کردنی نەخۆشی کۆلێرا؟ و ئایا شوێنی نەخۆشخانەی تایبەت بە کۆلێرا هەیە کە جیا بێ بە نەخۆشیەکانی تر؟ و ئایا ستاف و کەرەستە و داودەرمان هەیە؟ و چیتان کردووە؟ خاڵێکی تر، ئایا صەلاحیەت دراوە بە مودیر عامەکان بۆ ئەوەی کە لە حاڵەتی ئاوادا دەست کراوە بن بۆ سەیارە کڕین یان سەیارە گرتن یان داودەرمان یان هەر پێداویستیەکی تری ئەم نەخۆشیە، پرسیاریش بۆ بەرێزیی وەزیری شارەوانی هەرچەند نەمناردووە، بەس دوو پرسیارم هەیە، ئێمە....

**بەرێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە حەڕامی مەخۆ.

**بەرێز حەمە سعید حەمە علی:**

لەناو پرسیارەکاندا هەیە، ئایا چیتان کردووە و چی ئەکەن بۆ نەهێشتنی یان کەم کردنەوەی سەرچاوەکان یان هۆکارەکانی تووش بوون بەم نەخۆشیە؟ ئێمە ستافێك لە ئەندام پەرلەمانانی نووسینگەی سلێمانی سەردانی بەڕێوەبەڕی گشتی تەندروستی سلێمانیمان کرد، لەوێش بڕێوەبەری ئاویش ئامادە بوو، کەوتینە

ناو جەدەلێکەوە، و بەڕێوەبەری ئاو دەیوت سەرچاوەکە ئاو نیە، تەندروستیش ئەیوت ئاوە، ئێستاش جەنابی وەزیر ئەڵێ هۆکاری سەرەکی ئاوە، جەنابی وەزیری شارەوانی ئەڵێ ئاو نیە، تەبعەن هۆکارەکە پیس بوونی ئاوە، لە هەر قۆناغێك بێ ئەبێ ئاوە کە بپالێورێت دەبێ ئەوەندە سەلامەت بێ لە هیچ قۆناغێکدا ئەو ئاوە، کەواتە ئێمە تووشی شتێکی حەتمی ئەبین کە ناتوانین لێی ڕزگار بین، ئەمە چارەسەرەکە لەکوێیە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز:سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕەئی هەندێك ئەندام پەرلەمانی تریش هەندێك باسی بەکرێ گرتنی سەیارە و ئەوانەیان کردووە، ئێمە هەتا ئێستاش خۆشمان وەزارەتی تەندروستیش صلاحیەتی بەکرێ گرتنی سەیارەمان نەبووە، بەلاَم لە کۆبوونەوەی پێشووی ئەنجومەنی وەزیران دا ڕەبتی بەوەش نەبوو، بەلاَم بڕیار درا دەستەلاَت شۆڕ بکرێتەوە، یەکێ لە دەستەلاَتەکان ئەوەیە، بەلاَم ئەوەی کە من ئەمەوێ بیلێم ئەچیتە هەر شوێنێك باسی کێشە ئەکات ئەڵێ سەیارەم کەمە، ئەوە سەیارەکانی صەحەی سلێمانی، فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی ئەمساڵ 86 سەیارەی پیکاپی عەقدیان هەیە، 26 سەیارەی پاص و مینی پاصیان هەیە، 151 سەیارەی جۆراو جۆری حکومیشیان هەیە، بەڕێوەیرایەتی ویقایەش 12 سەیارەی حکومییان هەیە، 6 سەیارەی گرێبەستیشیان هەیە، 10 سەیارەی تریشیان هەیە، بەلاَم خۆ ئەو بودجەیە هەرکەسێك ئەیەوێ لە مودیرەوە، لە مودیر ئیدارەوە، لە مەسئول قسمەوە، هەمووی سەیارەیەکی بۆ بکرێ، وەڵلاَ ناکرێ، سەبارەت بەوەی بودجە دەست کراوەبێ، ئەو دەستەلاَتانەی کە بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان دابەزی، ئێمە ئەو دەستەلاَتەمان زۆرتر دراوەتێ، لە کۆبوونەوەکان کە باس کرا وتوویانە وەزارەتی شارەوانی و تەندروستی زۆرترین دەستەلاَتیان دەبەزاندووە، من خۆم بۆم هەیە 350 ملیۆن سەرف بکەم، مودیر عامەکان بۆیان هەیە 250 ملیۆن سەرف بکەن، هەر ئەوەندەش ڕێی پێدراوە، وتوویەتی تۆ بۆت هەیە ئەوەندەی بۆ دابەزێنی، هەموو شتەکانیان هەیە، مەسەلەی دەرمان و موغەزی، ئەو نەخۆشیە ئەوەندەی دەرمان و موغەزی لە بەغداوە بۆ هاتووە، ڕۆژانە 5، 6 لۆری موغەزیمان بۆ دێ، موغزی ئەوێ، دۆیسکی سایکلینی ئەوێ، لەگەڵ ئیجرۆمایسن، هەموومان هەیە، مەسەلەی شوێن، ئێمە چەند خەستەخانەیەکمان لە تەواو بوون دایە، بەلاَم بەرێزان بەو بودجە و بەو وەزعە لەوانەیە هەندێك خەستەخانەمان بۆ بەڕێوە نەچێ، هەندێ پەرلەمانتاریش سوئالیان لەسەر خەستەخانە کردبوو با بۆتان باس بکەم چەند خەستەخانەمان لە تەواو بووندایە، لە دهۆك خەستەخانەی زاخۆ 200 قەرەوێڵەیی خەریکە تەواو ئەبێ، تەواو بوە کارمەندی ماوە، هەندێ شتی تریش ماوە، خەستەخانەیەکی ویلادە لەناو زاخۆ تەواو ئەبێ، لە دهۆك سێ خەستەخانەی چاو و تەواری تەواو ئەبێ، لە هەولێر خەستەخانەی سۆران تەواو ئەبێ، خەستەخانەی

مەصیف تەواو ئەبێ، خەستەخانەی بلە تەواو ئەبێ، لە سلێمانی خەستەخانەی تەواری کەلار تـەواو بـووە، خەستەخانەی چوار سەدی مانگی 2 ی ساڵێکی تر تەواو ئەبێ، سەنتەری چاندنی مۆخ ساڵی داهاتوو تـەواو ئەبێ، خەستەخانەی سنگ تەواو ئەبێ، خەستەخانەی دڵی کراوە تەواو ئەبێ، ئەمانە هەمووی بەس ئەوانە 3500 مونتەسیبمان ئەوێ، بەدەر لەو 17000 هەزارەی کە ئێوە بۆ ئێمـەتان دانـاوە، لـە کۆلێراش ئێستا حاڵی حـازر سـەرگەرمی دروسـت کردنـی دیـزاینی خەسـتەخانەیەکین موافەقـەتی بـۆ کـراوە پێـی ئـەوتریٚ حومەیات، یەعنی نەخۆشیە گوازراوەکان، ناتوانی تۆ بۆ کۆلێرا دروست بکەی،تۆ ئەبێ بـۆ کـۆلێرای دروست بکەی، بۆ ئەنفلۆنزای باڵندەی دروست بکەی، خوا نەخواستە بۆ وەبائێکی تری دروست بکەی، بەڵی ئەوە لە سلێمانی لە دروست کردن دایە، و زۆر خەستەخانەی تریشمان هەیە یان لە دیزاینە یان لە دروسـت کردنـە، بەلاٌم بەو بودجەیەی کە نەفەری 100 دۆلاری بۆ دابنرێ ئەو خەستەخانانە بڕێوە ناچـێ، یـان ئـەبێ ئـەو یاسای تەئمینە کە ئێستا لەم پەرلەمانە بەرێزەیە زوو تەصدیق بکرێ و یاسای تەئمین دابنـرێ و خەڵك بـە شتێك بەشداری بکا، یان ئەبێ بودجەی وەزارەتی تەندروستی زیاد بکرێ، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز:سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو جەنابی وەزیری شارەوانی.

**بەرێز دڵشاد شهاب/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گۆزار:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پرسیارەکەی کاك حەمە سعید لەوەی کەوا لەوێش جەدەل هەیە و لێرەش جەدەل هەیە، بەرێزان ئەمـە هێلکاریـەکی پـرۆژەی ئـاوی دوکانـە، ئـاوی سـەدی دوکانـە تێسـت کـراوە لـە خـوارەوەی سـەدەکە بـە ڕاستەوخۆ ئاو لێرە خاوێنە، لەم مەسارە پێشی ئەوەی بگاتە پرۆژەکە ئاو لێرە پیسـە، کـە دەگاتـە پـرۆژەکە لە دوای تەسفیەوە خۆ ئاو لێرە ناگوازرێتەوە، دووپـاتی ئەکەمـەوە ئەوەهـەموو قۆناغـەکانی تەسـفیەن، کـە باسی کلۆر ئەکرێ بۆیە ئەوەندە باس ئەکرێ چونکە پەیوەندی بە کۆلێراوە هەیـە، ئەگـەرنا تەسـفیەی ئـاو خۆ بەس بریتی نیە لە ئاو، هەنگاوی دوور و درێژی تەسفیەی ئاو هەمووی لەبەر دەسـت دان بـەلاٌم ڕەنگـە لە پرسیارێکی تردا تەحدیدەن پرسیاری لەسەر کرابێ بۆیە لەوێـدا باسـی ئەکـەم، سەرچـاوە یـان هـەبوونی میکرۆب لە ئاودا؟ بەڵێ لە ئاودایە، بەلاٌم لە ئاوی تەسـفیە کـراوی گەیەنـدراوی گواسـتراوە نیـە بـۆ خـەڵکی، هەردووکی ڕاستە، بەڵێ سەرچاوەکە ئاوە، بەلاٌم ئـاوی پـاك نـەکراوە، نـەك ئـاوی پـرۆژەکـانی کـە لـە ڕێگـەی حکومەتەوە ئەگاتە ماڵەکان، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەرێز سەرگوڵ رضا:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پرسیارم هەیە، پرسیارێکیان بۆ وەزیری تەندروستی و ئەویتریش بۆ وەزیری شارەوانی، سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، ئەوەی ئاشکرایە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2007 یشدا هەر پەتای کۆلێرا بلاّوبوویەوە، ئێمە وەکو پەرلەمانتارانی سلێمانی کە سەردانی بەڕێوەبەری گشتیمان کرد لە سلێمانی، باسی لەوە کرد کە ئەم نەخۆشیە ئەگەری ئەوەی هەیە دوای 5 ساڵی تر سەر هەڵداتەوە، واتە لە ڕووی پزیشکییەوە ئەم نەخۆشیە ئەگەر کۆنترۆلیش نەکرێ و ئەو عیلاجانەش بەکار بێ هەر سەر هەڵدەداتەوە، بۆیە ئەو قیاسەی ئەو کردی وتی لەوانەیە بۆ 2017 ش ئێمە دابنیشینەوە بۆ ئەم مەوزوعە، 2007 تا ئێستا 5 ساڵ ئەکا، یەعنی مەناعەکە لە ڕووی صەحیەوە جەنابت شارەزای، لە لەشی ئینساندا ئەو مەناعەیە بۆ 5 ساڵە، پرسیارەکەی من ئەوەیە، لە ماوەی ئەم 5 ساڵە ئەگەر ئەمە مەعلومەیەکی توبی ڕاستە بۆ کاری پێ نەکراوە بۆ ئەوەی ئەم پەتایە سەر هەڵنەداتەوە؟ ڕێوشێونەکانی وەزارەتی تەندروستی و جەنابتان چیە بۆ ئەوەی لە 2017 شدا ئێمە تووشی نەبینەوە؟ پرسیاری دووەم بۆ وەزیری شارەوانی سەبارەت بە ئاوە، پێم وایە پرسیاری زۆری لەسەر کرا، پرۆژەی ئاوەکانی دوکان و خورماڵ و دەربەندیخانە گومانی لەسەرە، بۆیە بەڕێزیان پێشتر باسی کرد کە پاك کردنەوەی ئاو تەنها مەسەلەی کلۆر نیە، ئەوە ڕوون بکاتەوە کە سەرچاوەی ئەو نەخۆشیە ئەو ئاوانە نیە کە ئەگاتە ماڵان بەڵکو ئاوی ترە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من گریمانی ئاوام نەبیستووە، لەوانەیە چەند ساڵێکی پێ بچێ، بەلاّم لەوانەیە ساڵی پار، من پار خۆم ڕەئیس صەحەس سلێمانی بووم ئەترسام بلاّوبێتەوە، لەمانگی شەشەوە ئەوە کیتابەکان لێرەیە ئیجرائاتمان کردووە، لەبەر ئەوە شەرت نیە گریمانێکی وا هەبێ لەبەر ئەوەی، مەسەلەن لە سلێمانی 98٪ بلاّوبۆتەوە، وابزانم 2011 بلاّو بۆتەوە، دوای شتێکی وا نیە بلێی وەڵلا 5 ساڵ، بەلاّم کە بلاّو ئەبێتەوە هەموو خەڵك بەری ئەکەوێ بەکتریاکە، لەو خەڵکە لەوانەیە لە 20٪ ی تووشی سك چوون بێ یان کەمتری، بەلاّم ئەوەی کە 5 ساڵ جارێك بلاّوئەبێتەوە، نەخێر بلاّو نابێتەوە، سەبارەت بەو ڕێوشوێنانە هەموو نەخۆشیەکی گوازراوە بە دوو قۆناغ لەناو ئەبرێ، قۆناغی یەکەم هۆشیاری تەندروستیە، قۆناغی دووەم لە ناو بردنی ڕێگاکانی بلاّوبوونەوە، هەروەها تەلقیح، ئەم کۆلێرایە تەلقیحی نیە، کوتان دوو نەوعی هەیە، کوتانێك کە بە دەم ئەخورێتەوە، تەنها لە 23٪ مەناعەت هەیە، و کوتانێك کە بە دەرزیە تەنها لە 40٪ مەناعەت هەیە، و مونەزەمەی صەحی عالەمی ڕیکۆمێنت ناکا، ناڵێ بۆ خەڵکی بەکاری بێنن، ئەڵێ تەنها بۆ ئەو کەسانە بەکار بێنن کە لە ولاّتی ترەوە دێن ئەو بەکتریایەی تیا نیە بۆ ولاّتێکی تر، بەلاّم ناڵێ بۆ لوقاحێکی تر وەك سورێژە و شەلەلی منالاّن و سکچوون و ئیلتیهابی کەبەد فایرسی بیکەن بە پرۆگرام، ئەگینا ئێمە ئەمان کرد بە پرۆگرام و لە منالّیەوە بەکارمان ئەهێنا، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز:سەرۆكی پەرلەمان**

وەزیری شارەوانی.

**بەڕێز دڵشاد شهاب-وەزیری شارەوانی و گەشت و گۆزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر لە خەمی چارەسەر كردنی گرفتەكەین، پرسیار كرا بۆ لەخەمی چارەسەر كردنی گرفتەكە نین؟ هەموو ئەو هەنگاوانەی كە بڕدراون و سەردانی مەیدانی و ئیجرائاتی ویقائی و پەلە كردن لە پەرە پێدانی ئەو پلانەی كە هەیە و ئەو ئیجرائاتانەی كە وەرگیراون هەموویان ئیجرائاتی هەنووكەین پێویست ناكا دووبارەی بكەمەوە، و لە پلانی ستراتیجیش باسی هۆكارە سەرەكیەكانیم كرد بۆ ئەوەی زەمانەتێكی هەتا هەتایی بدرێ بۆ چارەسەر كردنی هەرچی ئاوەڕۆ و موعالەجە كردنی، بەڕێز سەرگوڵ خان ئەبێ بە یەكجاری بنەبڕ بكرێن بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی جارێكی تر ئەم مەسەلە، بەڵام ئەوە ڕێگایەكی دوورمان لە پێشە بە حەقیقەت، بەڵام مانای ئەوە نیە كە هەنگاو نەنراوە، لە شوێنە خەتەرەكانەوە دەست پێ ئەكەین، سەرچاوەی ئاوی دوكان ئینتێكەكەی ئەگوازینەوە، كە لە كەناڵێكی تایبەت بۆی بێ، بەم مەسارە پێسە نەڕوا كە باسم كردن یەكەمین شوێن كە ئەو موعالەجەی ئاوەڕۆی بۆ ئەكرێ هی دوكانە، كار لەسەر ئەوە ئەكەین كەوا ڕێزبەندیەك هەبێ بۆ ئەو شوێنانەی كە خەتەریان زۆرترە ئەمانە بخەینە پێش، نەك هەمووی بەیەك چاو و یەك وەزعەوە سەیر بكرێ، دووپاتی ئەكەمەوە ئەو ئاوانەی كە ئێستا گوماناوین ئەو ئاوانەن كە لە كۆنترۆلی دائیرەی ئاو، واتا ئەوەی كە وەكو سەرپێچی دەكرێن، هەروەكو چۆن هەر سەرپێچیەكی تری بەدەر لە یاسا كە هاووڵاتیەك تێدا تووشی گرفتاری دەبێ، بە داخەوە كە بڵێم یەعنی نەتیجەكەی زەرەرمەندی بۆ هەمووومانە، بەڵام خۆی بەرپرسیارێتی یەكەم هەڵدەگرێ، كەوا تووشی وەزێعێكی وابێ، بۆ دڵنیا بوونێك یان زۆرتر لە سەر كە ئاوی سەرچاوەی دوكان بەڕێزان، جگە لە ناو شاری سلێمانی ئاوی دوكان بۆ چەمچەماڵ و شۆڕش و تەكیە و بازیان و ئەڵاهی و گۆپاڵە و پیرەمەگروون، بۆ هەموو ئەوانە ئاوی دوكان دەچێت، خۆش بەختانە تا ئێستا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم پەتای سكچوونە یەك حاڵەتی پۆزەتیف لەم مەنتیقانە هەمووی تۆمار نەكراوە، ئەگەر خوانە خواستە سەرچاوەی ئاو پیس بوایە خۆ ئەگەر بەڕێكەوتیش بوایە لەو هەموو دەیان و سەدان هەزار نەفەرە یەكێك هەر تووش دەبوو، الحمدلله كە كەس تووش نەبووە، بەڵام ئەوە خۆی بەڵگەیە لە سەر ئەوە، نەبوونی حاڵەتی پۆزەتیف كە هەمووان سەرچاوەی ئاوی دوكانە بۆ ئەم شوێنانە دەچێت، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كەوا سەرچاوەی ئاوەكە، دوای پاككردنەوەی ئاوێكی سەلامەتە كە بە خەڵك دەگات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕۆژی چوارشەممە سەعات (10)ی پێش نیوەڕۆ دانیشتنی پەرلەمان هەیە، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان، بۆ پڕۆژەی قوتابخانە ئەهلیەکان و دەنگدان لە سەر ئەو دوو پڕۆژە یاسایەی کە موناقەشەمان کرد لە هەفتەی ڕابووردوودا.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارم کردبوو، جەوابی پرسیارێکیانم وەرگرت، دوو پرسیارەکەی تریشم کورت دەکەمەوە، بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی، ئایا پلانی پێش وەختەتان ئامادەکردووە، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر کارەساتێکی لە ناکاو وەك بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە گواستراوەکان، پرسیاری دووەم: ئایا بەڕێزتان لە ڕێگای دەزگا تایبەتەکانی وەزارەتی تایبەتەوە لیژنەی چاودێری وپشکنینی بەردەوامتان داناوە بۆ سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێزد. ڕێکەوت حەمە رشید/وەزیری تەندروستی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە جەنابت نووسیوتە، بەڵێ ئەنفلۆنزای باڵندە هەر خۆی لە مستەوای ئەنجومەنی وەزیران لیژنەی باڵا هەیە، کۆلێرا ئێمە لە مستەوای وەزارەت هەمانە، ئایدزیش هەر لە مستەوای بڵێین وەزارەت ئەو هینەمان هەیە بڵێین بە گژداچوونەوە ڕێنمایی دەرکردن هەمووی ئەوانە کۆمیتەی خۆمان هەیە، کۆبوونەوەی مانگانە یاخۆد ئەنفلۆنزای باڵندە ئێمە سەرۆکی نین، زیاتر پەیوەندی بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە هەیە، بەڵی ئێمە موختەبەری ئاومان هەیە، ئێمە بەرێوبەرایەتی خۆپاراستنی ئاومان هەیە، لە ڕێی ئەو موختەبەری ئاوانەوە نموونە وەردەگرین، ئەو نموونانە هەم نموونە بۆ ڤیسی وەردەگرین، یەعنی بۆ بەکتریاکە، هەم نموونە بۆ ئاویش وەردەگرین و، بەدواداچوونی بۆ دەکەین، مەسەلەن سەیرکە ئەمە بەدواداچوونی بۆ نموونە هەموی تێدایە، مانگی (7، 8، 9)ی تێدایە، بۆ نموونە مانگی (9)، نۆهەت و نۆ پشکنینمان کردووە بۆ ڤیسی، (129) پشکنینمان کردووە بۆ تەنکی ماڵان، هەر لە ئاوی سلێمانی بێجگە لە ئاوی دەوروبەر، بێجگە لە هەولێر، بێجگە لە دهۆك، یەعنی ئەو نموونانە بەڵێ هەموو بەدواداچوونمان هەیە،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

جەنابی وەزیری شارەوانی قسەت هەیە؟ ژیان خان فەرموو

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس وەڵامم وەرگرت،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان**

باشتر، فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو پرسیارم ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری تەندروستی كردبوو، دیارە یەكەم: لە سەر سەرچاوەی ئەوەی كە بۆتە هۆی ئەوەی نەخۆشیەكە بڵاوببێتەوە، سەرچاوەكەی چییە؟ وەڵامەكەم وەرگرتەوە، دووەمیان: لە سەر ئەو حاڵاتە مردنانە بوو كە بەڕێزیان باسی كرد، كە سێ حاڵەتی مردن هەبووە، بەڵام ئایا بە فیعلی دەركەوتووە یەعنی ئەو حاڵەتە مردنانە بەهۆی نەخۆشی كۆلێراوە بووە؟ سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێزد. ڕێكەوت حەمە رشید/وەزیری تەندروستی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ چوار حاڵەت بووە وەكو ئاماژەم پێدا سێ حاڵەت لە سلێمانی، حاڵەتێك لە هەولێر، بەڵێ هەمووی دەركەوتووە كە بەهۆی ئەو نەخۆشیە بووە، ئەو نەخۆشەی هەولێر خەڵكی دهۆكەو بڵێین سەفەرەكی كردووە لە ڕانیەوە هاتووە، و، هیچ حاڵەتیكێ تر نە لە هەولێر، نە لە دهۆك تۆمار نەكراوە و، غەیری ناو سلێمانیش نەبێ سەنتەری سلێمانی، هیچ حاڵەتی تر لە قەزاو ناحیەكان تۆمار نەكراوە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كویستان خان،

**بەڕێزكوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیاری یەكەمم: لە پێشە بۆ وەزیری تەندروستی، بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستدایە بۆ هەر (11272) كەس، یەك كەس لە نەخۆشخانەی هەناو قەرویڵەیەكیان بەر دەكەوێ لە شاری سلێمانی، بۆ (657) كەسیش لە هەموو خەستەخانەكان یەك قەرویڵەیان بەر دەكەوێ، واتا لە حاڵەتی ئاساییدا بەو خەستەخانانەشەوە كە باسی دەكا بەڕێزیان، ئەو ئەزمەیە چارەسەر ناكات، كە ئێستا لە شاری سلێمانی هەیە، بەپێی بەدواداچوونیشم، چ بۆ بودجەی گشتی، و، چ لە ڕێی سەرۆكایەتی تەندروستی سلێمانیەوە هیچ پرۆژەیەك نیە، بۆ دروستكردنی نەخۆشخانەیەك بۆ حاڵەتی كتوپڕ، كە پێویستە وەزارەت من خۆم لەگەڵ دكتۆر میران قسەم كردووە، و، پێی وتووم پرۆژەی وا نیە، لە بودجەی گشتیش نیە، یەعنی

پرسیارەکە دیارە پێش تر جەواب دراوەتەوە، بەڵام من دەیگۆڕم بە پێشنیار کە حەقە وەزارەت بەپەلە بیر لەوە بکاتەوە، نەك لە سلێمانی لە هەولێر و دهۆکیش ئەوە دروست بکەن، بۆ مەسەلەی ستاف، ئێمە ئەوە ڕۆژەی کە چووین بەدواداچوونمان کرد، لە نووسینگەی سلێمانی هەستمان کرد ئەزمەی ستافیشیان هەیە، یەعنی وەڵامەکە موقنیع نەبوو بۆ من، بۆیە دەیکەم بە پێشنیار، کە حەقە وەزارەت لە سلێمانی و هەولێر و دهۆکیش ستافێکی ڕاهێنراوی هەبێ، ئەم ستافە لە حاڵەتی ئاسایی لە نەخۆشخانەکانی دیکە دەوام بکەن، بەڵام کە حاڵەتی کتوپڕ دەبێ، هەر نەخۆشی کۆلێرا نیە، ڕەنگە بوومەلەرزەیەك ببێت، ڕەنگە وەکو باسیان کرد نەخۆشی پەتای ئەنفلونزای باڵندە بلاّ ببێتەوە، ئەمانە بهێنرین لێرە ئیشیان پێ بکرێ، و، پێشنیارێکیشم هەر لە سەر ئەمە هەیە، ئەوەیە کە وەزارەتی صحە بیر لەوە بکاتەوە ماستەر بکاتەوە بۆ ئەو دکتۆرانەی هەناو لە سەر مەسەلەی ڕاهێنان بۆ چارەسەرکردنی پەتا گواستراوەکان، کە تا ئێستا هیچ ماستەرەك نیە لەم بوارەیا، بەڕێوبەرێتی خۆپاراستن کە بەڕێوبەرێتی گرنگە کە بەدواداچوون دەکا بۆ مەتعەم و بۆ ئاو و بۆ هەموو شتێك، کێشەی دەرماڵەیان هەیە، کێشەی سەیارەیان هەیە، دکتۆر دەڵێ شەش مانگ بەعقد بۆم گرتوون، ئەو عەقدە پارەکە دەڕوات، من یەك ئامار بە دکتۆر دەڵێم، لە بودجەی 2012 لە هەبووە نادارایییەکان، (29) ملیار دینار دانراوە بۆ کڕینی سەیارە، دوو هەزارو پێنج سەد هەزار دۆلار دەکا، ئایا لەم دوو هەزارو پێنج سەد هەزار دۆلارە نە ئەکرا شەش سەیارە بکڕێ، بۆ ئەم بەرێوبەرایەتیە گرنگە کە ئەرکە قورسەکە لە سەر ئەوانە بە تەنها لە کاتی پەتاکانە ئەمانیان بیر دەکەوێتەوە، ئەمە تەبعەن بۆ سەیارەکانی کەی کە گرێبەستیشە، چونکە ئەم پارەیەی سەیارە بە گرێبەستە پارەکە دەڕوات وەکو ئەوەیە خانوو بەکرێ بگری، لە باتی ئەوە بیکڕی بۆ حکومەتێك کە خانووەکانی کرێ بێ، سەیارەکانیشی هەر کرێ بێ؟ پرسیاری چوارەم تا چەند ئەو مەرکەزیەتە هەیە من بەدواداچوونم بۆ کردووە مەرکەزیەتێکی دارایی هەیە، ریئاسەی صحەی سلێمانی بە دەستی ئەناڵێنێ ئێستا بۆ گرتنی سەیارە بۆ کرێ چەندین بەدواداچوون و کیتابی دەوێ تا ئەتوانێ سەیارەیەك بەکرێ بگرێ، لە کاتێکدا کە ئاگامان لێیە بەڕێز سەرۆکی حکومەت، پارەیەکی زۆری خستۆتە بەردەستی بەڕێز وەزیری دارایی، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پەتایە، ئەکرێ هیچ نەبێ لەمەیان لامەرکەزیەت هەبێ، بۆ کڕینی هەندێك گرتنی سەیارە ئەو مەرکەزیەتە توندە نەبێ، تاکو پەتاکە دەڕوات، پرسیاری پێنجەمم: ئەوەیە لەکاتی سەردانمان بۆ بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی فێرکاری، لە باتی ئەم کارمەندانە دەرماڵەی مەترسیان بدرێتێ موکافەئە بکرێن کە ئێمە بینیمانن لە چ حاڵەتێکی شپرزەدابوون، مووچەکانیان دواکەوتبوو، ڕاستە جەنابی ئەوە ئیشی وەزارەتی داراییە، بەڵام جەنابیشی ئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانە، دەکرێ لە حاڵەتی وا مووچەی وەزارەتی تەندروستی پێش بخرێ بەتایبەتی ئەو بەشانەی کە ژیانیان لە خەتەر دایە، ئەوە بۆ وەزیری تەندروستی، بۆ وەزیری شارەوانی، باسی ئەو پرۆژەی تەسفیەی ئاوەڕۆکانی کرد کە زۆری دەوێ، بەڵام تەئکید دەکەمەوە ڕاستە ئەو پرسیارەکەی جەواب داوەتەوە، بەڵام تەئکید دەکەمەوە لەو ماوەیەی کە ماوەیەتی، ئیش لە سەر ئەوە بکات کە ئەو پرۆژەیە بچێتە بواری جێبەجێکردن، چونکە ئەمە هەر بۆ زێی

دوکـان نیـه بـۆ هـەموو زێیـەکانی دیکەیـە، کـە ئاوەڕۆکـان دەڕژێتـە نـاو زێیـەکانی کوردسـتانەوە، پرسـیاری دووەمـم: من بـە بـە دواداچـوونی تـەواوم و، کـە لـە سـەر چاوەی زۆر دروسـتەوە وەرمگرتـووە، کـە هـەردوو بەشەکەی پەنجا و حەوتەکانی بەشێکی بەکرەچۆ و بەشێکی ڕاپەڕین هەموو هەواری شار و هەموو کەڵەکن و هەموو قڕگە، بە تەنکەر ئاویان بۆ دەچێ ئێستاش (لا یزال)و، ئەم ئاوانە لەم شەمعانەوە ئاویان بۆ دەچێ کە ئێستا دەڵێن شەمعەکان پیسە، یەکێ لەم شەمعانە لە گەڕەکی ئێمەیە، هیچ نەشم بینیوە کلۆری تێکەن موراقیبیشی بەدواوە بێت، ڕۆژانە تەنکەری شارەوانی دێت لـەم شـەمعە ئـاو بـۆ ئـەم گەڕەکانـە دەبـات کـە یەکێك لەم سەرچاوانەی کە میکرۆبی تێدا دۆزراوەتەوە ئەم شەمعانەیە کە پێویسـتە بـە ڕای مـن ئایـا ئـەو وەزارەتە چی دەکات بۆ ئایندە؟ بـۆ ئـەوەی ئـەم گەڕەکانـە کـە لـە شـاری سـلێمانین، مەعقولـە شـارێکی وەك سلێمانی لە بەینی دوو زێـی گـەورەدا تـا ئێسـتا گەڕەکـەکانی بەتەنکـەر ئـاوی بـۆ بچـێ، پرسـیاری سـێیەمـم: شـــەبەکەی گەڕەکـــەکانی هـــەوارە بـــەرزە (220) تـــەکانی گۆیـــژە، بەشـــێك لـــە گەڕەکـــەکانی مەڵکـــەنی و صابونکەران ئەمە شەبەکەکانیان کۆنە، و، لە سەردنمان بۆ لای بەڕێوەبەری ئاو کـە کۆبوویـنـەوە لـە گـەڵی ئەم پەتایە کە بلاّ بۆتەوە ئەگەری ئەوە هەیە زێرابەکان تێکەڵی ئاو ببوون ئەم شەبەکە کۆنانەیە، ئەگەری ئەوە هەیە کە تێکەڵی زێراب بوو بێ، دەکرێ ئەم گەڕەکە کۆنانەی شاری سلێمانی کە من خـۆم دێومـەو بـە دواداچوونی تەواوم بۆ کردووە، و، زانیاری درووستە لە سەرچاوەی زۆر مەوسوقەوە وەرمگرتووە، دەکرێ لە شاری سلێمانی لەم گەڕەکە کۆنانە هێشتا شەبەکەکەیان کۆن بێ، وەزارەتی شارەوانی چ بەرنامەیـەکی هەیـە بۆ گۆڕینی ئەم شەبەکانە؟ پرسیاری چوارەمم: ئەوەیە کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە باسی ئەوە کرا کـە کلۆرمـان زیاد کردووە بۆ ئاو، هەموومان دەزانین کلۆر ماددەیەکی زەهرە، ئەگەر زیاد بکرێتـە ئـاوەوە بـۆ قـژ خراپـە، بۆ سی خراپە، و، من خۆم بەدواداچوونم کـردووە، چوومەتە دوکـان، چوومەتە پیرقوربـان و سوورقاوشـان بینیومە شێوەی ئەم کلۆرە کە دەکرێتە ئاوەوە، شێوەیەکی ئەلەکترۆنیە و، بەبڕە و، کەم و زیاد قبوڵ ناکات، ئایا ئەمە هەر بۆ هێورکردنەوەی خەڵکە؟ وتیان کلۆرمان زیاد کردووە، یان هەڕەمەکی کلـۆر زیـاد دەکـەن و بـیر لـەوە ناکەنـەوە کـە تەندروسـتی خـەڵك دەکەوێتـە مەترسـیەوە، ئەگـەر کلۆرەکـە زیـاد بکـەن، سـوپاس، سوئالەکانم زۆر بوون داوای لێبوردن دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کویستان خان خۆی پێنج سوئالت ناو دەستە، دە سوئالت کرد، فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێزد. ڕێکەوت حەمە رشید/وەزیری تەندروستی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سوئالی پێنجەمەوە پێدادێم کە پارە لە بانق نەبێ وەزیری دارایی بڵێ چی؟ تەلـەفۆنم بـۆ کـردووە دەڵـێ تێیدا نیە بانق، وتی ئەوە تەلەفۆن دەکەم نازانم لە کوێوە بۆی بێنین، پارەیان نیە بڵێم چی؟ تەلـەفۆنم بـۆ وەزیری دارایی کردووە من زۆر تەلەفۆنی بۆ دەکەم کە تەلەفۆنی بۆ دەکەم دەڵێ یا الله، وتی پارەم پێ نیە، هین نیە، بەڵی ئەو مەرکەزە داراییە خراپە، من زۆریـش پێـوەی ئـەناڵێنم و، کاك دڵشادیش یـەکێکین لـەو

دوو وەزیرەی کە پێوەی ئەنالێنین، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە هەر پەتایەك بوو ئیتر ئێمە دەست کەین بە سەیارە کڕین و سەیارە گرتن، من لەگەڵ ڕائەکەی جەنابتا نیم، بە ڕای من سەیارە ئەگەر ڕۆتینی گرتنەکەی باش بێ، سەیارە گرتن باشە، بۆ بەپێی ڕێنمایی دارایی سەیارەیەك بۆ ناو شار دەگرێ بە (700) هەزار دینار، ئەم (700) هەزار دینارە کابرا بەنزین لە سەر خۆیەتی، پارەی سیاقە لە سەر خۆیەتی، مەسرەفی سەیارەکە لە سەر خۆیەتی، بەڵام تۆ پیکابێك دەکڕی بە ئەوەندە هەزار دۆلار، ئینجا دەبێ سایەقیشی بۆ تەعین کەی، ئینجا بەنزین، ئینجا مەسرەفی سەیارە، لەگەڵ ئەوەشدا من لە مانگی (8) کیتابێکم کردووە، بۆ ئەنجومەنی وەزیران، چونکە من (3) ساڵ ڕەئیسی صحە بووم یەك سەیارەیان بۆ نەکڕیم، وتیان سەیارە ناکڕین، بایی (5) ملیۆن دۆلار داوای سەیارەم کردووە، بەڵام سەیارەی چی؟ ئیسعاف، تەنکەر، پیکاب، بەڕادی دەرمان، داوای سەیارەم نەکردووە، پڕادۆ و مەرزیەو نازانم چییە و نازانم چی بۆ ژێر مودیرەکان، ئەوەم داوا نەکردووە، داوای ئەوەم کردووە کڕینی ئۆتۆمبێلی خەدەمی و تەنکەری ئاو و ئیسعاف و تویێتا و منی پاس بۆ بەڕێوبەرایەتیە گشتیە تەندروستیەکان نووسراو لە 8/5/ 2012، بەڵام سەرۆکی حکومەتیش پشتیوانی لێ کردووە، ڕەزامەندی لە سەر داوە، بەڵام بودجە نیە، وەعدیان پێ داوین، ئێوەش وەعدمان پێ بدەن کە لە ساڵی داهاتوودا بودجەکەمان بۆ زیاد بکەن، وەکو پەرلەمان هەمووی ئێستا، من هەفتەی پێشوو لە مەڵبەندی تەندروستی ژاراوە بووم، ئیسعافێکی شڕیان هەبوو، بەڕاستی کەمی بودجە وای کردووە، بەڵام نەك سەیارە بکڕین بۆ مودیرەکان و مودیرە کارگێڕەکان، نەخێر سەیارە بکڕین بۆ خزمەتی خەڵك، لەو پەتای کۆلێرە ئێمە ملیارێك دیناریان داوینەتێ موحافز لە ڕێی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانیەوە سەرفی دەکا و، بەپەلە (10) سەیارەمان بۆ گرتوون و، هیچ ڕێنماییەکی دارایی نەبوو وتم بڕۆن بیگرن من ئیمزای دەکەم هیچم لێ ناکەن انشاءاللە، مەسەلەی دەرماڵە، من ئەوە کتابەکانم بۆ کردووی، سوئالەکانم بۆ کردووی بە هێن ئەوە کارنامەی وەزارەتەکەی خۆمە، من وتوومە وەکو وەزیری تەندروستی من دەرماڵە دەدەم بە شوێنی تایبەت، ئەوە بۆت دەخوێنمەوە، وەکو وەزیری تەندروستی زیادکردنی دەرماڵەی هەندێك پزیشك وەك بێهۆشکەر، خۆپاراستنی تەندروستی، چونکە پزیشکی (کۆمنیتیمان) کەمە، عیادەشیان نیە ئەو پزیشکانە یەعنی ئەوەی جەڕاح عیادەی هەیە ئەو نیەتی و، پزیشکی (فاملی میدەسن) هەروەها هەندێك کارمەندی پزیشکی لە بواری خۆپاراستن و سوتاوی و فریاکەوتن و نەشتەرگەری و هەناوی و چاودێری دڵ و بووژاندنەوەی دڵ و هۆڵی مندالٚ بوون و فریاکەوتنی منداڵان و تەقریبەن سووکە ڕەزامەندیەکیشم وەرگرتبوو، وتیان نەخێر دەبێ تۆ لە سەندیکاکان هات، خۆ من ئەو شەش مانگە هەر یا مانمان لێ گیراوە یان دەرزیان لە خەڵك داوە، هاتن وتیان دەبێ بۆ هەموویان زیاد کەی، وتم ناکرێ تۆ بنکەیەکی تەندروستی بەقەرد ئەو شوێنە وەرگرێ کە ئێستا سکچون و کۆلێرای تیدا بڵاوبۆتەوە، هەموو کەسێك بەپێی ماندووبوونی خۆی، منیش فیعلەن لەگەڵ ئەوەدام کە دەرماڵەیەکی تایبەت بۆ ئەو شوێنانە هەبێت کە هیلاکن، بۆ ئەو شوینانە هەبێ کە حەساسە، سەبارەت بەوەی کە منیش پشتگیری ئەوەی تۆ دەکەم ماستەری هەناوی بکرێتەوە، ئەوە پێی دەوترێت

(الأمراض المتوطنة) یەعنی ئیختیصاصیکە، بەڵام موشکیلەی ئێمە چییە؟ موشکیلەی ئێمە ئێستا بەداخەوە پزیشکەکانمان، خەڵك بە عام، بەدوای ئیسراحات دا دەگەڕێ، بەدوای ئەوە ناگەڕێ، مەسەلەن ئێستا من ئەزمەی تەخدیرم هەیە، ئەوە کیتابم کردووە سەرۆکی حکومەت ڕەزامەندیەکی هینی لە سەر داوە، بچم لە فلیپین تەخدیر بێنم، لە هیندستان تەخدیر بێنم، موشکیلەی من موشکیلەی دکتۆری ژنم هەیە، موشکیلەی پزیشکی (فاملیم) هەیە، موشکیلەی پزیشکی خۆپاراستنم هەیە، هەمووی دێت واستە دەکات کاك دکتۆر لە پێست وەرمگرە، کاك دکتۆر لە سۆنەر وەرمگرە حەزیان لەو فەرعانە نیە، ئێستا وەرە ماستەرێك بکەوە بۆ (الأمراض المتوطنة) بزانە یەك کەس دەچێ، یەعنی موشکیلەکە ئەوەیە، ئێوە دەرماڵەکە وتوومانە پارەکە زیاد دەکەین، لەبەر ئەوە هەندێك کێشەمان هەیە، فیعلەن پێشنیارەکان بەجێن، فیعلەن ئێمە پێویستمان بە پزیشکی زیاتری کۆمنەیتیە، بەڵام کە خەڵك نەچێ ئێمە بڵێین چی؟ تا (نیقامە قودما) دەکەینەوە تەبعەن نە پێست دەکەینەوە لەمەو لا نەسۆنەر دەکەینەوە، ئەوانە ناکەینەوە، تەخدیر دەکەینەوە، منداڵان دەکەینەوە، منداڵ بوون دەکەینەوە، چونکە پێویستمان بەوانەیە، سەبارەت بەوەی کە نەخۆشخانە کەمە لە سلێمانی ئێستا نەخۆشخانەی حومەیات من نازانم کێ بە تۆی وتووە؟ ئەوە حەز دەکەی من بەدواداچوونی بۆ دەکەم ئێمە خەستەخانەی حومەیاتمان هەیە و، (TOR)ەکەشی تەواو بووە، ئێستا لە ئیعلاندایە لەگەڵ خەستەخانەی (200) قەروێلەیی منداڵ و منداڵ بوون، لەگەڵ خەستەخانەی (200) قەروێلەیی ڕوماتیزم، هەروەها خەستەخانەی (50) قەروێلەیی لە چەمچەماڵ، ئەمانە هەمووی لە ئیعلانە، ئەوە کێ ئەو مەعلوماتەی بە تۆ وتووە؟ ئەوە دوایی قسە دەکەین و شتەکانیشت دەدەمێ بە دکیۆمێنت، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری شارەوانی.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی /وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆکانی کەوا دەڕژێنە زێیەکانەوە بە شێوەیەکی گشتی و، بەتایبەتیش لە سەر ئەوەی هەیە لە سەر با بڵێین ئاوی دوکان هەیە، تەبیعی ئێستا ماستەر پلانی ئاو و ئاوەڕۆی شاری سلێمانی و سنووری ئیدارەی گەرمیان لە لایەن کۆمپانیای (S G A) ئیتالیەوە ئەنجامدراوە، و، پلانێك ئامادەکراوە بۆ ئەوەی بە پێی توانای دارایی بە ریزبەندیەك دەست بکرێت بە چارەسەرکردنی ئەمانە: تەبیعی هاوشان لەگەڵ ئەوەدا من لە سەرەتا ئاماژەیەکم پێ کرد، بەڵام تەحدیدەن کۆمپانیایەك ئێستا لە کوردستانە لە سلێمانیش و لە هەولێریش عروزی پێشکەش کردووە کۆمپانیایەکی بریتانی موعتەبەرە بەناوی کۆمپانیای (بایۆتای) کە دەتوانێ قەرزێکی درێژخایەن لە بانکی دەولی وەربگرێت، هاوشانی ئەو توانا داراییەی کەوا لە بودجەی هەرێم دا هەیە، ئێستا ئێمە لە گفتوگۆ داین لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەی کەوا بتوانین بە شێوەیەك لە شێوەکان وەکو قەرز بێن بۆ ئەوەی، چونکە ئەمانە مەبالغی زەخمن بتوانین ئیستیفادەیان لێ بکەین، ئەم

پڕۆژانە چیتر لە سەر پارە دوا نەکەون، ئینجا بە شێوەی دانەوەی قەرزەکان چ لە سەر داهاتی پڕۆژەکان بن دواتر وەکو خزمەتگوزاری پارەی ئاوەڕو وەربگیرێ هەروەکو چۆن پارەی ئاویش وەردەگیرێ یان حکومەت بە ماوەیەکی درێژخایەن بتوانن قەرزەکان بداتەوە، واتا ئێمە تەنها ئینتیزاری هەبوون و نەبوونی بودجەشمان نەکردیە، بیرمان لەوەش کردۆتەوە بەڕێز کویستان خان بۆ ئەوەی کەوا لەگەڵ ئەو لایەنانەی کەوا دەتوانن پارە دابین بکەن بۆ ئەم مەسەلەیە، ئێستا بە خێرایی دیزاینێك ئامادەکراوە بە لای کەمەوە بە خێرایی فلتەرکردنی ئاوەڕۆکانی کەوا دەڕژێنە ناو ئاوی دوکان، یەعنی هەتا وەکو مەحتاتی تەسفیەش دادەنرێن، ئەویش ڕەنگە کاتێکی بوێ حەتتا لە ڕووی جێبەجێکردنیشەوە، بەڵام دەکرێت یەعنی هەندێك مەحەتاتی فلتەری ئەگەر تەسفیەی کامڵیش نەبێ، بەڵام فلتەرێشنێك بکرێت، بۆ ئەوەی وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی یاخود چوونە پێشێك ڕێگەگرتن لەو وەزعەی کەوا هەیە، پڕۆژەی ئاوی یان ئاوەڕۆی ماوەت لە ساڵی پارەوە دەستی پێکردووە تەصفیەکردنی ئاوەڕۆکە دەستی پێکردووە کەوا بۆ ئەوەی ڕێگا بگیرێت وەکو بەشێك لەوەی کە دەڕژێتە ناو دەریاچەی دوکان، ئەوەی من عەرزم کردن هەنگاوێکی تر ئەوەیە گواستنەوەی ئیمتێگەکەی دوکان، لەو شوێنەی لێیەتی بۆ ڕاستەوخۆ لە پشت سەددەکەوە، کەوا لەوێ ڕێژەی پاکی ئاوەکە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو شوێنەی کەوا دەگاتە شوێنی تەصفیەکردنی مەحەتەکە، دەربارەی سەرچاوەی ئاوی ئەو تەنکەرانەی کەوا دابینی دەکەن، تەبیعی تەئکید دەکەینەوە لیژنەیەکی تایبەت هەیە، لیژنەی کوالێتی ئاوی تانکەری پێ دەڵێن، تایبەتمەندە بە بەدواداچوونی ئەو شوێنانەی کەوا ئاو بەتەنکەر وەردەگرن، بە تەنکەر دەیگوازنەوە، من پێت بڵێم دڵنیاییەکی (100٪) لە هەموو شتێکی ئەم تەنکەرانە وەردەگیرێت ئەمە ڕەنگە حاڵەتێکی میسالی بێت، جەنابت ئیشارەتت پێ کرد بۆڕییەکی ئاو کە بەژێر ئەرز دا دەڕوات دڵنیاییەکی (100٪)ی نیە لەوەی کە لە شوێنێك لیکێکی دروست ببێ و، ببێتە سەبەبی ئەوەی کەوا خەلەلێك لە مەسەلەکە دروست بێت، کێشەکانی ئاویش موشکێلەی هەرە گەورەی کە کێشەی دیار نین بەڕاستی، ئەگەر بەراوردێك لە بەینی شەبەکاتی کارەبا و شەبەکاتی ئاو دا بکەین خۆ ئەگەر وایەرەکی کارەبا بپچڕێت لەبەردەمی هەموو دونیا، هەموو خەڵك هەستی پێدەکا، بەڵام ڕەنگە شەرت نیە هەر شوێنێك کەوا ئاوی لێ تووشی شکان بوو لە شوێنێکەوە دەربکەوێت یان جادەیەك تەڕ بکات یەعنی عەلاماتەکانی بە دیار بکەوی بەڕاستی، بۆیە دڵنیا بوون لەم حاڵەتەش حەقیقەقەن (100٪) نیە، بەڵام لەگەڵ ئەو وەزعەی کەوا خولقایە کۆنترۆلیشی لە سەر زیاد کراوە و، هەوڵیش دراوە کەوا ئەو پرۆسەی پاککردنەوەی ئاوەکانی تر دەکرێ بە بەردەوامی بۆ ئەمانە و، چڕتریش بکرێتەوە، و، لەوەی کە هەیە، بەڵام چارەسەری بنەڕەتی ئەوەیە کە جەنابت ئیشارەتت پێ کرد بەحەقیقەت لە دانانی تۆڕەکانی ئاو هەندێك نموونەم هێنانەوە لە سەر ئەوەی کەوا ئێستا دەستی پێکراون و، لە بەردەوامی دان و باقی تریش لە پلانـدان و، بەردەوام دەبین لەم پرۆسەیە بۆ ئەو شوێنانەی کەوا تازەن، هەرچی بەنسبەتی ئەو شوێنانەی کەوا جەنابت ئاماژەت پێ کرد هەوارەبەرزە و گوێژە و مەڵکەندی و صابونکەران و زۆر گەڕەکی تری کە ناوت هێناون یاخۆد ئەوانەی کەوا باسیش نەکراون، ئەوە پێم خۆشە لێرەوە ڕایبگەیەنم کەوا ئەو

عەقدیان ئیمزاکراوە لەگەڵ کۆمپانیایەکی کۆری لە زمنی قەرزی (جایکا) دایە، گۆڕینی ئەو تۆڕانەی کەونە کە لەم نزیکانە دەچێتە بواری جێبەجێکردن، واتا هەموو ئیجرائاتێك تەواو بووە، تەنانەت پارەکەش ئامادەیە و، گرێبەستەکەش ئیمزاکراوە، ئەمە بەشێکی ئەو پرۆژەیە کەوا ئێستا دەست بەجێبەجێکردنی دەکرێت، ئەوەی کە گۆڕینی تۆڕە کۆنەکانی ناو شاری سلێمانیە، بەشی هەرە زۆری تۆڕەکانی کەون لە ناو شاری سلێمانی لەم پرۆژەیەدا دەگۆڕدرێن، هەندێك ئیجرائاتی تر کراوە، یەعنی دەربارەی تۆڕەکانی ئاو بە حەقیقەت حەتتا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە ئیعلانی ژمارەی تەلەفۆن و چەند شوێنێك بۆ ئاگادارکردنەوە بۆ ئەوەی کە ئەگەر هەتتا هاووڵاتیانیش، چونکە بەڕێز ئاهەنگ خان لەشوێنێك ئیشارەی پێکرد کە دەکرێت کارمەندان یان تیمەکان بەسەر ماڵەکانیش دا بگەڕێن، تەبیعی ئەمە حاڵەتێکی نموونەییە مەفروزە وابێ، بەڵام من پێت بڵێم تواناکانی ئێمە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەوا ماڵ بە ماڵ ئێمە فەحسی ئاو لە ماڵەکاندا بکەین، بەڕاستی ئەمە هەروەکو بەدواداچوونی تۆڕکانیش، بۆیە ئەگەر یەعنی بۆ وەکو هەنگاوێك هاوکاریکردنی هاووڵاتیان لە ئاگادارکردنەوەی دام و دەزگاکانی وەزارەت و بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتی ئاو و تیمەکان، لە هەر شکانێك یان لە هەر خەلەلێك کەوا هەبێت بۆ چارەسەرکردنی، دەربارەی ئەوەی کە ڕێژەی کلۆر ئیعلان کراوە کە زیاد بکرێت، بەڵێ ڕێنجێك هەیە تەبیعی، یەعنی بۆ زیاد و کەمی، بەڵام لەحاڵەتی هەبوونی پەتایەکدا یان مەترسیەك دا، دەکرێ تۆ حەدی ئەعلای ڕێنجەکە وەربگری، و، لە هەندێ حاڵاتی ئاسایی دا ڕەنگە ئێکتیفا بە حەدی ئەدنای بکرێت، مەبەست لە زیادکردن لە زمنی ئەو ڕێنجە دایە، نابێت فیعلەن بگاتە ئەو ئاستە، بەپێی پێوەری جیهانی (W H u) لە کاتی ڕاگەیاندنی پەتای سکچوون دا دەکرێت ڕێژەی کلۆر بەرز بکرێتەوە بۆ پێنج (P P M) و، بۆ ماوەیەکی کورت تەبیعی هەتا وەکو ماوەی پەتایەکە بە سەر دەچێت، ئەم ڕێنجە مەسموحە بە پێی قیاساتی (W H U) و، ئێستا بە موعەدەلی دوو هەتا دوو و نیو (P P M) ە، بەڵام بە دڵنیاییەوە کە ئەم موعەدەلە پارێزراو بێت، واتا نەك لە سەرچاوەکەوە ئەوەندە بێت، بەڵکو پێشی دابەشکردنیش ئەو ڕێژەیە پارێزراو بێت بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە ئەگەر مەترسیش هەبێت ئەم کلۆرە دەبێتە هۆی لەناو بردنی، لە پاش زیادکردنیشەوە ئێمە تەجاوزی ئەو ڕێژە ڕێ پێدراوەی کەوا بەپێی ستاندەردەکانی (W H U) ڕێگای پێدراوە بەڕێزان تەجاوزی ئەوەمان نەکردووە، بەڵام وەکو پێم وتن لە زمنی ئەو ڕێنجە دا زیادکراوە ئەوەی کەوا ڕێی تێدەچێت، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە؟ فەرموو

**بەڕێزکوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تەعقیبم لە سەر قسەکانی بەڕێز دکتۆر ڕێکەوت هەیە،یەکەمیان: مەسەلەی سەیارە من دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە کڕینی باشترە لە عەقد، چونکە جەنابت دەڵێی سەیارەیەك مانگانە بە (700)

هەزار دینار دەگرین، پارەی ساڵێك سەیارەیە دەكڕێ، كە بۆ چەند ساڵ دەمێنێتەوە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بودجەی گشتی هەروەك ئەو خانووانە وایە كە ئەو پارە زۆرەی دەدەی بەكرێ و دوایی خانووی خۆمان نیە سەیارەش هی خۆمان نیە پارەیەكی زۆر سەرف دەكەین، بۆیە ئێستاش لە سەر ڕەئی خۆم سوورم، دووەم: جەنابیشت وەزیرەكانی پێش خۆشت، چەند باسی ئەو نەخۆشخانانە دەكەن كە ئەوە چوار ساڵە پارە دانراوە، ئەیكەین و ئەیكەین و ئەیكەین و ناكرێ، هیوادارم شەش مانگی دیكە ئەگەر جەنابت هاتیتەوە ئێرە بڵێی ئەوەو ئەوەو ئەو خەستەخانەیەی ئەوە و ئەوە لە سەر دەستی من تەواو بوو، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری

**بەڕێزد. ڕێكەوت حەمە رشید/وەزیری تەندروستی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەوەی كە بە ئێوەی بەڕێزی دەڵێم ئێستا لەو شەش مانگەی كە من هاتووم، ئەوە خەستەخانەی ڕانیە لە ئیحالە دایە، انشاءللة گرێبەستی بۆ دەكەین، خەستەخانەی ولادەی هەولێر (200) قەروێلەیی لە باداوان كێشەیەكی هەبوو كیشەكەمان حەل كرد ئەوە مقاولەكە ئیش دەكا، خەستەخانەی (300) قەروێلەیی فریاكەوتنی دهۆك، ئەوە لە ئیحالە دایە، خەستەخانەی (200) قەروێلەیی ڕۆماتیزم و ڕاهێنانەوەی سروشتیە لە ئیعلانە لە موحافەزە، ئیتر گەیاندوومانە ئیعلان، خۆ لە موحافەزە ئیعلانی دەكەن، خەستەخانەی ولادة و أطفال(200) قەروێلەیی بەهەمان شێوە لە ئیعلان دایە، خەستەخانەی (50) قەروێلەیی حومەیات ئەوەی تۆ دەڵێی وتوویانە نیە، ئەوەش لە ئیعلان دایە، بەڵام من یەك شت ئەمەوێ بیڵێم، ئێمە یەكەم وەزارەتی تەندروستی ئیشی ئەوە نیە خەستەخانە دروست بكات، ئیشی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەیە، من كیتابم كردووە لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بووم، مەفروزە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە یا هەیئەتی خەستەخانە بۆ ئێمە دروستی بكات، ئێمە هەیئەتێكین دەبێ دەرمان بكڕین، دەبێ بەدواداچوون بۆ ئەم ئیشانە بكەین، ئێمە دكتۆرین یەعنی ئەوەی لە وەزارەتی تەندروستی دایە دكتۆرە یان كارمەندی تەندروستیە، ئێستا من زۆربەی ئیشەكەم بە هەندێ ئیشی لاوەكیەوە دەبەمە سەر كە ئیشی من نیە، كاكە ئیشی من نیە خەستەخانە دروست بكەم، ئیشی من ئەوە نیە بگەڕێم بەدوای دیزاین، ئێستا شەریكەیەكی ئیستیشاری هاتووە كە ئەو شەریكە ئیستیشاریە خەریكی ئەوەیە كە وردە وردە پڕۆژەكانمان بۆ بخاتە سەر سكە، ئینجا هەندێك شت هەیە لە ئیمكانیاتی كۆمپانیای مەحەلی نیە، مەسەلەن كۆمپانیای مەحەلی ناتوانێ خەستەخانەیەكی (100) قەروێلەیی چاندنی بەشەكانی لە ژیانی (ئۆرگان تڕانس پلان) لە سلێمانی دروست بكات، لەبەر ئەوەی تا ئێستا خەستەخانەی وا لە ناوچەكە دا نیە، لەبەر ئەوە هەندێ شت هەیە بەڕاستی یەعنی ئیختیصاصی ئێمە نیە، و، چەند جاریش داوامان كردووە لە ئەنجومەنی وەزیران ئەوانیش خەریكی دیراسەت كردنن، ئیشی پەروەردەو تەندروستی ئەوە نیە كە خەستەخانە دروست كەن، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی هەردوو وەزیرە بەڕێزەکە دەکەم، دوو پرسیارم ناردووە بۆ جەنابی وەزیـر یەکـەکیان وەڵامی داوە، بەس بە وەڵامەکەی ئیقناع نەبووم، ئەمە لە هەرێمی کوردستان ئەوە دەبینم ئـەو کاتـە باسـی نەخۆشی دەکەین، باسی خۆپاراسـتن لـە نەخۆشـی دەکـەین کـە نەخۆشـیەکە بـڵاو دەبێتـەوە، خۆپاراسـتن لـە نەخۆشی باشترە، لە چارەسەرکردن، خۆپاراستن لە نەخۆشی لە هەرێمی کوردستان زۆر لاواز دەبینم، دوایی ڕێنمایی دەردەکەین کە ئەوە قەدەغە دەکەین و نەخۆشی بڵاو دەبێتەوە، بەڕێز جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد (ڤاکسین)تەلقیحە بەڵی (ڤاکسین) هەیە، بۆ ئەو نەخۆشیە، چونکە من خۆم وەرمگرتیە، منداڵەکانیشم وەریانگرتیە، هەرچەندە خۆپاراستنەکەی نسبەکەی کەمە، بەڵام زۆر پێویستە ئەگەر لە هەرێمی کوردستان نیە بیکرین، بەتایبەتی بۆ ئەو کارمەندانەی، ئەو پزیشکە بەڕێزانـەی کـە ئـەو تیمـە پزیشـکیەی کـە ئـیش دەکەن بۆ خزمەتکردنی نەخۆش، کاتێك دەچنەوە ماڵەوە ئەگەر هاتو تەلقیح بکرێن باشترە، ئەگەر (40٪) ش بێ خۆپاراستنەکە هەر پێویستە هەبێ، ئێمە باسی دەرماڵەیان بـۆ دەکـەین، بـەڵام باسـی تـەلقیحیان بـۆ ناکەین، بـە نیسـبەت ئـەوەی پرسـیاری تـر زۆر سـوپاس و دەسـت خۆشـی لـە وەزارەتـی تەندروسـتی دەکـەم بەتایبـەتی لـە بەڕێوبەرایـەتی تەندروسـتی سلێمانی کـە زۆر شـتی قەدەغەکردیـە کـە دەبێتـە هـۆی تـووش بوونی ئەو نەخۆشیە، بەڵام یەك شت من خۆم دەبینم لە هەرێمی کوردسـتان، نـەك بـەس لـە سـلێمانی، لـە نزیك نەخۆشخانەکان یان لەو دوکانەی نزیکن لـە پـێش ڕێسـتورانتەکان فلـین دانرایـە سـەلاجەیان بـەرەواژ داناوە پڕیان کردیە لە ئاو و بەفر یان کۆکە کۆلا و فانتا و یان بوتڵی ئاوی لە نـاو دەفرۆشـن، هـەموو کـەس دەستی دەخاتە ناوی ئاوەکەی دەردەینی دەخوا هۆی سەرەکی کۆلێرەش ئەوەیە بۆ ئەوە قەدەغەنەکراوە، لە پـێش ڕێسـتورانتەکان دانـراوە، لـە نزیـك نەخۆشـخانەکان دانـراوە، بۆیـە ئـەوە ڕێگایـەکی سـەرەکیە بـۆ گواستنەوەی نەخۆشی، لە کۆتاییدا دووبارە داوا دەکەم کە چارەسەری بنەڕەتی ئەو نەخۆشیە بکرێ ئەویش لە ڕێگای ئاوەوەیە ئێمە دانیشـتین لەگـەڵ بەڕێبەرایـەتی ئـاوی سـلێمانی و ڕانیـە و وابـزانم چەمچەماڵیش بوو، دەوروبەری سلێمانی باسی کێشەی کلۆریان کرد، کە دەڵێن کلۆر دوو جۆری هەیە، کلۆری پاودەر هەیـە، کلۆری سائیل هەیە، هەتا ئێستا ئـەوان کلـۆری پـاودەر بـەکار دەهێـنن، ئـەوان بـەپێی زانینـی خۆیـان بۆیـان روونکردینەوە کە ئەو کلۆرەی کە پاودەرە بەکاری دەینن، ئەوەنـدە سوودی نیە وەکـو کلـۆری سـائیل، کلـۆری پاودەر مەسافەیەکی کەم دەتوانێ خاوێن بکاتەوە، بەڵام ئەگەر کلۆری سائیلیان هەبیتن ئـەوە زیـاتر خـاوێن دەکاتەوە، بۆیی داوا دەکەم لە وەزیری شارەوانی کە ئەوەیان بۆ دابین بکاتن ئەمە یەك: دووەمیش: جەنابی

وەزیری شارەوانی دەڵێ نموونەیەکم بۆ بێنن کە ئاو پیسە، ئەو ئاوەی دەچێتە ماڵان، لە بەڕێوبەرایەتی ئـاو خۆیان ئاگاداریان کردینەوە کە نموونە هەبووە کۆلێرەی تێدا بووە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری

**بەڕێزد. ڕێکەوت حەمە رشید/وەزیری تەندروستی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لوڤاحە کە بەکار دێت بۆ ئەو شوێنانە بەکاردێت کە تۆ لە ئەوروپا هاتیتـەوە بەکتریاکـە هـەر نیـە، تـۆ کە دێیتە شوێنێکەوە کە (متوطنة) بەکتریاکە، تۆ خۆت دەیخۆیتەوە، ئەی تۆ خۆت ئێستا هـەموومان ئێمـە شتێ مەناعەمان هەیە، بۆ ئەو بەکتریایە خۆ مەسـەلەن کـە هـەزار و ئەوەنـدە خـەڵك داخـل بـووە، (192) کەس (پۆزەتیڤە) ( کۆمەنـەتیکز پـۆژەر) بـووە، خـەڵك هـەمووی بـەری کـەوتووە، لەبـەر ئـەوەی کـە تـۆ لـە ئەوروپاوە دێیت ئەو لوڤاحە دێنێ بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ لە (20٪) لە (45٪) مەناعـەت بـداتێ، لەبـەر ئەوەی ئەو لوڤاحە ئەگـەر ر(W H) ڕیکۆمێندشنی)بکات و، مـن لەگـەڵ وەزارەتـی صـحەی عێـراقیش قسـە دەکەم، بە سەر چاو ئێمـە دابینـی دەکـەین، بـەڵام ئـەوەی مـن مـەعلوماتم هـەبێ ئـەو لوڤاحـە (ئیمنیتـی) یاخود مەناعەی لە (100٪) نادا، ئەوە یەکەم: دووەم: سەبارەت بەوەی کە بۆچی ئیجرائات نەکراوە بۆ ئەو عەرەبانانەو شوێنە دەستگێڕانە؟ ئەمە نووسراوێکە ئێمە کردوومانە لە مانگی شەشی پـارە، ئەگـەر بـەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلـەمان، ڕێگـام بـدات، بـۆ/ پارێزگـاری سـلێمانی، نووسـینگەی بـەڕێز پارێزگـار. بابـەت/ هاوکاریکردن، بۆ ئـەوەی هـاتنی وەرزی گـەرماو زیـادبوونی نەخۆشـی سکچوون داواکـارین لـە بـەڕێزتان کـە لایەنە بەرپرسەکان ئاگاداربکەنەوە بە قەدەغەکردنی هەموو ئەو کێلگانـەی کـە بـە ئـاو و ئـاوەڕۆ، بـە ئـاوی قورس ئاو دەدرێن، هەروەها قەدەغەکردنی ئەو خواردن و خواردنەوانەی کە بە هۆی عەرەبانەو فرۆشیاری دەستگێڕو بێ مۆڵەت کاردەکەن و دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆیان، لەبەر ئەوەی ئەم دوو دیاردەیە هۆکـارێکی سـەرەکی بڵاووبونـەوەی نەخۆشـی و پەتایـە، و، ئاگاداری بەڕێزیشـتان دەکـەین کـە چـەندین جـار بـۆ ئـەم مەبەسـتە نووسـراومان کـردووە بـۆ لایەنـە پەیوەندیـدارەکان، بـەڵام تـا ئێسـتا ئاکـامێکی ئـەوتۆی نـەبووە هاوکاریکردنتان لە پێناوی پاراستنی تەندروستی گشتی دا جێگای پێزانینە، ئەوە خـۆ ئێمـە نـاتوانین و نـە عەرەبانە دەرکەین و نە فلینە دەرکەین، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی بێریڤان خان،

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئاوی لە ناو دەفرۆشن، ئەوە زۆر مەمنوعە، نەکرا، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری شارەوانی.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی /وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست نیشان کردنی میکرۆب و هۆکارێکی نەخۆشی بە دەڵێن نابێت، بە فوحوساتی موختەبەری دەبیت، ئەمرۆ بەیانی بەڕێوبەری ئاوی سلێمانی لەگەڵ بەڕێوەبەری تاقیگاکانی ئاوی سلێمانی لەگەڵ فوحوساتی (9) مانگی ساڵی 2012، لەگەڵ بەڕێز جەنابی وەزیری تەندروستی کە لە تەنیشتمەوە دانیشتیە کە ئاوەکان فوحوساتی موختەبەری ئەوانیش (100) بارەی دەکەمەوە تا ئێستا هیچ نەتیجەیەکی پۆزەتیڤ لە هیچ پڕۆژەیەکی ئاوی حکومەت دا نیە، و، تکا دەکەم ئەگەر هەیە پێمان بڵێن لە فلانە پڕۆژە، لە فلانە شوێن دا هەیە، لە فلانە مەشروعی ئاودا هەیە، بۆ ئەوەی هاوکار بین لەوەی کە چارەسەری بکەین، چونکە مەبەست من بڕوا ناکەم لەم دانیشتنە ئەوە بێت کە ئایا خەتای منە یان خەتای مودیری ئاوە یان هی وەزیری تەندروستیە یان هی پەرلەمانە یان هی حکومەتە؟ قەزیەکە کە هەیە، هەر کەسێکی دڵسۆزیەکەی بەوە نیشان دەدات بەوەی کەوا هاوکار بێت لە دۆزینەوەی هۆکارەکەی بۆ ئەوەی کە ئێمە بەدوای دا بچین چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، خۆ یەعنی مەشکورین ئەگەر یەکێك هۆکارێك لەوانەمان پیشانمان بدات، ئێمە بەدوای دابچین، سوپاسی دەکەین،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د. ریباز

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەیەکی نیزامی زانستیم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو تاقیگەیە، ئەو شیکاریانەی کە کراوە، شیکاری نەکراوە دیاری بکا، بڵێ لە ئاوی ماڵانە کۆلێرا هەیە یان نا؟ شیکاریەکە تەنها ئەوەیە ڕێژەی کلۆرەکە دیاری دەکات، یەعنی ئەو قسەیە ڕاست نیە کە ئێمە بڵێین کۆلێرەمان هەبووە یان نەبووە، بەڵکو ئەوەی وەزارەتی تەندروستیش و ئەوەی وەزارەتی شارەوانیش ئەوەشی پیشانی ئێمەیان دا ئەوەیە کە ئەو فەحسەی کراوە تەنها دەڵێ ڕێژەی ئەوەندە کلۆر لە ئاو هەیە، نەك پێمان بڵێ کۆلێرا هەیە یان نا، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری شارەوانی.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی /وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە من لە جەنابی دکتۆر و جەنابی دکتۆری هاوکارمەوە دەبیستم، من دکتـۆر نـیم، بـەڵام هـەبوونی ئەو ڕێژەی کلۆرە زامنی ئەوەیە کەوا بەکتریای کۆلێرا یاخۆد هۆکاری کۆلێرا لە ئاوەکەدا نەما بێت مەترسی کۆلێرای نەبیت ئێمە ئیعتماد لە سەر ئەوەوە دەڵێین لـەوەی کـە هـەبوونی ئـەو ڕێـژەی کلـۆر زامنـی ئەوەیـە کەوا ئاوەکە پاك بێت لەم ناحیەوە ئیعتیمادمان لە سەر ئەوەیە،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری تەندروستی

**بەڕێزد. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی ئەو شتە زۆر باسکرا، ئەگەر بەرنامەکەی من ئەوەڵەکـەی خوێنـدمـەوە، وتم ئێمـە لـە ئـاوی پـڕۆژە نەمان دۆزیتەوە لە ئاوی تەسفیەکراو نەمان دۆزیتەوە، و، ئێمە بەس لە مانگی (9) یـە (147) نموونـەمان وەرگرتـووە بـۆ ڤیسی، ئێمـە ڕێـژەی کلـۆریش ئـەپێوین و ڤیسـیش دەپیـوین و، ئـەوان خۆشـیان دەیکـەن و، موختەبەری ژینگەش دەیکا، خۆی کێشەکە چییە؟ کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە هەمووی نێگـەتف بـووە، بـەڵام عادەتەن فەحسی ڤیسی قورسە لە ئاو، مەسەلەن کە لە ئاوە کاڵەکەش دۆزراوەتەوە، لەبەر ئەوە کۆمـەنیکان زۆر بووە، ئەگینا ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی دووبـارەی دەکەمـەوە ئێمـە لـە نـاو ئـاوی تەسـفیەکراوی دوکان ڤیسیمان نەدۆزیتەوە، لە سێ شوێن دۆزیومانەتەوە لە قولەکەی قلیاسان، لە بیرێکی ماڵان لە گەڕەکی ابراهیم ئەحمەد، زائیدەن لە ئاوە کاڵە تەسفیە نەکراوەکەی سەدی دوکان، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەندامانی بەڕێز و وەزیری شارەوانی و وەزیری تەندروستی، فوحوساتی ئاو کە دەکرێ لـە موختەبـەری مەشاریعەکان تەنیا فەحسی کلۆر و بـایلۆجی نیـە، فەحسـی کیمیاویـە، فەحسـی فیزیاییـە، حـەتتا تەنانـەت هەندەك جـار، فەحسـی ڕەصاص و مـەوادی حەدیدیشـە، کالیسـیۆمە،کە دەبـێ هەنـدەك بەشـەری سـك پـڕ، دووگیان هەندەك مەواد وەنەگرێ، بۆ ئەوەی کارا نەبی لە سەری، تکایە مەجموعە فوحوساتەکی زۆر هەیە، لە ڕوسیای تێدەپەڕی لە (100) فەحس کە لە سەر مەشروعی ئاوە، بۆیە بەتەنی بایلۆجی نیە، بایلۆجیـە، کیمیاییە، فیزیاییە، بۆ بینایان، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری شارەوانی.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی /وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونكه بابەتەكە حەصرە لە سەر ئەم بابەتە، بۆیە ئێمە بە لای فوحوسات و ئیجرائاتی تر دا نەچووین، ئەگینا نەك هەر لە مەوزوعی فوحوسات، دووپات دەكەمەوە لە مەحەتاتی تەسفیەش پرۆسیجەرێكی دوور و درێژە، دەیان خەتەوات دەنرێت، یەكێك لە خەتوەكان كلۆرنێشنە، ئەوەی كە ئێمە باسی دەكەین، بەلاَم چونكە بابەتەكەی ئێمە حەصرە لە سەر ئەم بابەتە بۆیە ئێمە بۆ لای فوحوساتی تر دانە چووین، ئەگینا من بۆ خۆم چوومەتە ئەو موختەبەرانەی كە هەموو ئەو فوحوساتانەی كە جەنابی ئاهەنگ خان باسی دەكات و ئێستا موختەبەرێكی لە ئاست و زۆر بەرزو باشیشە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری تەندروستی

**بەڕێزد. ڕێكەوت حەمە رشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەی ئاهەنگ خان تەواوە، ئەمە وەرەقەیەكی ستاندەرە، با بۆتان بخوێنمەوە چی ئەكرێ لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستن؟

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

عام قسە بكە، پێویست ناكات هەموو شت بخوێنیتەوە، ڕجا دەكەم،

**بەڕێزد. ڕێكەوت حەمە رشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(P H)دەكرێ (تۆتەل دیسۆڵڤیسۆڵی) دەكرێ ( تۆتەڵ سسپێنڤێنسیۆڵی) دەكرێ ( تێر بیتیتی) دەكرێ ( كالیسیۆم) دەكرێ ( ئەتڵەنتی) دەكرێ ( كلۆرایت) دەكرێ (سۆدیۆم) دەكرێ (پۆتاسیۆم) دەكرێ (مەگنیسیۆم) دەكرێ (نایترێ) دەكرێ ( فلۆراید( دەكرێ (سەلفێ) دەكرێ (سەلفای) دەكرێ (ئامۆنیۆم) دەكرێ ( سلیكەی) دەكرێ، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەكانی من پرسیاری تیا نیە لە سەر كۆلێرا، وام زانی بە عام وەزیری تەندروستی وەكو وەزیرەكانی تر وتم ئەكەومە ئەخیر، پرسیارەكانی كۆلێرە لە شەش، حەوت پرسیار تێناپەڕێ با دووبارە نەبێ، لەبەر ئەوە من پرسیارەكانم ناخوێنم ئەگەر بكرێ دوایی وەڵامم بداتەوە شوكر پەیوەندی بە كۆلێراوە نیە، بەس پەیوەندی بە كێشە هەیە،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاردۆ،

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند هاوکارانم بەگشتی پرسیارەکانیان کرد، بەڵام من تەئکید لە یەك شت دەکەمەوە ئەویش ئەوەیە کە بەڕاستی وەزارەتی تەندروستی لە سیاسەتی خۆیدا و، لە بەرنامەکانی دا هەست ناکرێت کە وەزارەتی هاووڵاتی بێ، یەعنی سیاسەتی خۆپاراستن بەشێك بێ بەشێوەیەکی گشتی، دەنا ئەم پەتایە، پەتای ئەو زەمەنە نیە، ئەگەر سیاسەتی خۆپاراستن هەبێ لە وەزارەتی ئێمە یان لە وڵاتی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی، و، تەنها کاردەکەین ئەوەیش بەو شێوەیەی کە لە ئیمکان دایە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش، ئەگەر تەمەشا بکەین بە گشتی لە ساڵانی ڕابوردوو تا ئێسا نەخۆشە کوشندە و درێژ خایەنەکان زیاد دەبێ لە کوردستان، ئەمە یەکێان و، کاتێکیش نەخۆشیەکی وا یان پەتایەکی وا دەردەکەوێ، هەڵمەتێکی چڕ دەکرێ، بەڵام دوای ئەو هەڵمەتە سیاسەتەکە سارد دەبێتەوە لە کارکردنی خۆی وەکو بەرنامە، بۆ نموونە ئەوەی کە ئێستا لە چێشتخانەو لە شوێنە گشتیەکان و ئەوانە ڕوودەدا ئەو هەڵمەتە، ئەو هەڵمەتە بە پێی قانون دەبێ وەزارەت پابەند بێ پێی، ئێستاش بەشێویەکی قانونی ناکرێ، یەعنی مەسەلەن لیژنەیەك دەچێتە شوێنێك زۆر بڕیار، بڕیاری ڕۆژانە هاکەزاییە بەبێ ئەوەی سیاسەتێکی دیاری یاسایی هەبێ و، بە پێی نیزام و ڕێنماییەکان ئەم لیژنانە کاری خۆیان بکەن و ئیجرائاتی توند بکەن، بۆ هەموو ئەو شوێنانە هەیە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم کە یەعنی ئەو پرسیارەم هەبوو سەبارەت بە وەزارەت کە بۆ پابەندی یاساکانی وەزارەت و ئەو یاسایانەی کە پێویستن بۆ پاراستنی تەندروستی نابی، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری تەندروستی

**بەڕێزد. ڕێکەوت حەمە رشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو ئیجرائاتە توندانەی لەم کابینەیە کراوە لە هیچ کابینەیکی دیکە نەکراوە، و، ئێستا من شتێکت بۆباس بکەم، ئێمە هیچ نەخۆشیەك بڵاو نەببووە دەستمان کرد بە کۆنترۆڵ کردنی دەرمان دەستمان کردووە بە سزادانی خەڵك، دەستمان کردووە بە داخستنی ڕێستورانتەکان و، دەستمان کردووە بە دادگاییکردنی خەڵك، و، خەڵك دانە بەر ئەوەی کە ئیتر عقوبە بدرێ، نەك هەر ئیجرائات بکرێ، ئێستا ئەگەر ڕێم پێ بدەی من کیتابێکتان بۆ دەخوێنمەوە، کە من لە مانگی (9) یە کردوومە، سەبارەت بە هەندێك کۆمپانیای دەرمان کە هەتا ئێستا (20) ساڵە ئەوەندە کۆمپانیاو مەدخەری دەرمان دراوە بە دادگا یان نا ئەگەر بەڕێزتان مەجالم بدەن با هینەکە بدۆزمەوە، بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی دوکان، پاڵپشت بە ماددەی دوو بڕگەی یەك و ماددەی حەوت لە بڕگی یەکەم و لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (159)ی ساڵی 1979 و، ماددەی چوارەم لە بڕگەی یەکەم لە یاسای پاشکۆی ژمارە (18) ساڵی 2007ی یاسای داواکاری گشتی هاوپیچ نوسخەی وەزارەتی تەندروستی ژمارە ئەوەندەتان بۆ دەنێرین لە 9/3 لە یاداشتی لیژنەی

کۆنترۆڵی بۆ ڕەوانە دەکەین کە تیای دا هاتووە هەر یەك لە کۆگاو کۆمپانیەکان کە لە خوارەوە ناویان هاتووە، کۆگای هاوکار لە هەولێر، سینەمێد لە هەولێر، هاژە لە هەولێر، باڵکۆ فارمە لە دهۆك، هەورامان لە سلێمانی، شەنگ لە سلێمانی، بتوێن لە ڕانیە، کۆگای ڕانوو لە ڕانیە، ئەوانەم هەمووم داوە بە دادگا، چیبکەم لەوە زیاتر، ئێ خۆ ئیشەکەی من هەر ئەوەیە خۆ من ناتوانم، بچم شورتە ببەم و عقوبەی دەم، ئیشی من ئەوەیە لەڕێی داواکاری گشتی خەڵك بدەم بە دادگا، خەڵکمان داوە بە دادگا لە سلێمانی ئێستا چووە دەعوای موزادی لێ قەید کردووین، هەموو ڕۆژێ موەزەفی ڕیقابەی صحییەکە ئەبەن و ئەیهێنن، بە پێی قانونی ڕیقابەی صحەی لەوانەیە محامی لێرە بێ، لە من شارەزاتری لێ بێ، ئەو مەحکەمەیە نابێ موسائەلە بکا لە سەر ئەوەی ئەو مەتعەمە بۆ داخراوە؟ ئەوە ئیشی ڕیقابەی صحیە، ئێستا موسائلە دەکرێ، یەعنی تۆ بچۆ هەر داوایەك تەقدیم کە مەسەلەن بڵێ دکتۆر ڕێکەوت مەتعەمەکەمی داخست موسائەلەت لێ ئەکەنەوە، جاران وا نەبوو ئەو شتانە ئەو موەزەفانە حەصانەیان هەبوو، وەزیری تەندروستی بۆی هەبوو کە ئەو موەزەفانە ئیحالەی مەحکەمە بکا، ئێستا ئەو حەصانەیە نەماوە، لەبەر ئەوەی خەڵك بۆیە ئەترسن، سەبارەت بەوەی کە چیمان کردووە بۆ کۆنترۆڵ کردنی خواردن ئەوە ئێستا من نووسراوێکم لە بەردەست دایە کە لە مانگی (9) داوام کردووە، بایی (5) ملیۆن دۆلار و، سەرۆکی حکومەتیش ڕەزامەندی داوە، کە فووت ئەنالایزەر بکرین، فووت ئەنالایزەرچییە؟ جیهازێکی تازەیە بۆ تەحلیلی خۆراك لە سنوورەکان دایبنین، هەروەها لەگەڵ وەزارەتی زراعە تەنسیقمان کردووە کە سەوزە و میوە کە دێت، پێویستە هەندێ فەحسی موهیمی بۆ بکرێ، ئەو فەحسانە چین؟ نەبوونی فەحس کردن بۆ هەندێ مەوادی موستەرتەن، مەوادی موشیع، سەبارەت بە نەخۆشی کوشندەش بەڵێ ئەڵێن نەخۆشی سەرەتان لە کوردستان زیادی کردووە، بەڵام ئێستاش ئامارە جیهانیەکان وەکو ئامارەکانی کوردستانە، ئێمە هیچ دەلیلێکمان لە بەردەست دا نیە، بڵێین لەو (5) ملیۆنەی خۆمان کە هەیە ژمارەی سەرەتان زیادی کردووە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە دارشتنی سیاسەت کە پێویستی بە سەرچاوەی داتا و زانیاری هەیە، ئەگەر تەماشای جیاوەزیەکان بکەین لە سەرچاوەکان، بۆ وەرگرتنی نموونە وەزارەت نموونەیەکمان دەداتێ، لیژنەی تەندروستی نموونەیەکی دیکەمان دەداتێ ئەمە یەکیان: دووش: ئێمە گرفتێکمان هەیە لە ڕەقابە لەسەر ئەو شوێنە گشتیانەی کە پێویستە من لەو ڕۆژانە تەماشای خوێندنگاکانم کرد، ئەمەش یەکێکە لە موشکیلەکان، هەر دەچێتەوە سەر تەمویل کردنی پارە یان دارایی ئەو خوێندنگایانەی کە حانووتیان هەیە، یەعنی چەند ئیمکانیەتێکی بەسیتی دەوێ بۆ چارەسەرکردنی شوێنەك کە دەبێتە مایەی نەخۆشی بۆ قوتابیەکان یان بۆ

خوێندکارەکان، ئیمکانیەت نیە چارەسەر بکرێ، یەعنی ئێمە پێویستە هەندێك سەرچاوەی وا بدۆزینەوە کە سەرچاوەی خۆ پاراستن بێ، خۆپاراستن لە شێر پەنجە یان لە نەخۆشیە درێژخایەنەکان، لەوانە بە دەرمان چارەسەر ناکرێ، ئەمە سیاسەتێکی تری دەرەوەیە کە پێویستە وەزارەتی تەندروستی لەو بارەیەوە سیاسەتی هەبیتن، کە پێم وایە لاوازە لەم ڕووەوە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری تەندروستی

**بەڕێزد. ڕێکەوت حەمە رشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو نموونەیە کە باس دەکرێ دەڵی (72) نموونە تەنها (2) نموونەی کلۆری تێدا نەبووە، ئەو نموونەیە ئەم سەرچاوەیە کە من پێمە، ئەم سەرچاوەیە کە من لە بەڕێوبەرایەتی موختەبەری ئاوەوە وەرمگرتووە، ئێمە مانگی (9)، (198) نموونەمان فەحس کردووە، ئەو (198)یە (50)ی بۆڕیە، (7)ی پرۆژەیە، (4)ی ئیرتیوازیە، (17)ی تەنکی سەرەکیە، (129)یە تەنکی ماڵانە، ئەوەتا نموونەکە بە دۆکیومێنت و کێش ئەیەوێ فەرموو با ببیێنێ، سەبارەت بە حانووتی مەکتەبەکان من ئێستا نووسراوێکم لەبەردەست دایە کە ئێمە کردوومانە بۆ حانووتی مەکتەبەکان ئەڵێن ڕێو شوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ ئەوەی کە ئەو خوێندکارانە لەوێ کە خواردنێکی تەندروستیان بۆ بکرێت، و، ئێستا من ئەگەر جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ڕێم پێ بدا نووسراوەکەیان بۆ دەخوێنمەوە، بۆ/ بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی/ ڕێنمایی لە پێناو پاراستنی تەندروستی گشتی خوێندکاران و مامۆستایان و کارمەندانی خوێندنگا و قوتابخانەکان، بە پێویستی دەزانین کە هەموو ئەو خوێندنگا و قوتابخانە و پەیمانگایانەی دەکەوێتە سنووری دەسەڵاتی کارکردنتانەوە، ئاگادار بکەن کە پەیڕەوی ئەو مەرج و ڕێنماییانەی لیژنەی تایبەتی پشکنینی فرۆشگاکان بن، ئێمە لیژنەی تایبەتیمان هەیە، و، لیژنەی تایبەتی سەردانی ئەو فرۆشگایانەی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی تایبەتی دروست بکەن بەسەرپەرشتی مامۆستایەکی پسپۆڕ و بە هاوکاری لیژنەی پشکنینی چاودێری تەندروستی بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕوکەکەی، و، بوار نەدرێت بە بەکارهێنانی فرۆشتنی هەر خواردنێك کە بەدەر لەم ڕێنماییانە بێت، هاوکاریکردن لە پێناوی پاراستنی تەندروستی جگەر گۆشەکانمان جێگای پێزانینە، ئەوەش ڕاپۆرتەکەیە کە پێیان وتوون چی بکەن؟ پێیان وتوون چ مەنجەڵێ بەکاربێنن، پێیان وتوون چ خواردنێ بەکار بێنن، پێیان وتوون چ شتێ بکڕن؟ ئیتر خۆ ئێمە مودیری تەربیە نین، ئێمە پێی ئەڵێن ئەچینە حانووتێك دەڵێین کاکە، سەیرکە هەموو مەرجەکانی تەندروستی ڕەچاو بکرێت، وەك دەست کێش، سەدریە، بوونی ئاو، سنگ، دانانی تاوەی تیفاڵ یان ستیل بۆ ئامادەکردنی خواردن، دەبێ هەموو ڕۆژێك زەیتی بەکارهاتوو بگۆڕدرێ، بەکارنەهێنانی سەوزەو کاهو

بەهەموو شێوەیەك، پابەندبوون بە مەرجەکانی تەندروستی بە پێچەوانەوە تووشی لێ پێچینەوە دەبێ، لەلایەن تیمەکانی چاودێری، چاودێری بکرێ، ئیتر خۆ لەوە تەفاسیل تر چی بڵێن پێیان؟سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان،

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس من وەڵامەکانم وەرگرت، بەڵام پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان لە سەر چ بنەمایەك پرسیاری ئەندامان وەردەگیرێ؟ بۆ بانگکردنی وەزیرێکی تر ئێمە بزانین چ پێوەرێك هەیە بۆ وەرگرتنی پرسیارەکان؟

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

قائیمەیەکم لە بەردەستە بەپێی ئەو قائیمە تەسەلسولەی ناوەکان دەخوێنمەوە، کێ پرسیاری مابوو؟ لە کێ پرسیارت مابوو؟ فەرموو کاك د. سەروەر

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی هەست دەکەم لە جەلسەی پەرلەمان پرۆتۆکۆل پێشێڵ دەکرێت، حەقە کات دابنرێت بەڕێزتان پێشتریش ڕاتان گەیاندبوو، ئێمە بۆ ئەوەی هەموو ئەندامان کە پرسیاریان کردووە، بەسە ڕابگەین پرسیارەکان بکەین، ئەندام هەیە (10) دەقە قسە دەکاتن و، دووبارەشی دەکاتەوە، دوو جارە دووبارە کرایەتەوە، بەهەمان شێوە وەڵامەکانیش، دووبارەیە ئەم جۆرە گفتوگۆیە پێم وایە لە دەرەوەی پرۆتۆکۆلە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی چی بکەین ئێستا؟ دکتۆر سەروەر، ڕخنەکەی خۆت بگرە گەردەنت ئازابێ، ئەگەر تەکمیلەی دەکەی، فەرموو تەکمیلەی بکە، ماڵی تۆش ئاوابێ باشە دەی، سمیرە خان فەرموو،

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕوا بکە ناوی من زۆر لە پێشەوە بوو کە تەسجیلم کرد، ئێستا کەتیمە دواوە وامزانی هەر پاز درایمە، لە بیر چوومە، سەرەتا بەخێر هاتنی هەردوو وەزیر دەکەم، پرسیاری یەکەمم ئەوەیە: بۆچی وەزیری پەروەردە لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی بانگهێشت نەکراون، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەوانیش، قوتابیان لە مەترسیدان، چونکە ئێمە دەبینین تانکی ئاو لە بەر ڕۆژ هەیە لە ساحەی دایە چەند بەلوعەیەکی پێوەیە تەلەبە یەك بە دوای یەك دەچن دەوی خۆیان بەو بەلوعەیە دەنێن ئاوەکەی دەخۆنەوە، تەئسیرێکی زۆر هەیە بۆ بەڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرە ئەوە پرسیارێك:

**بەڕێز د. ارسلان بايزاسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

خوشكێ با من جەوابت بدەمەوە، چونكە جيا لە وەزير كەسێكی ديكە ناتوانێت لـە پەرلـەمان قسـە بكـات و جەواب بداتەوە، فەرموو

**بەڕێز سميرە عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسـياری دووەميشـم: بـۆ جـەنابی وەزيـری تەنـدروسـتی، ئايـا ئـەو بەشـە بودجـەی دانرايـە بـۆ كوتـان و چاودێری و بەدواداچوون، ئايا بەشيان دەكات يان نا؟ ئەگەر بەشيانی كرديـە چـەنديانی لێ سـەرف كرديـە، ئەگەريش هەر پێويستيان پـێ بـوو، دەتـوانن لـەو بودجـەی كـە دامـان نـابوو لـە بـۆ حاڵـەتی تـەواری لـەوی بەكاری بينن، بەكاريان هێناوە يان نا، ئەگەر ڕوونكردنەوەيەكيش لـەوەمان بـداتێ، و، بەنيسـبەت تـەحليلی ميـاه، چـونكە پـڕۆژەی دوكـان زۆر گلـەيی دەكـەن، دەڵـێن ئاوەكـەی مـەرغوب نيـە و ڕەخنـەی زۆری هەيـە چەنـدەها ساڵە، من بەس باسی ئەوەی دەكەم، چونكە من ئيختيساسـم لـە كيميايـە، كـە مەشـروعم تەقـديم كرد لە سـەر تـەحليلی ميـاه بـوو، ئێسـتا تەماشـای لـترێ ئـاو بكـەين هـەموو عونسـرەكان بـە نسـبە تێدايـە، تەڕەسوبات دەبێ سفر بێ لە ناويا ئايا تەحليلی ئاو لە كيميايی كە تەحليل دەكرێ تەڕەسـوبات لـەوی سـفر دەكرێ بە مەڕاحلی تەڕەسـوبات دەچـی يـان نـا؟ ئەگـەر نـا ئـەوە هـۆی خـۆی هەيـە كـە نەخۆشـی مەترسـی كۆلێرە يان نەخۆشی مەترسيدارانی تـر لێ پـەيا ببێ و، كلـۆريش كـە باسـی دەكـەن ئـەنواعی كلـۆر هەيـە، ( كلۆريد) هەيە، (كلۆريك)هەيـە، ( كلۆرايـد) هەيـە، ئەوانـەش دەبـێ هـەموو بـە نيسـبە تێـدا بـێ، ئەگـەر لـە نيسبەی خۆی حەدی خۆی تێپەڕی زيـانی هەيـە، كـەمی تێـدا بـێ، زيـانی هەيـە، كـە دەڵـێ ئێمـە عەقـدمان لەگەڵ چەند كۆمپانيا كرديە، دەڵێ (70) كۆمپانيا، بۆ لەگەڵ (70) كۆمپانيا بكرێ، چۆن كـۆنترۆڵ دەكـرێ ئەو كۆمپانيايانە؟ با كۆمپانيايەك بێ، دوو بێ، پێنج بێ، بەسە لە بۆ هەرێمی كوردستان، بـا بتـوانين ئێمـە كۆنـترۆڵ بكەين، ئەگەر كۆنـترۆڵ نەكرێ، ناكرێ، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بايزاسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزيری تەندروستی.

**بەڕێزد. ڕێكەوت حەمە رشيد/وەزيری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بودجەی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی، شەش مليار و هەشت سەد و سی و يەك مليۆنە، شەش مليـاری بۆ مووچە دەڕوا، تەنها هەشت سەد و سی و يەك مليۆنی دەمينێتەوە، بۆ هەموو كارەكانيان، هەموو ساڵێك ئێمە چـەند حەملەيـەكی تـەلقيحات دەكـەين، حەملـە تەلقيحاتـەكان هـەموو حەملەيـەك سـێ سـەد مليـۆن

دۆلاری دەویٚ، ئێمە گرفتی بودجەمان هەیە، و، ئەم ساڵێش ئێمە، ساڵی پار و پێرار و ئەوانە بەڕاستی بودجەیان دەداینیٚ، ئەمساڵ هیچیان نەداینیٚ لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی، بەڕێز سەرۆکی حکومەت و ئەنجومەنی وەزیران لە پارەی نەوتیش تشتێکیان دەداینیٚ ، ئەمساڵ یەك دیناری لە وەزارەتی دارایی نەداینیٚ، وتیان نیمانە، لەبەر ئەوە ئێستا بۆ نموونە بۆ دەوراتی تەوعیە شتێك هەیە پێی دەوترێ موکافەئات غێر عاملین مەسەلەن ئێستا تۆ مەجموعەیەك ڕێکخراوی ژنان کۆ دەکەیتەوە باسی شتێکیان بۆ دەکەی، مەجموعەیەك کرێکاری مەتعەم کۆ دەکەیتەوە باسی شتێکیان بۆ دەکەی، ئێمە تەنها یەك ملیۆنیان بۆ داناوین بۆ ساڵەکە، لەبەر ئەوە بودجەکەمان کەمە، یەعنی فیعلەن تەواوە بودجەکەمان کەمە، ئەوە هیمەتی جەنابتانە لە بودجەی 2013 ئاگاتان لیٚ مان بیٚ، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا کاوە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك پرسیارم هەبوو ئەویش ئەوە بوو بە ڕای شارەزایان و بواری تەندروستی سەرچاوەی پەتای کۆلێرە دائیمەن لەوەیە یان کارەساتێکی سروشتیە یاخود لەو وڵاتانەی کە هەژار نشینن ئاستی گوزەران و خزمەتگوزاریان لە خوارەوەیە، هەژارن، ئاستی ڕۆشەنبیریان ئەوەیە، ئێمە تەماشا بکەین نە کۆمەڵگای کوردستان، نەشاری سلێمانی بە تایبەتی، نەکارەساتی سروشتی لیٚ بووە، نە شارەکی هەژار نشینن ئاستی ڕۆشنبیریان لە ئاستێکی خوارەوە دایە، کەچی نازانم ئەو پەتایە کە دووبارە و سیٚ بارە دەبێتەوە چەند ساڵێك تەشخیس نەکراوە، ئێستا لەو ڕوونکردنەوەی کە هەردوو وەزیری بەڕێز کردیان وەڵامی پرسیارەکانی هاوکارەکانیان داوە تەشخیسی نەخۆشیەکە نەکراوە کێیە؟ یەعنی هەر عمومیات باس کراوە، ئایا دەبیٚ دەستێکی دەرەکی بیٚ، دەستێکی ناحەز بیٚ، وا بکا، نازانم بەڕاستی تا ئێستا وەڵامێکمان وەرنەگرت لە سەر ئەوە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری تەندروستی.

**بەڕێزد. ڕێکەوت حەمە رشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی بلێم چی؟ ئەوەی کە موهیمە ئێمە باسمان کردووە، سەبەبەکانمان باس کردووە، سەبەبەکانمان ئاوی کۆنترۆڵ نەکراوە، سەوزەیە، خواردەمەنیە، تەندروستی گشتیە، خۆ من ئەو قسانەی تۆم پیٚ خۆشە، من خۆم خەڵکی سلێمانیم ئەزانم وشیاری تەندروستی و پاك و خاوێنی لە خەڵکی سلێمانی زۆرە، بەڵام دەبیٚ ئێمە ئەو سەبەبانمان کە باسمان کرد چ لە چاکردنی ئاوەکان، چ لە مەنع کردنی سەوزە، چ لە خواردنی دەستگێڕ، چ لە باس کردنی تەندروستی فوتابخانەکان ئەوانە چاك بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك عبدالله

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك کۆمێنتم لە سەر قسەی جەنابی وەزیر بۆ دروست بوو بە لامەوە گرنگە ئەگەر ڕێگەم پێ بدەی بیکەم،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

نابێ، چونکە تۆ ئەوە پرسیار دەکەی، ئەگەر ئەوە موداخەلە بێ ئەوە جەنابت، گلەییم لێ دەکەن دەڵێن تۆ زۆر موداخەلە دەکەی و نوقتە نیزام دەدەی، چونکە سوئال لە سەر سوئال دروست نابێ، ئەوە گلەییم لێ دەکەن، هەموو جەماعەت ڕەخنەم لێ دەگرن و، هەرئەوە ماوە بەڵێ فەرموو،

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر ئاماژەی بەوە دا کە ئەنجومەنی وەزیران لە پارەی نەوت مەسەلەن دراوە بە وەزارەتی صحە پارەی چی نەوت؟و، بە پێی چ قانونێك توخوا ئەگەر بۆمان ڕوون بکاتەوە،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیاری هەیە، بەقوربان ئەو چوزانێ، ئەو شتانە لە کوێ هاتووە لە کوێ نەهاتووە نەوت؟ یەعنی توخوا ئەوە نوقتە نیزامە؟ ئاخر برای خۆم، عەزیزی من، چاوەکەم، ڕوحەکەم، فەرموو مامۆستا فەرمان،

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە یەکێك لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرە ئاوە، بەڕێز وەزیری شارەوانیش دەڵێت ئێمە تا ڕادەك توانیومانە ئاوی پاك بگەیێنینە هەمووماڵێك، بەڵام بەو دۆکمێنتەی کە ئێستا لەبەر دەستی من دایە لە (19) جێگا ئاوی چۆمان بۆڕی ئاوەکەی شکاوە ئاوی پیس تێکەڵ بە زێراب بووە، بۆ ماڵانیش دەڕوا، هەر ڕۆژێ شەممە ئێمە لە چۆمان بووین زیاتر لە (10) هاووڵاتی بەهۆی سکچوونەوە داخیلی نەخۆشخانە بوون، دیار بوو چارەسەری خێراشیان بۆ کردبوو، نازانم تا چ ڕادەیەك بەڕێز وەزیری تەندروستی ئاگادارە ئەوەش دۆکمێنتەکە بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەگەر ئینکاری لە سەر بکەن، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری شارەوانی.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی /وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری مامۆستا فەرمان بۆ من نەهاتووە، بەڵام فورسەتە پرسیاری کاك کاردۆش هەر ئەمە بووە ئەگەر ئیجازە بفەرموون، دوای هاتنی پرسیارەکان و دوای هاتنی تەقاریر ئیعلامیش حەقیقەت بەدواداچوون بۆ کێشەی ئاوی چۆمان کراوە، کێشەی ئاوی چۆمان بەداخەوە یەعنی شکانی ئەم هەموو شوێنانە نەبووە، فیعلەن شکانی چەند قەفیزێك بووە کەوا واردە بەڕاستی کەسێك ناتوانێ زەمانەت بکا هیچ قەفیزێکی ئاو لە هیچ شوێنێك ناشکێت، بەڵام بەدواداچوونی بۆ کراوە ئەمڕۆ مامۆستا فەرمان و کاك کاردۆ دڵنیا دەکەم کە قەفیزەکان چاك کراونەتەوە، ئەمڕۆ پێشی ئەوەی بێمە ئێرە تەئکیدی بەدواداچوونەکەم کردووە، کەوا تیمێکی فەنی چووە و، ئەم خەلەلانەی کەوا لە بۆڕیەکاندا بووەچاککراوە، ئەوی تر بەردێکی گەورە لە چیا کەوتۆتە سەر سەرچاوەی ئاوەکە کە بەڕاستی یەعنی ئاوەکەی زۆر کەم کردۆتەوە، و، فیعلەن تەئسیری لە بۆڕی هێنانی ئاوەکە کردووە لە سەرچاوەوە بۆ ناو شوێنی دابەشکردنی بۆ شارۆچکەکە ئەوە ماوەی هەفتەیەك تا دە ڕۆژی دەوێ، تا وەکو ئەم گرفتە بەیەکجاری چارەسەر دەکرێ، بەڵام ئەو حاڵەتانەی کەوا بەڕێز کاك فەرمان باسی کرد ئەوە ئەمڕۆ کاری لە سەر کراوە، چاککراوەتەوە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری تەندروستی.

**بەڕێزد. ڕێکەوت حەمە رشید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئێمە بەدواداچوونمان کردووە بەنووسراوی ژمارە (1433) بەڕێوبەرایەتی تەندروستی چۆمان ئاگاداری صحەی هەولێری کردۆتەوە، ئەوانیش بە نووسراوی (14957) لە 9/23/ ئاگاداری ئاوی دەوروبەری هەولێریان کردۆتەوە من بەڕاستی دەست خۆشیان لێ دەکەم، چونکە زۆر جوان نووسیویانە، یەعنی حەتمەن هۆڵەکان، قفڵەکان، بڵێن شوێنەکان، و، حەتا ئەو شوێنانەی کە تۆ باسیان دەکەی ماڵی زەلامەکانیشیان نووسیوە، وتیانە لە پشت ئەو ماڵەوە شکاوە، لە پێش ئەو ماڵە وایە، و، وەبزانم بەدواداچوونی بۆ کراوە، چارەسەرکراوە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فەرمان.

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی بەڕێز وەزیری شارەوانی گوتی تەنها ئەو بەردە گەورە نیە کە کەوتۆتە سەر چاوەکەی، بەڕاستی ئەو بۆڕیە لە چەند جێگایەك شکایە بەتایبەتی ئەوەی لە ناو ڕووباری چۆمانە قوڕو لیتەو لە ئەنجامی پشکنین کرم و قوڕو لیتەو ئیتر تێکەڵ بوو بە زێرابەکانی تێدایە، تەنها هەر بەردەکە نیە کەوتە سەروچاوەکەی، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایزاسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیری شارەوانی.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی /وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشی باسی بەردەکە بکەم باسی شکانی فەفیزەکانم کرد و، وتم تیمی فەنی چوون، و، ئەمڕۆ دەستیان بە چاککردنەوە کردیە ئەمە بەشێکە، مەوزوعی بەردەکە بەشێکە، منیش بە جیاواز باسم کرد، یەکەمین جار تەئیدی جەنابتم کرد و، پێشم وتی کەوا دەست بەچاککردنەوە کراوە، بەلاَم ئەوی تر بابەتێکی ترە بۆ پتر دڵنیا بوون، ئەمانە فحوساتی موختەبەری ئاوی چۆمانن، هەتا ئێستا هەتا کۆتایی مانگی هەشتیش فەحسەکان لەلای منن، کەوا فحوساتی موختەبەری ئاوی چۆمانن، کەوا سەلامەتی ئاوەکە دەسەلمێنن، ئەمە فحوساتەکانن بۆ مامۆستا فەرمان حازرە هەر وەختێك ویستی ئیتیلاعی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی رەخنەم لەوە بوو، سەرەتا رەخنە لە خۆمان دەگرم وەکو ئەندامانی پەرلەمان حەقە یەکەم شت لە بەرنامەی کار لانەدەین و، دووەم شتیش پرسیاری دووبارە بوونەوە نەکەینەوە، رەخنەی دووەمیشم لە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانە حەقە کاتێك ئێمە هەر یەکێکمان لادەدەین لە بەرنامەی کار، ڕامان بگرن و دوا بڕیاریش بۆ ئێوەی بەڕێزە، بۆئەوەی جەلسەکە باشتر بەڕێوە بچێت، دووەمیان من بەڕاستی پشتگیری ئەوە دەکەم ئەوەی هاوڕێم سمیرە خان باسی کرد، ئێمە لە ئەنجامی بەدواداچوونمان لە قوتابخانەکان دا، نەمبینیوە لە یەکێك لە قوتابخانەکان بە دەگمەن نەبێت، کەوا سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەو شوێنی دەست شۆرین و توالێتەکان، بەڕاستی پاك بێت و هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا بێت، حەق بوو لەو ڕێگەیەشەوە بۆئەوەی هەم ئەوەی پەیوەندیدارە بە سلێمانیەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت، هەم بەریشی لێ بگیرێت، بۆئەوەی بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردەش لێرە بووایە، سەبارەت بە شوێنەکانی تری هەولێر و دهۆك و گەرمیانیشەوە ڕێگریەك بکرابایە، بەڕێزان من پرسیارێکم بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەوەیە هەست دەکەین ئەوەی تێبینیمان کردبێت، کەوا حکومەت وەکو پێویست هەنگاوی نەناوە بۆ بەرگرتن لە پیس بوونی سەرچاوەکانی ئاوی ڕووبارەکان، بۆ نموونە وەکو دوکان، ڕاستە بەڕێز جەنابی وەزیر دەڵێت هیچ دەریاچەیەك نیە ئاوەکەی پاك بێت و تەسفیە کرابێت ئەمە ڕاستە، بەلاَم ئەمە تەبریریش نیە، بۆئەوەی کەوا ئێمە ڕێگا نەگرین لەوەی کە ئاوی ئاوەڕۆکان، زێرابەکان، توالێتەکان، پاشماوەی نەخۆشخانەکان هەندێکیان بچنەوە ناو ئەو ڕووبارانە، خۆ لە حاڵەتێك دا ئەگەر کەسێك مەلە دەکات لەوێ، کەسێکی گەشتیار دەچێت قاپ و بابەتی تر پێی دەشوات، ئەوە بێگومان دەبێتە مایەی تووش بوونی ئەو نەخۆشیە، دوای ئەوە خاڵێکی تر بەڕێزان کە باسیان کرد، هەر لە چوارچێوەی

پرسیارەکەم داهاتووە مەسەلەی بیرەکانە، ئایا کە دەڵێن ئێمە فەحسی ئاوەکانمان کردووە و پشکنیومانە، ئایا 13 هەزار بیر لە شاری سلێمانی دا پشکێنراوە؟ بێگومان جەنابیان موهەندیسن، ئەندازیارن لە من باشتر دەزانن، کە چۆن لە نێوان تەبەقاتەکانی ئەرزدا لێرەدا لە گەلێك شوێن دا ئاوی پیس دەچێتە خوارەوە و تێکەڵ بەو ئاوەش دەبێت، ئەمە یەکێکە لەو کێشانە، دوای ئەوە ئایا چ ڕێگایەك گیراوە بۆ بەرگرتن لە مەسەلەی لێدانی ئەو بیرانە؟ بەڕێزان بەڕاستی ئەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین ئەو بیر لێدانانە بەبێ پلانی زانستیە، بەبێ هیچ ڕێ و شوێنێکی یاساییە و، ئەمەیە ئەصڵەن وەکو ئەوەی دەڵێن کاك دکتۆر پێشتر باسی کرد ئەمە ڕەهەندی نیشتمانی هەیە، یەکێك لە هۆکارەکانی چونکە ئەوەیە ئاوی ژێرزەوی سامانی جیا بە هەدەر دەدرێت، یەکێکی تریان ئەوەیە کەوا دەبێتە مایەی پیس بوونی ئاوی خواردنەوە، یەکێکی تریشیان دەتوانم بڵێم کە نەخۆشی لێ بڵاودەبێتەوە، هۆکارێکی تریش هەیە کە ناکرێت لێرە لەبەر چاوی ڕاگەیاندن بیڵێین، هۆکارێکی بەڕاستی زۆر زۆر مەترسیدارە ئەگەر بێت و چارە نەکرێت، ئەمە کارەساتی گەورەتر لەوانەیە لە مەسەلەی لێدانی ئەو بیرانە بێتە کایەوە، بۆیە تکایە چیتان کردووە ئێوە بۆئەوەی بەر بەوە بگرن و ڕێگا چارە چیە؟ پرسیارێکی بچووکیشم لە بەڕێز وەزیری تەندروستی ئەوەیە کاتێك باس لەوە دەکەین، ئایا لە مەسەلەی پشکنین دا بۆچی بۆ بەغداد دەنێردرێت؟ جەنابیان ڕوونیان کردەوە ئەمە، بەڵام ئایا ئێمە لە کوردستان دا تاقیگەی وامان هەیە؟ بەپێی بەدواداچوونی من لە خەڵکی پسپۆرم پرسی بێت، من پزیشك نیم، بەڵام ئەوەی باسی لێوە دەکەن ئەم جۆرە تاقیگەیەمان ئێمە بەو جۆرە لەو بابەتە نیە، لەو بابەتە کە نیمانە، چونکە کاتێك بۆ بەغداد دەینێرین یەك بە هەدەردانی سامانەکەیە یان زیاتر سەرف کردنە، دوو: کاتی زیاتری پێویستە بۆ بەدواداچوون. سێ: ئایا خۆمان ئەو پشکنینە بکەین سیقە زیاتر نیە لەوەی، کە دەچێتە شوێنێکی تری دەرەوەی پزیشکەکانی خۆمان؟، چوار: شێوازی حفز کردنەکەی. پێنجەمیان: ئیحتیمالی ون بوون هەیە لە گەلێك کاتدا، بۆیە بەپێی بەدواداچوونی ئێمە و، زۆریشی ناوێت ئەو جۆرە موختەبەرە، مەبەستم لە پارەی بودجەی تەرخانکراوە ئەگەر زۆریش بێت بۆئەوە کەمە، تکا دەکەین بۆمانی ڕوون بکاتەوە و، بۆئەوەی لە ساڵی داهاتوودا ئەگەر وەبێ کاری لەسەر بکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەروەر گیان ئەوە دوو سوئال بوو، یان چەند سوئالێك بوو؟ ئەوە هەمووی دوو سوئال بوو؟ باشە فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەوەی کەوا بێ دەنگ بوون، من بڕوا ناکەم پاش ئەو هەموو یەعنی گوتنەکانی من بەشێکی ڕەنگە ببێتە تیکراری دەیان جاریش، یەعنی ئێمە بێ دەنگ نەبووینە، بەڕێز کاك دکتۆر سەروەر بەرامبەر ئەو هەنگاوانەی کە هەن پلانی درێژخایەنم باس کرد، هەنگاوەکانی هی پلانی ئایندەی ساڵی (2013)ـم

باس کرد، هەنگاوەکانی ئێستاشم باس کرد لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ئەو وەزعەی کە هەیە، بەڵام ئەوەی کە دەمەوێت جەنابت دڵنیا بکەم، ئەم لێدانی حاڵەتی بیرانەی کەوا پێشتر هەبوونە، تەبیعی ئەم بیرانە ڕێگا پێدراو نەبووینە، ڕەنگە هی سەردەمێکیش بووبن کەوا حکومەت نەیتوانی بێت ئاوی خاوێن دابین بکات، ئەصڵەن ئاوێك دابین بکات بەتایبەتی پێش پرۆژەی دوکان-سلێمانی دوو، یەعنی پێش ئەوەی کەوا ئەو پرۆژەیە بکەویتە کار، هەندێك گەڕەك لە سلێمانی فیعلەن گرفتی بێ ئاویان هەبووە و، خەڵکەکەش پەنای بۆ ئەوە بردووە و، حکومەتیش ڕەنگە لە نەبوونی بەدیلێکی دروست دا ڕێگریەکی وای لێ نەکردبێت، بەڵام ئێستا دڵنیاتان دەکەم ئەم جۆە جیهازانە ئەصڵەن قەدەغە کراون، یەعنی ئێستا ئەگەر ئەم جیهازانە بگیرێن لەناو دەبردرێت، نەك سەرپێچیەکە، چونکە ئەمە سەر لەبەری زەرەرەو هەموو ئەو زەرەرانەی کەوا جەنابت باست کردن، ئێستا نەك تەنها بۆ ئاوی خواردنەوە، لێدانی ئەو بیرانە لە دەرەوەی شارەکان بۆ زەراعەتیش مەمنوعە، یەعنی ئەگەر یەکێك لە مەزرەعەیەکیش بێت ئەو بیرە بەکار بهێنێت، حکومەت مولاحەقەی دەکات و، جیهازەکە لەناو دەبردرێت، یەعنی تەفنیش دەکرێت، بۆئەوەی یەعنی ئەوە نەبێت وەلحاسل غرامەیەك بکرێت یان بەیانی ئەم جیهازە لە شوێنێکی تر بەکاربێتەوە، ئێستا لەگەڵ وەزارەتی زراعە رێککەوتووین، من سیاسەتی ئاوم لە کۆبوونەوەی ڕابردوودا ڕوون کردەوە، کەوا ئێمە بڕیارێکی یەك لاکەرەوەمان وەرگرتیە، بۆیە ئەگەر سەیری پلانی ئێمە بکەن هەموو پرۆژەکانی ئێستای ئاو کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین، پرۆژەی ئاوی سەر زەوییە واتە یەکێك لە بەرنامەکانی حکومەت ئەوەیە کەوا هەتا مومکین لە بەرامبەری هەر پرۆژەیەك دا، تەنانەت لە ڕووی ئیعلام و ڕێکخستنی مەراسیمەکانیش بڕیارمان داوە، لەکاتی کردنەوەی هەر پرۆژەیەك دا مەراسیمێکیش ڕێکدەخەین، لە بۆ داخستنی سەری چەند بیرێکی ئاوی ژێر زەوی کە بەکاری دەهێنن، بۆئەوەی وەکو پەیامێك بە خەڵکی خۆشمان و بە دونیاش بڵێن، چونکە ئەمە موئەشرێکی خراپە، فیعلەن زۆری بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی بە هەموو ئەو هۆکارانەی کەوا جەنابت باست کرد، هەتا تەنانەت ئێستا لەگەڵ وەزارەتی زراعە ڕێککەوتین، ئیلا ئەگەر بۆ حاڵەتێکی زۆر ناچار هیچ بەدیلێکی سەرچاوەی ئاو نەبێت، بۆ حاڵەتێکی موەقەت ڕێگا بدرێت کەوا بیرێك لێ بدرێت، بۆ سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە، ئەویش بیرێکی بە مواسەفات نەك وەکو ئەو بیرانە، ئەو بیرانەی کە جەنابت دەڵێی ئەم 13 هەزار بیرە، نەوەڵڵا نەك ئێمە فەحسمان بۆ نەکردووە، هەر پێشی نازانین لە کوێنە، یەعنی ئەو رەقەمانەش تەقدیری ینە، چونکە ئەمانە ئەو بیرانە نین کە حکومەت لێی داوە، خۆ 13 هەزار بیر بۆچی لێ دەدرێت؟ لە هەولێر نیوەی زیاتری ئیعتیمادی لەسەر بیرە، ئەوجا 2000 هەزار بیری تێدایە ئێستا کارناکات، کەمتر لە 2000 بیر کار دەکات، نەك ئێستا پێشی ئێستا، مەجموعەیەکیش داخراون ڕەنگە لە حدودی چەند هەزار بیرێك ئێستا ئیش دەکاتن، (مع العلم) بەشێکی زۆری ئاوی هەولێر ئیعتیمادی لەسەر بیرەکانە، ئەمانە بیری شەخسین کاك دکتۆر، یەعنی هی ئەوە نین بۆ گەڕەکێك، بۆ کۆڵانێك، یان بۆ چەند ماڵێك بەکاربێتن، ڕەنگە هی ماڵێکە یان کەمتر یان زۆرتر، دووپاتی دەکەمەوە ئەو هەنگاوانەی کە نروان، فیعلەن شەهادەیەکی ئیستشاری خۆزگە ئێمە بمان زانیبا پێویستمان پێی دەبێت، تەسریحاتی بەڕێز

کاك محمد حەمەی لێپرسراوی (WHO) لە کوردستان، ئەمە ناویشی دێنم لەبەردەمی جەنابتان و، دەتوانن مومکینە تەئکیدیش بکرێتەوە بە هەر پەیوەندیەکی کە لەکاتی سەردانی خۆی دوای سەرهەڵدانی ئەم پەتای سکچوونە، بۆ پرۆژەی ئاوی دوکان بە حزوری تیمی وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی شارەوانی پشت ڕاستی کردووینەتەوە، کەوا بەپێی بەدواداچوونەکانی ئەوان و ستاندەردەکانی ئەوان سەرچاوەی ئاوەکە سەلامەتە و، بە پرۆژەیەکی زۆر باشیش وەسفی کردیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خۆشم پێم ناخۆش بوو ناردوومانە بۆ بەغداد، بەڵام ئەوە یاسایە وتیان نابێت ئیعلانی بکەن، دەبێ ئیعلانیشی بکەن بڵێن شەکە، چونکە ئەمە (international health regulation) قانونە و، دەبێت (WHO)ی لێ ئاگادار بکەنەوە و، دەبێت بەغدا بینێرن بۆ قاهیرە، کە موختەبەری (WHO) لەوێ هەیە، ئێمە هەتا ئیستا 707 نموونەمان لەو رۆژەوە کردووە، 707 نموونە کە تەنها 17 نموونەمان ناردووە بۆ بەغداد، 17 نموونەکەش هەمووی بە موتابقی هاتووەتەوە، یەعنی ئێمە چیمان وتووە ئەوانیش ئەوەیان وتووە، چونکە خۆی فەحسەکە فەحسێکی قورس نیە لەپیسایییە، زۆرجار فەحسەکە لە ئاوی قورس دەبێت، کە صەحەی سلێمانی توانیویەتی لە ئاویش دا دروستی بکە و، ئەوە یەکەم وەبا نیە ڕووبەڕووی سلێمانی ببێتەوە، هەتا لە ئەنفلەوەنزەی باڵندە و بەراز دا ئەوان توانیویانە (h5n1) (h1n1) ڤایرۆسەکە کۆرەکەی دەربهێنن، لەبەرئەوە من دڵنیاتان دەکەمەوە ئەو جیهازانەی کە لە شوێنەکانی صەحەی سلێمانی و دهۆك و بڵێین هەولێر دا هەیە، ئەگەر لەوانی بەغدا باشتر نەبن وەکو ئەوانن، زۆر سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رازاو خان فەرموو.

**بەڕێز رازاو محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش هەمان پرسیاری پەرلەمانتار گەشە خان دووبارە دەکەمەوە، بۆئەوەی دواتر بۆ بزانین ئەو شێوازی ناردنی پرسیارو تەحدید کردنی کەسەکان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێم وتن شەرحم کرد ئەوەتا قائیمەکەم لەبەردەستە، بەپێی قائیمەکە خوێندوومەتەوە، هەر فراکسیۆنێك جارێکیشیان یەك یەکیشیان، دوو ئیتر بەپێی ژمارەی فراکسیۆنەکانە، فەرموو.

**بەڕێز رازاو محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پرسیارانەی ئاراستەی هەردوو بەڕێزانم كردووە، زۆرێكی دووبارەیە، بۆیە من دووبارەی ناكەمەوە، پرسیاری یەكەمم بەڕێز وەزیری تەندروستی لە لێدوانێكی رۆژنامەوانی دا ئاشكرای كرد، كە هەموو شتێك لەژێر كۆنترۆل دایە، ئەگەر بەڕێزیان بۆمان ڕوون بكاتەوە، چۆن لە كاتێكدا ئەم نەخۆشیە زۆر بلاوە وڕۆژ بەرۆژ لە بلاوبوونەوە و زیاد بوون دایە، دەپرسین كام كۆنترۆڵ؟ لە كاتێكدا دەبینین هێشتا شوێنی تایبەتیان بۆ جیانەكراوەتەوە، تەنها لە نەخۆشخانەیەك لەگەڵ نەخۆشخەكانی تر دا چارەسەریان بۆ دەكەین، پرسیاری دووەم دووبارەی ناكەمەوە، پرسیاری سێیەمم هەر سەبارەت بە دەرمان و ئامێر و كەل و پەلی پێویستە، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم نەخۆشیە ئایا وەزارەتی تەندروستی دەرمان و كەل و پەلی پێویستی هەیە؟ دیارە وەلامی ئەمەی دایەوە، بەلام من مەبەستم لەو پرسیارە ئەوەیە بەڕێزی ئاماژەی پێدا لەسەرەتای قسەكانی، كە ئەم ڕووبەڕووی شەڕێكی قورس بووەتەوە، بەتایبەتی لە ڕاگەیاندنی ئەوەی كە چیتر دەرمان بێ كوالیتی كۆنترۆل نایەتە بازاڕەكانەوە، بەبێ ئەوە نایەتە بازاڕی هەرێمەوە، دیارە كوالێتی كۆنترۆلیش ستراتیجیەتێكی درێژخایەنی دەوێت و ناكرێت بێ بەرنامە و بەپەلە و لە ساتێكدا بڕیاری لێ بدرێت، ئەوەندەی زانیارمان هەبێت لە دوو رۆژی ڕابردوودا، كۆمەڵێك نەخۆشخانەی سلێمانی نەك تەنها نەخۆشخانەی تایبەت بە كۆلێرا هەبێت، نەخۆشخانەكانی تریش داوای ئەوەیان كردووە كە ئیتر دەرمان نەماوە لە خەستەخانەكانیان، كێشەی كەمی دەرمانیان هەیە و، لە سەیدەلیەكانیش نەماوە، لە مەزخەرەكانیش نیە، یەعنی كێشەی كەمی دەرمانمان هەیە لە سلێمانی، بەڕێزیان پێی ڕاگەیاندوون كە ئیتر دەكرێت لەمەودوا لە بازاڕەكان، واتە ئەگەر ئێوە بڕیاری ئەوەتان داوە ئیتر بە كوالێتی كۆنترۆل بێت، ئەی چۆن بڕیاری ئەوەش دەدەن لەهەمان كاتدا دەتوانن لە بازاڕەكاندا دەرمان بكڕن و؟ پرسیاری چوارەمم بەس دووبارەیەو سەبارەت بە پلانی هەر دوو وەزارەتەكە بوو، دیارە پێشتر لە وەلامەكانیاندا وەلامی هەندێكم وەرگرت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕۆژ بەرۆژ لە زیاد بوون دا نیە، حاڵەتەكان كەم بوویتەوە و، من ئاماژەشم پێی دا، ئینشاللە من بەو ئەمەلەم پەنا بەخوا لە پێنج شەم و جومعە لە وەیڤەكە نەجاتمان بێت، كە بە تەواوەتی كەم بێتەوە هەتا سامپڵە موختەبەریەكانیش وا دەڵێ، ئەمڕۆ لە %12:5 پۆزەتیڤ بووە، یەعنی لەو سامپلانەی كە وەرمان گرتووە لە %12:5، ڕۆژی یەكەم تەقریبەن لە سەدا شەست و ئەوانە بووە ئەمە یەكەم، دووەم من هیچ خەبەرێكم پێنەگەیشتووە كە دەرمان لە خەستەخانەكان كەم بوویتەوە، بەلام بەڕێزان ئەمە شتێكە پەیوەندی بە ملیۆنەها دۆلارەوە هەیە، بە قازانجی خەڵكەوە هەیە ئەمە تیجارەتێكە خەڵك دەڵێ وەكو

نەوت و نازانم سیلاح وایە، نەخێر لەوەش موربیح ترە، ئەمە تیجارەتێکە، کێ گرێنتی ئەوە دەدات من ئیمزای بکەم بڵێم دەرمان بێ کوالێتی بێتە شارەکانی کوردستانەوە؟، کەس گرێنتی ئەوە دەدات؟ کەس دەتوانێ بە یاسایی سبەینێ خۆتان بانگم دەکەنەوە، مەحکەمەم دەکەن دەڵێن کاکە بۆ هێشتت دەرمان بەبێ کوالێتی بێت، من بە هیچ شێوەیەك ڕێگا نادەم، من چیم وتووە وتوومە دەبێت کۆمپانیای فەرمی بێت، لە سلێمانی، دەڵێ نەخێر من مەزخەرم دەچم دەرمان دەهێنم، نەخێر نابێت مەزخەر دەرمان بهێنێت، دەبێ کۆمپانیا دەرمان بهێنێت، وتوومە بە بەڕاد بیهێنێت ئەو دەچێت بە لۆری دەیهێنێت، ئێ نابیت، وتوومە ئەگەر لە بەغدات دەیهێنی فەحسی بەغدات پێ بێت، فەحسی بەغداشی پێ نیە، دەبێت دەرمانەکە موسەجەل بێت، موسەجەلیش نیە، قەیناکە موەقەر بێت، موەقەریش نیە، ئاخەر ناتوانم، خۆ من ناتوانم تەندروستی هاووڵاتیان، خۆ ناتوانم بە خەڵك بڵێم بڕۆ کاکە چی دەکەی بیکە، شەریکەیەکمان هێناوە شەریکەیەکی بەریتانی، دەڵێن کاکە وەرن با دەرمان فەحس بکەین کەس ناهێت، بەڕاستی منیش ئەمە بڵێم بەڵێ وایە لەوانەیە دەرمان لە سلێمانی کەم بێتەوە، بەڵام کام دەرمانە؟ دەرمانی کوالێتی خراپ، کاکە دەرمانە بازرگانیەکە دەبێت پزیشکی دەرمانساز بیکات، لێرە بەس پزیشکی دەرمانساز نایکات، هەموو کەسێك دەستی داوەتە دەرمان، کۆمپانیایەکی داناوەو پزیشکێکی هێناوە وەکو دیکۆر، مانگی 1500 دۆلاری دەداتێ دەڵێت وەڵلا حەقت نەبێت من چی دەکەم، ئاخەر وا نابێت، لەبەرئەوە ئێوە وەکو پەرلەمان بەڕاستی پشتگیری هەنگاوەکانی من بکەن، پشتگیری هەنگاوەکانی حکومەت بکەن و، ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر دەرمانمان کەم کردووەتەوە، ئێمە 100 نەوع پاراسیتۆڵمان هەیە، 100 نەوع پاراسیتۆڵمان بۆچیە؟ با 20 نەوعی ڕێك و پێکمان هەبێت، بەڵام موسەجەل بێت، 100 نەوع ئەنتی بایۆتیك ئەمۆکسیلمان هەیە، خۆ ئەوەی کە کەم بووەتەوە ئەوە کەم بووەتەوە، لەوانەیە مەسەلەن 20 نەوع ئەمۆکسیل بێت، ئەوەی لەوانەیە تووشی کێشە بین دەرمانی سەرەتانیە، بەڵێ وایە دەرمانی سەرەتانی ئێمە جاران لە کوالێتی کۆنترۆڵ ئیمکانیەتی ئەوەمان نەبووە بیهێنین، ئەوە ئێستا وردە وردە خەریکە شەریکات و وەکو ئەسترازینیکا، وەکو ساینۆفی، وەکو نۆڤارتس، وەکو بایەر وردە وردە دێنە پێشەوە لە کوردستان، دەڵێن کاکە ئێمە دێین وەکالەت دەکەینەوە با دەرمانی رەسەن بێنین، بەڕاستی ئەو شەریکاتانەی هەتا ئێستا هەبووە زۆربەی رەسەن نەبووە، ئەصڵەن زۆربەی کۆمپانیاکان دەرمان کە تۆ دەکڕی لە مەعمەلەکە، شتێکت دەداتێ پێی دەڵێن (method of analysis) یەعنی چۆن تەحلیل دەکرێت؟ هیچی ئەوەیان پێ نیە، ئەی لە کوێ کڕیوتانە ئەم دەرمانە؟ نابێت بزانین لە کوێ کڕیوتانە، سەبارەت بەوەی کە بە دەرمان و کەل و پەلی پێویستمان بەڵێ هەیە، شوێن داندراوە، بەڵێ شوێن داندراوە هەندێك شوێنمان هەیە پێی دەوترێت هەناوی فریاکەوتن، بەڵام پێمان باش بوو بیبەینە قاتی یەکەمی فێرکاری و، شوێنەکە شوێنێکی چەپە، یەعنی دکتۆر ڕێباز و برادەران شوێنەکەیان دیوە، وابزانم دکتۆر ڕێباز تەسریحێکیشی بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان نارد وتی شوێنەکە لە ئاستێکی خزمەتگوزاری باش دایە، ئەوە بە ئیعترافی کاك دکتۆر، ئەوەی تریش زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە، رازاو خان؟ دكتۆر ڕێباز بەخوای زۆر موداخەلە كرا برای خۆم، دە فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تەسریحەی كە كاك دكتۆر باسی دەكات بەو شێوەیە نیە، من باسی شوێنم نەكردووە، من باسی چارەسەركردنم كردووە، لە راپۆرتەكەشدا وەكو لیژنە ئێمە جیامان كردووەتەوە، مەوزوعی پریڤەیشن و مەوزوعی چارەسەركردن، من ناتوانم ئەو ڕاستیە نەڵێم كە ڕێژەی مردن ئێستا كەمترە لە رۆژەكانی ئەوەل، بەس نەم وتووە كە شوێنەكە لە ئاستی پێویست دایە، چونكە 6 كەس لەناو یەك ژووردایە بۆ نەخۆشیەك كە بڵاو دەبێتەوە، ئایا 6 كەس لە یەك ژووردا لە ئاستی پێویست دایە؟ و، ئەصڵەن ئەم نەخۆشخانەیە نەخۆشخانەی كێشەیەكی ترە و، ئێستا نەشتەرگەری لەو نەخۆشخانەیە راگیراوە و، لە راپۆرتی لیژنەی تەندروستیش تەئكیدمان لەوە كردەوە، كە پێویستە شوێنێكی تایبەت هەبێت بۆ ئەمە، چارەسەركردن جیاوازە و كەرتی بیناسازی تەندروستی دوو شتی جیاوازن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

حاجی بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارم ئاراستەی وەزیری شارەوانی كردووە، پرسیاری یەكەمم ئەوەیە كە دیارە من لە پرسیارەكەم هەرچەندە بەڕێزیان هەندێك ڕوونكردنەوەیان داوە، لە بەشێك لە پرسیارەكان، بەڵام من پرسیارەكە دەكەم، ئەگەر جوابی دایەوە دەتوانێت بڵێت جوابم دایەوە، جوابم نەداتەوە، وەك لە پشكنینە سەرەتاییەكان دەركەوتووە هۆكاری سەرەكی تووش بوون بە نەخۆشی كۆلێرا، لە كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پیس بوونی ئاو، تا ئێستا ئەوەی كە دەركەوتووە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە وەزارەتی شارەوانی گرینگی تەواوی نەداوە بە بەڕێوەبەرایەتیەكانی ئاو، بۆ نموونە لە شارۆچكەی رانیە (597) كارمەندی ئاو هەیە، بەڵام لەگەڵ گرینگی ئەو ئاوە و ئەو هەموو كارمەندە كە تا ئێستا نەكراونەوتە بەڕێوەبەرایەتی، لە كاتێكدا چەندین بەڕێوەبەرایەتی تر هەن، لە وەزارەتەكانی تر كە هەم فەرمانبەریان كەمترە، هەم گرینیگیان كەمترە، بەڵام ئەوان گرینگیان پێ نەدراوە، ئایا بۆچی وەك پێویست گرینگی نادەن بە ئاو؟ لەكاتێكدا ئاو سەرچاوەی ژیانە و بووەتە سەرچاوەی نەخۆشیش لە هەرێمی كوردستان، دووەم زۆربەی ئاوی قورسی زێرابەكان، شارۆچكەكانی قەڵا دزێ و دەوروبەری، رانیە و دەوروبەری، دوكان و دەوروبەری راستەوخۆ دەڕژێنە ناو دەریاچەی دوكانەوە، دواجار هەمان ئاو دەدرێت بە هاووڵاتیان لە سلێمانی، كە ئەمەش گەورەترین كێشەی پیس بوونی ئاوی لێ دەكەوێتەوە، هەم بۆ هاووڵاتیان، هەمیش بۆ ئەو گیانلەوەرانەی كە لەناو ئەو دەریاچەدا ژیان بەسەر دەبەن، پرسیارەكە لێرە ئەوەیە ئایا بۆچی تا ئێستا ئەو

ئاوەڕۆیانەتان لەم شارۆچکانە تێکەڵ بە ئاوی دەریاچەی دوکان دەکرێت راستەوخۆ، فەرعی ب: ئایا بۆچی لە ڕێگای تەسفیە (پاککردنەوە) بۆ ئاوی زێرابەکان ناکرێت پێش ئەوەی بڕژێتە ناو دەریاچەی دوکانەوە؟ ئایا لە ئێستادا چیتان کردووە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە؟ چارەسەرێکی خێرا بۆ پیس بوونی ئاوی دوکان وەك چارەسەرێکی سەرەتایی، پرسیاری سێیەم سیستەمی پاککردنەوەی ئاو لە کوردستان تا ئێستا بەشێوەی (coloration) دەکرێت، کە ئەمەش سیستەمێکی زۆر کۆنە تەنها لە ولآتە دواکەوتووەکان کاری پێدەکرێت، ئایا چیتان کردووە بۆ ئەنجام دانی سیستەمی تازە و پێشکەوتوو، بۆ سیستەمی پاککردنەوەی ئاوی خواردنەوە، سیستەمی ( ozone)؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری یەکەم دەربارەی ئەوەی کەوا ئەو ژمارەی کارمەندان لە سنووری شارۆچکەی رانیە دا هەیە، بەلأم نەبووەتە بەڕێوەبەرایەتی، ئەمە یاسای وەزارەتە و لەم پەرلەمانە بەڕێزە پەسەند کراوە، کەوا لەسەر ئاستی هەموو کوردستان یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوو ئاوەڕۆکان هەیە، لەسەر ئاستی پارێزگاکان بەڕێوەبەرایەتی هەیە، لەسەر ئاستی دەوروبەریش با بڵێین لە سلێمانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی هەیە و، بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی هەیە، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە سەرپەرشتی هەموو فەرمانگەکانی ئاوی قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری سلێمانی دەکات، هەروەکو چۆن لە هەولێریش و لە دهۆکیش و لە گەرمیانیش بە عەینی حاڵەت وایە، ئەمە پەیوەستە بە هەیکەلیەتی وەزارەتەوە، دووپاتی دەکەمەوە ئێمە لە بەرنامەمان دا هەیە بەڕاستی پێداچوونەوە بە یاسای وەزارەت دا بکەینەوە، یەکێك لەو خالأنە ئەوەیە ئەوەی کە بەڕێز کاك بیلال ئاماژەی پێکرد، کە ئێمە فیعلەن یان دەبێت دەسەلأت بەشێوەیەکی وا رێك بخەین، کەوا ئەمانە مەجبوری ئەو سیسیلە موراجەعانە ببنەوە، خۆیان دەسەلأتی وایان هەبێ لە شوێنێکی گەورەی بەرفراوانی وەکو رانیە موحتاجی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەر نەبن، بۆ هەموو کارەکانیان یان دەبێت لەسەر ئاستی پارێزگاکان بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابمەزرێنین، بە حەقیقەت منیش بەلامەوە وەکو پرسیارێك وایە، بۆچی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبا هەیە؟ هی کشتوکاڵ هەیە؟، پەروەردە هەیە؟، بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوو ئاوەڕۆ نیە؟ لە حاڵەتێکدا کە لەوانەیە ئەوانیش زەرور تر بێتن ئیشەکان ڕەنگە کەمتر نەبێت، ئەو کاتی ئەو شوێنانە ئۆتۆماتیکیەن دەبنە بەڕێوەبەرایەتی، هەردوو ئیحتیمالەکە لەبەردەست دان تەنانەت ئەگەر یەعنی با بڵێین زۆر ئیفرادمان نەکردبێت، ئێمە بیر لە پێکهێنانی دەستەیەکی ئاویش دەکەینەوە، بەڕاستی یەعنی کێشەکانی ئاویش تێکەڵ بوونی بە کێشەکانی شارەوانی بەتایبەتی لەو وەزعانەدا، کە بۆمان دەردەکەوێت پتر پێویستی بە زیاتر تەرکیز لەسەر

کردنه، ئاوو ئاوەڕۆکان زیاتر لەڕووی هەیکەلیەت و توانا و دەسەڵات و هەموو مەسەلەیەکە گرینگی پێ بدرێت، دەربارەی ئەو ئاوو ئاوە قوڕسانەی کەوا دەڕژێنە ناو دەریاچەی دوکانەوە، ئەگەر بمبورن جوابەکەی من دووبارەیە نازانم ئیجازە دەفەرموون من دووبارەی بکەمەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر وتراوە وەڵامت داوەتەوە، بە دوو دێر وەڵام بدەوە، بەڵام زیاتر نا، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پرسیاری سێیەم، ئێمە ئەو سیستەمەی کەوا باس دەکرێت یاخود کەزۆرتر بەحسی (کلۆرەنەیشن) دەکرێت، تەبیعی وەکو عەرزم کردن ئەوە یەکێکە لە هەنگاوەکان، یەعنی خۆی پرۆسەکە پرۆسەیەکی دوورو درێژە، لە چەند قۆناغێکدا تەبیعی حاڵەتی یەکەم کە پێی دەوترێت (پری کلۆرەنەیشن) ئەوی واتە کلۆر تێکردنی پێش وەخت، یەعنی سەرەتا قۆناغێکی کلۆر تێکردنی تێدەکرێت، ئینجا پۆلیمەری تێدەکرێت، کە ئەوە بۆ مەیین و بۆ یەکگرتنی ئەو خڵت و شتانەی کەوا لەناو ئاوەکە دا هەن، بۆئەوەی یەك بگرێت ئینجا دێتە سەر مەرحەلەیەکی تر کە فلۆکەیشنی پێ دەوترێ، ئەو کوتلانەی کەوا یەکدەگرن وەکو کوتلەیەکی ئیسفەنجی شتێکی وای لێ دێت، ئینجا دێتە سەر قۆناغی نیشتن، کە لەدوای یەکگرتنی ئەو کوتلانە مەرحەلەیەك لە حەوزەکان سبوتێك بە ئاوەکە دا دەبێت، بۆئەوەی کەوا ئەو ماددانەی لەگەڵ یەکتری یەکیان گرتووە بنیشێت، ئینجا دوای ئەوە فیلتەرەیشن دێت کەوا ئەو ماددانەی کە نیشتوون لە ئاوەکە جیابکرێنەوە، ئینجا کە ئەمانە هەمووی دەکرێت ئەوجا ئەو کلۆرەنەیشنە دێت، ئەوەی کە ئێمە ئێستا مەبەستە کە باسی دەکەین، کە پەیوەستە بەم حاڵەتەی ئێمەی ئێستا، واتە عەمەلیەکە تەنها عیبارەت نیە لە کلۆرەنەیشن و، ئینەما سیلسیلەیەك پرۆسیجەرەکە کە عەرزم کردن، بەڵام ئەوە یەکێکە لە هەنگاوەکان، ئەم مەوزوعەی ئۆزۆنیش کەوا تیکراری یان جوابی یان پرسیارەکەی بەڕێز ئاهەنگ خانە، ئێمە بە هەندی هەڵدەگرین و لەڕووی عەمەلی و لە ڕووی کولفە و لە ڕووی تەقەنییەوە هەمووی بەراورد دەکەین و، بەڵکو لە ئایندە ئەگەر فیعلەن کە ئەمە باشتر بێت، ئەمە ببێتە هەنگاوێك کە لێرە ئەو پرۆسەیە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من دوو پرسیارم ئاراستەی بەڕێزان وەزیری شارەوانی و وەزیری تەندروستی کرد بوو، بەڵام وەڵامەکانم وەرگرتەوە لە خیلالی قسە و باس و موناقەشەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی هەردوو وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، من سێ پرسیارم ئاراستەی بەڕێز وەزیری تەندروستی کرد بوو، بەڵام پرسیاری یەکەمم وەڵامم وەرگرتەوە کە ئەو نەخۆشیە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، ئایا ئاوە یان داوو دەرمان و بەسەرچوونی خۆراکە؟ پرسیاری دووەمم ئایا هەماهەنگیتان وەك وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ وەزارەتەکانی تر وەکو شارەوانی و پیشەسازی و ناوخۆ لە چ ئاستێکدایە؟ بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان و پاك ڕاگرتنی ژینگە، چونکە خەڵکی دەڵێن وەزارەتەکان لێپرسینەوەیان نیە بۆ خوارووی خۆیان و بەڕێوەبەرایەتیەکان، پرسیاری سێیەم ئاماری تەواو لەبەر دەست دایە بۆ تووش بوون بەم نەخۆشیە، کە ئێستا منداڵانیشی گرتووەتەوە، ئایا ئێوە دەتوانن مزگێنی بدەن بە خەڵك کە بەم زووانە ئەم نەخۆشییە کۆتایی پێ دێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ هەماهەنگی تەواومان هەیە، لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پیشەسازی و، من لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی خۆشمان دەپرسینەوە، باوەڕتان هەبێت هەموو دوو سەعات جارێك پێم دەڵێن چەند داخل بووە چەند دەرچووە؟ لەبەرئەوە تەنسیقێکی باشمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتەکانی خۆشمان هەیە، تەنها چوار منداڵ ئێستا خۆش بەختانە چوار منداڵ لەو سوابانەی کە وەرمان گرتووە لە خەستەخانەی منداڵان تووش بوون و، نەخۆشی منداڵ یەك دوو ڕۆژ زیادی کرد، بەڵام ئێستا سوپاس بۆ خوا وەکو خۆی لێ هاتووەتەوە و، مردنمان لە منداڵ نیە کە ئەوە (الحمدلله) شتێکی دڵخۆش کەرە و، من مزگێنی دەدەم بە خەڵك کە ئینشاالله ئەم هەل و ئەمە وەیڤە لێمان باو و، ئاماژەکانیش نەك مزگێنیەکەی من وا ئەدەن کە ئیتر وردە وردە نەخۆشەکە بەرەو خوار بچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من وەڵامەکانم وەرگرتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەڕاستیدا پرسیارەکانی من چوار پرسیارە، دووانیان دەکەم و دوو پرسیارەکەی ترم دەگۆڕمەوە بە سیاغی دوو قسەی هەردوو وەزیری بەڕێز، سەبارەت بە ئاوی دوکان و ئەو ئاوەڕۆیەی کە دەڕژێتە زێی دوکانەوە قسە و باسی زۆر کرا، لەڕاستیدا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەو پرۆژە گەورەی کاتی خۆی کە ئەنجام درا، مشوری ئەوە نەخورا کە ئاوەڕۆی دوکان نەڕژێتە سەر ئەو پرۆژەی کە ئاوی لێ هەڵدەکێشرێت بۆ سلێمانی؟، لەکاتێکدا بە ملیارەها، بە ملیۆنەها دۆلار سەرف کراوە لەو پرۆژەیە، لەکاتێکدا دیزایین بۆ ئاوەڕۆی دوکان بۆ خوار پرۆژەی ئاوەکەی سلێمانی چوار کیلۆمەتر دەبێت، ئەوە کەمتر لە چەند ملیۆن دۆلارێکی تێدەچێت، ئەوە بۆ نەکراوە؟ کێ کەمتەرخەمە لەو مەسەلەیە؟ لەکاتێکدا کە شارەوانی دوکان دیزایینی ئەو پرۆژەی پێشتر داوەتە لایەنی پەیوەندیدار، ئێمە وەکو چەند ئەندام پەرلەمانێك چووینەتە جێگاکە و، راپۆرتیشمان لەو بارەیەوە لە مەترسی ئەو مەسەلەی داوتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، دەرفەت نەبوو ئەگینا من سیدیەکی صوەڕیم پێیە چۆن ئاوەڕۆکە دەڕژێتە زێیەکە و، دواجار دەچێتە سەر پرۆژەی ئاوی سلێمانی، کە لەکاتێکدا کولفەیەکی زۆر کەمی دەوێت بۆ دورکەوتنەوە لەو بەلاَ و لەو بەلاَیە، ئێمە قسە لەسەر پەتایەك دەکەین کە خەڵکی تێدا مردووە و، ئەگەری مردنی خەڵکی تریش هەیە و، رۆژانە سەدان کەسیش رووبەڕووی چارەسەر دەبێتەوە و، ئەم بابەتە لەڕاستیدا پەیوەندی بە ئاساییشی کۆمەلاَیەتیەوە هەیە، خەریکە ئاساییشی کۆمەلاَیەتی شارێك تێك دەچێت، ئەمە کێ لێی مەسئولە و ئیجرائەتەکان چۆن دەبێت؟ من تەسەوڕم وایە مادام کێشەکە لە سلێمانی دا چڕبووەتەوە، مادام کێشەکە ئاوە پەیوەندی بە ئاوەوە هەیە و، لەبەر حاڵەتێك کە پەیوەندی بە متمانەو سیقە بە هەردوو بەڕێز وەزیری شارەوانی وەزیری تەندروستیەوە هەیە و، هەروەها ماوەی دەست بەکاربوونیشیان کەمە، ئەگینا قسەی تر ئەکرا، بۆیە من لێرەدا پێشنیار دەکەم بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی و، بەڕێوەبەری شارەوانی سلێمانی کە مەعنی بەم کێشەیە، لە ڕێگای وەزارەتی شارەوانیەوە کار لەسەر کار لابردنیان بکرێت لەڕاستیدا و، بۆئەوەی سزای یاسایی خۆیان بدرێن، ئەمە لەپاڵ پرسیارەکانی من تەرحیش بووە، لەپاڵ ئەم بابەتەدا مەترسیەکی چاوەڕوان کراویش هەیە ئەویش پەیوەندی بە ئاوی دەربەندیخان و بەنداوی دەربەندیخانەوە هەیە، ساڵانێکی زۆرە پێش مەسەلەی دوکان و دروست بوونی پەتای کۆلێرا، لە دەربەندیخان ئەم بانگەوازە دەکرێت و، ئاوەڕۆی دەربەندیخان دەڕژێتە ڕووباری سیروانەوەو دەچێتە سەر باوەنووڕ، ئاوەڕۆی باوەنوور دەڕژێتە سەر کەلار، لە کەلارەوە بۆ جێگاکانی تر، دەبێت مشوری ئەم بابەتە بخورێ و، پلانی بە پەلە هەبێت بۆئەوەی ئەمە لە جێگای تر دووبارە نەبێتەوە، هاوکارانی تر کە چوو بوونە سەر ئاوی باوەنووڕ بینی بوویان حەوزەکە و ئەو بابەتە چۆنە، خاڵێکی تر کە پەیوەندی بە تەئکید کردنەوە لەسەر کار لابردنی بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانیەوە هەیە، دەیگێڕمەوە بۆ یەك حاڵەت پرۆژەی ئاوی توی مەلیك لە ماوەی ڕابردوودا دروست کرا، لە (کن فیکون) لە حاڵەتێکدا تانکی

تەقیو بەشێك لە ماڵەكان ئاو بردنی، كە دەركەوت ئەو فایبەر پلاسەی كە بۆ تانكیەكە بەكار هاتووە، هی ئەوە نیە تانكی ئاوی لێ دروست بكرێت، ئەمە كۆمیدیایە ئەمە چیە، ئیجرائاتی كراوە؟ بێگومان نا لەو بارەیەوە هیوادارم ئەم بابەتانە بە هەند وەربگیرێت، من دوو پرسیارەكەی تر بەجێ دەهێڵم بۆ پرسیارێكی تر كە لە سیاقی قسەی هەردوو بەڕێز وەزیری تەندروستی و وەزیری شارەوانی بۆم دروست بوو، بەڕێز وەزیری تەندروستی بەپێی فحوسات لە ئاوی خواردنەوەكە باسی كرد، كە ئەوان نەیان دۆزیوەتەوە و، بەڕێز وەزیری شارەوانی دەڵێت نیە، پێم وایە بەشێكی زۆرمان كوردیەكەشمان باشە لەنێوان نەدۆزیوەتەوە و نیە جیاوازیەكی حەقیقی هەیە نەك لوغەوی، سوپاستان دەكەم وەڵاممان بدەنەوە بۆ ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرمو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەوەی كەوا ئاوەڕۆی دوكان بۆچی و نەكراوە یاخود ئیشی لەسەر نەكراوە؟ من ڕوونم كردەوە ئێمە چارەسەری بنەڕەتی لە خۆی دا دەبینین، كەوا سەرچاوەی ئاوەكە بگوازینەوە، لەبری ئەوەی كە ئێمە هەتا هەتایێ خەریكی ئەوە بین، ئایا مەترسی ئەوە ئەو ڕووبارە كە لە سەدەوە دێت هەتاوەكو دەگاتە ئەنتیكەكە، موعەرەزە بۆ پیس بوون یاخود موعەرەز نیە بۆ پیس بوون، مەتعەمی لەسەر دروست كرا یان چایەخانەی لەسەر دروست كرا، ئێمە زۆر بەڕوونی ئاشكرامان كرد كەوا ئێستا لە پارێزگای سلێمانی، لە قۆناغی دیزایین و كاركردنین، بۆئەوەی كەوا سەرچاوەی ئەو كەناڵێكی ئاو ڕاستەوخۆ لە سەدەكەوە، كەوا بەپێی ئەو فەحسانەی ئاماژەم پێكرد لەگەڵ ئەو هێلكاریەی كەوا ڕوونم كردەوە، ئەو ئاوەی كەوا لە سەدەكەیە، لە ئەب ستریمەكەیە زۆر خاوێن ترە لەو ئاوەی كەوا دەگاتە لای ئەنتیكەكە، ئێمە لە بری ئەوەی خەریكی ئەوە بین ئەم مەسارە پاك بكەینەوە، خەریكی ئەوەین كەوا ڕاستەوخۆ لە شوێنە پاكەكەوە كەناڵێكی ئاو بێنین بۆ ئەوێ، چونكە مەترسیەكە تەنها ئەوە نیە بەڕێزان، ئەوەی كەوا باسكرا لە پیس بوون و هاتنە سەری با بڵێین ئاوەڕۆكەكان، بەڵكو مەوزوعی كەم بوونی ئاوە، مەوزوعی شەت داونی هی سەدەكەیە، مەوزوعی خنكانە ئەوانەی كەوا حاڵەتی ئاوی تێدا دەگرێتەوە، ئەم ئەگەرانە هەمووی هەر بەردەوام دەبێت تاوەكو ئەگەر ئێمە سەرچاوەیەكی تر بۆ ئەنتیكەكە پەیدا نەكەین، كە ئێستا ئێمە كار لەسەر ئەوە دەكەین، بەڕای ئێمە كاك سالار ئەوە حەلی جەزری ترە لەوەی كەوا لە حەلەكەی تر، كەوا خەریكی پاككردنەوەی ئەم مەسارە بین بە دروست كردنی ئاوەڕۆ و ئەوانە، ئیجازەم بدە من باوەڕناكەم قاعەی پەرلەمان شوێنی حكوم دان بێت، لەسەر كارمەندانی بەتایبەتی ئەوانەی كە ڕەنگە قاعەی پەرلەمان شوێنی لێ سەندنەوەی متمانە بێت لە من وەكو وەزیر، كە لەبەردەمی پەرلەمان سوێندم خواردیە، بەڵام شوێنی بڕیاردان نیە لەسەر ئەوەی كەوا بێ ئەوەی تەحقیق لە كارمەندێك بكرێت و، كەمتەرخەمیەكەی

**بسەلمێنرێت، لێرەوە داوا لە من بکرێت کەوا من دوو باشترین کارمەندی سنووری وەزارەتی شارەوانی بەتایبەتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی و، ئەو بەڕێزانەی کەوا کاریان لەگەڵ کردوون سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانین و، من بەرپرسیارم بەرامبەر بەو گوتنەی خۆم، لە خەم خۆری یان لە جدیەتیان یان لە ئیش، لە بەدواداچوونیان، لە دیقەتیان، لە شارەزاییان وەکو موهەندیسی چاك حەقیقەتەن، بۆیە ئەم داواکاریە بەلای ئێمەوە لەگەڵ ڕێزم بۆ بۆچوونی کاك سالار، داواکاریەکی مەرفوزە و ئێمە ئەو ئیجرائاتە بە ئیجرائەکی سەلیمیش نازانین و دروستیش نیە لە قاعەی پەرلەمان، چونکە ئەمە قاعەی دادگا نیە ئێمە حوکمی یەك لاکەرەوەی ئەم هەموو وەزعە بەسەر دوو کارمەندی شارەوانی دا بسەپێنین و، لێرەوە بڕیاریان داوە داوای لادانیان بکەین و، کاك سالار و هەر ئەندامێکی تری بەڕێزی پەرلەمان بۆی هەیە تەحریکی ئەم داوایانە لە ڕێگای داواکاری گشتیەوە بکات، ئەم مەلەفانە بچنە دادگا و کاتێك کەوا سەلمێنرا کەمتەرخەمی شەخسی لە ڕووی زانستی یان لە ڕووی ئیداریەوە لە کارمەندێکی ئێمەدا هەیە، ئەو کات ملی هەموومان لە موو باریك ترە بەرامبەر بە قەزا، بەلأم ئەمە لە قەزا دەکرێت نەکو بە تەشریع لە هۆڵی پەرلەمان، ئەوەی تری کە نیە یان نەدۆزراوەتەوە من مەبەستم لە یەك کەلیمات نەبوونە کەوا نەبوون و نەدۆزینەوە، ئەوەیە کە هەردووکمان کۆکین لەسەر ئەوەی ئەو تێستانەی کەوا کردوومانە هیچی سەلمێنراو نیە، لەسەر هەبوونی ئینجا ئەگەر تێستەکانی ئێمە کیفایەت نەبوو بن و، هەر لەپاڵ هەموو ئەو تێستانەشدا ئەگەرێکی تر مابێت، بەڕاستی من ناتوانم ئەو حوکمە بکەم ڕەنگە پتر وەکو بڵێی ئەهلی ئیختصاص و موختەبەرات و ئەوانە، بەلأم من دووپاتی دەکەمەوە ئەوانەی کەوا کراون، ئەو سامپلأنەی کەوا وەرگیراون ئەوانە ناسەلمێنن کەوا لە ئاوی پرۆژەکان دا ئەوە هەبێت، لە ئاوی پرۆژەکاندا ئەم پەتایە هەبێت، دەربارەی ئەو تانکیەی کەوا شکاوە، تەبیعی ئەو ماددەیەی کەوا بەکاردێت ماددەی (JRP) پێ دەڵێن، بۆچی بۆ تانکی بەکاردێت کاك سالار؟ لەبەرئەوەی ماددەیەکی کانزایی نیە و ژەنگ هەڵناگرێت، ژەنگ هەڵناهێنێت، لەبەرئەوەی لەگەڵ تێکردنی مەوادی کلۆر و مەوادی تەعقیمی تەفاعول ناکات، سەلامەتی صەحی زۆرە و، لەبەرئەوەی کەوا ماددەیەکە بە ئاسانتریش بەدەست دەکەوێت و، خێرایی جێبەجێ کردنیشی لە ماددەکانی تر موفەزەڵ ترە، بۆ دەست نیشان کردنی هۆکار و بەرپرسیارێتی ئەو تانکیە شکاوە، تەبیعی ئەم پرسیارانە بەڕێزان دوێنێ دوای نیوەڕۆ بە من گەیشتوون، ئەمانە پرسیاری کولێرا نیە، من حەقم هەبوو وەلأمی ئەو پرسیارانە نەدەمەوە، چونکە بابەتی دانیشتنی ئەمڕۆ لەسەر کولێرا بووە و، لە دوێنێ شەوە بووە، ئەمڕۆکە من هاتوومەتە قاعە تەحقیق لە شکاندنی تانکیەك نەدەکرێت، نە نەتائیجی وەردەگرێت، بەلأم کاك سالار دڵنیا دەکەم کە ئێمە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دەکەین و دەرئەنجامەکەشی بۆ جەنابیان و بۆ ئێوەی بەڕێز ڕوون دەکەینەوە، تەصەوڕکەن ئەوەی من بە هەڵە دانەچووبم ئەوەندە بوو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیری تەندروستی فەرموو.**

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك سالار نەمان دۆزیوەتەوە، یەعنی ئێمە باشتر دەگەڕێین بەدوایدا، ئەو دەڵێ نیە لەبەرئەوەی نەمان دۆزیوەتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو بەڕێز وەزیری شارەوانی و وەزیری تەندروستی، لەڕاستیدا لە هەرێمی ئێمە بابەتێك هەیە کە دەڵێ سەرکەوتن فرە صاحێبە، بەلاَم شکست بێ صاحێبە، بۆیە ئەم شکستە هەست دەکەین کەس ناچێتە ژێر باری بەرپرسیارێتی و، پەرلەمانی کوردستان دەبێت زۆر بەجدی تر لەو بابەتەی کە ئێستا قسەی تێدا دەکەین، ڕۆڵی خۆی لە چاودێری کردن و، لە مەحاسەبە کردنی دەزگای تەنفیزی ببینێت، بەڵێ ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستانەو، ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە خەمخۆری هاووڵاتیان بێن و نوێنەری خەڵکی کوردستانەو، موراقیب بێت بەسەر جیهازی تەنفیزیشەوە و، پێشنیار و ڕەئی خۆشی بڵێت وەکو چۆن لای بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەو تەرحە تەرحێکی مەرفوزە، من لە بەرژەوەندی گشتی و لە بەرژەوندی خەڵکی سلێمانی و خەڵکی کوردستان، بەلامەوە یەکێکە لەو تەرحانەی کە ئێمە ئیجرائات بکەین، سزای خەڵکی کەمتەرخەم بدەین لەو بابەتەو لەو بوارە، بێگومان ئەو بابەتە کەمتەرخەمی تێدا بووە، کێ مەسئولە؟ ئەو حکومەتەی کە من متمانەم پێداوە، لەبەرئەوە پێویستە لە بەرامبەر کەمتەرخەمیەکان، لە بەرامبەر کێ ماسیەکان دوو دڵ نەبین و، بۆئەوەی بتوانن ئێوە هەردووکتان دوو وەزیری کەفوئن، دوو خەڵکی گەنجن و، متمانەی خەڵکی کوردستانتان هەیە لەم دوو سێکتەرە زۆر هەستیارە، دەتوانن ئیجرائاتی پێویست ئەوەی کە پەیوەندی بە تانکیە شکاوەکە هەیە، کە شکاوە بۆ شکاوە؟ یەعنی ئەوە پرسیارە جدیەکەیە، لەدوای ئەوە کە پەیوەندی بە پرسیار و کۆلێراکەوە هەیە، کە شکاوە لەگەڵ خۆیدا لافاوی هێناوە، بنی تانکیەکە بە تەبەقات پڕی پیسی و خۆڵ بووە، سەرچاوەی کۆلێرا بۆ ئاو گەڕایەوە، منیش تەنها قسەم لەسەر ئاو کردووە، لەسەر بیبسی نەکردووە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باوەڕمان بە هەموو ئەو بنەمایانەی کەوا بەڕێز کاك سالار باسی کرد، هەیە، بەلاَم بنەمایەکی یاسایی هەیە دەڵێت (المتهم برئ حتى تثبت ادانته)، یەعنی ناکرێت من ئەوەیە دەڵێم هەتا ئێمە ئیسپاتی

کەمتەرخەمی کارمەندێك یان کادیرێك یان هەر کەسێك لەم مەجالەدا نەکەین، ناکرێت ئێمە قەرار لەسەر ئەوە بدەین، کە بەڕاستی من دووپاتی دەکەمەو هیچ دوو دڵیەك لەلای ئێمە نیە، قەتیش خۆمان لە خانەی دیفاع کردن خوانە خواستە لە کارمەندێکی کەمتەرخەم دا نابینینەوە، بەڵام دەبێت ئەمە لەسەر بنەمایەکی لێکۆڵینەوە و بەڵگەی پێویست دابێتن، بۆئەوەی کەوا ئیجرائات لەگەڵ هەر کەسێکدا لەم بابەتەدا بکرێتن، وەڵلا بۆی هەیە سەرچاوەی بیبسی بێت، چونکە بیبسی نازانم جەنابت مەعلوماتت هەیە، تەصەوڕ دەکەی ڕێژەی بیبسی چەندی ئاو بێت؟ یەعنی بیبسیەك دەزانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من ڕۆژێك لە وەزیری تەندروستیم پرسی وتم خیارێك ڕێژەی چەندی ئاوە؟ سەدی نەوەتی زیاتری خیار ئاوە و، ئەم خیارە لێرە دەچێنرێت مومکینە ئەو ئاوە لە بیبسیەکیش دابێت، مومکینە لە خیارێکیش دابێت، مومکینیشە لە بتڵێکی ئاو دا بێت، مومکینە لە سەرچاوەی بۆڕیەك دا بێت، مومکینە لە بیرێکی قاچاغ دابێت وەك ئەوانەی کەوا باسم کردن، بەڵام لە پرۆژەکانی ئاوی تەسفیە کراو دانیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بە ئیجازەی سەرۆکایەتی من شەش پرسیارم هەبوو، بەڵام دوانیان وەڵام دراوەتەوە ئەوەش پرسیاری یەکەم و دووەمە، پرسیاری سێیەمیشم بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانیە سەبارەت بە گەشتوگوزار، هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە ناوچەیەکی گەشتوگوزاری زۆر، گەشتیارێکی زۆریش ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام ئەوەندەی بەدی دەکرێت کەمتەرخەمی لە ناوچە گەشتوگوزارەکە زۆر زۆرە، خزمەتی پێویست ناکرێن، توالێتی تێدا نیە یان کەمە، بە حەقەت نەبوونی توالێت لە ناوچە گەشتیاریەکان و لە ناوچە هاوینەهەوارەکان وا دەکات، کە سەرچاوەی ئاوەکان پیس بن دواتر ببێتە هۆی گواستنەوەی نەخۆشیەکە و خەڵکی تووشی کارەسات بکەن، دەپرسم پیلانی وەزارەت چیە لەم بارەیەوە؟ بۆ خزمەت کردنی زیاتر بە ناوچە گەشتیاریەکان و، بۆئەوەی نەبن بە سەرچاوەی گواستنەوەی نەخۆشی، پرسیارێکی ترم بۆ وەزیری تەندروستیە، چی لە پلان و بەرنامەی ئەوان دا هەیە وەکو وەزارەت؟ بۆ گۆڕینی سیستەمی تەندروستی؟ کە لە بەرژەوەندی هاووڵاتیان دابێت، بەجۆرێك کە پێشگیری بکرێت لە بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە نەخۆشیانە وەکو ئامادەسازیەك، پرسیارێکی تر ئەوەندەی ئێمە بێینە ڕاگەیاندنەکانەوە، هەڵمەتێکی زۆر باش و بەرفراوان هەیە بۆ کاروچالاکیەکانی وەزارەتی تەندروستی، تا ئێرە جێگای دەست خۆشیە، دەست خۆشیان لێ دەکەین، بەڵام باشتر نیە کە بەشێکی ئەم هەڵمەتە بخرێتە خزمەتی پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان، سەبارەت بە هۆشیاری تەندروستی و ڕێنمایی و چۆنیەتی خۆ پاراستن لەم نەخۆشیانە؟، دیسانەوە وەکو شتێکی پێشەکی بۆ خۆپاراستن لەم جۆرە نەخۆشیانە، پرسیارێکی تر ئاخیر پرسیار وەکو وەزارەتی تەندروستی هەوڵیان نەداوە کە هاوڕێ لەگەڵ وەزارەتی

پەروەدەدا، هەوڵ بدەن وانەیەك بخەنە نێو پرۆگرامەكانی خوێندنەوە، كە سەرەتایەك بێت بۆ خۆ پارێزی كردن لە نەخۆشی، ئێمە دەزانین قۆناغی بنەڕەتی هەستیارترین و ناسكترین قۆناغە، كە لەوێوە كۆمەڵگا دەتوانێت وێنەی خۆی بكات ئەوان چیان كردووە وەكو وەزارەت؟، پێیان باشە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بەرنامەیەكی وا هەبێت، وانەیەك بخاتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە بۆ قۆناغی بنەڕەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەوەل ئاماژەم پێدا، كاروچالاكیەكەمان بۆ بلاّو دەكەنەوە، بەلاّم ڕێنماییەكانمان بۆ بلاّوناكەنەوە، زۆرجار هەوڵی ئەوەشمان داوە، وتوویانە خەڵك مەترسێنن هەتا من یەك شتتان پێ بڵێم لەم حەملەیە بە من وتراوە گەورە كردووە، هەتا من لە بەغداشەوە لۆمە كراوم بۆ گەورەت كردووە، وتم من ناتوانم ڕاستیەكان لە خەڵكی ولاّتەكەی خۆم بشارمەوە، چونكە من ئەگەر گەورەی نەكەم و بە خەڵك نەڵێم و ئاگاتان لە خۆتان بێت، لەوانەیە ئێستا دانیشتبان لەجیاتی باسی ڕۆژی (150) كەس داخیل بكەین و باسی سێ یان چوار كەس بكەین گیانی لە دەست داوە، باسی هەزارەها كەسمان كردووە، لەبەرئەوە ئەوەی كە ئێستاش كردوومانە دەڵێن گەورەتان كردووە، من وەكو ئاماژەم پێدا مەسەلەی ئەوەی وەزارەتی پەروەردە، نەخێر دەستمان نەخستووەتە ناو وەزارەتی پەروەردەوە، بەلاّم ئەوەی كەوا ئێمە گرینگمان كردووە، داوامان كردووە لە وەزارەتی پەروەردە كە نزیكەی هەزار توێژینەوەی كۆمەلاّیەتیان بۆ ناردووین بۆ تەدریب كردن و، ئاماژەشم پێدا كە ئەوانە ببن بە موسەقەف صەحی لەناو خوێندنگاكاندا، دەرس بڵێن بە (دەرسی خۆپاراستن و دەرسی تەسقیفی صەحی) بڵێنەوە بە خەڵك، بە خوێندكارەكان، بەلاّم ئەوەی تا ئێستا ئەوەیە كە بودجەی بۆ دابین نەكراوە، نزیكەی پێویستی بە (286) ملیۆن دینارا، وتوویانە بودجە نیە، سەبارەت بەو گۆڕانكاریانەی كە كردوومانە لە سیستەمی تەندروستی ئەگەر بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەوە بوو هێناومەو ئەو قەرارانەی 6 مانگە دەرمان كردووە حەز دەكەی بۆتان باس دەكەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە باسی كۆلێرا دەكەین.

**بەڕێز د. ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەرێ وەڵلا سێ سەعات چارێكێكی پێ دەچێت، باشە سەرچاوم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیری شارەوانی.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی دوو پرسیاری بەفرین خانی، ئەگەر بە هەڵە دانەچووبم لای ئێمە مایە، ئەوەی کەوا پرسیاری دووەمی دەڵێ کەمتەرخەمی لە بەکارهێنانی مەوادە یاخود سەرچاوەی ئاوەکەیە، ئەوەی گەشتوگوزار بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێستا لە پلانی وەزارەت لە گرێبەستەکانی پاککردنەوەی هی شار و شارۆچکەکان، تەبیعی کامە پرۆسەیەکی تازەیە ئەو رۆژەش ئاماژەم پێی کرد هێشتاش لە سەرەتاکانی دایە، قۆناغێکی باشی بڕیوە حەقیقەتەن تەقریبەن زۆربەی شارە گەورەکان ئێستا ئیحالە بوون، ئەوانی تر لە بەرنامە دان رۆژانە یاخود مانگانە گرێبەستی تازە دەکەین لەگەڵ هەر کۆمپانیەك کەوا گرێبەست دەکرێت، ئەو مەنتیقە با بڵێین سیاحیەی کەوا دەکەوێتە سنووری ئەو شارەوانیەی کە گرێبەستی لێ دەکرێت، ئێستا ئەوەش لەگەڵ هەمان گرێبەستدا واتە ئەوەی کەوا شوێنێکی دیاریکراو، سنووری شارەوانیەکی بۆ دەردەچێت بۆ گرێبەستەکە، مولزەمە بە پاککردنەوەی شوێنە گەشتیاریەکانیش، بۆئەوەی لەو قەزیە ڕزگارمان بێتن و، دوورخستنەوەی سەرچاوەکان یاخود شوێنی کۆکردنەوەو موعالەجە کردنی پاشماوەکانی زبڵ و خاشاکەکە، دوورخستنەوە لە سەرچاوەکانی ئاو، ئەمە هەر خۆی یەکێکە لە تەعلیماتی عقودەکان و، نابێت ئەم موعالەجاتانە لە نزیك سەرچاوەکانی ئاوەوە بێت، ئەم دوو هەنگاوەمان لە پێشن و، لە بەشێکی شوێنەکە ئیمزا کراون هەندێکیش وەکو وتم لە پرۆسە دان و، بەردەوام دەبین تا وەکو هەمووی ئینشاللە بۆ ساڵی (2013) هەموو عەقدەکان ئیحالە دەبن و، هیچ شوێنێك نامێنێت کەوا نەدرێتە کۆمپانیا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی پێنج پرسیارم هەیە، یەکێك لە پرسیارەکانم وەڵامم وەرگرتووە، پرسیاری یەکەمم سەبارەت بەو شوێنانەی کە خواردنی تێدا دروست دەکرێت بە شێوازێکی تر ئەو پرسیارە کرا، بەڵام من وەڵامی پرسیارە راستەوخۆکەی خۆم وەرنەگرتووە و، ئەو شوێنانەی کە خواردنیشی تێدا هەڵدەگیرێت وەکو (مەخازن و کۆگاکان) و، ئەوانەی کە خواردن تێدا ئامادە دەکرێت، دەکەوێتە دەستی زۆرێك لە هاووڵاتیان، ئێمە لەکاتی لیژنەی پکشنیندا من خۆم لە تەلەفزیۆن بینیم ئەندامێکی لیژنەی تەندروستی ئاماژەی کرد کە ڕێستورانتێك لە سلێمانی ناوەکەی ناڵێم وتی ئاو لەناو ئەم ڕێستورانتە نیە، واتە بەلوعەی ئاو بۆ ناو ڕێستورانتەکە ڕانەکێشراوە، ئایا ئەمە لەسەر چ پێوەرێك مۆڵەتی تەندروستی دراوە بەو ڕێستورانتە؟ کە کۆمەڵێك مەرجی تریش لە کۆمەڵێك مەتاعم لە کەلار و لە هەندێك شوێنی تر بینیمان کە سەقفەکان بەشێك لە گێچ کەوتووەتە خوارەوە، دیوارەکانی زبرە کە بەپێی ڕێنماییەکان بێت، تەنها حیساب بۆ ئەوە کراوە ئەو دیوارانەی لە ڕێستورانتدا بەکاردەهێنرێت بەس زاویەکانی تیژ نەبێت، لەبەرئەوەی شوێنی تیژ هەڵگری بەکتریایە و بەکتریا تێدا دەمێنێتەوە، ئایا ئەمانە لەسەر چ پێوەرێك و،

چۆن ئەمانە بەشێوەیەکی دەوری پشکنین ناکەی بۆیان؟، لە حاڵەتی ئیمێرجنسی نەبێت، جەنابت وەڵامت دایەوە وتت لیژنەکانی پشکنینی ئێمە پێش دروست بوونی حاڵەتی کۆلێرا من لە پرسیارێکی تر وەڵامی جەنابت دەدەمەوە، کە ئێوەی بەڕێز وەکو لیژنەکانتان دەستتان خۆش بێت، بەڵام هەر لە حاڵەتی ئیمێرجنسی ئەو پشکنینانەتان دەستی پێکردووە، پرسیاری دووەمم لەدوای چەند کەیس ژووری عەمەلیات بۆ ئەم حاڵەتی کۆلێرایە دروست کرا؟ بەپێی ئەو زانیاریە بێت کە بەڕێز بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی ئاماژەی پێکردووە دەڵێ لەدوای 15 کەیس، ئایا لەدوای 15 کەیس بڕیاردان لەسەر دروست بوونی حاڵەتی تەواری بۆ نەخۆشی کۆلێرا ئەمە حاڵەتێکی موتەئەخەر نیە بە دوو بەڵگە؟، یەك: کە وەکو بەڕێزت ئاماژەت پێکرد ئەم بەکتریایە لە هەرێمی کوردستاندا (فوڵتینە)، یەعنی ئەمە ئەمریکا نیە بڵێین لە ساڵی (1911)ـەوە ئەم بەکتریایە بن بڕ بووە، خۆشحاڵانە پشتی لێ بکەین و (2007) وە (12) هەزار کەیس لە هەرێمی کوردستان دا تۆمار کراوە، کەواتە ئەمە حاڵەتێکە دەبووایە کابینەکانی پێش وەختی بەڕێزیشتان، موشکیلەم نیە بەڕێزتان سەر بە چ کابینەیەکن، وەڵلاهی ساڵێ دوو ساڵی تر ئۆپۆزیسیۆنیش و هەر کەسێکی تر لەسەر قائیمەیەك بێت وەزیر بێت، پێویستە لەسەر کەمتەرخەمی هەمووومان پێی بڵێین بەڕێزت کەمتەرخەمی، پێویستە رووبەڕووی لێپرسینەوە ببی، بەڵام بەڕێزت چەند جارێك ئاماژەت کرد کە تۆ (6) مانگ دۆکیومێنت بۆ من بەرز دەکەیتەوە، دەڵێی ئێمە ئەو ئیجرائاتانەمان کردووە لە ماوەی (6) مانگدا، من عیلاقەم نیە تۆ ئیتیفاقێکی ستراتیجی هەیە لەگەڵ حیزبی بەڕێزی و، حیزبەکانی پێشووتریش ئەگەر ئۆپۆزسیۆن تێدا بەشدار بوو بێت بە هەموووتان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکی من ئەوە عیلاقەی بە ئیتفاقی ستراتیجی نیە، ناوی حیزبایەتی مەهێنە، خوشکی خۆم، بڕۆ سەر مەسەلەی کۆلێرا و نەخۆشیەکان، بۆ دەیکەیتە مەسائیلی سیاسی خوشکی خۆم؟ فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی وەڵامەکانی بەڕێزیان بێت لە هەسارەیەکی ترەوە نەخۆشی کەوتە خوارەوە بۆ سەر ئەستێرەی زەوی پێی دەوترێت کۆلێرا، بەڕێزی دەڵێت هەموو شکاوییەکان کۆنترۆلە، بەڕێزیشت دەڵێی حاڵەتەکانی تر بەشێکی زۆری کۆنترۆلە، کەواتە بەس عیلاقەی بە دەست شووشتنی هاووڵاتیان دا هەیە، کە بەشێوەیەکی گونجاو دەست و پلیان ناشۆن، یەکێکی تر لە پرسیارەکانم بەڕاستی ئەوەیە کە لەدوای ئەو پرسیارە زۆر بۆ بەڕێزتان ئاراستە کرا، من بە بەڕێزێکی زۆرەوە دەڵێم ئەم بەشەی تێدایە وەکو ئەندام پەرلەمان وەڵامم وەرنەگرتووە و، حەقی خۆمە کە موقتەنیع نەبم بە وەڵامێك و، داوا بکەم (دەبڵ چیەکی) وەڵام بدرێتەوە تاوەکو قەناعەت دەکەم کە وەڵامەکە لە کوێیە؟ لە (2007)ـەوە وەکو باسکرا پلانی ستراتیجی بەڕێزت دەڵێی بۆ ئاییندەی ئێمە ئەمانە دەکەین، پرسیاری سێیەمی من ئەوەیە بۆ داوای بودجەیەك ناکرێت، بۆ حاڵەتی تەواری لە ساڵەکانی پێشوودا، کە ئەمە تەکمیلەیە، ئا لەمەدا من بە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان

دەڵێم پەیوەندی بە مەسائیلی سیاسیەوە نیە، بەڵام کابینەکان تەکمیلەی یەکتریە، ئەگەر تەکمیلەی یەکتری بوو لە ساڵانی پێشوو لە (2007)ـەوە، هەموو ساڵێك پێویستە لە میزانیەی هەرێمی کوردستان داوای بودجەیەك کراوە بۆ حاڵەتی تەواری تێداش ئاماژەش بکرا با حاڵەتی کۆلێرا حاڵەتێکی واردە لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە بەم نزیکانە بن بڕ نەکراوە و، حاڵەتێك هەیە لەم شێوەیە، بۆیە پلانی ستراتیجی بەڕێزت بۆ ئاییندە و، بەڕێز وەزیری شارەوانی بۆ ئایندە چی دەکەن؟ ئەمە مەسەلەیەکە، بەڵام کابینەکەی بەڕێزتان تەکمیلە نیە بۆ سیاسەتی مەبەستم ببورە تەنها سیاسەتی حیزبایەتی سیاسەت نیە، سیاسەتی کۆمەڵایەتیش هەر سیاسەتە، سیاسەتی تەندروستیش سیاسەتی هەیە، ئیقتصادیش هەر حاڵەتی سیاسەتە، سیاسەت بە مەعنا تەسکەکەی نیە، واتە پۆلیسی و سیاسەتی وەزارەتەکەی بەڕێزتان چیە؟ بۆ ئایندە وەکو پلانی ستراتیجی، پرسیارەکەی من ئەوەیە بۆ لە ساڵانی ڕابردوودا، ئەگەر ئەم سوئالە لە وەزیرەکانی تری بکەین، یان ئیقتراحێك پێشکەش بکەین وەکو ئەندامانی پەرلەمان، بەڕاستی بڵێین خولی کابینەکانی حکومەت لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت، بۆئەوەی بە بەرپرسیارێتی بڵێ من لەماوەی (10) ساڵە ئەوانەم کرد، نەك هەریەکێك بێتە ئێرە بڵێ لەماوەی (6) مانگ ئەوەم کرد، ئەی من وەکو نوێنەری هاووڵاتی، هاووڵاتیەك چی بکات کە شتی پێویست ناگاتە دەستی بە کوالیتێکی باش؟ کە بریتیە لە ئاو کە یەکسانە بە ژیان، من پرسیارێکی ترم ئاراستەی بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەم نەخۆشخانەکان ئەمە ئەو حاڵەتە بوو کە بەڕێزتان ئیعلانی حاڵەتی تەواریتان کردو، پشکنینتان کرد، جارێکی تر دەڵێم دەستەکانتان خۆش بێت، بەڵام لە حاڵەتێك دابوو کە کۆمەڵێك عیلاجی خراپ و ئێکسپایەر و، کۆمەڵێك هاووڵاتی گیانی لەدەست دا ئەم پشکنینانە دەستی پێکرد، پرسیارەکەی من ئەوەیە بۆ تەنها لە حاڵەتی ئیمێرجنسی ئەم پشکنینە موکەسەفە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بۆ خەمخۆری بۆ صەحەتی خەڵك بەم شێوەیە کە بینیومان دەستەکانت خۆش بێت بینیم لەسەر تەلەفزیۆن کۆمەڵێك ڕێستورانت داخرا، کۆمەڵێك خەستەخانە کە بەداخەوە کۆمەڵێك دکتۆر خاوەنی ئەم خەستەخانانەن، کە دەرمانی ئێکسپایەری تێدا فرۆشراوە، ئایا ئەگەر کۆلێرا ڕاستەوخۆ بەڕێزتان دەڵێن وەکو سەرچاوەی بوونی ئاو کە بەکتریاکە پۆزەتیڤ بێت یان نەدۆزراوەتەوە، ئایا بوئرەی پیسی شوێنێك نیە؟، مولگەیەك نیە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە؟ یەعنی ئەو خەستەخانانە منداڵی تێدا لە دایك دەبێت، خەڵك برینداره خوێنی تێدا دەگوازرێتەوە کۆمەڵێك ئینعاشاتی تر دەگات بەم کەسەی کە نەخۆشە، ئایا هەمووی بوئرەیەك نیە بۆ پیس بوونی ژینگە یان با بڵێین شوێنێکە خەڵك عیلاجی تێدا وەردەگرێت، دەرمانی ئێکسپایەری تێدا وەردەگرێت، ژیانی ڕووبەڕووی خەتەر دەبێتەوە؟، من پرسیاری پێنجەمم وەڵامیم وەرگرتووە، پرسیارێکی ترم بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی بەڕێزت چەند جارێك وەڵامی ئەوەت دایەوە کە ڕێژەی پیس بوونی ئاوی دەریاچەی دوکان و دەربەندیخان لە چی دایە؟ من یەك پرسیار لە بەڕێزت دەکەم ئایا ریهانەکە لەسەر ئەوەیە کە دەبێت بەکتریای کۆلێرا لە ئاوی دوکان و دەربەندیخان بدۆزینەوە؟، یەعنی ئێمە گرەوەکەمان لەسەر ئەوەیە، مەنتقی ئەوەیە کە ئێمە خەم خۆری ئەوە بین کە ئاوێکی پاك بەپێی یاسای وەزارەتەکەی بەڕێزت

وەزارەتی شارەوانی یاسای ژمارە (12)، پێویستە ئاوێکی سافی پاك و پوخت بگاتە دەست هاووڵاتی، کە دەبینین زۆربەی مەغاسلەکانی چەو و لم لەسەر دەریاچەی دەربەندیخانە و، هەروەها وەکو ئەوەی کە کۆمەڵێك هاوکارانی تر ئاماژەیان بەوە کرد سەرچاوەی ئاوی دوکانیش کۆمەڵێك ئاوەڕۆ و زبڵ و سەرچاوەیەك کە زۆرێك لە پیسیەکانی تێدا کۆبووەتەوە، کەواتە بۆئەوەی کە جارێکی تر تووشی نەخۆشی نەبینەوە مەرج نیە بە تەنها بەوە دڵخۆش بین، کە ئاوەکان لەبەرئەوەی بەکتریای پۆزەتیڤی، نەتیجەکان پۆزەتیف نەبووە کەواتە ئێمە بڵێین ئەو ئاوە با بڵێین پیس نیە، بەڕێزت لە بەرامبەردا دەڵێی ئەو ئاوەی کە دەگات بە خەڵك ئاوە فەرمیەکە ئێمە لێی بەرپرسین، باشە لە یاسای وەزارەتی شارەوانی نەنووسراوە ئاوی فەرمی و ئاوی نافەرمی، ئاوی فەرمی من تێدەگەم لە بەڕێزت دەزانم چیە، مەبەستەکەت لە چیە، یەعنی ئەو ئاوەی کە بەشێوەیەکی ڕسمی لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش بە هاووڵاتی دەکرێت، تەسفیەکی ڕسمی بۆ دەکرێت، یەعنی بە پرۆسە ڕسمیەکان دا دەڕوات کە مەسئولیەتی حکومەتە، بەڵام تۆ لە بەرامبەردا لە گەڕەکی بەکرەجۆ بۆ نموونە گەڕەکی مەلاکان و، زۆربەی گەڕەکەکانی تری سلێمانی و، بەڕێزی ئاماژەی بەوە کرد کە لە بیری برایم احمد بەکتریاکە بە پۆزەتیڤ تێستەکە دەرچووە، کە تۆ وەکو وەزارەتی شارەوانی ئاوی خاوێن نەگەیەنیتە دەستی هاووڵاتی، هاووڵاتی بەدیلی چیە؟ ئەلتەرناتیڤی چیە؟ ناچار دەبێت ئیعتیماد بکاتە سەر بیر، کە تۆ 6 ڕۆژ ئاوی بۆ بەرنەدەیتەوە وەکو گەڕەکەکانی بەکرەجۆ، ناچار دەبێت دەبێ بیپارێتەوە لەوماڵەی کە بیری هەیە، بۆئەوەی ئاوی بۆ دابین بکات، کەواتە عیلاجە سەرەکیەکە ئەوەیە کە دەبێت ئاو بگاتە هەموو خێزانێك، نەك عیلاجەکە ئەوە بێت، کەواتە ئێمە ئەو ئاوە تەسفیە کراوە نەگەیشتووەتە خەڵکی، من یەك پرسیاری تر بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی، لە شوێنێکدا، لە گوندێکدا، لە قەزایەکدا بۆ نموونە لە ناوچەیەکی جیاوازدا، کە تێستێك دەردەچێت ئەم ئاوە بە کەڵکی خواردنەوە ناهێت، ئێمە لە زۆربەی گوندەکاندا کە لەگەڵ هاوکارانم سەردانی مەیدانیمان کردووە بۆ گوندەکانی قەراغ و، هەندێك شوێنی تریش بینیومانە خەڵکی گوندەکە ئاماژە بەوە دەکەن ئاوەکە لە تێستدا دەرنەچووە، ئایا ئیجرائی وەقائی تەواریتان هەیە؟ یەعنی بۆ نموونە دەکرێت هەندێك جیهاز هەیە، جیهازی تەسفیەیە لەبری ئەوەی کە تۆ...

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکی من تۆ شەرح دەکەی یان سوئال دەکەی؟ تۆ 10 دەقیقەیە بەس قسە دەکەی، خوشکی من ئەوە سوئال نیە بەڕاستی ئەوە شەرحە، حەقە بەس سوئالەکانی خۆت بخوێنیتەوە خوشکم، خوشکی من تۆ حەقی ڕوونکردنەوەت نیە، حەقت سوئالە، تۆ حەقی ڕوونکردنەوە و شەرح کردنەکانت نیە، حەقت بەس سوئالەکانی خۆتە، سوئالەکانی خۆت بکە بەسەرچاو، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسارەکەی من ئەوە بوو کە تێستی ئاوێك خراپ دەردەچێ ئیجرائی وەقائی لەناکاوتان چیە؟ وەك لەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە پرۆژەی ئاوی ناوچەکە بگۆڕدرێت، کە ئەمە زۆری دەوێت، پرسیاری چوارەمم بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی لە زۆربەی شوێنەکانی هەرێمی کوردستان کە ئێمە سەردانمان کردووە، پێنجوێن، بەرزنجە، گەرمیان، بەتایبەت کەلاری کۆن بینیومانە کە هێشتا خزمەتگوزاری گواستنەوەی زبڵ و خاشاك لەو مەنتیقانە نیە؟، بۆ نموونە لە بەرزنجە، لە داخلیەکی گەنجاندا لەناو حەوشەکە زبڵەکان دەسووتێنرێن، لەبەرئەوە دەڵێت نازانم زبڵەکان ببەمە کوێ؟ یەکێکی تر لە هۆکارەکانی کە زۆرجار زبڵ دوور دەخرێتەوە لە شوێنێکی زۆر نزیك لەوێ چارەسەر دەکرێت، کە ئەمە هۆکارێکە بۆ پیس بوون و، زۆرجار گواستنەوەی نەخۆشیشە، من یەکێکی تر لە پرسیارەکانم بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی باس لەوە کرا کە زۆرێك لە سەرچاوە ئاوەکان بریتیە لە ئاوی بیر و، کۆمەڵێك سەرچاوەی تر کە لەم ڕێگەیەوە ئاو دەگاتە خەڵکی، هەندێك پرۆژە هەیە پرۆژەی حکومیە، ئەگەر ئەمەیان پرۆژەی هاووڵاتیە بیر، ئەی پرۆژە حکومیەکان وەکو پرۆژەی ئاو کە دەگاتە دەستی هاووڵاتی لە باوەنوور، خەڵکی ناوچەکە پێی وتووین کە لە مانگێکدا چەند جارێك سەگی تۆپیو، ئاژەڵی تۆپیو لەناو حەوزەکە کە هیچ عازلێکی بۆ دروست نەکراوە لەوە حەوزەدا، سەرەکەی دانەپۆشراوە، یەعنی ئەمانە پەیوەندی هەیە بە ئاوو راستەوخۆ خزمەتگوزاری کە وەزارەتەکەی بەڕێزت پێشکەشی دەکات، نەك بە تەنها دەرچوونی نەتیجەی تێستی نەخۆشیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەدوای چەند کە ژووری عەمەلیات دروست کرا، (کێزەکان) هێشتا پۆزەتیف نەبووە کە ژووری عەمەلیاتمان دروست کردووە، ئەوە وەکو کۆنووسی کۆبوونەوەی ریاسەی صەحەی سلێمانیە، کە دەڵێت هاوپێچ لەگەڵ نووسراوی مادده کۆنووسی کۆبوونەوەی تایبەت بە زیادبوونی دیاردەی سکچوون دەنێرین بۆتان، بۆ ئاگاداری و ئەنجامدانی کاری پێویست، لە 9/26 کراوە بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی ئەوە هەر بۆ تۆشم حازر کردووە بیبە بۆ خۆت، ئەوەش 9/29 حاڵەتی پۆزەتیڤەکان دەرچووە، سێ ڕۆژ دوای ئەوە کە کۆبوونەوە کراوە و ژووری عەمەلیات دروست کراوە و تەوسیاتی کردووە، ئەمە سەبارەت بە سوئالی یەکەم، سەبارەت بە سوئالی دووەم، سوئالی یەکەم بڵێین ئەوەی لەو شوێنانەی خواردنی تێدا دروست دەکرێت، ئەوانە هەمووی مۆڵەتیان دەدەینێ و، مۆڵەتەکانیش مواسەفاتمان هەیە بەپێی قانونی ریقابەی صەحی، دەڵێت دەبێ نانەوا وا بێت، دەبێ مەتعەم وا بێت، دەبێت قەساب وا بێت، دەبێ ئەوە وا بێ، کاشی بێت، وابێ، وابێت، دەبێ وابێ، من ئەوەی کە بیستوومە ئەوەی کە چۆنە نازانم و، شەش مانگ لەمەو پێش کە ئێمە دەستمان کردووە بە حەملەی دەرمان و خواردن هیچ ئیمێرجنسیەك نەبوو، چی هەبووە؟ دونیا

زۆر هادئ بووە هیچ موشکیلەیەك نەبوو، یەعنی هیچ حاڵەتێك نەبووە من لە ساڵی 2011 سێ خەستەخانەم لە سلێمانی مودیرەکانی داوە بە دادگا، خەستەخانەی ئەهلی لەسەر شتی ئێکسپایەر، نەك دامخستووە داومە بە دادگا، ئێستاش لە مەحکەمەکە دەرنەچوون هەیە لەو پەرلەمانەش ئاگادارە کێن و کێ نین، نە ئیمرجنسی هەبوو نەهیچ، ئێمە ئیجرائاتمان کردووە، بردەوامیش دەبین، پرسیاری سێیەم پلانی وەزارەت بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ رووبەرووبونەوەی نەخۆشی بەشێوەیەکی پلان داڕێژراو نابینرێت، بۆ پلانی داڕێژراو نییە؟ ئەوە (10) رۆژە بووە، هەم نەخۆشەکان کەم بوونەتەوە، هەم مردن لەساڵان کەمترە، هەمیش خەڵکەکە تەوعییەی پیدا کردووە، یەعنی پلان چییە؟ پلان ئەوەیە کەتۆ تەوعییەی خەڵك بکەی، عیلاجی خەڵك بکەی، ژمارەی نەخۆشەکان کەم بکەیتەوە، ئیتر پلان چییە؟ یەعنی پلانی داڕێژراو چییە؟ پلان رۆژی یەکەم (200) بووە، (180) بووە، (150) بووە، (120) بووە، بەکێرف دەیکەین، کێرفەکە هین دەکەین، هەموو شەوێك، ئەوە کۆنووسەکانە دوایی بەڕێزتان دەتوانن سەیری بکەن، ئەمە کۆنووسی کۆبوونەوەیە لە 10/1، لە 10/2، بەئامادە بوونی خۆم لەصەحەی سلێمانی مودیری ئاو هاتووە، مودیری شارەوانی هاتووە، مودیری ژینگە هاتووە، کۆبوونەتەوە، خەریتەیەکی سلێمانیمان داناوە، ئەمە خەڵکی کوێییە، ئەمە چۆنە، ئەمە چۆن نییە، ئەتفالێ وەزعت چۆن بووە؟ هەناو وەزعت چۆن بووە؟ چیتان کردووە بۆ گەڕان بەدوای ئەودا؟ دائیرەی ئاو تۆ چیت پێویستە؟ دائیرەی ژینگە چی پێویستە؟ یەعنی پلانی داڕێژراو چییە؟ ئەوە پلانی داڕێژراوە، ئەو سامپڵانەی کە ئاو بۆ پشکنینە ناوچە جیاوازەکان لەکاتە جیاوازەکان بەشێوەی دەوری ئەنجام دەدرێت، بەڵێ بەشێوەی دەوری ئەنجام دەدرێ، ئەوانە هەموو زەرفە بەشێوەی دەوری ئەنجامدەدرێ، هەموو مانگێگ کارو چالاکییەکانی ئێمە دەگاتە صەحەی سلێمانی لەبەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستن و صەحەی سلێمانی هێنانی بۆ وەزارەت، بەڵێ هەموو شتەکان بەشێوەی دەوری ئەنجامانداوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری شارەوانی، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پرسیارەکانی بەڕێز ئاشتی خان، دیارە جەنابیشت دەزانین کە ئێمە باسی ئاوی پاك...، یەعنی ئەگەر تەسمییکەش دروست نەبێ ئاوی فەرمی و ئاوی نافەرمی موحەرەف نەبێ، جەنابیشتان دەزانن، هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش، بڕوا دەکەم لەوە تێگەیشتوون کەوا ئێمە مەبەستمان، بەرپرسیارین لەو ئاوەی کەوا بەرهەم دەهێندرێت، لەلایەن حکومەتەوە دابەش دەکرێت، مەسئولیەتی پاراستن و سەلامەتی پاکییەکەی لەئەستۆی حکومەتە، لەئەستۆی وەزارەت دایە، ناکرێت دیسان من دەڵێمەوە مەجرایەك بەبەردەمی ماڵەکەی مندا تێپەڕ دەبێت، ڕاستە ئاوی قورسی پێدا تێپەڕ نابێت، بەڵام ئەگەر بەیانی منداڵێك بچێت لەناو ئەم مەجرایە ئاوێك بەکار بێنێت یەعنی بەرپرسیارەتی وەزارەتی

شارەوانییە لەحاڵەتێکدا دیارە کە تۆ ئاوی خواردنەوە ت کامەیە؟ ئێمە بەرپرسین لەئاوی خواردنەوە بەڕێز ئاشتی خان، ئێمە بەر پرس نین لەوەی یەکێك بچێ لەدەرياچەی دوکان ئاو بخواتەوە، یان مەلەوانی لە حەوزێکی پیسدا بکات، یان ئاوێکی غەیرە مەشروعی ڕێگە پێنەدراو، بیرێکی (15) مەتری لەناو حەوشەکەی خۆیدا لێبدات، لەناو یەك مەسافەی (100) مەتردا (سیپتینتانکێکی) هەیە، (12) مەترە ئاوی قورسی تێدەکاتن، بیرێکیشی هەیە (15) مەترە ئاوی خاوێنی لێدەردێنێ، باشە من یەعنی ئیجرائاتی چی بکەم بۆ سەلامەتی؟ سەلامەتی ئەو ئاوە لەکوێ بێنم؟ لەحاڵەتێکدا ئینسان هەر بۆخۆی ڕەنگە عەفوم دەکەن، ڕەنگە قورس بێ بەکارهێنانی دوو ئاوی وا لەیەك نزیك، ئەمە تانکییەکی ئاوی خراپە لەناو ماڵەکەدا، ئەمەش لێدانی بیرێکی وایە، ئەو کاتەی کەوا ئەم تانکییانەی دروست کراون، یاخود بابڵێین ئەو بیرانە لێدراون، ئەگەر کەمتەرخەمی هەبووبێ لەکەمی ئاو، بەڵام ئێستا هۆکارەکان نەماون، بەڕێزان، لەهەرسێ شاری گەورەی سلێمانی و هەولێر و دهۆك دووجار و نیو بەقەدەر پێداویستی ستاندەردی جیهانی ئاوی خواردنەوەی پاك بەرهەم دەهێندرێ، دەشگاتە هاووڵاتیان، ستاندەردی عالەمی (200) لیتر ئاو بۆ هەرکەسێك، بۆهەر رۆژێکە، ئاوی بەرهەم هاتوو، ئاوی پاك ئێستا لەناو سلێمانی لەسەرووی (500) لترەوەیە بۆ هەرکەسێك، بۆ هەر رۆژیك، دوو و نیو بەقەدەر پێداویستی هەرکەسێك ئاوی خواردنەوە بەرهەم دەهێندرێت، لەهەولێر لە (450) لیتر زیاترە، لە دهۆك لە (500) لیتر زیاترە، ئێستا ئێمە ئەو ئاوەی کەوا وەزارەتی شارەوانی بەرهەمی دێنێت لە پێداویستیەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەتێکڕا زیاترە، کەمتر نییە، ئێ ئەوە نییە کەم و کوڕتی لەبەرهەم هێنانی ئاودا هەیە بەڕاستی، جا بچینە بابەتەکانی تر لەکولێرا دوور دەکەوینەوە، ئەگینا ئەمە بابەتی کۆبوونەوەی ڕابردووە، روونم کردەوە بەهەدەردانی ئاو هەیە، بەفیڕۆچوونی هەیە، دەست پێوەنەگرتنی هەیە، هەندێکی تەقسیری ئێمەیە، هەندێکی تەقسیری هاووڵاتییە، هەندێکی نەبوونی ئیجرائاتە، هەندێکی سەیر نەکردنی ئەم سامانەیە لەوەی بەهەدەردانی کاتێك یەکێك حەنەفی ماڵەکەی خۆی دەکاتەوە کە لەپێویستی خۆی زیاتر ئاو سەرف دەکا، ئەکید دەبێتە سەبەبی ئەوەی ئاوی یەکێکی تر دەبڕی، چونکە ئەمە ئاوە، بەکەمی بەرهەم دەهێندرێ، ئەوە نییە رووبارە هەرچۆنێك بییەوێت بەریبدات و بڵێ دەڕوات و هەر بەدەست دێتن، بۆ ئەوەی جەنابت دڵنیا بی ئاوی بەرهەم هاتوو لە پێداویستی خەڵکی زۆر ترە، کەمتر نییە، ئیجرائاتەکانی تر بۆ سەلامەتی پاراستنی ئەمە من لەکۆبوونەوەی ڕابردوودا پێم ڕاگەیاندن کە بەرنامەی غەڕامات هەیە، بەرنامەی چاککردنەوە هەیە، دانانی پێوەر ئیمزای لەسەر کراوە، هەموو ئەوانە، لەهیچ یەکێك لەو کارانەی هەیە، نەئێستاش و نە لەکۆبوونەوەی ڕابردوو دا من بەش بەحاڵی خۆم، خۆم بەبەرپرسیاریەتی هیچ یەکێك لەو کار و ئەرکانەی کەوا حکومەت تێیدا بەرپرسیارە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئیجازەم بدەن لەوەی کەوا من شتێکم بەسەردا تێپەڕ بووە بەڕاستی، بەڕێز کاك سالار دەڵێتن ئەگەر ماوەی دەست بەکار بوونی ئێوە کەم نەبێ، من شتی ترم داوا دەکرد، من داوام دەکرد کاك سالار بەچاوی بەزییەوە سەیری ماوەی دەست بەکار بوونی من نەکات، چ تەقسیرێك لەمن هەیە وەکو وەزیر بیخاتە بەردەمی ئەندامانی

بەڕێزی پەرلەمان، لەئەمڕۆ نزیك تر نییە کە من لێپرسینەوەم لەگەڵ بکرێ لەسەر ئەوە، من لە هیچ یەکێك لەو بەرپرسیارەتیانەی کە هەیە خۆم لێنادزمەوە، ماوەی من کیفایەتە، ئەو شەش مانگەی کەوا من تێدا کارم کردووە کیفایەتە لەسەر ئەوەی هەڵسەنگاندنی لەسەر بکرێت، بەسلبی و بە ئیجابی، تکام وایە بەزەیتان بە وەزعی من دانێتەوە، دەربارەی ئەوەی کەوا مەسەلەن هەر کابینەیەك بێت و کابینەیەك بڕوات، منیش لەوە دەپرسم ساڵانە پلانی وەزارەتەکان دێتە بەردەمی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە، دەکرێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت، دەکرێت شت بەپێی ئەولەویاتی کە ئەگەر ئێمەش لەحکومەت وەکو پێویست نەمانتوانی بێت تەرکیز لەسەر ئەولەویاتەکان بکەین، هەروەکو چۆن بودجەی 15٪ی ئێمە کەم کرایەوە، ئەو کلۆرەی ئێستا کێشەی لەسەر هەیە ئێمە بەو 15٪ی دەیکڕین، ئەوەی کەوا عیبارەتە لەبودجەی تەشغیلی ئێمە، من دەبێ پارەی کڕینیش کلۆریش 15٪ کەم بکەمەوە بۆ زانیاری جەنابتان، چونکە ئەو باب و سەرفانەی کەوا 15٪ی لێ کەم کرایەوە کڕینی پارەی کلۆریشی تێدایە، فیعلەن من دەبێ یان 15٪ی کەمییەی کلۆر کەم بکەمەوە، یان 15٪ی پارەی کلۆر کەم بکەمەوە، یان دەبێ لەشوێنێکی تردا داوا بکەم، کەوا حکومەت بۆم تەئمین بکا، بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی کلۆر و ئەوی تر و ئەوی تر نەبێت، دەربارەی چاودێری کردنی بەنداوەکان لەو پارێزگایانەی کەوا بەڕێز ئاشتی خان ئاماژەی پێکرد، چاودێری کردنی پیس نەبوونی بەنداوەکان بەهۆی کارگە و بەهۆی هەموو ئەو بابەتانەی کە باسی کرد، بۆزانیاری جەنابتان پارێزگاری بەنداوەکان لە ئیختیساسی وەزارەتەکەی مندا نییە، بەڵێ من مەسئولم لەوەی کەجەنابیان ئیشارەت دەکا دەڵێ خۆ مەسئولیەتی ئێوە خۆ بەس ئەوە نییە ئەو ئاوە پاك بێت یاخود میکرۆبی تێدانەبێ، ئەم ئاوە نەك هەر لەپاککردنەوەی لەم میکرۆبە، بەڵکو لەهەموو نەخۆشییەك و دەرچوونی لە هەموو تێستێك لەئەرکی وەزارەتەکەی ئێمەیە، بەڵام پاراستنی بەنداو و رووبارەکان لەئەرکی وەزارەتی شارەوانی نییە، جەنابیشتان ئەم حەقیقەتە لەیاسای وەزارەتدا دەتوانن تەئکیدی بکەنەوە، هیچ لێکچوونێکی بەرچاو نییە، ئەوەی کەوا دەگوترێت بەهۆی خراپی تۆڕەکانی ئاو، بەڵێ هەیە، من ناڵێم نییە، بەڵام رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو کەم بوونە، بەتایبەتی لەشاری سلێمانی دوای ئەوەی کەوا ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا ئیمزا کراوە، گۆڕینی تۆڕە کەونەکانی تردا ئەنجامدەدرێ دەتوانم بڵێم بەرەو نزیکەی نەمان دەچێتەوە، ئەگەر لەهەر قەزاو ناحییەیەك بەڕێز ئاشتی خان کێشەی پیس بوونی ئاو ئیسپات کرا یەکسەر ئیجرائاتی یەکەمین ئەوەیە کە ئەوە سەرچاوەیە نابێت بەکار بێت، ئەگەر مومکین نەبوو دەمودەست چارەسەری بکەین، مومکین نییە ڕێگا بدرێت ئاوی پیس بڕواتن بۆ خەڵکی، بەڕێزان، حەقیقەتێکی تریش لەبەر چاو بگرین من دووپاتی دەکەمەوە خۆ ئێمە منت بەسەر خەڵکییەوە ناکەین، بەڵام ئێمە (5) ملیۆن کەس لەکوردستان رۆژانە و سەعات و هەموو دەقیقەیەك ئاو بەکاردەهێنین، یەعنی ئەگەر خراپی ئاو بەم وەزعە بێت، ئەوەی کە لەگوتنی هەندێك لەبەڕێزانـدا ئاماژەی پێدەکرێت، دەبێ ئێمە رۆژێ هەزاران حاڵەتی وەفیاتمان هەبێ، چونکە نەخۆشییەکانی ئاو نەخۆشی کوشندەن، بەخێرایی بلاودەبنەوە، باشە بۆ باسی ئەوانە ناکرێتن کەوا ئەگەر بەڕێژەش حیساب بکەین، ئێمە لەدابینکردنی ئاوی خاوێن بەپێی ئەو

پێوەرانەی کە ئێستا باسکرا لەسەرووی 95٪ ئاوی خاوێن دابینکراوە، ئەرێ رێژەی نەخۆشی بەهۆی ئاوی خاوێن گەیشتۆتە 5٪؟ من لەجەنابتان دەپرسم، کە نەگەیشتۆتێ مانای ئەوە نییە کە 95٪ی خەڵکی ئاوی خاوێنی پێدەگات، باشە ئەگەر بەپیپێوەریش بێ بۆ 95٪ نەجاح نییە لەوەی کە تۆ تەئمینی ئەوە بکەی لەحاڵەتێکدا 0,1٪ سەدا پۆینت یەکیش من پێموایە خەلەلە لەمەوزوعی ئاودا، چونکە پەیوەندی بەژیانی خەڵکییەوە هەیە، بەڵام ئەوە نییە کە ئەم حاڵەتە وانیشان بدرێت وەکو ئەوەی کە وێرانکارییەك لە وەزعی ئاودا هەیە، ئێمە لەبەردەمی خەتەرێکی زۆر زۆر گەورەداین، نەخێر ئێمە بەرپرسیاریشین، دووپاتی بەرپرسیارەتی خۆشم دەکەمەوە، کاتێك کە ئەو سەرچاوانە پیس دەبن دەسەلمێندرێتن کەوا پیسن، ڕادەگیرێن هەتاوەکو ئەوەم باس کرد، ببورن، ئەوەی کەئێستا هەیە، ئەو لێچوونەی کە هەیە، کەباس دەکرێت، ئێستاش ئاوی ئێمە لەهەمموو ئەو سەرچاوانەوە لەگەڵ ستاندەراتی (w,h,o) پەسەند کراوە، جەنابتان دەزانن کۆمەڵێك رێکخراو سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان لەکوردستان مەوجودن، دراسات دەکەن، بەدوا داچوون دەکەن، ئەمانە تەنها دەزگای حکومی نیین کەوا بڵێن بۆ ئێمە، بۆخاتری ئێمە شت بڵاو بکەنەوە، ئەکید لەم مەخاترانە، چونکە ئەوانە لەسەر ئاستی دونیا بەرپرسن بەرامبەر بەم مەسەلانە، ئەمانە بۆخەڵکی، بۆ ڕای گشتی ڕوون دەکەنەوە دەیانگوت کە سەرچاوەکانی ئەم ئاوە سەرچاوەی پیسن، دەربارەی ئەوەی کە ئی زبڵ و خاشاك، تەبیعی هەتا ئێستا هەڵگرتنی زبڵ و خاشاك بەڕاستی بەشێوەیەکی کلاسیکییە، هەڵدەگیرێت لەشوێنێك زۆربەی هەتا ئێستا دەفن دەکرێ، یەعنی تەنها هەتا ئێستا ئەم ئیجرائەتانە من لەکۆبوونەوەی ڕابردوو ئاماژەم پێکرد، لەدهۆك دەست بەدانانی کارگەیەکی ریسایکلین کرابوو، بۆ مەعالەجە کردنی بەیەکجاری، لەهەولێر گرێ بەست کراوە، لەسلێمانی لەئیعلانە، وە ئەم پڕۆسەیە بەردەوام دەبێ، بۆ ئەوەی هەموو شوێنەکان عیلاج بکرێ، لەزمنی ئەوانەشدا ناوچەی شارەزوورە کە ئێستا لەگرێ بەستە بۆ پێدانی بەکۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت، گوژمەکەشی بۆ دابینکرایە، بۆ ئەوەی کە لەم وەزعە نەجاتی ببێ، برادەرێکی تریش بەڕێز ئاشتی خان، دەربارەی پرسیاری پێنجەم، بەڕاستی بەڕێزان، من نازانم یەعنی دەکرێ ئێمە بڵێین لەناو شارەکان سەرچاوەکانی ئاو سەگی تۆپیوی تێدایە، یەعنی من نازانم بەزیندوی سەگی ساغ نابینم لەناو شار و شارۆچکەکان بسووڕێنەوە، چ جای سەگی تۆپیو لەناو سەرچاوەکانی ئاودا، یەعنی من تکا دەکەم ئەمە مەسئولیەتێکی گەورەیە، ئەگەر فەعلەن شتی وا هەیە، ئەگەر فیعلەن شتی وا دەبینرێت، ئەمە حەق نییە بۆ مەحاسەبە کردنی من هەڵبگیرێت، حەق ئەوەیە دەم و دەست ئەو بەڕێزەی یەعنی ئێوە تەسەوڕ دەکەن ویژدانی کارمەندێك، بەرپرسێك لەم وڵاتە ئەگەر بەرامبەر بە حکومڕانیش نەبێت، بەرامبەر بەخەڵکی ئەوەندە مردوو بێت، ئەگەر یەکێك تەبلیغی فەرمانگەیەکی ئاو بکات، یەعنی کارمەندێکی شارەوانی بکات، بڵێ تەیرێکی تۆپیو لەناو خەزانێکی ئاو دایە، کاکە بچۆ عیلاجی بکە، بۆ ئەوەی خەڵك تووشی نەخۆشی نەبێت، خەڵك کەمتەرخەمی بکاتن لەم مەسەلەیە؟ من بڕوا ناکەم، حەزیش دەکەم ئەگەر شتێکی واهەبێت ئەمەیان من بەبێ لێکۆڵینەوە ئیجرائەت دەکەم بەڕاستی، ئەگەر لەسەر خۆشم بێ من ئامادەم، بەڵام باوەڕ ناکەم بەو ڕادەیە کەوا

سەرچاوەی ئاوەكان شتی وای تێكەوتبێ، یەكجاری بەو وەزعە وابن، گوتنەكانی من بۆ ئەوە نین بڵێم هەموو سەرچاوەكانی ئێمە یاخود خەزانەكانی ئێمە لەحاڵەتێكی نموونەیی 100٪ دان، بەڵام بەو شێوازەی كەم و كورتییانەش نییە، پرۆسەی عیلاج كردنیشیان بەردەوامی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەعقیبێك سەبارەت بەقسەكانی بەڕێز وەزیری تەندروستی، لەوە دەچێ بەڕێزت بەباشی لەپرسیارەكەی من تێنەگەیشتبی، من مەبەستم لە پلان ڕێژییە لە(2007)وە بۆ ئێستا، بەڕێزت باس لەپلانڕێژی دەكەی لەدوای دروست بوونەوەی حاڵەتەكە لەئێستادا دەڵێ كەم كردنەوەی نەخۆشی، كەم كردنەوەی زەحایە، ئەمانە پلانڕێژی نییە؟ سەبارەت تەعقیبێكیشم بەپرسیارەكانی بەڕێز وەزیری شارەوانی هەر لەهەولێر لەم ماوەی پێشووە بەهۆی سەگی هارەوە چوارمندالْ گیانی لەدەستداوە، چۆن سەگی بەڕەڵا نییە؟ باشە دوان، یەك كەسیش بەلای منەوە زۆر گرینگە، دڵنیاشم لەلای تۆش گرینگە، ئەوەی كەرەپتی بەپرسیاركەی بەڕێزتەوە هەبێ، خەزانێكی ئاو لەباوەنوور چوار ئەندام پەرلەمان بووین سەردانمان كردووە، یەعنی ئەمە قابیلی ئەوە نییە كەدروست بكرێ، سێ مانگ بەر لە ئێستا لەڕێگای بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە یاداشت بەرز كراوەتەوە كە كاری پێویست بكرێ، خەزانەكان بەپرسیارێكی زۆر سادە، سەیر نییە، كەواتە چۆن موعەرەز نییە كە ئاژەڵی تێبكەوێ؟ خەڵكی گوندەكە چ مەجبووره قسەیەكی ناڕاست بكا؟ دەڵێ ساڵانە ئاژەڵی تۆپیو لەناو ئاوەكەیە، زۆر بەبەسیتی بۆ ڕاستی قسەكانی من خەزانەكە سەری نییە، زۆر بەسادەیی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

قسەیەكتان هەیە جەنابی وەزیری؟، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە سەری ئەو خەزانی ئاوە مەعالەجە دەكەین، سوپاس بۆ تێبینیەكەی ئاشتی خان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. ڕێكەوت قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێكەوت حەمە رشید / وەزیری تەندروستی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە نەك لە (2007)ەوە، ئێمە هەروەکو ویقایە پلانڕێژی خۆمان هەیە، تەوعییەی سەحیمان هەیە، فەحسی ئاومان هەیە، فەحسی بەدوا داچوونمان بۆ مالآن هەیە، تەنسیقمان هەیە لەگەڵ دائیرەی ئاودا، ژووری عەمەلیاتی زۆربەی نەخۆشییەکانمان هەیە، لەبەر ئەوە من ئەو پلان ڕێژیە پێشتریش هەمان بووە، ئێستاش هەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر لەدوای ڕاپۆرتەکەی ئێمە هەندێك قسە کرا، بەڵام لەڕاستیدا من یەکێك لەتێبینیەکانم ئەوەیە کە بۆچی جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو داتایانەی کە ئەو ڕۆژە بەئامادەبوونی وەزیری تەندروستی بەئێمە دراوە، لەگەڵ ئەو داتایانەی کە ئێستا بەڕێز وەزیری تەندروستی بڵاوی کردەوە؟ هێنایەوە باسی کرد، واز لەپرسیارەکانم دەهێنم، یەعنی وای لێدەکەم زۆر کورت بێ، بەکورتی ڕێگە گرتن بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بەگوێرەی ئامۆژگاریەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی موراقەبە کردنە، ئەم نەخۆشییە لەبەر ئەوەی لەسلێمانی هەیە، کەواتە پێویستە تۆ موراقەبەیەکی جدیت هەبێت، ئایا ئێمە موراقەبەکەمان لەئاستی پێویست دابووە؟ نەخێر لەئاستی پێویستدا نەبووە، بۆ سەرجەم نموونەکانە، نەك تەنها ئاوی بەلوعە، یەعنی بۆ ئەوەی دڵنیابن، بەگوێرەی بەحسێکی زانکۆی سلێمانی لە 97٪ خەڵکی سلێمانی ئاوی بەلوعە بەکاردەهێنن، سەرجەم ئەو نموونانەی کە وەرگیراون ئەمە داتایەکە بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی بەئێمەی داوە، بەئامادە بوونی هەر پێنج ئەندامەکەی لیژنەی تەندروستی کەلەوێ بووین، کە وتوویەتی بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی تەنها (74) نموونەی وەرگرتووە، ئەگەر بێین ئەم (74)نموونە ئەگەرچی ئەمە هەندێك لەنموونەکان لەئاوی بیریش وەرگیراوە، هەندێکی لەئاوی تەنکەریش وەرگیراوە، بەس با ئێمە گریمانەکە وادابنێین هەمووی لەئاوی بەلوعەش وەرگیراوە، بەس تەنها (5) ڕۆژ بەسە بۆ بڵاوبوونەوە و دروست بوونی بەکتریاکە و بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی، ئەوە بەڕێز وەزیری تەندروستی بۆخۆی پزیشکە و دەزانێت، تەنها (5) ڕۆژ بەسە بۆ بڵاوبوونەوەی، مانگەکە ئەگەر تەقسیمی پێنجی بکەین دەبێ شەش جار نموونە وەرگیرابێت، لەبەر ئەوەی سلێمانی شوێنێکە موعەرەزە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە، ئەگەر (74) تەقسیمی شەش بکەین، کەواتە لەهەر جارێکدا بۆ شارێکی گەورەی وەکو سلێمانی تەنها (12) نموونە وەرگیراوە، ئایا ئەمە لەئاستی پێویست دابووە؟ یەعنی دەبێ ئەم (12)نموونە لەکوێ وەرگیرابێت؟ یەعنی سەیرە تەنها لەسەرچاوەکەش وەرگیراوبێ هێشتا ئەم نموونەیە هەر کەمە، گریمان ئەم قسەیە(74)ش ڕاست نییە و قسەی وەزیری تەندروستی ڕاستە (190) نموونەیە، با (190) نەبێ، (200) نموونە بێ، (200) نموونەکەش تەقسیمی (6) بکەین ئێمە بەگوێرەی ئەوەی کە هەر پێنج ڕۆژێك بەسە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە، ئێمە دەبێ موراقەبەیەکی جدیمان هەبێ، ئەوا بۆ هەرجارێك (30) نموونە وەرگیراوە، باشە (30) نموونە بەشی چەند گەڕەك دەکاتن؟ باشە خۆ تەنها

گەڕەکێك بەسە بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەی تێدا بڵاو ببێتەوە، گەڕەکەکانی تریش تووش بن، کەواتە موراقەبەکردن لەلایەن بەڕێوەبەریەتی خۆپاراستنی تەندروستی لەئاستی پێویستدا نەبووە، من لەگەڵ قسەی بەڕێز وەزیری شارەوانیم تەنانەت ئەو نموونانەشی کە وەزارەتی تەندروستی وەری گرتووە، ئەو نموونانەشی کە وەزارەتی شارەوانی وەری گرتووە، بەس کێشەی ئێمە لەئەدائی کارمەند دایە، کێشەی ئێمە لەوەیە کە وەك ڕۆتین نموونەکە وەردەگرین، فەحسەکەش دەکەین، بەڵام فیدباکمان نییە لەسەری، هیچ ڕیسپۆنسێك نییە بۆ ئەو ئەنجامانە بۆ؟ لەبەر ئەوەی لە (74) نموونە، ئەمە قسەی بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانییە، لە (74) نموونەکە دوو نموونە پیس بووە، دەکاتە 3,7٪ ئاوی سلێمانی پیسە، ئایا لە 3,7٪ ڕێژەیەکی کەمە؟ ئایا ڕیسپۆنسی یەعنی کاردانەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی بۆ ئەمەچی بووە؟ بەهیچ شێوەیەك، بەهیچ دیکۆمێنتێك، نە خۆی ئێمەی ئاگادار کردەوە لەوەی کە چیان کردووە، نە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستیش ئاگادار کراونەتەوە لەوەی کە چ ئیجرائاتێك کراوە بۆ ئەم کێشەیە، لەمانگی (7)ی ئەمساڵ بەگوێرەی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی ڕێژەی پیس بوون لە 13٪ بووە، یەعنی لەمانگی (9) لە 3,7٪ بووە، بەڵام لەمانگی (7) لە 13٪ بووە، دیسانەوە هیچ ئیجرائاتێك نەکراوە، تەنانەت پیس بوونەکەش من پێم سەیرە ئێستا باسی ئەوە دەکرێ کە شیکاری کراوە بۆ (V,C) ڤی، سی، چونکە نازانم ئەم زانیاریانە بۆ گۆڕایە؟ ئێمە دوو ڕۆژ پێش ئێستا کە لەسلێمانی بووین، لیژنەکە، بەڕێز وەزیری تەندروستی خۆشی لەوێ بوو، هیچ باسی ئەوەیان نەکردووە کە فەحسییان بۆ (V,C) ڤی، سی کردبێ، بەڵام تەنها ئەوان باسییان لەوە کرد کە ڕێژەی کلۆر دیاریکراوە، هەر بۆیە گریمانەی خراپی کوالیتی کلۆریان وەکو یەکێك لەگریمانەکان دانا، ئەوە قسەی ئێمەش نییە وەکو لیژنەکە کە لەوانەیە کوالیتی کلۆر خراپ بێ، بەڵکو ئەمە قسەی بەرپرسێکی ئەو وەزارەتەیە کە ئێستا کاك دڵشاد وەزیری شارەوانی ئەڵێ بەدیکۆمێنت کلۆرەکە خراپ نییە، تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕێکەوت.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید / وەزیری تەندروستی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەم جەدوەلەم لەصەحەی سلێمانی وەرگرتووە، لەخۆپاراستنی تەندروستی هەندێکی ئەم بەیانییە بە ئیمێڵ بۆم هاتووە، هەندێکیشی لەو زەرفانەیە بۆیان ناردووم، ئەگەر تۆ جەنابتان وەکو ئەندامی پەرلەمان، وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان، دڵنیا نیین لەوانە دەتوانن لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بکەن، هەرئێستا سواری سەیارە دەبین، دەچین بۆ سلێمانی، بزانم ئەو جەدوەلەی لای من ئەصڵییەکەیە، یان ئەو جۆرەی لای تۆ، ئەمە ئەو جەدولەیە کە دایتیان بەمن، هی مانگی (9)، (99) فەحسی (V,C) ڤی، سی کراوە، ژمارەی پۆزەتیف زیرۆ، (48) فەحسی (V,C) ڤی، سی کراوە، ژمارەی پۆزەتیف زیرۆ، ئەڵێ ئاماری پشکنینی بەکتریۆلۆجی ئاوی خواردنەوە بۆ مانگی ئەیلوولی 2012 مۆری تاقیگەی پێوەیە، شیرین عوسمان ئەسەد لێپرسراوی تاقیگەی خۆپاراستنی تەندروستی، ژمارەی وەرگیراوی نموونە (50) لەبۆڕی، (7) لەپڕۆژە، (4) لەبیری ئیرتیوازی، (17) لەتانکی سەرەکی کۆ (78)، زائیدەن تەنکی ماڵان (129)، بیری هاووڵاتیان و سەرچاوەی تر (69) (276) من کەمیشم گۆتییە (198)، بوو بە (276)، (276) نموونە وەرگیراوە، دوای

ئەوە ئێوە بیرتان نەچێ موختەبەری ئاو خۆشی موختەبەری هەیە، ژینگەش خۆی موختەبەری هەیە، یەعنی خۆ دەوری خۆپاراستنی تەندروستی دەورێکی ڕیقابییە، ئێمە خۆ نابین بەبەدیلی دائیرەکانی تر، (276) نموونەمان وەرگرتووە، ئەمەش ئاوی دەوروبەرە، ئاوی دەوروبەر بۆڕی (17) پڕۆژە (27)، بیری ئیرتیوازی (15)، تانکی سەرەکی (8) کۆ (67)، تەبعەن ئاوی دەوروبەر ئەو قەزایانەیە کە سەر بەصەحەی سلێمانییە، یەعنی ئێستا صەحەکانی تر صەحەی شارەزوور هی خۆی هەیە، ڕانییە هی خۆی هەیە، ئەوانەی هەیە، یەعنی ئەو ئامارانە ئەگەر مەسەلەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لێی دڵنیا نیین دەتوانین سەیری بکەینەوە، بزانین شتەکان چۆنە؟ بەڵام ئەوەی من دڵنیام ئەمە ئاماری مانگی (9)ی ساڵی 2012، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری شارەوانی، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو پێوەرەی کەوا لەسەر (74) نموونە کرایە، (74) نموونە، (74) سامپڵ کەمە، ئەمە هی ئێمە نییە، لەهیچ مانگێکدا سامپڵەکانی ئێمە لە (200) کەمتر نەبوونە، ئەمە ڕێژەیەکی گونجاوە بەپێی تەقدیراتی ئێمە، تەنانەت لە (200)یش زیاتر هەبوونە، دوا ڕێژەی بابڵێین بەنموونە وەرگیراون ڕێژەی پیس بوونی ئاو لە 1,4٪ تێپەڕی نەکردووە، ڕێژەی نەبوونی کلۆریش تێدا سفربووە، هەر ئەوەندە ئیزافە بۆ ئەم داتایانە هەبووە، بۆ ئەوەی کەبەڕێز کاك د. ڕێکەوت ڕوونی کردەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تێستی (V,C) ڤی، سی ئیشی وەزارەتی شارەوانی نییە، کاری ئێمە تەدقیقی هەبوونی کلۆرە لەناو ئاودا، ئێمە ئەم تەدقیقەمان کردووە، نەتائیجەکانیشمان ئیجابین، هەموو سجلاتێکی ئێمە مەوجودن، جەنابی کاك دکتۆر ڕێبازیش سەردانی کردووین، سجلاتەکان، ئەگەر ئێوە بەڕێوەبەرایەتی ئاوتان ..... نازانم پێویست دەکات سجلاتەکان تەڵەب بکەن یانا؟ سجلاتەکان ئیشی ئەمڕۆ نین، مانگانە بەڕاستگۆیەکی وەکو خۆیەوە، بەبێ ئەوەی کەسێك چاوەڕوانی ئەوە بکات کەوا ڕۆژێك لەڕۆژان دەچی لێی دەپێچییەوە یان کێشەیەکی وای بۆ دروست دەبی، بەڵام دیسان من دەڵێمەوە، فەحسی (V,C) ڤی، سی بەڕاستی نە لەئێختیساس، نە لەئەرکەکانی ئی وەزارەتی یەعنی بەڕێوەبەرایەتی ئاوە، تەنها سەلامەتی ئەو مکەوناتانەیە ئەوەی کە ئاماژەم پێکرد، یەکێکیان لەوانە هەبوونی کلۆرە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئیجازەم دەدەی یەك پرسیاری کاك کاردۆی ماوە، هاتووە پرسیارەکە، چونکە هەر ئەوەندە لای من ماوە، بۆ ئەوەی وەرەقەکانی خۆم قیات بکەم، لەسەر (300) ملیۆن دۆلارەکەی کەوا بۆ پڕۆژەکانی ئاو دابین کراوە، کاك کاردۆ پرسیار دەکا دەڵێ ئایا ئەم پارەیە هەمووی بۆ پڕۆژەکانی ئاو داندراوە یاخود بۆچی هەمووی بۆ پڕۆژەکانی ئاو دانەندراوە؟ دیارە لەڕوونکردنەوەی پێشوودا ڕەنگە تۆزێك لەیەك تێنەگەیشتنێك هەبووبێ، بەڕێز کاك کاردۆ، (279) ملیۆن دۆلار و کەسرێك، واتە نزیکەی (280) ملیۆن دۆلار گرێبەستی لەسەر

کراوە بۆ تەنفیزی پڕۆژەکان، (20) ملیۆن دۆلار کە بەپێی ستاندەردی جایکا کە خۆی سەرپەرشتیار بووە، بۆ کاری دیزاین و ئیشراف و کارە ئیدارییەکان، هەرهەمووی، ئینجا لەم (20) ملیۆن دۆلارە تەنها (8) ملیۆن و کەسرێك بۆ ئەم بوارە چووە، نزیکەی زیاتر لە (11) ملیۆن دۆلار لەو پارەیە ماوەتەوە، ئەم سەلامەتی دانانی ئەم پارەیە بەرێزان بۆ چاودێری کردن بەتایبەتی بۆ ئیشراف، تەبیعی ئەمانە پڕۆژەی گەورەن، یەعنی بابلێین (8) ملیۆن دۆلار لەکۆی (280) ملیۆن دۆلاری ئەم (8) ملیۆنە دانی بەکۆمپانیایەکی ئیستیشاری بە گرێبەستێکی مونافەسە، کە جایکا خۆی سەرپەرشتی کردووە، سەلامەتی سەرکەوتنی پڕۆژەیەکی (300) ملیۆن دۆلاری تێدایە، واتە ئەگەر بێی لەلایەنی دارایی و قازانجی موستەقبەل و میللەت و سوودمەندی هاووڵاتیانیش وا حیساب بکەی ئەم (8) ملیۆنە زامنی ئەوەیە کەوا کۆمپانیایەکی بەقوەت هەم کاری ئیستیشاری، هەم هی چاودێری، سەرپەرشتی پڕۆژەکەمان بۆ بکات، چونکە ئەمە پڕۆژە قورسەکانە (280) ملیۆن دۆلار پارەیەکی کەم نییە، ئێمە بەرێژەیەکی ئاسایی دەزانیین، خۆشیان بەرێز کاك کاردۆ چاودێری هەموو پڕۆسەکەیان کردووە، هی تەندەرییان کردووە، خۆیان عەزو بوونە تێدا لەتەندەری بابلێین هی لیژنەی کەوا بوو ئیستیشاریەکە، هی کۆمپانیایەکانی کەمونافەسەیان لەسەر ئیستیشاریەکە کردووە، لەم کۆمپانیایانەی کەوا بۆ زانیاری جەنابیشتان (26) کۆمپانیا بەسێ قۆناغ شی کردنەوەی بۆ کرایە، هەتاوەکو ئاخیرەن ئەو دوو کۆمپانیایە دەرچوون، یەکێکیان پاکژی سلێمانی و هەڵەبجەی بۆ دەرچووە، یەکێکیان پاکژی هەولێر و دهۆکی بۆ دەرچووە، کە ئەوەی سلێمانی و هەڵەبجە، ببورن هی دهۆك و هەولێر هێشتا ئیمزا نەکراوە، بەڵام هی سلێمانی و هەڵەبجە ئیمزاکراوە، ئەوی تریش تەحریر کراوە، بەڵام لەقۆناغەکانی نیهایی بڕیاردانین، هەر ئەوەندەش لەلای من مابوو، ببورە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، سوپاس بۆ هاوکاری کردنت.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ئاراس تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەرێز رێباز فتاح محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەڵێم ئێمە بەکامە لەو داتایانە بڕوا بکەین، یەعنی ئێستا هەر لەم قاعەیە چەند ژمارەکان گۆڕان؟ تەنانەت من باسم کرد ئەگەر (200)یش بێ هێشتا کەمە، یەعنی بۆ هەولێر لەوانەیە، چونکە شوێنی هەولێر شوێنێکی لەبار نییە، بۆ گەشەکردنی کۆلێرا، خۆ کە کۆلێرا لەهەولێر نییە نیشانەوی ئەوە نییە خۆ ئاوی هەولێر پاکە، بەڵام لەڕووە زانستییەکەیەوە ئاوی کۆلێرا بەشێوەیەکی زیاتر لەئاوی ڕووبار گەشە دەکا، لەبەر ئەوە سلێمانی موحەرەز ترە بۆ ئاوەکە، ئاسانتر گەشە دەکا لەسێمانیدا، یەعنی ئێمە دەبێ موراقەبەمان لەسلێمانی زیاتر بێ، بەڵام من دەڵێم....، نەخێر ئێستا لەئەمەریکاشدا هەیە، بەڵام بۆچی هەیە؟ لەبەر ئەوەی کە کەسێك لەئەمەریکاوە دەچێ بۆ ئەفریقا کاتێك دەچێتەوە بۆ ئەمەریکا لەوێ تووش بووە (1995_2002) (61) کەیسی هەبووە، هەر (61)کەیان لەبەر سەفەر کردن بووە، یەکێك

لەڕێگاکانی گواستنەوە ئێستا یەکێك لەسلێمانییەوە، پەرلەمانتارێك لەسلێمانییەوە کۆلێرای گرتووە، دێتە هەولێر تەبعەن لەهەولێر داخیل دەبێ، بەڵام ئەوە کەیسی سلێمانییە، لەبەر ئەوە ئەگەر ژمارەکەش من تەئکید دەکەمەوە ئەگەر ژمارەکەش (200) بووبێ با(300) یش بێ، بائێستا دیسانەوە حیسابەکە نەکەمەوە، بەس ئەمە ژمارەیەکی کەمە، ئێمە لەبەردەم سستەمێکی غەڵەتی داتا کۆکردنەوە داین، لەسەرجەم وەزارەتەکان، ئەگەر لێپرسینەوەش نییە، تکام وایە چاکی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری شارەوانی، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئاوی هەولێر سەرچاوەی گەورەکەی ئاوی رووبارە، ئەوە ئاهەنگ خان خۆی لێرە دانیشتییە، ئەو یەکێك بووە لەوانەی کە لەمەشروعی ئاوی ئیفراز کاری کردووە، ئەوە ئێستا ئاوەکە دابەشی بەشێکی زۆری شاری هەولێر دەکا، بەس بەهەمان قۆناغەکانی تەسفییەدا دەڕوات شوکر بۆ خوا کەوا لێرە نییە و تەمەنا دەکەین ئنشائلڵا لەسلێمانیش بن بڕببێ، دەربارەی جیاوازی داتاکان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان، داتاکان لەمانگێك بۆ مانگێك دەگۆڕدرێن، لەتاقیگەیەکیش بۆ تاقیگەیەك دەگۆڕدرێن، ئێمە هەرجارەی ڕەنگە سەیری قائیمەی مانگێك بکەین، مانگی یەکمان لەبەردەستە، دوومان لەبەردەستە، سێ، چوار، پێنج، شەش، هەتا نۆ، یەعنی لەمانگێك بۆماگێکی تر جیاوازی هەیە لەوەرگرتنی سامپڵەکان فیعلەن (200) هەیە، (190) هەیە، (240) هەیە، (214) هەیە، ئەمان هەمووی هەن، ئینجا بێجگە لەوەی کە ئێمە وەرمان گرتوون، فەرمانگەی تەندروستیش سامپڵی وەرگرتووە، ژمارەی سامپڵەکانی ئێمەش جیاوازی لەگەڵ هی ئەواندا هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە بۆ هاووڵاتیان بێت ئەم جیاوازی وەرگرتنی سەمپڵ مەنای ئەم بتڵە ئاوە وەردەگرێت، ئەوەی کەوا کەسێکی موختەبەری دەچێتە سەر شوێنی مەشروعەکە و ئەم بتڵە ئاوە وەردەگرێت، ئەمە پێی دەگوترێت سمپڵ، دوو سەدی وەرگیراوە، ئەگەر کەمە سێ سەد وەربگیرێت، ئەگەر کەمە، منیش هاوڕام لەگەڵ دکتۆر ڕێباز، هەرچەند عەددەی سمپڵەکان زۆرتر وەربگیرێت، بە تەئکید موراقەبەیەکی زیاتر و باشتر دەداتە دەست، بەڵام خۆشبەختانە ئەو سمپلانەی وەرگیراون هیچی موئەشیرێکی سلبی وەهای نەداوە کەوا مەترسی ئەوە دروست بکات، بۆ ئەوەی موشەجیع بێت، بۆ ئەوەی زیاتر بەدوای دابچین بەنیسبەت مەوزوعی کلۆرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەموو لایەك، مەمنونتان دەبین، مەمنونی جەنابی وەزیر دەبین، بەم جۆرەش کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین بە خواتان دەسپێرین.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د.حسن محمد سوره
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 10\10\2012**

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2012/10/10

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2012/10/10 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (11)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2012/10/10 دا بەم شێوەیە بێت:

1/ پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بەڕێز (لوقمان سلیمان حسن احمد)، كە بە زنجیرە 33 ی لیستی گۆڕان ناوی هاتووە لە جێگای ئەندامی دەست لەكاركێشاوە بەڕێز (اسماعیل سعید محمد) بە پێی ماددەی 61 بڕگەی 1 لە یاسای ژمارە 1ی ساڵی 1992 ی هەموار كراو.

2/ خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژە یاسای سەندوقی داهاتەكانی نەوت و غاز لە هەرێمی كوردستان كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

3/ خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژە یاسای كۆمپانیای كوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

4/ دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی كوردستان.

5/ دەنگدان لەسەر پێشنیاری یاسای سەندوقی هاوكاری كردنی نەخۆشەكانی شێرپەنجە و نەخۆشی قورس.

6/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکەین. پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن 11، ڕۆژی دانیشتن 2012/10/10.

بەرنامەی کار

بە پێی حوکمەکانی بڕگەی 1ی ماددەی 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە 1ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 11ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 10 ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە، ڕێکەوتی 2012/10/10 بەم شێوەیە بێ:

1/ پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بەڕێز (لوقمان سلیمان حسن احمد)، کە بە زنجیرە 33 ی لیستی گۆڕان ناوی هاتووە لە جێگای ئەندامی دەست لەکارکێشاوە بەڕێز (اسماعیل سعید محمد) بە پێی ماددەی 61 بڕگەی 1 لە یاسای ژمارە 1ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو.

2/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای سەندوقی داهاتەکانی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

3/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

4/ دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان.

5/ دەنگدان لەسەر پێشنیاری یاسای سەندوقی هاوکاری کردنی نەخۆشەکانی شێرپەنجە و نەخۆشی قورس.

6/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارانە دەخوێنێتەوە کە مۆڵەت دراون یان نەهاتوون با بفەرمووێ.

**بەڕێز حسن محمد سورە ( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە 10ی ئاسایی لە 10/8 مۆڵەت پێدراون یان ئامادە نەبوون، بەیانیەکەی 16 ئەندام پەرلەمان ئامادە نەبووە، هەمووشیان مۆڵەت بوون، بۆیە بەس ناوەکانیان دەخوێنینەوە، امینە زکری، بورهان رشید، حازم تحسین، حمدیە معروف، سۆزان شهاب، شلێر محی الدین، شلێر محمد، یاووزخورشید، شڤان احمد، شۆڕش مجید، صبیحە احمد، عبدالقادر اکرام، عمر حمدامین، لیلی

امیر، نەژاد عزیز، نیشتمان مرشد، ئێوارەکەی 21 ئەندام ئامادە نەبووە، هەر هەمووی مۆڵەت بووە، امینە زکری، بورهان رشید، حازم تحسین، حمدیە معروف، سۆزان شهاب، شلێر محی الدین، شلێر محمد، سەرگوڵ رضا، شڤان احمد، شۆرش مجید، صبیحە احمد، عبدالقادر اکرام، عمر حمدامین، لیلی امیر، نەژاد عزیز، نیشتمان مرشد، یاووز خورشید، ئاواز عبدالواحد، د.بشیر، بکر کریم، تارا تحسین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

برگەی یەکەم لە بەرنامەی کار (/ پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بەڕێز (لوقمان سلیمان حسن احمد)، کە بە زنجیرە 33 ی لیستی گۆڕان ناوی هاتووە لە جێگای ئەندامی دەست لەکارکێشاوە بەڕێز (اسماعیل سعید محمد) بە پێی ماددەی 61 برگەی 1 لە یاسای ژمارە 1ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو) با کاک لوقمان بفەرموێ بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز لقمان حسن:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان (من لوقمان سلیمان حسن احمد)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق و بەرژەوەندیە باڵاکانی دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

پیرۆزبایی لە کاک لوقمان دەکەم کە بوو بە ئەندانی پەرلەمان، ئومێد دەکەین وەکو باقی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئەندام پەرلەمانێکی چوست و چالاك بێ لە پێناوی خزمەت کردنی میللەتەکەمان و نیشتمانەکەمان، جارێکی تریش پیرۆزە، بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری کشتوکاڵ دەکەین لەگەڵ وەفدی یاوەری، ئێستا دێینە سەر خاڵی دووەم (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای سەندوقی داهاتەکانی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، برگەی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، ئەم پرۆژەیە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 2297 لە 2012/10/7 بە نووسراوێك دوو پرۆژە ئاراستەی پەرلەمان کراوە، دەقی نووسراوەکە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ پرۆژە یاسا**

هاوپێچ/ پرۆژە یاسای قانونی سەندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان دەنێرین بۆتان کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 16 ی ڕۆژی 2007/12/5 پەسەند کراوە، لەبەر ڕۆشنایی یاسای نەوت و گازی هەرێم ژمارە 22ی ساڵی 2007 و هەروەها پرۆژە قانونی کۆمپانیای کوردستان بۆ

دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت دەنێرین بۆتان بفەرموون هەردوو پرۆژە قانونەکە بخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی گفتوگۆکردن و بڕیاردان و لە ئەنجام ئاگادارمان بکەنەوە لەگەڵ ڕێزدا.

هاوپێچ هەردوو پرۆژە یاسای ئاماژەپێدراو/ نێچیرڤان بارزانی / سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان پرۆژەی یەکەم کە بە ناوی قانونی (صندوق عائدات نفط وغاز اقلیم کوردستان ـ العراق) هاتووە تەنها بە زمانی عەرەبی هاتووە، پێك هاتووە لە 14 مادده، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنەکانی پەیوەندار و ئەندامانی پەرلەمانی بکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئەو پرۆژە یاسایە بە پێی تایبەتمەندیەکەی ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و وزەو دارایی و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی دەکەین، فەرموو بۆ خاڵی سێیەم.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار وەکو لەسەرەتای قسەکانم ئاماژەم پێدا دوو پرۆژە بە یەك نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرابوو، خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، ئەم پرۆژەیە بەزمانی عەرەبی پێشکەش کراوە، بەناوی (قانون شرکة کوردستان لاستکشاف وانتاج النفط) ئەم پرۆژەیە لە 15مادده پێکهاتووە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنەکانی پەیوندار و ئەندامانی پەرلەمان بکات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و وزەو دارایی و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی دەکەین، ئێستا دێینە خاڵی 4 (دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان) داوا لە لیژنە تایبەتمەندەکان دەکەین بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، فەرموون مادده مادده دەست پێ بکەن بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشەوە یاسایەکە بە عەرەبی دەخوێنینەوە و دوایی بە کوردی ئەگەر جەنابت موافەقە بفەرمووی.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان ـ العراق**

**م/ تقرير مشترك حول مشروع قانون حماية الغابات.**

الحاقا بتقرير لجنة الشؤون القانونية المرقمة 217 فی 7/31/ اجتمعت اللجان الشؤون القانونية والزراعة والرى والشؤون الصحية والبيئة بصورة مشتركة بتاريخ 10/3/ 2012 م المصادف ليوم 13/رەزبەر/2712 الكوردى، وبعد الانتهاء من مناقشة مواد مشروع قانون حماية الغابات فى اقليم كوردستان بغية فرز وتحديد الاراء والمقترحات

المقدمة وبعد المناقشة والدراسة توصلت اللجان الى اعادة صياغة المشروع بالشكل الاتى والمرفق مع هذا التقرير.راجين التفضل بالاطلاع وعرض الصياغة القانونية للقانون على البرلمان لابداء الراى المناسب والتصويت.

**قانون رقم ( ) لسنه2012**

**قانون غابات اقليم كوردستان –العراق**

**الباب الأول**

**التعاريف والاهداف والسريان**

**الفصل الأول**

**" التعــاريف "**

**المادة(1):**

**يقصد بالتعابيروالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:**

**أولاً: الوزارة: وزارة الزراعة والموارد المائية في اقليم كوردستان.**

**ثانياً: المديرية العامة: المديرية العامة للبستنة والغابات والمراعي.**

**ثالثاً: مديرية شرطة حماية الغابات والبيئة في الإقليم: مديرية الشرطة المكلفة بحماية الغابات ومنتجاتها ومكوناتها.**

**رابعاً: الغابة: الوحدة الحياتية المتكاملة والتي تتكون من الأشجار والشجيرات والأعشاب والنباتات سواء أكانت نابتة بصورة طبيعية اوغير طبيعية والحيوانات والطيور والاحياء الدقيقة.**

**خامساً: الغابات الاميرية: هي الغابات الطبيعية اوالمشاجر وأراضي الغابات العائدة ملكيتها للاقليم سواء عليها حق الانتفاع للغير ام لم يكن.**

**سادساً: الغابات الخاصة: هي الغابات المنشأه من قبل اشخاص طبيعيين اومعنويين التي تعود ملكيتها أو حق التصرف فيها لهؤلاء الاشخاص.**

**سابعاً: إنتاج الغابة: كل مادة في الغابة ثابتة أو منقولة كالخشب الصناعي وخشب الوقود والفحم والراتنج والعفص والاصماغ والمواد الدباغية والثمار والبذور والجذور والألياف واللحاء والعسل ومن السما والدبال والتراب والصخور والأعشاب والفطر واللحوم وفراء الحيوانات البرية والطيور والاسماك والبيض والأزهار وابصال الزينة وغيرها.**

**ثامناً: الشجرة: كل نبتة ذي ساق خشبي لجميع أدوار نموه.**

**تاسعاً: المشتل: الاراضي المخصصة لانتاج وتربية شتلات أشجار وشجيرات الغابات والمشاجر.**

**عاشراً: المواشي كل الحيوانات الرعوية الداجنة.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

بەكوردیەكەی تكایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زكيە سيد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش**

**دوابەدوای ڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری یاسایی ژمارە 217 لە 2012/7/31 و ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندارەكان هەر سێ لیژنەی كاروباری یاسایی و كشتوكاڵ و ئاودێری و لیژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە كۆبوونەوەیەكی هاوبەشیان ئەنجام دا لە ڕۆژی 2012/10/3 ی زاینی بەرامبەر بە 13/ڕەزبەر/2712 ی كوردی، دوابەدوای كۆتایی هاتن بە گفتوگۆی ماددەكانی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی كوردستان بە مەبەستی پۆلین كردن و دیاری كردنی ئەو ڕاوبۆچوون و پێشنیارانەی پێشكەش كران، لیژنەكان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی كە پرۆژەكە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە كە هاوپێچە لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە، لەگەڵ ڕێزدا، تكایە بفەرموون بۆ ئاگاداری و داڕشتنەوەی پرۆژە یاسایەكە و بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەری.**

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2012**

**یاسای دارستان لە هەرێمی كوردستان-عێراق**

**دەروازەی یەكەم**

**پێناسەو ئامانج و كارپێكردن**

**بەشی یەكەم**

**" پێناسەكان "**

**ماددەی (1):**

**مەبەست لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە واتا دیاریكراوەكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:**

**یەكەم: وەزارەت: وەزارەتی كشتوكاڵو سەرچاوەكانی ئاو لە هەرێمی كوردستان-عێراق.**

**دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخداریو دارستانو پاوان.**

**سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاراستنی دارستانو ژینگە: بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس كە راسپێردراوە بە پاراستنی دارستانو بەروبوومەكانیو پێكهاتەكانی.**

**چوارەم: دارستان: پێكهاتەیەكی ژینەوەری تەواوكارە ، كە پێكدێت لە دارو دەرخت و ، پووش و پاوان و ، رووەكەكان و ، گیانلەبەر و باڵندە كێویەكانو ، زیندەوەری بەچاو نەبینراو ، جا چ سروشتی بن یا ناسروشتی.**

**پێنجەم: دارستانی میری: بریتیە لە دارستانی سروشتی و دەستكرد و ، زەویوزاری دارستان كە موڵكیەتی ئەگەڕێتەوە بۆ هەرێم ، جا مافی سوود وەرگرتنیان بۆ كەسی تر بێت ، یان نا.**

**شەشەم: دارستانی تایبەت: ئەو دارستانانەی لەلایەن كەسانی ئاسایی یا مەعنەوی دروستكرابنو، موڵكایەتی یا مافی بەكارهێنانیان بۆ ئەو كەسانە دەگەڕێتەوە.**

حەوتەم: بەری دارستان: هەر ماددەیەك لە دارستان جێگیر بێت ، یا گوازراوە وەك تەختەی پیشەسازیو ، داری سووتەمەنی، خەڵوز و راتینج و مازوو و کەتیرە و کەرەستەی پیشەسازیو ، بەڕوو و تۆو ، ڕەگ و ڕیشاڵو توێکڵو هەنگوینو گەزۆو ، گڵو گیا و قارچكو گۆشتو پێستی ئاژەڵی کێوی و باڵندە و ماسی و هێلکە و گوڵ و پیازی جوانی و بەروبوومی دیکە.

هەشتەم: درەخت: هەموو ڕووەکێك کە قەدێکی دارینی هەبێ بە هەموو قۆناغەکانی گەشەکردنەوە.

نۆیەم: نەمامگە: زەوی تەرخانکراو بۆ بەرهەمهێنانو پەروەردەکردنی دارو درەختی خۆڕسك و دەستکرد.

دەیەم: ماڵات: سەرجەم ئاژەڵە ماڵییەکان کە لەسەر گژو گیا دەلەوەڕێن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم پێش ئەوەی ئەوماددەیە بخرێتە دەنگدانەوە ناونیشانی پرۆژە یاسایەکە بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەوەی لە حکومەت هاتووە یاسای پاراستنی دارستانە، بەڵام ئەوەی لە تەقریری موشتەرەکە یاسای دارستانە و چەند پێشنیارێکی دیکەش هەبوو، من پێم باشە بەدەر لەوەی ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی یاسایی دەڵێن چی؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین سەرەتا ناوی یاسایەکە دواتر ماددەکە وەکو ئەوەی خوێندرایەوە بدرێـە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

باشە ناوی یاسایەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(قانون غابات اقلیم کوردستان ـ العراق)، بە کوردیەکەشی (یاسای دارستانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق).

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئەو ناونیشانەی کە د.ڕۆژان خوێندیەوە بۆ ئەو پرۆژە یاسایە کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ 5 کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی یەکەم، بەو شێوەیەی

**به كوردى و عەرەبى خوێندرایەوە كێ لەگەڵ دایە تكایە دەستى بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ 3 كەس لەگەڵ دانین، بە زۆرینەى دەنگ پەسەند كرا فەرموون بۆ ماددەى دووەم.**

**بەڕێز جلال على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**" الاهـداف "**

**المادة (2):**

**يهدف هذا القانون الى :**

**أولاً:** الحفاظ على الاستقرار والتوازن الطبيعي وادارة وتنظيم الغابات وزيادة مساحاتها.

**ثانياً:** تحسين البيئة وتقليل تأثير التغيرات المناخية والحفاظ على التنوع البيئي.

**ثالثاً:** توفير بعض المواد الأولية والتي تتطلبها الصناعة.

**رابعاً:** تشجيع الاستثمارالزراعي في مجال الغابات.

**خامساً:** الحفاظ على الاصناف الطبيعية من النباتات والابقاء على أصولها الوراثية في كوردستان.

**سادساً:** توفير المناطق السياحية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكى پەرلەمان):**

**بەكوردیەكەى تكایە بیخوێننەوە.**

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**بەشى دووەم**

**" ئامانجەكان "**

**ماددەى (2):**

**ئامانجەكانى ئەم یاسایە:**

**یەكەم: پاراستنى سەقامگیرىو هاوسەنگى خۆرسكى بۆ بەڕێوەبردنو ڕێكخستنى دارستان و بەرەودان بە زیادكردنى رووبەرەكان.**

**دووەم: چاككردنى ژینگەو ، كەمكردنەوەى كاریگەرى كەشوهەوا و ، پاراستنى هەمەچەشنەى ژینگەیى.**

**سێیەم: فەراهەمكردنى هەندێ كەرەستەى سەرەتایى ، كە پیشەسازى پێویستیەتى.**

**چوارەم: هاندانى وەبەرهێنانى كشتوكاڵ لەبوارى دارستاندا.**

**پێنجەم: پاراستنى جۆرى خۆرسك لە رووەكەكانو ، هێشتنەوەى خۆرسكە رەچەڵەكدارەكان لە كوردستاندا.**

**شەشەم: دەستەبەركردنى ناوچە گەشتوگوزاریەكان.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆكى پەرلەمانى كوردستان):**

**ماددەی دووەم بەو شێوەیەی بە عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی 3.**

**جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبوو پێشتر ئاگادارمان بکەوە، بۆ ماددەی 3 فەرموو.**

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**" الســـريان "**

**المادة (3):**

**أولاً: تسري أحكام هذا القانون على:**

**1/غابات الاقليم والاراضي التي تم تشجيرها للنفع العام إضافة إلى الاراضي الخالية من الغابات في المناطق الغابية أو التي يمكن أن تنشأ عليها الغابات.**

**2/ الغابات الخاصة من النواحي الفنية والادارية.**

**3/ المحميات الطبيعية.**

**ثانياً: تخصص الاراضي الواردة في الفقرة (أولا) من هذه المادة بقرار من الوزارة.**

**يوجد اقتراح بتحويل ثالثا الى المادة الرابعة.**

**المادة (4):**

**تسجل أراضي الغابات والمراعي التي لم يتم تسويتها بإسم وزارة الزراعة والموارد المائية.**

**يوجد اقتراح بتحويل رابعا الى المادة الرابعة مستقلة.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

**د.ڕۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەبێ ئەو بڕگەیە لەو ماددەیە یەکلا بکرێتەوە، لەبەرئەوەی پێشنیار دەکرێ بە ئیلغا کردنی بڕگەی 4 ی ئەو ماددەیە، پێشنیارێك هەیە بەوەی کەوا ئەو بڕگەیە بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، ئەگەر ئەو دوو پێشنیارە یەك لەوانە دەنگی هێنا ئەگەر نا ئەوجا ماددەکە بدرێتە دەنگدان، واتە مەسیری بڕگەی 4 یەکلابکرێتەوە ئەوجا ماددەکە دەنگدانی لە بۆ بکرێ و سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

**کوردیەکەی بخوێنەوە دواتر قسەی لەسەر دەکەین.**

**بەڕێز زکيه سيد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی سێیەم

## " کارپێکردن "

ماددەی (3):

یەکەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەبێت لەسەر:

1/ دارستانەکانی هەرێمو ، ئەو زەویانەی کراون بە دارستان کە دارستانیان تیا نییە لە ناوچە دارستانیەکاندا کە ئەتوانرێت دارستانی لەسەر دروستبکرێت.

2/ دارستانە تایبەتەکان لەڕووی هونەریو کارگێڕییەوە.

3/پارێزراوە خۆرسکیەکان.

دووەم: زەوییە تەرخانکراوەکان بەپێی برگەی (یەکەم) لەم ماددەیە بە بڕیارێك لە وەزارەتەوە.

(پێشنیار هەیە (چوارەم) بکرێتە ماددەیەکی تایبەت).

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی هاوبەش ئێوە بۆ ئەو پێشنیارە ڕەئی هاوبەشی خۆتانمان پێ بڵێن فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بڕگەی 4 کە داوا کراوە ببێتە ماددەیەکی موستەقیل و هەروەها باسی لەسەر کراوە کە ئەو زەویانەی تا ئێستا تەسویە نەکراون، تەسویە بکرێن وتەسجیل بکرێن بەناوی وەزارەتی زراعەوە و مەواردی مائیەوە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەمە کارێکە پێچەوانەی یاسا جێ بەجێ کراوەکانە، چونکە ئەو زەویانە کە تا ئێستا تەسویە نەکراوە ئێستا لیجانی تەسویە ئەگەڕێ ئەو زەویانە مالیك حەقی رەقابەکەی ئەکرێ بەناوی وەزارەتی مالیە و دواتر ئەو کەسانەی کە لەسەری فەلاحەت دەکەن خۆیان یاخود بۆیان ماوەتەوە لە باوباپیرانیانەوە ئەوانە بە گوێرەی یاسا دەبنە موتەسەریف، یەعنی حەقی تەسەروفیان دەبێ، بەڵام حەقی رەقابە و حەقی موڵکیەتی ئەو زەویانە لە ئەسڵدا هی دەوڵەت دەبێ، موتەسەریف مالیك فەلاحەکەیە یاخود وەرەسەی ئەو فەلاحانەن و حەقی تەسەروفیش لەو حەقانەیە کە لە قانون هەموو حەقێکی وەکو حەقی مالیکی پێ دەدرێ، لەبەرئەوە ناکرێ ئەو زەویانە بەناوی وەزارەتی زراعەوە تەسجیل بکرێن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.سیروان بابان(وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس سەرۆکی پەرلەمان دەربارەی فەقەرەی 4 کە لەغو بکرێتەوە یان نا، بەڕاستی ئێمە پشتگیری دەکەین کە بمێنێتەوە، لەبەر سەبەبێك ئەوەیە کە وەکو شەرحیان کرد خۆی ئەساسەن بەناوی وەزارەتی مالیە دەبێ، قانونەکە ناوی قانونی غاباتە، ناوەڕۆکەکە باسی حیمایە وتەتویر دەکات، کە ئەو ئەرکە بە وەزارەتی ئێمە دراوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ئیشە بکەین زیاتر ئاسان دەبێ بۆ ئەوەی قانونەکە تەبیق بکرێ، ئەگەر ئەوە نەکرا بە ناوی وەزارەتەکەی ئێمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

بەڕاستی ئەوە زۆر موناقەشە کراوە، ناکرێ موناقەشە بکرێتەوە جارێکی دیکە، ئەوە پێنج، شەش کەس دەستیان بەرز کردووەتەوە، ئەوە ناکرێ بەڕاستی، ئێوە ڕەئی خۆتان گوتووە ئێستا بزانین لیژنەی هاوبەش دەڵێ چی؟ دەست پێ بکەینەوە بە موناقەشات جارێکی تر دەچینەوە سەر خاڵی سفر، فەرموو لیژنەی هاوبەش بزانین ئاخر ڕەئیتان چیە؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئایا تەسویەکە لەسەر وەزارەتی زراعی بێ، چونکە لە پرۆژەکە هاتووە یاخود ئیلغا بکرێ ئەو ماددەیە، وەکو باسمان لەسەری کرد و تەوزیحیکمان دا هەموو ئەو زەویانە دەکرێ کە تەسویە دەکرێ کە تاپۆی نیە دوایی کە تەسویەی بەسەردادەکرێ دەبێتە موڵکی وەزارەتی مالیە، موتەسەریف ئەو فەلاحە دەبێ کە خۆی یاخود ئەگەر مردبێ وەرەسەکەی دەبنە موتەسەریف لەسەر ئەو زەویە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئێمە ئێستا دەمانەوێ دوو کەس ئەوەی کە داوای کردووە ئیلغا بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوە دایە کە ئیلغا بکرێ، دوو کەس وەردەگرین، ئەوانەی کە دەیانەوێ ئیلغا بکرێ، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە کاك عمر دەکەم، لەبەرئەوەی ئەو ناوچانە تێدا زەرەرمەند دەبن کە تا ئێستا دوو یاسا هەیە و یاسای تەملیك هەیە و یاسای تەسویەش هەیە، یاسای تەملیك و تەسویە ئەو ناوچانەیە کە زیاتر بوونی شۆڕش و بەردەوامی شۆڕشی تێدابووە مەنتیقەکان، دەسەڵاتی شۆڕشی تێدابووە حکومەت نەیتوانیوە مەنتیقەکان تەسویە بکات یان تاپۆ بکات لەسەر ئەو خەڵکانەی ئەو زەوی و شتانەیان لەبەردەستە، کە بە میرات لە باوباپیرانیان بۆیان ماوەتەوە، ئەو دوو یاسایە کەی جێ بەجێ بوون حکومەت توانی یاسایەکە جێ بەجێ بکات ئەو کاتە حکومەت کە پێویستی پێ بوو لە هەر شوێنێك دەتوانێ بەکاری بهێنێ، بۆیە من پشتیوانی دەکەم کە ئیلغا بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سليمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بڕگەیە تاپۆ کردنی یان بڵێین تەسویە کردن و بەناو کردنی ئەو زەویانەی کە ئەو هاووڵاتیانەی بەتایبەتی ناوچە شاخاویەکان کە دەبینین لەسەردەمی ڕژێم ئەو ناوچانە زۆر مەحروم کراون و ڕاگوێزراون و غەدریان لێ کراوە ئێستاش جارێکی دیکە بەو یاسایە غەدرێکی دیکەیان لێ دەکرێ بەوەی کە ئەم زەویانە جارێکی دیکە دەدرێن بە حکومەت بێ ئەوەی خاوەنەکانیان کەلەبەردەستیانە وخزمەتیان کردووە چەند ساڵە و زۆر لەو لادێیانەی کە خەڵك و هاووڵاتیانەی لە لادێکان بوون ئەسڵەن نەیانزانیوە تاپۆ چیە و ئەوە چیە، پێی وایە کەموڵکی خۆیەتی و لە باب و باپیری بۆی ماوەتەوە و هەر هی خۆیەتی، ئێستا حکومەت بێ و بەناوی خۆی بکات بەڕاستی زوڵمێکی گەورەیە و پێشموایە کێشەی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، ئەم کێشەیەش دواجار ئێمە خۆمان دێین ئەم یاسایە ئیلغا دەکەین، لەبەرئەوەی کێشەکە ئەوەندە گەورە دەبێ لەوانەیە بگاتە ئەوەی کە حکومەت و هاووڵاتی دژی یەك بوەستنەوە، ئەمەش بەڕاستی حەقی هاووڵاتیە و زوڵمە لە هاووڵاتی دەکرێ بە تایبەتی لە فلاح، بۆیە من بە هەمووشێوەیەك دژی دەوەستمەوە، بەهیچ شێوەیەك نابێ ئەم زەویانە بەناوی حکومەت بکرێن، ئەو خەڵکانەی کە بەناویانە یان بەدەستیانەوەیە حەقە لەسەر ئەوان تاپۆ بکرێ نەك لێیان بسەندرێتەوە و بدرێ بە حکومەت بێ ئەوەی حکومەت هیچ حەقێکی بەسەریانەوە هەبێ، من پێموایە بەڕاستی ئەم بڕگەیە پێویستە ئیلغا بکرێ نابێ بەهیچ شێوەیەك زوڵم لە فلاح بکرێ بە عەکسەوە دەبێ ئێمە بێین ئەم یاسایە تەفعیل بکەین کە پێویستی تاپۆکردنی زەویەکان و تەسویە کردن بەناوی ئەو فلاح و ئەو خەڵکانەی کە بە دەستیانەوەیە، هیچ زەویەك نیە لەو کوردستانە بە دەست کەسەوە نەبێ، جا بەناوی حکومەت کراوە یان هەر نەکراوە، موهیم نیە، گرنگ ئەوەیە بە دەستی کەسێکەوەیە و داوا دەکەم لە هاوکارانی بەڕێزم دەنگی پێ نەدەن بە هیچ شێوەیەك، چونکە بەڕاستی گەورەترین گرفت دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئێستا دوو کەس دیفاع بکات لەوەی کە بمێنێ، جەنابی وەزیر تۆ دیفاع دەکەی کە بمێنێ؟.

**بەڕێز د.سيروان بابان (وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەفسیرەکە ئەوەیە لەهەر حاڵەتێك دا هەر موڵکی حکومەتە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا موڵکی وەزارەتی مالیەیە یان موڵکی وەزارەتی زراعەیە؟ باسی قانونی غابات دەکەین کێ تەتبیقی دەکات و کێ ئاسانکاریەکەی بۆ دەکات؟ ئیشی ئێمە ئەوەیە کەوا پشتگیری لە فەلاح بکەین و شەڕەکەیان بۆ بکەین، ئەگەر بەناوی ئەمە بێت ئێمە مەشروعی وەبەرهێنانیان بۆ ناکەین، وەکو غابات و مەراعی دەمێنێتەوە،

یەعنی پرسیارەکە ئەوەیە، بەناوی وەزارەتی زراعە بێ کە بتوانین پشتگیری لێ بکەین یان بچێتە سەر وەزارەتی مالیە، هەموو حاڵەتەکان هەر بەناوی حکومەت دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من هەر ڕوونکردنەوەیەك دەدەم، 67,4 ٪ هەموو زەوی هەرێمی کوردستان سەخەریە، یەعنی بەرەدەڵانیە، شاخە و دۆڵە و بە کەڵك نایە و ئەم سەخەریە لە ئەسڵدا کە تەسویە کراوە ساڵی 1957 بە ئەمیری دانراوە، یەعنی ئەمیریە و ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندی جوتیار و خەڵکەوە نیە، هیچ مەزلۆمیەتێکی تیا نیە، هەموو وەحدەیەکی ئیداری سنووری ئیداری خۆی هەیە، مەرعای خۆی هەیە و قەدەغەی خۆی هەیە، ئەمە تەنها ئەوەیە کە بە وەزارەتی دارایی نەبێ بۆ ئەوەی ئەم یاسایە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵە، وەزارەتی کشتوکاڵ بتوانێ لە دادگاکان و لە مەجلیسەکان دا لە بوارەکانی موناقەشات دیفاع لەم زەویانە بکات، ئەگینا وەکو جەنابی وەزیر گوتی ئەو زەویانە لە ئەسڵدا لە 1957 یشەوە وپێشی 57 یشەوە ئەمیریە کە لە ساڵی سییەکان دا خەریتەی کادستڕۆی هەموو هەرێمی کوردستان دروست کراوە ئەمیریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئێستا کێ دەیەوێ بڕگەی 4 لە ماددەی 3 ئیلغا بکرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 44 کەس لەگەڵ ئەوەیە کە لەغو بکرێ، کێ دەیەوێ بمێنێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکەنەوە؟ 14 کەس لەگەڵ دایە بمێنێتەوە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ لەغو کرا، ئێستا بڕگەکان بخوێننەوە هی ماددەی 3 کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**" الســـريان "**

**المادة (3):**

**أولاً: تسري أحكام هذا القانون على:**

**1/غابات الاقليم والاراضي التي تم تشجيرها للنفع العام إضافة إلى الاراضي الخالية من الغابات في المناطق الغابية أو التي يمكن أن تنشأ عليها الغابات.**

**2/ الغابات الخاصة من النواحي الفنية والادارية.**

**3/ المحميات الطبيعية.**

**ثانياً: تخصص الاراضي الواردة في الفقرة (أولا) من هذه المادة بقرار من الوزارة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**" کارپێکردن "**

ماددەی (3):

یەکەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەبێت لەسەر:

1 / دارستانەکانی هەرێمو ، ئەو زەویانەی کراون بە دارستان کە دارستانیان تیا نییە لە ناوچە دارستانیەکاندا کە ئەتوانرێت دارستانی لەسەر دروستبکرێت.

2/ دارستانە تایبەتەکان لەڕووی هونەریو کارگێڕییەوە.

3/پارێزراوە خۆرسکەکان.

دووەم: زەوییە تەرخانکراوەکان بەپێی بڕگەی (یەکەم) لەم ماددەیە بە بڕیارێك لە وەزارەتەوە.

ئەوەی تریش کە ئیلغا کرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کێ لەکەڵ دایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 3 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الباب الثاني**

**اجراءات حماية الغابات وتنظيم أوجه الانتفاع فيها.**

**الفصل الاول**

**" إجراء حماية الغابات "**

المادة (4):

أولا: يمنع التصرف بالغابات سواء كانت مسجلة بأسم الوزارة أم غير مسجلة الا وفق القانون.

لێرە هینیکی تێدایە (، و من قبيل ذلك على وجه الخصوص.) ئەوە زیادە نووسراوە لە هینەکە، مسوەدەکە.

ثانيا: لايجوز نقل ملكية أراضي الغابات الاميرية لأي شخص أو جهة مالم يكن المشروع إستراتيجي يتعذر ايجاد موقع أكثر ملائمة لتنفيذه وذلك بقرار مسبب من مجلس الوزراء.

ثالثا: لايجوز القيام بأى من التصرفات والنشاطات الآتية إلا بموافقة الوزارة:

1- إنشاء أو تبديل أو نقل أي حق عيني أخرغير حق الملكية ،على اراضي الغابات (مشروطة بعدم الاضرار بالغطاء النباتي).

2- تأجير أراضي الغابات.

3- إقامة منشأت عامة أو خاصة داخل أراضي الغابات بشكل مؤقت أو دائمي.

4- زرع أراضي الغابات أو إستغلالها.

5- تشذيب أو تقليم الاشجار والشجيرات الغاباتية أو القطع بما يؤدي إلى الاضرار بها أو تشويهها.

6- قطع أي من ألاشجار الغاباتية.

7- إصطحاب الآلات والوسائل الخاصة بالقطع ونقلها داخل الغابة.

8- الرعي داخل المناطق التي جرى فيها حريق واشجارها كليا مقطوعة لفترة محددة او داخل مناطق الاخلاف الجديدة الناشئة.

9- إقامة سد أو حاجزعلى نهر أو جدول يمر بالغابة أو تبديل جريانه أو مد خطوط الكهرباء ذات الضغط العالي.

10- إنشاء المقالع أو إستخراج ونقل الصخور والاحجار والاترية من داخل مناطق الغابات أو القيام بالحفريات فيها.

11- عدم تفتيت أراضى الغابات.

رابعاً: يمنع رعي الحيوانات في:

1- الغابات التي شب فيها حريق ، أو المقطوعة أشجارها كلياً ، الاً بعد مضي فترة محدودة و حسب نوع الأشجار.

2- الغابات المحمية والمناطق الوقائية الواردة في المادتين (الخامسة) و (السادسة) ، وكذلك الغابات التي تقل اعمار أشجارها عن عشر سنوات.

خامساً: عند حصول الموافقات الاصولية والقانونية لإنشاء المشروع فى مناطق الغابات يجب على الجهة المختصة ذات العلاقة الإبقاء على (30 ٪) من الاشجار والشجيرات كحد ادنى.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

بەكوردیەكەی تكایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دەروازەی دووەم**

**ڕێوشوێنی پاراستنی دارستانو ڕێكخستنی لایەنەكانی سوود لێوەرگرتنی.**

**بەشی یەكەم**

**" ڕێوشوێنی پاراستنی دارستان "**

**ماددەی (5):**

**یەکەم: ڕێگە نادرێت ڕەفتار بە دارستانەکانەوە بکرێت ، چ بەناوی وەزارەت بێت یان نا ، لەنموونەی ئەوانە بەتایبەتی.**

**دووەم: ڕێگە نادرێت مولکیەتی زەوی دارستانە میرییەکان بگوازرێتەوە بە هیچ کەس یا لایەنێك ، ئەگەر بۆ پرۆژەیەکی ستیراتیژی نەبێت ، کە نەتوانرێ جێگەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەمەش بە بڕیارێکی پێشتر لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە.**

**سێیەم: ڕێگە نادرێت هیچ کارپێکردنو ، ئەم چالاکیانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت تەنها بە ڕەزامەندی وەزارەت نەبێ:**

**1- دروستکردن یان گۆڕین یان گواستنەوەی هەر مافێکی دیاریکراوی تر ، تەنها مافی مولکداری لەسەر زەوی دارستان ، ئەمەش مەرجدارە بە زیان نەگەیاندن بە ڕووپۆشی ڕووەکی.**

**2- بەکرێدانی زەوی دارستان.**

**3- دامەزراندنی دەزگای گشتی و تایبەت لەناو زەوی دارستاندا بەشێوەیەکی کاتی یا هەمیشەیی.**

**4- چاندنی زەوی دارستانەکان یا بەکارهێنانی بۆ مەبەستی تر.**

**5- هەڵپاچین و سووککردنی دارودرەختی دارستانەکان یان بڕینەوەی کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن یان شێواندنی.**

**6- بڕینەوەی هەر دارێکی دارستانەکان.**

**7- هێنانی ئامێر و کەرەستەی تایبەت بە بڕینەوە و گواستنەوەی لە دارستانەکاندا.**

**8- لەوەڕاندن لەو ناوچانەی کە سووتاون و دارەکانی بەتەواوی بڕاونەتەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ، یا ئەو ناوچانەی پەلی تازەی دەرکردووە.**

**9- دامەزراندنی بەنداو یا بەربەست لەسەر ڕووبار و جۆگەی بە دارستاندا تێپەڕ ئەبن ، یان گۆڕینی ڕێڕەوی یا ڕاکێشانی خەتی کارەبای وزە بەرز.**

**10- دروستکردنی کانەبەرد و دەرهێنانی تاوێر و بەرد و خۆڵ لەناوچە دارستانیەکاندا یان هەڵکەندن تیایدا.**

**11- کەرت نەکردنی زەویەکانی دارستان.**

**چوارەم: لەوەڕاندنی ماڵات قەدەغە دەکرێت لە:**

**1- ئەو دارستانانەی ئاگرکەوتنەوە تیایدا ڕوویداوە یا دارەکانی بڕاونەتەوە بەتەواوی تەنها دوای بەسەرچوونی ماوەیەکی دیاریکراو بەپێی جۆری دارەکان.**

**2- دارستانە پارێزراوەکان کە لە ماددەی (پێنجەم) و (شەشەم) هەروەها ئەو دارستانانەی تەمەنیان لە (10) ساڵ کەمترە.**

پێنجەم: لەکاتی دەربڕینی موافەقاتی کارپێکراوی یاسایی بۆ دروستکردنی پرۆژەیەك لەناو دارستانەکاندا پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار لانی کەم (30٪)ی داروردەختەکان بهێڵرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

د.صباح نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی ئەمە بخرێتە دەنگدانەوە لێرە ئەگەر بەراوردێك بکەین بڕگەی 3 دەڵێ (لایجوز ذو القیام بەمانەی خوارەوە) 11 دەڵێ (عدم تخطیط اراضی الغابات) یەعنی ئەمەوێ بزانم ئایا جائیزە تەفتیتی ئەرازی یان جائیز نیە؟ یان ئەگەر عەدەم تەفتیت بێ دەبێ عەدەمەکە لابچێ، بۆ ئەوەی لایەجوزەکە نەچێتە سەری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێویستە ئەو وشەیە عدم لە دەقە عەرەبیەکە لابرێ، لەبەرئەوەی لە پێشەکی بڕگەکە هاتووە کە (لایجوز) پێویست ناکات عدەمەکە لێرە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشایەکی خاڵی 11 بکەین دەڵێ (عدم تفتیت اراضی الغابات) وابزانم وشەی تەفتیت لێرە کوردیەکە دەڵێ کەرت نەرکردنی، وشەی تەفتیت و کەرت نەکردن لە یەك جیان، دەبێ چاك بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.سیروان بابان (وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر تێبینیەك بۆ ئەوەی بڵێین 10 و 11 عقوباتی بۆ دانەنراوە، دوایی کە دەچیتە فەسڵی دووەم، لەژێر (رابعا) خاڵی دووەم و (خامسا و سادسا) لەوەو پێش هەڵە بوو ئێستا خۆ چاك کردەوە، لەبەرئەوەی 4 مان لەغو کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە و ئەو یەك، دوو تێبینیەی کە لەسەری درا و قەبوڵ کرا، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ تەنها 2 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر. کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (6):**

**الغابات المحمية: وهي مساحة الغابات أو الاراضي الواقعة داخل الغابات وتكون مخصصة لأغراض خاصة كالمحافظة على بعض الأشجار والحيوانات والطيور أو المواقع الاثرية أو المناظر الطبيعية ، ويكون إنشاء وتحديد هذه المحميات بقرار وزارى يحدد فيه:**

**أولاً: إسم الغابة المحمية والهدف من إنشائها.**

**ثانياً: موقعها وحدودها ومساحتها.**

**ثالثاً: تنظيم كيفية الدخول والخروج وإدارتها.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (6):**

دارستانە پارێزراوەکان ، ڕووبەرێکی دارستانە ، یا ئەو زەویانەی ئەکەونە ناو دارستانەکان کە تەرخانکراوە بۆکاری تایبەت ، وەك پارێزگاری لە هەندێك جۆری دارودرەخت ، گیانلەبەر و باڵندەی کێوی و شوێنەواری دێرین و دیمەنە سروشتییەکان.

دامەزراندن و نیشانکردنی ئەم پارێزراوانە بە بڕیارێکی وەزاری دەبن:

یەکەم: ناوی دارستانە پارێزراوەکە و ئامانجی دامەزراندنی.

دووەم: شوێن و سنووری ڕووبەرەکەی.

سێیەم: ڕێکخستنی چۆنیەتی هاتوچۆ و بەڕێوەبردنی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە بە عەرەبی و کوردیەکەی، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، تکایە کە دەڕۆنە دەرەوە وابکەن زوو بێنەوە، چونکە ئەوە دەنگدانە، بۆ ماددەیەکی تر. کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (6):**

**أولاً: للوزير إنشاء مناطق وقائية فى الأراضي الاميرية و أراضي الملكيات الخاصة والتى تكون جرداء معرضة للتعرية بسبب جريان السطحي للماء أو في الاراضي الغاباتية الاخرى وذلك من أجل:**

1. **تثبيت التربة على الجبال والتلال والمنحدرات التي تزيد نسبة الميل (40 ٪) فما فوق.**
2. **حماية الأراضي من إجتياح الأنهار والسيول.**
3. **حفظ الينابيع ومصادر ومجاري المياه.**
4. **حفظ المناظر الطبيعية لاماكن الاصطياف أو الطرق العامة.**

**ثانياً: يمنع أصحاب الملكيات الخاصة من الاستثمار الغير الملائم للاهداف الوقائية داخل الغابة.**

**ثالثاً: للوزير الغاء قرار إنشاء مناطق الوقاية عند زوال الأسباب الداعية لانشائها.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.**

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مادەی (6):**

**یەکەم: وەزیر بۆی هەیە ناوچە پارێزراوەکان دروست بکات لەناو زەوی حکومی و زەوی مـوڵکی تایبـەت کـە ڕووتەنن و رووبەڕووی راماڵینی خاك بوونەتەوە بەهۆی ڕێڕەوی ئاوی سەر زەوی یان دارستانیەکانی تردا ، ئەمەش لەپێناوی:**

1- **جێگیر کردنی گڵ‌و خاك لەسەر شاخ و گردەکان و لێژییەکان ، کە لێژاییان لە (40٪) زیاترە.**
2- **پاراستنی زەویەکان لە راماڵینی رووبار و لافاو.**
3- **پاراستنی کانی و سەرچاوەکانی ئاو.**
4- **پاراستنی دیمەنە سروشتییەکان لە ناوەندە گەشت‌وگوزارییەکان و ڕێگا گشتییەکان.**

**دووەم: ڕێگـە نادرێـت بـە خـاوەن زەوییـە تایبەتـەکان بـۆ وەبـەرهێنانی نـەگونجاو کـە لەگـەڵ ئامانجـەکانی پاراستندا ڕێك نەکەوێت لەناو دارستانەکاندا.**

**سێیەم: وەزیـر بـۆی هەیـە بڕیـاری دامەزرانـدنی ناوچـە پارێزراوەکـان هەڵوەشـێنێتەوە ئەگـەر هۆکارەکـانی دامەزراندنی نەما.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

**ئەو ماددەیە وەکو ئەوەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر. کاك جلال فەرمووە.**

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**" الانتفاع من الغابات "**

**المادة (7):**

**أولا: للاشخاص الساكنين داخل أراضي الغابات أو بجوارها وإستثناءً من أحكام المادة (5) من هذا القانون الانتفاع بما لا يتجاوز إحتياجاتهم الشخصية من الغابات شريطة عدم الاضرار بها وذلك من خلال:**

**1- الانتفاع من جميع الأخشاب اليابسة والمكسورة والتي تستخدم لصنع الآلات والأدوات الزراعية بعد الاذن.**

**2- رعي المواشي وتقليل أعداد الماعز في الغابات المحمية.**

**3- منع دخول المواشي الوافدة خارج الإقليم الاّ بأمر صادر من الوزارة.**

**ثانياً: للمدير العام أن يصدر إجازات بدون مقابل بأذن الأشخاص المشمولين بالبند (أولاً) من هذه المادة وأفراد القبائل برعي مواشيهم في الغابات المجاورة لهم بشرط التقيد بتعليمات تصدر لهذا الغرض.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.**

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**" سوود وەرگرتن لە دارستانەکان "**

**ماددەی (7):**

**یەکەم: ئەو کەسانەی لەناو دارستانەکاندا نیشتەجێن ، یان لەدەوروبەرین ، بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (5)ی ئەم یاسایە دەتوانن سوودمەند بن لە بەروبوومی دارستانەکان کە لە پێویستی خۆیان زیاتر نەبێت بەمەرجێك زیان نەگەیەنن ، ئەمەش لە ڕێگەی:**

**1- سوود وەرگرتن لە هەموو دارە وشك و شکاوەکان کە بەکاردێت بۆ دروستکردنی ئامێر و ئامرازی کشتوکاڵی ، دوای مۆڵەتپێدان.**

**2- لەوەڕاندنی ماڵات ، کەمکردنەوەی ژمارەی بزن لە دارستانە پارێزراوەکاندا.**

**3- ڕێگەگرتن لە هاتنی ماڵات لە دەرەوەی هەرێم تەنها بە بڕیاری وەزارەت نەبێت.**

دووەم: بەڕێوەبەری گشتی بۆی هەیە مۆڵەتی بێبەرامبەر دەربکات بۆ ئەو کەسانەی کە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە و ، بۆ ئەو هۆزانەی کە ماڵاتیان لە دارستانەکانی دراوسێ بلەوەڕێنن ، بەمەرجێك پابەندبن بەو ڕێنماییانەی بۆ ئەم مەبەستە دەردەچن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی وەزیر تێبینی هەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێز د.سیروان بابان (وەزیری کشتوکاڵ سەرچاوەکانی ئاو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینی بچووکم هەیە، یەکەم کە باس دەکات لە (انتفاع من جمیع) وابزانم ئەوە (جمع)، کە دەخوێنێتەوە (الانتفاع من جمع الاخشاب اليابسة والمكسورة)، ئەوە یەکەم، دووەم/ لە ژێر ثانیا (للمدیر العام) مودیری عام لەوەوپێش تەعریف نەکراوە، لە پێشەوە، جا پێشنیارەکە ئەوەیە لە ئەوەڵ کە لە تەعریفەکە مودیری عام بڵێی کێیە، یان لێرە کە دەڵێی مودیری عام دەبێ بڵێی (المدير العام للغابات والبستنه)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی ئەوەڵەنیش ئەو ئەحکامی ماددەیە خامسا دەبێ بکرێتە ئەحکامی مادده 4، چونکە ئێمە ماددەی 5.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك ئارام نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ باشە، بەرەچاوکردنی ئەو تێبینیانەی کە وترا، فەرموو کاك ئاسۆ.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە جیاتی وشەی بەند فەقەرە دابندرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئەو ماددەیە بە کوردی و عەربی خوێنرایەوە، ئەو تێبینیانەش کە وتران پەسەند کران، دوای ئەوە کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس لە گەڵدانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر. کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (8):

**أولاً: تخصص وزارة المالية بناءً على طلب من وزارة الزراعة والموارد المائية المساحات المطلوبة من الأراضي الأميرية لِأغراض التشجير وإنشاء الغابات وتوسيعها في المناطق التي لا تنمو فيها الأشجار بصورة طبيعية.**

**ثانياً: للوزارة القيام بتشجير المناطق المعرضة للتعرية والمساحات الجانبية لجداول الري وأحواض الأنهر والسدود وجوانب الطرق العامة خارج حدود البلديات وغيرها بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

بەكوردیەكەی تكایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (8): یەكەم: وەزارەتی دارایی لەسەر داوای وەزارەتی كشتوكاڵوسەرچاوەكانی ئاو رووبەری پێویست لە زەوی میری تەرخان بكات بۆ مەبەستی دار چاندن و دروستكردنی دارستان و فراوانكردنی لەو ناوچانەی كە دار ودرەخت بەشێوەی سروشتی تیادا ناڕوێت.

دووەم: وەزارەت بۆی هەیە رووبەرەكانی تەنیشت جۆگەكانی ئاودێری و حەوزی بەنداو و رووبارەكان بكات بە دارستان ، بەدەر لە سنووری شارەوانیەكان و هی تر بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

فەرموو كاك د. صباح بەرزنجی:

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر جار هەست دەكەین موتابەقە لە بەینی عەرەبی و كوردیەكە نیە دەبێ ئەوە ڕەچاوبكرێ، ئێستا بۆ نموونە لە دووەم دا باسی (المناطق المعرضة للتعرية) لە كوردیەكە نەهاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

عەرەبیكەی دەكەین بە ئەساس، بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا بۆ ماددەیەكی تر. كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (9):

على الوزارة وبالتنسيق مع الوزارات ذات العلاقة القيام بنشر الوعى والثقافة اهمية الغابات والحفاظ عليها وصيانتها وحمايتها من الحرائق وادخالها فى مناهج الدراسة بمراحلها المختلفة واشراكهم فى حملات التشجير.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

بەكوردیەكەی تكایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (9):**

**لەسەر وەزارەت پێویستە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان بە بڵاوكردنەوەی هۆشیاری و كەلتوری گرنگیی دارستان و پارێزگاریكردن وپاراستنی لە ئاگركەوتنەوە، وە ئەم كەلتورە بكرێتە بەشێك لە پرۆگرامەكانی خوێندن لە قۆناغە جیاجیاكاندا، هەروەها بەشداری پێكردنیان لە هەڵمەتەكانی دارچاندندا.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

**كێ لەگەڵ دایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا بۆ ماددەیەكی تر. كاك جلال فەرموو.**

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (10):**

**لأصحاب الغابات الخاصة وفق الشروط والمعايير الفنية التي تحددها الوزارة باستثمار غاباتهم بالتخفيف والتقليم وإستبدال الأشحار الغاباتية بأشجار مثمرة ملائمة للمنطقة شريطة حصولهم على رخصة من الوزارة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**بەكوردیەكەی تكایە بیخوێننەوە.**

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (11):**

**خاوەن دارستانە تایبەتەكان بۆیان هەیە بەپێی ئەو مەرجو ڕێنماییە هونەریانەی وەزارەت دیاری دەكات بۆ وەبەرهێنانی دارستانەكانیان بە داهێنان و سووككردنیان ، وە گۆڕینی دارستانەكان بە درەختی بەردار كە گونجاو بێت لەگەڵ ناوچەكە بەو مەرجەی مۆڵەتیان لە وەزارەتەوە پی بدرێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

**كاك عبدالرحمن فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕاستی ئێمە لێرە هەر ڕۆتینیات زیاد دەكەین، ئێمە دەمانەوێ، جاران باسی حكومەت دەكەن ڕۆتینیانی لەناو زیادە، ئێمە یاسا دەردەكەین هەتا ڕۆتینیات دوو ئەوەندەی كە لەناو حكومەت و دامودەزگای تر هەیە زیاتر، ئێستا لێرە دەڵێ بەمەرجێ مۆڵەت لە وەزارەت وەربگرێ، ئێمە زۆرقسەمان كرد لەكاتی گفتوگۆ كردن**

لەناو پەرلەمان، گوتمان با لە نزیکترین فەرمانگە بێ ئەو مۆڵەتە، ئێستا هەر وەزارەتی لەناوە، دەمانەوێ ئەو وەزارەتە ببێتە فەرمانگە و رۆتینیات کەم ببێ، جوتیارێك لەسەری ئەو پەڕی کوردستانەوە بێ بۆ هەولێر و مۆڵەتێکی بەسیت وەربگرێ بەخوا چوار سەد، پێنج سەد هەزاری دەچێ و دوو شەو لێرە دەخەوێ، ئێمە دەمانەوێ لە نزیکترین فەرمانگە ئەو مۆڵەتە وەربگرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێك ئاراستەی هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند دەکەم وا هەست دەکەم ئەو ماددەیە ماددەیەکی زیادەی ئیزافە کراوە، چونکە لە ئەسڵی پرۆژە یاسایەکەی حکومەت ئەو ماددەیەی تێدانیە، بۆیە ئەگەر زیادە بێ پێشتر وایە بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا ئەو ماددەیە زیاد بکرێ یان نا دوایی سیاغەکەی بخرێتە دەنگدانەوە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە زیادە نیە، ماددەی 12 یە، بەڵام بە نەتیجەی گفتوگۆی ئەو بەڕێزانە لەناو قاعەکە سیاغەکەی بەو شێوەیەی لێ هاتووە کە ئێستا باسی لەسەر کرا، بە نیسبەتی ئەو بەڕێزەش کە باسی لە وەزارەت کرد، قەسد لەوە نیە هەموو کەسێ موراجەعەی وەزارەت دەکات، وەزارەت تەعلیمات دەردەکا و وەزارەت ئاگاداری دەوائیری تابیعەی خۆی دەکات، ئەو فەرمانگانەی کە سەر بە وەزارەتن، دەکرێ ئەو روخسەتە لەوێ بدرێتێ، پێویست ناکات هەموو کەسێ بۆ روخسەت بێتە وەزارەت، لەبەرئەوە ئەوە لە تەعلیماتی کە دوایی بۆ تەسهیلی ئاسانکاری ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکرێ لەو تەعلیماتە دەردەچێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.سیروان بابان (وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئەوە هەمان تەفسیر بوو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 2 کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر. کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (11): تعمل الوزارة على دعم وتشجيع وانماء وتطوير مشاتل الغابات الخاصة وذلك من خلال:**

**أولاً: تخصيص أراضي غير المكسوة بالغابات وفق تعليمات تصدرها الوزارة.**

**ثانياً: تقديم الخبرة الفنية والشتلات والبذور والمعونات الاخرى.**

**ثالثاً: تقديم القروض الميسرة لهذا الغرض.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (11):وەزارەت کار دەکات بۆ هاندن و پشتگیری دامەزراندن و گەشەپێدانی شەتلگاکانی دارستانە تایبەتیەکان ، ئەمەش لەڕێگەی:

یەکەم: تەرخانکردنی ئەو زەویانەی بەدارستان دانەپۆشراون و بەپێی ئەو ڕێنماییانەی وەزارەت دەری دەکات.

دووەم: پێدانی شارەزایی تەکنیکی و نەمام و تۆو و هاوکاری دیکە.

سێیەم: پێشکەشکردنی قەرزی ڕەخسێنراو بۆ ئەم مەبەستە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

نوقتەت هەیە فەرموو د.ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لە پێشەکی ماددەکە وشەی (انشاء) ئەوە هەڵەیە چاك بکرێ لە ئەسڵی ماددەکە دا نیە و لە مسوەدەکانیش دانیە، تەنها ئەو وشەیە لابرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئەو ماددیە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە؟ انشاء لابرێ، بەو گۆرانکاریەی د.ڕۆژان گوتی کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (13):**

**اولاً: للوزارة تحديد مواسم و أيام التشجير خلال السنة.**

**ثانياً: للمديرية العامة توزيع شتلات الغابة مجاناً على البلديات والمنظمات ودوائر الإقليم للقيام بحملات غرس الأشجار في المناسبات الوطنية والقومية وتصدر بذلك تعليمات عن كيفية غرس وادامة الشتلات.**

**ثالثاً: على الوزارة و بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة نشر وعي ثقافة الحفاظ على الغابات واهميتها.**

**تقترح اللجنة الغاء المادة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.**

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 13 پێشنیار دەکەین ئیلغا بکرێتەوە، ئەم جۆرە بابەتانە دەکرێ بە ڕێنمایی ڕێك بخرێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

**کێ دەیەوێ ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ دەیەوێ بمێنێتەوە؟ تەنیا دوو کەس دەیانەوێ بمێنێتەوە، واتە بە زۆرینەی دەنگ ئیلغا کرا بۆ ماددەیەکی تر. بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.**

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 12**

**پێشنیار دەکەین ئیلغا بکرێتەوە، چونکە ئەمە لە سەلاحیەتی وەزارەتە ئەو جۆرە کارانە ڕێك بخات.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

**کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ لەغو کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر. بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.**

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الماده 15 يصبح الماده 12**

**المادة (12): يحق لمالكي الأراضي الزراعية او المغروسة بأشجار مثمرة والنابتة عليها بعض الاشجار الغاباتية بكثافة تقل عن (10٪) قطع ونقل وتفحيم الاشجار المثمرة وتقليم الاشجار الغاباتية بموجب اجازة يحصل عليها اصحابها من دائرة الغابات في المنطقة بعد اجراء الكشف على الموقع.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (12): خاوەن زەوی کشتوکاڵی یان ئەوەی زەویەکی بە درەختی بەردار چاندووە و هەندێ داری دارستانی لەسەر ڕوواوە بە چڕیی (10٪) کەمتر، مافی هەیە ئەم دارانە ببڕێتەوە و بیکات بە خەڵوز وە سووککردنی دارەکانی دارستان بەپێی مۆڵەتێك کە خاوەنەکانی وەریئەگرن لە فەرمانگەی دارستانی ناوچەکە دوای ئەوەی کەشفی شوێنەکەی بۆ کرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ تەنها 4 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر. کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 16 يصبح المادة 13

المادة (13): لايجوز للمستثمر ان ينقل منتجات غابات الاقليم المرخص له وباستثمارها من موقع التجميع او مستودع الخزن الا باجازة نقل تصدر من مديرية الغابات في المحافظة او المنطقة يحدد فيها كمية المنتجات المنقولة وانواعها واوصافها والطرق الواجب سلوكها عند النقل.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 16 کە دەبێتە ماددەی (13):

نابێ وەبەرهێن بەرهەمی دارستانەکانی هەرێم کە ڕێگەپێدراون وەبەرهێنانی تیادا بکات لەشوێنی گردکردنەوەو یا لە گەنجینەوە بگوازرێتەوە ، تەنها بە مۆڵەت نەبێ کە لە بەڕێوەبەرایەتی دارستان لە پارێزگا یان ناوچەکە وە ردەگیرێ و بڕی بەرهەمی گواستراوەو جۆر و چەشن و ڕێگاکانی گواستنەوە دیاری بکرێن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟، سێ کەس لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 17 يصبح مادة 14

لشرطة الغابات حجز منتجات الغابة والادوات ووسائل النقل والاحتفاظ بها، لحين صدور حكم المحكمة بشأن التصرف بها اذا ثبت بانها تستعمل فى احداث الاضرار بالغابة أو استغلالها أو الانتفاع بها خلافا لاحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

بەكوردیەكەی تكایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 17 كە دەبێتە ماددەی 14

پۆلیسی دارستان بۆی هەیە دەست بگرێ بەسەر بەرهەمەكانی دارستان و ئامێر و هۆیەكانی گواستنەوە و گلدانەوە یان تا ئەو كاتە حوكمی دادگا دەردەچێ سەبارەت بە بەكارهێنانیان ئەگەر سەلمێنرا كە بۆ ئەوە بەكاردێت كە زیان ئەگەیەنێ بە دارستان و خراپ بەكارهێنانی و سوودوەرگرتنی لێیان بە پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزبكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ تەنها 3 كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 18 يصبح المادة 15

للوزير وبامر وزارى يصدره تعين مراكز خاصة لتكون محلا لتجميع منتجات الغابة الى ان يتم عرضها للبيع بموجب التعليمات ويستثنى من ذلك المنتجات السريعة التلف.

تقترح اللجنة الغائها لان من صلاحية الوزراء اصدار امر وزارى لتنظيم هذه المسائل.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

بەكوردیەكەی تكایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 18 كە دەبێتە ماددەی 15 پێشنیاری لیژنەیە كە ئەمە ئیلغا بكرێتەوە ئەمە لە دەسەڵاتی وەزیرە فەرمانی وزاری پێ دەربكات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیاری ئەوە کراوە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ کێ لەگەڵ دایە ئیلغا بکرێ؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ ئیلغا کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 19 يصبح المادة 15

يمنع صنع الفحم فى الغابات الا بموجب ترخيص خاص يصدر من الوزارة أو ممن تخوله، لاحتياجات الاقليم فقط.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 19 کە دەبێتە 15

ڕێگە نادرێ بە دروست کردنی خەڵوز لە دارستانەکان دا تەنها بە مۆڵەتێکی تایبەت نەبێ لە وەزارەتەوە یان ئەو لایەنەی دەسەڵاتی پێ دەدرێت تەنها بۆ پێداویستیەکانی هەرێم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الماده 20 يصبح الماده 16

يمنع اخراج الاصول الوراثية النباتية والحيوانية من مناطق الغابات وتصدر التعليمات اللازمة بالاصول والانواع المسموحة من الوزارة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 20 کە دەبێتە ماددەی 16

نابێ بنەچەی ڕەچەڵەکی ڕووەکی و ئاژەڵی لە ناوچە دارستانیەکان ببرێتە دەرەوە، ڕێنمایی تایبەت دەردەچێ بەو ڕەچەڵەك و توخمانەی ڕێگەپێدراوە لە وەزارەتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.سیروان بابان (وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەین کە (لتصدر التعلیمات اللازمە بالاصول) وشەی (کمیات) ئینجا بڵێی (انواع المسموحە من وزارە)، چونکە باسی کەمیە ناکات لێرە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە کەوتوومانە مەقسەد لەو شتانەیە کەدەگمەنن، ئسوڵی دەگمەنن، لەبەرئەوە کەمیات بۆ شەتلات ناوترێ، لەوانەیە بە عەدەد بێ بە وەزن نەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کی لەگەڵ دانیە؟ یەك موعاریزە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 21 یصبح المادە 17

**اولاً:** تصدر الوزارة تعليمات حول انتاج شتلات الغابات ومصادره الشتلات المنتجة لاغراض تجارية دون ترخيص.

**ثانياً:** لايسمح بادخال شتلات الغابات الغير مستوفية لشروط وضوابط وقاية النباتات والقوانين المرعية الى داخل الاقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 21 کە دەبێتە ماددەی 17

یەکەم/ وەزارەت ڕێنمایی دەردەکات سەبارەت بە بەرهەمهێنانی نەمامی دارستان و دەست دەگرێت بەسەر نەمامی بەرهەم هێنراو بۆ مەبەستی بازرگانی کە بە بێ مۆڵەتن.

دووەم/ ڕێگە نادرێ بە هێنانی نەمامی دارستان کەمەرجی هونەری و ڕێگرەکانی پاراستنی ڕووەکی تیا نیە بە پێی یاسا کارپێکراوەکانی ناو هەرێم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

یەکەم وشەی یصدر بکرێتە تصدر، بە گۆڕینی ئەو وشەیە کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 22 یصبح المادە 18

یمنع التجاوز علی أراضي الغابات بطرح الانقاض والنفایات والمخلفات الصلبة أو السائلة أو المشعة أو اية مواد ملوثة للبیئة أو ضارة بها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 22 کە دەبێتە ماددەی 18

نابێ دەست درێژی بکرێتە سەر زەوی دارستان بە فڕێدانی پاشماوە و پاشەڕۆی ڕەق و شل یان تیشکدار یان هەر ماددەیەکی تر کە ژینگە پیس بکات یان زیانی پێ بگەیەنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ئەوماددەیە تەنها وشەی (یمنح)ە یان (یمنع)ە چونکە ئەو دوو وشەیە دژی یەکن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بە گۆڕینی ئەو وشەیە یان ڕاست کردنەوەی ئەو وشەیە، کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 23 یصبح المادە 19

تحدد مدة المرعى في الغابات والمراعي حسب المواسم والمناطق المختلفة بالتنسيق مع الادارات المحلية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەکوردیەکەی تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 23 کە دەبێتە ماددەی 19

ماوەی لەوەڕاندن لە دارستان و لەوەڕگاکان دا بە پێی وەرز و ناوچە جیاوازەکان دەبێ بە هەماهەنگی لەگەڵ کارگێڕی یان خۆجێییەکان دا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الأول**

**" الوقاية من الحرائق "**

المادة 24 يصبح المادة 20

اولاً: يحظر حمل النار او اضرامها خارج المساكن والابنية ضمن حدود غابات الاقليم وفي خارجها ضمن مسافة 200 متر عن حدودها.

ثانياً: يمنع استعمال النار في الخيم و الورش والمصانع والإنشاءات المؤقتة الواقعة داخل غابات الإقليم أو على مسافة (200) متر من حدودها الاّ لأجل الطهي والتدفئة وفي هذه الحالة تؤخذ التدابير اللازمة.

ثالثاً: لايجوز انشاء اي مؤسسة صناعية او منشأة تستعمل النار، او انشاء مستودع لمواد مشعة ، أو بناء الدار تزيد مساحتها عن المائة والعشرون متر مربع داخل غابات الإقليم أو على مسافة أقل من (500) متر من كل حد من الحدود ضمن الغابات بدون الحصول على إجازة من الوزارة ، وتصدر توضيحات ضمن تعليمات الوزارة بذلك.

رابعاً: لايجوز لاي شخص اشعال النار داخل غابات الاقليم او على مقربة تقل عن 300 متر الا باجازة من الجهة المسؤولة عن حماية الغابات.

خامساً: على الوزارة وبالتنسيق مع الجهات الفنية توفير ادوات ومستلزمات مكافحة الحرائق الميكانيكية واليدوية وانشاء ابراج مراقبة ومكافحة الحرائق في المناطق ذات الكثافة العالية والمتوسطة.

سادساً: للوزير أو من يخوله الإستعانة بالسلطات الإدارية في المنطقة بإستخدام الآليات والمكائن لغرض اتخاذ التدابير اللازمة للوقاية من الحرائق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

(لاتزید) پێم وایە دەڵێن زیادەیە، زۆر باشە (تزید) فەرموون بە کوریەکەی امینە خان فەرمو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی چوارەم

**خۆپاراستن لە ئاگرکەوتنەوەو ڕێگە لێگرتنی**

**بەشی یەکەم**

**پاراستن لە ئاگرکەوتنەوە**

ماددەی 24 کە دەبێتە ماددەی 20

**یەکەم:** هەڵگرتن و ئاگرکردنەوە لە دەرەوەی خانوو و بیناکان لەنێو سنووری دارستانەکانی هەرێم و دەوروبەری قەدەغەیە لە نێوان (200/م) لە سنوورەکەیەوە.

**دووەم:** رێگە نادرێت ئاگر بەکاربهێنرێت لەناو چادر و شوێنی ئیشکردن و کارگە دامەزراوە کاتییەکان کە دەکەونە ناو دارستانەکانی هەرێم یا بە دووری (200/م) لە سنوورەکەی تەنها بۆ مەبەستی خواردن دروستکردن و خۆ گەرمکردنەوە نەبێت لەو حاڵەتەدا ڕێو شوێنی پێویست دەگیرێتەبەر.

**سێیەم:** نابێ هیچ دەزگایەکی پیشەسازی یا دامەزراوەیەك کە ئاگر بەکاردێنێت دابمەزرێت ، یا دامەزراندنی کۆگا بۆ ماددەی تیشکدەر ، یا دروستکردنی خانوو کە نابێت لە (120 مربع) زیاتر بێت لەناو دارستانەکانی هەرێم یا لە دووری (500/م) لە هەر سنوورێکی دارستانەکاندا بەبێ بەدەستهێنانی مۆڵەت ، هەروەها روونکردنەوەی پێویست دەردەکرێت لەنێو رێنماییەکانی وەزارەت بۆ ئەم بابەتە.

**چوارەم:** هیچ کەس بۆی نییە ئاگر بکاتەوە لەنێو دارستانەکانی هەرێمدا یا لە نزیکی کەمتر لە (300/م) بە مۆڵەت نەبێت کە لەلایەن لایەنی بەرپرس بە پاراستنی دارستانەکانی دەردەچێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڕۆژان فەرموو تێبینیت هەبوو؟.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی 2 (یمنع باستعمال) حرفی (ب) ئەوە زیادە، لەبڕگەی3 لە پاش ئەو (بناء) الدار تزید مسحاتها عن 120، واتە وشەی دار مساحتها زیاد بکرێ بۆ ڕێزی یەکەمی بڕگەی 3 ماددەکە سوپاس، ثالثاً: لایجوز انشاء اي مؤسسة صناعية او منشأة تستعمل النار، او انشاء مستودع لمواد مشعة ، أو بناء (الدار) زیاد بکرێ و (لا)یەکە لابردرێ و بەس (تزید مساحتها عن مائة والعشرون...... ).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر عینوانەکە کە دەڵێ خۆپارستن لە ئاگرکەوتنەوە، پێموابێ ویقایە دەبێتە پاراستن نە خۆپاراست.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ڕاستە پاراستنە نەك خۆپاراستن، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەی تەحدید کردنی ئەو مەساحەیە پێموایە هەڵەیە چونکە ئەوە دەبێ بە نیسەب تەحدید بکرێ، حەسەبی زروف و زەمەن و جێی ئەو مونشەئاتە و ئەو دارستانەی کە لێی دەکرێ، بۆیە مەساحەکە لە هیچ قانونەکی دونیادا مەساحە لە قانون تەحدید ناکرێ، ئیللا بە پێی نسبەی واقع حالی ئەوەی کە دەیەوێ ئەو مونشەئە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی؟ کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە لەسەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بوو، بۆ ڕێگە گرتن لە سەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری، ئەم پێشنیارە لەسەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بوو، بۆ ڕێگە گرتن لە دروست کردنی قۆرخ کردن و مەساحەیەکی زۆر بۆ خانووی گەورە، ئەو ئیقتیراحی کردبوو، ئێمەش پێمان باش بوو کە داخل بکرێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوە پرسی، گوتی، ئەگەر ڕێنمایەك یان یەکێك هەبێ لێرە بزانن، بە تەحدیدیش گوتی موهەندسێك، تەعلیقیشی لێداین وابزانم من و شلێرخان بووین، بەس ئەوەی کە من لە قانونەکانی (گرین هۆم) ئەوەی کە قانونی غابات هەیە هەمووی بە پێرسەنت تەحدید دەکرێ لە دونیا، قەت نەبووە مەساحە تەحدید بکرێ، تەسبیت بکرێ لە قانون 20مەتر مورەبەع بێ بۆ هەموو لایەك، بە پێرسەنت

تەحدید دەکرێ، حەسەبی زروف و زەمان و مەکانی ئەو جێگەی، هەتاوەکو فاوندەیشن و ڕەگ و مەوادی لێ ئیستیعمال دەکرێ، کارەباو ئاو هەموو شتێکی لێی هەیە، لە (ئێم تو) ستانداردی عالەمیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زەکیە خان تۆ تێبینیت هەبوو، ئێستا لیژنەی هاوبەش هەروەکو خۆی، بەو شێوەیەی کەخوێندرایەوە بە موراعات کردنی ئەو تێبینیانەی کە دران، تکایە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟، چوار کەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة والعشرون يصبح المادة واحد والعشرون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەش بخوێننەوە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 25 کە دەبێتە 21:

ڕاکێشانی هێڵەکانی کارەبای وزە بەرز قەدەغەیە لەناو دارستانە سروشتیەکان کە زۆر چڕن یان ناوەندین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی ناوەڕۆکی ئەوە ماددەیە لە بڕگەی نۆیەمی ماددەی (4) دەنگی بۆدا، ئێمە پێشنیار دەکەین ئەو ماددەیە پێویست ناکات ئیلغا بکرێتەوە، هەروەها لە ماددەی (27) بڕگەی دووەم (ج) سزای بۆ دانراوە، بەلاَم ئێمە ماددە (4) مان پەسەند کرد، لە بڕگەی (9) باس لە ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دەیانەوێ ئەو ماددەیە لەغو بکرێتەوە، تکایە کێ لەگەڵدایە کە لەغو بکرێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بەکۆی دەنگ لەغو کرایەوە، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الماده السادسه والعشرون يصبح واحد و عشرون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەش بخوێنەوە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دەروازەی پێنجەم:**

**حوكمەكانی سزادان.**

**ماددەی بیست و شەش كە دەبێتە بیست و یەك.**

**یەكەم: سزای بەند كردن ئەدرێت كە لە ساڵێك زیاتر نەبێ، یان غەرامەیەك لە سێ ملیۆن دینار كەمتر نەبێ، لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، هەركەسێك سەرپێچی حوكمەكانی بڕگەكانی (1، 5، 6، 7، 8، 10) لە بڕگەی (2) لە ماددەی (4) ئەم یاسایەدا بكات.**

**دووەم: سزای بەند كردن و غەرامەیەكە كە لە پێنج ملیۆن دینار كەمتر نەبێ، هەركەسێك سەرپێچی حوكمەكانی بڕگەكانی (2، 3، 4، 11) لە بەندی (2) لە ماددەی (4) ی ئەم یاسایە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموون دیسان بە كوردیەكەی بخوێننەوە.**

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دەروازەی پێنجەم:**

**حوكمەكانی سزادان.**

**ماددەی بیست و شەش كە دەبێتە بیست و یەك.**

**یەكەم: سزای بەند كردن ئەدرێت كە لە ساڵێك زیاتر نەبێ، یان غەرامەیەك لە سێ ملیۆن دینار كەمتر نەبێ، لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، هەركەسێك سەرپێچی حوكمەكانی بڕگەكانی (1، 5، 6، 7، 8، 10) لە بڕگەی (2) لە ماددەی (4) ئەم یاسایەدا بكات.**

**دووەم: سزای بەند كردن و غەرامەیەكە كە لە پێنج ملیۆن دینار كەمتر نەبێ، هەركەسێك سەرپێچی حوكمەكانی بڕگەكانی (2، 3، 4، 11) لە بەندی (2) لە ماددەی (4) ی ئەم یاسایە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك پێشەوا.**

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەكاتی موناقەشە كردنی ئەو ماددەیەدا، پێشنیارێك هاتە ئاراوە بۆ لیژنەی تایبەتمەند، بۆ ئەوەی كە سزای بەند كردن نەمێنێ، سزای غەرامەكە بمێنێ، دیارە سێ كەس پێشنیاری ئەوەی كرد، دواتر كاك فرسەتیش پشتگیری كردین بەوەی كە ئەگەر بكرێ، لەبری سزای بەند كردن، سزای بەدیل هەبێ، بۆ ئەوەی كەسێك دارێك هەڵكەنێ لەبری ئەوەی كە بیگری دارێكی پێ بڕوێنیەوە، بۆیە من دەپرسم بۆچی ڕەچاوی ئەو پێشنیارەیان نەكردووە لیژنەی تایبەتمەند؟، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش وەڵامی بدەنەوە.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مەسەلەی هاتنە پێشەوەی بەند کردن لەم ماددانە کە باسی لەسەر کراوە، بڕگەکانی (1، 5، 6، 7، 8، 10) ی ماددەی (4) بۆیە حەپس و غەرامە هاتۆتە پێشێ، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر یاسا تایبەتمەندەکان، یاسای عقوباتی عیراقی بەهەمان شێوە حەپس و غەرامەی داناوە، ئێمە باسمان لەسەر ئەوە کرد، کە وتمان پێویستە غابات پارێزگاری لێ بکرێ، زۆر کەس باسی لەوەکرد کە ئەمە سەروەتێکی نیشتیمانیە، سەروەتێکی وەتەنیە، پێویستە دەستی ئاگر کردنەوەو کارکردن تیایە، تەسەروف تیا کردنی و بەکارهێنانی بۆ ئەغرازی تایبەتی، پارێزگاری کردنی لە هەموو تەعەدایەك کە لەسەر ئەم غاباتانە بکرێ، غابات ناونیشانی ولاَتەکەی ئێمەیە، مەنزەری جوانە ئەبێتە هۆکاری سیاحە، ئەبێتە سەروەیەکی نیشتیمانی، بۆیە پێویست کرا، عقوبەکان بەحەپس و غەرامەوە بێ، بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، عقوبەکان کە باس لە حەپس کراو، ئەوە ئەدرێتە دەست تەقدیری ئەو مەحکەمەی کە مەحاکەمەی ئەو کەسە ئەکات، حەپس لە 24 سەعات بۆ 5 ساڵ، دەست پێ دەکات و غەرامەشی هەیە، ئەمەش بەگوێرەی جەسامەی جەریمەکە، یەعنی بەگوێرەی توندی ئەو تاوانەی کە ئەو کەسە بەرامبەر بە دارستانەکانی کوردستان دەیکات، ئێمە هەدەفمان لەوەیە ئەو دارستانانە لە هەموو دەستێکی دەرەکی و تەعەداکردنێك بپارێزین، بۆیە ئەو عقوبانە لێرە باس کراوە، ئەو عقوبانە بە هەدەفی ئەوە نیە کە خەڵك هەرچی دەستی بۆ دارستان بەرێ هەر هەمووی عقوبە بدرێ و حوکم بدرێ و بخرێتە سجنەوە، ئەمە هەدەفی موشەریعە، لە دانانی عقوبە ئەوەیە کە مەنعی خەڵك بکات لە تەعەدا کردن، نەوەك هەدەفی ئەوەبێ کە سزای خەڵك بدات بە ئەمەلی سزادان، بە ئەمەلی ئەوەیە کە ئەمە ببێتە شتێك خەڵکی دور کەونەوە لەتەعەدا کردن، لە دارستانەکان، لەبەر ئەوە ئەو سزایانە کە لێرە هاتووە هاوڕایە و تەریبە لەگەڵ هەموو یاسا سزایەکان، پێویستیشە ببێ، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك خلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێموایە ئەمە بڕگەی سێیەمە، لە ماددەی چوار، نەوەك دووەم، دوو لە هەمان ماددە ئەمجارە ئەم دوو زاراوە یەك بخرێ باشترە، یەعنی بەشی دووەم، نووسراوە بەندی دووەم، لە دووەم نووسراوە بەند لە ماددەی پێنج، چاك بکرێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش پشتگیری قسەکانی کاک پێشەوا ئەکەم، ئێمە زیاتر لە چوار، پێنج ئەندام پەرلەمان لێرە گوتمان با ئەو سجنەی تیا نەمێنێ، کەچی ئێستا هەروا هاتووە، دەبێ بیخەنە دەنگدان، ئێمە داوا دەکەین ئەوە بخەیە دەنگدان، دوای ئەوە ئەو بڕگەیەی کە کاک خلیل باسی کرد، بەڕاستی ئەوە کەمتر نەبێ لە پێنج ساڵ، با ئەویش بچێتە پاڵ بڕگەی یەکەم، لە سێ ملیۆن تا پێنج ملیۆن بێت، نەوەك لە پێنج کەمتر نەبێ، یەعنی ئاوا ڕەق بین لەسەر ئەمە، ئەوە ڕاستە شتێکی نیشتیمانیە، بەس ئەو نیشتیمانەش هەر هی مەیە، ئەو خەڵکەش هەر خەڵکی خۆمانە، ئێمە دەبێ یاسایەك دەربکەین لەمەسلەحەتی خەڵك بێ، نەوەك هەر بۆخۆمان دروست بێ، باشەو تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەو ماددەیە بابڵێین عینوانەکەی بە کوردی نووسراوە (دەروازەی پێنجەم) بە عەرەبیەکەی نووسراوە ( الفصل الثاني) بە کوردی نووسراوە حوکمەکانی سزادان، بە عەرەبیەکەی نووسراوە (العقوبات) بەخۆی ئەگەر یان کوردیەکەی بگۆڕین یان عەرەبیەکەی بگۆڕین، لە هەردوو لا، چونکە حوکمەکانی سزادان ئەحکامی خیتامییەوە، لێرە نووسراوە (العقوبات) لە دوو لا ئەگەر زەحمەت نیە بزانین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی عادەتەن لێرە عەرەبیەکە دەبێتە ئەساس، کاک پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من لەسەر ئەوەیە مادام بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کاردەکەین، ئەگەر زیاتر لە سێ ئەندامی پەرلەمان پێشنیارێکی پێشکەش کرد، مەفروز وایە لەکاتی داڕشتنی سیاغە کردنی ڕاپۆرتی موشتەرەك، ڕەچاوی ئەوە بکرێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوەی کە کاک عمر باسی کرد، من قسەم لەسەر ئەوەنیە، قسەم لەسەر پێشنیارەکەیە، ئەوەی کە ئێمە داوامان کرد، پێموانیە هیچ ناکۆك بێ لەگەڵ قانونی عقوبات، بۆیە حەز دەکەم ئەگەر کاك فرست ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات، ئەگەرنا ئەو پێشنیارەی ئێمە بخەنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە باس لە کەم و زۆری سزاکەو غەرامەکە هات، من جارێکی تر ئەیڵێمەوە، حەپس بە گوێرەی قانونی ئسوڵی مەحاکەماتی جەزائی، قانونی عقوباتی عیراقی لە 24 سەعات هەیە بۆ 5 ساڵ، شەرت نیە دەقاو دەق پێنج ساڵ حوکم بدرێت، بەگوێرەی قورسی و سووکی ئەو تاوانە، بۆ میسال باسمان کردووە ئەڵێین فەقەرە (1، 5، 6، 7، 8، 10) فەقەرە (1) ی ئەو ماددەیەکە لە بەندی سێیەمی ماددەی چوار باسی لەسەر کراوە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەری باس لە گواستنەوەی حقوقی عەینی دەکات، حقوقی عەینی لەو هەقە موکتەسەبانەیە کە ناکرێ بە ئاسانی خەڵك ئەو هەقانە بگوێزێتەوە لە یەکێك بۆ یەکێکی تر، پێویستە سزای بۆ دابندرێت، هەروەها باس لە فەقەرەی پێنج دەکات، فەقەرە پێنج باس لە بڕین و هەڵکەندن و ئەو دارە بە تەمەن و نادرانە ئەکات کە لە یاساکە هاتووە، هەروەهاکە باسمان لە غەرامەکە کردووە ئەڵێین لە سێ ملیۆن کەمتر نەبێ، لە پێنج ملین زیاتر نەبێ، بەواتا شەرت نیە دەقاو دەق لە پێنج ملیۆنەکە، ئەمە نەسی یاسا کە دێت بەم شێویەی خوارەوە دێت، ئەمەش ئەگەڕێتەوە سەر سەلاحیەتی ئەو مەحکەمەیەی کە ڕووبەڕووی تاوانبارەکە بە گوێرەی گرنگی و سووکی و قورسی تاوانەکەی مەعامەلەی لەگەڵ ئەکات، بۆیە موشەریع پێی باشە یاسا سزایەکان بەم شێوەیە بێ، من تکراری ئەکەمەوە، ئێمە هەدەفمان لەوە نیە هاووڵاتیانی خۆمان بکەینە ژوورەوە و غەرامەی لێ بسێنین، هەدەفمان لەم یاسایە ئەوەیە لەبەر ئەم سزاو غەرامەیە دەستکاری غاباتەکان نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر نوقتەی نیزام بێ، نوقتەی نیزام نەبێ، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز پێشەوا وتی، ڕاستە یەکێك بووم لەوانەی کە وتم سزانەبێ دار بچێنن، هەر ئەوکاتە لیژنەی یاسایی دەستخۆشی لێ کردین و وتی پشتگیریت دەکەین، یەعنی ئەندامی تریش هەیە لێیان پرسینەوە کێ ئەوەی داوا کردووە، بزانن ئەگەر سێ کەسن یان چوار کەسن، دەبێ بدرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی موختەس، لیژنەی یاسایی بەیەکەوە هەردوو لیژنەکە بە کاملی، ئەو سیاغەیەیان کردووە، بەڵام کاك پێشەوا هەڵسە ئاخیر هینەکەی خۆت بکە، بەتایبەتی ئەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر پێشنیازەکەی خۆم سوورم و داواش دەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، پێشنیازەکەمان ئەوەیە کە سزای بەند کردن نەمێنێ لە یاساکە، سزای بەدیلی هەبێ، من قسەم لەسەر غەرامەکە نەبوو، بۆیە سزای بەند کردن نەمێنێ، بەدیل هەبێ جێگرەوەی سزای بەند کردن بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێکی وا هەیە کە سێ کەس دەڵێن سزای بەند کردن نەمێنێ، بەس غەرامە بێ، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 16 کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو سیاغەکە چۆن هاتووە ئاوا بمێنێتەوە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، (34) دەنگ دەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، کەواتە دەقی ماددەکە وەکو ئەوەی کە خوێندرایەوە، بەکوردی و عەرەبی، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، (14) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (27):**

مع عدم الاخلال بأية عقوبة أشد ينص عليها القانون

**أولاً:** يعاقب بالحبس مدة لاتقل على ستة اشهر و بغرامة لاتقل على خمسة ملايين دينار كل من قام:

أ- قطع وحرق الاشجار الغاباتية المعمرة أو النادرة أو تجريدها من قشورها أو تشويهها بأية صورة.

ب- من تسبب بقصد من نشوب حريق أو إضرام النار في الغابات والاراضي الغاباتيه والمحميات والمناطق الوقائية والمراعي.

ج- قام بزراعة واستغلال اراضي الغابات والمحميات المحروقه.

د- يعاقب بالحبس مدة لاتقل على ثلاثة اشهر ولا تزيد عن سنة واحدة و بغرامة لاتقل عن خمسة ملايين كل من قام بصناعة الفحم بدون موافقة الوزارة.

**ثانياً:**

أ- يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على ثلاثة اشهر وبغرامة لاتقل عن خمسمائة الف دينار كل من تسبب بخطأ و مخالفة لاحكام هذا القانون أو التعليمات الصادرة في احداث حريق في غابة عامة أو خاصة.

ب- يخالف أحكام المادة (23) من هذا القانون كما ويلزم بأزالة ورفع المواد التي قام بالقائها وعلى نفقته الخاصة.

ج- إقامة سد أو حاجز على نهر أو جدول يمر بالغابة أو جريانه أو مد خطوط الكهرباء ذات الضغط العالي.

د- إمتنع عن تقديم المساعدة من إطفاء حريق نشب في الغابة او المحمية أو رفض المساعدة بدون عذر.

**هـ- يعاقب بالحبس مدة لاتقل على ستة اشهر وبغرامة مضاعفه بقيمة المادة(الفحم) كل من قام بنقلها واخراجها الى خارج الاقليم بدون موافقة الوزارة مخالفه لاحكام هذا القانون.**

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کوردییەکەشی فەرموو.**

**بەڕێز زکیه صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (27) کە دەبێتە ماددەی (22):**

**لەگەڵ لانەدان لەهەر سزایەکی توند کەلەم یاسایەدا هاتووە:**

**یەکەم: سزا ئەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت وەغەرامەیەك کە لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت هەر کەسێك کە هەڵسا بە:**

**أ- بڕینەوە یا سووتاندنی دارە بەتەمەنەکانی یا دەگمەنەکانی دارستان یا لێ کردنەوەی توێکڵەکانیان یا شێواندنیان بەهەر چی جۆرێك بێت.**

**ب- هەر کەسێك بوو بەهۆی ئاگرکەوتنەوە یا ئاگر تێ بەردانی دارستان و زەوی دارستانەکان و پارێزراوەکان و ناوچەکانی پاراستن ولەوەڕگاکان.**

**ج- هەڵسێ بە چاندن و خراپ بەکار هێنانی زەویەکانی دارستانە پارێزراوەکان و دارستانە سووتاوەکان .**

**د- سزا ئەدرێت بەبەندکردن بۆ ماوەیەك کە لەسێ مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێك زیاتر نەبێت و بەغەرامەیەك کە لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت هەر کەسێك خەڵووز دروستبکات بەبێ ڕەزامەندی وەزارەت .**

**دووەم :**

**أ- سزا ئەدرێت بەبەندکردن بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ زیاتر نەبێت وەبەغەرامەیەك کە لە پێنج هەزار دینار کەمتر نەبێت ، هەر کەسێك هۆکار بێت بە هەڵەکردنی یا پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە یا ئەو ڕێنماییانەی دەرئەچێت بەڕوودانی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانێکی گشتی یان تایبەت.**

**ب- سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (23)ی ئەم یاسایە بکات وەپابەند ئەکرێت بەلابردن و هەڵگرتنەوەی ئەو ماددانەی فڕێ ی داوە وەلەسەر ئەرکی (پارەی) خۆی .**

**ج- دروستکردنی بەربەست یا ڕێگر لەسەر ڕووبار یا جۆگە کە بەدارستاندا ڕێرەوئەکات یان ڕاکێشانی هێڵی وزە بەرز .**

**د- ڕێگربێت لەپێشکەشکردنی یارمەتی بۆ کوژاندنەوەی ئاگرێك کە کەوتبێتەوە لە دارستان و پارێزراوەکانی یان یارمەتیدان ڕەتبکاتەوە بەبێ پاساو.**

هـ- سزا ئەدرێت بەبەندكردن بۆ ماوەی شەش مانگ كەمتر نەبێت وە بەغەرامەی دوو هێندەی نرخی ماددەی (خەڵوز) هەر كەسێك هەستا بە گواستنەوە و بردنە دەرەوەی هەرێم بەبێ رەزامەندی وەزارەت وە بەپێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (27) كە دەبێتە ماددەی (22) لەبڕگەی اولا لەكۆتایی بڕگەكە وشەی (قام) هاتووە پێویست ناكا، كل من، لەبەرئەوەی بیدایەتی بڕگەكان هەمووی بە فیعل دەست پێدەكات، (قطع، تسبب)، لەبڕگەی (ب) وشەی (من)كە لابدرێ لەبیدایەتی بڕگەكە، (تسبب بقصد من نشوب حریق) (من)كەشی ناوێ، لە(ج) وشەی (قام)ەی ناوێ ( بزراعة) بەفیعل دەست پێدەكا، بڕگەی (د) لەبەر ئەوەی سزایەكەی جودایە لەگەڵ ئەوەی لەبڕگەی یەكەم هاتووە، ئەوە ڕیز بەندەكە بەهەڵە چاپكرایە، ثانیا، واتە (د) دبێتە دووەم، لەبەر ئەوەی سزای لەگەڵ بڕگەی یەكەم جودایە، دووەم دەبێتە سێیەم، لەبڕگەی (ه) دووبارە سزایەكە جودایە لەگەڵ بڕگەكانی دیكە، پێویستە (ه)یش ببێتە (رابعا)، (ه) دەبێتە چوارەم، دووەم دەبێتە سێیەم، (د) دەبێتە دووەم، یەكەمیش وەكو خۆی تەنها بیدایەتی بڕگەكان بەفیعلەكان دەست پێ بكرێ، (قطع، تسبب، زراعة واستغلال اراضي) (من)كە و (قام)ەكە نەمێنێ، لە (ب، ج)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەكاتی گفتوگۆدا زیاتر لەسێ ئەندام باسیان لە بڕگەی (د) كرد، كە ئەو كەسەی داوای بڕگەی یارمەتی لێدەكرێ دەبێ عقوبە بدرێ، وتمان ئەوە پێچەوانەی بنەماكانی مافی مرۆڤە، یەعنی لیژنەكە هیچ ئاماژەیەكی پێ نەكردووە كە ئەو بڕگەیە ئەوها بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەكانی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو داوا کردنەی کە بۆ یارمەتیدان داوا کراوە بۆ ئاگر گوژانـەوە، ئـەوە موخالەفـەی بنـەماکانی مـافی مـرۆڤ نییە، بەپێچەوانەوە ئەوە مەبدەئێکی ئەساسییە، لەهەموو یاساکاندا هاتووە، بەتایبەت لەقانوونی عقوبـاتی عێراقی لەماددەی (370) تەڵەبی ئیجازە، داواکردنی یارمـەتی، ڕەفـز کردنـی بـەپێی مـەحزەرە، عقوبـاتی خۆی هەیـە، ئێمـە لێـرە عقوبەکـەشمان زۆر بەکـەمتر دانـاوە، لەبـەر ئـەوە هـەر کەسـێك داوای موسـاعەدەی لێبکـرێ، داوای هاوکـاری لێبکرێـت، لـەکاتی کەواریسـدا (فەیـەزان، لافـاو ، بوومەلـەرزە، خنکانــدن، ئــاگر کەوتنەوە)، ئیستیعدادی هـەبێت یـەعنی بتوانێت یارمـەتی دەر بێـت بـۆ هاوکـاری کـردن، نەیـدا بەقەسـت، تاوانبارە و عقوبەی هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو بڕگەیە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو کاك ئارام باسی کرد چەند ئەندام پەرلـەمانێك پێشـنیاریان کـرد، ئـاخر سـجن مـاقوولْ نییـە، یـەعنی تەمەنا دەکەم ئەندام پەرلەمانێك تووشی ئەو حاڵەتەی بێ بزانە قبوولْ دەکا سجنی بکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە لەکوێ کاك عمر ڕێزم هەیە باسی دەکا دەڵێ ئەگەر توانـای تێـدا هـەبێ، ئێمـە لـەکوێ دەزانـین ئـەو پیاوە، ئەو کەسە توانای تێدایە یان تێدا نییە؟ بەشکو کەسێکە دەترسێ، لەئاگر دەترسێ، لەلافاو دەترسـێ، لەئاو دەترسێ، چۆن دەزانێ؟ دەبێ بچێ فەحسی توبی بکا، بزانێ چی تێدایە یان نا، ئەمـە بـەڕای مـن ئـەو بڕگەیە هەر زیـادە، یـەعنی نـابێ ئێمـە ئیجبـاری بکـەین، دەمـێنێ لەسـەر نـاخی ئینسان ئەگـەر وەتەنییـە، ئەگەر دڵسۆزە، دڵی بە وەتەنەکەی دەسووتێ، دڵی بەغاباتەکەی، بەماڵی کەسێکی تر دەسووتێ، یارمەتی دەر بێ، خـۆی دەڕوا، خـۆی لـەناو ئـاگر فەڕێـدەدا، بـەڵام کەنـەڕوا ئـیتر تـۆ چـی لێدەکەی؟ ئەمێنێتـەوە لەسـەر شەخسی خۆی، پێموایە ئەم بڕگەیە زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منــیش هـاوڕام لەگـەڵ هاوڕێکـانم، مەسـەلەی ئـەوەی کـە تـۆ داوا لەیـەکێك دەکـەی بـێ ئـاگرت لەگـەڵ بکوژێنێتەوە، جارێ هەر ئاگر کوژاندنەوە بەتایبەتی لەدارستانێکدا پێویستی بـە تـەدریب هەیـە، پێویسـتی

بەجلی تایبەتی هەیە، پێویستی بە ئامادەکاری هەیە، یەعنی ئەمە بێگاری نییە یەکێك لەوێ دەڕوا بەزۆر بیهێنی ئاگری پێ بکوژێنێتەوە؟ کەنایکا بێی حەپسی بکەی، ئەمە لەکوێی دونیا شتی وا هەیە؟ تا ئێمە کەسێك بەوێ ددەڕوا داوای لێدەکەی ئاگر بکوژێنێتەوە، نایکاتن، جلی وی قایم نییە، تەدریبی نەکردووە، نازانێ ئەو ئیشە بکاتن، چۆن دەیهێنی بەزۆر ئاگری پێدەکوژێنیتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەئیجازەی سەرۆکی پەرلەمان، بەردەوام دەبم، بەڵێ ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك عمر دەکەم، ئەوەی کاك عمر باسی کرد ئەوە بنەمای یاساییە، ئەوە لەیاسای عقوباتدا هاتووە، ئێمە ناتوانین لێرە شتێك دەر بکەین، موخالفی بنەماکانی یاسا بێت، یاسای عقوبات ئیمتیناعی لەهەندێ حاڵەتدا بەجەریمە داناوە، یەعنی تۆ یەکێك غەرق دەبێ مەلەش نازانی، ئەبێت هاوکاری بکەی، بۆیە حەرق لێرەدایە، یەعنی غابات ئێمە دامانـاوە بە مومتەلەکاتی وەتەنی و چۆتە مەسەلەی ئەمنی قەومییەوە، ئەوە لێرە جەریمەیەکە ئەگەر تۆ ئیمکاانیاتت هەبێ، هاوکاریشت دەکەن، ئەو کەسەی کە داوای یارمەتی لێدەکا هەڵبەتە تەسهیلاتت بۆ دەکا، ئیجرائاتی بۆ دەکا، بۆیە بەڕاستی خۆی ئەمە بنەمایەکی قیاسییە لەیاسای عقوباتدا هاتووە، ناتوانین ئێمە لێرە بەم قانوونەیە موخالەفاتی دانێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموایە زۆر وازیحە، دوو ڕەئی هەیە، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا لەڕاستیدا من لەسەر بڕگەی (هـ) قسەم هەبوو، سزا دەدرێ بەبەند کردنی بۆماوەی شەش مانگ، بەغەرامەی دوو هێندەی نرخی ماددەی خەڵوز، نازانیین خەڵوزەکە خۆماڵییە ناو هەرێمە یان ئەوەی کە دێتە ناو هەرێم؟ دوای ئەوە یەعنی بۆچی نرخی بەڕاستی خەڵوز؟ یەعنی حەقە غەرامەکە دیاری بکرێ، بڕی پارەکە ئەوەندە بێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە هەر کەوارسەك یان هەر تەوارییەك لەدوونیایێ کە ڕوودەدات، تیپی خاسی خۆی هەیە، لەصەحەی دەگری، لە غابات دەگری، لەحەریق دەگری، بە پێچەوانەوە زۆرجا زۆر کەس هەیە کە دێ موساعەدە تەقدیم دەکات، لێت دەشێوێنی، ستاندەردی خۆی و تیمی خاسی خۆی بەخۆیان دەزانن، حەریق بەخۆی دەزانی غابات لەکوێ دەکوژێتەوە، چۆن شۆفەری دەینی و چۆن خەتەکەی لۆ بنبڕ دەکا، حکومەتی عێراق ئەوێ ساڵێ گەنمی هەولێری هەموو سووتاند، بەیەك شقاتەی، بەلاّم لێنەگەڕان هەتا دەڕاسەکان بچن خەتی لۆ لێدەن، چونکە دەڕاسەکان ئاگریان تێبەردەبوو، ئەوە ستاندەردی عالەمییە و شتەکە مواسەفاتی هەیە، هەرتیمەك کە دەچێ شتەکی بکوژێنێتەوە، ئەو تیمە بەخۆی دەبێ موختەس بێ بەوشتە، قانوونی عقوبات لەگەڵ تۆمە، بەلاّم من شەخسەکی دەینم بەشەرە قەلبی گرتییە، وەڵڵا ئەوە کەواریسە فەیزانەك هاتە ماڵەکی، من دەبێ بزانم کو ئەو فەیزانەی مەنع دەکەم، تیمی خاسی خۆی هەیە، بەلاّم من لەگەڵ تۆمە ئەگەر مەسەلەن غاباتەك ئاگری تێبەر دەبێ، من بیرەکم هەیە، بیرەکەیان لۆ پێنەکەم، ئەرێ وەڵڵا حەقە عقوبە بدرێم، ئەوە حەقە بەتەعلیمات بێتە دەرێ، حەق نییە بچەسپێ لەقانون، زۆر سوپاس.

بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

ئاخیر کەس کاك ئارام فەرموو.

بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من وتم پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤە نەك پێچەوانەی یاسای عقوباتی عێراقی، قانوونی عقوباتی عێراقی کۆمەڵێك یاسای تێدایە، زۆر قاسییە بەرامبەر بەئازادی مرۆڤ و مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، ئێستا زۆربەی زۆری دادگاکانیش داوای هەموار کردنی ئەو یاسایە دەکەن، لەبەر ئەوە هاوکاری کردنیشی تەوعییە، بەزۆر ناکرێ بەهیچ شێوەیەك بڵێی بەیاسا بسەپێندرێت، سوپاس.

بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

هەروەك باسم کرد دوو ئیتیجاه هەیە، ئیتیجاهێکیان عەلەساس نایاساییە، ئەگەر نایاسایی بێ ناتوانین بیخەینە دەنگدان، بۆیە لیژنەی یاسایی ئاخر تەعلیقی خۆیان لەسەر ئەو بابەتە، فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالرحمن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مەسەلەی ئیغاسەکە کەئێمە باسمان لەسەر کردووە، ئەگەر ئەو بەڕێزانە بەتەواوەتی بیخوێننەوە باس لە ڕەفزی موساعەدە دەکەین (بدون عذر) یەعنی ئەوە نییە پەلی هەرکەسێك بگری بڵێی ئاگر بکوژێنەوە، بڵێی نەیکوژانەوە بیخەنە سجنەوە، بەبێ مەعزەرە بۆ نموونە کابرایەك وەکو ئێستا ئاهەنگ خان باسی کرد، ئاگرێك کەوتۆتەوە، سێ تەنکەر ئاوی لەبەر دەستدایە، بیرێکی هەیە، ئیمکانیەتی ئاوی هەیە، مەکینەی هەیە، شتی لەبەر دەستدایە، بەبێ مەعزەرە سەیر بکاو هەر نەیدا، هەر شوێنەکە بسووتێت، یا ئەو زەلامە لەئاوەکە غەرق بووە، پەتێکی پێیە

بەدەستییەوە، نەیداتێ، یارمەتی نەدا، ئەمە کاکە لەقانونی عقوباتدا هاتووە، ئەم قانوونی عقوباتە لە بنەما عالەمییەکان وەرگیراوە، من باسی ئەوە ناکەم ڕاست دەکا

ماددەی (155 و 157) باسی لەوە کردووە هەرچ کەسێ زدی حزب و سەورە بێ ئەوە عقوبەی شەدیدی سێدارەی هەیە، ئەمە باس لە عامی بەرژەوەندی گشتی دەکا، ئەمە باس لەوە دەکا کە هەر کەسێ ئیغاسەی ئەم کارەساتانەی نەکرد (لافاو، فەیزان، بوومەلەرزە، حەریق، غەرق) بەبێ مەعزەرە، ئێمە وتوومانە (بدون عذر) یەعنی هەرکەسێك مەعزەرەی هەبوو مەعفییە لە عقوبەکەی، بەڵام کە مەعزەرەی نەبوو ئەبێ سزا بدرێ، چونکە هاوکار نەبووە، بۆ ڕزگار کردنی ئەو کەسە یان کوژانەوەی ئەو ئاگرە یاخود وەستانی ئەو کارەساتەی کە روو ئەدا، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم ماددەیە، ئەو بڕگەیە لەشوێنی خۆیدا بمێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی یاسایی تەئکید دەکەنەوە وەك خۆی بێ، بۆیە ئەو ماددەیە وەکو خۆی دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ بەو دەستکاریانەی کەلیژنەی یاسایی کردی، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، (29) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە با دەستی بەرز بکاتەوە، (18) کەس لەگەڵدانییە، بەو دەستکاریانەی کەلیژنەی یاسایی باسی کرد درا دەنگدان دەنگی وەرگرت، زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك پێشنیارێك کراوە لیژنەی یاسایی نەیکردۆتە پێشنیار، یان زۆرینە لەگەڵ نەبووە، ناکرێ ئەو پێشنیارە فەرامۆش بکرێ، یەعنی نەخرێتە دەنگدان، ئایا بخرێتە ناو یاساکە یان نا؟ پێشتریش موناقەشەی لەسەر کراوە.

**بەڕێز بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەوەی کە ئەو خستیە دەنگەوە دەنگی نەهێنابایە ئەویتری ئەخستە دەنگەوە.

**بەڕێز فرست احمد-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر پێشنیارەك موخالفی قاعیدەیەکی قانونی بێت یان مەبدەئەکی قانونی بێت، غەڵەتە بیخەینە دەنگەوە، چونکە حەقمان نیە قەواعیدی قانونی ئیلغا بکەین، مەبدەئی قانونی ئەوەیە هەر کەسێکە بکەوتە خەتەرەك، کەسێکی تر بتوانێت یارمەتی بدات، و ئیمتیناع بکا، ئەوە بە جەریمە حیساب ئەبێت لە هەموو قانونی عقوباتی دونیا، لە قانونی عقوباتی عێراقیش هاتووە، ئەگەر ئەو ماددەیە ئیلغائیش بکرێ لێرە هەر مەفعولەکەی ئەمێنێ، چونکە نەصەکە لە قانونی عقوباتی عێراقی مەوجودە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەرێز كوێستان محمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە باسی دارستان ئەكات باسی شەخص ناكات، ئەمە یەك، دووەم، هەركاتێك سێ ئەندامی پەرلەمان پێشنیارێكی كردبێ خراوەتە دەنگدانەوە، ناكرێ نەخرێتە دەنگەوە، قسەی ئەندام پەرلەمان بە هەند وەرنەگیرێ، ئەمە باسی دارستان ئەكات، باسی شەخص ناكا.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە دارستان شەخص نیە؟ من لە قانونەكە نازانم، بەلام دارستان نابێتە هۆی زراعەت، سووتانی ماڵی خەڵك، جاری وا هەیە كە ئاگرێك ئەكەوێتەوە سەدان ماڵ ئەگوازرێنەوە بۆ ئەوەی تووشی خەتەر نەبن، فەرموو كاك گۆران.

**بەرێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەردوو پێشنیارەكە خرا دەنگەوە، پێم وایە ئێستا نازانم موناقەشە لەسەر چ دەكەین؟

**بەرێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شوان.

**بەرێز شوان عبدالكریم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەرچەند دەنگیشم لەگەڵ چەسپاندنەكەی نەدا، بەلام نەتیجەكە عەینی شتە، كێ لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی، ئیلغا بكرێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە، هەردووكی یەك ئەنجامە، یەعنی ئێستا بشیخەیتەوە دەنگ بۆ ئەوەی ئیلغا بكرێ یان ئیلغا نەكرێ، تەقریبەن نەتیجەكە یەك شتە، ئەگەر دەنگێك یان دوو دەنگ فەرق بكات،سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك احمد فەرموو.

**بەرێز د.احمد وەرتی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من سەرنجەكە لەسەر ئەوەیە لیجانی موشتەرەك ڕەئی ئەندام پەرلەمانەكانیان كۆ كردۆتەوە لە كاتی موناقەشەدا نەك ڕەئی لیژنەكان، لەبەر ئەوە پێویستە هەر فەقەرەیەك كە دوو كەس ڕەئیان لەسەر دابێ پێویستە لیجانەكان بە ڕەئی هێنابێتیان، ئەوەی من تێبینی ئەكەم لە ڕاپۆرتەكە ئەو ڕەئیانەیان نەهێناوە لە زۆر شوێنی تریش، تەنانەت ڕەئیدان لەسەر ماددەكان ئەڵێ (تقترح اللجنە)، ناڵێ (تقترح

اللجان)، یەعنی ئەمە ڕاپۆرتی سێ لیژنەیە، لەبەر ئەوە ڕەئی ئەو ئەندام پەرلەمانانە با وەرگیرێ، کۆکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتانە و بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دلشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا بە پێی یاسای پاراستنی دارستان لە زۆر وڵاتدا، دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن ئەتوانێ پەنا بەرێتەبەر هەرکەسێك کە لەو ناوچەیەیە کە ئالیەتی گواستنەوە بێ یان هەر شتێك بێ بۆ هاوکاری کردن، بەڵام لە هیچ یاسایەك نیە هاوکاری نەکردنی عقوبەی هەبێ، یەعنی ئەتوانێ دەستەڵاتی جێ بەجێ کردن لەم یاسایە هەیە، بەڵام دەستەڵاتی جێ بەجێ کردن لەو ناوچەیە، پۆلیسی دارستان، بۆی هەیە پەنا بەرێتە بەر هەموو کەسێك، ئیتر ئیسنان بێ، ئامێری گواستنەوە بێ بۆ ئاگر کوژانەوە، بەڵام ئاگر کوژانەوە ئیجبار نەکراوە، پێم خۆشە پێم بڵێن لە چ قانونێك هەیە، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەگەر ئەم عقوبەیە لەم یاسایە باس نەکەین، بە تایبەت ئەم فەقەرەیە، ئەگەر شتێك لەم حادیسەیە ڕووی دا و ئیغاسەکە نەکرا، ناچار ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم قانونی عامە، قانونی عامیش قانونی عقوباتە کە ئێستا جێ بەجێ ئەکرێ لە کوردستان و لە عێراقیش، لە قانونی عقوباتی عێراقی ماددەی 370 لە فەصڵی (الامتناع عن اغاثة) عقوبەکەی لەم عقوبەیە زیاترە کە ئێمە ئێستا باسمان کرد، با بۆتان بخوێنمەوە بە یارمەتی بەڕێز سەرۆکی پەلەمان، لە بابی ماددەی 370 لە فەصڵی (الامتناع عن اغاثة) فەقەرە (1) ئەڵێ (یعاقب بالحبس مدە لا تزید علی ستە اشهر و بغرامە لاتزید علی خمسین دینارا او باحدی هاتین العقوبتین کل من امتنع او توانی بدون عذر عن تقدیم معونة طلبها موظف او مکلف بخدمة عامة مختص عند حصول الحریق او الغرق او کارثة اخری، و یعاقب بالعقوبة ذاتها من امتنع او توانی بدون عذر عن اغاثة ملهوف في کارثة او مجنی علیة في جریمة)، بە ئیتلاق ناوی هێناوە، ئەم نەصە ئێمە تەخفیفیشمان تێدا کردووە، هاوکاریشمان کردووە، و باسیشمان کردووە لە ئاخیرەکەدا ئەڵێت (بدون عذر)، یەعنی ئەگەر ئارەزوو مەند بوو بە بێ بەڵگە هەبێ، ئەگەر هەر عوزرێکی هەبێ مەعفی ئەبێ لەو عقوبەیە، ئەمە لە خۆمانەوە نەمان هێناوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مـن یـەك پرسـیار ئاراسـتەی کـاك عمـر دەکـەم وەکـو نوقتـە نیـزام، جـەنابی زۆر پـەنا ئەباتـە بـەر قـانونی عقوبات، من پرسیارێکی لێ ئەکەم، ئەگەر ئەوە سەری گرت و دەنگی هێنا، ئەو کەسـە چـوو لـە ترسـی ئـەو قانونە سووتا یان گیانی لەدەست دا یان کەم ئەندام بوو، کاك عمر با پێم بڵێ بە چ یاسایەك تەعویزی ئـەو کەسە ئەکاتەوە؟ سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عمر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تەعویزی ئەو کەسە ناکەمەوە، قانونی عقوبات قانونێکە لا یەزال نـافیزە لـە هـەرێمی کوردسـتان، هـەرکات ئـەم قانونە نەفازی نەما ئێمە لە پەرلەمان و جەنابتان توانیتان مەشروعێك تەقدیم بکەن ئەم یاسایە ئیلغـا بکـرێ، یـان تەعدیل بکرێ ئەوکاتەش ئەم عقوبەیە ئیلغا ئەکرێ، بەڵام لا یەزال ئەم قانونە و عقوبەکەش نافیزە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاکە ئـەم ماددەیـە دەنگـی لەسـەر دراوە، کۆتـایی هـاتووە، ئێسـتا موناقەشـە ئەکـەن خـۆ جارێکی تـر دەنگی لەسـەر نادەینەوە؟**

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**گرفتمان لە یاساکە نیە، ئەوەی کاك عمر دەڵی بابڵێین ڕاستە، قسەمان لەسەر مەبدەئەکەیە، پێشنیار هەیە، ئەمە عورفە لای ئێمە کە پێشنیار هەبێ خراوەتە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوە قسە لەسەر مەبدەئەکە ئەکەین، جگـە لـەوە موشـکیلەی تـر نیـە، ئێمـە دیفـاع لـە مەبدەئەکـە ئەکـەین کـە پێویسـتە پەرلـەمان یـان لیژنـە هاوبەشەکان کە پێشنیار هەبوو بیخەنە دەنگدانەوە، یان ڕوون کردنەوە بدەن بڵێن لەسـەر ئـەو ئەساسـە بـا ڕەفز بکرێتەوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك کاردۆ ئەڵێن مەبادیئ و سـەوابتی قـانون دەنگـی لەسـەر نـادرێ، ئـەوە یەکێکـە لـە مـەبادیئ و سـەوابتی قانون.**

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش بڕۆ سەر ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز جلال علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادە 28: يعاقب بالسجن مدة لاتزيد على سبع سنوات كل من حاز أو اشترى بسوء النية نتاج الغابة وهو على علم بأن مايحمله متحصلة خلافاً لأحكام هذا القانون و يعاقب الحائز بالحبس بشرط عدم المساهمة بارتكاب الجريمة التي تحصلت منها تلك المنتوجات.**

**بەرێز زكيە صالح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 28 كە دەبێتە 23: سزا ئەدرێ بە بەند كردن بۆ ماوەيەك كە لە 7 ساڵ زياتر نەبێ هەركەسێك بەرهەمی دارستانی لێگیرا يان كڕينی بە مەبەستی خراپ كە ئەزانرێ ئەوە پێيەتی پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم ياسايە سزا ئەدرێ بە گرتن بە مەرجێك بەشدار نەبێ لە ئەنجام دانی ئەو تاوانە كە ئەو بەرهەمانەی پێ گيراوە.**

**بەرێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵ دايە؟ كێ لەگەڵ دا نيە؟ 8 كەس لەگەڵ دا نيە، بە زۆرينەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو بۆ ماددەيەكی تر.**

**بەرێز جلال علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة: (29):**

**اولاً: يعاقب بالحبس مدة لاتقل على سنة واحدة و بغرامة لاتقل على ثلاثة ملايين دينار مع مصادرة ما يضبط معه كل من يخالف احكام المادة (21) من هذا القانون.**

**ثانياً: يعاقب بالحبس أو بغرامة قدرها الف دينار للشتله الواحدة وتصادر الشتلة كل من أنتج أو أدخل شتلات لاغراض تجاريه أو غير مستوفاة للضوابط وفق احكام هذا القانون,**

**ثالثاً: كل ما لم يذكر من الجرائم المنصوص اعلاه في هذا القانون تعتبر مخالفه لاحكامه**

**بەرێز زكيە صالح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 29 كە دەبێتە :24**

**1-سزا دەدرێ بە ماوەيەك كەمتر نەبێ لە يەك ساڵ يان بە غەرامەيەك كەمتر نەبێ لە 3 مليۆن دينار لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی ئەوەی پێی گيراوە هەركەسێك پێچەوانەی حوكمەكانی ماددەی 17 لەم ياسايە.**

**2-سزا ئەدرێ بە گرتن يان بە غەرامەيەك 1000 دينار بۆ هەر نەمامێك لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی هەركەسێك بەرهەمی بهێنێت يان بهێنێتە ناوەوە بۆ مەبەستی بازرگانی يان بە پێی ڕێنماييەكان نەبێت و بە پێی حوكمەكانی ئەم ياسايە.**

3-هەموو شتێك كە باس نەكراوە لەو تاوانانەی ئەم یاسایە بەسەر پێی دائەنرێ بۆ حوکمەکانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی 20 کە بوو بە 24 بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەکەڵ دا نیە؟ 11 کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة(30):** كل من رعى حيواناً ، أو اطلقه في غابات الإقليم ، خلافاً لأحكـام هـذا القـانون يُعاقـب بـالحبس مـدة لاتزيـد على شهر وبغرامة لا تقل عن خمسة آلاف دينار عن كل رأس غنم أو بقر ، و عشرة آلاف دينار عـن كـل رأس مـن المـاعز والخيل والبغال والحمير وغيرها.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەی.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددە (30) کە دەبێتە (25)، هەرکەسێك ئاژەڵ بلەوەڕێنیت یا بەرڵڵاٌبکات لە دارستانەکان بەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە سزا ئەدرێت بۆ ماوەیەك لە مانگێك زیاتر نەبێت و بە غەرامەی پێنج هەزار دینار بۆ هەر سەر مانگایەك و، دە هەزار دینار بۆ هەر سەر بزنێك یا ئەسپ و گوێ درێژ و هی دیکە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەش پێشنیازبوو کە ئیلغا بکرێتەوە، من نازانم، یەعنی ئەو پێشنیازانە کە دەکرێن، ئەگەر بەهەند وەرناگیرێن بۆچی؟ ئەگەر بەهەندیش وەردەگیرین، حەقە بەڕاستی مەسەلەن ڕەچاوی ئەوە بکرێتن، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش وەڵامتان.

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابوو ئەوە لە کاتی گفتوگۆ وا بڕیار وابوو ئەو ماددەیە هەر لا ببرێ، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسایی ئەو کاتە لەگەڵ لیژنەی موشتەرەکە، هاوڕا بووین لە سەر ئەوەی کە ئەوە لابرێ، بەڵام دواتر دیارە لە کاتی سیاغە ئەبێ بیر چووبێ، یان ئیزافە کرابێ، لەبەر ئەوەی ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ڕەئەکەی کاك پێشەوا بە لابردنی ئەو بڕگەیە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر، ئیلغا کرا،

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (31) يصبح المادة (25):

**الاحكام الختاميه**

(على الوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون)

بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:

بەکوردیەکەی،

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (31) کە دەبێتە (25):

**حوکمە کۆتاییەکان**

پێویستە لە سەر وەزیر رێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (32) يصبح المادة (26)، (يوقف العمل بقانون الغابات العراقي رقم (75) لستة 1955 في إقليم كوردستان _ العراق)

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەی،

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددە (32) کە دەبێتە (26) (کارکردن بە یاسای دارستانی عێراقی ژمارە (75)ی ساڵی (1955) ئەوەستێنرێ لە هەرێمی کوردستان_عێراق).

**بەڕێز ایوب نعمت قادر (ئارام).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به هەمان شێوە پێشنیارێك هەبوو كە ئەم ماددەیە لا ببرێ، بگۆڕێ بە دەقێك، كە كار ناكرێ بـە هـیچ دەق و بڕگەیەك كە پێچەوانە بێ لەگەڵ ئەم یاسایەدا،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێزد. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە كۆمەڵێك تەعلیمات هەیە، كـە بـە پێـی ئـەو یاسـایە دەرچـووە كـاتی خـۆی، ئەگـەر ئـەم یاسـایە ئیلغـا بكرێت، ئەم تەعلیماتانەی كە بە پێی ئەم یاسایە دەرچوون، یـەعنی هـەمووی لەگـەڵ ئیلغـا دەكـرێن، دەبـێ ئێمە ئیستسنایەك بكەین، كار بەو تەعلیماتانە دەكرێ كە بـەپێی ئـەم یاسـایە دەرچـوونە، مـادام پێچـەوانە نەبێ لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا، لەبـەر ئـەوە ڕەنگـە ئەمـە كێشـە بـۆ هـەم بـۆ وەزارەتـی زراعـەو بـۆ هاووڵاتیانیش دروست بكات، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێزد. ڕۆژان عبدالقادر احمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بوونی دەقێك بەوەی كەوا كار بەهیچ دەقێك یان بڕیارێك ناكرێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئـەم یاسایە بن، لەگەڵ ڕاگرتنی كاركردن بە یاسـایەكی عێراقـی كـە تـا ئێسـتا كـاری پـێ دەكـرێ، ئـەوە دوو شـتی جیاوازە، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو دەقە نەبێ، واتا كاركردن بەو یاسایە ڕانەگیرێ دەقێك هـەبێ، پێچـەوانەی حوكمـەكانی ئـەم یاسـایەی ئێسـتا پەرلـەمانی كوردسـتان پەسـەندی دەكـا، ئـەوە لـە هـەرێمی كوردستان كاری پێ دەكرێ، بابەتەكان جیاوازە، سەبارەت بە تێبینیەكەی بەڕێز د. احمد، ڕێنماییەكانی كـە لە بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی یاسا عێراقیەكەی سـاڵی 1955 دەرچـووە، ئـەوە لـە یاسـای عێراقـی ژمـارە (30) ساڵی 2009، ئەو بڕگەیەی تێدایە، واتا كە یاسایەكەیان هەڵوەشاندۆتەوە و، هەموو ئەو ڕێنماییانەی بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی یاساكە دەرچووە ئەوان كاری پێ دەكەن، بەشـێكی كـە پێچەوانەی حوكمـەكانی یاسا نەبێ، ئەو دەقە لە عێراقیەی تێدایە، لەبەر ئەوەی یاسـاكەیان هەڵوەشـاندۆتەوە، ئێمـە بـەڕێزان تـەنها كاركردن بەو یاسایە لە هەرێمی كوردستان ڕادەگرین، دوو بابەت و بڕگەی جیاوازە، ئەو ڕێنماییانەی كە بۆ ئاسانكاری یاساكە دەرچووە، ئێمە كە یاساكە جێبەجێ نەكەین، ڕێنماییەكانیش جێبـەجێ ناكـەین، ئێمـە كـە یاسـای خۆمان لە هەرێمی كوردستان پەسەندكرد، دەسەڵات بە وەزیـر درایـە لـەو ماددەیـەی كـە دەنگمـان بـۆ دا، مـاددە كـە بووە، (25)، ڕێنمایی پێویست دەركا بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی ئەو یاسایە، بۆیـە ئێمـە پێویسـتمان بـە ڕێنماییـە عێراقیەكە نیە كە كاتی خۆی دەرچووە، بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی یاسای ژمارە (75)ی ساڵی 1955، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

دوای ئەو نوقتە نیزام و تەوزیحاتانەی کە دران، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز کاتەوە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ تەنیا دوو کەس لەگەڵ دا نیە، فەرمووون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة(33) يصبح المادة (27)، ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکوی دەنگ پەسەندکرا، فەرمووون بۆ هۆیەکانی دەرچوون، ـ

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ـالأسباب الموجبة ـ**

القوانين النافذة في إقليم كوردستان بشأن الغابات أصبحت لاتتلائم و متطلبات حماية الغابات، و لغرض تنظيم إدارة و حماية و صيانة تحسين الغابات، و زيادة المساحات الخضراء والمساهمة في تحسين البيئة، و توفير مناطق سياحية و ترفيهية التي أصبحت في الوقت الحاضر من ضروريات الحياة. و لمواكبة الظروف الراهنة و السياسة الغاباتية التى يجب أن تتبع في حماية الغابات بإعتبارها ثروة قومية و وطنية والحفاظ على الأصناف الطبيعية الملائمة والإبقاء على اصولها الوراثية في كوردستان، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەی.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ـ هۆیەکانی دەرچوون ـ**

ئەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستاندا بەرکارن سەبارەت بە دارستانەکان لەگەڵ پێویستیەکانی پاراستنی دارستانەکاندا ناگونجێن و، بە مەبەستی رێکخستنی ئیداری و پاراستن و پارێزگاری و چاککردنی دارستانەکان و زیاد کردنی رووبەری سەوزایی و بەشداریکردن لە چاککردنی ژینگەو بەدەستهێنانی شوێنی گەشتیاریی و رابواردن، کە لە کاتی ئێستادا بۆتە پێویستیەکانی ژیان و، بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخ و سیاسەتی دارستان، کە پێویستە

پەیڕەو بکرێ بۆ پاراستنی دارستانەکان وەکو سامانی نەتـەوەیی و نیشـتیمانی پارێزگـاری لەسـەر جـۆرە سروشـتییە گونجاوەکانی لەگەڵ ژینگەی ئێمە و مانەوەی بنچینە بۆ ماوەیەکانیان لە کوردستاندا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ناوەرۆکی یاساکە زۆر باس لە گیانلەبەران و باڵندەی کێوی و زیندەوەری بەچاو نـەبینـراو و سروشـتی و نا سروشتی کرا، بەڵام لە هۆیەکانی پێویستی دەرچوونی ئـەم یاسـایە بـەدوورو نزیـك باسـی نـەکرد، بۆیـە پێشنیاز دەکەم یەعنی بە ڕستەیەکیش بێ باڵندەو زیندەوەریش بخەنە ناوەوە، چونکە لە ناوەڕۆکی یاساکە بە درێژی باسمان کردووە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی فکرەکە دەکـەم، بـەڵام لێـرە (و لمواکبـة الظـروف الراهنـة والسیاسـة الغاباتیـة) سیاسـەتی غابـات ئەوەیە کە دیاریمان کردووە، لە بنەمای یاساکان، لە تەعریفەکان، سیاسەتی غاباتی ئەوەیـە کـە ئـەم یاسـایە دەرکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، ئێستا یاساکە بە تێکڕایی کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کـێ لەگـەڵ دا نیـە؟ حـەوت کەس لەگەڵ دا نیە بەزۆریەی دەنگ پەسەند کرا، دەست خۆشیتان لێدەکـەین ماوەیـەکی زۆر موناقەشـەتان کرد، هیلاك بوون، ماندوبوون، ئومێدی ئـەوە دەکـەین دارسـتان کـە سـەروەتێکی نیشـتمانیە، و، یەکێکـە لـە دیمەنە جوانـەکانی هەر وڵاتێك، ئومێد دەکەین هەموو لایەکمان بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسـایە، بـۆ ئـەوەی دارسـتانەکانمان بپـارێزین، سوپاسـی جـەنابی وەزیـریش دەکـەین کـە ئـەو ماوەیـە لەگـەڵمان بـوو، بەشـداری کردین بۆ دەرکردنی ئەو یاسایە، ئێستا بزانین دوا قسە جەنابی وەزیر چ قسەیەکی هەیە؟ با بفەرموێ،

**بەڕێزد. سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو،**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلـەمان دەکـەین، ئـەو سـێ لیژنەیـەی پەرلـەمان کـەوا هاوکاریمانیـان کـرد، بـە هەمان شێوە خوشکان و برایانی پەرلەمانتاری کوردستان، کەوا بەڕاستی قانوونەکەیان زۆر دەوڵەمەند کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەموو لایەك و پیرۆز بایی لە میللەتەكەمان دەكەین، جەنابی وەزیـر جـەنابت ئـازادی سوپاسـت دەكەین، دەتوانی بۆ خۆت ئازاد بی، ئێستا ئێمـە دەچینە سـەر بڕگـەی تـر، سـەر بڕگـەی دووەم، فـەرموون ئێوەش لیژنەی كشتوكاڵ ئازادن، ئەویش نەخۆشی شێر پەنجە و دەنگدان لە سەرپێشنیاری یاسا و صندوقی هاوكاریكردنی نەخۆشەكانی شـێر پەنجـەو نـەخۆشی قـورس، لیژنـەی یاسـایی لێـرەن، لیژنـەی تەنـدروستی فەرموون، فەرموو كاك گوران،

**بەڕێز گوران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خودی ڕاپۆرتەكە بە غیابی وەزیری تەندروستی نووسرایە، دەنگدانیش بە غیابی وەزیری تەنـدروستی پـێم وایە خەلەل لە یاساكە دروست دەكات،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو گەردەنی ئازادكردووین، فەرموون لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز هاوڕاز شیخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش**

لـە بـەرواری 2012/10/2 هـەردوو لیژنـەی تەندروسـتی و ژینگـە و لیژنـەی یاسـایی كۆبوونـەوە و بـە سەرپەرشتی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، بە مەبەستی ئامـادەكردنی ڕاپـۆرتی هاوبـەش، لـە بـارەی پـرۆژە یاسـای صـندوقی كۆمـەك بـۆ تووشـبوانی شـێر پەنجـە و نەخۆشـیە قورسـەكان، لـە پـاش گفتوگۆكردن و بە هەند وەرگرتنی پێشنیار و تێبینیەكانی ئەندامان، گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1.سەبارەت بە ناوی یاساكە دوو ڕا هەیە،

أ. ڕای یەكەم ناوەكەی وەك خۆی بمێنێتەوە واتا صندوقی هاوكاریكردنی تووشبوانی شێرپەنجەو نەخۆشـیە قورسەكان،

ب. ڕای دووەم نـاوی یاسـاكە بـەم شـێوەیە بێـت صـندوقی كۆمـەك بـۆ تووشـبوانی شـێرپەنجە، زۆرینـەی ئەندامانی لیژنەی هاوبەش لەگەڵ ڕای یەكەمن.

2.ماددەی یەكەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە صندوقێك پێك دێت بەناوی صندوقی كۆمـەك بـۆ تووشـبوانی شـێرپەنجە و نەخۆشـیە قورسـەكان، خـاوەنی كەسـایەتی مەعنەویـە و لـە ڕووی دارایـی و كارگێڕیـەوە سەربەخۆ دەبێت و بە وەزارەتی تەندروستیەوە دەبەسترێتەوە،

3. سەبارەت بە ماددەی دووەم ڕای زۆرینەی ئەندامانی لیژنەكە ئەوەیـە كـە ماددەكـە بـەم شێوەیە دابڕێژرێتـەوە، مـاددەی دووەم، ئامـانجی صـندوق بـەدیهێنانی ئەمانـەی خوارەوەیـە: صـندوق بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ لایەنـە پەیوەندیدارەكان كار دەكات بۆ دابینكردنی باشترین ڕێگای چارەسەر كردن و ڕێكارەكانی خۆ پاراستنی هاووڵاتیـانی كوردستان، ئەوانەی حاڵەتی شێرپەنجە و نەخۆشیە قورسەكانیان هەیە، كە پێویستیان بـە پشتگیریەكی چڕ هەیـە،

بۆ دابینکردنی پێداویستی چارەسەری داو و دەرمان و ئامێری پزیشکی لە بنکەی پسپۆڕ، بۆ چارەسەرکردن لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم،

4.لیژنەی هاوبەش لەگەڵ لێکدانی ماددەی سێیەم و شەشەم دارِشتنەوەیەکە بەم شێوەی خوارەوە: ماددەی سێیەم: صندوق ئەو ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ،

1. هاوکاریکردنی لایەنی پەیوەندیدار لە دروستکردن و پێشخستنی بنکەکانی تایبەت بەچارەسەرکردنی تووشبوانی شێرپەنجەو نەخۆشیە قورسەکان،

2. خاوەنداریێتی کردن و پاراستنی سامانی گواستراوەوەو نەگواستراوە و، بەکارهێنانیان بە گوێرەی یاسا کار پێکراوەکان،

3. ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ دابینکردنی چارەسەری پزیشکی گونجاو لە سەنتەری پزیشکی و کادیری تەندروستی و کۆمپانیای نیشتیمانی و بیانی،

4. ئەنجامدانی توێژینەوەو بە دەست هێنانی داتاو ئاماری پێویست لە لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی صندوقەکە.

5. صندوق مافی پەنا بردنە بەر دادگای هەیە، لەو ئەرك و مافانەی کە لە سەریەتی یان هی خۆیەتی،

6.دانانی پەیرەوێکی ناوخۆ بۆ بەرێوەبردنی کاروبارەکانی صندوق،

7. دانانی پرۆژە بودجەی خەملێنراو و ژمێرەی کۆتایی ساڵانەی صندوق،

8. پێداچوونەوەی ڕاپۆرتی خولی، سەبارەت بە چۆنیەتی بەرێوەچوونی کاری صندوق و سیستەمی دارایی صندوق،

9. دانانی پێوەرەکانی و مەرجەکانی پێویست بۆ دەست نیشانکردنی سوودمەندبووان لە خزمەتگوزاریەکانی صندوق،

10. دانانی پیلانی بەردەوام بوون و گەشەپێدانی وەبەرهێنان و سەرچاوەکانی داهاتی سندووق.

یازدەم: دیاریکردنی نەخشە ڕێگای سیاسەتی گشتی کە سندووق لەسەری دەڕوات، بڕیاردانی ئەو پلانانەی کە بەڕێوەچوونی کاری تێدا کۆنترۆڵ دەکات.

دووەم: سەرۆك لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەن بە هەڵبژاردن دادەنرێت، ماوەکەی چوار ساڵ دەبێت و دەکرێت بۆ یەکجار نوێ بکرێتەوە.

ماددەی شەشەم

یەکەم: ئەنجومەن لانی کەم مانگێ یەکجار کۆدەبێتەوە و لەکاتی پێویست بە بانگهێشتی سەرۆکی ئەنجومەن کۆبوونەوە ئەنجام دەدات.

دووەم: کۆبوونەوەی ئەنجومەن بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامان ئەنجام دەدرێت بڕیاریش بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان دەبێت و گفتوگۆ و بڕیارەکانی ئەنجومەن لە تۆمارێکی تایبەت دەنووسرێتەوە.

سێیەم: ئەنجومەنی بەڕێوەبردن ڕاپۆرتە خولیەکانی خۆی لەبارەی چالاکیەکانی سندووق دەخاتە بەردەم وەزیری تەندروستی.

چوارەم: وەزیر بەدواداچوونی سندووقی لەسەرە کە هەتا چەند پابەندی حوکمەکانی ئەو یاسایەیە گەر بۆی دەرکەوت هاودژیەك لە کارو بڕیارەکانی سندووق لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا هەیە، یان سندووق ئامانجەکانی بەشێوەیەکی بەتوانا و کاریگەر جێبەجێ نەکردووە بۆی هەیە لەسەرئەوە تانە بگرێت، ئەگەر ئەنجومەن سوور بوو لەسەر ڕای خۆی وەزیر بابەتەکە بەرزدەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی 7 ڕۆژدا لە بەرواری تانەکە، دەبێت ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری پێویست وەربگرێت لە ماوەی 15 ڕۆژدا.

حەفتەم: سەبارەت بە ماددەی نۆیەم لە ئەصڵی پرۆژەکە لیژنەی هاوبەش ڕای وایە ماددەی نۆیەم و سێزدەم لێك بدرێت و دەبێت بە زنجیرەی ماددەی حەوتەم و بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە.

ماددەی حەوتەم

یەکەم: سندووق بەڕێوەبەرێکی جێ بەجێکاری دەبێت کە دادەمەزرێت لە لایەنی ئەنجومەنی وەزیرانەوە و چەند فەرمانبەرێك یاریدەدەری دەبن کە تەنسیب دەکرێن لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە و بارەگاکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت .

دووەم: سندووق بەڕێوەبەرێکی جێبەجێکاری دەبێت ، تەنسیب و لادانی لە کارەکەی بەبڕیاری زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووقەکە دەبێت.

پێنجەم: سەبارەت بە ماددەی چوارەم، لیژنە لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی چوارەم: سەرچاوەکانی داهاتی سندووق لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

یەکەم:ئەو پارەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە تەرخانی دەکات لە بودجەی گشتی هەرێم.

دووەم: بەشێك لە داهاتی سندووقەکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دابین دەکرێ.

سێیەم: دانانی ڕێژەی (5 ٪) لەو باج و ڕسومتانەی کە دەخرێنە سەر ئەو شت و مەك و بەرهەمە زیان بەخشەکان کە زەرمەندن بۆ تەندروستی لەسەر کەل و پەل و بەرهەمی ناوخۆ و هاوردەکراو وەردەگیرێت بۆ بەرژەوەندی سندووق.

چوارەم: بژاردەی (غرامە)ی وەرگیراو تایبەت بە قەدەغەکردنی جگەرە کێشان.

پێنجەم: ڕێژەی 50٪ لەو بژاردانەی بەسەر ئەو ماددە و خۆراکانەی کە مەرجی سەلامەتی و تەندروستیان تێدا نی یە .

شەشەم: ڕێژەی 25٪ لەو غەرامانەی کە چاودێری تەندروستی وەری دەگرێت.

حەوتەم: پیتاك و کۆمەك و بەخشین، دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ، گەر لە دەرەوەی هەرێم بێت.

هەشتەم: داهاتی چالاکیی سندووق.

نۆیەم: أ- زیادکردنی ڕێژەی 5٪ بۆ ڕەسمی تۆمارکردنی هەموو جۆرە ئوتومبیلێك و گواستنەوەی موڵکداریێتی و نوێ کردنەوەی ساڵانەی (سنویە) وەردەگیریت بۆ مەبەستی سندووق .

ب- ڕێژەی 2٪ لەو غەرامانەی سەرپێچی هاتوو و چۆ وەردەگیرێت.

**شەشـەم: سـەبارەت بـە مـاددەی پێنجـەم لـە ئەصـڵی پرۆژەکـە، لیژنـەی هاوبـەش ڕای وایـە هەریەکـە لـە ماددەکـانی پێنجـەم، حەوتـەم و هەشـتەم دابرێژرێتـەوە لـە چوارچـێوەی دوو مـاددە بـە زنجـیرەی مـاددەی (پێنجەم) و (شەشەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**ماددەی پێنجەم یەکەم: ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردن بەناوی ( ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق) لەمانـەی خوارەوە پێك دێت:**

1. **بەڕێوەبەری هەر یەك لە سەنتەرەکانی چارەسەری شێرپەنجە لە پارێزگاکانی هەرێم.**
2. **نوێنەری وەزارەتی تەندروستی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.**
3. **نوێنەری وەزارەتی دارایی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.**
4. **شارەزایەك و راوێژکارێك پسپۆر بێت لە ناوەوەو دەرەوەی وەزارەت.**

**ماددەی چواردەهەم لە ئەصڵی پرۆژەکە دادەرێژرێتەوە و دەبێتە زنجیرەی ماددەی (هەشتەم) بەم شێوەیە:**

**ماددەی هەشتەم: وەزیری تەندروستی دەبێت بڕیاری پێویست تایبەت بە جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.**

**نۆ: ئەوەی پەیوەندی بە مـاددەی (پـازدەی) پرۆژەکـەوە هەیـە دارێژرێتـەوە لـە چوارچـێوەی دوو مـاددە بـە زنجیرەی ماددەی نۆیەم و دەیەم و بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**هاوڕاز خان یەك دەقیقە بزانین کاك عبدالسلام نوقتەی نیزامی هەیە، بەڵێ فەرموو.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە خوێندنەوەی دووەم بۆ هەر ماددەیەك مەجموعەیەك پێشنیار و ئیقتراح هات، بەتایبەتی ئەم ماددەی پێش ئێستا، بۆچوونێکی تر هەبوو بۆ پێکهاتەی ئەو مەجلیسە، دەیخوێنیتـەوە کـە ئەنـەما شـتێك نـەبووە، بۆیە من پرسیار دەکەم ئەم راپۆرتە چیە؟ ئـەنجامی ئـەو گفتوگۆیـەی کـە لـە خوێندنـەوەی دووەم کـرا، بـۆ وەرگرتنی ڕاو پێشنیارەکانی ئەندامان بوو، یان هەر بەخۆیان ئەم دەقـە نـازانم لـە کـوێ هـاتووە؟ بۆیـە مـن وەك نوقتەی نیزامی دەزانم، دەمـەوێت بـزانم لـەو ڕاپۆرتـە دەنـگ لەسـەر چ بـدەین؟ یـەعنی ئێمـە هـەموو ئەندامەکان دانیشتوون بەتایبەتی ئەو سندووقە، ڕەئیەك هەبوو بەشـێوەیەکی تـر بێـت، چـی لێهاتیـە ئـەو ڕەئیانە؟ ئێستا ئەمە ئەگـەر بخوێنرێـت و ئێمـە ماددەمـان دەنگـی لەسـەر بـدەین، یـەعنی ڕەئیـەکانی ئێمـە هـەمووی پشـتگوێ خـران، بۆیـە ڕەجاتـان لـێ دەکـەم ئـەم ڕاپۆرتـە مـن نـازانم چـیە؟ تـەعبیر لـە دانیشـتنی دووەمە، ڕەئی خۆیانە یان پرۆژەیەکی تازەیە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك گۆران.**

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەواو پشتگیری قسەكانی كاك عبدالسلام دەكەم، پرۆتۆكۆلی پەرلەمان و قسەی ئەندامانی پەرلەمان ببینن، لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتە هیچی وەك یەك نایەتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بەهەمان شێوەی هاوكارانم، بە حەقیقەت من بۆ خۆم و چەند بەڕێزێكی تریش لەسەر ماددەی سێیەم و چوارەم ڕەئیمان داوە، هیچ ئیشارەتێك بەو ڕەئیانە نەدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو تێڕوانینەی كە ئەندامانی بەڕێز ئاماژەیان پێدا، من پێشنیار دەكەم بە حوكمی دوو هۆكار:

یەكەم: بە هەند وەرنەگرتنی بۆچوونی پەرلەمانتاران.

دووەم: بەهۆی ئامادە نەبوونی وەزیری تەندروستی، كە لەڕاستیدا بەهانەی هەرچیەك بێت دەبێت ئامادە بێت، داوا دەكەم ئەم دانیشتنە تەئجیل بكرێت و، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرمووو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم پرۆژەیە زۆر دەمێكە جەنابتان دەزانن خوێندنەوەی دووەمی بۆكراوە و، گفتوگۆیەكی تەواو بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری تەندروستی لەسەر ئەم پرۆژەیە كراوە و، ئێستا كە بەڕێز وەزیر ئامادە نەبووە یان سەرۆكایەتی ئاگاداری نەكردووەتەوە یان وەزیر بۆ خۆی موهتەم نەبووە بەوەی بێت، لە هەردوو حاڵەتەكەدا ناكرێت پرۆژەیەكی وا گرینگ، بۆ دروست كردنی سندووقێكی وا گرینگ دوا بخرێت، لەبەرئەوەی كە بە تەنیا وەزیر لێرە ئامادە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هاوکارانم دەکەم، کە ئەو ڕاپۆرتە هیچ دید و بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمانی تێدا ڕەنگ نەداوەتەوە، بەتایبەتی کە ماددەی پێنج و حەوت و هەشت تایبەت بە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، شتێکی تریان سیاغە کردووە کە من بۆ خۆم لەناو ئەو هۆڵە گوێم لێ نەبووە کەس ئەمە باس بکات، ئەوەی کە پرسیاری لەسەرە و تەئید کراوە، ڕایەکەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی بووە نەك ئەمە، ئەمە شتێکی تازەیە کە خۆیان دروستیان کردووەو هیچ پەیوەندی بە ڕای ئێمەوە نیە، بۆیە منیش هاوڕام لەگەڵ کاك سالار، کە ئەم کۆبوونەوەیە تەئجیل بکرێت و، راپۆرتەکە بەشێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە، کە دید و بۆچوونی ئەندامان بێت نەك هی ئەو لیژنەیەی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێستا ئێمە پەیوەندیمان بە بەڕێز دکتۆر رێکەوت وەزیری تەندروستیەوە کرد، ئاگای لە راپۆرتی یەکەمە کە لە لیژنەی یاسایی نووسراوە، کە ئێستا ئەو راپۆرتە هەر نەماوە، ئەو راپۆرتەی ئێستا لەبەردەمی ئەندامانی پەرلەمانە زۆر جیاوازە لەوەی کە پێشتر ئامادە بووە، وەزیر رەزامەندی خۆی لەسەر دەربڕیوە، لەبەرئەوە دەبێت ئەو ئامادە بێت تا بزانین ڕای ئەو چیە تا لەسەر ئەو ئەساسە دەنگ بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رازاو خان فەرموو.

**بەڕێز رازاو محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕای هاوکارانم دەکەم، کە دەنگدان لەسەر ئەو پرۆژەیە دوا بخرێت، تاوەکو راپۆرتی هاوبەش دێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان و، بەڕێز وەزیری تەندروستی ئامادە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رووف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆئەوەی مونسیف بین و عادیل بین، حەقە تەلەفزیۆنی پەرلەمان جەلسەکە لە پرۆتۆکۆل لێداتەوە، ئەوەی کە موناقەشەی ئەو قانونەمان لەسەر کردیە، خۆشمان بەراورد بکەین ئەوانیش ئەو شتەی کە نووسیتمان بمان دەنەوە، بۆئەوەی بتوانین حوکمی لێ بدەین و تەسویتی لەسەر بکەین بزانین چۆن دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تێبینیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە لە پرۆژە یاسای پێشتریش هەمان ئەو تێبینیانە گوتران، بەلاّم دیارە چونکە ئەمە هەموو راپۆرتەکە دەخوێنینەوە، هەموو تێبینیەکان تێکڕا ڕوویان لە ئەوە کرد، لە حەقیقەت دا ئێمە پێمان باشە ئەگەر لە کام مادده من لەگەڵ ئەوە نیم ڕای ئەندامان وەرنەگیرێت، لەکام مادده ڕای ئەندامان وەرنەگیراوە دەکرێت ئەو ڕای ئەندامانە بدرێتە دەنگدان، ئێمە لەگەڵ ئەوە داین، بەلاّم ناکرێت کۆی راپۆرتەکە بڵێ ڕای ئەندامان نیە، بەڕاستی ئەمە لەجێگای خۆی نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتەکە ئامادەکراوە، لە ئەنجامی ئەو پێشنیارانەی کە لەناو دانیشتنەکەی ڕابردوودا سەرجەم ئەندامان خستیانەتە ڕوو و، هەریەکە لە هاوڕاز خان و دکتۆرە جیهان لێرە دانیشتوون ئەو ڕایانەیان نووسیوەتەوە، ئەندامانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی دواتر دانیشتوون، لەسەر بنەمای پێشنیارەکان ئەو راپۆرتە ئامادە کراوە، لە دانیشتنی یەکەمیش وەزیری تەندروستی ئامادە بووە، بەلاّم ئەوەی کە هەر کەسێك و پێشنیارێکی کردووە لێرە نەنووسراوە، خۆ ئەمە لە راپۆرتی هیچ لیژنەیەکیش ئەمە نەکراوە، ئەگەر قەرار وایە هەموو پێشنیارەکان بخەینە دەنگدانەوە، کەواتە با ئێمە هەموو ئەو پێشنیارانەی کە کراون یەك، یەك بیخەینە دەنگدانەوە، ئەصڵەن پێویست ناکات بۆی کە راپۆرتی هاوبەش بنووسین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حەز دەکەم بەڕێزتان ئاگادار بن، سەرۆکایەتی خۆشی لەگەڵ لیژنەی تەندروستی و لیژنەی یاسایی دانیشتین، سێ سەعاتێك دانیشتین لەگەڵیان، هەتا نیهایەتی، دوای موناقەشەیەکی زۆر هەتا گەیشتینە سیغەیەکی نیهائی، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێزم هەیە بۆ بۆچوونی هەر دوو ئەندامی لیژنە، ئەمە داب و نەریتی پەرلەمانە ئەوانەی پێش منیش لێرە بوون، ئەگەر زیاتر لە (3) کەس پێشنیارێکیان پێشکەش کرد، تۆ دەبی بڵێی هەتا ئێستا پێش نیو سەعات یاسایەکمان دەنگی لەسەر درا، دەبی بڵێی دەربارەی ماددەی حەوتەم، سێ ڕەئی هەبوو، دوو ڕەئی هەبوو، ڕەئی خۆت بڵێ، بەلاّم نەتەنها بێی ڕەئی خۆت لەسەر من فەرز بکەی، ئەوە دکتۆرە رۆژان لێرەیە با بۆمان باس بکاتەوە، کاك عمر و ئەوان، بۆیە ئەم راپۆرتە بەڕاستی ئەمە شێوەیەکی تازەیە، ئەگەر

بتانەوێت ڕەئی خۆتان لەسەر ئێمە فەرز بکەن من بەشدار نابم لەوە، هیوادارم ئەو خوشك و برایانەش نەهێڵن، چونکە ئەوە دەست پێکێکی خراپە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز ناکەم باسی زۆر وردەکاری نووسینی ئەو راپۆرتە بکەین، بەلاَم بۆ کاك دکتۆر ڕێباز کۆمەڵێك شتی جەوهەری باسکرا، شتی شکلی قەینا ئەندامێك دوو شتی دەڵێت، شتی جەوهەری لەو یاسایە باسکرایە، نەك سێ کەس زیاد لە سێ کەسیش پێشنیاری کرد هەر بەلای دانەچووین، لەبەرئەوە داوا دەکەم ئەو دانیشتنە...

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی کە زۆرترین قسەی لەسەر بووە، ئێمە لێرە ئیشمان لەسەر کردووە، بەلاَم ئامادەشین لە هەر ماددەیەك پێشنیارێك ئێمە لەبیرمان کردووە، دەتوانی هەر ئەو ئەندامە هەستێتەوە لێرە پێشنیارەکە بخاتە ڕوو، دەیخەینەوە دەنگدان هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ئەوە نیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە پەیوەندیدار بوو بە لیژنەی تەندروستی، بەلاَم بەڕاستی لە ئەنجامی گفتوگۆ و لیژنەی هاوبەش کێشەی دروست کردووە، یەعنی کێشەی دروست کرد، بۆئەوەی دوای چەندین دانیشتن گەیشینە ئەو ئەنجامەی کە راپۆرتێکی هاوبەشی وا دەربچێت، من پێم وایە بۆئەوەی چارەسەری ئەو پرۆژەیە بکەین و، راپۆرتەکانیش سەرکەوتوو بێت، لە هەر ماددەیەك سێ پەرلەمانتار ڕەئی هەبووە، کە پێویستە ئەم ماددەیە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە یان ناوەڕۆکەکەی بەو شێوەیە بێت بیخەینە دەنگدان، بۆئەوەی چارەسەر بکرێت، چونکە جارێکی تر ئەگەر بچینەوە دانیشتن بڵێ تەئجیل کرێت ئەم دانیشتنە، ئەمە کێشە جارێکی تریش دروست دەکاتەوە بۆ ڕەئی جیاواز و موناقەشەی ئیتر، ئێستا هەر ماددەیەك لێرە موناقەشەی لەسەر دەکەین، لە دانیشتنی پێشوو هەر برادەرێك، سێ برادەر پێشنیاری کردووە کە بەم شێوەیە نەبێت بەو شێوەیە بێت، دەیخەینە دەنگدان کامیان قبوڵ کرا ئەو تەسبیت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی سەرەتا لیژنەی یاسایی راپۆرتێکی نووسی و، بەڵام دوایی راپۆرتەکە دکتۆرە رۆژانیش خۆی ئاگادارە، دیارە بوو بە لیژنەی هاوبەش و ئەو راپۆرتە گۆڕانکاری تێدا هات، بۆیە منیش یەکێکم لەوانەی کە خۆم تێبینیم لەسەر نووسیوە، کۆمەڵێك بیروبۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان هەبوو تۆمار نەکراوە، لەبەرئەوە پێویستی بە دارشتنەوەی راپۆرتەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر رێباز.

**بەڕێز رێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك ئارام و کاك گۆران هەردووکیان لەو کۆبوونەوەیە ئامادە بوون، کە موشتەرەك بووە هەردووکیان ئەندامی لیژنەی یاسایین، ئەگەر ئێمە پێشنیارێکمان نەکردووە لەبیرمان چووە بۆئەوان باسیان نەکرد لەوکاتە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دوو ڕای جیاواز هەیە، هەردوو ڕایەکە زیاد لە سێ کەس تەئیدی دەکات بیانخەنە دەنگدانەوە، تەئجیل بکرێت یان بەردەوام بین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە رەئیەکەی کاك کاردۆ دەکەم، دوای نەخەین باشە، هەمووی دە ماددەیە، ئەو ماددانەی کە تێبینیان لەسەرە، واتا ئەندامە بەڕێزەکان تێبینیان لەسەر هەبووە، تێبینیەکانیان بە هەند وەردەگیرێت و دەخرێتە دەنگدان و یەکلا دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من دوا بخرێت، چونکە ئەو سندووقە بە سەرپەرشتی وەزارەتی تەندروستیە، وەزیری تەندورستی پێویستە ئامادە بێت، چۆن دەبێت شتەکە تەندروستیە وەزیر ئامادە نییە؟ بۆیە داوا دەکەم دوا بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من ڕەئیم وا بوو ئەم گفتوگۆیە تەئجیل بکرێت، بەڵام لەوە زیاتر من داواکارم سەرۆکایەتی پەرلەمان سەلاحیەتی خۆی بەکار بێنێت بە حوکمی ئەوەی تێبینی پەرلەمانتاران دەرکەوت ئەو ڕاپۆرتە تەواو نییە، وەزیری تەندروستیش ئامادە نییە، هەر هۆکارێکی هەبێت، دەبێت ئامادە بێت، سەلاحیەتی خۆتان بەکار بێنن بۆ کۆتایی هێنانی دانیشتنەکە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عومەر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەچوارچێوەی ئەو قسانەی کە چەند پەرلەمانتارێك ئێستا خستیانە ڕوو، مانای وایە ئەو ڕاپۆرتەی کە ئامادە کراوە لەگەڵ ڕێزم بۆ ماندوو بوونی ئەو بەڕێزانەی کە موشارك بوون لە ئامادە کردنی، کەموکوڕی هەیە لەوەی کە هەندێك ڕەئی لە بەڕێزان، لە پەرلەمانتارەکان، لە کۆبوونەوەکانی تر تایبەت بە موناقەشە کردنی ئەم یاسایە کە خستبوویانە ڕوو تێیدا نییە، لەبەر ئەوە ڕاپۆرتەکە بە نوقصان هەژمار دەکرێت، بۆیە من داوا دەکەم ئەو ڕایەی کە بەڕێزان پەرلەمانتاران خستبوویانە ڕوو سەبارەت بەوەی کە جارێکی تر ڕاپۆرتی تر ئامادە بکرێت و، لە دانیشتنی داهاتوودا موناقەشەی بکرێت بە ئامادە بوونی وەزیر، دانیشتنەکە دوا بخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەرژەوەندی لەوە دەبینم ئەم دانیشتنە دوا بخرێت لەبەر خاتری ئەوەی ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل و، هەروەها وەزیریش ئامادە بێت، هیچ کێشەیەکیش نییە، یەعنی من لەگەڵ ڕێزو پێزانین لیژنەی هاوبەش،

ئەوانیش دەبێت تەحەمولی ئـەوە بکـەن کـە صیاغەیەکی تـازە بکرێتـەوەو هـەموو بـیرو بۆچوون و گۆشـە نیگای پەرلەمانتارانی تێدا بێت و وەزیریش ئامادە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە راپۆرت هەر کەموکوڕی دەبێت، هەر ئەو یاسایەی دارستان کە ئێستا پەسندمان کرد زۆری لـە ئەنـدامان دەیانگوت رەئیمان داخیل نەکراوە لەگەڵ تەرح کردن و ئـەوەی کـە تەئکیـد کـە رەئـی سـێ کـەس هەیـە لەسـەر ئـەو بابەتە داخیل دەکرێت، من پێموایە تەئجیل نەکرێت، چونکە هەر چ کەموکورییـەکی هـەبێت ئەمـە تـەنها دەنگـدان نییە، هەر ماددەیەك دەتوانرێت قسەی لەسەر بکرێت، ئیزافە هەبێت ئیزافە بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەگەر بەردەوام بین لەسەر موناقەشـە کردنـی ئـەو راپۆرتـە هاوبەشـە زیـاتر تووشـی ئـاڵۆزی و ناکۆکی دەبین لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان، هەم خوێندنـەوەی یەکـەم و دووەمـی بـۆ کـراوە، ئـەوە دەبێتـە خوێندنەوەی سێیەمی و ناگەینـە ئـەنجام، لەبـەر ئـەوە بـۆ ئـەوەی وەزیـریش ئامـادە بێـت لـە کۆبوونـەوەی داهاتوو باشتر وایە تەئجیل بکرێت و ئەو کێشەیەش حەل بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا لە بەڕێزت دەکـەم بەڕاسـتی نـەبێت بـە یاسـاکەی پێشـوو، کـاك جـەلال دەزانێـت کۆمـەڵێك شـت لـە ئەسنای موناقەشات لامان برد بوو دیسان هاتبۆوە قسەشمان لەسەر کرد بە هەند وەرنەگیراو، ئەوە جـەنابی دانیشتووە، بۆیە تکا دەکەم ئەمـەیان بـا تێـرو تەسـەل بێـت وەکـو ئـەوەی پێشـووی لـێ نەیـەت، دوا بخرێـت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك رێباز فەرموو.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دانیشتنەش دوا بخرێت هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، ئەو پێشنیارانەی کە لەلای ئێمە بووە، من دڵنیاتان دەکەمەوە کە بە هەندمان وەرگرتووە، بەڵام ئەگەر پێشنیارێك کراوە بۆ لابردنی ماددەیەك و دوایی لێرە جێ بەجێ نەکراوە، ناکرێت لەسەر دەنگی یەك کەس، یان دوو کەس تۆ ماددەیەك ئیلغا بکەیتەوە، بەڵام دواتر دەتوانرێت بخرێتە دەنگدانەوە کە ئەو ماددەیە لا ببرێت، من تێ ناگەم ئەو پێشنیارە زۆرانە چین کە ئەو ئەندامە بەڕێزانە تێبینیان لەسەر ئەوەیە کە ئێمە جێ بەجێمان نەکردووە لێرە؟ با پێمان بڵێن بزانین ئەو تێبینیانە چین؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە جیهان.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم هەر لە پرۆژە یاسای پێش ئێستا پرۆژە یاسای دارستان زۆر پێشنیاری ئەندامانی بەڕێز بە هەند وەرنەگیرا بوو، بەڵام لێرە هاتنە بەرچاو گرتن و تەصویتی لەسەر کرا، ئێستا نازانم بۆ لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە ئەم هەموو قسەیە دەکرێت بۆ تەئجیل کردنی ئەم پرۆژە یاسایە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی موناقەشەکە دوو خەتی جیاوازی یەکترن بەڕاستی ئێمە داوا دەکەین لە لیژنەی هاوبەش بە پرۆتۆکۆلەکاندا بچنەوە، جارێکی تر گوێ بگرنەوە لە رەئی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بزانن ئەگەر تێبینیەك، رەئیەك، یان چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێز شتێکیان گوت بێت نەخرا بێتە ناو راپۆرتەکەوە، راپۆرتەکەی پێ دەوڵەمەند بکەن، یان رەئیە جیاوازەکان بخەنە ناو راپۆرتەکە، بەڵام دەشمانتوانی هەر لە سەرەتاوە موناقەشەی مادده بە مادده بکەین و رەئیە جیاوازەکانمان دەخستە موناقەشەوە، لەبەر ئەوە ئەم دانیشتنە تەئجیل دەکەین تا دوو شەممەی داهاتوو سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ بە خواتان دەسپێرین هەربژین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 15\10\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)

**دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/10/15**

**کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2012/10/15 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (12)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/10/15 دا بەم شێوەیە بێت:**

**بەڕێزد. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن 12، ڕۆژی دانیشتن 2012/10/15، بەرنامەی کار، بە پێی حوکمەکانی بڕگە یەکی مادده 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 12 ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 11 ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/10/15 بەم شێوەیە بێت:**

**1-دەنگدان لەسەر پێشنیاری یاسای سندوقی پێشنیاری هاوکاری کردنی شێرپەنجە و نەخۆشی قورس.**

**2-خستنە ڕوو و گفتگۆکردنی پێشنیاری یاسای قوتابخانە ئەهلیەکان و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**ئێستاش بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو خوشك و برایانە ئەخوێنێتەوە کە مۆڵەت بوون یان ئامادە نەبوون، با بفەرموێ.**

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ناوی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە 11 ی ئاسایی لە 10/10 مۆڵەت پێدراون یان ئامادە نەبوون، 23 ئەندام پەرلەمان ئامادە نەبووە، هەموویان مۆڵەتن بۆیە تەنها ناوەکانیان ئەخوێنمەوە.**

**1-امنە زکری سعید. 2-برهان رشید 3-بەیان احمد 4-پەیمان عبدالکریم. 5-تارا تحسین. 6-ئاواز عبدالواحید 7-حازم تحسین. 8- حەمە علی حەمە سعید. 9-د.دانا سعید صۆفی. 10-شۆرش مجید. 11-صبیحە احمد. 12-د.عمر حمد امین. 13-سمیر سلیم. 14-سۆزان شهاب. 15-شلێر محی الدین. 16-شڤان احمد. 17-کەیلی اکرم 18-لیلی امیر. 19-ناسك توفیق. 20-یاووز خورسید. 22-نەژاد عزیز.23-عظیمة نجم الدین. 23-عبدالله ملا نوری.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش دێینە سەر جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار، خاڵی یەکەم :

1-دەنگدان لەسەر پێشنیاری یاسای سندوقی پێشنیاری هاوکاری کردنی شێرپەنجە و نەخۆشی قورس.

لیژنە هاوبەشەکان فەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان.

بەخێرهاتنی وەزیری تەندروستی و مونەسیقی نێوانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەین، لیژنەی تەندروستی فەرموو مادده بە مادده بیخوێنەوە.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.**

**بابەت/ڕاپۆرتی هاوبەش**

لە بەرواری 2012/10/2 هەردوو لیژنەی تەندروستی و ژینگە و لیژنەی یاسایی کۆبوونەوە بەسەرپەرشتی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی ئامادە کردنی ڕاپۆرتی هاوبەش لە بارەی پرۆژە یاسای سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە و نەخۆشیە قورسەکان، لە پاش گفتوگۆ کردن و بە هەند وەرگرتنی پێشنیار و تێبینیەکانی ئەندامان گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1-سەبارەت بە ناوی یاساکە دوو ڕا هەیە،

ا-ڕای یەکەم ناوەکەی وەك خۆی بمێنێتەوە، واتە (سندوقی هاوکاری کردنی تووش بووانی شێرپەنجە و نەخۆشیە قورسەکان.

ب-ڕای دووەم ناوی یاساکە بەم شێوەیە بێ (سندوقی کۆمەك بۆ تووش بواونی شێرپەنجە)

زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی هاوبەش لەگەڵ ڕای یەکەمن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

بە عەرەبیەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**إلى/ رئاسة برلمان كوردستان -العراق**

**م/ تقرير مشترك**

اجتمعت لجنة الصحة والبيئة واللجنة القانونية بإشراف هيئة رئاسة برلمان كوردستان، بتاريخ 2012/10/2، لغرض إعداد تقرير مشترك حول مشروع قانون (صندوق إعانة مرضى السرطان والأمراض المستعصية)، وبعد المناقشة والأخذ بنظر الاعتبار مقترحات الأعضاء وملاحظاتهم، توصلنا إلى النقاط الآتية:

**1. فيما يتعلق بتسمية القانون هناك رأيان:**

**أ- الرأي الأول يرى الابقاء على التسمية كما هي، أي صندوق إعانة مرضى السرطان والأمراض المستعصية.**

**ب- الرأي الثاني يرى أن تكون تسمية القانون، كما يأتي: (صندوق إعانة مرضى السرطان).**

**وأغلبية أعضاء اللجنة المشتركة يؤيدون الرأي الأول.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا دوو ڕەئی هەیە، ڕەئیەکیان دوورترە، چونکە ڕەئی یەکەم ئەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەلأم ڕەئی دووەم کە زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی هاوبەش لەگەڵ ڕەئی یەکەمدان، جا تکایە ڕەئی یەکەم بخوێننەوە، ڕەئی (ب) دوورترە، ئەو دەخوێنینەوە و دەیخەینە تەسویتەوە، ڕای دووەم ناوی یاساکە بەم شێوەیە بێ (سندوقی کۆمەك بۆ تووش بووانی شێرپەنجە)، کێ لەگەڵ دایە؟ 48 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ 22 کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ سندوقی کۆمەك بۆ تووش بووانی شێرپەنجە ئەمێنێتەوە، فەرموو بۆ ماددەی دووەم.**

**بەڕێز زكيه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

- **ماددەی یەکەم بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:**

**سندوقێك پێك دێت بەناوی (سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجەو نەخۆشییە قورسەکان) , خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی یە ولە ڕووی دارایی وکارگێڕییەوە سەربەخۆ دەبێت و بەوەزارەتی تەندروستیەوە دەبەسترێتەوە.**

**بەڕێز جهان اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**. إعادة صياغة المادة الأولى على الوجه الآتي:**

**يؤسس صندوق بإسم (صندوق إعانة مرضى السرطان والأمراض المستعصية)، يتمتع بالشخصية المعنوية، والاستقلال المالي والإداري، ويرتبط بوزارة الصحة.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز کاتەوە؟ جارێکی تر بە کوردی و عەرەبی بیخوێنەوە، فەرموو کاك عمر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو پرسیارە بۆ تەوزیح کردن کە خوێندرایەوە، ئەو سندوقە کە پێی ئەوترێ سندوقی (إعانة مرضى السرطان يتمتع بالشخصية المعنوية، والاستقلال المالي والإداري، ويرتبط بوزارة الصحة.**

**بەرێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێباز.

**بەرێز ڕێباز فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم کێشەکە لەوەیە کە چۆن سەربەخۆیە و سەربە وەزارەتی تەندروستیشە؟ ئەم سندوقە تەنها بودجەی لە وەزارەتی تەندروستیەوە بۆ نایە، بەڵکە لە شوێنی تریشەوە بۆی دێ، لەبەر ئەوە ناکرێ بە تەواوەتی یەکەیەکی سەر بەوەزارەتی تەندروستی بێ، لەبەر ئەوە ئەتوانێ لە بڕیارە داراییەکان سەربەخۆ بێ، تەنانەت لە بڕیاری وەبەر هێنانیش ئەتوانێ بڕیاری سەربەخۆ بدات، بەڵام لە هەمان کاتێشدا لە ژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستی دا بێ، لەبەر ئەوە سەربەخۆیەکە و پێکەوە لکانەکە تەقریبەن تێکەڵ کراوە، یەعنی ناتوانی بڵێی بە تەواوەتی سەربەخۆیە و لە وەزارەتی تەندروستی دای بڕی، ناشتوانی بڵێی بە تەواوی سەربە وەزارەتی تەندروستیە.

**بەرێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام:

**بەرێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر تەئیدی هاوڕێ ئەکەم، بەڵام ئەم وتە جوانانە لەو دەقە نیە، ئەگەر ئەوەی ئێستا جەنابت باست کرد بۆمان دابڕێژی من دەنگی بۆ ئەدەم، واتە لە ڕووی کارگێری و داراییەوە سەربەخۆیە، ناگونجێ لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ببەسترێتەوە، جەنابت زۆر جوان شەرحت کرد نابەسترێتەوە، بۆیە ئێمە ئیعتیرازمان لەسەر ئەوەیە، عیلاجی بکەن یان وشەی دەبەسترێتەوە بیگۆڕن یان سەربەخۆیی دارایی و گارگێری نابێت کە دەبەسترێتەوە بە وەزارەت.

**بەرێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە ئەبێ سەر بە شوێنێك بێ، نابێ سندوقێك بێ سەربە هیچ وەزارەتێك نەبێ، تەرەف مەعنی ئەم سەندوقە ئەبێ ڕەبتێکی بە وەزارەت هەبێ، بەڵام خۆی موستەقیلە، لە ئیدارەکانی خۆی ئەبێ بە شوێنێکی مەعنیەوە مەربوت بێ، مەربوت بوونەکەشی بە وەزارەتی تەندروستیەوە ئەبێ، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەرێز د.ڕێکەوت حەمەرشید- وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ لە فەرمانگەکانم شەخصیەتی سەربەخۆیان نیە، ئەگەر بەمنەوە ببەسترێتەوە ئەبێ لەژێر چاودێری ئێمەدا بێ، ئەگەر بەمنیش نەبەسترێتەوە ئەوە جیایە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سندوقە سندوقی نەخۆشیەکانی سەرەتانە، مەسرەفی ئەو سندوقە و ئیش و کاری ئەو سندوقە ئەبێ لە ڕێگای وەزارەتی صەحەوە بێ، ئەبێ وەزارەتی صەحە سەرپەرشتی بکا و ئاگای لێ بێ، ڕاستە سندوقێك دروست ئەکرێ سەربەخۆیی سندوقەکە یەعنی چی؟ ئەبێ ئەم سندوقە لە ژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستی دا پارەکانی سەرپەرشتی بکرێ، ئەبێ بەو شێوەیە بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەابزانم گۆڕینی وشەکە لە بەستنەوەوە بۆ سەرپەرشتی کردن یاخود چاودێری کردن لەوانەیە ئەو کێشەیە چارەسەر بکا، یەعنی لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتی تەندروستی بێ، یان لەژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستی بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە باس لە سەربەخۆیی ئەکەین سەرەتا کە باسمان لە پێکهێنانی ئەم سەندوقە کرد مەبەستمان لامەرکەزیەت بوو، کە باس لە سەربەخۆیی کارگێڕی و یاسایی ئەکەین مەبەستمان ئەوەیە سەربەخۆ بێ، بۆ هەموو بڕیارێك نەگەڕێ پرس بە وەزیر بکا یان بە دەستەیەك لەخۆی بەرزتر بێ، کە باس لە ئیستیقلالی دارایی ئەکەین مەبەستمان لەو داهاتەیە کە لەماددەکانی داهاتوو دا هاتیە، داهاتی سندوقەکە، لە خەرج کردنی ئەو داهاتانە نەگەڕێتەوە پرس بە وەزیر بکا، بەلاّم دەبێ سەربەلایەنێك بێ، و ئەمە یەکەمجار نیە، چەند یاسایەکی ترمان لەبەر دەستە، سندوقەکانی ترمان پێك هێنایە هەمووی سەربەلایەنێك بوونە، لەبەر ئەوەی کەسایەتی مەعنەوی هەیە لە ڕووی بەڕێوە بردنی کاروبارەکانی، لە ڕووی بەڕێوە بردنی ئەو داهاتەی کە لە سندوقەکە دادەنرێ، واتە پرس بەلایەنێکی تر ناکا، بەلاّم پێویستە سەربەلایەنێك بی، باشە ئەو سندوقە پێویستی بە فەرمانبەر هەیە، پێویستی بە شوێن هەیە، نابێ سەربەلایەنێك بی تا ئەو شوێنانەی بۆ دابین بکا؟ تەنها لەبەر هەندێ کە دەڵێین (یرتبط بوزارة الصحة)، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش بەرێز سکرتێری پەرلەمان هەندێ تێبنی هەیە با بفەرموێ.

**بەرێز فرست احمد عبدالله / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئیش و کاری خۆی ئەو سندوقە موستەقیلە، ناحیەی مالی و ئیداری، بەلأم ئەگەر بڕیارێك بدات لەسەر ئیش و کاری خۆی موستەقیلە، بەلأم لە هەندێ لایەنەکانی تر مەربوتی بە وەزارەتی صەحەیە، مەسەلەن یەك لەوان قەزیەی مەعاشە، موخەصەصاتە، وەزارەتی صەحە پێیان ئەداتن، ناحیەی فەنی، ناحیەی دەرمان، ئەوانە وەزارەتی صەحە پێیان ئەداتن، ئیحتیمال هەیە لە هەندێ مەجالی تر ڕەبتی هەیە، بڕیارەکان خازیعی رەقابەی وەزیرن ئەگەر هاتو خیلافەك پەیدابوو لە نێوان هەردوولا ئەوە مەجلیسی وەزیران حەلی ئەو خیلافە ئەکا، یەعنی ئیستیقلالەکی (ناضج)ە، لە هەموو لایەك هیچ عیلاقەتی لەگەڵ وەزارەتی صەحەوە نیە، لە ئیش و کاری خۆی، لە بڕیار دان، یەعنی سبەی بابەتەکە دێتە پێش ئەنجومەنی ئەو سندوقە، وەزیر ناتوانێ بێتن بڵێ بڕیارەکەی ئێوە لازمە بەو شێوەیە بێ، لازمە بەو ئیتیجاهە بێ، ئیش و کاریان موستەقیلە لەو ناحیە، ناحیەی ئیداریش، ئیش و کاری خۆیان، کڕینی دەرمان، لەو ناحیە موستەقیلن، ئەگەر هاتو بڕیارەکیان دا وەزیر موعتەرز بوو لەسەری و ڕێك نەکەوتن لە نێوان هەردوولا ئەوکات ئەنجومەنی وەزیران ئەو خیلافە حەل دەکات، بە ڕەئی من نەصەکە وەکو خۆی بمێنی و هیچ خەلەلی تێدا نیە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان.

**بەرێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەم جۆری بەستنەوەی بە وەزارەتی تەندروستی لە ماددەی شەشەم بە وازحی باسی ئەکات، یەعنی ئەگەر لێرە تێپەڕ بین لەسەر ئەو ماددەیە شێوەی ئەو پەیوەندیە دیاری ئەکرێ کە چۆن پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی تەندروستی، وابزانم هیچ ئیشکالێك ناهێڵێ لەوێ.

**بەرێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر.

**بەرێز عمر عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری باقی ماددەکانی تر بکەین وەکو ماددەی (9) و (10) و چۆنیەتی تەشکیل کردنی لیژنە و هەیئەو مەجلیسی ئەم سندوقە، بۆیە رەبت کراوە بە وەزارەتی صەحەوە بۆ ئەوەی من بە تەئکیدم هەموو

ئەندامە بەڕێزەکان ئەزانن مونتەسیبی ئەویٚ، لە ماددەی 9 باس لەوە کراوە کە مونتەسیبەکانی وەزارەتی صەحە ببنە مونتەسیبی ئەم سندوقە بە هەدەفی ئەوەی کە کەمترین مەسرەفی موەزەف و مودیرعامی تری بۆ تەعین بکریٚ، لەبەر ئەوە لە ماددەکانی تردا باس لەوە کراوە کە ئەم سندوقە مونتەسیبەکانی لە لایەن وەزارەتی صەحەوە دائەنریٚت، لەبەر ئەوەیە کە رەبت کراوە بە وەزارەتی صەحە، و پێویستە هەر نەصەکە بە شێوەی خۆی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەم سندوقە چیتر ئیزافەی بۆ نەکریٚ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەندیٚ تێبینی هەیە با بفەرمویٚ.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بە پێی قانونی وەزارەتی تەندروستی وەزیری تەندروستی مەسئولە لە صەحەی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارێکەوە، چ لە کەرتی عام بیٚ یان خاص، بۆیە هەموو ئەو قانونانەی کە دەردەکریٚ بە نیسبەتی سەندیکاکان یان بە نیسبەت سندوقەکان یان هەر بابەتێك ئەبیٚ رەبتی بە وەزارەتی تەندروستی و وەزیری تەندروستی هەبیٚ، و لە ژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستی بیٚ، وشەی (یرتبط) موعالەجەی کێشەکەی کردووە، چونکە دوو حاڵەت هەیە، یان دەبیٚ بڵێین (یتبع)، کەواتە ئیستیقلالیەتی نامێنیٚ، ئەبیٚ ببێتە دائیرەیەك لە دائیرەکانی وەزارەتی صەحە، و ئەگەر تێشی دانەبیٚ ئەوە ئێمە موخالیف ئەوەستینەوە بە قانونی وەزارەتی تەندروستی، کەواتە ئەو سندوقە ئیستیقلالیەتێکی وای دەدەینیٚ کە هیچ پەیوەندیەکی بە وەزیر نەمێنیٚ، بۆیە وشەی (یرتبط) منیش لەگەڵ قسەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانم کە موعالەجەی کێشەکەی باش کردووە، و ئەبیٚ ئەو سندوقە تەقاریری تەندروستی بدات بە وەزیری تەندروستی، وەزیر بۆی هەیە ئیعتیراز لەسەر کارەکانی بکا، و دەتوانیٚ موراقەبەیان بکاو موحاسەبەیان بکا، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا صیاغەی بخوێنەوە و ئەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو بە کوردی و عەرەبی.

**. فيما يتعلق بالمادة الثانية، فإن رأي أغلبية أعضاء اللجنة، هو إعادة صياغة المادة، كما يأتي:**

المادة الثانية: يهدف الصندوق إلى تحقيق الاتي:

التنسيق مع الجهات المعنية، بتوفير افضل طرق العلاج و الاجراءات الوقائية لمواطني كوردستان المصابين بامراض السرطان و الامراض المستعصية و التي تستلزم دعماً مركزاً لها بتوفير مستلزمات العلاج والادوية والاجهزة الطبية في مراكز متخصصة بالعلاج داخل الإقليم وخارجه.

- **ماددەی یەکەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

سندوقێك پێك دێت بەناوی (سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجەو نەخۆشییە قورسەکان) , خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی یە ولە ڕووی دارایی وکارگێرییەوە سەربەخۆ دەبێت و بەوەزارەتی تەندروستیەوە دەبەسترێتەوە.

**بەرێز جهان اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**. إعادة صياغة المادة الأولى على الوجه الآتي:**

يؤسس صندوق بإسم (**صندوق إعانة مرضى السرطان والأمراض المستعصية**)، يتمتع بالشخصية المعنوية،

والاستقلال المالي والإداري، ويرتبط بوزارة الصحة

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ 6 کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەرێز زکیە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم ڕای زۆرینەی ئەندامانی لیژنەکە ئەوەیە کە ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

**ماددەی دووەم:** ئامانجی سندوق بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوەیە:

سندوق بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کاردەکات بۆ دابین کردنی باشترین ڕێگای چارەسەرکردن و ڕێکارەکانی خۆپاراستنی هاوولاتیانی کوردستان ئەوانەی حاڵەتی شێرپەنجە و نەخۆشی قورسیان هەیە کە پێوستیان بە پشتگیریەکی چڕ هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستی چارەسەری داو دەرمان و ئامێری پزیشکی لە بنکەی پسپۆڕ بۆ چارەسەرکردن لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

**بەرێز جهان اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**. فيما يتعلق بالمادة الثانية، فإن رأي أغلبية أعضاء اللجنة، هو إعادة صياغة المادة، كما يأتي:**

المادة الثانية: يهدف الصندوق إلى تحقيق الاتي:

التنسيق مع الجهات المعنية، بتوفير افضل طرق العلاج و الاجراءات الوقائية لمواطني كوردستان المصابين بامراض السرطان و الامراض المستعصية و التي تستلزم دعماً مركزاً لها بتوفير مستلزمات العلاج والادوية والاجهزة الطبية في مراكز متخصصة بالعلاج داخل الإقليم وخارجه.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەرێز زکیە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

**- لیژنەی هاوبەش لەگەڵ لێکدانی ماددەی سێ یەم و شەشەمە و داڕشتنەوەیەتی بەم شێوەی خوارەوە:**

**ماددەی سێ یەم:** سندوق ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

**یەکـەم:** هاوکـاری کردنــی لایــەنی پەیوەندیــدار لــە دروســت کــردن و پێشخســتنی بنکــەکانی تایبــەت بــە چارەسەرکردنی تووشبوانی شێرپەنجە و نەخۆشی یە قورسەکان .

**دووەم:** خاوەنداریێتی کردن و پاراستنی سامانی گواسـتراوە و نەگواسـتراوە و بـەکارهێنانیان بـەگوێرەی یاسا کار پێکراوەکان .

**سێ یـەم:** ئـەنجام دانـی گرێبەسـت لەگـەڵ لایەنـە پەیوەندیـدارەکان بـۆ دابـین کردنـی چارەسـەری پزیشکی گونجاو لە سەنتەری پزیشکی و کادری تەندروستی و کۆمپانیای نیشتمانی وبیانی.

**چوارەم:** ئـەنجام دانـی توێژینـەوە و بەدەسـتهێنانی داتـا و ئامـاری پێویست لەلایەنـە پەیوەندیـدارەکان بـۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سندوقەکە .

**پێنجەم:** سندوق مافی پەنا بردنە بەر دادگای هەیە لەو ئەرك و مافانەی کە لە سەرێتی یا هی خۆیەتی .

**شەشەم:** دانانی پەیرەوێکی ناوەخۆ بۆ بەرێوەبردنی کارو بارەکانی سندوق.

**حەوتەم:** دانانی پرۆژە بودجەی خەملێنراو و ژمێرەی کۆتایی ساڵانەی سندوق .

**هەشتەم:** پێداچوونەوەی ڕاپۆرتی خوولیی سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕیوەچوونی کاری سندوق و سیستەمی دارایی سندوق .

**نۆیەم:** دانانی پێوەرەکانی و مەرجەکانی پێویست بۆ دەستنیشان کردنی سوودمەندبووان لەخزمـەتگوزاری یەکانی سندوق .

**دەیەم:** دانانی پلانی بەردەوام بوون و گەشەپێدانی وەبەرهێنان و سەرچاوەکانی داهاتی سندوق .

**یازدەم:** دیاری کردنی نەخشە ڕێگای سیاسەتی گشتی کە سندوق لەسەری دەڕۆات و بڕیاردانی ئەو پلانانەی کە بەڕێوەچوونی کاری تێدا کۆنترۆڵ دەکات .

**بەڕێز جهان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**. ترى اللجنة المشتركة دمج المادة الثالثة والمادة السادسة وإعادة صياغتهما على الوجه الآتي:**

المادة الثالثة: يتولى الصندوق المهام الآتية:

أولاً: التعـاون مـع الجهـات المعنيـة في تأسـيس وتطـوير المراكـز الخاصـة بعـلاج المصـابين بالسـرطان والأمـراض المستعصية.

ثانياً: تملك الأموال المنقولة وغير المنقولة والمحافظة عليها والتصرف فيها بموجب القوانين النافذة.

ثالثاً: التعاقد مع الجهات المعنية بتوفير العلاج الطبي الملائم مـن المراكـز الطبيـة والكـوادر الصحية والشـركات الوطنية والأجنبية.

رابعاً: إجراء البحوث والحصول على البيانات والأحصاءات اللازمـة مـن الجهات المعنيـة لغـرض تحقيـق أهـداف الصندوق.

خامساً: للصندوق حق التقاضي أمام المحاكم فيما له من حقوق وما عليه من التزامات.

سادساً: وضع نظام داخلي لإدارة شؤون الصندوق من قبيل تعيين منتسبي الصندوق وتحديد رواتبهم ومكافآتهم ومعاقبتهم في حالة ارتكابهم المخالفات.

سابعاً: اعتماد مشروع الميزانية المخمنة السنوية والحساب الختامي للصندوق.

ثامناً: مراجعة التقارير الدورية حول كيفية سير أعمال الصندوق ونظامه المالي.

تاسعاً: وضع المعايير والشروط اللازمة لتحديد المستفيدين من خدمات الصندوق.

عاشراً: وضع خطط إدامة وتنمية استثمارات وموارد الصندوق.

حادي عشر: رسم السياسة العامة التي يسير عليها الصندوق و اقرار الخطط التي تحكم سير العمل به.

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سكرتێری پەرلەمان تێبینی هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز فرست احمد-سكرتێری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم تەنفیز كردن و جێ بەجێ كردنە بۆ سیاسەتی عام و پلانی سندوق، لەبەر ئەوە مەفروزە فەقەرەی 11 لە یەكەم بێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە پێشی ئەو ئەمراز موستەعسیە لامان برد كردمانە عیلاج بۆ سەرەتان، ئەمە ئەبێ لە هەموو پرۆژەكە لابدرێ ئەو ئەمراز موستەعسیە و ببێتە سەرەتان، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئەمیر.

**بەڕێز امیر گوگە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت خاڵا شەشێ (سادساً: وضع نظام داخلي لإدارة شؤون الصندوق من قبيل تعيين منتسبي الصندوق وتحديد رواتبهم ومكافآتهم ومعاقبتهم في حالة ارتكابهم المخالفات.

ڕەواتب و سندوق نەشێت تەحدید كەت، ڕەواتب سندوق نەشێت تەحدید كەین، سلەم ڕەواتب هەیە، مەعمول بیهی كوردستان، هەروەسا نسبەتا عقوبە و موكافەئاتە، قانونەكمان هەیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە كاتی گفتوگۆ تەواو بووە، بەلاٚم خاڵی چوارەم ئیجرائی بحوس، ئایا ئەم سندوقە ئەتوانێ بەحس بكات؟ یەعنی خۆی بحوسێكە، ئەبێتە سەنتەرێكی بحوس یان بڵێین (الاستفادة من البحوث والحصول على)، هەست ئەكەم كە سندوق چۆن بەحس ئەكا؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ئەو بڕگەیەی پێشتر هاوڕێیان باسیان كرد، دابین كردنی مەعاش بۆ ئەو سندوقە، خۆ ئەو سندوقە پێش تۆزێك وەزارەتی صەحە و كادیرەكانی صەحە ئەیبات بەڕێوە، لەبەر ئەوە دابین كردنی مەعاشی چی لەم بڕگەیە؟ وەزارەتی صحە موەزەفەكانی خۆی ئەخاتە ئەم سندوقەوە، ئەوە بڕگەیەك، بڕگەیەكی تریشی تێدایە كە ئەڵێ عقود بكات ئەم سندوقە، ئەم سندوقە چۆن عەقد بكا كاك ئەرسەلان؟ دروست كردنی هەر عەقدێكی دەرمان بۆ كڕینی پێداویستیەكان یەك دائیرەی موتەكامیلی ئەوێ، ئێ خۆ ئەمە سندوقێكە دروست كراوە، خۆ ئەمە دائیرەیەكی موتەكامیل نیە؟ بەشی یاسایی ئەوێ، بەشی ئیداری ئەوێ، بەشی حیساباتی ئەوێ، قیسمی فەنی ئەوێ كە دیراسەی عەقدەكە بكا، قسمی توبی ئەوێ كە تەحدیدی دەرمانەكان بكا، بەڕاستی عەقد نابێ لەم سندوقە هەبێ، چونكە ئەمە ئیشی صەحەیە، ئەبێ ئەو سندوقە بە هاوكاری لەگەڵ وەزارەتی صحە تەنسیق بكەن بۆ دەست نیشان كردنی كەسەكان و كڕینی پێداویستیەكان، چۆن ئەبێ ئەم سندوقە عەقد بكا؟ چۆن ئەبێ مەعاشی موەزەف تەحدید كا، كەواتە هیچ ڕەبتێكی نیە بە صەحەوە، دائیرەیەكی تایبەتە دا ئەمەزرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە تێبینیەكانتان پوخت بێ، چونكە ئەوە نوقتەی نیزامە، شەرح نیە جارێكی تر، فەرموو كاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك پرسیارم هەبوو، لیژنەی هاوبەش سەبارەت بە مەسەلەی مەهامی ئەم سندوقە، یەعنی ئایا كۆبوونەوەكەشی بۆیە تەئجیل كرا بۆ ئەوەی سەیری پرۆتۆكۆل بكەن بۆ ئەوەی كە بزانن كە ئەمە مەهامی مەجلیسەكەیە یان سندوقەكەیە؟ نازانم ئایا سەیری پرۆتۆكۆلەكەیان كردووە بۆ ئەوەی پێشنیارەكانی تر بخەنە دەنگەوە؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی فەرقی نیە، سندوقەكەش مەجلیسی ئیدارەكە بەڕێوەی ئەبات، فەرقێكی ئەوتۆی نیە، فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە ئەرکەکانی ئەم سندوقە بە باوەڕی من هەر پێویست نین هەبێ، بۆ؟ لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە وتوومانە ئەبێ شەخصیەتی مەعنەوی هەبێ، ئەمە یەك، دوو، ئەبێ ئەرکەکانی ئەم سندوقە زیاتر کە ناوی ئەهێنین پەیوەندیدار بێ زیاتر بەوانەی کە تووش بوانی نەخۆشیەکە، (شێرپەنجە)، نەك ئیش و کاری ئیداری، چونکە ئەتوانرێ ئەم بابەتانە بە نیزامی داخیلی سندوقەکە چارەسەر بکرێ، ئەمە لایەنێکی، لایەنێکی تری ئەوەی کاك ئەمیر گوتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە دەست نیشان کردنی مووچەی فەرمانبەر، ئێمە نیزامێکی عاممان هەیە بۆ هەموو موەزەفینی دەولە، بە پێی ئەو نیزامە رەواتبیان دائەنرێ، تەرقیە و عەلاوە و ئەوانە، خاڵێکی تریش بە باوەڕی من پێویست ناکا لێرە هەبێ، ئەویش خاڵی چوارەمە، (اعداد تقارير دوريە عن سير عمل الصندوق والنظام المالي)، ئێمە لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان یەك نیزامی موەحەدی مالیمان هەیە، پێویستە کە هەموو دەوائیری حکومەت پەیڕەوی ئەم نیزمانە بکەن، لەبەر ئەوە پێویست ناکا ئەم بابەتانە لێرە بێن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز- سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان. کاك شڤان بەخێربێیتەوە، لەبەر ئەوەی ماوەیەك لێرە نەبووی، ببوورە.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە شەشەم و سادسەن لە عەرەبی و شەشەمی کوردیەکە، جیاوازیەك هەیە لە نێوان کوردی بۆ عەرەبی، پێمان بڵێن کامیان؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز- سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە خاڵی یەکەم لە ئەهدافەکانی ئەم سندوقە دەبینم لە دروست کردن و پێش خستنی بنکەکان ئەمە ئیشی سندوق نیە، ئیشی حکومەتە، ئەم سندوقە ناتوانێ هیچ بنەکەیەکی ئەوە دروست بکا، ئەبێ حکومەت بنکەی سەرەتان یان نەخۆشی درێژ خایەن دروست بکا، نەك سندوق، بۆیە من ئەبینم ئەوە زیادە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز- سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم (الامراض المستعصية)، نەخۆشیە درێژ خایەنەکان پێویستە لادرێ لەبەر ئەوەی دەنگدان لەسەر یاساکە کرا کە تەنها شێرپەنجە ماوە، سەبارەت بە خاڵی شەشەم ڕاستە منیش پشتگیری لە پێشنیاری ئەندامەکان دەکەم ئەوەی تەحدید رەواتب لە کوردیەکە دا نیە کە پێشتر ئەو ڕستەیەمان هەڵگرتبوو، بەڵام لە عەرەبیەکە مایتەوە، پێویستە عەرەبی و کوردیەکە وەکو یەکی لێ بکرێ، سەبارەت بە

بڕگەی یازدەم لەبەر ئەوەی باس لە داڕشتنەوەی سیاسەتی گشتی ئەکا بە باشی ئەزانم ئەو بڕگەیە بکرێ بە تەسەلسول بە ڕێزبەندی یەکەم دواتر ئەوانی تر ڕیزبەندی خۆیان وەرگرن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز- سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا صیاغەی بخوێنەوە و ئەیخەینە دەنگەوە، فەرموو دکتۆر ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ موداخەلەی تر هەبوو، مەسەلەی عەقد لەبەر ئەوەی کە ئەم سندوقە بۆیە دائەنرێ بۆ ئەوەی بەخشینەوەی پارە بۆ نەخۆش بگۆڕێت بۆ دابین کردنی خزمەت گوزاری، یەعنی ئەوەی کە ئێستا جێ بەجێ ئەکرێ ئەوەیە کە پارەیەك ئەدەین بە نەخۆش، نەخۆشەکە یا ئەوەی ئەم پارەی کە پێ ئەدرێ بەشی ناکا یان ئەوەیە کەی ڕێی بەکەسێکی خراپ ئەکەوێ لە دەرەوەی وڵات و پارەکەی تیا ئەچێ، بۆیە ئەصلەن فکرەی سندوقەکە ئەوەیە کە ئەم سنوقە خۆی عەقدی هەبێ لەگەڵ هەندێ سەنتەری پێشکەوتوو بۆ ئەوەی کە خۆی نەخۆشەکان بنێرێ بۆ ئەوێ، نەك پارە بدات بە خەڵك و خەڵك پارەکە سەرف بکا، لەسەر ئەوەی مەعاشەکە ئەوە دکتۆر ڕۆژان وەڵامی دایەوە، میزانیەی ساڵانە ئەم سندوقە ئەبێ میزانیەی ساڵانە دابنێ، لەبەر ئەوەی ئەمە بەشێك نیە لە میزانیەی عام، چونکە سندوقەکە بەدەر لەو میزانیەی کە لە حکومەتەوە بۆی دێ خۆشی بەشێکی تریشی هەیە کە دێتە ناو میزانیەکەوە، لەبەر ئەوە پێویستە خۆی میزانیەی خۆی دیاری بکا، نەك لەسەر ئاستی عام دابنرێ، ئەوەی ئیشی ئیداری لەناو ئەرکەکان هەبێ یان نا؟ ئەوە دوو بۆچوونی جیاواز بوو، بەڵام وا باشتر زانرا کە لەناو یاساکە ئەرکەکان بە وازح تر دیاری بکرێ، دروست کردنی بنکە ئەرکی ئەم سندوقە نیە، بەڵام نووسراوە هاوکاری کردنی حکومەت بۆ دروست کردنی بنکە، نەك خۆی بنکە دروست بکا، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا لە کابینەی حەوت خەریکی ئەوەین کە ڕێوشوێن دابنێین، مەسەلەن 400 نەخۆش ئەنێرین بۆ چاندنی مۆخ، عەرزمان وەرگرتووە لە زۆر خەستەخانە بەڕای من ئەوە ئیشی وەزارەتی تەندروستیە، من سوئالەکەم هەر ئەوەندەیە، ئایا ئەم هەموو ئەرکە بەم سندوقە جێ بەجێ ئەکرێ؟ لەسەر تاپای جیهاندا ئەم سندوقە بەس بۆ کۆ کردنەوەی کۆمەکە، ئەم سندوقە بەحس بکا و تەتویر بکا و مەرکەزی سەرەتانی بکا و دەرمان بکڕێ و نەخۆش بنێرێ بۆ دەرەوە، جا ئەوە موئەسەسەیەکی کاملە، سوپاس

**بەڕێز د.رسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەمەی کە ئێستا باسی لەسەر ئەکەین 11 خاڵە، ئەمە مەهامی سندوقەکەیە، یەعنی ئەمە کارەکانی سندوقە بۆ تەحقیق کردنی ئەو هەدەفەی کە لەماددەی 2 باسمان لەسەر کردووە کە ئەڵێین لە ماددەی 2 هەدەفی ئەم سندوقە چیە؟ کە ئەڵێ (بتوفير افضل طرق العلاج و الاجراءات الوقائية لمواطني كوردستان)، بۆ تەحقیق کردنی ئەم هەدەفە پێویستە ئەم مەهامانە لەخۆ بگرێ ئەم سندوقە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەم مەهامانە هیچی زیاد نیە، ئەرکەکانی سندوقە بۆ بەدیهێنانی ئەم سندوقەی کە داوای لێ کراوە، لەبەر ئەوەی پێویستە وەکو خۆی بمێنێ، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئاخیر صیاغەی بخوێنەوە.**

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێ یەم و شەشەمە و دارشتنەوەیەتی بەم شێوەی خوارەوە:**

**یەکەم-دیاری کردنی نەخشە ڕێگای سیاسەتی گشتی کە سندوق لەسەری دەڕوات و بڕیاردانی ئەو پلانانەی کە بەڕێوەچوونی کاری تێدا کۆنترۆڵ دەکات .**

**دووەم-هاوکاری کردنی لایەنی پەیوەندیدار لە دروست کردن و پێشخستنی بنکەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی تووشبوانی شێرپەنجە و نەخۆشی یە قورسەکان .**

**سێیەم- خاوەنداریێتی کردن و پاراستنی سامانی گواستراوە و نەگواستراوە و بەکارهێنانیان بەگوێرەی یاسا کار پێکراوەکان .**

**چوارەم-**

**ئەنجام دانی گرێبەست لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دابین کردنی چارەسەری پزیشکی گونجاو لە سەنتەری پزیشکی و کادیری تەندروستی و کۆمپانیای نیشتمانی وبیانی**

**پێنجەم- ئەنجام دانی توێژینەوە و بەدەستهێنانی داتا و ئاماری پێویست لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سندوقەکە .**

**شەشەم- سندوق مافی پەنا بردنە بەر دادگای هەیە لەو ئەرك و مافانەی کە لە سەرێتی یا هی خۆیەتی .**

**حەوتەم-: دانانی پرۆژە بودجەی خەملێنراو و ژمێرەی کۆتایی ساڵانەی سندوق**

**هەشتەم- دانانی پێوەرەکانی و مەرجەکانی پێویست بۆ دەستنیشان کردنی سوودمەندبووان لەخزمەتگوزاری یەکانی سندوق .**

**نۆیەم- پێداچوونەوەی ڕاپۆرتی خوولیی سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕیوەچوونی کاری سندوق و سیستەمی دارایی سندوق .**

دەیەم- دانانی پێوەرەکانی و مەرجەکانی پێویست بۆ دەستنیشان کردنی سوودمەندبووان لەخزمـەتگوزاری یەکانی سندوق .

یازدەم- دانانی پلانی بەردەوام بوون و گەشەپێدانی وەبەرهێنان و سەرچاوەکانی داهاتی سندوق

**بەڕێز جهان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: يتولى الصندوق المهام الآتية:

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزینە، 10 کەس قسەی کردووە، موناقەشەی لەسەر کراوە، هیچ ماددەیەك ناڕوا بەراستی، 20 جار موناقەشە کراوە، 100 کەس قسەی لەسەر کردووە، دیسان هەر موناقەشە موناقەشە؟ فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چەند پەرلەمانتارێك ڕەئیمان دا بەرامبەر هەندێ ئەرك كە ئەصلەن هی سندوق نیە، بۆ نموونە كە دەڵێ (ئامادە كردنی ژمێرەی كۆتایی) لە هەموو ئەو بەڕێزانە ئەپرسم، ئێمە سێ ساڵە موناقەشەی موازەنە و حیساباتی خیتامی ئەكەین، هیچ وەزارەتێك جگە لە وەزارەتی مالیە حیساباتی خیتامی ئەكا تا ئێمە بیكەین؟ كردووتان بە ئەركی ئەم سندوقە، ئەو بەڕێزانەی كە قسەیان كردووە لەسەر ئەم بابەتانە، هەندێكیان ئیش و كاری میهەنین، پێویست دەكا ڕەئی ئەو پەرلەمانتارانە وەرنەگیرێ؟ كە من ئێستا دەنگ بەو ماددەیە نەدەم، بەدیلی من چی بێ؟ ئەگەر جارێكی تر دابنیشینەوە و دیسان دایبڕێژینەوە، لەبەر ئەوە ئەو ڕەئیانەی كە ئەدرێ پێویستە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتەی باس كرا ئەبێ لە لایەن حكومەتەوە میزانیەی بۆ دابین بكرێ ئەگەر حكومەت میزانیەی بۆ دابین بكا ئەبێ وەزارەتی تەندروستی سەرپەرشتی بكا، نەم سندوقەكە خۆی موستەقیل بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە بەشێكی خەڵك بە دیاری پارەی دەداتێ، خەڵك تەبەروعاتی بۆ دەكا، یان حكومەت تەئمینی بۆ دەكا، ئیتیفاقەكە ئەوەیە تەبعەن، بەڵام ئەمە وەكو موئەسەسەیەكی سەربەخۆیە، بەڵام ڕەبتی بە وەزارەتی صەحەوە هەیە، خۆی موئەسەسەیەكە بەراستی، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەموومان ئیحساس ئەكەین، ئەركی وەزارەت زۆربەی هاتۆتە لای ئەم سندوقە، ئەم سندوقە دوو ئیشی سەرەكی هەیە، پارە وەرئەگرێ لە هەندێ جیهات و سەرفی ئەكا بۆ نەخۆشەكان، غەیری ئەمە، ئەمە بەحس ئەكا و بەحس ئەنووسێ و ئەمە ئەكا، ئەمانە كەی ئیشی ئەم سندوقەیە؟**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان.**

**فەرموو كاك عبدالسلام.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وەكو دیارە ئەم نەصە ئەگەر بخرێتە دەنگدان سەرناكەوێ، بۆیە....**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان.**

**چۆزانی سەرناكەوێ؟ لە خۆتەوە بۆ قرار ئەدەی؟ فەرموو.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەڵێم بە تەصەوری من بەلكی غەلەت بم مادام ئیعتیرازی زۆر لەسەر هەیە، حالەتی هاتو لە دەنگدان دەرنەچوو ئێمە ڕاوەستین، بۆیە من پێشنیارەكم هەیە، صیاغەیەكی بەدیلم هەیە ئەگەر گوێم لێ بگرن، ئەگەر تەماشای ماددەكان بكەین لە (1) تاكو (12) خاڵی یەكەم، توخوا ئیشارەی بكەن، خاڵی دەیەم، خاڵی دووەم، چونكە پاش یازدە دووەم هاتووە، سەرۆك، ئەم هەرسێ شتە لادە، كاك (عمر) خوشكە ڕۆژان هاوكاریم بكەن، لە غەیری ئەم سێ ماددە ئەوانی تر مەسائیلی ئیدارین، یان حەقیانە، چونكە مادام مەعنەویە پەنا بباتە بەر دادگا تەبیعیە، مادام لە زمنی سیستەمی ڕەواتب و ئەوەی حكومەتە هەموو ئەوانی تر بەراستی پێویست نین، ئەم سندوقە شتێك بۆ شێرپەنجە و نەخۆشیەكانی بكات، هاوكاری كردنی لایەنێك پەیوەندیدارە، دانانی پلانی بەردەوامە، سەرۆكێك بۆخۆی هەڵدەبژێری، و ماددەی یەكەم ئەگەر پێویست بوو، واتە پێشنیاری من بیری لێ بەكەینەوە بەرێزان، ئەوانی تر بەراستی هەمووی زیادە، چۆن دەبێ بۆ سندوق ئەرك دروست بكەین؟ یەعنی حیسابی بكەین، ئەگەر هاتو ئێمە ئەوەی من باسم كرد دەرم كرد، ئەوی تر هیچ پەیوەندی بە شێرپەنجە نیە، و شتی ڕۆتینین، بۆیە پێشنیاری موحەدەدی من ئەم ماددەیە پێم دێ لە بڕگەی یەكەم، لە بڕگەی دەیەم، و دوازدەم بە ئیعادەی صیاغە، یازدە و دەیەم تەماشا بكەن، یەكێكیان هەڵبژێرن بە ڕەئی من، چونكە ئەوانی تر هەموویان زیادن، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

**فەرموو سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەیرم لێ دێ پاش ئەوەندە کۆبوونەوە و پاش ئەوەندە دانیشتنی هاوبەشی لیژنە و وەرگرتنی ڕای وەزیر هێشتان ئەم هەموو موناقەشەیە، مەعەل عیلم ئەمڕۆ ئەبوایە بەس دەنگدان بوایە، خوێندنەوە و دەنگدان بوایە، لە کوێ دوو ڕا هەیە بخرایەتە بەردەمی ئەندامان، ئێستا ئەبینین سەر لە نوێ ئەندامان پێشنیاری نوێ پێشکەش ئەکەن، کەواتە هەر لە ئەصڵدا لیژنەی موشتەرەك گوێیان لە ئەندامان نەگرتووە، پەسندیان نەکردووە ڕاکان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کێ ئەڵێ ڕەئیەکان تازە نین؟ چونکە خۆت لێرە نەبووی سۆزان خان، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم من لەگەڵ ناسك خان هاوڕام کە ئەڵێ ئەم سندوقە دوو ئیشی هەیە، یەکیان پەیدا کردنی پارە، زیاتر لەوەی کە تا ئێستا تەرخان کراوە بۆ چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجە، دووەم، تەوجیە کردنی ئەو پارە بۆ چ بوارێك لەو بوارەی کە پەیوەستە بە شێرپەنجەوە سەرف بکرێ؟ دووەم، جەنابی وەزیر کە مەعنی سەرەکیە بەو سندوقە ڕەئیەکی موخالیفی هەیە لەگەڵ ئەوەی ئێمە صیاغەمان کرد ئەمانەوێ بیخەینە دەنگدانەوە، ئەو ئەڵێ هەموو ئەو ئەرکانە ئەرکی ئەم سندوقە نیە، یەعنی کە سندوقەکە ئێمە پەیوەستمان کردووە بە وەزارەت، ئەمە هەمووی ئەرکی وەزارەتە، بۆ ئێمە بیخەینە ئەستۆی ئەم سندوقە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

ئاخر ئەم سندوقە لا مەرکەزیەتێکی هەیە، هەموو شتێك تابیع نیە بەو وەزارەتەوە، فەرموو لیژنەی هاوبەش، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حمە رشید-وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سوپاسی ئەم بەڕێزانە ئەکەم کە ئەو ئیقتیراحانەیان کردووە بۆ ئەم سندوقە، من کە بەڕێوەبەری گشتیشم کیتابم کردووە بۆ ئەم سندوقە و ئێستاش لە کابینەی حەوت دا کیتابم کردووە بۆ ئەم سندوقە، ئەم سندوقە ئیشی ئەوەیە یەکەم پارە کۆکاتەوە، دووەم، ئێستا ئەو پارەی کە ئەچێتە خەستەخانەی هیوا و نانەکەلییەوە مودیرەکە بە کەیفی خۆی سەرفی بکا، کۆی بکاتەوە و بە شێوەیەکی سیستەماتیکی سەرف بکرێ، سندوق دابنرێ لە سوپەر مارکێتەکان، خەڵکی دەوڵەمەندو بازرگان هەیە نازانێ خێرەکە ببا بۆ کوێ؟ ئەم سندوقە بۆ ئەوەیە، دووەم، دانیشتنمان کرد دوای خوێندنەوەی یەکەم، دانیشتنێکمان کرد لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و صیاغەکەمان کردەوە، ئەم صیاغەیە گۆڕاوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا من ناوبەناو هەموو ئەو پێشنیارانەی كە پێشنیاری ئەندام پەرلەمانەكانە نووسیومە، زۆر لەو ڕەئیانەی كە دێن بە داخەوە شتی تازەن، یان هەندێك لێرە نەبوون لەكاتی موناقەشەكە، من ئێستا بەناو بۆت ئەخوێنمەوە ئەوەی كە وەریش گیراون، یەعنی بۆ نموونە هەر لەو ماددەیە كاك قادر و كاك صباح و شلێر خان و كاك جمال و ئەوانە ڕەئیان وابوو خاڵی یەكەم لە ماددەی سێیەم كە ماددەی سێیەم و شەشەم ئێستا بۆتە خاڵی دووەم، باسی تەئیسیسی بنكەی تەندروستی بوو ئێستا كرایتە هاوكاری، یەعنی ئێستا ئەو قسەی ئەوان كردوویانە دەقاو دەق لەناو پرۆژە یاساكە وەرگیراوە، ئەوەی تر یەعنی شتێكی وا نەبووە بەو شێوەیە كە ئێمە بیهێنین، یان هەندێ لەو خاڵانە لە مەجلیسی سەرەتان دا بووە ئێمە نەمانتوانیوە، لەبەر ئەوەی ناكرێ دژایەتی لە نێوان دوو یاسا دروست كرێ، لە یاسایەك ماددەیەك هەیە، تۆ بیهێنی لەناو ئەم یاسایەش جێگای بكەیتەوە، هەر ئەوەندە، ئەگەرنا تێبینیەكان هەمووی وەرگیران و هەندێ لەو قسانەی كە ئێستا ئەكرێ بەڕاستی قسەی تازەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من با دیفاعێك لە لیژنەی هاوبەش بكەم، بەڕاستی غەدریان لێ ئەكرێ بە قەناعەتی من، ئەمە ئەصلی یاساكەیە (5) خاڵ نووسرایە، بۆ زیاد بوو بەڕاستی ڕاو سەرنجی پەرلەمانتارانیان بە هەند وەرگرتووە، ماوەتەوە ڕایەكی تاكی تیایە، تەسمیە نەكراوە و نیسابی یاسایی تیا نیە ئەكرێ ئیعتیراز بكەن پەرلەمانتاران كە ئەوە یەك كەس بووە بۆ خستووتە ناوێ؟ و بۆیە ئەو بەندانە زیاد بوون لەبەر ئەوەی پێشنیار كراوە، ئەصلی یاساكە سێ، چوار خاڵی زۆر سادەی نووسیوە، بەلاّم لە كاتی موناقەشە مەجموعەیەك ئیقتراحات كرا، من چاك لە بیرمە، ئەمانە هەمووی ئیقتیراحی پەرلەمانتاران بوو، 2 كەس، 3 كەسیش زیاتر قسەیان لەسەر كردووە، یەعنی ئێستا ئێمە پێویستە لە دوو شت ئیقتیراح بكەین، نوقتە نیزامێكمان هەبێ لەسەر سەیری كۆبوونەوەكە، یان ئەگەر ڕەئیەكی شاز وترابێ و خرابێتە ناوی حەقی ئیعتیرازمان هەیە لەسەری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا قانونەكە تایبەتە بە دامەزراندنی سندوقێك، كە دەگوترێ سندوق ڕەبتی هەیە لەگەڵ جانبی مالی و پارە پەیدا كردن، بۆیە كە ئێمە باسی تەقاعود دەكەین، باسی بحوس دەكەین ئەمە پێویستی بەوە

هەیە لەناو سندوقەکە تۆ لقی تر و بەشی ترت هەبێ، مەسەلەن بۆ دیراسات و بحوس پێویستە کۆمەڵێك خەڵکی موختەص ببەی لەگەڵ سندوقەکە کار بکا، پێویستت بە دائیرەیەکی بحوسە، پێویستت بە دائیرەیەکە کە خەڵکی موختەصی بۆ بەری تایبەت بە گرێبەست و هەندێ حیساباتی تر، بۆیە لە راستی دا ئەو مەهامانە وا دەکا کە سندوقەکە تێکەڵاوی کۆمەڵێك ئیختیصاص و مەهام بێ کە لە ئەساسدا ئەرکی صندوقەکە نابێ، ئەمە یەك، دوو ئەگەر هەموو ئەو ئەرکانە ئەرکی سندوقەکە بێ دەبێتە بەدیل بۆ وەزارەتی صەحەلە هەندێ بواری تردا کە ڕەنگە ئەمە ئیشی وەزارەتی صەحە یان وەزارەتەکانی تربێ، بۆیە بەراستی جەخت و تەرکیز لەسەر ئەوە بکرێ کە سندوقەکە زیاتر ئەرك و مەهامی پارە پەیدا کردن و کۆمەکی دارایی هەیە و لەوێدا ڕێك ئەخرێ و باشترە.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەرێز ئەڤین عمر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەبینین ماددەکە هەمووی خیلافاتی زۆری بەخۆیەوە گرتووە و دیارە بەرێز پەرلەمانتارەکان وەکو ئەڵێی دەرچووین لە مەعمول، بە نوقتەی نیزام هەموومان ڕەئیەکانی خۆمان ئەڵێین، پێشنیار ئەکەم ئەگەر بکرێ فەقەرە، فەقەرە بیخەینە دەنگدانەوە تا بتوانین لەوێ حەسمی بکەین بەیەکجاری، بۆ نموونە 11 فەقەرەیە نەیخەینە دەنگدان، فەقەرە، فەقەرە بۆ ئەوەی هەم مولاحەزاتی ئەندام پەرلەمان ئەوانەی کە گلەییان هەیە، هەمیش هەموو ڕەئیەکان کۆك بن لەسەر ماددەکە.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك حەمە سعید.

**بەرێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە هۆکاری ئەم دووبارە بوونەوە و دروست بوونی ڕای نوێ، هۆکارەکەی ئەوەیە ئێمە پێشتر لە خولەکانی تر ماددە بە ماددە موناقەشەمان ئەکرد و تەسویتمان ئەکرد و ماددەکە ئەڕۆیشت، بەڵام ئێستا ئەم میکانیزمە تازەیە کە لە پەیڕە و پڕۆگرامیشدا وانیە، پەیڕە و پڕۆگرام ئەمە ئەڵێ کە من ئەیڵێم، کە ماددە بە ماددە موناقەشەی ئەکەین و تەسویتی ئەکەین، بەڵام کاتێ کە ئێمە موناقەشەی ئەکەین و دواتر لیژنەکان ئەچن صیاغەی ئەکەنەوە و دیسان ئەیهێنینەوە و لە کۆبوونەوە سێیەم دا کە خوێندنەوەی یەکەم، خوێندنەوەی دووەم گفتوگۆ، خوێندنەوەی سێیەم دەنگدان، کە دێنەوە ئەم ڕایە تازانەش دروست ئەبێ، ئێستا ئێمە چوار کۆبوونەوەمان بۆ ئەمە کردووە، من پێم وایە ئەگەر لەمەودوا بە پێی پەیڕەو و پڕۆگرام بیکەین و ماددە بە ماددە موناقەشەی بکەین و دەنگی لەسەر بدەین، کە پەیڕەو وپڕۆگرام وا ئەڵێ، راستە لەسەر دەنگی چەند پەرلەمانتارێك ئەوە کراوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەمە موعالەجە بکرێ و

تیکرار نەبێتەوە بۆ پرۆژە یاساکانی تر، خاڵێکی تر بە نیسبەت ئەم مەهامانەوە، منیش لەگەڵ ئەوەم مەهامیان زۆرە، دووەمیش، هەندێ مەهام هی ئەو سندوقە نیە ئەکرێ بکرێ بە سێ، چوار خاڵ، وەکو ئەو خاڵانەی کە باس کرا، ناسکە خان و برادەرانی تر باسیان کرد، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەیەك هەبوو کە ئەم سندوقە ئەبێتە جێگرەوەی وەزارەت، نەخێر، وا نیە، ئەم سندوقە تەنها ئەرکی ڕێکخستنی ئەو پارەیەیە کە ئێستا ئێمە ئەیخەینە دەستی نەخۆش، یان بەکاری نایەنێ، یان بەشی ناکات، ئەرکی ئەم سندوقە ئەوەیە، لەبەر ئەوە نابێتە بەدیلی وەزارەت، بەڵکو ئەبێتە هاوکارێك بۆ وەزارەت، ئەوە یەکێك، یەکێکی تریش مەسەلەی ئەنجامدانی توێژینەوە، ئەصلەن خۆی توێژینەوە لەناو یاساکەنەبوو، بەلاَم ئەندامانی بەڕێز ئەو پێشنیارەیان کرد، من لەگەڵ ئەو قسەی کاك دکتۆر عمر نیم کە پێویستی بەوە هەبێ دائیرەیەك بکەیتەوە بۆ سەنتەری توێژینەوە، ئەصلەن توێژینەوە ئێستا زانکۆ هەیە لە ئەمریکاو بەریتانیا، خەڵك هەیە لە کوردستان توێژینەوەی بۆ ئەکا، ئەو تەنها دەعمی مالیەکە ئەکا، خەڵك هەیە ئێستا لە کوردستان ئامادەیە توێژینەوەی زانستی بکا، بەلاَم تەنها دەعمە مالیەکەی ئەوێ، یەعنی ئەم سندوقە بۆ تەنها ئیشێکی خراپ ئەکا ئەگەر دەعمی مالی کەسێك بکا بۆ ئەوەی هۆکارەکانی زیاد بوونی سەرەتان لە کوردستان بدۆزێتەوە؟ ئەگەر ئەم سندوقە ئەتوانێ ژمێرەی کۆتایی دابنێ یان نا، هەموو دامودەزگایەك ئەرکی سەر شانیەتی لە کۆتایی ساڵدا کەسی بەرپرسیار لە خۆی ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە بودجەکەی چۆن سەرف کردووە، یەعنی ئەکرێ ئەم سندوقە بە ئارەزووی خۆی بودجەکەی سەرف بکا و دواتر وەزارەت و لایەنە پەیوەندیارەکان ئاگادار نەکاتەوە لەوەی کە ئەم بودجەیەی سەرف کردووە، ئەی کێ چاودێر ئەبێ بەسەریەوە؟ چۆن ئەبێ ژمێرەی کۆتایی نەبێ؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم مەهامانە کە زیاد کراوە ئێستا خراوەتە بەردەم ئەندامە بەڕێزەکان، ئەمە وەکو ئەو بەڕێزانە باسیان لەسەر کرد، ئەمە نەتیجەی ئەو موناقەشە دوور و درێژە و ڕایەکانی ئەو برادەرانە بوو، ئەمە یەك، دوو، ئێمە ماددەی دووەم دەنگمان لەسەر داوە، ئەڵێین هەدەفی ئەم سندوقە دۆزینەوەی باشترین ڕێگەیە بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشیە لەهەرێمی کوردستان کە سەرەتانە، تەوفیری موستەلزەماتە، عیلاجە، ئەدویەیە،

ئـەجهيزەی توبيـە، لـە داخيلـی ئـەقليم و خـاريجی ئـەقليم، لەبـەر ئـەوە سـەرۆكی پەرلـەمان پێويسـتە بـۆ تەحقيق كردنی ئەم هەدەفە ئـەم سـندوقە چـەند ئـەركێكی هـەبێ، ئـەو ئەركانـەی كـە لێـرە باسـی لەسـەر كراوە، بۆ نموونە باسی يەكەم ئەوەيە و كە چۆتە پێشەوە و بۆتە بەرەسمی سياسە، بێنە سەر خـاڵی دووەم، ئەڵێ (التعاون مع الجهات المعنية في تأسيس وتطوير المراكز الخاصة بعلاج)، ئەی ئەمە ئەگـەر نـەيێ تـەعاون نەكا لەگەڵ ئەو جيهەتانەی كە خاصن بـە چارەسـەی ئـەم نەخۆشـيە، ئەمـە ئـەركی ئـەم سـندوقە نيـە بـۆ تەحقيقی هەدەفەكەی كە عيلاجی سەرەتانە؟ ئەی ئەم سندوقە نـابێ ببێتـە خـاوەنی ئـەموالی مەنقولـە و غێر مەنقولە؟ و محافەزەی بكـا، و چـۆن سەرفيشـی ئـەكا بـە موجـەبی ئـەو قانونانـە، بـەڵێ راسـتە باسـمان كردووە، ئەڵێن شەخصيەی مەعنەوی هەيە، ئەم شەخصيە مەعنەويە هەموو حقوقەكان لە خـۆی ئـەگرێ، بەلاَم ئەم سندوقە كۆمەڵێك پارەی تێدا كۆ ئەكرێتەوە، پارەی ميزانيەی عامەی ولاَتە، هەروەها هی هيبە و مينەح و تەبەروعاتە كە لە هەموو لايەكەوە بۆی دێ، خۆ ئەبێ بە قانون ئەم پارانە تەسەروفی پێ بكـرێ و محافەزەی بكا، سێيەم، ئەبێ ئەم سندوقە بۆ بەديهێنانی ئەم هەدەفەی كە عيلاجی سەرەتانە تـەعاقود بكـا لەگەڵ ئەو جيهەتانەی كە خاصن و تەخەصوصيان هەيە بە چارەسەر و بە ئەدويە و بە ئەجهيزە و ئـالاتی ئەم نەخۆشيە، دواتر ئـەم سـندوقە جـەنابی سـەرۆكی پەرلـەمان شەخصـيەی مەعنـەوی هەيـە زۆر راسـتە، بەلاَم ئەبێ حەقی تـەقازی و ئسـولی هـەبێ، ئامـادە بـێ لەبـەر دەم مەحكەمـە ديفـاع لـە حەقـەكانی بكـا، و پارێزگاری لە خۆی بكا لەو شكايەتانەی كە لێی ئەكرێن، نەخۆشێك ئەچێ لەوێ و تووشی كارەسات ئـەبێ و ئـەمرێ كـەس و كارەكـەی بـۆی هەيـە شـكايەت لـەم سـندوقە بكـا، ئـەبێ ديفـاع لـە حـەقی خـۆی و ئيلتيزاماتەكانی خۆی بكا، جگە لەوە ئەم سندوقە خۆ ئـەبێ نيزامێكـی داخيلـی هـەبێ؟ بەشـی شەشـەم لـە (نظام وضع داخلي الادارة شؤون صندوق) مان هێشتەوە و بەس، راستە ئـەوەی تـری زيـادە، بـاقی تـری خـۆ ئەم سندوقە ئەبێ تەقاريری پێشكەش بكا، ئەی خۆ ئەو سندوقە كۆمەڵێك پارە و كۆمەڵێك ئيلتيزامات كە رەبتی بە حەياتی خەڵكەوە هەيە، لەبەر ئەوە ئەم مەهامانە يەكی لە يەكی زەرورترە، بۆ تەحقيق كردنی ئەو هەدەفەی كە لە ماددەی 2 باسمان كردووە، سوپاس

**بەڕێزد. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كە باسی سندوق ئەكەين باسی ئيستيحداسی دائيرەيەك ئەكەين كـە وەزارەتـی صـەحە دروسـتی ئـەكا، سندوقەكە ئێمەی لێرە كـردە دەوڵـەت، وەكـو دەوڵـەتێك تەسـەروف لەگـەڵ ئـەم سـندوقە ئەكـەين، سـندوق دائيرەيەك ئيستيحداس ئەكا، جەنابی وەزير چەند موەزەفێك لەوێ دائەنێ كە ميهەنی بن لەسەر ئەم ئيشە ئەم سندوقە بەڕێوە بەرن، پارە وەرگرن و پارە بدەن، ئيتر چەند كۆبوونەوەيەك ئەكەن چۆن بـدەن؟ بـە چ

ڕێگەیەك ئەو پارەیە ئەدەن؟ كێ مەستەحەقە؟ كێ موستەحەق نیە؟ بە چ شێوەیەك بدەن ئەوە خۆیان ئەزانن؟ لێرە ئەوەی باسی ئەكەین كۆبوونەوە بكا و نازانم چی بكا؟ مەنای وایە دەستەلاتی وەزیری كێم كرد، دەبێ وەزارەت سەرپەرشتی ئەم دائیرە بكات، ئەم دائیرە پارە وەرگرێ و پارە بدات، بە كێ مەستەحەقە؟ لەوەی زیاتر هەموو ئەم برگانە زیادە بە ڕەئی من، یەعنی پێی ناوێ ئیتر چی بكا و چی نەكا؟ حەقی محاكم و نازانم دیفاع لەخۆی بكاو، هەموو شەریكەیەك حەقی هەیە لە مەحكەمە دیفاع لە خۆی بكا، ئەمە هەمووی زیادە بە ڕەئی من، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز:سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو ئاهەنگ خان,

**بەرێز ئاهەنگ عارف:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەمە تێكەڵیەكمان هەیە لە نێوان میزانیەی سەرەتان و سندوقی سەرەتان، ئەو دووە زۆر ئیشیان جیاوازە، ئەوەی دكتۆر ڕێباز ئەڵێ زۆر راستە، بحوس دائیمەن خەستەخانە ئەیكا، خەستەخانەی زۆر گەورەش لە دونیایێ ئەیكا بە میزانیەی خۆی كە حكومەت تەرخانی ئەكا، یەعنی ئەوەی میزانیەیان زەبەلاح بێ، بەلام سندوقی سەرەتان سندوقەكە مەهامی هەموو خەڵكە، خەڵكەكە خۆی پارەی لەناو دادەنێ كە ئەو هاوكاریەی بكرێ، میزانیەی سەرەتان زۆری فەرقە لەگەڵ سندوقی سەرەتان، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز:سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كاك عمر نورەدینی.

**بەرێز د.عمر نورەدینی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامم هەبوو، لەوەش كە جەنابتان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆش هەمیشە جەخت لەوە ئەكەن كە لیژنەی هاوبەش راستەخۆ وەلامی ئەندامانی پەرلەمان نەداتەوە، بۆیە بەراستی كە حاڵەتێكی لەم بابەتە هەیە پێویستە وریا بكرێنەوە، ئەمە یەك، دوو، ئێمە تێگەیشتنمان هەیە بۆ ئەو ڕوون كردنەوانەی كە لیژنەی هاوبەش لەسەر مەهامەكان كردیان، بەلام دەپرسین سندوقێك ئەركی گرێبەستی هەبێ، سندوقێك عیلاج دابین بكا بۆ سەرەتان، سندوقێك توێژینەوە بكا، سندوقێك بەیانات كۆ بكاتەوە، سندوقێك ئامار ئەنجام بدات، سەیری یاسای وەزارەتی تەندروستی بكەن و سەیری مەهام و ئەركەكانی وەزارەتی تەندروستی بكەن، بزانن جۆرێك لە تێكەلاوی و بوون بە بەدیل دروست دەبێ یان نا؟

**بەرێز د.ارسلان بایز:سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كاك كاردۆ

**بەرێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە جارێکی تر ئەچینەوە بۆ موناقەشەیەکی سەرەتایی بۆ ئەو کارە، ئەم سندوقە تایبەتە بە نەخۆشی سەرەتان، نەخۆشی سەرەتان چی پێویستە لە هەموو ئەو بوارانە پێویستە بیکا، ئەمە نە بەدیلی وەزارەتە نە عیلاقەی بەوە نییە، لەبەر ئەوە پێم باشە هەم پەرلەمان ماوەیەکی کەمی ماوە، هەم ئێمەش ماوەیەکی زۆرمان بەم یاسایانە کە کێشەی گەورەی لەسەر نیە و تایبەتە بە کێشەیەك، ئەگەر پێشنیارێکی نوێ هەیە سێ کەس پشتیوانی ئەکا با بیخەینە دەنگەوە، ئەگەرنا کەی ئێمە هەموومان موتەفیق بووینە لەسەر هەر دەقێکی یاسایی؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز،سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر حەسەن.

**بەڕێز حسن محمد سورە،جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بە سێ ئیتیجاە قسە ئەکرێ، بۆیە جۆرێك لە تەناقوزات لە کاتی موناقەشەدا دروست ئەبێ، یەکێکیان سیستەمی تەندروسیتی ئێمە سیستەمێکی ئیشتیراکیە، لە نیزام و سیستەمی نوێی سەحە لە هەموو عالەم خۆ دەرباز کردنە لە سیستەمی عومومی، لە سیستەمی ئیشتیراکی، بۆیە ئەبێ لای ئەندامانی پەرلەمان ئەم فکرەیە مەقبول بێ کە ئێمە ئەمانەوێ سیستەمی تەندروستی دەرباز بکەین لە سیستەمی عومومی بۆ کەرتی تایبەت و کەرتی لامەرکەزی، ئەمە کۆنفرانسی صەحە بوو لە هەرێمی کوردستان لە مانگی شوباتی ساڵی 2011 کرا، سیستەمی تەندروستی ئەبێ بەرەو سیستەمێکی لا مەرکەزی بڕوا، سیستەمی وەزارەتی تەندروستی ئەگۆڕێ، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوە مەقبول بێ لای ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر تا ئێستا فکرەی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر نیزامە ئیشتیراکیەکەیە ئەبێ ئێمە بەرەو ئەو ئیتیجاە بڕۆین، و ئەمەش یەکێکە لەو هەنگاوانە، هەنگاوی دووەم، فەرق هەیە لەنێوان نیزامی عەمەلی و نیزامی نەزەری، ئەم سندوقە سندوقێکە کە تەتبیق کراوە لە هەندێ وڵات، لیژنەی تەندروستی بە چاوی خۆی ئەم تەتبیقاتەی بینیوە، بۆیە هیچ خیلافێك لە ڕووی عەمەلیەوە و نەزەریەکە دروست نەبوو لە هیچ وڵاتێك ئێستا ئێمە ئەم هەموو ئیشکالیەتەی بۆ دروست بکەین، حاڵەتی سێیەم، مەهامەکان لەسەر دوو ئەساس دانراون، مەهامێکیان لەسەر ئەساسی ئیستیقلالیەتی سندوقەکەیە کە وەکو برادەران ئیشارەتیان پێدا، کە ئەگەر بێت و ناوی بێنی و ناوی نەهێنی ئەم سندوقە ئەم مەهامانەی هەیە، بەڵام مەهامەکەی باشترە تەئکیدە لە مەهامی سندوقەکە، مەهامێکی تری لەسەر ئەساسی جانیبە فەنیەکەی هاتووە، کە ئەم سندوقە سندوقێکە بۆ دەعم کردنی نەخۆش دژی ئەم نەخۆشیە، هەر بۆ نموونە، من لە ڕووی عەمەلیەوە لە هەرێمی کوردستانیش ئەم کارە کراوە، بۆ نموونە لە هەولێر ئێستا خەستەخانەیەکی نەخۆشی سەرەتان هەیە کە کەرتی خێرخواز دروستی کردووە، بەلامەوە زۆر سەیرە ئەندامێك بیرکاتەوە و بڵێ چۆن سندوق ئەتوانێ خەستەخانە دروست بکا؟ خەستەخانە دروست ئەکا بەس ئیدارەی ناکا، خەڵك مزگەوت دروست ئەکا بەس وەزارەتی ئەوقاف ئیدارەی ئەکا، خەڵك قوتابخانە دروست ئەکا وەزارەتی تەربیە ئیدارەی ئەکا،

خەڵك خەستەخانەی دروست ئەكا وەزارەتی تەندروستی ئیدارەی ئەكا، هەر لێرە لە هەولێر ئەو ئەركە كراوە، چۆن پێشتر هەبووە ئێستا ئێمە لەناو پەرلەمان بڵێین نابێ، بۆیە بەو سێ ئیتیجاهە قسە ئەكرێ و لە هەر سێ ئیتیجاهەكەش تێكەڵ كردنێك هەیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز:سەرۆكی پەرلەمان**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەكت هەیە؟

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید:وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكەی من ئەوەیە ئەگەر بمانەوێ ئەم یاسایە بەڕێك و پێكی جێ بەجێ بكەین ئەم هەموو كارە ناتوانێ بكا، هەتا ئێستاكە بلاْوئەكرێتەوە و پەسەند بكرێ ئەو یاسایە، من یك نموونەت بۆ ئەهێنمەوە، لە كیمیادا لە عێراق 180 كەس ماستەر و دكتۆرایان هەیە عەقدی دەرمان ئەكەن غەڵەت ئەكەن، ئێستاش ئێمە وەزارەتی تەندروستی خۆمان ناتوانین هەندێ عەقدی دەرمان بكەین، یەعنی دەرمان كڕین و نەخۆش ناردنە دەرەوە و توێژینەوە و ئەوانە تۆزێك ئەركی سندوقەكە قورس ئەكا، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز:سەرۆكی پەرلەمان**

لیژنەی هاوبەش ئاخیر صیاغەتان و ئەیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز زكیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی گۆڕانی ڕیزبەندی خاڵەكان و لابردنی سێ خاڵ بەو شێوەی لێ دێ ئەم ماددەیە:

یەكەم-دیاری كردنی نەخشە ڕێگای سیاسەتی گشتی كە سندوق لەسەری دەڕوات و بڕیاردانی ئەو پلانانەی كە بەڕێوەچوونی كاری تێدا كۆنترۆڵ دەكات .

دووەم- هاوكاری كردنی لایەنی پەیوەندیدار لە دروست كردن و پێشخستنی بنكەكانی تایبەت بە چارەسەركردنی تووشبوانی شێرپەنجە و نەخۆشی یە قورسەكان .

سێیەم-: خاوەندارێتی كردن و پاراستنی سامانی گواستراوە و نەگواستراوە و بەكارهێنانیان بەگوێرەی یاسا كار پێكراوەكان .

چوارەم- ئەنجام دانی گرێبەست لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ دابین كردنی چارەسەری پزیشكی گونجاو لە سەنتەری پزیشكی و كادری تەندروستی و كۆمپانیای نیشتمانی وبیانی.

پێنجەم- ئەنجام دانی توێژینەوە و بەدەستهێنانی داتا و ئاماری پێویست لەلایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی سندوقەكە .

شەشەم- سندوق مافی پەنا بردنە بەر دادگای هەیە لەو ئەرك و مافانەی كە لە سەرێتی یا هی خۆیەتی

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سندوق، (7، 8، 9)یەم لاچووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

اولا: رسم السياسة العامة التي يسير عليها الصندوق و اقرار الخطط التي تحكم سير العمل به.

ثانيا: التعاون مع الجهات المعنية في تأسيس وتطوير المراكز الخاصة بعلاج المصابين بالسرطان.

ثالثا: تملك الأموال المنقولة وغير المنقولة والمحافظة عليها والتصرف فيها بموجب القوانين النافذة.

رابعا: التعاقد مع الجهات المعنية بتوفير العلاج الطبي الملائم من المراكز الطبية والكوادر الصحية والشركات الوطنية والأجنبية.

خامسا: دعم البحوث والحصول على البيانات والأحصاءات اللازمة من الجهات المعنية لغرض تحقيق أهداف الصندوق.

سادسا: للصندوق حق التقاضي أمام المحاكم فيما له من حقوق وما عليه من التزامات.

سابعا: وضع نظام داخلي لإدارة شؤون الصندوق.

ثامنا: وضع خطط إدامة وتنمية استثمارات وموارد الصندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئیستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە،

سوپاس.

(20) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، (33) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە ئێستا فەقەر، فەقەرە دەیخەینە دەنگەوە، بۆ ئەوەی بزانین کام فەقەرە مەقبوولە، کام مەقبوول نییە، چونکە خۆ دەبێ ئەم سندوقە مەهامێکی هەبێ، فەرموو فەقەرە، فەقەرە بیخوێننەوە، دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو کاك عمر عبدالرحمن قسەکانی خۆت بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم سندوقە ئێستا بەگوێرەی ئەم عەمەلییەی تەسویتە بێ مەهام مایەوە، ناکرێ سندوقێك مەهامی نەبێت، هیچ خاڵێ لەو خاڵانەی کە خوێندرایەوە، خۆی لەئەصڵی یازدەکە، هەشتی خوێندرایەوە، (8) مەهامەکە هیچی بەکەڵکی ئەم سندوقە نەهات. کەواتە ئەم سندوقە فەشەلی هێنا، ئێمە چەند ڕۆژە

موناقەشەی دەکەین، ئەم یاسایە ئەبێ ئیلغا بکرێتەوە و نەمێنێ، ئەمە یاسایەکە لەخزمەتی زۆرینەی خەڵك دایە، لەخزمەتی ئەم توێژە دایە، پێویستە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەم سندوقە بەهەمان شێوە بهێڵرێتەوە مەهامەکانی، جا ئیتر فەقەرە، فەقەرە دەخوێندرێتەوە ئێستا، دەیخەنەوە دەنگ، ئەمە تەرکە بۆسەرۆکایەتی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئێمە لەسەرۆکایەتی پێمان باشە فەقەرە، فەقەرە بیخوێنینەوە، ئەو فەقەرەیەی دەنگی وەردەگرێ باشە، ئەوەی دەنگی وەر ناگرێ لەمەهامەکە نامینێت، فەرموو فەقەرە، فەقەرە بیخوێننەوە. پێشنیاری چی؟ فەرمووکاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەسمان لەگەڵ ئەوە نین مەهامی نەبێ ئەم سندوقە، بەڕاستی یەعنی هەموو یاسایەکە وەکو ئەوەیە بڵێین لەگەڵ ڕێزمان با دەستێکی نەبێ، بەڵام ناشکرێ ئێمە دەنگدان لەسەر ئەوە بکەین کە نەمێنێت، جا ئێستا جارێکی تر فەقەرە، فەقەرە بۆمان بخوێندرێتەوە، بخرێتەوە دەنگدان، بەیارمەتیت سەرۆکی پەرلەمان، من پێشنیار دەکەم لیژنەکە سیاغەیەك بکاتەوە بۆ مەهامەکەی بە (3، 4) دێڕ، نەیکەین بە فەقەرە، فەقەرە دوایی (2، 3)ماددەکە ئامادە بوو بیخەینەوە دەنگ، ئاوا باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە سیاغەکە کرایەوە، چەند فەقەرەیەکی حەزف کرا، ئینجا قبوول نەکرا، ئێستا بەپێی حیسابی ئەو دەنگدانەبێ ئەم مەشروعە، ئەم سندوقە هەر نەمێنێ بەڕاستی، فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهرابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن پێشنیارێکم بۆ لیژنەی یاسایی ناردیە، بە (4) دێڕم دانایە، کۆکردنەوەی پارە، چۆن تەسەروف پێ دەکرێت (وفق الضوابط)، چۆن دەعمی مەراکیز و موئەسەساتی توبی و ئیستیعانە بە کەوادیری توبییە بکەین؟ ئەگەر بکرێتن بخوێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە دەنگمان بۆ ڕەتکردنەوەی دا مانای ئەوە نییە کە هەموو مەهامەکانی ڕەت بکەینەوە، هەندێ لەپەرلەمانتارەکان پشتیوانی لەهەندێ لەبڕگەکان دەکەن، هەندێ بڕگەی ڕەت دەکەنەوە، بۆیە من

پشتیوانی ڕای سەرۆکایەتی دەکەم، ئەوە بخرێتە دەنـگ، بڕگـە، بڕگـە بخرێتـە دەنـگ و دەنگـی بـۆ بـدەین و یەکلای بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕگە، بڕگانە ڕەفز کران، بەدەنگدانەوە، بۆیە تـەنها چارەسـەر هەیـە پێشـتیارێکی دیـاریکراو بهێـت بـۆ دەستنیشانکردنی ئەرکەکانی ئەو سندوقە، وەکو ئەوەی کاك عمر باسی کرد، نـابێ ئـەم سـندوقە بـێ ئـەرك بمێنێ، روونە، بۆیە جارێکی تر مادده، مادده نا، دوو، سێ پێشـنیار هاتوونـە بەردەسـتی ئێـوە بیخوێننـەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو پێشـنیارە تەبـەنی دەکـەین، بڕگـە، بڕگـە دەیخەینـە دەنگـەوە، ئـەو بڕگەیـەی دەنگـی هێنـا ئـەوە قبوولە، ئەوەی دەنگی نەهێنا نامێنێ لەمەهامی سندوقەکە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید / وەزیری تەندروستی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێك دەکەم، بەڕای من خاڵێکی تەوزحیی بنووسرێ، هاوکاری کردن و هەماهـەنگی کـردن لەگـەڵ وەزارەتـی تەنـدروسـتی لـەجێ بـەجێکردنی ئـەم مەهامانـەی خـوارەوە، مەوزوعەکـە چارەسـەر دەبـێ، ئـەو مەهامانەی کە نووسراوە هەمووی ئیشی وەزارەتی تەندروستییە، ئەوان هاوکاریمان بکـەن و هەماهـەنگیمان بکەن، تەواو، هاوکاری کـردن و هەماهـەنگی کـردن و دەعـم کردنـی وەزارەتـی تەندروسـتی، سـێ کەلیمەیـە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە جەنابی وەزیر داوای دەکات وارید نییە لەقانونەکە، چونکە ئێمە پێش ئـەو ماددەیـە گوتوومانـە ئەم سندوقە (ترتبط بالوزارة)، ئیتر هەماهەنگی و موساعەدە نەما، مورتەبیتە بەیەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید / وەزیری تەندروستی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی هاوبەش ئەوەمان تەواو کرد، ئەمە گۆڕاوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ناکرێت، ئەمەی کە ئێستا خراوەتە دەنگەوە دوای ئەوەی کە ئێمە سێ فەقەرەمان لێ لابرد، هەندێك گۆڕانکاریمان تێدا کرد، لە یانزدەکە بوو بەهەشت، ئەوەش دەنگی نەهێنا، ئێستا پێویستە ئێمە بڵێین جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامە بەڕێزەکان، سیاغەیەکی تازەمان پێیە، بەم شێوەیەی خوارەوە ئەم سیاغەیەمان بخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دەنگدانی لەبۆ کرا ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەسەر بوو، ناوەڕۆکی بڕگەکانی ئەم ماددەیە بوو، کەس دژی ئەوە نییە، کەسندوق بەبێ مەهام بێ، چونکە هەموو دڵنیان لەوەی کە ئەرکی پێ ڕانەسپێرێ، واتە پێویست بەو یاسایە ناکات، بەڵام ڕاوبۆچوونی جیاواز لەسەر بڕگە و بەندەکان هەبوو، سەرەتاش داوامان کرد کە بڕگە، بڕگە بدرێتە دەنگدان، ئێستا دارشتنەوەیەکی نوێمان لەبەر دەستدایە، بڕگە، بڕگە دەیخوێنینەوە، پێشکەشی دەکەین، جەنابت ئەمر بفەرمووی بڕگە، بڕگە دەنگدانی لەبۆ بکرێ، بەسیاغەتێکی تازە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش پێمان باشە سەرۆکایەتی بڕگە، بڕگە دوای سیاغەی تازە بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: دیاری کردنی نەخشە ڕێگای سیاسەتی گشتی کە سندوق لەسەری دەڕوات و بڕیاردانی ئەو پلانانەی کە بەڕێوەچوونی کاری تێدا کۆنترۆڵ دەکات .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

اولا: رسم السياسة العامة التي يسير عليها الصندوق و اقرار الخطط التي تحكم سير العمل به.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، سوپاس.

كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، سوپاس، خاڵی یەكەم بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو بۆخاڵی دووەم.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووەم: هاوكاری كردنی لایەنی پەیوەندیدار لە دروست كردن و پێشخستنی بنكەكانی تایبەت بە چارەسەركردنی تووشبوانی شێرپەنجە و نەخۆشی یە قورسەكان .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەكەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثانيا: التعاون مع الجهات المعنية في تأسيس وتطوير المراكز الخاصة بعلاج المصابين بالسرطان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە وا بكەن گوێمان لەیەكتری بێ، دوایی لە پرۆتۆكۆڵ تەسجیل نابێ، ئێستا خاڵی دووەم كە خوێندرایەوە، بەكوردی و عەرەبی كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، سوپاس.

(38) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، سوپاس. و(11) كەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو بۆ بڕگەیەكی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێیەم: خاوەندارێتی كردن و پاراستنی سامانی گواستراوە و نەگواستراوە و بەكارهێنانیان بەگوێرەی یاسا كار پێكراوەكان .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەكەی.

**بەڕێز جهان اسماعيل بنيامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثالثا: تملك الأموال المنقولة وغير المنقولة والمحافظة عليها والتصرف فيها بموجب القوانين النافذة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، سوپاس.

(32) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، سوپاس، (19) كەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو بۆ بڕگەیەكی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چوارەم: ئەنجام دانی گرێبەست لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ دابین كردنی چارەسەری پزیشكی گونجاو لە سەنتەری پزیشكی و كادری تەندروستی و كۆمپانیای نیشتمانی وبیانی.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەكەی.

**بەڕێز جهان اسماعيل بنيامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رابعا: التعاقد مع الجهات المعنية بتوفير العلاج الطبي الملائم من المراكز الطبية والكوادر الصحية والشركات الوطنية والأجنبية.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، سوپاس.

(17) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، سوپاس، (34) كەس لەگەڵدانییە، كەواتە ئەو فەقەرەیە بەزۆرینەی دەنگ ڕەتكرایەوە، فەرموو بۆ بڕگەیەكی تر، فەرموو د. ڕێباز تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەصڵی سندوقەكە دابین كردنی چارەسەری پزیشكییە، ئەگەر ئەو خاڵە ڕەفز بكرێتەوە كەواتە سندوقەكە چی دەكا؟ یەعنی ئەگەر كێشەتان لەگەڵ گرێ بەستەكە هەیە، ئەوە بیر كردنەوەیەكی مەركەزیانەیە، ئەصڵەن لەسیستەمی تازەی تەندروستی موهیم ترین شت (دی سێنترەڵ لازەیشن) لامەركەزییەتە، بەڵام

ئەگەر كێشەشتان لەگەڵ گرێبەستەكە هەیە، ڤیروسیا گرێبەستەكەش لابەرن، بەس دابینكردنی چارەسەری پزیشكی دەبێ بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جێگری سەرۆكی پەرلەمان تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم مەبدەئە، مەبدەئێكی قانونییە، بەڕەئی من ئەگەر لەدژیشی ڕەئی بدەین سندوق مادەم شەخسییەی مەعنەوی هەیە، هەر حەقی تەعاقودی هەیە، بۆیە ..........

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە لەشوێنی خۆتان قسە مەكەن، كاك عبدالسلام لەشوێنی خۆت قسە مەكە، فەرموو كاك عمر عبدالرحمن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە كاك د. ڕێباز باسی لەسەر كرد، دەقاودەق لەگەڵ ماددەی دوو ئێمە دەنگمان لەسەر داوە، دەڵێین هەدەڤ ئەم سندوقە عیلاجی لازمە، ئەدویەیە، ئەجهیزەیە لە مەراكیزی توبی خاص (بالعلاج خارج الإقليم وداخل الاقليم). كاكە ئەگەر گرێبەست نەبێ، چۆن ئەتوانێ ئەوانە پەیدا بكات ئەم سندوقە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵڵا ئەمن یەك سوئال لەئێوەی بەڕێز دەكەم، دەتانەوێ ئەم موئەسەسەیە خاوەنی شەخسییەتی مەعنەوی خۆی نەبێ؟ لامەركەزییەتی نەبێ؟ هەمووی مەركەزی بێ؟ ئەوەی ئێوە دەیڵێن هەموو دەگێڕنەوە بۆ مەسەلەی مەركەزییەت، هەمووی لەیەك شوێن و قەرار دەچێ، ئەم موئەسەسەیە دەبێ شەخسییەتی مەعنەوی خۆی هەبێ بەڕاستی، فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشك و برایان، ئەندامانی لیژنەی هاوبەش، ڕەجاتان لێدەكەم لەهەڵوێستی ئێمە تۆزێك نەفەستان هەبێ، هەوڵدەن تێبگەن لەئێمە، ببوورن مانای ئەوە نییە تێ ناگەن، ئێمە ئەڵێین ئەوانە شتی تەبیعین، ئەمە دائیمییە لەیاسا هەبێ، چونكە ئەرك نین ئەمانە، هەندێكییان، نەوەكو ئێمە لەگەڵ ئەوە نین گرێبەست نەكات، نەوەكو ئێمە لەگەڵ ئەوە نین پەیڕەوی ناوەخۆی نەبێت، پەنا بۆ دادگا ببات، كە وتوومانە سەربەخۆیە، شەخسییەتێكی مەعنەوییە، یەعنی ئەمە تیكرارێكی زیادە، پێویست نییە لەیاسا هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵام لەڕوی قانونییەوە هەموو شەخسییەتێکی مەعنەوی حەقی تەعاقودی هەیە، هەموو شەخسییەتێکی مەعنەوی بەڕاستی، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی چوارەم ڕەتکرایەوە، ئێستا خاڵی پێنجەم دەبێتە خاڵی چوارەم.

**چوارەم:** ئەنجام دانی توێژینەوە و بەدەستهێنانی داتا و ئاماری پێویست لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سندوقەکە .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رابعا: دعم البحوث والحصول على البيانات والأحصاءات اللازمة من الجهات المعنية لغرض تحقيق أهداف الصندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.

کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، (2) کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی شەشەم کەدەبێتە خاڵی پێنجەم.

**پێنجەم:** سندوق مافی پەنا بردنە بەر دادگای هەیە لەو ئەرك و مافانەی کە لە سەرێتی یا هی خۆیەتی .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خامسا: الصندوق له حق التقاضي أمام المحاكم فيما له من حقوق وما عليه من التزامات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.

کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، (4) کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**شەشەم:** دانانی پەیرەوێکی ناوەخۆ بۆ بەڕێوەبردنی کارو بارەکانی سندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سادسا: وضع نظام داخلي لإدارة شؤون الصندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.

کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، (5) کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەوتەم: دانانی پلانی بەردەوام بوون و گەشەپێدانی وەبەرهێنان و سەرچاوەکانی داهاتی سندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثامنا: وضع خطط إدامة وتنمية استثمارات وموارد الصندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.

(28) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، (2) کەس لەگەڵدا نییە، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم : لیژنە لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی چوارەم: سەرچاوەکانی داهاتی سندوق لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

یەکەم: ئەو پارەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە تەرخانی دەکات لە بودجەی گشتی هەرێم.

دووەم: بەشێك لە داهاتی سندووقەکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دابین دەکرێ.

سێیەم: دانانی رێژەی (5 ٪) لەو باج و رسوماتانەی کە دەخرێنە سەر ئەو شت و مەك و بەرهەمە زیان بەخشەکان کە زەرمەندن بۆ تەندروستی لەسەر کەل و پەل و بەرهەمی ناوخۆ و هاوردەکراو و وەردەگیرێت بۆ بەرژەوەندی سندوق.

چوارەم: بژاردەی (غرامە)ی وەرگیراو تایبەت بە قەدەغەکردنی جگەرە کێشان.

پێنجەم: رێژەی 50٪ لەو بژاردانەی بەسەر ئەو مادده و خۆراکانەی کە مەرجی سەلامەتی و تەندروستیان تێدا نی یە .

شەشەم: رێژەی 25٪ لەو غەرامانەی کە چاودێری تەندروستی وەری دەگرێت .

حەوتەم: پیتاك و کۆمەك و بەخشین دوای رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ، گەر لە دەرەوەی هەرێم بێت.

هەشتەم : داهاتی چالاکیی سندوق.

نۆیەم : أ- زیادکردنی رێژەی 5٪ بۆ رەسمی تۆمارکردنی هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێك و گواستنەوەی موڵکدارێتی و نوێ کردنەوەی ساڵانەی (سنویە) وەردەگیریت بۆ مەبەستی سندوق .

ب- رێژەی 2٪ لەو غەرامانەی وەردەگیرێت لەسەرپێچی هاتوچۆ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: تتكون الموارد المالية للصندوق مما يأتي:

أولاً: ما تخصصه حكومة الاقليم سنوياً ضمن الموازنة العامة للإقليم.

ثانياً: مستحقات الصندوق من تخصيصات وزارة الصحة.

ثالثاً: تضاف نسبة 5٪ من الضريبة و الرسوم المفروضة على المواد والمنتجات الضارة بالصحة المستوردة او المنتجة محليا وتستوفى لمصلحة الصندوق.

رابعاً: الغرامات المستوفاة بموجب قانون مكافحة التدخين.

خامساً: نسبة 50٪ من الغرامات المستوفاة عن المواد والاغذية المخالفة للشروط الصحية.

سادساً: نسبة 25٪ من الغرامات التي تستوفى بموجب قانون الرقابة الصحية.

سابعاً: المنح والتبرعات والهباة بعد موافقة مجلس الوزراء ان كانت من خارج الإقليم.

ثامناً: ريع نشاطات الصندوق.

تاسعاً:

أ-تضاف نسبة 5٪ الى رسم تسجيل المركبات ونقل ملكيتها وتجديد السنوية وتستوفى لاغراض الصندوق.

ب- نسبة 2٪ من الغرامات المستوفاة عن المخالفات المرورية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

لەدەقە کوردییەکە بڕگەی سێیەم (دانان) دانانی ڕێژەی 5٪، لەعەرەبییەکە ئیزافەکرایە لەسەر ئەو باجەی کەهەیە، ئەوە پێویستە یەك بخرێتەوە، لەدەقە عەرەبییەکەش لەپاڵ وشەی غەرامە مستەوفات داندرایە، وشەی ئیستیفاء عادەتەن لۆ روسومات و زەرائیب بەکاردێت، غەرامە ئیستیفاء ناکرێ، غەرامە بەحکومی قانون فەرز دەکرێ، لەبەر ئەوەی سزایەکی داراییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو گۆڕانکارییەی کە د. ڕۆژان کردی، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

بەنیسبەت ئەو مادده دووەم (مستحقات الصندوق من تخصیصات وزارة الصحة) چەندین ئەندام پەرلەمان باسییان کرد، ئەو تەخسیساتەی وەزارەتی سەحە بالۆخۆی بمینێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێشتر کە موناقەشەمان کرد ئەوە لەبۆ نەخۆشی سەرەتان و ئەمرازی موستەعسییە بوو ئینجا گۆتمان با وەزارەتی سەحە پارەی نەداتن لەمیزانییەی خۆی، ئێستا تەنها لەبۆ شێرپەنجەیە، وەزارەتی سەحە ئەو پارەیەی دەیخاتە ئەو سندوقەی با لەبۆ نەخۆشییەکانی دی بێ، یەعنی لەبۆ وەزارەتی سەحە بمینێتەوە دووەم، ئەمە پێشنیاریش کرایە، بەنیسبەت ئەوەی سندوق کەس باسی لە 2٪ی نەکرد غەراماتی مروری، یەعنی چەند ئەندام پەرلەمان باسمان کرد، یان لە 40٪، یان 50٪ غەراماتی مروری، ئەو لە 2٪ نازانم لیژنە باسیان لێکردووە، یەك دوایی ئەلف و بێیە، لۆخۆی پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە نۆیەم، حەقە ئەلف و بێ بکاتە یەك غەرامە، ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی لیژنە....، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

زۆر ڕەئی هەبوو کە ئەمانە هەمووی بەپێی یاسا ڕێکخراون، جگە لەماددەی یەکەم و دووەم، هیچ شتێکی دیکە نەمێنێت، بەڵام ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەوەی ئێمە ئاگامان لێیە پارەیەکی زۆر تەبەروع دەکا، ئێستا خۆیان پارەیەکی زۆریان کۆکردیتەوە با ئەوە داخیل بکرێ، ئەمانەی تر هەمووی بەپێی یاسا

ڕێکخراون، وتمان ناتوانرێ تەداخول بکرێ، ئێستا باوەڕبکە سەرپێچی هاتوچۆ قەت نایەتە ئێرەوە، لەبەر ئەوە شتێك دانێن کە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لەو ڕەئییانە ئەوە بوو کەوا بەڕاستی ئەوەی شلێر خان باسی کرد، بەفیعلی ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە کرد کەوا شتێك ناخرێتە دەنگەوە بابڵێین موخالەفەی قانوون بێ، لەسەر مەسەلەی خاڵی گومرگی ئێمە ڕەئی وەزارەتی مالییەمان وەرگرتییە، یەعنی نییە، ئێمە بۆخۆمان تووشی جەدەلەیەکی تر بکەین، دوایی مەسەلەی سندوق تۆ دائیمەن داهاتی نوێی بۆ تەرخان دەکەی، یەعنی سەرچاوەی مالی نوێ دەبینییەوە، تۆ غەراماتی مروورییە، نازانم چییە؟ ئەمانە هەموو بودجەی عامی حکومەتن، ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێ لە بودجە، لەوێ، لەوێ شتێك ببڕین و بیهێنینەوە وەك ئەو 10٪ ی پلە باڵاکان کەتاوەکو ئێستا دەبڕێ، نابڕێ، فورسە بەدوا داچوونەکە، ئێمە بابێین ئەو بودجەیەی کە لەحکومەت تەرخانی دەکەین بۆ ئەو سندوقە، بڕێکی ئەوەندە گونجاو و شایستە بێتن پێویست نەبێ لەدەرگای دە شوێن و دە وەزارەت بدەین چییە پارەی بۆ دەبڕن کە هەمووشیان بە یاسا ڕێکخراوە، ئەمە ڕەئی فەرمی وەزارەتی مالییەش بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پشتگیری قسەی هەردوو هاورێ دەکەم، نایکەمە گلەیی، پرسیار دەکەم، خۆئەمە لەجەلسەی دووەم تەرح کرا، پێشنیارەکە موحەدەد ئەوە بوو هەموو ئەو بڕگانەی کە نیسبەی تێدایە لەبەر هۆکارەکانی دیکە دووبارەیان ناکەم لابدرێن ، یەك: ئیجباری حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە لەبودجە، بودجەیان بۆ تەرخان بکرێت، ئەوە یەکەمە، دووەم: وەزارەت ئەگەر ویستی لەدووەمەکە پێنجەم و شەشەمیش تەحقیق دەبێت، یەعنی یەکەم و دووەم و هەشتەم بمێنن، داهات لەچالاکی خۆیان، ئەو بودجەی حکومەت کە ئێمە بۆمان نووسی، هەموو ساڵ کە بودجە موناقەشە دەکرێ، دەڵێین حکومەت کوا ئەو پارەی تەرخانتکردووە؟ لەوێ مەزموون دەبێ، زەمان دەبێ، دووەم ئەوەی ئێستا هەیە ئەوەی تەندروستی واتە یەکەم و دووەم و هەشتەم تەنها بمێنن، ئەو ڕەئییە تەرحیش کرابوو لەکۆبوونەوەی ڕابردوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر باشە خۆ ئێستاش وایە کاك عبدالسلام، ئێستاش حکومەت بەپێی پێویست مەعالەجەی نەخۆشی سەرەتانەکان دەکا، ئەگەر وابێ ئەو سندوقەی بۆ چییە؟ حکومەت بەخۆی دایناوە مەعالەجەی دەکا، ئەو سندوقە بۆ ئەوەیە کە خەڵك تەبەروعات بکا، لەپاڵ تەبەروعاتەکە حکومەتیش یارمەتییەکی بدات کاکە، ئەگەر حکومەت هەر بەخۆی دایبنێ ئیتر ئەو سندوقەمان بۆ چییە؟ ئەو قانونەمان ناوێ بەڕاستی، فەرموو جەنابی وەزیر تەندروستی.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ جەنابتاندا هاوڕام، ئەو سندوقە بۆ ئەوەیە کە خەڵك دەعمی بکا، ئێستا لەهەولێر بازرگانی دەوڵەمەند هەیە، نەخۆشخانە خۆی دروستی دەکا، ئەو سندوقە بۆ ڕێکخستنی ئەو کارانەیە، کە ئەڵێی زیاد کردنی ڕێژەی ئوتۆمبێل و ئەوەی غەراماتی مروری، لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتێکی وەرگرین، ئەو ئوتۆمبێل ئیستیراد دەکا، ئوتۆمبێلەکە دوکەڵ دەکا، خەڵك تووشی نەخۆشی دەبێ، دێ بۆ لای من، ئەو حادیسەی مروری دەکا، ئەو غەرامەکە وەردەگرێ، بەڵام وەزارەتەکەی من بریندارەکان وەردەگرێ و مردووەکان وەردەگرێ، لەبەر ئەمانە نەك پێم باشە، پێم باشە زیاتریش بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغەی بخوێننەوە، دەیخوینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی چوارەم لیژنەی......

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە بودجەی وەزارەتی تەندروستی ئەمە ئەو بودجەیە نییە کە وەزارەتی تەندروستی بۆ شێرپەنجە سەرفی دەکا، لەوەزارەتی تەندروستی بەشێك لە مەنافیعی ئیشتیماعی، وەڵامی ئەوەش دەدەمەوە کاك عبدالسلام، بەشێك هەیە لەوەزارەتی تەندروستی بەناوی مەنافیعی ئیجتیماعی، ئێمە بەس باسی ئەوەمان کردووە، ئەو بەشەی کە لە مەنافیعی ئیجتیماعی تایبەتە بە شێرپەنجە بچێتە ناو سندوقەکەوە، بەس باسی ئەوەمان کردووە، باسی ئەومان نەکردووە بودجەی بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەی هیوا و نەخۆشخانەی تر بچێتە سەر سندوقەکە، سەبارەت بەوەی کە پێشنیارێك کرا ڕاستە پێشنیارێك کرا بۆ ئەوەی کە ئەو ماددانەی تر لابرێن تەنها بودجەکەی وەزارەت و بودجەی حکومەت بمێنێتەوە، بەڵام ئێمە

چارەسەرمان بۆ دۆزیوەتەوە، چونکە ئەصڵی کێشەکە ئەوەبوو کە لەوانەیە ئەو پارەیە قورس بێت بگەڕێت، یاخود لەوانەیە داهاتی ناوەخۆ بچێتەوە بەغدا ئێمە چۆن دەتوانیین ئەو بودجەیە بخەینە ناو سندوقەکە؟ بەڵام ئێمە ئەو ڕێژانەی کە دامانناوە بە ئیزافەی ئەو غەرامەی پێشووتر کەوەرگیراوە دامانناوە، چونکە حکومەت لەوانەیە لە ڕسوماتی قازانجی خۆی لەوەبەرهێنان ببەخشرێ، بەڵام لە بوارە تەندروستییەکەی ئێمە نایبەخشین، هەر لەبەر ئەمەیە نرخی جگەرە، یا نرخی مەشروبات، یا نرخی کۆمەڵێك مەوزوعی تر کە لەکوردستان نرخەکەی لەوڵاتانی تر هەرزانە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی لەبوارە وەبەرهێنانەکەی ئێمە لەوانەیە بەخشیبێتمان، بەڵام لەبوارە تەندروستییەکەی ئێمە نایبەخشین، پارەکەی دەچێتە ناو سندوقی شێرپەنجەوە، لەبەر ئەوە بەوە چارەسەرمان بۆ دۆزیوەتەوە، خۆ ئێمە ئەگەر ئەو ماددانەی تر لابەرین تەنها بودجەکەی حکومەت بمێنێتەوە، کەواتە سندوقەکەمان بۆ دروست کردووە ئەصڵەن؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر هەورامی فەرمووو، کاك عبدالسلام ڕەجا دەکەم لەشوێنی خۆت قسە مەکە، جارێك، دووجار، سێ جار، کاکە حەقت نییە قسە بکەی، برام سەد کەس وەکو تۆ دانیشتییە، بۆ لەجێی خۆت قسە دەکەی؟ نابێ لەجێی خۆت قسە بکەی، برای خۆم جارێك، دووجار، سێ جار کافییە، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق محمد (هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ قسە لەسەر ئەوە ناکەین لیژنەکە چی نووسیتەوە، چی نەنوسییەتەوە، بەڵام ئەو بەڕێزانەی کە لێرەن، ئەو پەرلەمانتارانەی کە لێرەن، لەجەلسەی پێشوو چ ڕەئییەکیان هەبووە پێویست دەکا ڕێزی لێبگیرێ، ئێمە بەتەحدید چەند پەرلەمانتارێك پێشنیارمان کرد پێویست ناکا ئەو هەموو دوورو درێژییەی بدرێتێ، لەبەر ئەوەی کە ئێوە دەیڵێن بەچوار خاڵ کۆتایی پێدەهێندرێت، من هەتا ئەو کاتی من بووم کاك عبدالسلام بوو، کاك گۆران بوو، دکتۆر ئاراسیش دوایی تەئیدی کردین، لەبەر ئەوە پێویست دەکا ئێوە ڕێز لەو ڕەئییانە بگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین و سەیری بودجە بکەن، بودجەی هەر حکومەتێك ئیراداتە، نەفەقاتە، ئەگەر بێین و سەیری مەصادری ئیرادی حکومەت بکەین (زەریبەیە، رسوماتە، غەراماتە، جەزائاتە،...) ئەگەر ئێمە ئێستا لێرە

بێین نیسبەیەك دابنێین لەو غراماتانە چ لە مروور بێ، چ لە تەدخین بێ، هەرشوێنێك بێت واتای لێرە دووجاری تەخسیس دەکرێتن، دوایش بێنن لەسەر حکومەت فەرز بکەن پارەیەك تەخسیس بکات، یەعنی دووجاری حیساب دەبێتن، چونکە ئیراد، ئەوانە مەصدەری ئیرادە، ئیراد مەصدەری بابڵێین تەمویلی نەشاتاتی حکومەتە، بۆیە من پێشنیار دەکەم تەنها دوو، سێ خاڵ، سێ، چوار خاڵ زیاتر نەبێت، ( ما تخصصه حکومة الاقلیم سنویاً)، پارەیەك دابنێن، دووەم هی وەزارەتی سەحە ئەگەر بێت و شتێك دابنێتن، سێیەم هی ئیعانات، موساعەدات، تەبەروعات، ئەوانە تەقریبەن ئەبێتە مەصدەری سەرەکی لێرەش تووشی ئیزافە نابن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید / وەزیری تەندروستی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە داندراوە دیارە ئێمە لەخۆمانەوە وەرمان نەگرتووە، ئەوە شتێکی عالەمییە، هەموو نیزامی شۆرەنسی دونیا باج دەخاتە سەر کحول، باج دەخاتە سەر جگەرە، باج دەخاتە سەر هەندێ خواردنی گران، باج دەخاتە سەر هێنانی سەیارە، هەرشتێك زەرەری هەبێ بۆ سەحە و بودجە بەوەزارەتی سەحە سەرف بکا، ئەو باجی لێوەر دەگرێ، یەعنی ئەوە شتێك نییە ئەمان لەخۆیانەوە نووسیبێتیان، ئەمە لەزۆربەی نیزامی تەئمینی عالەمییا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پشتیوانی ئەو بۆچوونە دەکەم کە ئەبێ هەموو ڕای ئەندامانی پەرلەمان هەر پێشنیازێك کرابێ و سێ کەس پشتیوانی کردبێ وەربگیرێ وەکو خۆی، بەڵام هەندێك خاڵ هەیە ئێمە حەقە یەعنی ورد بین لەسەری، یەعنی قسەیەکی جدی بکەین، مەسەلەی غەراماتی مروری، من خاوەنی ئەو پێشنیارەم، خاوەنی ئەو پێشنیارەم بۆ ئەوەی ببێ بە دەعمێك بۆ ئەو سندوقە، کەس باسی لە 2٪ی نەکردووە بەڕاستی، سیوەیل خانیش وەکو خۆی نەیوت باسی لە 40٪ نەکراووە، باسی لە 20٪ کراوە، پشتیوانی کراوە، توخوا بەئیجازە، ئەمە بۆ ئەوەیە بەراستی ....، ئێمە خۆمان دەزانین غەراماتی مروری ناچێتەوە بۆ بەغدا، بائێمە ئاگامان لەوە بێ برادەرانی لیژنەش ئاگایان لەوە بێ، غەراماتی مروری سەرف دەکرێتەوە لەناو وەزارەتی ناوەخۆدا، با لە20٪ی ئەمە بێتە سەر ئەم سندوقە، ئێمە دەبێ هەوڵبدەین زۆرترین مەصدەری مالی بۆ ئەم سندوقە پەیدا بکەین، چونکە حکومەت بەتەنها ناتوانێت دەعمی ئەو سندوقە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی حکومەت پابەند کراوە لەمیزانییەی خۆی ساڵانە بودجەیەك تەرخان بکات بۆ ئەوە، پێموایە لەبڕینەکانی تر هەر دەچێتەوە سەر بودجە عامەکەی، ئەگەر ئەو لەبڕینی بودجە ڕسمییەکان بێ یا لەو ڕسوماتانەبێ کە لەسەر موخالەفەی مروری یا گومرگی، من ئەو پێشنیارەی بەڕێز وەزیرم پێ ڕاستە، تۆ هێزی پاراستنیش دەدەیتە بڵێین ئەو موخالەفاتانەی کاریگەر دەبن بۆ سەر نەخۆشییەکەی، لەبەر ئەوەی ئیزافەکە ڕاستە، ئێمە بەتایبەت ئیزافەك دەخەینە سەر هەموو ئەو هۆکارانەی، ئەو مەترسییانەی کە دەبنە هۆکاری نەخۆشییەکە ئەوەی پەیوەندی بەسەیارەیە، بەمروورە، بەو ڕێگایانەیە، هەم هێزی پاراستنەکە، هەم میزانییەکەش زیاد دەکەین، ئیزافەکە ڕاست و دروستترە کە ئێمە پێشنیارمان کردو لیژنەی هاوبەشیش لەسەری موتەفیق بوون، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵەکەی من نوقتەی نیزامییە، چونکە دەبینم ئێستا ئەوەی کە پێشنیارێکی هەبوو، یاخود ڕەئییەکی هەیە، ئێستا شەرعی دەکا بۆ ئێمە، وادەکە کەوا تەئسیر بکاتە سەر ڕەئی خۆی، دروست ئەوەیە کە ئەگەر ڕەئییەکان هەیە لەسێ کەس زیاتر بوو، یەك کەس پێشنیاری کرد، دوو کەس تەسنییەی کرد، دەتوانرێ ئێستا وەکو ڕەئی تەسبیت بکرێ لەراپۆرتەکەدا، ئەو ڕەئییە لەگەڵ ڕئییەکانی تر بخرێتە دەنگدانەوە، پێویست ناکا ئێمە جارێکی تر ڕەئییەکە بڵێینەوە، وابکەین کەوا تەئسیرات دروست بکەین لەناو قاعەدا وەکو چۆن دەڵێ دەعم ڕەئییەکەی خۆمان کۆ دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ خوشکی من خۆ ئێمە نین هەر ئێوە خۆتان قسە دەکەن، ئەوە دوو سەعاتە نەمانتوانیوە چوار مادده بەڕێ بکەین، دوو سەعاتە، هەر بۆ تەوزیح لیژنەی دارایی پێشنیاریان کرد دەڵێ لەبارەی خاڵی سێیەم ڕێژەی 5٪ بکرێتە 60٪، ڕێژەی 50٪ بکرێتە 70٪، لەشوێنەکی دیکە 50٪ بکرێتە 80٪، خۆ دارایش ئەوە دەڵێ بەڕاستی، فەرموو ئەڤین خان قسەی خۆت کرد، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت زۆر ڕاست دەکەی ئەوە ئێمەین ئەو موخالەفەیە دەکەین، بەڵام بەڕێزتان مەسئولن لەوەی کەوا ئێمە ڕابگرن، نەیەڵن ئێمە ئەو شتانە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا دابینکردنی سەرچاوەیەکی داهات لەڕێگای غەرامەوە جگە لەوەی کە تۆ سەرچاوەیەکی داهات و دەعمی ماددی بۆ سندوقەکە مسۆگەر دەکەی، لەڕێگای غەرامەوە مانایەکی تری مەعنەویشی هەیە ئەویش ئەوەیە کە تۆ لەڕێگای ئەم جۆرە غەرامەیەوە جۆرێك لەوەعی بڵاودەکەیتەوە کە لەڕێگای مەسەلەی بەکارهێنانی سەیارە، لەڕێگای حادیساتی مروریەوە، لەڕێگای مەسەلەی ئەوانەی مەوادی غیزائی مەسەلەن ئێکسپایەر بەکاردەینن کە ئەم غەرامانە کۆ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی کە تۆ سنوورێکیش بۆ ئەوە دابنێی، بۆیە لەڕاستیدا هەم قیمەتی ماددی هەیە، هەم قیمەتی مەعنەوی هەیە، ئەم پێشنیارە کە لەوێدا هەیە، بۆیە بمێنێتەوە باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر سیاغەی بیخوێنەوە، بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم : لیژنە لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:

ماددەی چوارەم: سەرچاوەکانی داهاتی سندوق لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

یەکەم: ئەو پارەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە تەرخانی دەکات لە بودجەی گشتی هەرێم.

دووەم: بەشێك لە داهاتی سندووقەکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دابین دەکرێ.

سێیەم: زیادکردنی ئەو باج و ڕسوماتانەی کە دەخرێنە سەر ئەو شت و مەك و بەرهەمە زیان بەخشەکان کە زەرمەندن بۆ تەندروستی لەسەر کەل و پەل و بەرهەمی ناوخۆ و هاوردەکراو و وەردەگیرێت بۆ بەرژەوەندی سندوق.

چوارەم: بژاردەی (غرامە)ی وەرگیراو تایبەت بە قەدەغەکردنی جگەرە کێشان.

پێنجەم: ڕێژەی 50٪ لەو بژاردانەی بەسەر ئەو ماددە و خۆراکانەی کە مەرجی سەلامەتی و تەندروستیان تێدا نی یە .

شەشەم: ڕێژەی 25٪ لەو غەرامانەی کە چاودێری تەندروستی وەری دەگرێت .

حەوتەم: پیتاك و کۆمەك و بەخشین دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ، گەر لە دەرەوەی هەرێم بێت.

هەشتەم : داهاتی چالاکیی سندوق.

نۆیەم : أ- زیادکردنی ڕێژەی 5٪ بۆ ڕەسمی تۆمارکردنی هەموو جۆرە ئۆتۆمبیلێك و گواستنەوەی مولکداریتی و نویَ کردنەوەی ساڵانەی (سنویە) وەردەگیریت بۆ مەبەستی سندوق .

ب- ڕێژەی 2٪ لەو غەرامانەی وەردەگیرێت لەسەرپێچی هاتوچۆ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: تتكون الموارد المالية للصندوق مما يأتي:

أولاً: ما تخصصه حكومة الاقليم سنوياً ضمن الموازنة العامة للإقليم.

ثانياً: مستحقات الصندوق من تخصيصات وزارة الصحة.

ثالثاً: تضاف نسبة 5٪ من الضريبة و الرسوم المفروضة على المواد والمنتجات الضارة بالصحة المستوردة او المنتجة محليا وتستوفى لمصلحة الصندوق.

رابعاً: الغرامات المستوفاة بموجب قانون مكافحة التدخين.

خامساً: نسبة 50٪ من الغرامات المستوفاة عن المواد والاغذية المخالفة للشروط الصحية.

سادساً: نسبة 25٪ من الغرامات التي تستوفى بموجب قانون الرقابة الصحية.

سابعاً: المنح والتبرعات والهباة بعد موافقة مجلس الوزراء ان كانت من خارج الإقليم.

ثامناً: ريع نشاطات الصندوق.

تاسعاً:

أ-تضاف نسبة 5٪ الى رسم تسجيل المركبات ونقل ملكيتها وتجديد السنوية وتستوفى لاغراض الصندوق.

ب- نسبة 2٪ من الغرامات المستوفاة عن المخالفات المرورية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە بڕگە، بڕگە بدرێتە دەنگدان، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو گریمانەیە دابنێین ماددەکە دەنگی نەهێنا سندوقەکە بێ داهات دەبێ، دەکا بێ سوودە ئەو یاسایە، بۆیە پێشنیارم ئەوەیە بڕگە، بڕگە بەتەنها دەنگدانی لەبۆ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەرۆکایەتی ئەو پێشنیارەمان قبوول کرد، لەبەر ئەوە بڕگە، بڕگە بیخوێننەوە بیخەینە دەنگدانەوە، کاک عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی پەیرەوی ناوەخۆ دەبی ئەوەی ئێمە، ئەگەر دوو ڕەئی هەبێ، هەردوو ڕەئییەكە دەخوێندرێتەوە، دەخرێتە دەنگدان، ئێستا ئیهمالی ڕەئی دووەم كرا، بۆیە من تەسەوڕ دەكەم پێویستە ئەوە ڕەچاو بكرێ، ڕەئیەك هەبوو بامەلەفاتی خۆیان دووركەن، ئەوەی كە باسكراوە تەنها ئەو سێ ماددە بمێنن (یەكەم و دووەم و هەشتەم) هەیە لەموناقەشاتی خوێندنەوەی دووەم، من پرسیار دەكەم چۆن دەبێ ئیهمالی ئەوە بكرێت، ناچارمان بكەن دەنگ بدەین تەنها لەسەر یەك ڕەئی، بۆیە نیزامییە لای من خروجە لەنیزامی داخیلی و ئیشی پەرلەمان، دەبێ ئەو موناقەشەتانەی لەخوێندنەوەی دووەم كران گەڵاڵە كرابن، لیژنەی هاوبەش بڵێ دوو ڕەئی هەیە، ئینشائەڵڵا دەنگ بە موخالفی ڕەئی من دەدرێ، بەڵام دەبێ ئەو پەرەنسیپە پەرلەمانییە بپارێزین، رەجاتان لێدەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا بەڕێز سكرتێری پەرلەمان هەندێك تێبینی هەیە بابفەرموێ.

**بەڕیز فرست احمدعبدالله/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕەئی من ڕەئییەكانی برادەران زمنی ئەو ماددەیە هاتووە، بەشێوەی فەقەرات، هەر فەقەرەیەك دەنگی هێنا ئەوە تەواو بوو، دەنگیشی نەهێنا دیسان موشكیلە نییە، ئینجا هەردوو ڕێی زمنی ئەو دوو ماددەیە هاتوونە بەس بەشێوەی فەقەرات، یەعنی هیچ فەرقی تێدا نییە، جەنابتان ڕەئی خۆتان بەسێ فەقەرە حەسرتان كردووە، ئەو سێ فەقەرە زمنی ئەو ماددەیە هاتووە، برادەرانی تر ڕەئییان ئەوەیە ئیزافەی غەراماتی موستەفتەعیش ئیزافە بكرێت، ئەو وەختە بۆ حەلكردنی ئەو ئیشكالیەتە فەقەرە، فەقەرە بدرێتە دەنگدان تاوەكو بتوانین، دوور نییە فەقەرەیەك لەڕەئی ئێوە بەسەر بكەوێت، ڕەئییەكی تر بەسەر نەكەوێت، بەڕەئی منیش هیچ موخالەفەی نیزامیشی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ڕێكەوت حەمە رشيد / وەزیری تەندروستی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بەڕای من بێ بەس یەكەم و دووەم و هەشتەم بێ، سندوقەكە نەبێ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێموایە ئەو ڕەئییەی کاك عبدالسلام باسی کرد، ئەصڵ ئەوەیە بەڕاستی، دەبێ مادده، مادده بخرێتە دەنگدان، ئەم مەسەلەیە نازانم بۆ ئاوا ئاڵۆز بووە، ئەمە بخرێتە دەنگدان، بەڕێزان لەلیژنە خاڵێکی تریان هەیە، یان دارشتنێکی تر سێ، چوار لەو غەرامانە لابدەن کە ئەوە دەکاتە ڕەئی دووەمی بڕادەران، ئەگەر ئەمە دەنگی نەهێنا ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو فەقەرە، فەقەرە بیخوێننەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم : لیژنە لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:

ماددەی چوارەم: سەرچاوەکانی داهاتی سندوق لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

یەکەم: ئەو پارەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە تەرخانی دەکات لە بودجەی گشتی هەرێم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: تتكون الموارد المالية للصندوق مما يأتي:

أولاً: ما تخصصه حكومة الاقليم سنوياً ضمن الموازنة العامة للإقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.

کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، (1) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ فەقەرەی دووەم.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم: بەشێك لە داهاتی سندووقەکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دابین دەکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانياً: مستحقات الصندوق من تخصيصات وزارة الصحة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.

کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، (5) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم: زیادکردنی (5٪) لەو باج و ڕسوماتانەی کە دەخرێنە سەر ئەو شت و مەك و بەرهەمە زیان بەخشەکان کە زەرمەندن بۆ تەندروستی لەسەر کەل و پەل و بەرهەمی ناوخۆ و هاوردەکراو وەردەگیرێت بۆ بەرژەوەندی سندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثالثاً: تضاف نسبة 5٪ من الضريبة و الرسوم المفروضة على المواد والمنتجات الضارة بالصحة المستوردة او المنتجة محليا وتستوفى لمصلحة الصندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.

کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، (3) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم: بژاردەی (غرامە)ی وەرگیراو تایبەت بە قەدەغەکردنی جگەرە کێشان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رابعاً: الغرامات المستوفاة بموجب قانون مكافحة التدخين.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، (1) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنجەم: ڕێژەی 50٪ لەو بژاردانەی بەسەر ئەو مادده و خۆراکانەی کە مەرجی سەلامەتی و تەندروستیان تێدا نی یە .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خامساً: نسبة 50٪ من الغرامات المستوفاة عن المواد والاغذية المخالفة للشروط الصحية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، (4) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم: ڕێژەی 25٪ لەو غەرامانەی کە چاودێری تەندروستی وەری دەگرێت .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سادساً: نسبة 25٪ من الغرامات التي تستوفى بموجب قانون الرقابة الصحية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، (1) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەوتەم: پیتاك و کۆمەك و بەخشین دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ، گەر لە دەرەوەی هەرێم بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سابعاً: المنح والتبرعات والهباة بعد موافقة مجلس الوزراء ان كانت من خارج الإقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەشتەم : داهاتی چالاکیی سندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثامناً: ريع نشاطات الصندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، (4) کەس لەگەڵدانییە، بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نۆیەم : أ- زیادکردنی ڕێژەی 5٪ بۆ ڕەسمی تۆمارکردنی هەموو جۆرە ئۆتۆمبیلێك و گواستنەوەی مولکداریێتی و نوێ کردنەوەی ساڵانەی (سنويه) وەردەگیریت بۆ مەبەستی سندوق .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تاسعاً:**

أ-تضاف نسبة 5٪ من رسم تسجيل المركبات ونقل ملكيتها وتجديد السنوية وتستوفى لاغراض الصندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، (9) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نۆیەم : ب- ڕێژەی20٪ لەو غەرامانەی وەردەگیرێت لەسەرپێچی هاتوچۆ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب- نسبة 20٪ من الغرامات المستوفاة عن المخالفات المرورية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس........، فەرموو د. ڕێباز، تکایە بێ دەنگی، فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورن، ئەو غەرامەیەی کەوەردەگیرێ لەسەرپێچی هاتوچۆ لە 40٪ی دەبێتە هاوکاری کردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە لەوەزارەتەکەدا هەن، لە40٪ی دەبێتە تەتویری دائیرەکە خۆی، بەڕێوەبەرایەتییەکە لە20٪ی دەگەڕێتەوە بۆ میزانییە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە پارەیەك بۆ سندوقەکە دابنێین دەبێ بیر لەو 20٪ بکەینەوە کە چەندی دابندرێ بۆ سندوقەکە، لەبەر ئەوەی کە وابیر کرایەوە کە لەو لە20٪ش هەندێکی دەچێتە تەتویری ڕێگاوبان و ئەوانیش دیسانەوە هەر دەبێ ئەرکەکەی لەسەر ئەمەوە بێ، نازانم ئێمە وامان پێ باش بوو لە 5٪ بێ، ئیتر ئەوەش دەنگدانی ئەندامان دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێوە دەڵێن چی؟

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەپێشنیارەکەی لیژنەی تەندروستی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئاخیر سیاغەی بخوێننەوە، بە 5٪کە بیخەینە دەنگەوە، فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب- ڕێژەی5٪ لەو غەرامانەی وەردەگیرێت لەسەرپێچی هاتوچۆ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب- نسبة 5٪ من الغرامات المستوفاة عن المخالفات المرورية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس.کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس، (11) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنجەم لە ئەصڵی پڕۆژەکە: لیژنەی هاوبەش ڕای وایە هەریەکە لە ماددەکانی پێنجەم , حەوتەم و هەشتەم دابڕێژرێتەوە لە چوارچێوەی دوو ماددە بە زنجیرەی ماددەی (پێنجەم) و (شەشەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردن بەناوی ( ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندوق) لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1. بەرێوەبەری هەر یەك لە سەنتەرەکانی چارەسەری شێرپەنجە لە پارێزگاکانی هەرێم.
2. نوێنەری وەزارەتی تەندروستی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.
3. نوێنەری وەزارەتی دارایی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

4 . شارەزايەك و راوێژكارێك پسپۆر بێت لە ناوەوەو دەرەوەی وەزارەت .

دووەم: سەرۆك لـە نێـوان ئەنـدامانی ئەنجومـەن بـە هەڵبـژاردن دادەنرێت، ماوەكـەی چـوار سـاڵ دەبێت و دەكرێت بۆ يەك جار نوێ بكرێتەوە.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبييەكەی.

**بەڕێز جهان اسماعيل بنيامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فيما يتعلق بالمادة الخامسة من اصل المشروع: تـرى اللجنـة المشـتركة دمـج كل مـن المـادة الخامسـة والسـابعة والثامنة ، وإعادة صياغتها ضمن مادتين بتسلسل المادة (الخامسة) و (السادسة) و كالآتي:

المادة الخامسة:

أولاً: يُشكل مجلس ادارة بإسم (مجلس إدارة الصندوق) مما يأتي:

1. مدراء مراكز علاج السرطان في محافظات الإقليم.

2. ممثل وزارة الصحة على أن يكون بدرجة مدير عام.

3. ممثل وزارة المالية، على أن يكون بدرجة مدير عام.

4. خبير و مستشار من المختصين من داخل وزارة الصحة او خارجها.

ثانياً: يتم انتخاب الرئيس من بين أعضاء المجلس، لمدة أربع سنوات، قابلة للتجديد لمرة واحدة فقط.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی بيخەينە دەنگدانەوە، من داوا لەسكرتێری پەرلەمان دەكەم ناوی ئەندامان بژمێرێ، بۆ ئەوەی بزانين نيساب تەواوە يان نا، (68) ئەندام مەوجودە، بۆيە نيساب تـەواوە، نوقتـەی نيزامـی، بەڵام بەپێی چ؟ ماددەيەكی پەيرەو، فەرموو كاك جلال.

**بەڕێز جلال على عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەموناقەشەكانی پێشوودا هەتا لەتەسجيلی مـەحازرا لەياساكەشـدا كـە بـەڕێز وەزيـری تەندروسـتی سەرۆك بێ، هيچ باسی نەكراوە، ئێستا لەم ياسايەدا مـودير عـامی تێدايـە، چـەند كەسـێكی تێدايـە بەدەرەجـەی مـودير عـام، مـوديری مـەراكيزی تێدايـە، ئايـا سـەرۆكێك لـەناو ئـەو هـەموو كەسـە هەڵدەبژێردرێت كە قسەی بڕوات؟ بەتەئكيد دەبێ وەزيری تەندروستی سەرۆك بـێ، لەبـەر ئـەوەی ئەمانەی تـر هـەموو مـودير عـامن، لەياساكەشـدا هـەبووە، لەموناقەشەكەشـدا هـەبووە، نـازانم بـەچ ياسايەك، بەچ موناقەشەيەك وەزير لابراوە؟ ئەو پرسيارە دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس پێش ئەوەی کە داخیلی نوقاتی نیزامی بین، روون کردنەوەیەك دەدەین، ئێمە لەدانیشتنی لیژنەکان و لەگەڵ سەرۆکایەتی موناقەشەی ئەوەمان کرد کە ئەگەر بێتو ئەم سندوقە سندوقێکی بەپێی مەبدەئی لامەرکەزی دروست ببێ، مەبادیئی لامەرکەزی یەعنی پاڵپشت دەکات بەهەڵبژاردنی سەرۆك، جائیز نییە تۆ وەزیری تەندروستی ئەگەر دایبنێی بە دامەزراندن دەبێ بیکەیە سەرۆك، بەڵام ئەگەر بەهەڵبژاردن بێ مەعقول نییە تۆ لەناو ئەو ئەندامانە وەزیری تەندروستی هەڵبژێری، وەزیری تەندروستی بۆ خۆی سەرۆکی فەخری ئەو سەندوقەیە، بەبێ ئەوەی کەوا، چونکە وەکو باسمان کرد بەپێی قانونی وەزارەتی تەندروستی وەزیری تەندروستی بەرپرسە لەهەموو کاروبارێکی تەندروستی لەداخیلی هەرێم، هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم لیژنەی یاسایش بەبڕیارەکەی خۆیان داچوونەوە، وەزیری تەندروستیش کە قسەمان لەگەڵ کرد قەناعەتی وابوو کە فیعلەن ئەم سندوقە بەپێی ئەم ماددەیەی ئێستا کە داڕێژراوەتەوە بکرێ، دوا قسەش بۆ ئێوەی بەڕێزە، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیوادارم قسەکانم بەشێوەی تر تەفسیر نەکرێ، وەکو خۆی کە دەیڵێم تەفسیری بۆ بکرێ، یەك دیاریدە لەم ڕاپۆرتەدا هەیە ئەویش ئێخفال کردنی ڕەئی دووەمە، بمبورن وادەڵێم، مەحازر هەیە، پرۆتۆکۆڵەکان هەیە، تکام وایە دواتر پێیدا بچنەوە، ئەگەر ئەو قسەیەی من ئیسپات نەبوو سەرۆکایەتی چ بڕیارێك بدا من موافقم، ئێمە ڕەئییەکی دیکە هەیە، ڕاستە ئێوە دواتر لیژنەکان، لیژانی موختەس کۆبۆتەوە و ئەو ڕەئییەی داوە، ڕەئییەکی دیکە هەبووە، کە ئەمە ڕەئی لیژنەی قانونی بووە، کە(12) کەس پشتگیریمان کرد، دەبێ بخرێتە ڕاپۆرتەکەوە، خۆ ئەگەر دەنگی نەهێنا ئاساییە، دەنگیشی هێنا بەراستی حەقە ڕەئی پەرلەمانتاران بەهەند وەربگرێ، ئەمە سێیەم جارە ڕەئی موخالەف لەم ڕاپۆرتە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من سەبارەت بە ژماردنی ئەندامان لەهۆڵی پەرلەماندا بەڕاستی لەڕووە قانونەکەیەوە تەنها ئینعیقادە یەعنی نەك لەکاتی جەلسەکە کە ئینعیقاد بوو چەندێك لەژوورەوە بێ قانونییە،

جەنابت فەرمووت بەماددەی قانونی بۆت دەخوێنمەوە، دەڵێ (لایكون انعقاد المجلس قانونیا الا بحضور اغلبیة اعضائه ویتخذ المجلس قرارته بأغلبیة الحاضرین)، كەواتە چوونە دەرەوە تەئسیر ناكا لەموناقەشەكان و لەدەنگدانەكان بەپێی ئەو نەسە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سكرتێری پەرلەمان تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەریز فرست احمدعبدالله/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕیاری وەرگرتن و تەسویتدان لازمە نیسابەكە تەواو بێتن، ڕاستە هەندێك پەرلەمانی دونیا هەنە بەشێوەیەكی تر ڕەفتار دەكەن، بەڵام بەنیسبەت نیزامی ئێمە، هی پەرلەمان مەفروزە لەدەنگدان حیسابەكە تەواو بێت، قەسدیش لە ئەغلەبیەتی حازرین پاش تەواو بوونی حیسابە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێكەوت حەمە رشید / وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی ڕەئی سێ لەبەینی خۆیاندا هەڵبژێرن، ناكرێ مەسەلەن تۆ پلەیەكی بەڕێوەبەری گشتی دابنێیت و سێ بەڕێوەبەر بەشكو یەكێك لەبەڕێوەبەرەكان دەرچوو، یەعنی ئیدارییەن خۆش نییە، یەعنی دەبێ ئەو هینە پێداچووەوەی بۆ بكرێ، تۆ دوو مودیر عام دەینی لەدارایی و لە تەندروستی ئەیخەیتە ژێر دەستی یەكێكەوە كە پلەكەی بەڕێوەبەرە، ئەوە قانونییەن و ئیداریەن نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕایەك لێرە وەك ئەوەی كە بەڕێز كاك شوان باسی كرد، ئەگەر ڕایەك لێرە ئیهمال كرابێ، لەڕاستیدا ڕای لیژنەی تەندروستی خۆمانین، كە ئێمە وازمان لەڕایەكەی خۆمان هێناوە، ئەصڵەن دیفاع كردنەكەی ئەندامان لەلیژنەی یاسایی ئەوەبوو كە ئەنجومەنەكە دیاری بكرێت، بەڵام لەپڕۆژە ئەصڵییەكە ئەوەبوو ئەنجومەنەكە دیاری نەكرا، ئێمەش هاتینە سەر ڕای ئەندامان، ئەنجومەنەكەمان دیاری كرد، سەبارەت بەوەی كە وەزیر لەلیژنەكەدا هەبێ یاخود نا؟ ئێمەش كێشەمان لەگەڵ ئەوە نییە، نووسیومانە نوێنەری وەزارەتی تەندروستی بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێ، لەوانەیە هەندێكجار یەعنی خۆ تا قیامەت د. ڕێكەوت وەزیری تەندروستی نییە، ئامادەیی تێدا بێ بچێ ببێتە ئەندام لەو لیژنەیە، لەوانەیە وەزیرێكی تەندروستی تر هەبێت حەزنەكا ببێتە ئەندام لەوە، ئەو نوێنەرێكی خۆی لەوێ دادەنێت، ئێمە

بۆ فەرزی بکەین بەسەر ئەوەی کە وەزیرێك ئیلا لەو لیژنەیە بێت، سەبارەت بەوەی کە کەسێك مودیری نەخۆشخانەیە، کەسێکیش مودیر عامە لەڕاستیدا ئاساییە، چونکە سیفەتی ئەو کەسە لەم لیژنەیە ئەندامە، نەك پۆستێکی تر، ئەو وەك ئەندامێك لەناو ئەنجومەنەکە بوونی هەیە، نەك وەك مودیر عام هاتبێ لەوێ، وەك مودیری نەخۆشخانەکە ئەویش ڕەئیەکی هەیە، نەك ئەوەی کە ئەو مودیر عامە ڕەئییەکەی بەقوەتتر بێ لەوەی کە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیە، دوای ئەوە وەزیری تەندروستی لەهەموو نەخۆشخانەکانی کوردستاندا خۆ ئەندام نییە، یەعنی ئێمە چەند نەخۆشخانەمان هەیە لەچەند شاری کوردستاندا قابیلە وەزیری تەندروستی لەهەموو نەخۆشخانەکاندا بەڕێوەبەر بووبێت؟ دائیرەکەش سەر بەوەو لەکاتێکیشدا خۆی بەڕێوەبەر نییە، کەسی دیکە بەڕێوەبەرە؟ لێرەش ئەگەر وەزیری تەندروستی سەرۆك نەبێت مانای ئەوە نییە ئەم سندوقە لەژێر دەستەڵاتی وەزارەتی تەندروستی دانییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕازاو خان فەرموو.

**بەڕێز ڕازاو محمود فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەعقیب بۆ ئەو قسانەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز کاك شوان لەسەر شێوازی وەرگرتنی ڕای ئەندام پەرلەمان، بەڕاستی ئێمە، من وەك خۆم لەخوێندنەوەی ئەم ڕاپۆرتەدا تێبینی ئەوەم کردووە هەر روونکردنەوەیەکیان هەبێ ئەوان وەکو ئەندامانی لیژنە، وەکو سەرۆکایەتی ئەبێ ڕای ئەندام پەرلەمانان ڕەچاو بکرێت زۆرترین ئەندام پەرلەمان رەئی لەگەڵ ئەوە بوو، ئێستا دەکرێت وەکو نووسینی راپۆرتەکە رەئی دووەم هەبێت، یەعنی رێزمان هەیە بۆ ئامادەکاری ئەو راپۆرتە هاوبەشە، بەلاَم بە رەئی یەکەم و رەئی دووەم و رەئی سێیەم، رەئیەکان نەخراوەتە روو، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدەن، ئەو رەئیەی هەبووە کە وەزیر ببێتە سەرۆکی ئەوە، رەئیەکانی تریش کە ئەم سندووقە چۆن بێت و ئەرك و مەهامی چۆن بێت؟ لە هەموو خاڵەکاندا ئێمە هەستمان بەوە کردووە، ئینجا تکایە رەئی ئەوان هەر چیەك بێت، لەگەڵیدا بن، یان لەگەڵیدا نەبن، با رەئی ئەندام پەرلەمانەکان وەکو خۆی رەئی یەکەم و رەئی دووەم و رەئی سێیەم بخرێتە روو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە موناقەشەی ئەم ماددەیە چەند ئەندام پەرلەمانێك باسمان کرد کە نوێنەرایەتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەو بابەتەوە، بەڕاستی ئەوان پارە کۆ دەکەنەوە، مەعقول نییە ئێستا ئەوان یەکێکیان

لەوە نـەبێت، چونکە ئـەوانن کـە پـارە زۆرەکـە کـۆ دەکەنـەوە، ئێسـتاش کـاك دکتـۆر رێبـاز خـۆی ئاگـای لـە رێکخراوێکە کە پارەیەکی زۆریشی کۆ کردۆتەوەو باسیشمان کرد هێشتا ئیجازەی نەدراوەتێ، یـەعنی ئەگـەر ئەوان لێرە نەبن بڕوا ناکەم ئەو پارەیە ئەو وەختە بە چ شێوەیەك ئەوان تەبەروعی دەکەن، ئەگەر رەئیان وەرنەگیرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەسڵدا ئەم سندووقە ئێمە لە یەکەم ماددەوە باسمان لەسەر کرد، ئەم سندووقە (ترتبط بوزارة الصحة) ئەمـە رەبـتی بـە وەزارەتـی صـحەوە هەیـە، لـە ماددەکـانی تـردا باسمـان لەسـەر کـرد کـە وەزارەتـی صـحە هەیمەنەیــەکی تــەواوەتی بەســەر ئــەم ســندووقەوە هەیــە، مینحــەی ئیختیصاصــی ســندووقەکەش و ئیدارەکەشی، چونکە مونەتەسبینی سندووقەکە باس لـەوە کـراوە لـە ماددەکـان کـە ئێسـتا لێـرەدا هەیـە لـە مونەتەسبینی وەزارەتـی صحەیە، بـە هـەموو حوکمـەکان وا باشـتر دەبێـت و واش سـندووقەکە ئیدامەکـەی زیاتر دەبێت، کە رەئیسی ئەم سندووقە وەزیر بێت، چونکە تەحصیل حاصلە، خۆی وەزیر رەئیسی فەخری مەجلیسـەکە دەبێـت، رەئیسـی سـندووقەکە دەبێـت، بـە واتـا پێویسـتە بـە یاسـا لێـرە تـەوزیح بکرێـت، مـن دەگەڕێمەوە بۆ وەختی خۆی لە راپۆرتی لیژنـەی یاسـایی ئێمـە شـتێکمان بـاس کـردووە، هەرچـەندە ئێسـتا ئەمە راپۆرتێکی هاوبەشە، باسمان لەوە کـرد کـە رەئیسـی ئـەو سـندووقە، رەئیسـی ئـەو مەجلیسـە وەزیـری تەندورسـتی دەبێـت، ئێسـتاش وا باشـترە، چونکە ئـەم تەشـکیلەی مەجلیسـی ئیدارەیـە نوێنـەری وەزارەتـی مالیەی تێدایـە، واریـدە ئیحتیمالێـك وەربگـرین لـە هەڵبژاردنـدا نوێنـەری وەزارەتـی مالیـە ببێتـە رەئیسـی سندووقی سەرەتان، ئەمە زۆر جیاوازە لە ئیختیصاص، لە مەهام، لە هەموو کارەکانیدا، ئەمـە وا باشـترە بـە تەحدید ئێمە لێرە حەصری بکەین بڵێین (لوزیر الصحە) رەئیسـی ئـەم مەجلیسـەیە، بـاقی تـری دەکرێـت لەوانی تر بڵێین نوێنەرێك لە وەزارەتی صحە، مەرج نییە بڵێین ئیلا دەبێت مودیر عام بێت، دەرەجەکـەی چۆن بێت، بڵێین نوێنەری وەزارەتی صحە، تەبعەن کـە گوتمـان نوێنـەری وەزارەتـی صـحەو، ئـەم سـندووقە بەو مەهامەی خۆی نوێنەرێك هەڵدەبژێرێت کە نزیك دەبێت لەو ئیختیصاصەوە کـە بـۆی دەچێـت، لەبـەر ئەوە پێویستە وەزیری صحە سەرۆکایەتی ئەم مەجلیسەو ئەم سندووقە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، منیش وەکو هەر پەرلەمانتارێك حەقم هەیە پرسیارێك بکەم کاك عومەر، ئایا لامەرکەزیـەت لەگەڵ ئەوە یەك دەگرێتەوە کە وەزیـری صـحە سـەرۆکی ئـەم سـندووقە بێـت؟ ئـەی لامەرکەزیـەت لـەکوێ دەمێنێتەوە دوای ئەوە؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ لامەركەزیەتدام و لەگەڵ دابەزاندنی دەسەڵاتەكان و فراوان بوونی هەموو دەسەڵاتەكان داین، بەڵام ئەمانە شتی ئیختیصاصین، ئەمە ناكرێت من بەلا مەركەزی ئیداری مـن پیـاوێكی یاسـایی بم بـبم بـە رەئیسی مەجلیسی سەرەتان، بۆیە پێویستە وەزیری صحە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو بۆچوون هەیە، رەئیەك پێی وایە وەزیر سەرپەرشتی بكات، یان بەرپرسی بێت، رەئیەكی تریش هەیە پێی وایـە وا نەبێت، بخرێتە دەنگدانەوە، پێویست ناكات درێژە بە شتێك بدەین كە موناقەشەمان لەسەر كردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.رێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەوەی كاك كاردۆ بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام پێش ئەوەی بخرێتـە دەنگدانـەوە بـا جێگـری سـەرۆكەكە بە هەڵبژاردن بێت، با وەزیری تەندورستی ئیجبار بكرێت كە دەسەڵاتەكانی بداتێ، ئەوە مەعقولترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا هەردوو بۆچوون دەخەینە دەنگدانەوە، بزانین كەمیان دوورترە لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەكـە بیخوێنەوە، تاكو بیخەینـە دەنگدانـەوە، كامـەی دوورتـرە ئـەوی بخوێننـەوە، دوایـی ئـەویتر واتـا ئەسـڵەكەی دەخوێندرێتەوە، پێشنیارە تازەكە بخوێننەوە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی كە دەڵێت: (وەزیر سەرپەرشتی سندووقەكە بكات).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە كە وەزیر سەرپەرشتی ئەو سـندووقە بكـات تكایـە دەسـتی بەرز بكاتەوە؟ (27) كەس لەگەڵدایـە، زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵدایـە وەزیـر سـەرۆكی ئـەو هەیئەتـە نـەبێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ (28) كەس لەگەڵدایە كە وەزیر سەرۆكی ئەو هەیئەتە نەبێت، زۆر سـوپاس، كەواتـە سەرۆكی ئەو هەیئەتە وەزیر نابێت، فەرموون بۆ بڕگەیەكی تر.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردن بەناوی (ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندووق) لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1. بەڕێوەبەری هەر یەك لە سەنتەرەکانی چارەسەری شێرپەنجە لە پارێزگاکانی هەرێم.

2. نوێنەری وەزارەتی تەندروستی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

3. نوێنەری وەزارەتی دارایی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

4 . شارەزایەك و راوێژکارێك پسپۆر بێت لە ناوەوەو دەرەوەی وەزارەت.

5. نوێنەری رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی. ئەوەمان بۆ ئیزافە کرد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەو مودیر عامە بکەنە نوێنەری وەزارەتی صحە باشتر نییە؟ چونکە تۆ تەحدیدت کردووە لەوێ.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوێنەری وەزارەتی تەندروستی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئەحمەد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە کوردیەکەیە لەگەڵ عەرەبیەکەی جیاوازە، لە کوردیەکە دەڵێت لە پلەی بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت، بەڵام لە عەرەبیەکە دەڵێت (على ان يكون بدرجه مدير عام)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من خۆم مەبدەئیەن تەئیدی ئەوە دەکەم نوێنەرێکی دامودەزگای کۆمەڵگای مەدەنیش هەبێت لەوێدا، بەس پرسیارەکە ئەوەیە ئەم نوێنەرە چۆن دیاری دەکرێت لەنێوان سەدان دامودەزگای کۆمەڵگای مەدەنی؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کاك عومەر لە یاسای ژمارە (63)ی ساڵی 1985 هەیە، تەبعەن مەجلیس سەرەتانمان هەیە، لە مەجلیسی سەرەتان رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەندامن لەو مەجلیسە، یاسای ژمارە (63)ی ساڵی 1985 ئەمەی تێدا جێ کراوەتەوە، ساڵی 1985 نافیزە، لێرە نافیزە، ئێستا ئەم مەجلیسە دەست بەکاریشە، لە وەزارەتی پێشتر، ئیتر نازانم لێرە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی ئەوە کرا کە پێشنیار چی بێت بۆ ئەوە، بە رەئی من سەرۆکی سەندیکای پزیشکان بێت بە تەحدید، کە نوێنەرایەتی دامودەزگای کۆمەڵگای مەدەنی، کە رەنگە باشتر بێت و رەبتێکیشی هەبێت لەگەڵیدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عومەر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەکێك بووم لەو کەسانەی کە ئەو پێشنیارەم کرد، بەڵام پێشنیارەکەم بەو شێوەیە نەبوو، پێشنیارەکە ئەوە نەبوو بۆ ئەوەی نوێنەرانی رێکخراوە ناحکومیەکان ببن بە ئەندامی ئەم مەجلیسە، نووسراوە خاڵی یەکەم/ (یشکل)، خاڵی دووەم/ (للمجلس الاستعانه بالخبرا والمستشارین)، من پێشنیارەکەم بە تەحدید ئەوە بوو خاڵی سێیەم ئیزافە بکرێت بۆ سندووقەکە هەبێت ئیفادەو ئیستیعانە بکات بەو رێکخراوە ناحکومیانەی کە لە مەجالی تووشبووانی سەرەتان دەتوانێت ئیستیفادەیان لێ وەربگرێت، نەك ببن بە ئەندامی مەجلیسەکەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان تێبینی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو پێشنیارەی بەڕێز کاك عومەر هەورامی ئەوە لە کاتی کۆبوونەوەکاندا لە ماددەی دوای ئەوە هاتووە مەجلیس بۆی هەیە ئیستیعانە بە هەر کەسێك بکات لەوێ ئیزافە دەکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم: یەکەم: ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردن بەناوی (ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق) لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1. بەڕێوەبەری هەر یەك لە سەنتەرەکانی چارەسەری شێرپەنجە لە پارێزگاکانی هەرێم.
2. نوێنەری وەزارەتی تەندروستی.
3. نوێنەری وەزارەتی دارایی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.
4. شارەزایەك و راوێژکارێك پسپۆر بێت لە ناوەوەو دەرەوەی وەزارەت.

دووەم: سەرۆك لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن بە هەڵبژاردن دادەنرێت، ماوەکەی چوار ساڵ دەبێت و دەکرێت بۆ یەك جار نوێ بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە عەرەبیەکەی فەرموو.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

أولاً: يُشكل مجلس ادارة بإسم (مجلس إدارة الصندوق) مما يأتي:

1. مدراء مراكز علاج السرطان في محافظات الإقليم.
2. ممثل وزارة الصحة.
3. ممثل وزارة المالية، على أن يكون بدرجة مدير عام.
4. خبير ومستشار من المختصين من داخل وزارة الصحة او خارجها.

ثانياً: يتم انتخاب الرئيس من بين أعضاء المجلس، لمدة أربع سنوات، قابلة للتجديد لمرة واحدة فقط.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

یەکەم: ئەنجومەن لانی کەم مانگی یەك جار کۆدەبێتەوەو لەکاتی پێویست بە بانگهێشتی سەرۆکی ئەنجومەن کۆبوونەوە ئەنجام دەدات.

دووەم: کۆبوونەوەی ئەنجومەن بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامان ئەنجام دەدرێت، بڕیاریش بەدەنگی زۆرینەی ئامادە بووان دەبێت و گفتوگۆ و بڕیارەکانی ئەنجومەن لە تۆمارێکی تایبەت دەنووسرێتەوە .

سێیەم: ئەنجومەنی بەڕێوەبردن راپۆرتە خولییەکانی خۆی لەبارەی چالاکییەکانی سندووق دەخاتە بەردەم وەزیری تەندروستی.

چوارەم: وەزیر بەدواداچوونی سندووقی لەسەرە، کە تا چەند پابەندی حوکمەکانی ئەم یاسایەیە، گەر بۆی دەرکەوت هاودژییەك لە کارو بڕیارەکانی سندووق لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هەیە، یان سندووق ئامانجەکانی بەشێوەیەکی بە تواناو کاریگەر جێبەجێ نەکردووە، بۆی هەیە لەسەر ئەوە تانە بگرێت ئەگەر ئەنجومەن سوور بوو لەسەر ڕای خۆی وەزیر بابەتەکە بەرز دەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە ماوە (7) ڕۆژدا لە بەرواری تانەکە، دەبێت ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری پێویست وەربگرێت لەماوەی (15) ڕۆژدا.

لەڕاستیدا پێشنیارێکی تر هەبوو بەوەی کە ئەمانە هەمووی رەد بکرێنەوەو، ئەمە بەگوێرەی پەیڕەوێك دادەنرێت کە ئەنجومەنەکە دایدەنێت، ئیتر نازانم ئەوە دەخرێتە دەنگدانەوە، یان نا؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە عەرەبیەکەش فەرموو.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

أولاً: يجتمع المجلس، مرة واحدة في الشهر، على الأقل، وفي حالة الضرورة ينعقد الاجتماع بدعوة من رئيس المجلس.

ثانياً: ينعقد اجتماع المجلس بحضور أغلبية الأعضاء، وتتخذ القرارات فيه بأغلبية أصوات الحاضرين، وتدون مناقشات المجلس وقراراته في سجل خاص.

ثالثاً: على مجلس الإدارة ان يعرض تقاريره الدورية حول نشاطات الصندوق على وزير الصحة.

رابعاً: يتولى الوزير متابعة مدى التزام الصندوق باحكام هذا القانون وإذا تبين له وجود ما يتعارض من أعمال الصندوق وقراراته مع أحكام هذا القانون، او عدم تحقيق الصندوق لاهدافه بكفاءة وفاعلية كان له الاعتراض على ذلك وفي حالة إصرار المجلس على رأيه يعرض الوزير الامر على مجلس الوزراء خلال مدة سبعة ايام من تاريخ الاعتراض وعلى مجلس الوزراء اتخاذ القرار اللازم بشأنه خلال مدة خمسة عشرة يوما.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تێبینی ئێمە لەسەر ئەم بڕگانە ئەوەیە: بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەمی ماددەی شەش پێویستە لە شوێنی خۆی بمێنێت، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکانی مەجلیس و قەرارەکانی مەجلیسی ئیدارە بەیاسا تەحدید بکرێت، ئەمە جیاوازە لەگەڵ نیزامی داخیلی، پێویستە لێرە بە یاسا تەحدید بکرێت، دواتر نیزامی داخیلی هەندێك کاری تری تایبەتی سانەوی مەجلیس تەحدیدی دەکات بەگوێرەی ئەو نیزامەی کە هەیە.**
**بڕگەی چوار لە ئەخیریدا کە باسی لەسەر کراوە وەزیر ئیلتیزاماتی ئەو سندووقە موتابەعە دەکات، پێویستە ئەوەش وەکو خۆی بمێنێت و، دەکرێت فەقەرەیەکی تر ئیزافە بکرێت بڵێین مەجلیس بۆی هەیە ئیستیعانە بە رەئی هەر کەسێك بکات کە زەرور بێت بۆ مەجلیسەکە بەبێ ئەوەی حەقی تەصویت کردنی هەبێت لە مەجلیسدا.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەو ماددەیەی بە عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە بە ئیزافە کردنی ئەو تێبینیانەی لیژنەی قانونی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**7- سەبارەت بەماددەی نۆیەم لە ئەسڵی پڕۆژەکە : لیژنەی هاوبەش ڕای وایە ماددەی نۆیەم و سیانزدەهەم لێك بدرێت کە دەبێتە زنجیرەی ماددەی (حەوتەم) و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم: سندووق بەڕێوەبەرێکی جێ بەجێکاری دەبێت کە دادەمەزرێت لە لایەن ئەنجومەنی بەڕێوەبردنەوەو چەند فەرمانبەرێك یاریدەدەری دەبن کە تەنسیب دەکرێن لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوەو بارەگاکەشی لە هەولێر پایتەختی هەرێم دەبێت.**
**دووەم: لادانی بەڕێوەبەر لە کارەکەی بە بڕیاری زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق دەبێت.**

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**7. فيما يتعلق بالمادة التاسعة من اصل المشروع: ترى اللجنة المشتركة دمج المادة التاسعة والمادة الثالثة عشرة من المشروع والتي ستصبح بتسلسل المادة السابعة، وإعادة صياغتها وكالآتي:**

**المادة السابعة:**

**أولاً: يكون للصندوق مدير تنفيذي يعين من قبل مجلس الادارة ويعاونه عدد من الموظفين يتم تنسيبهم من قبل وزارة الصحة ويكون مقره في اربيل عاصمة الإقليم.**

ثانياً: يتم اعفاء المدير التنفيذي او عزله بقرار أغلبية أعضاء مجلس ادارة الصندوق.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەيخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدايە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەيەكی تر.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

8- ماددەی چواردەهەم لە ئەسڵی پڕۆژەكە دادەڕێژرێتەوەو دەبێتە زنجيرەی ماددەی (هەشت)م بەم شێوەيە:

ماددەی هەشتەم: وەزيری تەندروستی دەبێت بڕياری پێويست تايبەت بە جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم ياسايە دەربكات.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبيەكەش فەرموو.

**بەڕێز جهان اسماعيل بنيامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

8. تتم إعادة صياغة المادة الرابعة عشرة من اصل المشروع والتي تصبح بتسلسل المادة (الثامنة) وكالآتي:

المادة الثامنة: على وزير الصحة إصدار القرارات اللازمة فيما يخص احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێويستە ئەو ماددەيە بەم شێوەيەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:

(على وزير الصحة إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكايە بە كورديەكەش صيغەكەی بگۆڕن.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر وەزیری تەندروستی پێویستە ڕێنمایی گونجاو دەربکات بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

9- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی (پازدەی) پرۆژەکەوە هەیە دادەرێژرێتەوە لە چوارچێوەی دوو ماددە بە زنجیرەی ماددەی نۆیەم و دەیەم و بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی نۆیەم:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی تکایە.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

9. اما فيما يتعلق بالمادة الخامسة عشرة من اصل المشروع، تتم صياغتها ضمن مادتين بتسلسل المادة (التاسعة) و (العاشرة) وكالآتي:

المادة التاسعة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی تکایە.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ئەسباب موجیبە.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

10- هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە:

لەبەر زۆربوونی تووشبووانی شێرپەنجەو بارگرانی ئابووری بەسەرشانی نەخۆشەوە لە چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییانەو پاراستنی خێزانی نەخۆش لە داڕمانی ئابووری و دروست بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و دابین کردنی چارەسەری پزیشکی پێویست و سەردەمیانە بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی تکایە.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

10. الأسباب الموجبة:

نظراً لازدياد مرضى السرطان والعبء الاقتصادي الملقى على عاتق المريض في علاج هذه الأمراض، ولحماية عائلة المريض من الانهيار الاقتصادي والتعرض للمشاكل الاجتماعية، وتوفير العلاج الطبي اللازم والعصري، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان ئیعتیرازت چیە؟

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

خۆی ئەسڵی ئەم قانونە بۆ ئەوەیە بەشی دووەمی دەڵێت (وتوفير العلاج الطبي اللازم والعصري) دەبوایە پێش ئەوە بوایە کە باسی حیمایەی (عائلة المريض من الانهيار الاقتصادي والتعرض للمشاكل الاجتماعية)، چونکە هەدەفی سەرەکی ئەم یاسایە ئەوەیە کە عیلاجەکە پێشکەش بە نەخۆش بکات، نەك جارێ لە پێشدا حیمایەی خێزانەکە بکات لە داڕمانی ئیقتیصادی، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم وای لێ بێت (نظراً لازدياد مرضى السرطان ولتوفير العلاج الطبي اللازم والعصري ولتفادي العبء الاقتصادي الملقى على عاتق

المريض في علاج هذه الأمراض، ولحماية عائلة المريض من الانهيار الاقتصادي والتعرض للمشاكل الاجتماعية، فقد شرع هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ڕەئیەكەی سۆزان خان زۆر لە جێگای خۆیەتی، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە نەخۆشخانە هەیە عیلاج دەكات، تەوفیری عیلاجی توبی و لازم و عەصری هەیە، بەڵام كێشە لێرە ئەوەیە ئێمە بەم سندووقە هەڵستاین بە دابین كردنی ئەو یارمەتیە، وابزانم لێرە باسی كۆكردنەوەی یارمەتی و ئەو هاوكارییە نەكراوە، بۆیە دەبێت بە خاڵێك دیاری بكرێت كەوا هەدەفی ئەم سندووقە كۆكردنەوەی ئەو یارمەتیەیە بۆ تەوفیر كردنی ئەو عیلاجە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من بە كێشەی نابینم كامەیان لە پێشەوە بێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەسڵ وایە دابین كردنەكە لە دواوە بێت، لەبەر ئەوەی مەوزوعی دابین كردنەكە سێكندەرییە، پرایمەرەكەی لە ئەستۆی وەزارەتە، بەڵام ئەمە دەبێتە هاوكارێكی وەزارەت، لەبەر ئەوە دابین كردنی چارەسەرەكە خراوەتە دواوە، ئەگینا ئەسڵی سندووقەكە بۆ ئەوەیە ئەو بارگرانیە ئابوورییەی بەسەر نەخۆشەوە هەیە لە دابین كردنی چارەسەری پزیشكی كە خۆی دابینی دەكات، ئێمە لە ڕێگەی ئەم سندووقەوە بۆی دابین دەكەین، یەعنی بۆ ئەوەیە كە كێشە ئابووریەكەی نەخۆش چارەسەر بكەین، نەك ئەوەی ئێمە تەواوی عیلاجەكە لە ڕێگای ئەم یاسایەوە جێ بەجێ بكەین، بەڵام ئەگەر پێش و پاش بخرێت هیچ كێشەیەكمان نییە، هەر وابزانم تێبینیەكەی ئەڤین خان بۆ خۆی وەڵامی ئەوەی پێشووتر بوو، كە ئیشی دووەمی ئەم سندووقە، كە چارەسەر دابین دەكات، ئەگینا ئیشی یەكەمیەكە لە ئەستۆی وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوا صیغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر زۆربوونی تووشبووانی شێرپەنجەو بارگرانی ئابووری بەسەرشانی نەخۆشەوە لە چارەسەر كردنی ئەم نەخۆشییانەو پاراستنی خێزانی نەخۆش لە داڕمانی ئابووری دروست بوونی كێشەی كۆمەڵایەتی و دابین كردنی چارەسەری پزیشكی پێویست و سەردەمیانە بڕیارماندا بە دەركردنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەكەی تكایە.

**بەڕێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نظراً لازدياد مرض السرطان في اقليم كوردستان وان تكاليف علاج هذه الامراض باهضة ولعدم قدرة المصابين على تحمل تكاليف العلاج، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەسبابی موجیبەو یاساكە بەتێكڕایی دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، دەست خۆشیتان لێ دەكەین، بەڕاستی ئەم یاسایە جیا لەوەی خزمەتێكی گەورەی تووشبووان دەكات، بەتایبەتی نەخۆشی شێرپەنجە، ئێوەش ماوەیەكی زۆرە پێوە هیلاك بوون، چەندین كۆبوونەوەتان بۆ كردووە، دوایی بەم صیغەیەی ئێستا دەرچوو، هەم دەستخۆشی لە ئێوە دەكەین و هەم پیرۆزبایی لەو خوشك و برا نەخۆشانە دەكەین كە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوون، كە ئەمە دەبێتە هۆی هاوكارییەكی باش بۆ عیلاج كردنیان بە ئومێدی ئەوەی كەمترین تووشبووانی ئەم نەخۆشیە تووشی وەزعێكی ناخۆش بن، ئێستاش جیا لەوەی سوپاسی جەنابی وەزیر دەكەین كە ئەو ماوەیە لەگەڵمان بوو و هاوكاری كردین بزانین ئاخیر قسەی و شتەكانی چیە با بفەرموێت.

**بەڕێز د.ڕێكەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش دەستخۆشیتان لێ دەكەم، دیارە ئەو یاسایەكی ڕاست بوو بە ڕێرەوێكی ڕاست و وەزعەكە باشتریش دەبێت ئەگەر لەم خولە یاسای تەئمین صحیشمان گەیاندۆتە پەرلەمان، ئەویشمان بۆ موناقەشە بكەن، چونكە بەوەش دەتوانین هەنگاوێكی باش بنێین یاسای (ئینشوڕانس)، دەتوانین فەندێكی زیاتر بۆ صحە كۆ بكەینەوە، زۆر سوپاس، دووبارە دەستخۆشی لە لیژنەی تەندروستی و لیژنەی یاسایی دەكەم و دەستخۆشی لەوەش دەكەم بەو موناقەشانەو دەستخۆشی لە هەموو پەرلەمان و سەرۆكایەتی پەرلەمانیش دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماڵت ئاوا بێت و سوپاسی جەنابت دەکەین، جەنابی وەزیر بەخێر بێیت، لەبەر ئەوەی بڕگەی دووەممان ماوەو وەزیری پەروەردە لێرە نییە، دانیشتنەکەمان تەئجیل دەکەین بۆ بەیانی سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ بەخواتان دەسپێرین هەربژین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |